13

# ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسی

22 / 4 / 1898

110

110 ساڵ ڕۆژنامەنووسیی کوردی

13

ROZHNĀMANOOS

ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسی

2008

# ((هەر داری بەردار بەردی تێدەگیرێ..!))

◢ فەرهاد عەونی

لـەدوا ژمارەی (رۆژنامەنووس)ی خوولی نێوان کۆنگرەی گشـتی یەکەم و دووەمدا، راپۆرتی گشـتی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستان بۆ کۆنگرەی دووەم بلاوکراوەتەوە.

هاوکات لەگەڵ دابەشکردنی هەمان راپۆرتی گشتی و راپۆرتی دارایی بەسەر ئەندامانی کۆنگرە، کە ژمارەیان (٣٦٣) رۆژنامەنووس بوو، لەرێگای هەڵبژاردنێکی ئازادو لە کەش و هەوایەکـی دیموکراتیانەدا، نوێنەرایەتی زیاتر لە (٢٠٠٠) رۆژنامەنووسـیان دەکرد، کەش و هەوای هەر سـێ رۆژی کۆنگرەش بەڵگەی شـەفافیەتی کۆنگرەکە بوون، چ لەسەر ئاستی دەربڕینی راوبۆچوونی جۆراو جۆرو چ لەرووی یەکلاکردنەوەی بابەت و بڕیارو راسپاردەکانی، هەڵبژاردنی لیستی (چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی)یش بەزۆرینـەی هـەرە زۆری دەنگـەکان (لەگەڵ رێزمان بۆ ئەو چەنـد دەنگەی کە دژی بـوون، بـەو هیوایەی کـە لەئاییندەدا رێژەیان زیاتر بێت)، شـاهیدی ئـەوە دەدەن کە سەندیکا لە دەستێکی (ئەمین) دایە. لێرەدا دەبێت ئەو راستییەش بڵێین، کە تاکو ئێستا هیچ رێکخراوێکی کوردسـتانی بەم شـەفافیەتەو بەو ئازادییـە کۆنگرەکانیان بەڕێوە نەچووە.

بـەلام پـاش بەکۆتاهاتنی کۆنگرە، هەنـدێ رۆژنامەنووس و هەنـدێ رۆژنامە جۆرە رەخنەیەکیـان ئاراسـتەی سـەندیکاو ئەنجوومەنەکەی کردووە، کە تاکـو رادەیەک دەتوانین بڵێین بێ ئاگایی ئەوانەی پێوە دیارە، هەندێکیان بەئاگاییەوە (لغرض فی نفس یعقوب) هێرش دەکەنە سـەری، دوور لەبەراوردکردنی ئامانج و پرۆگرام و یاسـای سـەندیکا لەگەڵ کارو چالاکییەکانی، کە لەراپۆرتە گشتییەکەی کۆنگرە وردو درشتی تێدا باسکراوە، کە ئەمیان هانمان دەدات لەمەودوا زیاتر (گوێگر بین) نەک (قسەکەر)، دڵ فراوانتربیـن بـۆ وەرگرتنـی رەخنـە (بەڵەکەدارکردن و هێرشـی ناڕەواشـەوە)، زیاتـر لەچوونە ناو بەرپەچدانـەوەو رەتکردنەوە، ماندووتر بین لەپێناو چەسـپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسـیی و دابینکردنی مافی رۆژنامەنووسـان لە کوردسـتان زیاتر لەسالانی پێشوو، بۆئەوەی لەم خولەشدا، وەکو پەیمانمان داوە، سەندیکا بخەینە سەر رێرەوێکی تووندو تۆڵ و تۆکمە، زیاتر لەجاران سیما پیشـەییەکەی پێوە دیاربێت، دوور لەتێکەڵاوبوونی میزاجی سیاسـیی و حیزبایەتیی تەسک و فراوان، کە ئەمانەش هەر هەمووی لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەندا بەرنامەکاری بۆ دارێژراوەو لیشـی پەشـیمان نابینەوە، بەهیواو ئامانجی رۆژنامەنووسـانی کوردستانی دەزانین، کە ئەم رێـرەوەی ئەم بەرنامە رێژییە، لەسـەر بنەمای بەپیشـەیی کردنـی تەواوی قەوارەی سـەندیکا، ئەگەر هەندێ بەردی لەم لاو لەولاشـمان بەرکەوێ، بێگومان بەبەردەوامی ئەو قسـە نەسـتەقەمان لا ئامادەیە، کە دەڵێ: (هەر داری بـەردار بەردی تێدەگیرێ)، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بەو ئامانجە کاردەکەین کە (بەرێ) سەندیکا بەر ئەو کەسانەش بکەوێ کە بەردی تێدەگرن.

**واللە من وراء القصد**

# ببوورن نابێ ئێوە پەسنی هیچ کەسێک بە (براتان) بکەن..!

**سەرنووسەر**

دەستەواژەی (برا) زۆر گرنگەو لەمێژووی مرۆڤایەتیشدا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. دیارە ئەگەر وشەکە بخەینە بەر تەرازووی زمانەوە دەبێ وشەی (**خوشک**)ی لەگەڵ هاوسەنگ بێتەوە. کە دەڵێین (**خوشک و برا**) یان (**براو برا**)، (**خوشک و خوشک**) هەموو شتێک دەبڕێتەوە، پێموایە تەنیا میسرییە کۆنەکانن، لەقۆناغێکی مێژوودا، خوشکەکانی خۆیان مارە کردبێتەوە. هەیە دەڵێ لەبەر ئەوەیە ژنی میسرییان ئێستاکەش بە (**برا**) بانگی مێردەکەی خۆی دەکات. بەڵام پێموایە ئەمرۆکە، جگە لەو پەیوەندییەی لەنێوان دایک و کوڕ یان دایک و کچ و پیاو و منداڵەکانی، یان ژن و مێرد، هیچ پەیوەندییەکی دیکە ئەوەندەی نێوان براو برا، خوشک و برا پیرۆز نییە. لەکوردەواریدا دەگێڕنەوە، خوشک و برایەک بەڕێگایەکی ئەم شاخ و داخەی کوردستان بەرەو ئاواییەکەی زێدی خۆیان دەبنەوە، وا دیارە خوشکەکە لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی دەبێت، کاتێک بەرەژانی دێتێ، ناچار دەبن لابدەنە ئەشکەوتێک، شەرمی نێوان خوشک و برا، ژنە ناچار دەکات لەبەرخۆیەوە ورێنان بکاو بڵێ: ئاخ، مێرد، خۆزگە لەلام بای، لەو چرکە ساتە ناسک و هەستیارەدا (برا)کەی پڕ دەداتە تفەنگەکەی و فیشەکی دەداتە بەرێ، بەخوشکەکەی دەڵێ واو والێکراو، شەرم ناکەی لەپێش من هاوار بۆ مێردت دەبەی؟ ئەی ئەوە من برای تۆ نیمەو وا لەگەڵت دام؟ ژنەی بەستەزمان هیچ خۆی شێلو ناکات و بەبراکەی دەڵێ: توخوا برا ئازیزەکەم لێم زویر مەبە، لەشەرمان و حەژمەتی ئازاری خۆمەوەیە، هاواری ئەو دەکەم. ئەگەر لێرە بووایە لەو حاڵەتە خۆم ڕووتیش بکردایەوە عەیبی تێدا نەبوو، بەڵام ئەگەرچی تۆ برِبرِەی پشتمی لەو حاڵەتەی تێیدام چ لە تۆ بکەم و چ بەکەڵکی من دێی؟ بەهەر حاڵ براکەی کە تێدەگا قسەکان ڕاستن نێوچەوانی خوشکەکەی خۆی ماچ دەکات و خوای باڵادەستیش ڕزگاریان دەکات. کەواتە پەیوەندییەکان زۆر گرنگن، تەنانەت خوای گەورەش نەخشی خۆی لێ داوە.

لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا (**برا**)ی دینییش هەیە، لەنێو هەموو عەشیرەتەکانی میللەتانی ڕۆژهەڵاتیش حیسابی تایبەتی بۆ (**برا**) کراوە. عارەب دەڵێن:(**رب أخ لك لم يلده أمك**).

دیارە ئەو پەندە بۆ برادەرێ گوتراوە، کە هەندێ جار بۆ مرۆڤ لە (**برا**)ی پشتی چاکترن. من پێموایە جاران لەکوردەواری

پەیوەندی نێوان **(برا)**و**(برا)** زۆر لەوە پیرۆزتر بووە کە ئەمڕۆ هەیە. کەچی ئەمڕۆ لەنێو کورددا وای لێهاتووە **(برا)**کان نەک هەر پتر لەهەموو میللەتانی دیکە ناحەزی یەکدین، بەڵکو دوژمنی یەکدیشن، دیارە ئەو دوژمنایەتییە ناپیرۆزە لەبەر ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندییەکانی یەکتری بووە، ئەوەتا **(برا)** ی گەورە هەموو شتێک بۆ خۆی دەباو **(برا)** گچکەی لێ بێبەش دەکات. ئەو خانووەی لەباوکیانەوە بۆیان دەمێنێتەوە یەکێکیان هەمووی بۆخۆی دەبا، بە ئەوی دیکەش دەڵێ: بەشی ئێوە لەسەربانەوە تا ئاسمانە. ئەوە چش لەوەی بەهەردوو لایان هەقی خوشکان وەکو گەزۆو مازۆ دەخۆن و تەنانەت هیچ حیسابێک بۆ دینەکەشیان ناکەن، کە باشیش دەزانن خواو پێغەمبەر و یاساکانی زەویش ئەو هەڵوێستانەیان قبووڵ نییە.

لەو ڕۆژەوەی کورد بۆ سەندنی مافەکانی دەستی داوەتە سیاسەت، زاراوەی **(برایەتی)** لە نێوان سیاسییەکانیشی سەری هەڵداوە، هەروەها تەنیا کوردە **(برایەتی)** لە نێوان میللەتانی داهێناوە. ئەوەتا لەکۆتایی چلەکانەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دروشمی **(على صخرة الأخوة العربية الكردية تتحطم مؤامرات الأستعمار و عملائه)** هەڵگرتووە. پێدەچێ میللەتانی عەرەب و فارس و عەجەم و تورک دروشمی وایان قبووڵ نەبووبێ. بەپێی تەمەنی خۆم کۆتایی پەنجاو سەرەتای شەستەکانم بەبیرە، کە هەموو جارێک باوکم ڕۆژانە گوێی لە ئێزگەی **(یەریڤان)**ی ئەرمەنستان دەگرت، هەموو جار گۆرانی **(وەڵاتێ مە کوردستانە، میللەت هەمی برانە)**ی لێدەدا، کە ڕۆژ نەبوو چەند جار لەئێستگەکە دووبارە نەکرێتەوە. هەروەها لەبیرمە سەرەتای شەستەکان بوو، کۆمەڵێک عارەبی مەڕدارو حوشترەوان هاتبوونە ئاقاری گوندی **(سێبەردان)**ی پشت هەولێر، وا دیارە ئەو ساڵە وەکو ئەمڕۆ وشکەساڵی بووە، باپیریشم لەگوندێکی **(سەردەشت)** ی نزیک ئاقاری ئەو گوندە، کە شوێنەکەی ئێستا نەماوەو کەوتبووە پشت کەلاوەکانی ئێستای هەردوو کارگەی پاکەتی هەولێرو مەرمەڕو هەروەها کەلاوەکەی کارگەی چاککردنەوەی مەکینە قورسەکانی سەر بە وەزارەتی ئیشغال، هەموو ساڵ زەوی لەماڵی مەلا داودی هەولێری بەکرێ دەگرت و دەیکردە گەنم و جۆ و نانی ئێمەی لێ پەیدا دەکرد. کاتی دروێنەی هاوینی ئەم ساڵە قوربەسەرییەکە بۆ من بوو، دەبوایە هەموو ڕۆژێک نان و پێخۆر بۆ باپیرم و باوک و دایک و پوورەکانم ببەمە سەرپەرێز، کە لەوێ خەریکی دروێنە بوون، ئەوسا بوو دەمبینی کیژۆڵەی ئەو عارەبانەی هاتبوونە ناوچەکە شوانی حوشترو مێگەلە مەڕیان دەکرد. هەموو جار دەهاتنە سەر ڕێگام و هەر میوەو شتێکم لابایە لێیان دەسەندم و دەیانخوارد، ئەوە بوو ڕۆژانی دواتر، داپیرم لەگەڵم دەهات تا لەسنووری ئەوان دەیپەڕاندمەوە، باش بەبیرمە ڕۆژێکیان لەگەڵ کیژەکان بووە شەڕیان، ئەوانیش پێیان دەگوت: **(کوردو عارەب برایە)**، داپیریشم وەڵامی دەدانەوە: **(بەو خوایەی بەیەکەوە لەناو جۆنیش بمانکوتن نابینە برا)**. ئەو قسەیە هی پیرەژنێکی هاوینی ساڵی ١٩٦٠ یان ١٩٦١ بوو. هەرچەندە من ئەو ڕووداوانەی سەرەتای تەمەنم لەڕێی خۆمدا نەکردۆتە گرفت، بەڵکو زۆریش ڕێز لەو میللەتانە دەگرم، کە لەکوردستانەکەی ئێمە لەگەڵ خۆمان دەژین، حەزدەکەم ئاسووری و کلدان و تورکمان و ئەرمەنەکان، تەنانەت، ئەو عارەبانەی لەکوردستان دەژین، ئەوە سەرباری کۆمەڵە ئاینییەکان، تەواوی مافی خۆیان هەبێت. بەڵکو بەرامبەر وشەی

(برا گەورە)ش هیچ حەساسەتێکم نەبووە کە لەدەشتی هەولێر لەبڕی (ئاغا) بەکاری دەبەن. بەڵام ئەو جۆرە پەیوەندییانە بۆ ڕووتاندنەوەی خەڵک بەکارببرێن، کارەساتەکە ئا لێرەدایە!.

پەیوەندییەکی دیکەی ئەم دواییەی نێو کۆمەڵی ئێمە پەیوەندی نێوان بەرپرس، سەرۆک، ڕێبەر، سەرکردەو خەڵک و هاووڵاتییە. من پێموایە بەدرێژایی ئەو (١٥٠) ساڵەی پێشوو، لەبەرئەوەی کورد دوای ڕووخانی میرنشینەکان، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، دەسەڵاتێکی لەدەست نەمابووەوە، هەر تورک و عارەب و عەجەم حوکمی وڵاتەکەیانی کردووەو ڕەعیەتەکەش هەر لەژێر هەڕەشەو زوڵم و تەعەدای دەسەڵاتدارانی ئەو میللەتانە بووە. دیارە تاکی کوردیش هەردەم بەرپرس و کارگێڕی ئەو براگەورەیەی خۆی دیوەو بەهەندی داناوە، پێی وایە ئەگەر غەدریشی لێ بکات دەبێ هەردەم گوێڕایەڵی بێت، هاووڵاتی بوونیشی بەهەند وەرنەگرتووە. ئەوەتا دەستەواژەی (برا) لای کورد زۆر پیرۆزە، هەتا نامە تایبەتییەکان بە (برا) دەست پێدەکەن و خۆشەویست و بەڕێزو نازانم چی و چی دەخرێتە پاڵ و نازانم لەگەڵ چی و چی تێکەڵی دەکەن. لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو بوو، بەشە کوردی عیراق بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی لەحکومەتی عیراق ڕاست بوونەوە. دوای نۆ ساڵ شەڕ، کە هەموو جۆرە چەکێکی تێدا بەکارهێنرا. دواجار لەگەڵ عیراق گەیشتنە ڕێککەوتنێک. ئەوە بوو حکومەت بەئیمزای ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆماری ئەوسای عیراق، ڕێککەوتننامەی ناسراو بە (١١)ی ئاداری لەساڵی ١٩٧٠ دا بڵاوکردەوە. تیایدا کۆمەڵێک ماف بۆ گەلی کورد دیارکرابوو، پێم وایە بۆ یەکەم جار بوو کورد هەست بکات بەشێک لەمافی (هاووڵاتی) خۆی وەرگرت، بەڵام بەداخەوە دوای چوارساڵ چاوەڕوانی، حکومەتی عیراق یەکلایەنە یاسای ئۆتۆنۆمی بڵاوکردەوە، هەڕەمەیەک کوردی لەدەوری یاسا کارتۆنییەکەی گردکرنەوە مافی (هاووڵاتی) لە تاکی کورد سەندەوە، یان بە (هاووڵاتی) پلە دوو و سێی دانان و لەو ساتەوەش بەئاگرو ئاسن بەربووە گیانی ئەو شۆڕشگێڕانەی پێشتر لەگەڵیان ڕێککەوتبوو، دیارە ئەوسا زۆربەی میللەتی کورد بۆ گێڕانەوەی مافی (هاووڵاتی) بوون، دابوویانە پاڵ شۆڕشگێڕان و ڕوویان کردبووە شاخ، لەوێ ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە بوونە بارگرانی بەسەر شۆڕشەوە. بەم حاڵەشەوە حکومەت دەرەقەتی پێشمەرگە نەهات. ئەوەبوو (سەدام حوسێن)، کە ئەوسا (نائب الرئیس) بوو، چووە جەزائیرو لەوێ زۆر بوێرانە لەگەڵ شای ئێران دانیشت و لەگەڵی ڕێککەوت، بەهەموو لایەک پایدۆزیان بەشۆڕشگێڕان کرد. پێموایە ئەنجامەکانی ئەو نسکۆیە لای هەر کوردێک ئاشکرایە، ئەوەی تۆزێک ئاگاداری مێژووی میللەتەکەی بێت لای شاراوە نابێ، ئەوەبوو حکومەتی عیراق مەیدانی بۆ چۆڵ بوو، بەهەوەسی خۆی هەست و نەستی کوردی دەبزواند، بەڵام بەم حاڵەشەوە ئەو شرە حوکمە زاتییەی حکومەتی عیراق دابوویە کورد هێشتا دەستکەوتێکی گەورە بوو. ئەوەتا دوای ڕاپەڕین هەر دام و دەزگایەکی حکومەتی دانرابێ بناغەکەی ئەو ئیدارەی حوکمە زاتییە بووە. بەڵام دیارە ئەو کاربەدەستانەی بە درێژایی ماوەی شرە حوکمە زاتییەکە لەسەر وەزیفە بوون، دوای ڕاپەڕینیش هەر لەشوێنی خۆیان مانەوە، لەوانەیە هەندێکیشیان ئەو ئازادییەی دوای ڕاپەڕینیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆستبێتەوە، ئەو شۆڕشگێڕانەش کە لەشاخ و ئەودیو گەڕابوونەوە دیاربوو

ئەوەندە شارەزای کاروباری حوکم کردن نەبوون، بۆیە زۆر متمانەیان کردبووە سەر ئەو کاربەدەستانە، هەر ڕەخنەیەکیشیان لێ بگیرابا بەناوی نەشارەزایی خۆیان دەپەڕاندەوە. بەڵام نەشارەزایی تاکەی؟! ئەوەتا دوای ڕووخانی ڕژێم و دامەزراندنی سەرۆکایەتی هەرێم و بوونی کوردێکیش بە سەرۆک کۆمار، هێشتا پەیوەندییەکان دەقی خۆی وەرنەگرتووە دەبینی هەر بەرپرسەو لە کۆبونەوەیەکی ڕەسمی دانیشتووەو تەزبیحێکی بەدەستەوەیەو قسە دەکا، یان بەشێوەیەکی وا دانیشتووە ڕەچاوی هیچ پرۆتۆکۆڵێک ناکاو دەڵێی لە دیوەخانە قسە دەکا. دیارە هۆکارەکانی سەرکەوتنی هەر سەرۆکێک و چۆنیەتی بەردەوامی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ هاوولاتی، دیمەنێکی زۆر جوان بوو، کاتێک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە سەرۆکی هەرێم. ئاڵای حیزبەکەی خۆی لەشوێنی پێشوازی کردن لە میوانان لابردو لەژێر سایەی ئاڵای کوردستان پێشوازی لەمیوانانی دەکرد، دیارە ئەوانە پرۆتۆکۆڵن و هەر سەرۆکێک دەبێ وا بکا. بەڵام پرۆتۆکۆڵێکی دیکەی زۆر گرنگ. کە زۆرجار لەنامەی نێوان سەرکردەکانمان دەیبینم دواندنی یەکترییە بەنامەو نامەکاری. پرسیارێکەو دەمێکە لەمێشکمدا دەزرینگێتەوە، ئەوەتا سەرۆک کۆماری عیراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەجەژن و بۆنەکان کاتێ نامەو بروسکە بۆ یەکدی دەنێرن، وشەو دەستەواژەی وا ئاراستەی یەکدی دەکەن دەبێ حیسابێکی بۆ بکرێ. ئایا دەکرێ ئەویان لەژێر ناوەکەی خۆی بنووسێ سەرۆک کۆماری عیراق و ئەویشیان بنووسێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟ لەسەرەوەی ناوەکەشیان بە **(براتان)** یان **(برای دڵسۆزتان)** بۆ یەکدی دابنێن. لەڕاستیدا من هیچ جۆرە دروستییەک لەو جۆرە دواندنانەی یەکدی نابینم، پێشموایە هەڵە نیم، ئەگەر بڵێم پرۆتۆکۆڵی نێوان سەرۆکی وڵاتان وانییە بەم شێوەیە یەکدی بدوێنن. مەگەر لەو کاتانەدا نەبێ کە بەناوی خۆیانەوە یان حیزبەکانیانەوە نامە بۆ یەکدی بنێرن، بەڵکودەبێ سەرۆکی وڵات کاتێ ئیمزایەک دەکات و ناوو پایەکەی خۆی لەژێر دەنووسێ هیچ سیفەتێکی دیکە لەتەک ئیمزاکەی دانەنێ، بەنموونە بەیانی (جۆرج بۆش) نامە بۆ سەرۆک کۆماری ئێمە بنێرێ، لەوانەیە بنووسێ: ئازیزم سەرۆک کۆمار، یان بۆ سەرۆکی هەرێم بنووسێ، ئازیزم مەسعود، بەڵام قەت لەژێر ئیمزاکەی نانووسێ: براتان جۆرج بۆش و لەژێر ناوەکەشی بنووسێ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەوەتا کاتی خۆی سۆڤیەتی جاران لەهەموو ڕژێمێک زیاتر باسی لەپێکەوە ژیانی میللەتان لەگەڵ یەکدی دەکرد. کەچی زانکۆیەکی هەبوو ناوی (**جامعة الصداقة الشعوب**) بوو، نەوەک (**جامعة أخاء الشعوب**)، هەروا بێتەوە قەت ئەو دیمەنەی (**غاندی محەمەد حەسەن**)م لەبیر ناچێتەوە، کاتی خۆی حکومەتی عیراق لەهەشتاکان کردبوویە (**ئەمینداری گشتی ئیشغال و نیشتەجێکردن**). بەرلەوەی بێت دەست بەکارەکەی بکات ئەندازیار (**محەمەد محیەددین**)یش پێشتر لەوێ جێگربوو. بەتەمەن و وەزیفەش زۆر لە غاندی گەورەتر بوو، بەم چاوانەی خۆم بینیم کاتێ غاندی هاتە سەر وەزیفەکەی لەبەر دەرگای ئەو بینایەی کە ئێستا وەزارەتی ئەشغالە، محەمەد محیەددین هاتە پێشوازی، غاندی زۆر هەوڵی دا محەمەد محیەددین پێشی بکەوێ، بەڵام ئەو قبوولی نەکردو هەر غاندی پێش خۆی خست. ئەگەر بڵێم حکومەتی عیراق ئەو جۆرە پرۆتۆکۆڵ و هەڵوێستانەی بەهەند هەڵدەگرت لەوانەیە هەندێ برادەر لەسەرم بکەنە ماڵ.

بەڵام ڕاستییەکەو دەبێ بگووترێ، ئەوەبوو هەمووی دوو هەفتەی پێنەچوو حکوومەتی بەعس ئەندازیار محەمەد محیەددینی لەوێ گواستەوەو وەکو غاندی کردییە ئەمینداری گشتی شارەوانی و گەشت و گوزار. هەقە ئەو کەسانەی دەبنە ڕاوێژکاری بەرپرسەکان ئەو جۆرە پرۆتۆکۆڵانە وەبەرچاو بگرن و بەهەندی هەڵبگرن و سەرووی خۆیانی لێ ئاگادار بکەنەوە.(**سەرۆک کۆماری عیراق و سەرۆکی هەرێممان**)، هەردوو لایان لەتەک ئیمزاکانیان (**برای دڵسۆز**) و (**براتان**) دەنووسن و ڕەچاوی ئەو پرۆتۆکۆڵانە ناکەن، نامەی هەردوو بەڕێز بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسان وا پەسن کرابوو، چونکە جاری دیکەش نامەی بڵاوکراوەم بۆ بەڕێز نوری مالیکی دیوە، هەر بە (**براتان**) پەسنیان کردووە. دیارە لەنێو هەر کۆمەڵێک ئەگەر پەیوەندییەکانی بەرپرسانی بە (**برا**) پەسن بکرێ و (**برایەتی**) بکرێتە بنەمای پەیوەندییەکان. پەیوەندی نێوان سەرۆکەکان دەبێتە جۆرێکی دیکە، هەروەها لەنێوان خەڵک و بەرپرسێک (**هاووڵاتی**) بوون نامێنێ وخەلکی دیکەی دەرەوەی ئەو (**برایەتی**)یەش بێ ماف دەمێننەوە، دیارە لە پەیوەندی نێوان خەڵک و بەرپرسانی حکومەت (**هاووڵاتی**) بوون لە (**برا**) مافی باشتر دەپارێزرێ، چونکە (**هاووڵاتی**) مافی بە دەستوور پارێزراوە، بەڵام (**برا**) پەیوەندی دیکەی هەیەزیاتر مافەکانی دەپارێزرێ. بیرمە جارێکیان نەقیبی ڕۆژنامەنووسان باسی لە بوێری کوردێک کردووە، کە چۆن لە کاتێکا بەرپرسێکی (**بەعس**) ی گەورە بانگی دەکات وتەیەکی لە بۆنەیەکدا بخوێنێتەوە، بابای بەرپرسی کارگێری لێ نەگەڕاوەو گوتوویە: (**اني هنا امثل رئيس الجمهورية**) قسەکەشی لێ وەرگیراوەو ڕێزی لێ گیراوە، زۆر بەداخەوەم، چ لێرە لە هەولێر چ لە سلێمانی، لەدایەرەو شوێنە گشتییەکان دەبینم کەس ڕەچاوی ئەو پرۆتۆکۆڵانە ناکا، لەوێ لە دائیرەکان هەر وێنەی سەرۆک کۆمار هەڵواسراوەو لێرەش هەر وێنەی سەرۆکی هەرێم دەبینم، لە هەردوولا کەم دائیرە دەبینم ڕەچاوی ئەم پرۆتۆکۆڵانە بکات. پێموایە مەبەستەکان دیارو ئاشکران، هەقە کوردیش ئەو پرۆتۆکۆڵانە وەبەرچاو بگرێ و زاراوە تایبەتییەکان بەهەند هەڵبگرێ و ڕۆژانە لەشوێنی خۆیدا بەکاریان بهێنێ.

**(٢)**

**(خۆم کردوومەو خۆم دەیخۆم)**

ئەو ناوونیشانەی کە لەسەرەوە دامناوە، هەموو جار لە (**ئازاد عوبێد**)ی سکرتێری نووسینی گۆڤارەکەمان دەبیسم، دەبێ قسەیەکی جەنابی شێخی بەردە قارەمان بێ. کاک (**غەمگین**) جەوهەری شاعیرو نووسەری پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو لەسەر زاری باوکی خۆی، کە وا دیارە لە دانیشتنێکی جەنابی شێخ ئامادە بووەو گوێشی لە قسەکە بووە. گێڕاویەتەوە. ئەوەی ئێمە بیزانین جەنابی شێخ لە هەولێرو دەوروبەری و لای خۆشناوەتی هۆگرو لایەنگیری زۆربوون، لاوکەکەی (**شێخێ منۆ**)ی کاوێس ئاغا و ئەم هەموو شیعرە فۆلکلۆرییەی ناوچەکە لەسەر جەنابی شێخ باشترین بەڵگە و شاهیدی ئەو بۆچوونەن. حاجی بەکری باوکی کاک جەوهەر، لەگەڵ پیاوە ماقوڵانی ئەمبەرو ئەوبەری (**سەفین**)ە شێتەی خۆشناوان، بەتایبەتی لەگەڵ میرانی ساڵح بەگی خۆران، وا دیارە دوو جاران سەردانی شێخیان کردووە. کاتێ کە کوڕ گەرم بووە و جمەی هاتووە، شێخیش لەوێ بووە، منداڵێکی جوانی قژ زەرد ێ بچووک هاتۆتە ژوورەوەو چۆتە کۆشی شێخ، دوای ماوەیەک پیاوێکی شێخ هاتۆتە ژوورەوە

و دەمی بردۆتە بناگوێی شێخ و هەندێ قسەی بۆ کردووە، دوای ڕۆیشتنی پیاوەکە، جەنابی شێخ بەدەنگێکی بەرز گوتویە: (**خۆم کردوومە و خۆم دەیخۆم**) دیارە هەندێ لە دانیشتوان ئەم قسەیان لا گران بووە. ئێستاش نەزانراوە شێخ بۆچی ئەم قسەیەی کردووە، لەوێدا ئەوە بۆتە جێی ڕەخنەی حاجی بەکرو هەندێ لە دانیشتوان لەوەی کە ئەو قسەیەی کردووە، بەتایبەتی کە دیارە ئەگەر خەڵک هاریکار نەبوونایە، هیچ کارێک تەنیا بەشێخ نەدەکرا، ئەم سەربووردە و ڕووداوانە ئەمڕۆ بۆ ئێمە دەبێ دەرس و عیبرەت بن، بەر لە هەمووکەس، نووسەری ئەم دێرانە بەدڵ حەز دەکا وەکو ئەلقە بیانکاتە گوێی خۆی لەوانەیە پەیوەندیشی بەم بیرۆکەیەی سەرەوە (**برا**) و (**هاوولاتی**)یەوە هەبێت، گێرانەوەشی لێرەدا ماناو مەبەستی خۆی هەیە.

ڕۆژنامەنووسیش دەبێت لەهەموو کەس زیاتر بەرامبەر نووسینەکانی خۆی هەست بەلێپرسینەوە بکات، جا ئەو هەستە چ لەبارەی ناوەرۆک و پەیامی نووسینەکەی بێت، یان لەبارەی چۆنیەتی داڕشتن بێت، ئینجا دەبێ قەلەم بەسەر کاغەز دابێنێ. دیارە بۆ ڕۆژنامەنووسی لێپرسراو چۆنیەتی هەڵبژاردنی مانشێت و ناوونیشان و خاڵبەندی و شتی دیکە ئەوە سەربار، گۆڤارەکەی ئێمە هەرچەند تایبەتمەندە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسیی، بەڵام جارو بار حەز دەکەین هەندێ نووسینی تایبەتیش، لەبارەی پرسە ڕۆژنامەنووسییەکان و پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسان تێکهەڵکێشی هەندێ بابەت بکەین، لەژمارەی ڕابردوودا بابەتێکم بەم ئیمزایەی سەرەوە لەژێر ناونیشانی (**عەبدوڵڵا تەوافوقی!**) بڵاوکردەوە، هەڵبەت ئەگەر لەبەر ناوەرۆکەکەیشی نەبووبێت، لەبەر ناوونیشانەکەی سەرنجی زۆر لەخوێنەرانی ڕاکێشابوو. هەریەکەی بەجۆرێک و شێوەیەک لێکی دەدایەوە، بەنموونە: مامۆستا (**نەژادی عەبدوڵڵاعەزیزیهەولێری**) خاوەنی کتێبخانەی (**هاورێ**) وا دیارە دڵی بەناوونیشانی بابەتەکە خۆش بووە. هەر جارەی چاوی بەمن بکەوێ پێم دەڵێ: تەوافوقی بۆ دیارنی؟ حەزدەکەین بتبینین، هەرچەندە چەند جارێک پێیم گوتووە، کە ناوونیشانەکە دەبووایە (**عەبدوڵڵا تەوفیقی**) بووایە، چونکە ئەو برادەرەی ڕستەکەی گۆکردووە وای فەرمووە، بەڵام بێ سوودەو کە قسەش کەوتە زاری، کەوتە شاری، ئەو حەزدەکات وابڵێ و منیش ڕێزی حەزەکانی ئەو پیاوە نورانییەو خەڵکی دیکەش دەگرم. هەیشە بەم بابەتە سەغلەت و نیگەران بووە، مامۆستا (**ڕەفیق ساڵح**) ی سەرۆکی (**بنکەی ژین**) و (**سەدیق ساڵح**)ی ئەندامی ئەنجوومەنی بنکەش پێیانوایە دەبێ کەس لای (**ئەو سەرخڕە**)، واتە لای من قسەیەک نەکات. ئەگینا گوایە زوو دەیکەمە بابەتێک و بڵاوی دەکەمەوە، ئێ ئەوە کاری ڕۆژنامەنووسییە، ڕۆژنامەنووس دەبێت پێش هەموو کەسێک هەست بەلێپرسینەوە بکات. بابایەکی دیکەمان وا دیارە لێکدانەوەی زۆر تۆخی بۆ کردووە، ئەو بابایەمان، چ لەساتە نائاساییەکانی ناوخۆو چ ئێستا، بابەت بەچەند ناوێک لەم لاو لەولاش بڵاودەکاتەوە، منیش لای خۆمەوە تاوەکو ئەو ساتە وەختەش هەر ڕێزیم گرتووەو حیسابی تایبەتیم بۆ ئەو پەیوەندییە (٤٠) ساڵییەی پێشوومان کردووە کە لە نێوانماندا هەبووە، بەتایبەتی کە هەموو کاتێکیش بینیوومە ئەو لەسەر کارەکانم یەکێک بووە لەهاندەرە سەرەکییەکانم، بەڵام نازانم بۆ ئەم جارەیان ئاوەها نوقورچەی لێگرتووم، فەرموون دەقی بۆچوونەکانی بخوێننەوە بزانن چی لەسەر

نووسیوم:

> • وەک لەچاپەمەنییەک خوێندمەوە برادەرێـــک گلەیـــی لەبەختی خۆی دەکرد!. گوایە پێیان وتووە: بوویت بە"بەربـــووک"ی "بنکـــەی ژین" و "دەزگای ئاراس"و پێیان وتووە: ئەم کابرایە بەخۆڕایی خۆی ماندوو دەکاو فڵان و فیسار ســـوودی لێ دەبینن. ماوەیەکـــی دیکە دەســـت لەچۆکان شۆڕتر دەمێنێتەوە.
>
> ئای کە ســـەیرە. کابرا دوو دەست و دوو بنکەو ڕەنگ و دوو ئاراســـتەی ئاوێزانکـــردووە. لەهەوڵی ئەوەدایە یەک دیدگا لەدوو چاوان هەڵێنجێت. بە"بەربووک"ێک ناویـــان بردووە. گوایـــە دەســـت لەچۆکان شـــۆڕتر مابێتەوە!. نازانن کەســـانی دیدگا دروست و ئاشـــتیخوازو ڕاستیخواز دەستیان چەند لەچەوری دوورتربێت لەهەموو دەست و پاچە گەورەکانی ئەم سەردەمە باڵاترن...

**خوێنەری خۆشەویستم:**

دوای ئەوەی کە ئەو نووسینە بڵاو ببۆوە، نووسەرەکەی خۆی تەلەفۆنم بۆ دەکاو دەڵێ ڕات چییە لەسەر ئەو نووسینەم؟ لەو کاتەدا من نەخۆش بووم و لەماڵەوە کەوتبووم، بۆیە هەرچەند بابەتەکەم خوێندبۆوە، بەڵام گوتم: ئاگام لێ نییە، نووسینی چی؟ دیاربووئەو حەزی لەقسان بوو دەیویست باسی ئازادی لەڕای خۆی و ئەم شتانەم بۆ بکات. کەچی من هەر باسی بێ ئاگایی خۆم بۆی کرد.

پێم وایە تۆش لەگەڵ منیت و پێت وایە یەکێک لەکارەساتەکانی ئەمڕۆی قەڵەم بەدەستانی سەر گۆڕەپانی مەعریفەی کوردی ئەوەیە زۆربەیان حیساب بۆ هەست و سۆزی بەرامبەر ناکەن، بەبێ لێکدانەوە قسە دەکەن و توانج دەگرن و نازانن کوێندەر دەگرێتەوە.

ئـەوەبـوو لـەوتـارو ژمـارەی ڕابـردووی (**ڕۆژنـامـەنـووس**) دا نـموونـەم بەکابرای هەولێری بۆ هێنابوونەوە کە گوتبووی: ((**بابم ئێشتەم دوو پیاو هەیە لەکوردستان، یەکێکیان مەلا مستەفای بارزانی، دووەمیشیان عەیبە پیاو مەدحی خۆی بکات**))، کارەساتەکەی ئەمڕۆمان ئەوەیە جەنابی مـەلا مستەفا، نەماوە بۆیە هەر کەسە لای خۆیەوە بەناو دەکەوێ و دەڵێ: (**من بم و کەسی تر نەبێ**)، نووسینەکەی ئەو برادەرەمان ئەوەندە دوورە دەست نییە تکا دەکەم جارێکی دیکە چاوێکی پێدا بخشێننەوەو بەچاوی من بەراوردێکی بکەن و بزانن ناحەزانە چیم پێدەڵێ.

دەبینن ئـەو ئـازیـزە خۆشەویستەمان لەلایەکەوە بە (**برادەر**)ی داناوم، کەچی دوو دێر دواتر دەمکاتە (**کابرا**). هەرچەندە من پێموایە ئەو دەستەواژەیەی دواییان لە (**کاکە برا**) وە هاتووە، بەڵام ئەمڕۆکە هەرکەسێکی وای بانگ بکەی کەمێک پێی دلگران دەبێت، بۆیە دەڵێم ڕۆژنامەنووسان هەقە بزانن وشەکانی خۆیان چۆن هەڵدەبژێرن.

لەلایـەکی دیکـەوە ئامۆژگاریـم دەکات گوایە: هی وەکو ئێمە نازانین: (**کەسانی دیدگا دروست و ئاشتیخوازو ڕاستیخواز دەستیان چەند لـەچـەوری و دوورتـر بێت لەهەموو دەسـت و پاچە گەورەکانی ئـەو سـەردەمە باڵاترن**).

ئومێدەوارم ئەو خۆشەویستەم تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە (**زەهایمەر**) نەبووبێت. ئەگەرنا باش دەزانـێ زۆر لەبرادەرانی من لەبیریانە (٣٩) ساڵی ڕێک (**چەند مانگێک ژوورتر یان خوارتر**) کە لەساڵی ١٩٦٩ دا، بەر لەیازدەی ئادار حکومەتی عیراق (**بڕیاری مافی ڕۆشنبیری**) بۆ کـورد دەرکـرد، ئەو برادەرەمان ئەوسا یەکێکی خەپەتۆڵەی سۆرو

سپی جوانکیلە بوو، بڕوا ناکەم ئەوسا ئەو زانیبی (**موتالەعەی خارجی**) یانی چی، کەچی من هاتووچۆی کتێبخانەی گشتیی هەولێرم دەکرد، بەهەموو کتێبە فارسی و کوردییەکان (١١٦) کتێبی تێدابوو، ئەوسا زەمان، زەمانی (**جەلالی**) و (**مەلالی**) یان بوو، (**مەلاییەکان**) چەند مانگێک بوو ڕووبانکردبۆوە شاخ و ڕۆژنامەکەی (**التآخي**)یان ڕاگرتبوو، (**جەلالی**) یەکانیش هاتبوونەوە مەیدان و ڕۆژنامەی (**النور**) یان دەردەکرد، حەمەدەمین فەرەج لەسەر پۆستی (**جەلالی**)یان تازە ببووە متەسەڕفی هەولێر، مامۆستا (**فائق جميل العلى**) یش، کە پێشتر دەرسی ئایینی لەدواناوەندی هەولێر بە ئێمە گوتبوو، هەر لەسەر پۆستی ئەوان کرابووە (**بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر**)، کاک (**مەجید هێرش**)یش، پێموایە هەر لەگەڵ ئەوان بوو، کارمەندی کتێبخانەی گشتی بوو. پێشتر زۆر یارمەتی منی دابوو تا فێری کتێب وەرگرتن لەکتێبخانەو خوێندنەوەم بکا، پێشتر من کتێبی زل زلم داوا دەکرد، ئەویش ناملکەی مێرد مندالانی بەزمانی عەرەبی دەدامێ، ڕۆژێکیان لێم پرسی کە بۆچی کتێبی کوردی لە کتێبخانەکەیان کەمە، چونکە ئەوساکە وەکو گووتم: تازە بڕیارەکەی (**ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش**) لەبارەی (**مافی ڕۆشنبیری کوردی**) دەرچوو بوو. دەمدی کتێبخانەی خۆشناو پڕ بوو لەکتێبی کوردی و ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی لەدوای (١٤) ی تەمووزی ١٩٥٨ بڵاوکرابوونەوە، جگە لەوە کاکە مەم بۆتانی و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێوو جەمیل ڕەنجبەرو سەعدوڵڵا پەرۆش و جەمال شارباژێڕی و زۆر شاعیرو نووسەری دیکە دیوانە شیعرو کتێبیان دەردەکرد، ئەوەبوو کاک مەجید داوای لێکردم سکاڵایەک بەناوی خۆم و چەند کەسێکەوە بنووسم و بیدەمە متەسەڕف تیایدا داوا بکەم کتێبی کوردی بخەنە کتێبخانەی گشتی.

<u>**ئازیزەکەم**</u>: وەکو لە سەرەوە گووتم ئەوسا ئێوە کوڕێکی پۆشتەو ڕێک و پێک بوون، منیش کەرە کرمانجێک بووم، تا ئەوساش نەمزانیبوو پانتۆڵ لەپێ بکەم. باوکم و باپیریشم، بەچاو پۆشین لەهەبوونیان، چونکە فەللاح بوون قاتێ جلی کۆت و شەرواڵیان بۆ نەکڕیبووم، لەوانەیە ڕۆژانەکەی ئێوە هەتا (٥٠) فلس بووبێت، بەڵام ڕۆژانەکەی من قەت لە (١٠) فلسی تێنەدەپەڕاند. ئەوجا چەند ڕۆژێک ڕۆژانەکەم کۆکردەوە، پارەی سکاڵایەکم پێ پەیدا کرد مەزبەتەیەکەم بەناوی (٢٧) کەس پڕ کردەوە، زۆر باش بە بیرمە سێ لەناوەکانم لەخۆمەوە نووسیبوو، (٤٥) ڕۆژان لەمتەسەڕفیەت و خۆجێیی و نازانم کێ و کێی دیکە خەریک بووم، ئینجا موافەقەتم وەرگرت کە کتێبی کوردی بۆ کتێبخانەی گشتی بکڕدرێ. دوا ئیمزا دەبوایە مامۆستا (**فائق**)ی ناوبراو بیکردایە، کە چووم سکاڵاکەم بۆی برد لای خۆی گلی دایەوەو گووتی: ناوی کتێبی دیکەی بۆ زیاد دەکەم، ئێستاش بەبیرمە دوای (١١) ڕۆژ چاوەڕوانی و دوای ئەوەی ڕۆستەم ئەفەندی مامۆستای جوگرافیای قوتابخانەکەمانم کردە واسیتە، ئینجا سکاڵاکەی بەئیمزاکراوی دامەوە، ئەوەندەی بەبیرمە ناوی چەند کتێبێکی وەکو: (**خولاسەی تاریخی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی و شۆڕشەکانی کوردی عەلائەددین سەجادی و کوردو کوردستانی ئارشاک سافراستیان و مێژووی ئەدەبی کوردی و شۆڕشی دیاربەکر و چەند کتێبێکی دیکەی زێدە کردبوو**). بەداخەوە تا ئەوساش ئەو کتێبانە لەقەدەغەکراوەکان بوون، بەهەر حاڵ سکاڵام بردە کتێبخانەی گشتی ژمارەی کتێبە کوردییەکان لە (٤٠٠) چوارسەد کتێب تێپەڕاند،

ئەوەندەی نەبرد (١١)ی ئاداری بەسەردا هات، ئەوەبوو جارێکی دیکەش سکاڵام دایەوە پارێزگاو شوێنانی دیکە، ئەمجارەیان کاک (**مەجید هێرش**) خۆی معامەلەکانی کۆتایی تەواوکرد. ئەوەی بەبیرم بێت، ئەمجارەیان ژمارەی کتێبە کوردییەکان لە (١٠٠٠) هەزار دانەی تێپەڕاند.

**<u>کەکۆش گیان</u>**: پۆز لەسەر کەس لێنادەم، بەڵام دەبێ هەمووان بزانن سەرەتاکانم ئاوەها هێناوە، بەڵکو لەوساوە تاوەکو ئەمڕۆکەش، لەخواردن و جل و بەرگ و شتە تایبەتییەکانی خۆم دەگرمەوەو گۆڤارو ڕۆژنامەی لەسەر حیسابی خۆم بۆ برادەرانی دیکە پێ دەکڕم و هەندێک هەن بۆشیان دەبەمە ماڵەوە تا لەسەر خوێندنەوەو نووسین ڕایان بێنم. لەوانەیە چەند کەسێکیش لەوانە کاتی خۆی برادەری ئێوە بووبن، ئێستا لەگەڵت هەڵنەکەن، ناشمەوێ ناویان بێنم نەبادا نیگەران بن، لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەگەر بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە، خۆیان باسی ئەو ڕووداوانە بکەن. زۆرم پێ عەنتیکەیە کە دەبینم ڕستەی (**چەند لەچەوری دوورتر بێت لەهەموو دەست و پاچە گەورەکانی ئەم سەردەمە باڵاترن**) ڕووبەڕووی من کراوەتەوە، ئەوەتا بیرمە لەساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥ خەڵک لەم وڵاتەی ئێمە زۆر دەست تەنگ بوون، هەر کەسەو ماڵی خۆی دەفرۆشت، ئەوەی یەکێکی لەدەرەوە هەبووایە دەیانگووت: پارووی لەڕۆن دایە..!، منیش ئاوەڵزاوایەکم لەدەرەوە هەبوو. وا بزانم دووجاران ژنەکەی، هەرجارەی گەڵایەکی بۆ ماڵەوەی ئێمە ناردبۆوە، پێموایە لەساڵی ١٩٩٥ بوو ئاوەڵزاوام لەسویدەوە هاتەوەو سەردانی کوردستانی کردەوە. ئا لەو کاتەدابوو لەدەست تەنگیان و ناچاریان دوو بزنە شامیم لەماڵەوە بەخێو دەکرد، هەر بۆ ئەوەی ڕۆژانە بە ماست و شیرەکەی پێخۆر بۆخۆمان و هەتا هەندێ لە دەرو دراوسێی برادەرانیش، پێ پەیدا بکەین، هەروامان دەزانی پاشاین، بەداخەوە لەو ناخۆشییە دابوو خانمی هاوسەرم، وەک هەر تاکێکی کورد، پێی لێ لەکەوشی نام و بەزاراوەی هەولێریان گوتی: دەبێ (**زاوام**) و خوشکم دەعوەت بکەی نابێ ئەوها بەبێ ئەوەی دەعوەتیان بکەین بچنەوە، ئەوانە دووجار یارمەتی ئێمەیان داوە. وەکو دەڵێن فلسی ئەحمەڕیشم نەبوو، کەچی باخەڵەکەی دیکەم پڕبوو، لەپارەی زەکاتی ماڵی خوا کە موسڵمانێک لای دانابووم یارمەتی ئەم و ئەوی پێ بدەم، دوو سێ جاران ویستم قەناعەت بەخۆم بێنم و شتێکی لێ گڵ دەمەوەو ئەو بەڵایەی پێ لەکۆڵ خۆم بکەمەوە. دواجار وەکو دەڵێن: شەیتانم بەلەعنەت کردو دەستم بۆ پارەی زەکاتەکە نەبرد، ئەوەبوو بەبیرم هاتەوە، کاتی خۆی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠، دوو جووت تایەی سەیارەی بیجۆم لەکۆمپانیای ئۆتۆمبیلان لە هەولێر وەرگرتبوو، یەکسەر چووم هەردوو تایەکەم بە (٣١٥) دیناری سویسری فرۆشت، لەڕۆژی دیاریکراو بابای (**یۆڵداش زاوا**)م، لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەی، هاتنە سەر سوفرەی ڕازاوە، منیش ئەوسا کراس بێجامەکەم لەبەردابوو: بەکەماڵی ئیسراحەت لەگەڵیان دانیشتبووم، (**ئاوەڵزاوا**)م کە سەیری سەر سفرەکەی کرد یەکسەر ڕووی لەمن کرد و گووتی: کاکە عەبە وا دیارە وەزعتان باشە. کە وایێ گووت هەر وام زانی دەڵێ بێنە دوو گەڵاکەمان بدەوە، بەدەست خۆم نەبوو یەک قاقا پێکەنین گرتمی، بەبیرم نەبوو پێتان بڵێم پێشتر نەمبوو ژێر کراس و دەرپێیەک بۆخۆم بکڕم، بۆیە لەگەڵ پێکەنینەکەم دووگمەی کراسەکەم کردەوەو ژێر کراسەکەم نیشانی (**ئاوەڵزاوا**) داو گوتم: فەرموو سەیرم بکە، بزانە کە چۆن سەرقۆزێکی بن ئاڵۆزم! کە

تەماشای کرد ژێرکراسەکەمی کون کونە. هەر دەتگوت بە پروشکی لەحیم سووتاوە، یەکسەر پرسی و گووتی مەسەلە چییە؟ گوتم کاکی خۆم ئەوە چیرۆکی ئەو سوفرەیەیە، ئەوەبوو چیرۆکی دەعوەتەکەم لە سیری هەتا پیوازی هەمووی بۆ گێڕایەوە.

**ئازیزەکەم:** کە من سەرەتاکانم ئاوەها هێناوەو دەشبینم. ئەو وشەو دەستەواژانەی بەرامبەر منت بەکارهێناوە ئەوەندە دڵگران دەکەن. پێم وایە بێدەنگ بوون لێی دەبێتە گوناە، بەتایبەتی لەڕۆژنامەیەک بۆتان نووسیوم پێموایە خاوەنەکەی ئەویش گلەیی بەردەکەوێ، چونکە ئەو هەندێک لەو سەرچڵیانەی ئێمە دەزانێ. نەدەبووایە لێبگەڕێ ئەو جۆرە نووسینانە لەسەر لاپەرە جوانەکانی ڕۆژنامەکەی ئەو بڵاوبکرێتەوە، بەڵام جەنابی چەند جاری دیکە ئەو شتە قۆڕانەی کردووەو لەسەر ئەو جۆرە نووسینانە کە لەسەر خەڵک گلەییم لێی کردووەو حەزی خۆم پێی گوتووە هەوڵ بدات تا ئاستی ڕۆژنامەکەی بەم جۆرە نووسینانە نەهێنێتە خوارەوە. چەند جار لەپێش من و ماڵەوە یان لەپێش برادەرانی دیکە دوای داوای لێبوردن، خۆی گوتوویە: تف کە کەوتە عەردی هەڵناگیرێتەوە!

**کەکۆشەکەم:** پێموایە لەوەشیان سەرچیخ چوویت کە هەوڵم دابێت دوو دەست و دوو بنکەو ڕەنگ و دوو ئاراستە ئاوێزان بکەم.

خۆ نەهاتووم ببمە پیاوی هەر بەرپرسێک، یان چەلاوخۆری هەر کەس و لایەنێک، بەڵکو دوو دەزگام گەیاندۆتە یەک کە پرۆژەکانیان هاوبەش بووە، هەردوو لاشیان کوردستانین و بە پارەی کوردستانیان بەڕێوە دەچن و میراتی دایکی هیچ کەسێک نییە، بەم هاوکاری کردنەشیان پرۆژەی جوانتر بۆ میللەتەکەیان پێشکەش دەکرێت.

دەگێڕنەوە جارێکیان ڕۆژنامەنووسێک چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ئەحمەد سالار دەکات، زەینی خۆی دەداتێ وا مامۆستا هەموو پەنجەکانی تێک ئاڵاندووە، هەردوو پەنجەی گەورەشی بەڕووی ڕۆژنامەنووسەکە بەسەریەکدا دەسوڕێنێتەوە، ڕۆژنامەنووسەکە سەری لەم کارەی مامۆستا سوڕ دەمێنێ و وادەزانێ نهێنییەکی تێدایە بۆیە. لێی دەپرسێ مامۆستا دوا پرسیار، ئەویش دەڵێ فەرموو، لێی دەپرسێ لەسەرەتای دانیشتنمانەوە دەبینم جەنابت هەردوو پەنجەی گەورەت ئاوەها لەسەریەک دەسوڕاندەوە، ئەوە بۆ وادەکەی؟ ئەویش هیچ خۆی شێلوو ناکاو هەردوو پەنجەکانی پێچەوانە دەسوڕێنێتەوەو دەڵێ: دەزانم ئاوەهاش بکەم. ئێ کاکی خۆم منیش دەزانم ئاوەها بکەم ..! من دوو دەزگام گەیاندە یەکدی کەچی. وا کارەکان پتر دەچنە پێشەوە، دوایی ئەو پەیوەندییە دەزگاکانی دیکەش وا لیک نزیک دەبنەوە، وا دەزگای سەردەم و خاک و سەنتەری لێکۆڵینەوەو هۆشیاری و نازانم کێ کێی دیکە دێنە ناو ئەو هاوپەیمانییە، نازانم ئەوسا چیم پێ دەڵێی، بەو خوایەی من کاتی خۆی، پێچەوانەی هەندێ لەڕۆژنامەنووسانی دیکە، داوام لێکراوە تەئیدێک بێنم و ببمە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان. بەپێشنیازی کاک تاریق جامبازو کاک مومتاز حەیدەری گوایە دەکرێ سوودم لێ وەربگیرێ. دیارە ئەوسا من لەهیچ دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی یان ڕاگەیاندن کارم نەدەکرد، ئێستاش هەر وایە هەرکەسێک ببێتە ئەندام دەبێ نووسراو لەدەزگاکەی خۆی بێنێ، زۆر کەسیش هەن بەساختە ئەو نووسراوان دەهێنن. باش بەبیرمە ئەوسا کاک ئاسۆ حەسەنی سەرنووسەری گۆڤاری (**هەرێم**)ی لەلایەک و ڕۆژنامەی (**برایەتی**)ش لەلایەک ئامادەبوون پاڵپشتیم بکەن، بەڵام وەکو بەبیرمە من قبووڵم

نەکرد، نووسراوی پاڵپشتی لەهیچ دەزگایەک وەربگرم کە کاری تێدا نەکەم، بەکورتی دواتر کاک تاریق جامباز پێشنیازی کردبوو بمکەنە (**سکرتێری نووسین**)ی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی و یەکسەر بکرێمە ئەندامی سەندیکا، پێموایە لەوساوە ئەوا دەبێ بە (٦) ساڵ بەبێ مووچە کارم کردووەو بەردەوامیشم، مەگەر لەگەڵ دەرچوونی گۆڤارەکەمان پاداشتێکیان دابوومێ، ئەویش کەم جاران بەشی ئەو بەنزینەی نەکردووە کە هەفتانە دەیکرم. دوای ئەوەندە ساڵەش هیچ شانازی بەگۆڤارەکەمان ناکەم ئەگەر خزمەتێکی بچووکی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی نەکردبێ، کەواتە هەقمە پێموابێ لەوەشیاندا بەهەڵەچووی ئەگەر هەوڵم دابێ (**دەزگای ئاراس**) و (**بنکەی ژین**) بگەینمە یەک تا پرۆژەی هاوبەش پێشکەش بە خوێنەران بکەن. بەختی منیش، چ لەکاتی هەبوونی و چ لەکاتی نەبوونی، هیچ عەیبێکی نەبووە وەکو دەڵێی تا گلەیی لێبکەم، ئەوەندەی تەمەنیشم هەڵدەکشێ، سوپاس بۆ خوا هیچ نەخۆشییەکم نییە، پێم وایە ئەوەش بەهۆی ڕاستگۆیی لە کارەکانمەوە بووە خوا ئەو نیعمەتەی داومەتێ، جا بۆیە دەڵێم تۆش پیاوی باش بە، فێری ئەو قسەو قسەلۆکی پەنا دیوارو ئاوەهایی ستوونی ڕۆژنامەکان مەبە، ئەگەر دەزانی شتێکت لەباردایە لەخۆت رادەبینی، بەشایەدی هەموو خوێنەران، وەرە سەرنووسەریی گۆڤارەکەت بۆ بەجێ دێڵم، تا بزانی چ (**چەوری**)یەکی تێدایە، ئەگەر نا زویر مەبە ئەگەر قسەکانت بە هی پەنادیواران دابنێم، دیارە یەکێک ئەم جۆرە قسانە لەختو خۆڕایی فڕێ بدا، پێی بڵێن: شێتۆکە، گێلۆکە، ساویلکە. باشیش دەزانم جەنابتان هی ئەوە نین، ئەو قسانەتان پێ بگوترێ ئامۆژگارییەکە و لەڕاهی خوا کردوومە. ئەگەر نا دەڵێم کاکە گیان ئی تۆشمان بەلاچاوی..!

ئەو پیاوە گەورەی کە شوکر مستەفای ناوە، زۆر خزمەتی کوردی کرد، هەرکەسەش ئازادە چی لەبەر دەکاو چی دەخوا، دوای ئەوەی هاتبووە هەولێر، زۆر دەچووە چایخانەی مەچکۆ، تێکەڵ هەموو کۆڕو مەجلیسێک دەبوو، لەکۆڕەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد هەڵدەستا قسەی دەکرد، زۆر کەس تەنگەی دەگیرا، ڕۆژێکیان کراسێکی سەیری لەبەر کردبوو، شەیاڵێکی بەپانتۆڵەکەی خۆیەوە بەستابوو، چوو بوو لەقاوەخانەی مەچکۆ دانیشتبوو، وا دیار بوو یەکێک ئیزعاجی کردبوو، کە منی بینی بەپێش قاوەخانەکە تێپەڕیم، بانگی کردم و گوتی کاکە چی نائاسایی لەمن دەبینی؟ منیش کە سەیری گەل و گیپاڵیم کرد زۆر عەنتیکە دەهاتە پێش چاو، بەتایبەتی کە مۆدەی ئەم جۆرە بەرگانە نەمابوو، بەڵام گوتم: مامۆستا هیچ شتێکی نا ئاسایی نابینم وادیارە جەنابتان پشتئێشەتان هەیە، بەهەر حاڵ مەوزووعەکەم لەبیر بردنەوە، ئەو برادەرەش کە مامۆستای وەگیری هێنابوو، کە منی بینی ئاوەها مامۆستام ساردکردەوە، وادیاربوو لە هەندێک لەقسەکانی خۆی پەشیمان بۆوە. ڕۆژی دواتر بەدوا مامۆستادا چوومە کۆڕی زانیاری ئەوسا، لەوێ هەندێک پرسیاری لەبارەی باروزروفی کوردستان لێ کردم، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ نووسەران و ڕاگەیاندن و تەنانەت بەرپرسانی کوردستان بکا، دیارە بەپێی لێکدانەوەو بۆچوونی خۆم هەموو شتێکم تێگەیاند. وای لێهات زۆر لەم پیاوە نزیک بوومەوە، تەنانەت هاتوچۆی ماڵەوەیانم دەکرد. هەقیشم بەوەدا نییە ئەو تەمەنی گەیبووە حەفتا ساڵ، هەندێ هەڵس و کەوتی هەبوو و هەندێ قسەی دەکرد لای خەڵکی ڕەمەکی دەبووە مایەی پرسیار..؟ بەڵام دەمزانی کە پیاوێکی گەورەیە.

لەسەر ئەو بۆچوونەم با ئەم نهێنییەتان بۆ بگێڕمەوە، ئەو ڕۆژەی کۆبوونەوەی دامەزراندنی ئەو (یەکێتی وەشانکاران)ە بوو کە لەئەنجامی پەیوەندی ئەو دوو دەزگایە هاتبوو جەنابتان بەنائاسایی دەزانن، ئایا دەزانی کاک (بەدران ئەحمەد حەبیب)ی بەرپرسی دەزگای ئاراس لەبارەی ئەو شوکر مستەفایە نائاساییە چی گوت: جەماعەت قەت نەمدەزانی شوکر مستەفا ئاوەها بووە، ئەو ڕۆژە محەمەدی کوڕی مامۆستا مەسعود گێڕایەوە، کە بەدرێژایی نەخۆش بوونەکەی باوکی و هەتا کۆچی دوایی کردووە، هەموو هەفتان مامۆستا شوکر مستەفا دەهات باوکمی دەبردە (حەمام) و بەدەستی خۆی جوان جوان دەیشوشت؟؟. ئێستا وا کە ئەم چەند دێڕەت بۆ دەنووسمەوە، من لای خۆمەوە ئیرەیی بەگیانی مامۆستا شوکر دەبەم، هەقیشم بەوەدا نییە چەند کەس بزەیان بەعەقلی ئەو هاتووەو پێکەنینیشیان بەمن دێ، ئازیزەکەم منیش کە ئەوانەی خزمەتی کورد دەکەن، کاتێ لێقەومانێ لەنەخۆشخانە پاشەڵیانم شووشتووە، حەزیشم نەکردووە کەس بیزانێ, نازانم ئەو نهێنییانەو دوو دیدگەو دوو عەقڵ و نازانم دوو چی و چی دیکە چۆن لێکدەدەیەوە...!

هەواڵنامەی کتێب

## دیاریی ژمارە:

# هتاو کرد

◢ **کوردێکی یەکڕەنگ**

لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ بوو مامۆستا ڕەفیق، کە ئێستا سەرۆکی (**بنکەی ژین**)ە، داوەت کرابوو بۆ ڤیستیڤاڵێکی ڕۆشنبیری لەهەولێر، ئەوەبوو داوای لەمن کرد بۆ هەندێ پرسی ڕۆشنبیری، بیبەمە لای دکتۆر مارف و هەندێ کەسی دیکە، تا لەنزیکەوە بیانناسێ. ئەوەی ویستی بۆی جێبەجێ کرا، دواتر لەگەڵ دکتۆر مارف و لەسەر ئەوە پێکهاتن ژمارە(٥)ی ڕۆژنامەی (**ئازادی**) چلەکانی سەدەی ڕابردووە بۆ کۆپی بکات تا بیبات بۆ بەڕێز نەوشیروان مستەفا، ئەویش بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسی نهێنی کوردی سوودی لێ وەربگرێ، وەک هەموو جارێک بەدواداچوون و وەرگرتنەوەو فۆتۆی ڕۆژنامەکە، هەروەها بردنەوەیان و ناردنەوەیان بۆ ناوبراو لە سلێمانی خرایە ئەستۆی منەوە، ئەوە بوو دوو سێ ڕۆژ دواتر بەدوای کارەکەدا چوومەوە لای دکتۆر مارف، خوا هەڵناگرێ ئەو وەکو هەموو جارێک فۆتۆی ڕۆژنامەکەی ئامادە کردبوو، کاتێ ڕۆژنامەکەی دایە دەستم گووتی: نەچی فۆتۆی بکەی و بڵاوی بکەیەوە! ئەگەر دەتەوێ خۆم فۆتۆیەکیش بۆ تۆ ئامادە دەکەم، چونکە ئەو جۆرە شتانە زۆر گرفتی لێ پەیدا بووە، تەنانەت سەریان لەخوێنەرانیش شێواندووە، هەرکەسەو خۆی بەیەکەم کەسی بڵاوکەرەوەی دەزانێ..!!

بەڕاستی، لەبەر ئەوەی من دەمێکە بڕوام بەم بۆچوونەی د.مارف هەیەو بەدڵ و بەگیانیش گوێم پێی داوە، بەتایبەتی خۆیشم بەدرێژایی ژیانم هەستم کردووە کە دەزانم کۆمەڵی ئێمە چەندە لەسەر حازەرەکییە..! لەهەمان کاتیشدا مەراقیەتی لەژیاندا بەدەستپێشخەر ناوی بێ. لەساڵی ٢٠٠١ و لەیادەوەری سەدو سێ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی بوو کە لەسلێمانی ژمارە ڕاستەقینەکانی (**ڕۆژی کورد**) و (**هەتاوی کورد**)م بۆ بەشدارانی ڤیستیڤاڵ ئاشکرا کرد، هەروەها بۆ دوا جار پرسی خاوەنی ڕاستەقینەی (**ڕۆژی کورد**) ەکەم بەیەکجاری و بەبەڵگەی سەلمێنەر یەکلایی کردەوە، کە ئەو زاتە عەبدولکەریمی حاجی عەبدوڵڵای کەرکوکی زادەبووە نەوەک (**کەریم ڕۆستەم**)ی ئەفسەری عوسمانی و

باوکی(**شێرزادی کەریم ڕۆستەم**). تەنانەت بەبیرمە دواتر هەر ئەو ڕۆژە لەدەرەوەی ڤیستیڤاڵ چیرۆکی دۆزینەوەی هەردوو گۆڤارەکەم بەدرێژی بۆ مامۆستا ڕەفیق گێڕایەوە، ئەوە بوو دواتر فۆتۆی ژمارەکانی (**ڕۆژی کورد**) و (**هەتاوی کورد**) و (**بانگی کورد**) دزەیان پێکرایە سەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی کوردستان، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکیش بۆ خاوەنی ئەسڵی بڵاوکراوەکان بکرێ. ئەویان لەسەری نووسی و بۆ (**یەکەم جار**)ێکی خستە پاڵ نووسینەکەی خۆی، ئەوی دیکەشیان بناغەی نامەی ماستەرێکی لەسەر داڕشت. هەشبوو وێنەکانی دەخستە ناو ئەلبووم، بەبێ ئەوەی هیچیان لێ بزانێ یان ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی بکات.

ئەوەبوو لەساڵی (٢٠٠٥)دا (بنکەی ژین) هەرچوار ژمارەکەی (ڕۆژی کورد)ی لەگەڵ دەقی وەرگێڕدراوی هەرچوار ژمارەی گۆڤارەکەو پێشەکییەکی دکتۆر (**ئیسماعیل شوکر**) ی خاوەنی ئەسڵی گۆڤارەکەو بەدواداچوونێکی منی بڵاو کردەوە.

سەرباری ئەو گلەییانەی من، کە هەموو جار لەشێوەی چاپ و کەم و کوڕییەکانی کتێبەکەو کەمو کوڕی ناوەڕۆکەکەی و بەدواداچوونەکەی خۆمی دەکەم. هێشتا د.نەجاتی عەبدوڵڵای دانیشتووی پاریس، هەموو جار کە بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ یەکدی دەکەین دەستخۆشیم لێ دەکات و دەڵێ: هەقە لەسەر ئەو کارە (**دوکتۆرایەکی فەخری**)ت بدرێتێ.

بەهەر حاڵ پێم وانییە لەم بوارەدا هەرچی بکەینە بگاتە کەمێکی، میللەتانی دیکە کە ڕۆشنبیرانی خۆیان بۆ ماندوو دەکەن، منیش لەگەڵ ئەوەدا نیم گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە تەنیا بۆ فۆتۆ کردن و وێنە گرتنەوە چاپ بکرێنەوە، بەڵکو دەبێ ئەو دەقانەی بەزمانی تورکی نووسراونەتەوە بکرێنە کوردی، هەروەها دەقە کوردییەکانیش ڕێنووسیان نوێ بکرێتەوەو ساغ بکرێنەوە، منیش (**ڕۆژی کورد**)ەکەم وا لێ کردووە،

بەتەما بووم (**هەتاوی کورد**)ەکەش بەهەمان شێوەی (**ڕۆژی کورد**)ەکە چاپ بکەمەوە، بەداخەوە دووجار ئەو ژمارانەی کارم لەسەر کردبوون، هەر دەڵێی بەمەبەست لەسەر کۆمپیوتەر ڕەشیان کردبۆوە، بۆ ئەم پرسە خۆ بێدەنگ کردنم بەباشتر زانی. بۆ ئەمساڵ و ١١٠ ساڵەی ڕۆژنامەنووسی لە(**بنکەی ژین**) بڕیارمان دابوو چەند کتێبێک بەم بۆنەیەوە بڵاوبکەینەوە، یەکێک لەو کتێبانە ئەو(**هەتاوی کورد**)ە بوو. هەر لەم ماددەیەدا کتێبی (**چڤاتی هێڤی تەلەبەی کورد**)ی مالمیسانژ، کە (**زریان ڕۆژهەڵاتی**) لەتورکییەوەکردبوویە کوردی، بەمن سپێردرا کە پێیدا بچمەوە. بۆیە جارێکی دیکە ناچار بووین پڕۆژەکە کەمێک دوا بخەین، بەتایبەتی دوای ئەوەی خاتوو (**بەهار**)ی کچی خوالێخۆشبوو (**ڕەشید باجەلان**) ژمارەیەکی دیکەی (**هەتاوی کورد**) ەکەی خستینە بەردەست. ئەوە بوو هەر لەم ڕۆژانەدا کاک (**ئازادی گیوی موکریانی**)یش چەند ژمارەیەکی (**ڕۆژنامەنووس**)ی بینیبوو یەکسەر تێگەیشتبوو کە بە چ نەفەسێک کار دەکەین. ئەوە بوو کە دواتر چاوی بەئێمە کەوتەوە گەلێک دەستخۆشی لێکردین و تکای کرد کە واز لەم کارە نەهێنین، دواتر هەر کاک (**ئازاد**) کاتێ چەند ژمارەیەکی (**هەتاوی کورد**) ەکەی لای ئێمەی بینین سۆزی دا ژمارەکانی دیکەمان بۆ بێنێ گوایە لەکتێبخانەکەی ئەوان هەن، دیارە من دڵنیام ئەو برا بەڕێزەمان ئەگەر بپڕژێتە سەر چاوگیانەوە بەکتێبخانەکەیان و هەر ژمارەیەکی دیکەی گۆڤارەکەش لای ئەوان هەبێت لەیاریمەتی دانمان، بەتایبەتی بۆمن، دریغی ناکات.

بەڵام وا لێرەدا بۆ بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانی هەرکەسێکی دیکە کە ئەو گۆڤارەی لابێت، وا هەر (٧) ژمارە دۆزراوەکەی (**هەتاوی کورد**)ی بەڕەنگی خۆی وەکو (**دیاری ژمارە**) بۆ بڵاو دەکەینەوە، ئومێدەوارم ئەوانەی کاریان لەسەر کردووە وێنەکانیان بەڕەنگی خۆی دەرهێنابێ.

لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەموو لایەک



صاحب امتیاز
ومدیر مسئول :
بابانه عبدالعزیز
آثار نه نوسری نادریتو
عدد : ١

# هتاوکرد

تاریخ تأسیسی :
غرهٔ ذی القعده
١٣٣١
درج اولنمیان آثار اعاده اولنمز
ژمار : ١

٢٣ ذی القعده سنه ١٣٣١ شیمدیلك آیده بر نشر اولونور ١١ تشرین اول سنه ١٣٢٩

بابان امراسندن عبدالرحمن پاشا



صاحب امتياز
ومدير مسئول :
باباده عبدالعزيز
آثار نەنوسرى نادريتوه
عدد : ٢

هتاو كرد

تاريخ تأسيسى :
غرۀ ذى القعده
١٣٣١
درج اولنميان آثار اعاده اولنمز
ژمار : ٢

٤ محرم الحرام سنه ١٣٣٢ شهريلك آيده بر نشر اولونور ٢١ تشرين ثانى سنه ١٣٢٩



شامده مليتنى محافظه ايدن كردلردن بر عائله

استانبول
رسملى كتاب مطبعه‌سى
١٣٢٩

صاحب امتياز
ومدير مسئول :
بابانه عبدالعزيز

آثار نەنوسرى نادريتوه
عدد : ٣

# هتاوكرد

تاريخ تأسيسى :
غرهٔ ذى القعده
١٣٣١

درج اولنميان آثار اعاده اولنمز
ژمار : ٣

١٣ صفرالخير سنه ١٣٣٢    شيمديلك آيده بر نشر اولونور    ٢٩ كانون اول سنه ١٣٢٩



مرحوم بابان زاده اسماعيل حقى بك



صاحب امتیاز
ومدیر مسئول :
بابانه عبدالعزیز

آثار نەنوسری نادریتوه
عدد : ٤

# هتاوکرد

تاریخ تأسیسی :
غرهٔ ذی‌القعده
١٣٣١

درج اولنمیان آثار اعاده اولنمز
ژمار : ٤

٥ جمادی‌الاول ١٣٣٢ | شیمدیلك آیده بر نشر اولنور | ١٩ مارت ١٣٣٠

قره‌حصار شرقی متصرفی مرحوم بابان‌زاده عاصم بك



صاحب امتیاز
و مدیر مسئول :
بابانه عبدالعزیز

# هتاو کرد

تاریخ تأسیسی :
غرهٔ ذی‌القعده
١٣٣١

آتاو نه‌نوسری نادرێتوه

درج اولنمیان آثار اعاده اولنمز

عدد : ٥ — ٤

ژمار : ٥ — ٤

٢٧ جمادی‌الاخر ١٣٣٢ شیمدیلك اون بش گونده برنشر اولنور ١٠ مایس ١٣٣٠

| تیا نوسراو | مندرجات |
| --- | --- |
| بیانا ، جواتا هه‌وی ، فقهٔ کردان | کرد طلبه هه‌وی جمعیتی بیاننامه‌سی |
| بیاننامه‌ی جمعیتی طلبه‌ی هه‌وی کرد | کرد طلبه هه‌وی جمعیتی لوزان شعبه‌سی |
| اعلانات و سائره | کردلرده صحت |
| | کردلك ایچون |

نسخه‌سی ٤٠ پاره‌در

نجم استقبال مطبعه‌سی



# هتاو کرد

آبونه بدلی :
سنه‌لکی پوسته اجرتیله
برابر ۳۰، آلتی آیلغی
۱۷ غروشدر .

سالی تنی حق پوستی ۳۰
شش مه ۱۷ غروشه

عدد : ۱۰ — صاحب امتیاز ومدیر مسئول: بابانه عبدالعزیز — ژمار : ۱۰

۹ شعبان ۱۳۳۲ — شیمدیلك اون بش گونده برنشر اولنور — ۲۰ حزیران ۱۳۳۰

تلو مشایخ عظامندن و کرد مبعوثین کرامندن شیخ محمد نصرالدین افندی حضرتلری

ژی شیخان کران تلو وژی مبعوثان کردان حضرت شیخ محمد نصرالدین افندی

هه‌واڵنامه‌ی کتێب




وێنەی نەجمەدین بوکایا، ناسراو بە (نەجۆ)، ئەو پێشمەرگە عەگیدەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی خوولی سێیەمی لە تورکیاوە گەیاندییە سوریاو دایە خەمخۆرێکی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بووە مایەی لەناونەچوونی.



# کوردستان

## یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی

دەورەی سێیەم

١٩١٧- ١٩١٨

کۆکردنەوەو پێشەکی

دوکتۆر کەمال فوئاد

Necmettin Büyükkaya (Neco)
1943-1984

سلێمانی ١٩٩٨

هەواڵنامەی کتێب

# ئۆریژناڵەکانی ڕۆژنامەی کوردستان

## خوولی سێیەم

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**

وەرگێڕانی دەقە تورکییەکان:
سەید محیەددین بەرزنجی(نەژاد)

دڵنیام محەمەد ئەمین زەکی بەگ و عەبدولجەبار جەباری و جەمال خەزنەدار، هیچ کامیان ئاماژەیەکیان بۆ ئەم ڕۆژنامەیە نەکردووە، ئەگەرنا هەر چۆنێک بووایە لەو(بابەتەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی) یەی لەگەڵ ڕەفیق ساڵح ئامادەمان کردبوو، کە بەشی (یەکەم)مان لەژمارە (١١ - ١٢) گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی بڵاوکردۆتەوە، لە (تێبینی)یەکدا ئاماژەیەکم بۆی دەکرد. تەنیا عەلائەددین سەجادی نەبێت کە باسی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) دەکا ئاماژەیەکی زۆر خێرای بۆی کردووە، ئەوەتا لە (ل ٦١٠)ی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا دەڵێ: (ئینجا سورەیا بەگ) هێنایەوە قاهیرە و هیچی تر، لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بوو، بۆ یەکەمین جار دکتۆر کەمال فوئاد زانیاری ڕاست و دروستی لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوکردەوەو وەکو خوولی سێیەم پەسنی کردبوو، ئەوەبوو وەکو خۆی نووسیویە: (کاتێ لەگۆڤاری چریکەی کوردستان، ژ ـ ٣، تشرینی دووەم ١٩٨٠، ل ٥٧ ـ ٦٨) کە لەلەندەن بەسەرپەرشتی مامۆستای بەڕێز (برایم ئەحمەد) دەردەچوو. لەژێر ناونیشانی (ڕۆژنامەی کوردستان دەورەی سێیەم ١٩٨٠،١٩٧١) شتێکم لەسەر نووسی) وا پێدەچێ هەر ئەم وتارە بووبێ بەهەمان ناوونیشان لەژمارە(٣)ی شوباتی ١٩٨٢ی (نووسەری‌کوردستان)ی یەکێتی‌نووسەرانی کوردستان لەشاخ بڵاو کراوەتەوە. ئەوە بوو لەساڵی ١٩٩٨و بەبۆنەی یادی (١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دکتۆر کەمال هەر(١١) ژمارەکەی ئەم ڕۆژنامەیەی لەسلێمانی بڵاو کردەوە.دیارە خوێنەران لەبیریانە باروزروفی نێوخۆی ئەوسای میللەتی ئێمە چۆن بووە. ئەوەتا باباەکی وەکو منیش کە دڵنیام هەمووتان دەزانن چەند عەودالی ئەو جۆرە سەرچاوانەم، کاتی خۆی ئەم کتێبەم چنگ نەکەوتووە، نزیکەی (٨)مانگ دوای بڵاوکردنەوەی ئینجا مامۆستا(ڕەفیق ساڵح) دانەیەکی بۆ پەیدا کردووم و لە ١٩٩٨/١٢/٧ پێشکەشی کردووم. ماوەیەک بوو دەمویست، لەتەک خوولی یەکەمی ڕۆژنامەکە، هەموو ژمارەکانی ئەم خوولەش بێنینە سەر ڕێنووسی نوێ و هەموو بابەتە تورکییەکانیش بکەینە کوردی، بەداخەوە ماوەیەکی زۆری پێچوو تاوەکو وێرام لە خۆم رابینی خۆم لەم کارە بدەم، ئەویش لەبەر ئەوەبوو، چ لەڕێنووس و چ لەبەرگۆی زمانەکەی زۆر لەخوولی یەکەم جیاواز بوو، بەنموونە: لەڕۆژنامەکە وشەی (کر) بە(کیر) نووسراوە، یان(تنێ) بە(تینێ)

نووسراوە. هەروەها (بخە پتیت) بە(بیخە پتیت) و (ئاڤیتن) بە(ئاڤیتین) نووسراوە... هتد. دیارە وشەی پێشووتر دەبوایە ئەو کەلێنە لە نێوان هەردوو بڕگەکەی نەبێ و بنووسرێ (بیخە پتیت) لەم جۆرە کەلێنانە لە ڕۆژنامەکە زۆرن، جا خوێنەری نوێ وەرە سەرەدەریان لێ دەربکە، لەکاتی نوێ کردنەوەی ڕێنووسەکە ئەو هەموو گۆڕانکارییانەم وەبەرچاو گرتبوو، دواتر لەکاتی تایپکردن بەپێویستم زانی هەندێکیان وەکو خۆی دانێمەوە، دواجار دیسان هەستم کرد هەڵەم، وام بەچاک زانی برادەرێکی بادینان بەدەقەکاندا بچێتەوە، بیرم بۆ هاوکاری بەڕێزی (ڕۆژنامەنووس) و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەمان کاک (موسەدەق توفی) چوو، ئەویش بەخۆشحالییەوە، زۆر بەدڵسۆزییەوە دوا هەڵەبژێری بابەتەکەی کرد، هەردوو لامان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین دەبێ ئەو (ی) زیادانەی ڕێنووسەکە لاببرێ. دیارە کاتی خۆی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە ئەو (ی) یانەیان لەجیاتی ئەو(!) یانە داناوە کە لەڕێنووسی لاتینی دەردەکەون، بەنموونە(کردن) لەلاتینی بە (kirdin) دەنووسرێ، دیارە بەپێی ڕێنووسەکەی ئەوسای ئەو خوولەی (کوردستان) بێت دەبێ بنووسرێ (کیردین).

لێرەدا نامەوێ هیچ پێناسەیەک بۆ ڕۆژنامەکە بنووسم، بۆ ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان تەنیا(٥) ژمارەمان بەڕێنووسی نوێ بڵاوکردۆتەوە، ئومێدەوارم د.کەمال فوئاد بەزووترین کات و لەگەڵ یادی (١١٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەتەندروستییەکی خۆش بێتەوە ناومان، ئەوسا بڕیاری لەسەر دەدەین لەسەر ئەو پرۆژەیەمان بەردەوام بین، یان لەدوو توێی کتێبێکدا هەموو ژمارەکان بەیەکجار بخەینە بەردەست خوێنەرو توێژەرانمان. دیارە ئەو مامۆستا بەڕێزە لەهەمووان زیاتر پێشتر لەسەر بەردەوام بوون لەسەر ئەم پرۆژەیە هانی داوم.

**ڕۆژی دەرچوونی ژمارەکانی کوردستان**
**بەپێی ڕۆژژمێری کۆچی و زایینی**

| ژمارە | مێژووی کۆچی | مێژووی زایینی |
|---|---|---|
| ١ | ١٥ی زیلقەعدە ١٣٣٥ | ١٢ی ئەیلوولی ١٩١٧ |
| ٢ | ٣٠ی زیلقەعدە ١٣٣٥ | ٢٧ی ئەیلوولی ١٩١٧ |
| ٣ | ١٥ی زیلحیجە ١٣٣٥ | ١٢ی تەشرینی یەکەم ١٩١٧ |
| ٤ | ٣٠ی زیلحیجە ١٣٣٥ | ٢٧ی تەشرینی یەکەم ١٩١٧ |
| ٥ | ١٥ی موحەڕەم ١٣٣٦ | ١١ی تەشرینی دووەم ١٩١٧ |

**تێبینی:**

**د.کەمال فوئاد، کاتی خۆی لەکتێبەکەیدا ١٢ی ئەیلوولی ١٩١٧ی بەرانبەر بە ١٥ی زیلقەعدەی ١٣٣٥ کردووە، بۆ ژمارەکانی دیکەش ئێمە ١٥ ڕۆژمان خستۆتە پاڵ مێژووی هەر ژمارەیەک و مێژووی زایینی دەرچوونی ژمارەکانی دیکەمان دیارکردووە، مەرج نییە ئەنجامەکە زۆر ورد دەرچووبێ.**

کتێبخانەی هەولێر

هەژمار ١
جەهێ نڤیساندنێ
مصر القاهرە عولبەک پوستەیی ٥٨٠
جەریدەکی ١ قەمەرییە
سالیا ڤی ١٥٠ شەش هەیڤیا ڤی
٨٠ قەمەرییە

# کردستان

ژمارە ١
شوێنی بەڕێوەبەرایەتی
مصر القاهرە سندوقی پۆستە ٥٨٠
دانەی ١ قروش
ئابۆنەی سالانە ١٥٠ شەش مانگ
٨٠ غروش

پازدە رۆژا جارەکێ دەردکەڤیت قەنجیا کرمانجارە دخەپتیت
جەریدەیێ کرمانجایە
هەر پازدە رۆژ جارێک بۆ سوودی کوردان بڵاودەکرێتەوە رۆژنامەیەکی کوردییە
١٥ی زیلقەعدە ١٣٣٥

## ئالییێ کرمانجی

چاڤە دبورە

### ئێمە دوخینین

کەنگی سوڵتان سەلیم عەولی ناڤێ خەلافەتێ ژ سەلتەنەت خورا یەک کر میرا کرمانجا ژ حەژێکرنێ خودێ و رەسولێ ڤێ و ژمێرانی وان چوون خەلیفەیێ موسلمانا را بەیعەت کـرن، ڤـی بـەیـعـەتی شەرت کرن کو میرا کرمانجا دیسا ژ وەلاتێ خوە را میری بکن، بەس کەنگی شەری ببت هەر میرێ خەلقێ خوە ببت ژ ئاریێ خەلیفەیێ بچیت شـەری، ڤی سالی ژ خەلیفەیی رە هورەکی بـدەت، ئەمـا حـەمـی سولتانا ترکا نە تەنێ وەلاتێ کرمانجا رە قەت قەنجی نەکرن، وەلاتێ ترکا یەعنی وەلاتێن خوە ژی و وەلاتـێ مـەژی خراکرن، ژ زەمانێ میرا کرمانجا وەلاتێ کرمانجا دە حـەمـی تشتێن قەنج هـەبـوون، هێدی هێدی حەمی خرابوون ترکا دو سەدساڵ نزانی بوون ژ ئەدرنەیێ حەیا ئەستانبولێ رێکی چێکن چاڤە ریـاو تشتا قەنج بزانن ژ وەلاتـێ مـە چێکن، بەری دو سـەد سـالا وەلاتـێ مـە ژ نەراستییێ خراتر بوو، پادشاها عوسمانا دیتن بقەنجی نزانن وەلاتـی بگرن، مابەینا مەدە توخما فەسادی ئاڤێتن، هێدی هێدی حەمی وەلات ڤەگی جیهێ شەری هات. میرا کرمانجا، کو حکومەتا عوسمانا بزۆر ئانیبێ ئەستانبۆلێ ڤی حالی دیتن.

دیتین ژی حکومەتا عوسمانا هەر رۆژ دبێژیت کو قەنجیا وەلاتـێرە بخەپتیت ئـەو هەر رۆژێ درەڤـا دکت تشتەکی قەنج چێناکت گۆتین کو مادام حکومەتێ عوسمانا خوە خرا دیکت چـرە ئـەم ژی وە رە خراببین و ژ ساڵی ١٣١٣ژ قەنجیا وەلاتـا کـرمـانـجـا رە خەبتینێرا شوغل کـرن. حەیا قەنجیا کرمانجا رە بخەپتیت، رییێن راسـت و قـەنـج مەرە بێژیت سـالـی ١٣١٤ کورێ میرێ مە، مەقامێ ڤی جەنەت بیت، مەدحەت بەگ کورێ میر بەدرخان ژ مالێ بۆتانا چوو میسرێ، قاهیرەیێ جەریدەیی کوردستان دەرێخست، پاشی سالەکی مەدحەت بەگ نەخۆش کەت برای ڤی عەبدولرەحمان بـەگ چـو ئەسویچرەیێ، ژونەڤێ جەریدەیی کوردستان دەرێـخـسـت کـەنگی سولتان حەمید حەمی مالا میر بەدرخان حـەپـس کـر، کـەسا نـەمـا ڤی جـەریـدەیێ دەرێـخـە، کەنگی مەشروتیەتی چێبوو، حەمی مـالی بـەدرخـان دەرکـەت ژ حەپسێ. دیسا ژ قەنجیا وەلاتی کرمانجا را دخەپتینی دەست ئاێتن، نەڤی یا میر بەدرخان سورەیا بـەگ ژ ئەستانبۆلی کوردستان دەرێخست، پاشی رۆژی ٣١ مارتی سالی ٣٢٥ کەنگی مەحمود شەوکەت پاشا ب لەشکرێ خوە ئەستانبوولی گـرت جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی ژ رویی خوە ماسکەیێ ئاڤێت، گەلەک ژ مرۆڤێن قەنج وەلاتی رێکر حەپسی و نەفی، سورەیا بەگی ژی ئیرتیجاعی رە ئیتیهامکیر و ئاڤێت حەپسێ ناڤێ ڤی (بەکر ئاغا بلوکی) جەریدەی کوردستان ژی دادا، ژڤێ رۆژێ کرمانجا گەلەک خـراپـی دیـتـن ژ جەمعیەتی ئیتیحاد و تـەرەقـی یا دیسا قەبول نەکرن تشتەکی خراپ چێکن ژ دەولەتا عوسمانا رە گوتن حەمی خەلقێ وەلاتێ عوسمانا بدەست هەڤ بگرن و خراپیا جەمعیەتێ مەنع بکن.

شــەرێ ئیتالیا، پاشــێ ڤی شەرێ بالقانێ چێبوو، پاشی چەند مەه ژێ شەرێ مەزنێ ئەم تێدە دەرکەت و حەمی ئومێدا مە کی ئەم وەلاتێ خوە دە حکومەتەکی راست و قەنج چێ بکین چوو.

ژ عـەوەل رۆژێ شـەرێ دە مە گوت کو نهۆ نەدەمە ئەم ژ دەولەتا خوە دە تشتەکی بخوازن، مادام ئەڤ نەیارا رە شەرێ دەیە، مە دەنگێ خوە نە دەرێخست ئیرۆ ئەم دبینین کو شەرێ نیزیک دبیت خەلاس ببە. ئەم قەنج زانن کو هەکە کەسەکی دڤێت حەققێ خوە بستینیت لازمە خوە خۆیا بکت، خۆیا بکت کو ڤی حەقی رە لایقە، بەرڤێ ئیرۆ مە دەنگێ خوە دەرتێخن.

حەمی دەولەتا دبێژن سەبەبا شەرێ کرنا مە ئەڤە کو ئەم دخازین حەمی خەلقێ، کچک مەزن حەقێ خوە بستینی، خوە تینێ ئیدارە بکن، هەکە ئەم ژ نهۆ ڤە دەنگێ خوە دەرنەخن، نەبێژین حەقێ مەژێ هەیە پاشێ وی رۆژێدە کو حەقێ خەلقێ بدن ژ مەرە تشتەکی نادن.

بەرڤێ یە کو ئەم ئیرۆ جەریدەیێ کوردستان دەرتێخن، دا ژ ریێن کورێن میرا مە میر بەدرخان ڤەکرین ئەم ب ستاندنا حەقاو سەر ئازادیا کرمانجارە بخەبتین.

باڨا ریکرنی مە ژ ئاریکرنا کرمانجا ڤی شوغلی مەزنێ رە قوەتا مەیە.

**ئەڤێ جەریدەیێ کردستانی دنڤیسین**

### عەدەم مەرکەزیەتێ و موختاریەتێ ئیدارەیی

کەنگی مەشروتیەتێ چێبوو حەمی خەلقێ سەحکرن کو ئیدی رۆژێن رەش ناحەقی خەلاس بو، وەلاتێدە رۆژێ راستیێ هات.

گەلەک ژ خەلقێن عاقل گوتن کو قەنجیا وەلاتیرە لازمە ئەم حەمی تشتێن کەڤن بهێلین، دەولەتێ تەقلیدەک نودە تەئسیس بکین، زیدەترین ڤی خەلقی گوتن کو قەنجیا وەلاتیرە لازمە ئەم بهێلین ئەڤ مەرکەزیەتێ کو سەبەبا حەمی خرابییە.

وەلاتێ مە رە ئەم عەدەم مەرکەزیەتێ قەبول بکین، خەلقێن دی گوتن ژ قەنجیا وەلاتێرە عەدەم مەرکەزیەتێ ژی تەبەسە موختاریەت ئیدارەیی لازمە.

ڤی ئاڤانیدە شەرێ ٣١ مارتێ چێبوو، جەمعیەتێ ژڤی فرسەتێ دەست ئاڤێت حەمی شوغلێ دەولەتێرە، خەلقێ عاقل و راست ریکر حەپسێ، نەڤێ، مرنێ، حەمی بەحسا قەنجیا وەلاتێ دادا.

جەمعیەتێ گۆت کو ئیدی کەسەکی نەکارت خرابیا، ڤی دە دەڤێ خوە ڤەکەت، دەسپێکێر حەمی خەلقێ وەلاتێ ب زۆر ترک بکت، حەیا بکاربت ڤی چکت حەمی خەلقێ رە ناحەقی رە ژێ دەسپێکر.

شەرێ کوردستانێ، حورانێ، ئارناڤوداو شەرێن دن مابەینا وەلاتیا حەمی ژ ڤی ناراستی بێ دەرکەتین، سەبەب بوون مە شەرێ بالقانێ ناڤ فهێتیدەمان و ڤندا کرین، دا ئەم سخبکن قەنج جەمعیەتێ ئیتیحاد و تەرەقی وەلاتێ مە رە چی خراپی دکن بەر خاستنێ جیێ خەلقێ رە ب زۆر ترک بکن، بەسە ئەم فکرین حالێ دەولەتا ئینکلیزی، ئالمانی، ئامریقایی، ئۆستریایی ژ یەک ئالی، ئالیێن دی رە ژ حالی دەولەتا موسقوڤێ، چینی، فرانسزێ، ئیتالیایی، چار دەولەتا عەولی وەلاتێن خوە بعەدەم مەرکەزیەتێ، موختاریەتێ ئیدارەیین دزڤرن. ئیدی مەرکەزیەتێ و موتلەقیەتێ رە شوغلێ وەلاتێن خوە چێدکن ڤی قیاسی بەسە مەرەدا ئەم سەحبکن کو مەرکەزیەتێ نەقەنجە نە تەنیێ ژ دەولەتێرە ڤە کێمە ناسیڤی تێکلهەڤە، بلی ژ وەلاتیرە کو خەلقی ڤی یەکە هەکە ئەم مەزلەکێدە کرمانجەکی، ترکەکی، عەرەبەکی، رۆمیەکی بکن و جارەکی حالێ ڤان رە فکرین ئەم سەخ بکن کو وەلاتێ رە مەرکەزیت ئیدارەیی نە قەنجە، مابەینێ ڤی خەلقێ زدییەتێ هەڤقە مەزنە کی ئەم دمینین عەجیبیدە چاڤا مەزنا دەولەتا ڤێ نابینن کەنگی دەولەتا عوسمانا نو چێبوو دەولەتەکێ مەزن بوو. سەبەبا ڤی ژێ ئەڤ بوو کو ئوسول زعامەت و تیماریرە شوغلی وەلاتی دزڤرنت بوو.

ژ رۆژێ کو ئوسولا مەرکەزیەتێ قەبول کر وەلات تێکلهەڤ هات.

هەڤقا خرابی هات وەلاتیدە ژ رۆژێ چێبوونا مەشروتیەتێ حەیا ئیرۆ حەمی بەر فکرێ جەمعیەتێ هات.

ئەڤ فکر ژێ ئەوە کو حەمی خەلقێ ب زۆر ترک بکن.

جەمعیەتێ ڤی خرابی ناڤێت ببینیت، دیسا دخەپتیت مە ترک بکت، بەری ئەم خەبەر بدین ژ عەدەم مەرکەزیەتی و موختاریەت ئیدارەیی کێژان مە رە لازمە، ئەم بێژین عەدەم مەرکەزیت چییە، موختاریەت ئیدارەیی چەشکلە.

-پاشیڤی هەیە-



---

**ژ شەڕی چە دقەومە**

ژ ٩ی نیسانی دوەلا ئیئتیلافێ دەسپێکرن سەر نەیاری ڤان لیبیدن، ئیتالیایێ ژ ئالیێ قارزۆیی، ئینگلیز و فەرانسەیێ ژ ئالیێ ڤان تەجاوز کرن.

ژ ٩ی نیسانێ حەیا ٢٢ی ئاغستوسی ژ حەمی شەڕی چێکرین ب نەیاری ڤان ئینگلیزا (٤٦١٥٥) فرانسزا (٤٣٢٢١) ئیتالیانا (٤٠٦٨١) روسیا (٣٧٢٢١) رۆمانیایی (٥٢٩٥)ئەسیرا برین کو حەمی (١٧٣٠٨٣) ئەسیر چێدکە. دوەلا ئیتیفاقا ژی ئەسیرا بەرین ڤان هەیڤا ئەمانە هەڤقە گەلەکە.

عەول هەیڤەکێ ژ ئالییێ فلاندری شەرەکی دەسپێکری بوون حەیا ئیرۆ دەولەتا ئیئتیلافی رە قەنج دژڤریت.

تۆپچیا ئینگلیزی ژ ئالییێ فلاندرێ خوە خویاکر کو ژ تۆپچیا ئالمانی قەنجترە ژ ئالیێ موزی عەسکەرا ئالمانی بەرسیا تۆپچیاو میترالیوز پیادەیێ خوە هجوما چێکر و حەمی هجوما ئیئتیلافێ ئاڤێت. هەردو تەرەفا ژی ڤان شەریدە گەلەک مرن و بریندار بوون.

ژ ئالیێ فلاندری چەند رۆژا گەلەک باران هات و شەری هێدی بو بوو، ڤان رۆژادا دەنگی تۆپا دەسپێکرن ژ ئینگلتەرەیی بهیسین.

ژ ئالیێ فلاندر و ئارتڤایێ حەمی هجوما زفربیوون سەر چیایی (٧٠) نومرویێ. رویتەر دبێژە کی هەکە ڤی چیایی ببن گوندێ ولاندرێ ژی بکەڤە دەست ئیئتیلافی. فرانسزا ئالیێ دیکسمودی پیچکوکێ چوون شەری، ئالیێ ڤردونیژی تۆپچیا ڤان گەلەک قەنج دوشوغلە.

جەریدەیا ئالمان دبێژن کو فون هندنبورغی ڤان شەرادە ئیئتیلافی تێکلهەڤ بکت ژ ئالیێ (لافو) و (ئەرتەبیر)ی چیێ (٣٠٤) فرانسز بگرن ژ ئالیێ (لانز)ی ئینگلیزا هجوما قەنج دەسپێکرین و ڤان رۆژادە پیچکۆک چە ژ ئالیێ (بوواهوغو) گرتن.

فیلدمارشال هوغ دنڤیسە کو ژ ئالیێ (ئوستاوەرون)یدە دەسپێکرن هجوما بکن سەر ئالمانی و بەرین پیچکوکێ چی ژ ئالیێ (هاری قور) ڤە کو نیڤ میل ژ ئالیێ (ئەپیروسی رمەنەن) دیسا ئینگلیزی دنڤیسن کو ژ ئالیێ (سەن ژۆلیەن)ی دەسپێکرن ریڤە چوونێ و خرابکرن سێ تەیارەیێ.

فرانسزا دبێژن کو ئالیا موزێ هجوما ئالمانی ئاشکینان و ژڤان ١١٠٠ ئەسیرا برن.

ژ ئالیێ ئیتالیایێ و روسیایێ و رۆمایێ شەرێن مەزن دبن ئیتالیانا گەلەک قەنج شەرێ دکین.

دخویە کی حەیا پازدە رۆژا باژارا ناڤیڤی تریستەیێ ژ ئوستریایی ببن.

ژ ئالیێ روسیاو رۆمانیایێ ئالمانا هجوما قەنج چی دکن، روسیاو رۆمانا ڤان هجوما رە دشکینن.

ژ ئالیێ ماکدۆنیایێ بولغارا باژارا مناستری شەوتاندن، ژ ڤی پێڤە تشتەکی موهم نینە.

---

**خەبەرکی دو**

دا قەومەکی خوە بیر نەکت، تشتێن قەنج باپیرێ خوە ناڤێژیت لازمە بزانیت حەیا رۆژی خوە چاڤە بورینە، چی کرینە، چاڤە بوون، قەومی کو ڤان تشتا نزانیت ڤەکە زارۆکە نزانیت باب و دیا ڤی کینە، ژ کێژان مالێ یە خوە ژ بیر دکت هێدی هێدی قەومیاتە خوە ڤندا دکت.

کرمانج حەیا ئیرۆ خوە بیر نەکرینە، خەلقێ عەشیرا ژ زارۆتی ئاژدیێن خوە ڤەکی چیرۆکی دبهیسین باپیرا ڤان چە بوون، ژ کو هاتین، چاڤە بورین، خەلقێ باژارا پیچکوک ژبیر کرن، ژ ترک و عەرەبارا پیچکوک گرتن.

حەیا ئیرۆ کەسەکی نەنڤیسییە کرمانج ژ کو هاتینە چە مرۆ و بوون، چاڤە بوورینە. ئەم قائیل نابین کو کرمانج ژوە کو حەمی خەلقی خوە نزانیین، ڤانرە ژی کتێب کو هۆلێ نەبیت ڤان رۆژا شەری ئەم نکارین حەمی جهیرە کاغەزا بنڤیسین، بەر ڤی ئەم نکارین نهۆ نڤیسین کتێب کە ڤە کو ئەم دوخازین بەس مەکتێب کو دیت ب عەزمانا عەجەمادە دبێژیت دەرحەڤا کرمانجا دە،، ژ کو هاتینە چاڤە بورینە.

ئەڤ کتێب نە هەڤقە قەنجە، حەمی تشتا راست و تەمام نابێژیت ئەما مە گوت نەهی قەنج ترە بەرڤی ئەم هەر

جەریدەیێ دە پیچکوکی ژ ڤێ کتێبێ نڤیسین. ئەڤ کتێب سالی ١٠٥٠ عەرەبی شەرەف خان کورێ شەمسەدین خان بەدلیسی مەقامێ ڤی جەنەت ببە ب دەستێ خوە نڤیسییە.
سالی ١٨٦٠ فەرەنکادە بباژارێ پیروغرادی ولادنییر ولیامینێون زرنۆڤ تەبع کرییە، بەرێ ئەم دەست باڤێژین کتێبێ ئەمێ ژ روحێ شەرەفخان رە لازمە فاتحەکێ رێکن بەر سەبەبا کو ڤی کتێبێ ژ خەلقی خوە رە نڤیسییە.
رحمة الله عليه رحمة واسعة

-پاشیڤی هەیە-

---

**بۆ خوێنەرانمان**

کاتێک سوڵتان سەلیمی یەکەم ناوی خەلافەتی لە سەڵتەنەتی خۆی نا، میرانی کورد لە خۆشەویستی خواو پێغەمبەری ئەو و جێنشینانیان، چوون خەلیفەی موسڵمانانیان بەیعەت کرد، لەو بەیعەتەدا شەرتیان کرد کە میرانی کورد دیسان لە وڵاتی خۆیاندا میریتی بکەن، بەڵام هەر کاتێک شەڕ ببێت هەر میرێک خەڵکی خۆی ببات و بۆ ئاریکاریی خەلیفە بچێتە شەڕ، هەر ساڵێکیش شتێک بدات بە خەلیفە، بەڵام هەموو سوڵتانەکانی تورک نە تەنیا لە وڵاتی کورد هیچ کارێکی باشیان نەکرد، بەڵکو وڵاتی تورک یەعنی وڵاتی ئێمەشیان وێران کرد، لە زەمانی میرانی کوردا لە وڵاتی کورد هەموو شتێکی باش هەبوو، بەرەبەرە هەمووی خراپ بوو. تورکەکان دوو سەد ساڵ بوو نەیان دەزانی لە ئەدرنە تا ئەستەنبول رێیەک دروست بکەن، ئیتر چۆن بزانن رێگاو شتی باش لە وڵاتی ئێمە دروست بکەن. پێش دوو سەد ساڵ حاڵی وڵاتی ئێمە لە ئێستا خراپتر نەبووە.
پادشایانی عوسمانی بینییان بەباشی ناتوانن وڵات بگرن، تۆوی خراپەیان فڕێ دایە ناومانەوە، بەرە بەرە هەموو وڵات وەک جێگەی شەڕی لێ هات. میرانی کورد کە حکومەتی عوسمانی بەزۆر هێنابوونی بۆ ئەستەنبوڵ ئەم حاڵەیان دی. بینیان حکومەتی عوسمانی هەر رۆژە دەڵێت بۆ چاکەی وڵات هەوڵ دەدەم، هەر رۆژە درۆیەک دەکات و شتێکی باش ناکات.
وتیان مادام حکومەتی عوسمانی خۆی خراپ دەکات بۆچ ئێمەش لەگەڵ ئەو خراپ بین، لە ساڵی ١٣١٣ـەوە بۆ چاکەی وڵاتی کورد بەنهێنی کەوتنەکار. بۆ ئەوەی لەپێناوی چاکەی کوردا تێ بکۆشێت، رێی راست و باش بە ئێمە بڵێت، ساڵی ١٣١٤ کوڕی میر، جێگای بەهەشت بێت، مەدحەت بەگ کوڕی میر بەدرخان لە بۆتانەوە چوو بۆ میسر، لە قاهیرە رۆژنامەی کوردستانی دەرکرد، پاش ساڵێک مەدحەت بەگ نەخۆش کەوت، برای ئەو عەبدورەحمان بەگ چووە سویسرە، سەرلەنوێ رۆژنامەی کوردستانی دەرکردەوە، کاتێک سوڵتان حەمید هەموو خانەوادەی بەدرخانی بەندکرد، کەس نەما ئەو رۆژنامەیە دەربکات، کاتێک مەشروتییەت بەرپا بوو هەموو ماڵی بەدرخان لە بەندی دەرچوون، دیسانەوە بۆ چاکەی وڵاتی کورد دەستیان کردەوە بە خەبات، نەوەی میر بەدرخان سورەیا بەگ لە ئەستەنبوڵ کوردستانی دەرکرد. پاش رۆژی ما ٣١ی مارتی ساڵی ٣٢٥ کاتێک مەحمود شەوکەت پاشا بە لەشکری خۆی ئەستەنبوڵی گرت و کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی) پەردەی لە رووی خۆی داماڵی. گەلێک کەسانی باشی وڵاتی رەوانەی بەندیخانە کردو دووری خستنەوە، سورەیا بەگیشیان بە کۆنەپەرست تاوانبار کردو فرێیان دایە بەندیخانەی ناوەندی (بەکر ئاغا بلۆکی)یەوە، رۆژنامەی کوردستانیان داخست، لەو رۆژەدا کورد گەلێک خراپەی دی لە (کۆمەڵەی یەکگرتن و پێشکەوتن) لەگەڵ ئەوەشدا قبوڵیان نەکرد کارێکی خراپ دژی دەوڵەتی عوسمانی بکەن، وتیان با هەموو خەڵکی وڵاتی عوسمانی دەستی یەکتر بگرن و خراپیی کۆمەڵ بەربەست بکەن، شەڕی ئیتالیا پاش ئەو شەڕی بەلقان بەرپا بوو. پاش چەند مانگێکیش شەڕی گەورە، کە ئێمە تیا بەشداربووین،

هەموو ئومێدی ئێمە کە لە وڵاتی خۆماندا حکومەتێکی ڕاست و باش دابمەزرێنین لەدەست چوو.
لە یەکەم ڕۆژی شەڕدا دەمانوت ئێستا کاتی ئەوە نییە لە دەوڵەتی خۆمان شتێک داوا بکەین، مادام ئەو لەگەڵ ناحەزان لەشەڕدایە ئێمە دەنگی خۆمان دەرناخەین، ئیمڕۆ دەبینین کە شەڕ خەریکە کۆتایی بێت، ئێمە باش دەزانین کە ئەگەر کەسێک بیەوێت هەقی خۆی بسێنێت پێویستی خۆی ئاشکرا بکات و دەری بخات کە شایانی ئەو هەقەیە. لەبەر ئەوەیە کە ئێمە ئیمڕۆ دەنگی خۆمان دەردەخەین. هەموو دەوڵەتان دەڵێن کە هۆی شەڕکردنی ئێمە ئەوەیە هەموو خەڵک بچووک و گەورە هەقی خۆیان بسێنن، خۆیان ببەن بەڕێوە، ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە دەنگی خۆمان دەرنەخەین، نەڵێین ئێمەش هەقمان هەیە، پاشان لەو ڕۆژەدا کە هەقی خەڵکیان دا بە ئێمە شتێک نادەن، لەبەر ئەمەیە کە ئێمە ئەمڕۆ ڕۆژنامەی کوردستان دەردەکەین تا ڕێی کوڕانی میری ئێمە میر بەدرخان بگرین و بۆ سەندنی هەق و ئازادیی کورد تێ بکۆشین.
باوەڕمان بە ئاریکاریی کوردان لەم کارە مەزنەدا هێزی ئێمەیە.

**(ئەوانەی ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسن)**

---

**موختاریەتی ئیدارەو لامەرکەزی**

لەگەڵ جاڕدانی مەشرووتیەتی عوسمانیدا، هەموو ڕەگەزو چین و توێژەکانی کۆمەڵی عوسمانی، بێ جیاوازی، هەناسەیەکی قووڵیان هەڵکێشا، گوتیان لەو ڕەهاییە سەرکوتکەرە خوێنڕێژە، کە چەندین سەدە بەردەوام بوو، ڕزگاریان بوو. نیشتمانپەروەران و خاوەن بیروبۆچوونەکان لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەکاندا ئەو بیروبۆچوون و پێشنیارانەیان ڕادەگەیاند کە بۆ سوودی میللەت لە مەشرووتیەت چاوەڕوانی جێبەجێکردنی دەکرێت و داوای سەرەکییان ئەوە بوو شێوەی حکومەت لە بنەماوە بگۆڕێت و ئیدارەی لامەرکەزی دابمەزرێت، هەندێکی دیکەیشیان زیادەڕەوییان دەکردو داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد. لەکاتێکدا ئەو گرووپە خاوەن بیروبۆچوونانە سەرقاڵی بیرورا گۆڕینەوە بوون، لەناو ئەو هات و هەرایەدا کوودەتای ٣١ی مارت ڕوویدا. کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی ئەو بیروبۆچوونانەیان بە بانگەوازی حوکمی عورفی و تێهەڵدان و زیندانیکردن و لە سێدارەدان گۆڕی و موتڵەقیەتیان لەشێوەیەکی دیکەدا زیندوو کردەوە. ساڵی ١٣٢٦ ڕق و کینەی ناخی دەروونی خۆیان بۆ لەناوبردنی ئەو کۆمەڵانەی کە ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەران دایانمەزراندبوون، دەستیان کرد بە پیادەکردنی سیاسەتی بەتورککردن (تەتریک)، لە ئەنجامی پیادەکردنی ئەو سیاسەتە تێکدەرانەو هەڵە نابەجێیەدا کوودەتاکانی (یەمەن و کوردستان و حەڕڕان و ئەرناووت) دەستیان پێکرد، کە لە بەڵقاندابووە هۆی تێکشکانی سوپای عوسمانی.
ئەو سیاسەتەی کە سەرانی ئیتیحادو تەرەقی بەزەبری سونگی پیادەیان دەکرد، ئەنجامەکەی تا ئێستا بریتی بووە لە ڕووداوی دڵتەزێن و ئێش و ئازار، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەین کە بزانین لە داهاتوودا چ جۆرە ڕووداوێکی لە ئێستا خراپتر ڕوودەدات. بۆ زانیاریتان دەڵێن هەندێک لەو دەوڵەتانە کە ئیدارەیان ئۆتۆنۆمییەو هەندێکی تریان لامەرکەزییە، بەڵام هەموویان، چ لە ڕووی بەرزێتی و بەهێزی و بەختەوەری و چ لە ڕووی سەروەت و سامانەوە، بە گەورەترین دەوڵەت و میللەت دەژمێردرێن، وەک (ئینگلتەرا. ئەڵەمانیا. ئەمەریکا. ئۆستریا)، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو دەوڵەتانەی کە ئیدارەیان موتڵەقیەتە، وەک ڕووسیاو چین و فەرەنساو ئیتاڵیاو هیتر، هەرچەندە لەو حکومەتە موتڵەقیانە، ڕووسیا و چین سیستەمی بەڕێوەبردنی حکومەتەکانیان گۆڕی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕانە ئێستا

و تازەن دەتوانین چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئێستایان بە نموونەی موتڵەقیەت نیشان بدەین.

ئەو بەراورده پێمان دەسەلمێنێت کە نەک لەو حکومەتانەدا، کە خەڵکەکەی لە چەند ڕەگەزو هەرێمێک پێکهاتووە، تەنانەت لەو حکومەتانەی کە خەڵکەکەی لەیەک ڕەگەزو یەک هەرێمیش پێکهاتبێت و ئیدارە ناوەندییەکەی مەشرووتیش بێت و بگرە ڕێگر دەبێت لەسەرکەوتن و پێشکەوتنی خەڵک، ئەمەیش ئەنجامێکی بنەڕەتی و سرووشتییە و قابیلی وتووێژ نییە! ئەگەر نازیرێکی مەرکەزی بەهەموو ناوچەکانی ولاتەکەیدا نەگەڕابێت ئەوەندەی کاربەدەستێکی دانیشتووی ناوچەیەک لە پێویستییەکانی ئاگادار نابێت و نازانێت چ شوێنێک پێویستی بە دروستکردنی ڕێگایەک، یان قوتابخانەیەک یان نەخۆشخانەیەک هەیە، هەروەها ئەو نێردراوانەی کە لەویلایەتەکانی باکووری ولاتەوە دەنێردرێن بۆ دانانی یاسایەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتووانی ناوچەی باشوور ناتوانرێت داوایان لێبکرێت ئەو یاسایەی دایدەنێن لەگەڵ سروشت و داب و نەریتی خەڵکەکەدا گونجاوبێت و دژ نەبێ، لەولاتی ئێمەدا ئیدارەی مەرکەزی وەک ئەوە وایە کە لەیەک ژووردا (یەمەنییەک. کوردێک. عیراقییەک. سورییەک. ئەزمیرییەک. حیجازییەک. قستمونیەک) کۆ بکرێنەوە حاڵیان دەشێوێ.

ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەی میللەتیان لێپێکهاتووە لەبارەی زمان و سروشت و نەریتییانەوە جیاوازییەکی ئەوەندە گەورەیان هەیە جێی سەرسوڕمانە، کە چۆن کاربەدەستان هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو هەموو خەڵکە جیاوازە لەناو تورکایەتیدا بخنکێنن و هەر هەموویان بەیاسایەک بەڕێوەبەرن. لەولاتێکی گەورەی وەک ولاتی ئێمە هیچ کاتێک لایەنی لامەرکەزی نەکردۆتە حوکم، هەتا خودموختاریش، بەڵکو لەسەر حوکمی مەرکەزیەتی خۆی دابووە، لە ئەنجامی ئەم جۆرە سیاسەتەدا دەوڵەت دەفەوتی، ئەوەش لە سیاسەتدا شتێکە پێویست بە سەلماندن ناکات.

زۆر بەداخەوە، لەگەڵ بانگەوازی مەشرووتیەتدا، کاربەدەستان دەیانگووت ئەگەر ڕەگەزەکانی میللەت ڕێگەیان پێ بدرێت لە بەڕێوەبردنی خۆیاندا سەربەست بن، دەبێت بەهۆی لەناوچوونی ولات. بۆیە کەوتنە بیرکردنەوە لە بە تورککردنی هەموو ڕەگەزەکانی عوسمانی. هەرچەندە ئەو ئەنجامەی کە تا ئێستا بەدەست هاتووە، پووچەڵی ئەو بیرو بۆچوونانەیانی سەلماندووە، بەڵام سوودی چییە؟ زۆر لە ڕۆڵەکانی نیشتمان مردن و زۆر لە ویلایەتەکانیش لەناوچوون، لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی تا ئێستا بەبێ ئاگایی لەسەر ڕێبازە هەڵەکەی خۆی سوورە.

پێش ئەوەی موناقەشەی ئەوە بکەین ئایا ئۆتۆنۆمی، یان لامەرکەزی کامیان لەگەڵ پێویستییەکانماندا دەگونجێت؟ لە وتارەکانی داهاتوودا باس لە وردبینی لە ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزیدا دەکەین.

-لەدوایدا هەیە-



---

**پوختەی هەواڵەکانی جەنگ**

**شەڕەکەی فلاندەر**

**هێلی شەڕی فەرانسە - ئینگلیز**

لە ٩ی نیساندا هاوپەیمانان لەمەیدانەکانی ئەوروپا سەرلەنوێ دەستیان بە جموجووڵی دەستدرێژی کردۆتەوە، ئینگلیزەکان لەبەرەکانی خۆیاندا فەرەنسییەکانیش لەو خاکانەوە کە دەستیان بەسەریانا گرتووە لەسەر خەتی خاکی خۆیان دان.

ئیتالییەکانیش لە (قارزو) دەستیکی زۆر سامناکییان وەشاندووە.

هەر لە ٩ی نیسان تاکو ٢٢ی ئاغستۆس ئینگلیزەکان (٤٦١٥٥)، فەرەنسییەکان (٤٣٢٢١)، لەهەمان ماوەدا ئیتالییەکان (٤٠٦٨١)

هەواڵنامەی کتێب

ڕووسەکان (٣٣٢٢١) ڕۆمانییەکان (٥٢٩٥) دیلیان دەستگیر کردووە، کە کۆی هەموویان دەکاتە (١٧٣٠٨٣) کەس.

هەرچەندە ڕاگەیاندنەکانی ئەڵەمانیا و نەمسا دەڵێ، لەماوەی ئەم سێ مانگەدا ئەوەندە دیلیان لە هاوپەیمانان دەستگیر کردووە، بەڵام ئەو ژمارەیەی کە لە ڕاگەیاندنەکاندا هاتووە ڕێژەکەی لەچاو ئەوانی تردا زۆر کەمە. ئەو جەنگە سەختەی مانگێک لەمەوبەر لە (فلاندەر) دەستی پێکرد، تەشەنەی کردو زۆرترین بەشەکانی ڕۆژئاوای گرتەوە، بە قازانجی هاوپەیمانان تەواو بوو.

لەشەڕەکانی فلاندەردا تۆپخانەی ئینگلیز سەرکەوتوو بوو.

تۆپچی ئەڵەمان لە دۆڵی (مووز) و هەردوولای ڕووبارەوە بە پاڵپشتیکردنی هێزی سەرەکی و بە پاراستنی تیپەکانی پیادەو ئاگری مەترەلۆزەکان بەرپەرچی دەستدرێژییەکانی هاوپەیمانانی دایەوە، لەم شەڕە خوێناوییەدا هەردوولا زەرەرو زیانێکی زۆریان لێکەوت. لەفلاندەر، بەهۆی بارانی زۆرەوە، بۆ ماوەیەک جموجوولی شەڕ کزبوو، لەپڕ شەڕێکی توندوتیژ بەرپا بووەوە، لە کەنارەکانی ئینگلیزەوە دەنگی تۆپ دەبیسترا.

لە (فلاندەر) و (ئارتورا) شەڕێکی قورس بەرەو گردی ژمارە (٧٠)، کە بەدەست ئەڵەمانەکانەوە بوو، ڕوویدا.

لە باکووری ڕۆژهەڵاتی (لانز) ئینگلیزەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا.

(ڕویتەر) ڕایگەیاند بەردەوامیی ئەم شێوە سەرکەوتنەیە یاریدەی هاوپەیمانان دەدات بۆ داگیرکردنی شاری (لانز).

فەرەنسییەکان لەسەر ڕێگای (دیکسمود) بە ڕادەیەک هەستیان بەسەرکەوتن کرد. لەشاری (وردون)یش تۆپخانەی فەرەنسییەکان دەستی بە تۆپباران کردنی توندکرد، شەڕێکی وا ڕوویدا کە لەمێژوودا نەبینراوە.

لەکاتێکدا چاپەمەنییەکانی ئەڵەمان باسی دەستدرێژییەکانی هاوپەیمانانیان دەکردو دەیانگووت: پشتمان بە (فۆن هند نبورگ) ئەستوورە.

ڕاگەیاندنێکی فەرەنسە لە بەلچیکا دەڵێت لەسەر ڕێگای (دیکسمۆد) بە ئاگری توندی هێزی پیادە ئەڵەمانییەکانیان شکاندوون و پەرش و بڵاویان کردوونەتەوە، (سونبوک) یان داگیرکردووە لە دەوروبەری (لافو) و (ئەرتەبر) و لە شەڕەکانی دەوروبەری گردی ژمارە (٣٠٤)دا فەرەنسییەکان بەسەرکەوتوویی مانەوە ئەڵەمانەکان بەرەو سەنگەرەکانیان ڕاونران.

دوایین ڕاگەیاندن دەڵێت گردی بەناوبانگی ژمارە (٣٠٤) لەلایەن فەرەنسییەکانەوە داگیر کرا، ئەو هێرشە گەورانەی ئینگلیزەکان لە باکووری (لانز) شایستەی ڕاگەیاندنە.

پانزە ڕۆژ پێش ئەوە بەهێرشی بچووک بچووک لە ڕۆژهەڵاتی (لانز)دا لە پێشڕەویدا بوون.

گرنگیی شەڕگەکانی (لودز) لە ستراتیجییەتی گردی ژمارە (٧٠)ەوەیە.

سەربازەکانی (کەنەدا) لە شەڕەکانی ئەم ناوچەیەدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدی هێناوە، لەو دەوروبەرەدا لە پێشڕەویکردنێکی زۆر بەشی ڕۆژئاوای (بواو هۆگۆ)یان داگیرکردووە. فیلد مارشال (هیگ) لە ڕاگەیاندنێکدا وتی ئینگلیزەکان لە هێرشێکیاندا بۆ سەر سەربازگەکانی ئەڵەمان لە نزیک (ئوستاوەرۆن) لە ڕۆژهەڵاتی (هاری کۆرک) بە درێژایی یەک میل ئەڵەمانیەکانیان ڕاوناون، بەقووڵایی نیو میل چوونەتە ناو ئەو گردۆڵکانەی نێوان (ئەبیرەس – مەنەن) و داگیریان کردوون.

ڕاگەیاندنێکی ئینگلیز دەڵێت لەنزیک (سەن ژولیەن) سێ فڕۆکەی ئەڵەمانیا خراونەتە خوارەوە.

لە ڕاگەیاندنێکی فەرەنسییەکاندا وا دەردەکەوێت لەلای ڕاستی ڕووباری (مووز)دا واتە لە باکووری (وردۆ) لە پاشەکشە

پێکردنی هێرشەکانی ئەڵەماندا (١١٠٠) دیلیان دەستگیر کردوون.

**ئیتاڵیا:**

ئیتالییەکان لەنزیک (ئیزنونزو) دەستیان بەشەڕێکی زۆر قورس کرد، لەپێشدا هێزەکانی پیادەی (نەمسا) لەنێوان (میر چیل) و (مۆنتەر نەرو) پێشڕەوییان کردبوو، لەدواییدا ئیتالییەکان بەرەنگاریی نەمساییەکانیان شکاند، لەسەر (ئیزنونزو) (٧٦٠٠) دیلیان دەستگیر کردبوو. لە شەڕێکی توندا، وێڕای ئاگری توندو تیژی تۆپی گەورەو بچووک، بە فڕۆکەکانیان بۆردومانی خەست و چڕیان دەکرد.

ئیتاڵییەکان سەر لەنوێ هێڵی پتەوی نەمساییەکانیان لەنێوان (کۆمەنۆ) و (سەلو) دا شکاندو تێپەڕین.

شەڕەکانی (کارزۆ) بەدرێژایی (٦٠) کم بەردەوامن، لەدوا ڕاگەیاندنەکانی جەنەراڵ (کادۆرنا)دا دەردەکەوێت لەگەڵ داگیرکردنی گردی (مۆنتەسانتۆ)ی بەناوبانگ لەلایەن ئیتاڵییەکانەوە (گۆریجە)یش بەتەواوی ڕزگارکراوە.

**رووسیا:**

رووسەکان لەنێوان (ریخا) و (میتۆ)دا بەهێرش بردنە سەر سەنگەرەکانی ئەڵەمان تێکیان شکاندن.

لە ڕاگەیاندنێکی بروسکەی بێسیمی رووسدا هاتووە دەڵێ لە شەڕەکانی (دیویسنسک) و (ئۆکتا)دا هێزەکانی ئەڵەمان و نەمسا بە سەرکەوتووییەکی کەم پێشڕەوییان کردووەو دیسان لە ڕاگەیاندنی رووسدا، دەڵێت لە دەوروبەری (تۆکۆم) دا لەنێوان (مارە)و (تیریۆل) دا هێرشەکانی دوژمن ڕەت کراونەتەوە.

**قەفقاسیا:**

گرتنی دەروازەی (مولیوان) لەلایەن رووسەکانەوە رادەگەیەنێت.

**رۆمانیا:**

لەبەرەیەکی شەڕدا، کە درێژییەکەی (١٠٠) میل بوو، شەش ڕۆژ لەسەریەک شەڕیان کرد، وێڕای سەرکەوتنی نەمساوییەکان لە رووی تۆپ و کەرەسەی جەنگیی زۆرەوە، رۆمانییەکان خۆیان ڕاگرت. ئەڵەمانەکان لەیەدەک ماردندا بۆ (مۆڵداوی) بەردەوام بوون.

---

**دەروازە**

هەر میللەتێک، بۆ ئەوەی وەک میللەت بژی و کەسێتیی خۆی بناسێت، پێویستە لەرابردووی مێژوویی خۆی ئاگادار بێت، میللەتێک لەمێژووی خۆی بێ ئاگابێت وەک منداڵێک وایە کە باووباپیرانی خۆی نەناسێت و هیچ جۆرە پەیوەندی و هاوکارییەکی لەگەڵ خێزانەکەیدا نابێت، زۆریش سروشتییە کە وردە وردە داب و نەریتی ئەو قەوم و میللەتانەی دەورووپشتی وەربگرێت و ئەسڵ و کەسێتیی خۆی بەیەکجاری لەبیر بچێتەوە.

ئەو ئیدارە خراپەی کە لە چوار سەدەوە کوردەکان لە سایەیدا دەژین، بیروهۆشیانی تا ئێستا بەساوایی هێشتۆتەوە. تەنیا دانیشتوانی شارەکان کەمێک خوو و ڕەوشتی تورک و عەرەبیان وەرگرتووە، بەڵام ئەو کۆمەڵە گەورەیەی هۆزایەتی کە هەر بەتەواوی لەرۆحی کوردایەتی و مێژووی میللەتەکەیان بێ ئاگان. هەرچی دایکیان وەک چیرۆک لەبارەی گەورەیی و ئازایەتیی باوو باپیرانیانەوە بۆیانی نەگێڕابێتەوە نایزانین.

زۆر بەداخەوە تا ئەمڕۆ سەبارەت بە سەرهەڵدان و جۆری ژیان و مێژوویی کورد هیچ شتێک نەنووسراوە، لەبەر ئەوەی کە حاڵەتی جەنگ ڕێگرمان بووە لە پەیوەندیکردنێکی سەربەستانە لەگەڵ هەموو لایەکی جیهاندا نەمانتوانیوە بە ئارەزووی دڵی خۆمان بنووسین. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە خراپە لەبەر ئەوەی ویژدانمان قبووڵی نەکردووە دەستەو ئەژنۆ دانیشین.

-لەدوایدا هەیە-

---

مدیر مسؤول: آزیزی احمد

[illegible]

هەژمار ٢
جەهێ نڤیساندنێ
مصر القاهرە عولبەک پوستەیی ٥٨٠
جەریدەکی ١ قەمەرییە
سالیا ڤی ١٥٠ شەش هەیڤیا ڤی
٨٠ قەمەرییە

ژمارە ٢
شوێنی بەڕێوەبەرایەتی
مصر القاهرە سندوقی پۆستە ٥٨٠
دانەی ١ قروش
ئابۆنەی سالانە ١٥٠ شەش مانگ
٨٠ غروش

پازدە رۆژا جارەکێ دەردکەڤیت قەنجیا کرمانجارە دخەپتیت
جەریدەیێ کرمانجایە
هەر پازدە رۆژ جارێک بۆ سوودی کوردان بڵاودەکرێتەوە رۆژنامەیەکی کوردییە
٣٠ی زیلقەعدەی ١٣٣٥


**ئالییێ کرمانجی**

<u>چاڤە دبورە</u>

**-٢-**

## موختارییەت ئیدارەیی

ڤەکی ژ ناڤێ ڤی ژی دخویە موختارییەتی ئیدارەیێ ئەڤە کو گوندەکی، باژاریکی، مەوقعەکی شوغلێ خوە ڤە کو دوخازە ببینە، موختارییەت ئیدارەیی نە تینێ چێبوویە دا قەومەکی خوە ڤیرە ئیدارە بکت، ڤەکە ئەم بێژین تەحت، گەلەک حکومەتا هاتییە کو بەلەدیەیێ هەر یەک باژاریرە موختارییەتێ ئیدارەیی دانە.

مرۆڤێن عاقلی ئاوروپا موختاریەتێ ئیدارەیی رە دوو تەقلیدا تەسنیف دکن، تەقلیدا عەولیرە دبێژن (Autonomie Communale) تەقلیدا دو دویرە. Autonomie Coloniale

هەکە ئەم موختاریەت سەخبکین ڤە کو دەلالەتا کەلماتی ئەڤە کی هەر یەکی حەمی قەوانینا خوە تینێ چێکت.

ئەم ڤی حالی دبینین ژ زەمانێ نیڤی رەوایتی، گەلەک باژارا هەبوو کی ڤە کو حکومەتا کچک بوون، ڤان باژارا حەقێ ڤان هەبوو حەمی قانونێن خوە چێکن، شەری بکن لێ چێکن، لەشکرا ڤان هەبوو ژ خەلقێ باژارا، برجا ڤان هەبوو، ختما ڤان هەبوو، هوریکی ڤان هەبوو یەعنی شوغلێ هندری و دو رە رە حەقا ڤان مەزن هەبوو، بەرڤێیە کو مرۆڤ ڤان باژارا سیێزدەو چاردە عەسریرە زێدەتر ژی باژارێ موختاریەتێ ئیدارەیێ جمهور ناڤ بدە راست ترە.

موختاریەت ئیدارەیی کو دەولەتا مەزنا ئێرویی ددن نکارە هەوقە درێژ ببە، ژ موختاریەت، ئیدارەیی خاستن نە ئەڤە کو حکومەتێرە دوو ئالی بکن، ئەڤە کو باژارارە ژ شوغلێ ڤان هندریرە پیچکۆکی ئیزنێ بدن.

موختاریەت ئیدارەیی لازمە بدن ژ شوغلێ رە کو تەنێ یا باژارییە و حەقا ولایەتێ حکومەتێ رە تەعەروز ناکت.

لڤی تەقلیدی موختاریەتێ ئیدارەیی ژ شەرێ هندرێ فرانسەیێ سالی ١٧٨٩، بو بوزنیا خاستنا مرۆڤا شەری، مروڤا شەری خاستن کو حەمی باژارا مەئمورێن بەلەدیەیێ خوە ئەڤان چێکن، کەنگی ژ جەمعیەتی موئەسسینێ فرانسەیێ ئەعزا گوتین کو قانونێ چێکن ژ حەمی باژارا فرانسایێ دە کو شوغلێن خوەیێ هوندری چاڤە چێکن، (میرابۆ) رابوو گۆت کو حەقی مە نینە کو ئەم شوغلێن باژاریرە دەست باڤێژن، هەکە ئەم دڤێن تشتەکی چێبکین لازمە کو ئەم تەنێ ڤان قانونا چێکن کو نەدگیرە شوغلێن یا دەرڤەیی باژارارە. ژ ئەعزایی جەمعیەتی تەنێ قەسیسێ کو ناڤی ڤی (مۆری) ڤی خەبەرا رە ئیعتیراز کر.

پاشی کەنگی ڤی جەمعیەتی ڤان قانونا چێکیر ئەڤی خوە دبێژە بو کو حەقێ ڤی نینە ڤی چێکە.

باژار پارسی حەمی شوغلێن خوەیێ هندری تینێ چێکر، رۆژی ١٢ ئاغستۆسی ئەڤی حەمی تەشکیلات خوەیی بەلەدیەیێ چێکر ببوو.

یەک ژ بەلەدیەیێ ناڤێ ڤی ((بریسودومارویل)) خیتابەکە نڤیسی ناڤ دا ((خیتابەیێ حقوقا باژارا)) ناڤ دەگۆت کو مرۆڤ حەمی حەقی ڤانە ژ سەر ئازادی یێ، راحەتی

و ئەسنیەتێ خوە رە ڤەکییت، بەرڤی سەبەبێ کو حەمی خەلقێ باژارا حەقێ ڤان هەنە شوغلێن هندرێن خوە رە تەنێ بیخەبتن..

کوردستان

## ژبلیانە مەیی دجیڤینی خەبەرا ئەشقیانی یێ کوردا

مەزنا دەولەتا عوسمانا کو ژ قەنجی و خەرابی یێ وەلاتی مەسئولن دبێژین کو هەکە ئەم ڤی عەسری مەدەنیەتێرە تشتەکی قەنج چێنەکرن وەلاتا کرمانجا رە ژڤی یە کو کرمانج حەمی ئەشقیاتی دەنە، ئەڤ راستەکی هەکە وەلاتەکیدە حەمی ناسیڤی ئەشقیاتیدە ببت نەهێسانی یە کو مرۆڤا دەولەتی بکارن قەنجی چێبکین ئەما بەس خەبەردانا ڤی رە شوغلی مرۆڤا مەزنی دەولەتێ خەلاس دبیت، ڤانرە نەلازمە کو تینێ بێژین دا ئەم چیبکین کرمانج ئەشقیاتی یێ چێدکن، مە ناهێلین ئەم قەنجیا وەلاتیرە چێکن) ئەما لازمە کو سەبەبا ڤی ئەشقیانی یێ بنگەرین، ببینین و حەلینین. قەت شوبهە نەلازمە کو مرۆڤا دەولەتا کو بەختێ خوە خراکربن و شوغلێ وەلاتیرە دەست ئاڤێتن، خسوسا رەشید پاشایی و هەڤالێڤی کو تەنزیماتێ چێکربن لازم بوو کو ڤی دەردیرە، عیلاجەکێ ببنین.

حەیف کو نە حکومەتا عوسمانا ناڤێ ڤی موتلەقیەتی نە حکومەتا بەری چەند سالی کو ناڤ دان مەشروتیەت ئەما راستی ئەڤە کو ڤان سالا خرابی بوون، ڤی دەردی رە عیلاجی نەدکرن، یا ڤەکی بیانی ژ دوور ڤی حالی سەیرکرن یالرمە لەشکرا ناحەقی رێکرن.

دا مرۆڤ قەنج سەخ بکت خیرا ئەشقیانیێ کوردا لازمە ئەم ڤی خەبەری دوو ئالی بکین، ئالیێ عەولی حەیا ١٠ی تەمووزی ٣٢٤، ئالیێ دویێ ژ ١٠ی تەموزێ حەیا ئیرۆ..

### ئالییێ عەولی

ئەڤ راستە کو ژ رۆژا کو کوردا شوغلێ خوە تینی دزیفرنن بوو، ڤەکی حەمی جیها ئاناتۆلا ڤانرە ژی خەبەرا ئاشقیاتی هەبوو، ژ رۆژا میرا کرمانجا ڤی خەبەری نە ڤەکو نهۆ گەلەک بوو، ئەڤ ژی ژڤێ یە کو میرا کرمانجا ڤی شوغلێ گەلەک قەنج گرتی بوون، ناهێلن بو ئاشقیا گەلەک ببن، هەکە جەزاکی بدن بۆ ئەڤ ژی سەر رێیێ شەریعەتێ رە بوو، دا هون سەخبکن کو میرا کرمانجا شوغلێ وەلاتێن چاڤە دزڤرێنن بۆ ئەم پیچکوکێ ژ کتێبی (امیر بدرخان) کو دەرکەتییە بەری دە سالی ژ قاهیرەیی هێر بنڤیسین.

رۆژەکی مرۆڤەکی ب پەزێن خوە سەر چیێ بوو، خەڤنێ ڤی هات، رویێ خوە بەرجیهێ میرێن خوە زڤری و گۆت: (میرێ من! ئەزێ پەزێ خوە عەدالەتێ تەرە دبهێلیم و دنڤم) کەنگێ ژ خەڤنی هشیار بوو دیت کو گوری هاتییە بە موغدارا دە پەز خرییە سەر راست چوو نیک میر، ڤیرە شەکوایێ خوە کر، میر ڤیرە دە پەز داو سەر چیێ چەند مرۆڤ رێکر پێنج شەش گوری کوشت و خویا کر کو وەلاتیدە میرەکە باش عادل هەیە ب عەزمانەکی دە خویی پەزا سەخ بکت.

کەنگی ئاستانبولێ دەست ئاڤێت شوغلێ وەلاتێمە رێکر مەرە والییا، موتەسەرڤا، حاکما عەزمانیمە دبورینا مە، نیزانین شوغلی وەلاتێ حەمی تیکلهەڤ هات.

ڤان مەئمورا دەسپێکرن دزی ژی بکن و بەرڤێ خەلقێ رە زولم کرن. کرمانج ژ سەبەبا جامێری، هیمەت و علو تەبع باژارێن خوە بەردان چوون سەر چییا. چوڤا کاغزا رێکرن پادشاهی رە دا عەدالەتی بوخازن مەزنا ئەستانبولێ ب تۆپ و تڤنگی جواب دان، ڤان خەلقی حەمی ب زۆر عاسی کرن.

حەمی خەلق کو ژ باژارا دوور بوو دانەمرن ژ برچیێ دەست ئاڤێتین مالێ خەلقێ کو دیتن سەر رێیێن خوە، ئەڤ مەئمورا دز و ناکەسی کو هاتبوون ژ ئاستانبولێ حەمی مەحکوم کرن، نهۆ ئەم دپیرسین، بەر خودێ و بەر خەلقێ ژ ڤی ئاشقیاتیی کو سەبەبا ڤی ناحەقی بی مرۆڤا ئاستانبولێ یە، ژ کرمانجا و مەزنا دەولەتی کیژان مەسئولن.

سوچێ ڤی خەلقی کو حوکم کرن ب حەپسێ و مرنی ئەڤ بوو کو حەقی و راستی دوخازن، کەسەکە هەیە

دونێدە کو نەبێژێت چاڤە دبە مروڤا ئستانبولێ ڤان کەسارە بێژن ئەشقیاو سەر وان تۆپاو لەشکرا رێکن، نە بینن کو پیچکوک راستی و عەدالەت رە چوقەهێسانی بۆ ڤان ئەشقیارە مرۆڤێن قەنجتر و هێسانتر وەلاتی چیبکت، نەبێژیت کێژان ژڤان دویا لازمە ئەم بکرن.

### ژ شەری چە دقەومە

جەنرال (چەرباشف)ی دیت کو نکارە هجوما ئالمانا بشکێنە باژارا ناڤێ ڤی (ریگا) بەردا و دەسپێکر بزڤرە سەر باژارا پتروگرادێ، دارێ ڤی باژاری قەنج بگریت، نەهێلیت ئالمانا سەر ڤی باژاری رە ژی بێن. هێ نەبەیانە مارەشال هندنبورگی هەکە بخەپتیت دا بچە حەیا باژاری پتروگرادێ ئەما ئەم دبێژین کو ڤێ زڤستانێدە کی بەرف و باران ڤان جها دە گەلەکە، سەرما مەزنە ئالمانا جەسارەت نەکین حەیا بتروگرادی چوونێ.

ژ ئالی یا سیاسەتی شوغلێ روسیایێ هێ تێکلهەڤە، قابینەیێ موسیو کرنسکی یی دیسا شوغلێ دەولەتێ بەردا. ئەم فەهم دکین ژ ڤێ بەردانێ حکومەت قوەتا ڤی زێدەتیر دەردکەڤیت.

روساڤە کو زەمانێ شەرێ هندرێ فرانسەیێ چوقە لێدانێ بخون شەرا هەڤقە زێدەتر عناد بیکین دا سەری بستینین.

نهو بەیانە کو روسا ژ ئالییێ (واندەن)ێ حەیا (ژاڤو ستاد)ی ئەرزی حازر دکن و قەرار دایە ڤێ خەتێ دە مدافعە بکن.

ئیتالیانا شەرادە کو چێکرن ئالییا (ئوقرولغو)یێ (غوریجیا)یێ (سان گابریل)ی ٢١٠٤ ئەسیرا برن ژ ئالی یێ (قارزو)یێ شەرا مەزن دبە تۆپچیا ئیتالیانا شوغلێ باش چێدکە.

جەریدەیێ (دەیلی مەیل) دبێژە کی جی یێ (مون سان – غابریل)ی کو ئیتالیانا برین ژ ئۆستریایی تەئسیر بکە ژ مدافعەیێ باژارێ تریستەیێ، حەیا رۆژا سبتی ئیتالیان بربوون ٣٠٠٠٠ ئەسییر.

هجوما ئالمانا ژ ئالییێ (موز)ی فرانسزا ئاشکیناندن، ئالیێ (سالوم) ئالمانا رەڤین و دەست نەیارێ ڤان دە ئەسیرا هشتن. تۆپچیا فرانسزی ڤان رۆژادە شوغلێن قەنج چێدکە.

مارشال هیغ دنڤیسە کو ئالییا (سەن ژولیەن) و (لاغینقور)ی و (ئەبیروس)ی ئالماناره هجوم کێربن، ژ ڤان ئەسیرا برن و سێ تەیارە ئانین ئەرزی.

### شەرەف نامە
### -٢-
### نڤیسی یە
### شەرەفخان کورێ شەمسەدین بەدلسی

ڤی کتێبێدە موقەدیمەکێ، چار سەحیفە و خاتیمەکێ هەبە. موقەدیمە دبێژە کرمانج ژ کو پەیدا بوونە، مرۆڤێن چاڤانن، سەحیفەی عەول دنڤیسە دەرحەقا میرا کرمانجا کو عیلمێ سەلتەنەت راڤە کرینە، راڤیا ڤانرە ناڤ سولتانا نڤیسینە کو ئەڤان ژی سولتانا دیاربەکر و جزیرێ، سولتانا دینەوەرێ و شەهرەزولێ، سولتانا فەزلەوییەو شامێ نەی پێنج مالن.

سەحیفەی دویەم: دبێژە دەرحەقا میرا کو هەرچەند علم سەلتەنەتێ ڤە نەکرینە بناڤێن خوە هوریک چیکیرینە، خوتبە خوندینەو ڤەکو سولتانا بورینە، ئەڤان ژی پێنج مالێن: میرا ئاردلان، حەکاری، عەمادیەیێ، جزیریێ، حصنکیفایێ:

سەحیفەی سیەم: دنڤیسە دەرحەقا میرا چمشکزکی، مرداسیێ، ساسۆنی.

خیزانی، کلیسی، شیروانی، زرقیێ سویدیێ، سلیمانیێ، سیاه مەنسوری.

چکنی یێ، زنکنەیی، پازوکی یێ ئەڤەژی چاردەمالن.

سەحیفەی چارەم: دنڤیسە دەرحەقا باپیرا ڤی کتێبی نڤیسی سولتانا بدلیسی خاتمەیی دنڤیسە کرمانجا چاڤە بورین خەیا سالی ١٠٥٠ ب پادشاها عوسمانا، عەجەما، تورانا.

کرمانج ژ کو هاتینە دەرحەقا ژ کو هاتنا کرمانجا دە خەبەر گەلەکە.

ئەم ژڤان خەبەرا سسێ هیر بنڤیسن.(١)

-پاشیڤی هەیە-

---

(١) ئەم دزانین کو ڤان خەبەر هەرسێژی درەڤە ئەما ب خاترێ شەرەف خان ئەم ڤان هەر سسێ خەبەرا دنڤیسین.

**بەشی تورکی**

سیاسیات

-٢-

**ئیدارەی موختاریەت**

بەناوەکەیدا بۆمان دەردەکەوێت کە (ئۆتۆنۆمی) واتە ئیدارەی موختارییەت، ئەوەیە کە شارێک یا شارۆچکەیەک یا میللەتێک لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیدا خاوەنی را بێت.

موختاریەتی ئیدارە تەنیا لەناو میللەتێکدا، یا لەناو دانیشتووانی شارێکدا، پیادە نەکراوە، بەڵکو ئەم شێوە بەڕێوەبردنە، بەپێی ئەوەی کە لە خوارەوە بە درێژی باسی دەکەین، زۆرتر پەیوەندی بەکاروباری شارەوانییەکانەوە هەیە، بۆیە حکومەت ئەم جۆرە ئیدارەیەی بە هەموو شارۆچکەکانیش داوە.

دانا ئەوروپاییەکان ئیدارەی موختارییەتیان کردووە بە دوو بەشەوە: یەکەمیان ( Autonomie Communale) و دووەمیشیان (Autonomie Coloniale)

موختاریەتی ئیدارە بە واتا زمانەوانییەکەی هەمان واتای سەربەخۆیی تەواو دەبەخشێت، لە سەدەی ناوەڕاستی مێژوودا ڕووبەڕووی نموونەی بەشی یەکەم دەبینەوە.

ئەو کۆمۆنانەی ئەو سەردەمە خاوەنی موختاریەتی ئیدارە بوون، هەر یەکەیان حکومەتێکی بچووکیان دامەزراندبوو، دەسەڵاتی بانگەوازی جەنگ و ڕێککەوتن و داکۆکی لەخۆکردن و پێکهێنانی میلیشیای سەربازی لەکاتی پێویستدا لە خەڵکی وڵات، قەڵابەندی و وەرگرتنی باجی جیاوازو تایبەت بۆ دابینکردنی خەرجی حکومەت، ناردنی نوێنەرانی حکومەت بۆ دەرەوەو مۆرو دراوی تایبەتی خۆشیان هەبوو، بۆیە ئەگەر ئەو کۆمۆنانەی سەدەکانی ١٣ و ١٤ ناوی جەمهورییەتیان بدەینێ زۆر گونجاو دەبێت.

ئەو موختارییەتەی کە حکومەتە گەورەکان لەم سەدەیەدا دەیدەن لە شێوەو فراوانیی دەسەڵاتدا بەهیچ شێوەیەک ناگاتە ئەو کۆمۆنانەی باسمان لێوەکردن.

مەبەست لە موختاریەتی ئیدارە نەبەشکردنی حکومەتەو نە سەربەخۆییەکە درابێت بە بەشێکی وڵات بۆ ئەوەی ببێتە مایەی زەرەرمەندیی بەشەکانی دیکە.

بەڵکو دانی دەسەڵاتێکی فراوانی مەرجدار بە کۆمۆنەکان بۆ ئەوەیە کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا بەسەربەستی کار بکەن.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەمە کۆمۆنەکان بەدەست بەسەرداگرتنی هەموو دەسەڵاتەکانی حکومەت دەبنە هۆی ڕووداوی گەلێک خراپ.

موختاریەتی ئیدارەی کۆمۆنەکان بە ڕێژەیی و دیاریکراو دەبێت.

ئەم جۆرە موختاریەتی ئیدارەیە لە فەرەنسە یەکێک بوو لەداواکارییەکانی کودەتای ساڵی ١٧٨٩دوور لە حوکمی موتڵەق، چونکە حوکمی موختارییەت بەبێ هەڵبژاردن ئەندامەکانی حوکم دەبێتە حوکمێکی موتڵەق و هاووڵاتیان دەکەونە ژێر حوکمێکی زاڵم، بۆیە دەبێ هەر شارێک، یان قەسەبەیەک وەک ناحیەو قەزا، سەرۆکی شارەوانییەکانیان لەلای خەڵکی شارەکانیان بەهەڵبژاردن بێ، ئەوەش یاساییکی ئەساسی بۆ هەبێ، لەساڵی ١٧٨٩ دا لە فەرەنسە لە ئەنجوومەنی دامەزراندنی داوا کرا یاسایەک بۆ دامەزراندن و شێوەی کۆمۆنەکان دابنێت.

(میرابۆ)، کە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوبراو بوو، هەستایەوەو وتی: ئەنجوومەنی دامەزراندن بەهیچ شێوەیەک مافی ئەوەی نییە شێوەو سیستمی دامەزراندنی کۆمۆنەکان دیاری بکات، واتە هەر کۆمۆنێک چ شێوەیەک بەچاک و سوودبەخش بزانێت مافی خۆیەتی بەو جۆرە دایدەمەزرێنێت، ئەو یاسایەی کە ئەنجوومەنی دامەزراندن دایدەنێت تەنیا بۆ هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی شارەوانییەکان و دیاریکردنی ماوەی کارکردنیانە و لەچوارچێوەی بنەما گشتییەکاندا لە دەرەوەی گوندێک یان شارێک.

لە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە تەنیا کەسێک بەرهەڵستی ئەو قسانەی کرد کەناوی (ئابەمۆری)ی بوو. دواجار ئەنجوومەنی دامەزراندن لە بەیاننامەیەکدا داوای لێبوردنی کرد لە دانانی یاسای دامەزراندن و شێوەی کارکردنی کۆمۆنەکان، وتی لەبەر ئەوەی کۆمۆنەکانی شاخ نەیانتوانیوە

خۆیان دابمەزرێنن ئەنجوومەنی دامەزراندن ناچاربووە ئەو کارە بکات.

ماوەیەکی زۆریش ئەنجوومەنی دامەزراندنی شاری (پاریس) ویستی ئەو یاسایانەی داینابوون بیانخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە ١٢ی ئۆگستۆسدا بەبێ ڕەزامەندیی قەراڵ و بەبێ ئەوەش ئەنجوومەن ئاگادار بکات شارەوانییەکی کاتیی بۆ پتەوکردنی کارەکە دامەزراندو کۆمسیۆنێکیشی هەڵبژارد، لەلایەن (بریۆدۆماریل)ەوە بەیاننامەیەک لەبارەی مافی کۆمۆنەکان دەرکراو پرۆژەی دامەزراوەکانیشی لەگەڵ ئەو بەیاننامەیەدا دا بە کۆمسیۆنەکە.

(برسۆ)، لە بەیاننامەکەیدا، مافی ئەوەی بە مرۆڤ دابوو کە خاوەنی پاراستنی ئازادی و ئاسایش و ئاسوودەیی خۆی بێت، هەروەها دانیشتووانی شارێک مافی ئەوەیان هەیە لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەوانەدا چی پێویست بێت بیکات و چی جۆرە ~~سیستمێکی ئیدارە~~ بەچاک و گونجاو بزانێت دایمەزرێنێت.

## لە برینە کۆمەڵایەتییەکانمان گرفتی چەتەگەریی لە کوردستان

لەو ڕۆژانەدا کە ڕۆشنایی تیشکی تیژی شارستانیەتی سەدەی بیستەم چاو کوێر دەکات، بەڵام بە داخەوە کوردستان لەناو تاریکییەکی قووڵی نەزانیدا دەتلێتەوە.

لەسەر ئەم حاڵەشدا لێپرسراوانی حکومەتی عوسمانی لە لێدوانەکانیاندا هۆی سەرەکی ئاوەدان نەکردنەوەو چاککردنی باری ژیانی دانیشتوانی کوردستان دەخەنە ئەستۆی ئەو چەتەگەری و نائارامییەی کە لەناوچەکەدا هەیە. لە ڕاستیدا وەکو پیاوانی عوسمانی دەڵێن لە شوێنێکدا کە خەڵکەکەی لە چەتەگەری و یاخیبووندا بێت ئەگەر ئاوەدانکردنەوەو بەرەوپێش بردنی ئەو ناوچەیە مەحاڵیش بێت ئایا تەنیا ئەوە بەس نییە کە بڵێن (ئێمە چی بکەین کە کورد چەتەن)؟.

ئەی نابێ بەدوای هۆکاری دروست بوونی ئەو بارودۆخەدا بگەڕێن و چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە؟! گومان لەوەدا نییە بە ڕاستەوخۆ بەڕێوەبردنی کوردستان، حکومەتی عوسمانی پێچەوانەی گفتی خۆیان بوو، بەتایبەت ئەو تەنزیماتە خەیرییەی کە ڕەشید پاشا ئیعلانی کردو ئەوانەیش دوای ئەو لەسەری ڕۆیشتن، ئەو بارودۆخەی خوڵقاند.

بەداخەوە، حکومەتی عوسمانی، چ لە سیستەمی موتڵەقییەت و چ لە مەشرووتیەت دا، لەماوەی ساڵانی ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییەدا هەموو کاتێک سەیرکەر بووە یان بەبیانووی چاککردنی بارودۆخەکە هێزی سەربازیی زۆری ناردۆتە ناوچەکەو ئەوەندەی دیکە ئاڵۆزاوە.

بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەکە ڕووداوەکان دەکەین بە دوو بەشەوە.

بەشی یەکەم باری ١٠ی تەمووزی ١٣٢٤ و بەشی دووەمیش لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئەمڕۆکە لە ئەنجامی ڕامیاری کۆڵەوارو نەزانانەی ئیتیحادو تەرەقییە خوڵقاوە.

### بەشی یەکەم

لەڕاستیدا کوردستان لەو کاتانەیشدا کە خۆی کاروباری خۆی دەبرد بەڕێوە، هەر وەکو هەموو پارچەکانی دیکەی ئاسیا، چەتەگەری تێدابووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو پاشایانەی کە کاروباری دوو وڵاتیان بەڕێوەدەبرد کورد بوون و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە زۆر بە توندی بەدوای چەتەکاندا دەگەڕان، هەروەها هیچ کاتێکیش لە فەرمانی شەرع لایان نەدەدا، چەتەگەری بەڕێژەی لە ٪٧٠ لە ئێستا کەمتر بوو، ئەم ڕاستییە ئاشکرایەش جێگای بڕوایە.

لەسەر ئەم دادپەروەرییەی میرەکانی کوردستان، کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پەیڕەویان دەکرد، نموونەیەکیتان بۆ باس دەکەم، کە دە ساڵ لەمەوبەر لە کتێبێک بەناوی (ئەمیر بەدرخان)دا لە قاهیرە بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت لەکاتێک کە شوانێک خەریکی لەوەڕاندنی مەڕەکانی دەبێت خەوی دێت ڕووی بەرەو پایتەخت وەردەگێڕێت و دەڵێت (میرم ئەوا من مەڕەکانم بە دادپەروەریتان دەسپێرم و دەخەوم).

شوانە دەخەوێت، کاتێک وەئاگادێت سەیر دەکات دە پانزە سەر لەمەڕەکانی گورگ خواردوونی.

دەست بەجێ مێگەلەکەی

پێش خۆی دەدات و دەچێتە بەردەرگای بارەگای دادپەروەری حەزرەتی ئەمیر لەگەڵ گەیاندنی رووداوەکە هێندەی ژمارەی ئەو مەرانەی کە فەوتاون مەڕی دەدەنێ و چەند چەکدارێکیش بۆ شوێنی رووداوەکە دەنێرن و چەند گورگێک دەکوژن. بەو شێوەیە بوونی دادپەروەری بۆ شوانەکە دەسەلمێنن (کلم الناس علی قدر عقولهم).

دوای ئەوەی ئەستەنبووڵ دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستان وەردەدات، جێنشینە کوردەکان هەریەکەیان بە فێلێک لە وڵات دوور دەخاتەوە، پەشێوی و نائارامی (هەرەج و مەرەج) بەرپا دەبێت. ئەو والی و متصرف و حاکمانەی کە لە ئەستەنبووڵەوە دەنێردران زمان و داب و نەریتی وڵاتەکەیان نەدەزانی، زۆر ئاسایی بوو کە نەیاندەتوانی وڵاتەکە بەڕێوە ببەن، دەستیان کرد بە خراپەکاری و بەرتیل وەرگرتن، لەبەر ئەوە دانیشتوانی وڵات هاواریان لێ بەرز بووەوە، هەروەها شتێکی ئاسایی بوو کە کوردە پایەبەرزەکان مل بۆ ئەو کاربەدەستە خراپەکارانە کەچ نەکەن. لەبەر ئەوە شارەکانیان بەجێهێشت و روویان کردە ئەو شوێنە شاخاوییانەی کە لەژێر دەستەڵاتی ئەواندا نەبوو. ئەو مرۆڤانەی کە کارو کاسبیی خۆیان جێ هێشتبوو بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و خێزانیان ناچاربوون کە دەست بکەن بە چەتەگەری.

ئەو بەستەزمانانە، لە شوێنە دوورو شاراوەکانیان، هەرچی تکاو داواکارییەکیان لە پاشاکانیان بکردایە لای پیاوانی ئەستەنبووڵ بەیاخیبوو دەژمێردران و هەموو داوایەکی فریاکەوتن و رزگارکردنیان لەو حاڵە بە تۆپ و تفەنگ وەڵام دەدرایەوە. لەبەر ئەوە خەڵکی وڵات بەرەبەرە سەراپا بوون بە چەتە. ئەو فەرمانبەرە نادان و ریسواو نەزانانەی کە ئەستەنبووڵ دەیناردن بە ئارەزووی خۆیان و بەناحەق فەرمانی گرتن و بەندکردنیان دژی ئەو خەڵکە زوڵم لێکراوانە بە غیابی دەردەکرد، ئەمە بەجارێک وای لە خەڵکی ناوچەکە کرد کە بەناچاری یاخی بن.

جا ئەو خەڵکە زۆرەی کە لە ١٠ی تەمموزەوە حکومەتی عوسمانی بە چەتەو بەرهەڵستکاری شارستانییەتی و پێشکەوتن ناوی دەبردن، بوونە قوربانیی ئەو خراپەکارییانە کە بەدرێژایی چەندین سەدە بەردەوام بوون، ئەو خەڵکە ئەو هەموو ئەشکەنجەو دەربەدەرییانەیان چەشت، تەنیا تاوانیان ئەوە بوو داوای دادپەروەرییان دەکرد بۆ پاراستنی ناموسیان، لەوە زیاتر هیچی تر نەبوو.

ئێمە بەردەوام لەسەر ئەو سەفالەت و خراپەکاریانە لەلای خوداو لەلای ئەو خەڵکانەی خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن دەپرسین، ئەوانە لەجیاتی عەدالەت و بەزەیی پێهاتنی خەڵک بەزۆرداری روو لە زوڵم و دەست درێژی بکا کێ بوون، ئایا پیاوانی دەوڵەت نەبوون؟

---

**پوختەی هەواڵەکانی جەنگ**

جەنەراڵ (چەرباشۆف)ی فەرماندەی سوپاکانی رووس لە ئۆردوگای (ریڤا) لە دووری دەوروبەری چەند کیلۆمەترێک لە (ئۆکسقوڵ)بەهۆی سەرنەکەوتنی لە قەدەغەکردنی هاتوچۆی ئەڵمانەکان لەرۆژهەڵاتی رووباری (نیوبنا)دا. شاری (ریڤا)ی جێهێشتووەو بەرەو دواوە بۆ شوێنێک کشاوەتەوە کە توانای بەرگریکردنی زیاتربێت، بەڵام بەهۆی گیرانی رێگای (پترۆگراد)ەوە بەناچاری گەڕاوەتەوە.

دوابەدوای کەوتنی شاری (ریڤا) رۆژنامەکانی ئەوروپا کەوتوونەتە باسی جموجووڵی داهاتووی ئەڵمانەکان، وایان بڵاوکردۆتەوە کە ئەڵمانەکان بەهۆی نزیک بوونەوەی وەرزی زستانەوە لە رووسەکان زیاتر هەوڵ بۆ دابینکردنی کەرەسەو کەلوپەلی بەرگری دەدەن.

(مارشال هندنبورغ) لە (ریف)دا دەرچوو تا بەسەر شاری (والق)دا تێپەڕێ و بگاتە (پترۆگراد)، بەو شەمەندەفەرەی کە دێتە (پترۆگراد) کامەیان زووترو پێشتر بڕوا ئۆردوگاکەی لەسەر شاخی (دێسەدەکوڵ) دەبێ، بەرامبەر رووباری (ئۆرمان) تا فەرمان بداتە لەشکرەکەی خەتێکی بەرگری دابمەزرێنێ، چونکە هێزەکانی رووی بەرەو زیادی دێ، لەبەر ئەوە کاروباری جەنگی ئەڵمانەکان بەرەو کزی دەچێ، هەتا کاتی لەناوچوونی.

ئەو بارودۆخە تێکەڵ و پێکەڵە گەڕەلاوژەیەی کە لە

ئەنجامی سیاسی و ڕاپەڕینەوە دروست بوو، هەر بەردەوامە.

بەپێی ئەو بروسکانەی لەم دواییەدا گەیشتوون، هەواڵی دەست لەکارکێشانەوەی کابینەکەی مسیۆ (کرنسکی) ڕادەگەیەنن. بەبۆچوونی ئێمە، دەست لەکار کێشانەوەی ئەو کابینەیە کەسێتیی مسیۆ (کرنسکی) پتەوترو بەهێزتر دەکات، ئەنجامەکەیشی بەدامەزراندنی حکومەتێکی بەهێزترو بەدەسەڵاتتر دەبێت.

هەروەکو لەکاتی شۆڕشە مەزنەکەی فەرەنسەدا، هەموو شکستییەکی نوێ بەرهەڵستکاری و بەرەنگار کردنێکی توندەو دەمارەکان بەهێزتر دەکات.

دووایین هەواڵەکان وا دەگەیەنن ئەڵەمانەکان گەیشتوونەتە ئاستی ڕووباری (عاعا) کە (٤٠) کم لە (ریڤا)وە دوورە. ڕووسەکانیش لەدواوە لە دەوروبەری (فرەدەریقستاد) سەرقاڵی دامەزراندنی هێڵەکانی بەرگرین.

دوا ڕاگەیاندنەکانی ئەڵەمانەکان دەڵێن. ڕووسەکان لە بەرەیەکی فراواندا کە لە (واندەن)ەوە دەست پێدەکات و لە (ژاقۆبستاد) کۆتایی دێت. بەشێوەی نووستن لەناو (ترانشە)دا لە ئامادەکردنی هۆکارەکانی بەرگریدا سەرکەوتوون.

(نەمسە) لەبەرەی جەنگی دا لە (ژولیەن)ن و ئیتالییەکانیش باشووری (ڤال) لە (ئۆڤۆلغۆ) دەستیان بەسەر بنکەیەکی گرنگدا گرتووە. لە جەنگێکدا (١٦٨٨) دیل و لە (سان-گابرێل)یش کە دەکەوێتە باکووری (گۆریجیا) وە (٤١٦) دیلیان گرتوون.

ئەو شەڕە توندانەی کە (٢٠) ڕۆژە نەمساییەکان دەستیان پێکردوون تا دێت کڵپەیان زیاد دەکات، هێزێکی زۆر گەورەیان بەکارهێناوە، ئەمەیش بەڵگەی توندوتیژیی هێرشی ئیتاڵییەکان دەگەیەنێت. دوایین هەواڵەکان دەڵێ، پێکدادانەکانی باکووری (قارزۆ) زۆر توندو دژوار، هەروەها باس لە چالاکی گەورەی تۆپەکانی ئیتاڵیی دەکەن.

لەدوا ڕاگەیاندندا هاتووە، ئیتالییەکان شاری (مۆن سان غابریل)یان داگیرکرد.

ڕۆژنامەی (دەیلیی مەیل) کە باسی سەرکەوتنە نوێیەکانی ئیتالییەکان دەکات و دەڵێت: ئەو گردەی بەرزییەکەی (٢٠٠٠) دوو هەزار پێیەو چوار میل لە باکووری ڕۆژهەڵاتی (غۆریجیا)وە دوورە کە لەلایەن ئیتالییەکانەوە گیراوە، زۆر گرنگەو شاری (تریسەتا) دەپارێزێت، ئیتالییەکان تا ڕۆژی شەممە کۆی ئەو دیلانەی گرتوویانن گەیشتۆتە (٣٠,٠٠٠) کەس.

ئەڵەمانەکان ، لەلای ڕاستی (مۆز)ەوە، بەدرێژی سێ کیلۆمەتر لەبەرەیەکدا هێرشیان کردووە. لەو شەڕەدا، کە لای گردی ژمارە (٣٤٢)دا ڕوویدا جموجووڵە دەستدرێژییەکەی ئەڵەمانەکان پاشەکشەی پێدەکرێت. دیسانەوە ئەو هێرشانەی ئەڵەمانەکان لای دارستانی (شائوم) ڕەتکرایەوە، دوای جێهێشتنی گەلێک دیل دوژمن پاشەکشەی کرد.

مەفرەزەکانی ئەڵەمان لە باکووری دارستانی (واروێل)دا لەژێر ئاگری تۆپی فەرەنسییەکاندا ناچار بوون بەزەرەرو زیانێکی زۆرەوە پاشەکشە بکەن.

هەروەها دواترین ڕاگەیاندن دەڵێت لای ڕۆژهەڵاتی (مۆز) تۆپەکانی فەڕەنسە لە چالاکیدان، بەرەکانی ڕۆژێکی ئارامیان بەسەر بردووە.

فیلد مارشال (هیگ) لە باشووری ڕۆژهەڵات (سن ژولیەن) و خوارووی (ئەغنیقۆر)دا، لە ئەنجامی هێرشێکی ئینگلیزەکاندا هەندێ دیلی گرت لە (ئیپروس)یش دەستبەکاربوونی تۆپی ئینگلیزەکان و نەگەڕانەوەی ئەو فڕۆکانەی کە سێ فڕۆکەی ئەڵەمانەکانیان خستوونەتە خوارەوە ڕاگەیاند.

---

**دەروازە**

**-٢-**

ئێمە ئەوەی لەدەستمان بێ، لەسەر حاڵەتی نووسینەکانمان و ئەو تەنگوچەڵەمانەی دەیانبیستین، بە تەشەبوس کردنەوە خەریکین، لەگەڵ کەم و کوڕییەکانیش دەمانەوێ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەماندا، ئەگەر خوا حەز بکات لەهەل و مەرجێکدا بە جوانی و بەپێی لاپەڕەکان بڵاوی دەکەینەوە.

لەم ڕۆژەدا وا دەستمان بە گۆڕینی کرد (واتە لە فارسییەوە دەیکەینە تورکی) کە ئەویش کتێبەکەی بەهەشتی (شەرەفخانی بەتلیسییە) لەسەر مێژووی کوردستان کە لە

ساڵی ١٠٥٠ی کۆچی بەدەستی خۆی نووسیوەتەوە، وەکو بیستووشمانە لەساڵی ١٨٦٠ لە (پتروگراد) لەلایەن (فلادیمیر ولیامینۆف زێرنۆ) بەچاپ گەیەنراوە، لەو حاڵەشەوە لە زەمانی خۆیدا سوپاس و پێزانینمان بۆ روحی پیرۆزی پێشکەش دەکەین غەریقی رحمە اللە علیە رحمە واسعە.

---

**شەرەفنامە**

**نووسینی:**

**شەرەفخان کوڕی شەمسەدین بەدلیسی**

ئەم کتێبە نووسەرەکەی (شەرەف خان کوڕی شەمسەددین بەدلیسی)یە. بریتییە لە پێشەکییەک و چوار بەندو کۆتاییەک. پێشەکییەکەی لەبارەی سەرهەڵدان و نەژادی کوردو داب و نەریتییانەوەیە.

**یەکەمین بەند:** لەبارەی مێژووی پاشاکانی کوردستانە باس لە سەڵتەنەتی زانستیان دەکات و لەلایەن (مورخ)یەکانەوە خراونەتە میانی سوڵتانەکانەوەو لەبارەی چۆنێتی ژیانی پاشاکانی (دیاربەکر. جەزیرە. دینەوەر. شارەزوور. فەچلهویە. ئەرکوچک. میسرو شامەوە).

**دووەمین بەند:** لەبارەی جێنشینە کوردەکانەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە سەڵتەنەتی زانستیان دامەزراندووە وتار بەناویانەوە خوێنراوەتەوەو سکەشیان لێداوە، بەکردەوە حوکومڕانییان کردووە، ئەم بەشە تایبەتە بە جۆری ژیان و کاروباری جێنشینەکانی (ئەردەڵان. هەکاری. ئامێدی. جەزیرە. حصنکیفا)، ئەمیش پێنج بەشە.

**سێیەمین بەند:** تایبەتە بە حوکمەکانی (جەمشکزک. مورداسی. صاصون. خیزان. کلیسی. شیروان. زرقی. سویدی. سلێمانی. سیاە مەنصوور. چکی. زەنگنەنە. پازۆکی) ئەمەیش چواردە بەشە.

**چوارەمین بەند:** تایبەتە بە پاشاکانی بەدلیس کە باپیرانی نووسەرن. کۆتاییەکەیشی دەربارەی ئەو پەیوەندییانەیە کە تا ساڵی ١٠٥٠ی کۆچی پاشاکانی عوسمانی. ئێران، تووران لەگەڵ حوکومڕانەکانی کوردستاندا بوویان.

---

**لەبارەی بن و بنەچەی کورد**

لەبارەی بنچینەو پەیدابوونی کورد گەلێک باسی جۆراوجۆر هەن، ئێستاکە سێ لەو باسانە بڵاودەکەینەوە.

یەکەمین باس: زوحاک ماری[1]، کە پێنجەمین کەسی بنەماڵەی (پێشدادیان بوو)، ئەو کاتەی حوکمڕانی ئێرانی دەکرد تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو. هەرچەندە پزیشکەکان چاککردنەوەی هەوڵێکی زۆریان دابوو بۆ، بەڵام بێ سوود بوو، تا دەهات ئازارەکەی زیاتر دەبوو، بەهیچ جۆرێک بەرەو چاکبوونەوە نەدەچوو. رۆژێک لەرۆژان شەیتانی مەلعوون لەشێوەی پزیشکدا دێتەلای و پێی دەڵێ: چارەسەری ئەم نەخۆشییەی تۆ تەنیا بەوە دەبێت کە هەموو رۆژێک دوو لاو سەربرێت و بەمێشکیان بیشێلی. زوحاک ئەمەی تاقیکردەوە هەستی بە کەم بوونەوەی ئازارەکەی کردو یەکسەر فەرمانیدا کە هەموو رۆژێک دوو لاو سەربیرێن و بە مێشکیان بشێلرێ لە ئەنجامی ئەو فەرمانەدا هەموو رۆژێک تا ماوەیەکی زۆر بە قوربانیکردنی دوولاو زوحاک دەشێلرا.

دوای ماوەیەک پیاوێکی بەوێژدان و بەزەیی دەستنیشان کرا بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە، ئەو مرۆڤە مەردە ئەو ناپاکییەی قەبووڵ نەکرد، هەموو رۆژێک یەکێک لەو دوو لاوەی کە دەهێنران بۆ سەربرین بەردەدا بە مەرجێک ناو شار جێبهێڵێت ئەو لاوانەش بە قسەی رزگارکەرەکەیان دەکردو بەنهێنی نیشتمانیان جێهێشت و روویان کردە شاخ و کێوان.

ئەو گەنجانە بەتێپەڕبوونی رۆژگار ژمارەیان زۆر بوو، لە ئەنجامی ژن و ژنخوازی خێزانیان پێکهێناو بەماوەیەکی کەم، زمانێکیان بۆ خۆیان پێکهێناو ناویان لەخۆیاننا کوردو ئەو ناوەیان بۆ بوو بەنیشانەی ئازایەتییان.

بەرە بەرە حکومەتی بچووک بچووکیان دامەزراند، شارو ئاوەدانییان دروستکردو گەیشتنە ئەم شێوەی ئێستایان.

-ماویەتی-

---

مدیر مسؤول: آزیزی احمد



ژماره ٣
شوێنی بەڕێوەبەرایەتی
مصر القاهرە سندوقی پۆستە ٥٨٠
دانەی ١ قروش
ئابۆنەی سالانە ١٥٠ شەش مانگ
٨٠ غروش

# کردستان

هەژمار ٣
جەهێ نڤیساندنێ
مصر القاهرە عولبەک پوستەیی ٥٨٠
جەریدەکی ١ قەمەرییە
سالیا ڤی ١٥٠ شەش هەیڤیا ڤی
٨٠ قەمەرییە

پازدە رۆژا جارەکێ دەردکەڤیت قەنجیا کرمانجارە دخەپتیت
جەریدەیێ کرمانجایە
هەر پازدە رۆژ جارێک بۆ سوودی کوردان بلاودەکرێتەوە رۆژنامەیەکی کوردییە
١٥ی زیلحجە ١٣٣٥
جەهێ فرۆتاندینی، جهێ تەوزیعێ: مکتبە التألیف شارع عبدالعزیز مصر

**ئالیێ کرمانجی**

چاڤە دبورە

-٣-

**موختارییەت ئیدارەیی**

ڤی کاغزێ کو بزیسو نڤیسی بوو گەلەک موهیمە، ئەڤێ تێدە گۆتی بوو کو!

(ئەم، خەلقێ پاریسێ قەبول دکین و دبێژین:

حەقێ مرۆڤی کوژ سەلامەتی و قەنجیا خوە ڤەکرە مرۆڤیرە تێ دونێ و حەق کییە کو کەسەکە نکارە دەستێ خوە ڤی رە درێژ بکە، حەقێ خەلقی باژارا کو دا شوغلێن خوەیێ هندری بزڤرە جەمعیەتەکێ چێکە دبێژن بەلەدیە مەیدانێ دایە.

حەقێ حەمی خەلقێ باژارەکی ئەڤە کو ڤەگیرە سەر رییا، کو پریا، ئەمنیەتێ، مالێ کەسەکی رە دەستێخوە درێژ نەکت، ئاڤێ، خانی یا نەخوەشا، ڤان هەر رۆیینە هەکە کەسەکی کو ژ خەلقێ باژاری دەرکەت ژ قانونی جەزایی ڤی بیدە، ئیحتیاجی ڤی هەیە ژ سێ قوەتێ رە، عەولی قوەتێ رە کو قانونا چێکە، دودوییێ قوەتی رە کو حوکما بدە، سسی یێ قوەتێرە کو شوغلێ چێکە.

نەهێسانییە کو ڤان شوغلا حەمی خەلقێ باژاری بهورە چێکن، بەرڤێ لازمە کو ژ ناڤخوە دە مرۆڤا نرە کی ئەمنیەتێ وان هەیە ڤی ئیشی بدن و هەیئەتەکی چێکن کو ڤیرە بەلەدیە ناڤ ددین، باژارا کو نێزیک هوین، ڤە کو خەلقی باژار کو حەقێ ڤان هەیە ژ حەمی باژارا رە هەیئەتێ هولی چێکن دا شوغلێن خوەیێ مشتەرەک بزڤرن، لازمە کو ڤان مەجلسە باژاری ئەڤ باژارا کەنگی چێ دببە دیقەت بکە دا نەچە سەر حەقێ مەجلیس مەبعوسانی کو حەمی شوغلێ وەلاتیرە حەقێ ڤێ هەیە فکرە و خوە ڤێ فکرێدە تەشکیل بکە.

دا ڤە لی چێبە لازمە کو کەنگی مەجلیسێ باژاری ئەڤ باژار چێدبە خەبەری بدە مەجلیسێ مەبعوسانیرە، لازمە کو هەکە باژار کو ئەڤ باژارا مەجلیس کو چێدکن دیقەت بکن کو مەنفەعەتا ڤەکو خاترا باژارێ دی ناشکێنن.

داشوغل هۆلێ چێبە لازمە کو کەنگی مەجلیس کو چێدبە خەبەری بدە مەجلیس مەبعوسانی، مەجلیس مەبعوسانژی نکارە تشتێن دی رە دەستێ خوە درێژ بکە هەکە ڤان شەرتێ سسیێ یی مەوجودبن، عەولی شوغلێ دەولەتی، دودوییێ مەنفەعەتا باژارەکی، سسیێ خاتری باژار کو خرانەکن، مەجلیسێ کو هۆلی چێبو ئیدی کەسەکە نکارە شوغلێ ڤی رە دەست باڤێژە.

جارەکی ئەم هۆلێ وەچع کرین حەقێ مەجلیسێ مەبعوسانی و مەجلیسێ باژاری و مەجلیسێ باژارا نهۆ لازمە ئەم فکرین چاڤە لازمە چێکین شوغلێ باژارێ پارسێ کو ڤیرە لازمە مەجلیسێ باژاری و مەجلیسێ باژارا..).

ڤەکە بریسو گۆت، هولی چێکرن عەولی، پاشێ هێدی هێدی بسالا رە شوغل زڤری و تەقلیدێ رە کو ئەم ئیرۆ دبینن هات.

**کاغەزێ هاتیە ژ جامعێ ئەزهەرێ**

ئیرۆ ئەز ژ برایێ مەکرمانجا را نەسیحەت دکم، هشیاربن دی بێژم ئەم ژ ڤی وەقتی چاڤێ خوە ڤەنەکن و ژێ وی خەوا گران رانەبین، خەلکی کرمانجا بونیا مە ناهێلن بونا ڤی دێ بێژم ئەم گشک زانایێ مەو نەزانایێ مە گڕێ چاڤێ خوە ڤەکن و دەست بدن هەڤ بونا سەلامەتا کوردا بخەبتن و وەلات ژێ تەهلوکە خەلاس بکن بونا ناموس و شەرەفا خوە بلند و مەزن بکن. پاشڤی ئەم ژ بکارن لبەر یارو نەیارا سەرێ خوە بەرڤە راکن. ئیرۆژی چار ملیونا پتر کورد هەنەو پاشی ناڤێ کوردا مابەینا خەلقێ نایێ گۆتن و کەس وان ناس ناکن کەنگا مللەتا و عەناسرا دهەژمێرن نابێژن کورد ژێ هنن حەقێ وانا ژێ هەیە سەبەبێ ڤی ئەڤە کی کورد بێ تاریخن و بێ جەریدەنن و ئیشێ دنێ و سیاسەتا عالەم نزانن، بونا ڤی ڤێ کەس ژێ وان ناس ناکن.

ئیرۆ تاریخەک کرمانجا نینە حەتا بزانن ژ جنسێ خوەراو ژ سەلامەتێ را چە خدمەت کرنە، ئیرۆ جەریداکی کوردێ تونەیە، حەتا خوە بکانن ژێ تەعدایێ خەلکی و بێ حیلەو دەسیسە سیاسەتا خوە موحافەزە بکن، ئیرۆ قەومەک نەمایە کی جەریدێ وان نیە ب ڤی جەریدێ حالێ خوە دبێژن، دەردێ خوە تەشریح دکن مەتلەبەک وان هەیە دوخازن، حەمی قەوم بێ جەریدەیە ئەو وەک مرۆڤێ لالە، نە کارە دەردێ خوە ببێژە، سەحنا کو چە حالی دەیە لبۆ ناڤێ کرمانج خوە دان هەڤ جەمعیەتەکێ چێکرن و جەریدەکێ دەرخستین و ناڤێ جەریدێ (کوردستان)دانن.

ئەڤ جەریدا ژێ تاریخ بوراندنا کرمانجا بەحس دیکە و کورد ژێ کو هاتین و چاڤا بوون ژ سەلامەتێ راو جنسێ خوەرا چە خدمەت کرنە دنڤیسن، ئەڤ جەمعیەتا مە مەزنیاو بلندبوونا کرمانجا دخەبتە ژبۆنا کرمانج ژێ مرۆڤ بن و جەمعیەتا چەکن و ب عەزمانێ خوە بنڤیسن و مەکتەبا ڤەکن و کتێبا عەزمانێ خوە بنڤیسین وەلاتێ خوە ژ دەستێ خەلکێ دەرخینن و ب دەستێ خوە وەک تێ خوە ئیسلاح بکن و ئیتیفاق بکن شەرو عەداوەتێ کێ ناڤ دایە دەرخینن و ئەم کڕێ یەکێن و ئەم مە دێ بێژن حەقێ کوردا ژێ هەیە خوە تەنێ ئیدارە بکن و لڤ جەمعیەتا مە لەگەل ئەهلێ ئەورووپا بێ ئەحوالێ کوردا تەشریح دکن.

حەتا ئەهلێ ئەورووپایێ بزانن کی لە دنێن کورد ژێ هەنن و حەقێ خوە ژێ دوخازن.

ئەم تەڤدا کرمانج ژ دلێ خوە ژ ڤێ جەمعیەتێ را و ژ مالێ میر بەدرخان رە کو ئەڤ رێ ژ کرمانجا رە ڤەکر تەشەکور دکین خودێ حەمی خەلقێن کو سەر قەنجیا کرمانجا رە دخەپتە بهێلە.

مەلا أ.کامی

کوردستان

ئەم دبینین ژ ڤی کاغەزێ کو کرمانج هشیار بوونە، ئومێدا مە زێدەتر دبە کو رۆژەک کو قەدری خەبتاندنا مە بێتە زانین.

---

**ژ بلینا مە یێ دجڤینێ خەبەرا ئەشقیاتیا کوردا ئالیێ دودوێ**

رۆژا ١٠ی تەموزی، کو سالی ٣٢٤ مەشروتیێ چێبوو، دیت سەر چیرە چەند هەزار مرۆڤ بسلاح ڤان، حکومەتی مەشروتیێ بەردا حەمی خەلقێ کو بۆ حەپسی ئەستانبۆلی دەرێخست حەمی خەلقێ ژ حەپس ئەزمیرێ و حەپس ئەشکیناندو ژ ئیعلانێ عەفی نڤیسی کو (حەمی خەلقێ کو موتەهەم بوون ژ جهێ سیاسەتێ، چون حەپس، رەڤین، مەحکوم، هەکە مرۆڤ ژێ کوشتیبوون عەفو بوون) کەنگی شوغل هات سەر کرمانجا مرۆڤ ئەستانبولێ ڤەکرن قەید ئەزمانا عەولێ، ڤان دەفتەرا کو بشاهدێ زۆر، حاکما بێ مەعریفەت، والیا دز چێکریبوون دبێژە بۆ ڤان خەلقێ کو حەقێ دوخازن دزن، مرۆڤ کوشتین لازمە بگرین، حکومەتی ئەستانبولێ ڤان قیودا تویی گرت و کەنگی فرسەتێ دبینە سەرڤێ خەلقێ کو ناڤ دیدە "ئەکرادێ بەدنیهاد" عەسکەرا رێ دکە و ڤان لیدە.

ژ ١٠ی تەموزێ حەمی حکومەتا رە کو هاتین سەر شوغلێ مە خەبتێ دا ئەم

راستی سەر ڤان رە بێخین، کەسێ گوە نەدا مە، ژ جارا عەولی کو حوسێن حیلمی پاشا سەدر ئەعزەم بوو، رێکر دەرسیمی متەصەرڤەکی حەمی قەنجیا ڤی ئەڤ بوو کو ژ جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقیێ مەلعونرە داخل بوو، ئەڤ متەصەرف ژ رۆژی کو هات دەرسیمێ دەسپێکر سەر ڤان خەلقێ عەسکەرا رێکەدا ڤان بگرەو باڤێژە حەپسێ، ژ کرمانجا رە هێسانی بو کو ڤی عەسکەری لێدن ئەما گوتن کو ڤی چێنەکین و متەسرڤی رە حەقی بێژین.

متەسەرف ئەستانبولێ رە ڤە کو خست نڤیسی ئەستانبول ژی نڤیساندیێ ڤیرە گوهدا، قوەتا متەسەرفی و کرمانجا دەسپێکرین شەری و کرمانج ئاڤێت عەسکەری حەیا باژاری دەرسیمێ، متەسەرف ژ ئەستانبولی ئاری خوەست حسین حیلمی ژی دەسپێکر عەسکەرا رێکت قوماندایێ مشیر ئیبراهیم پاشاییرە.

میراکرمانجاکوئەستانبولێ بوون ڤی حالی دیتن نڤیسین دەرسیمێ، پرسین چرە هۆلێ چێدکن، خەلقێ دەرسیمێ نڤیسین و گۆتن.

"ئەم زارۆن خوە، شوغلێن خوە هشتن چوون سەر چییێ ژ ڤی سەبەبا رە کو ئەم زولما حکومەتا سابقی قەبول نەکرن، هەکە ئەڤ قەبول نەکرنی قەباحەتە ئەنوەر و نیازی ژی ڤەکی مە. حکومەتا سابقی قەبول نەکرن.

نە تەنێ ڤان رە تشتەکی نابێژین، حەمی خەلقی دبێژن کو ڤان دەولەتی خەلاسکرینە بەر ڤێ مرۆڤێن مەزنێ وەلاتینە، ئو مە دینن رێکن مرنێ، ئەڤ چی مەشروتیەتە، چی راستییە، چی ئازادییە.

مادام ئەم ژی، ئەنوەر، نیازی و هەڤالا ڤان ژی ئیدارەکی عاسێ بوونە لازمە یا ئەم حەمی بهەڤرە بچین دارێ مرنێ، یا ئەم ژی ڤەکە ڤان عەفو بین. هەکە تەقلیدا حکومەتێ، ڤەکە دبێژن، نوو بوویە حەقی هەیە لازمە هۆلێ چێکە، هەکە چێنا کە ئەم دبێژن کو تشتەکی نوو نینە ئیدارەیێ دەولەتێدە، دیسا ئەڤ ئیدارە بی زولمێیە کو ئەم ڤێرە ژ گەلەکی شەر کرنێ عەلمینە، ویا شەریدە ببن) پاش ڤێ جوابێ راست، کرمانجا ئەستانبولێ چون نک حسێن حلمی پاشا داڤی رە راستی و حەقی بدن سەخ کرن. حسێن حلمی پاشا گۆت: حکومەتێرە نەلایقە کو ئەشقیارە ڤەکە کرمانجا دەلسیمێ خەبەرا درێژ بکە بێژن وەلاتیێن خوە هەکە نایێن خوە تەسلیم بکن، ئەمێ ڤانرە قوەتا حکومەتێ نشا بکین).

ڤەکە گۆتی، هۆلی چێکر، ئیبراهیم پاشا لەشکرەکی مەزنرە چو ل چیێن دەرسیمێ، موغدارا چەند هەیڤا شەری کرن"، ژ هەردوو ئالیێ گەلەک مرۆڤ هاتین کوشتن و بلندار بوون. کەنگی زڤستان هات، ئیبراهیم پاشاو لەشکرێ ڤی زڤرین و کوردا، کو ڤان میرا قەنجیرە فهێت ناکن ناڤێ ئەشقیا بدن، دیسا سەر چیێن خوە مان.

ئەڤ نەتەنێ دەرسیمێ هۆلی چێبو، ژ حەمی وەلاتا کرمانجا هۆلی چێکرن، تەئسیرێ مەشروتیەتێ ژ خەبەرا ئەشقیاتیێ کوردا ئەڤ نوکە، ژ ناحەقیێ زیدەتر بوون، ئێدی ئەم نابێژین ژ کرمانجا و مرۆڤا مەزنا ئەستانبولێ کێژان ئەشقیانین؟ ئەڤان کو لازمە کوشتنی ڤان مرۆڤێن مەزنێن هەردوو تەقلیدی دولتینەیا کرمانجن کو سەر چێین وەلاتێن خوە هێڤیا پیچکوکێ راستی و حەقی دمینن، ئەم دهێلین ژ هشی و حەقی یا ئێمە دوخینین دا ڤی بێژین مە.

---

**ژ شەری چە دقەومە**

ئالیێ ریڤایێ ئالمانا ڤان پازدە رۆژا دە تشتەکی نو چێنەکرین. خەبەرا کی تێ ژ ئالیێ ئالمانا دبێژە کو ژ (دیوینسق) و (لوترق)ی عەسکەرا روساو رومانا ڤان رۆژادە گەلەک دخەپتین، جها (دیوینسق) (ستوقود) (برودی) (تارینوپل) تۆچییا روسا گەلەک ئاگیرا لێ دخن. رۆمانا ژ ئالێن خوە ڤان رۆژادە دوشوغلین.

مارەشال هیگ دنڤیسە کو ئالیێ (ئاپیرەسی) مابەینا شەمەندوفەری (ستادون)ی و کەنالێ (ئاپیرەس)ی ئینگلیزا هجوما رابوون و ڤان دەمادە باران ژی هات دیسا ئالمانا شکناندن و ژوان پیچکوک ئەرز برن.

ژ ئالیێ (سەن ژولن)ێ ژی ئینگلیزا ئەرز برن ژ ئالمانا، ژ حالێ نەیارا هۆلی دو خویە کو ئالمانا ڤان رۆژا دە دەسپێ

هجوما بکن دا ئەرزێن ڤندا کرین دیسا ببن.

ئالیێ (فلاندر)ی دە ئالمانا (٣٠٠) ئەسیر برن. فرانسزا دبێژن کو ئالمانا ئالیێ (شامبانی)یێ، (ئەزەن)ێ هەکە هجوما دکن دا جهێن موهم و حاکم ژ ڤان بستینن.

ئەما فرانسز حەمی هجوما ئالمانا ب تۆپچیێن خوە دەفع کرین. ئالمانا ئیعتیراف دکن کو ڤان هجوما دە کی چێکرن گەلەک مرن و بلندار بوون.

ژ ئالیێ ئیتالیایێ ڤان پازدە ڕۆژا دە تشتەکی نونینە.

ژ ئالیێ پۆلتیڤەیی خەبەری مەزن ئەڤە کو جەنرال قۆرنیلوڤی ژ حکومەتێ کرنسکیرە عەسیان کر، ب عەسکەری خوە دەسپێکر بچە سەر باژارێ پتروغرادێ ئەما مۆسیۆ کرنسکی ڤی حەرەکەتی شکیناند و قۆرنیلونی دیکر حەپسی، پاشی خویا بو کو کرنسکی و قورنیلوف یەک بوون، بەرڤی مەباڤا ردیکە کو کرنسکی ژی ڤەکی پرەنسی لیونی حکومەتێ بردە خسوسا پاشی کۆنگرەیی کو نو وەبو.

ئەم دبێژین کو هەکە ئیرۆ دوخیە ڤە کو حکومەتی ڕوسیەیێ نکارە ئێدی شەریدە بمینە فکرێ مە ئەڤە کو نەهێسانی یە خەلاس ببەو ڕۆژەکی بێت کو دیسا ئەڤ بکارە نەیارێن خوە رە خەرابی چێکە.

کاغەزا کو ئالمانیا و ئۆستریا ڕێکرن پاپارە سەر ئیشێ سولحێ موهیمە، مە نە باقارە کو سولح نێزیک ببە ڤەکە دوخی یە ئەم دبێژین کو هێ گەلەک دوورە.

**شەرەف نامە**

خەبەرا عەول: پادشاها عەجەما زوحاک ماری، پێنجەم ژ مالی پیشدادیانرا نەساغ کەت، ناڤێ نەساغیا ڤی سەرەتان بوو، حەکیما گەلەک عیلاجا چێکرن ساغ نەبوو، هەر ڕۆژ ژ نەساغیا خوە قیرا ددە. ڕۆژەکی ئیبلیس هات نیک ڤی ڤەکە حەکیم کو، گۆت نەخۆشیا تەرە عیلاجەکێ هەیە! ئەڤە کو تو هەر ڕۆژ جوانەکی بکوژی هشێ ڤی تو دەرێ تەبی دێشە لێدی.

زوحاک ڤەلێ چێکر قەنجی دیت. دەسپێکر هەر ڕۆژ دوو جوانا سەر ژێ بکت هشێ ڤان هلینیت. چەند مەهی هۆلێ بوری، ڕۆژەکی ڤی شوغلیرە مرۆڤەکی قەنج، خوەدی ڕەحم ئانین، ئەڤی هەر ڕۆژ جوانەکێ سەر ژێ کر یادی هشت و گۆتە ڤی (داتونەگرن و تو ژێ و مژی نەکوژن برەڤە، پچە سەر چیێ، قەت نەگەرە ڤی ئالیێ).

حەمی جوانا خەبەری مێرکی گرتن، چون سەر چیێ، هێدی هێدی گەلەک بوون بزەوجین زیدەتر بوون، گوندا چێکرن.

عەزمانەکی پەیدا کرن بەر سەبەبا جامێری و میرانیێ ڤان رە ناڤێ کرمانج دان.

خەبەرا دویەم: دبێژین کرمانج ژ تائیفەی جنێ پەیدا بوون، خودێ تەعالێ پەردەیێ ژ سەر ڤان هەلگرت ڤەکی مرۆڤ خویا بوون.

خەبەرا سێیەم: دێف ژنا رە زەڤجی ژ زەڤاجی ڤی کرمانج پەیدا بوون.

-پاشیڤی هەیە-

**بەشی تورکی**

سیاسیات

**موختارییەتی ئیداری**

ئەو بەیاننامەیەی کە (بزیسۆ) نووسیبووی بەڵگەنامەیەکی گرنگە تیایدا دەڵێت: (ئێمە خەڵکی پاریس بانگەوازی هەر کەسێک دەکەین بۆ دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی ژیانی ئاسوودەیی و بەختەوەری هەر مرۆڤێک هەوڵبدات، ئەوە خۆی لەخۆیدا مافێکی سروشتی ئەو کەسەیە، لەگەڵ خۆیدا لەدایک بووەو بەهیچ شێوەیەک قابیلی دەست درێژیکردنە سەرو بەشکردن نییە، زۆریش پیرۆزە خەڵکی ولاتێک لەناو خۆیاندا هاوکاربن، لەدامەزراندنی بەڕێوەبەرییەکی ناوخۆییداو لە بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا بەیەکەوەبن، بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی و شارو ولاتەکەیان هەوڵ بدەن، سەرو موڵک و سەروەت و سامانیان لەدەستدرێژی کردنەسەر بپارێزن، هەورەها هەوڵبدەن ڕێگاو بانەکانی شارو پردو کانیاو و نەخۆشخانەو دامەزراوە گشتییەکانیش پارێزراو بن، لەهەمان کاتدا بۆ سزادانی ئەو کەسانەی بەپێچەوانەی یاسا ڕەفتار دەکەن هاوکاربن.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەموو خاڵانە پێویستمان بەسێ هێز هەیە، یەکەمیان ئەنجوومەنی (یاسادانان) دووەمین (داد) و سێیەمیان ئەنجوومەنی (ڕاپەڕاندن)، بەڵام

لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لەسەرەوە باسمان کردن لە توانای دانیشتووانی وڵاتدا نییە، بۆیە پێویستە کاروباری ئاسایشی خۆیان بەرەو ڕووی دەستەیەکی دەسەڵاتدار بکەنەوە کە ئەویش (شارەوانی)یە.

لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵانی شارو شارۆچکەکان بۆیان هەیە لەناوخۆیاندا ئەنجوومەنی فراوان دابمەزرێنن و لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا هاوکاری شارەوانییەکان بن.

ئەو دامەزراوانە بەهیچ شێوەیەک بۆیان نییە زیادەڕۆیی لەو دەسەڵاتانەدا بکەن کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان دراوەو ئەبێ لەگەڵ بنەماکانی دامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەتدا گونجاوبن.

بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەکات ئەنجوومەنی شارەوانییەکان ڕەزامەندی ئەنجوومەنی یاسادانان بەدەست بهێنن، هەروەها ئەنجوومەنی یاسادانان وردبینی کارەکانی ئەنجوومەنەکانی شارو شارۆچکەکان دەکات، بۆ نەهێشتنی هەر زیادەڕەوییەک لەنێوان ئەنجوومەنەکاندا ڕوویدابێت کە دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی پەیوەندییەکانی شارەوانییەکان نۆرە دێتە سەر دامەزراوەکانی شاری پاریس، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڕەزامەندیشی دەستەبەر کردووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووەو دوای گۆڕانکارییەکی زۆر ئەم شێوەی ئەمڕۆی وەرگرتووە.

**لە برینەکانی کۆمەڵایەتیمان!**
**پرسی چەتەگەری لە کوردستان دا**
**بەشی دووەم**

لە ١٠ ی تەموزی ٣٢٤ دا جاڕی مەشروتیەت درا، بەرەنگاری ئەو جاڕدانە لە کوردستان بە دەستی سەدان هەزار کەسی چەکدارەوە بوو.

لە ئەستەنبوڵ- بەندیخانە گشتییەکان چۆل کران، هەتا لە شاری ئیزمیریش هیچ زیندانییەک لە حەپسخانەکان نەمابوونەوە.

لەم جاڕدانەدا لە بارەی تاوانارەکانی سیاسی، هەتا ئەوانەش کە فیرار بوون، یان لە ژێر ناوی قاتیل تاوانبار کرابوون، یان ئەوانەی ماڵ و حاڵی هاووڵاتیانیان ویران کردبوو، بەر لێبوردنی گشتی کەوتن.

حکومەتی ئینقیلاب لە کاتی دۆزینەوەی کار بۆ ئەو هاوڵاتیانەی دەورە کۆنەکان، ئەوانەی بێ ناموس بوون. ئەوانەی بە دەستە پیسەکەی خۆیانەوە دەفتەریان پڕ کردبۆوە و پشکنینیان بە شتێکی پێویست دەزانرا.

بۆ شاهیدە درۆزنەکان، حاکمە نادانەکان، والیە دزەکان، ئەو دەفتەرانە پڕ دەکرانەوە.

دەیانگوت: ئێمە بە دوای حەق و عەدالەتەوەین.

بەڵام میللەتە فەوتاوەکەی ئێمە، کە داوای حەق و عەدالەتیان لێ بکەن، ئەگەر هیچ جۆرە تاوانێکیشیان نەبێ، بە بکوژو دز و شتی تر، تاوانبار دەکرین.

حکومەت ئەم دەفتەرە موزەوەرانەی بەسەنەدێکی ڕەسمی پاراستبوو، بەدرۆ دەیانگوت: ئەوە فەرمانی (باب العالی)یە لە هەر هەل و فرسەتێکدا هەر کوردەکە تاوانبار دەکرا، بەر لە ١٠ ی تەمموز ئەوانەی یەکتریان تاقیب دەکرد هەتا گەیشتنە شوێنە بەرزەکان و دەسەڵاتداری ئەوەی دەکەوێتە بەر دەستیان لەهەر فرسەتێکدا دەیانخستە ئەشکەنجەدان، ئەوانەی سەردانیان دەکردن دەبوایە سەر لە کابینەکان بدەن.

یەکەم کابینە لە زەمانی (حسین حیلمی پاشا) بوو، کە شاری (دەرسیم)ی بەلافیتەکانی (ئیتیحاد و تەرەقی) ڕازاندبۆوە، بەم بۆنەیەوەش (موتەسەریف) تەعین کراوە، موتەسەریف بەگ کە گەیشتە مەرکەزی لیوا، یەکەمین کاری، ئەوانەی کە لە کورد چەند ساڵێک لەمەو بەر بە غیابی مەحکوم کرابوون بۆ ژێر سیلاح ناردران. ئەو کوردانەی (دەرسیم) لە دەست زولم و زۆرداری پەنایان بردبووە بەر شاخەکان، ئەو هێزە چەکدارانەی کە لە بەرامبەریان ڕاگیرابوو بۆ تێکدانیان ئەوەی گوێی لێ دەبوو دەیگوت وانییە.

هەر چۆنێک بێ، لە سەر ئەوەشدا، چوونە لای موتەسەریف گووتیان ئەم

هێزە چەکدارەیان بۆ سەر ئێمە داناوە، بۆ ئەوەی ئەو زولمەمان لەسەر لابچێ، ئەستەنبۆل ئاگادار بکرێ بۆ ئەوەی مافمان پارێزراو بێ، کە موتەسەریف ئەوەی گەیاندە دەمانەوێ ئەستەنبۆل ئەوان ئەو داوایەی کوردیان پشت گوێ خست. ئێجرائاتەکەی موتەسەریفیان بە پەسند زانی.

کوردەکان لەسەر ئەو هێزە چەکدارەی کە موتەسەریف لە دەرسیم داینا بوو کەوتنە کێشەوەو بێزارییان دەربڕی.

کوردەکان گوتیان ئەو هێزە گەورەیە وا هەتا دەرگای دەرسیم ڕاکێشراوە، ئێمە ئەم شتە قبول ناکەین. موتەسەریف لەسەر ئەم حالە داوای یارمەتی لە کابینەکەی حوسێن حیلمی پاشا کرد، ئەویش لەگەڵ سەرکردەی کابینەکەی و لەژێر فەرماندەی موشیر ئیبراهیم پاشا هێزێکی سەفەری ئامادە کرد، میرە کوردەکانی دەرسیم ئەوانەی لە ئەستەنبۆل نیشتەجێن لە بارەی ئەم هێزە کەوتنە پرسیاری ڕوون کردنەوەی هۆی ئەم هێزە، ئەشقیایانی دەرسیم بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە:-

{ ئێمە کوردەکانی دەرسیمین، حوکمی ڕەهای ئەم مەئموورە دزو بێ ناموسانەمان قبوول نەکرد، کە حاکمەکانیان بەپێی هەواو هەوەسی خۆیان و بە ئیدارەیەکی زالمانە حوکمی ئێمەیان دەکرد، منداڵ و خێزانەکانمان کۆکردەوەو هەموو کارو کاسبی خۆمان بەجێ هێشت، پەنامان بردە بەر شوێنە شاخاوییەکان، لەگەڵ مارو دوپشک و ئاژەڵە کێوییەکان، بۆ پەیداکردنی بژێومان ژیانمان بوو بە یەک، (عیزەتی نەفسمان) ئێمەی بۆ ئەم کۆچ کردنە ناچار کردووە، مەشروتیەت کە هاتە کایەوە ئەوانەی گەورەترین تاوانبار بوون بردران، نەوەک هەر عەفو بەڵکو کاریشیان بۆ جێبەجێ کرا، ئێمەش کە کوردین بە تێهەڵدان و تێلاو دار بۆ حەپسخانەکان ڕەوانە دەکرێین، ئەمە چ مەشروتیەتێکە؟

بە شەقلێدان و لێخورین بە دار، ئەوە چۆن مەشروتیەتێکە مەشروتیەتێکی دوور لە ڕای دڵ و ئازادی و دادپەروەرییە، ئەگەر ئێمە لە ئیدارەی ئێوە ناڕازی بووین ئەوە لەبەر زوڵم و زۆرداریتان و ناڕازیبوونی (ئەنوەرو نیازی) بوو لەئێوە، هەر لەبەر ئەو ئیدارەی ئێوە نەبوو؟ (ئەنوەرو نیازی) تەرکی وەزیفەکانی خۆیانیان کرد لە لەشکرەکانتان، چونکە ئیدارەکەی ئێوەیان بە دڵ نەبوو، وەکو ئێمە، چوونە شوێنە شاخاوییەکان، چۆن دەبێ بەرامبەر هەمان ئیدارەتان (ئەنوەرو نیازی) خۆیان لە ئێوە جیا بکەنەوە دەبوا ئیدارەتان بەرامبەر ئەوان وەک ئێمە نەبوایە.

(ئەنوەرو نیازی) قارەمانی حوریەت و خولاسەکاری میللەت بوون، ئەوانش دەشوبهێننە ئەو کەسایەتیانەی لە زەمانی زۆر کۆندا لە دەست زولم و زۆرداریان لێیان جیا بوونەوە.

ئینقیلابەکەی ١٠ی تەمموز دەبێ یاریەدەرێکی ئامادەکردن بێ بۆ ئەوانەی وەک ئێمەی کورد ڕاوەدونراوین، ئەگەر دەورەکانی ڕابردوو بە (عصیان و جورمی ئەبەدی) بوو.

(ئەنوەرو نیازی) مووشیر (شەمسی) یان کوشت بە دەستی مولازم عاتیف و رەفیقەکانی، وەک ئێمە کەوتنە ژێر دار لیدان، نەک بۆ (عصیان). ئەوە بۆ مەملەکەت سوودی نییە، ئەگەر هێزێکی خۆشبەختانە بێ ئێمەش وەک ئەنوەرو نیازی و کەسانی تر لە عەفوکردنێکی عمومیدا، بە ئومێدی سوود وەرگرتن دەبووین، ئەمما ئێمە بە بەنی ئادەمی هاتوینەتە دنیاوە، ئەدی ئەو قەهرەمانانەی حوریەت بووین، کورد هەتا ئەمڕۆ ئەو زولم و زۆرداریەی ئێوەیمان چەشتووە، ئەگەر لەجیاتی ئەو زولم و زۆرداریەدا حکومەتێکی ئازادو دادپەروەر بێتە سەر حوکم دەبێ چاوەڕوانمان لەم حوکمەدا ئەوەبێ، بە پێچەوانەی ئەو حوکمەی ئێوە بێ.

بەڵام ئەگەر (حوریەت و عەدالەتەکە) هەر بەناوبێ و وەک هی ئێوە بێ هەمان هێزی ڕەش، ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا لە زەمانێکی زۆر کۆندا چاومان کراوە بوو بۆ ئازادیخوازی، هەولمان دەدا بۆ ڕزگار بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆکەش هەر هەوڵ دەدەین بۆ ڕووخانی،

هەولێر ناوەندی کتێب

هەر بەردەوامیشین.
دەیانگوت: کوردەکانی دەرسیم هاتوچۆی حوسین حیلمی پاشایان کردبوو، بۆ ئەوەی حەق و حقوقیان بپارێزێ، ئەویش لە وەڵامدا ئەمەی خوارەوەی بە گەورە پیاوەکان ڕاگەیاندبوو.
موزاکەرەکردنی حکومەت لەگەڵ ئەم جۆرە ئەشقیایانە دەبێتە شتێک وەک پێچەوانەی حەیسیەتەوە وایە، بەبێ قەیدو مەرج دەبێ بکەونە ژێر فەرمانی حکومەتەوە، ئەوەیش فەرمانەو ڕەتناکرێتەوە.
لە ئەنجامدا هێزە سووپاییەکەی ژێر فەرماندەی (ئیبراهیم پاشا) ناردرایە سەریان، هێزەکە بریندارو کوژراوێکی زۆری لێ کەوتەوە، هێزەکە وەرزی زستانی بەسەردا هات لە شاخ نەحەوایەوە و گەڕانەوە دواوە، ئەو قارەمانانەی بە ئەشقیا ناونرابوون لە شوێنەکانی خۆیاندا مانەوە، ئەو حاڵەی کە لە دەرسیم ڕویدا، کەم و زۆر، لە هەموو شوێنەکانی کوردشیندا ڕوویداوە.
ئەوانەی لە (١٠)ی تەمموزەوە بەرەو شوێنە شاخاوییەکان چووبوون بە ژمارە زۆرەکانیانەوە لە فەیزو بەرەکەتی مەشروتیەت دوور بوو، لە دەسبەتاڵی بەولاوە هیچ جۆرە گۆڕانکاریەکیان بەسەردا نەهات، هەر کوردە ئەشقیاکانمان نەبوو، بوونە قوربانی دەری ڕابردوو ئێستاکەی ئەوانەی لە ئەستەنبوڵ ئەرکانی حوکمیان بە دەستەوەبوو؟
یان ئەو کوردانەی لەناو شاخەکاندا بە پەنابەری دانیشتبوون چاوەڕوانی عەدل و مروەتن، هەر ئەوان زەخم دیدەی میللەتم نەبوون؟
لە کۆتاییدا ئەوەش جێ دەهێلم بۆ سەر بڕیاری خوێنەرانی ئازیز، کە بەویژدانەوە حوکمی لەسەر بدەن.

---

## پوختەی هەواڵەکانی جەنگ

ئەڵەمانەکان لە شەڕی (ریڤا)دا هێرشیان کردبوو دوای زیانێکی زۆر ناچاربوون پاشەکشێ بکەن.
لە (دیونسک) و (لۆتسکی)دا ڕووس و ڕۆمانییەکان خەبەریان وەرگرتووە لە گەرمەی شەڕی ئەڵمانەکاندا، چاوەڕوانی ئەو هێرشەیان بوون.
ڕاگەیاندنێکی ئەڵەمان دەڵێت تۆپخانەی ڕووس لە (دیوینسک) و (ستۆکۆد) و (برۆری) و (تارنۆپۆل) دەستی بە چالاکییەکی توندوتیژ کردووە، ڕووسەکان لە (بوگووینی) و و ڕۆژهەڵاتی (ئەریورا) بەرەو پێش ڕۆیشتوون.
ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی نووسیوێتی ڕۆمانییەکان لەبەرەکانی خۆیاندا لەسەر هەراسانکردنی دوژمنەکانیان سوورن.
دوا ئاگادارییەکان وادەگەیەنن ڕووسەکان لە باشووری ڕۆژهەلات (ریڤا) سەرێکی پردی (ژاقۆیستاد)ی سەر (دیۆنیا)یان گرتووەو سەرقاڵی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئەڵەمانن لە دەوروبەری (ریڤا).
(مارش هیگ) دەڵێ لەبەرەی شەڕی (ئەپیرەس) بەدرێژایی (١٣) کم لەنێوان شەمەندەفەری (ستادەن) وە کەناڵی (ئەپیرەس)دا ئینگلیزەکان هێرشیان کردووە. ئەڵەمانەکان لەو دەوروبەرەدا لەهەموو بەرەکانی دیکە بەهێزترن. وێڕای ئەوەی خاکی ناوچەکە دارستان و بێشەڵانێکی زۆر چڕەو لەکاتی شەڕەکەشدا بارانێکی زۆر باریوە، ئینگلیزەکان لە ڕۆژهەڵاتی (سن ژولیەن) زۆر پێشکەوتوون.
هەرچەندە ڕۆژنامەکانی ئەورووپا ئەو پێشکەوتنە (١٨٠٠) مەترییە بەسەرکەوتنێکی گەورە لە قەڵەم دەدەن، لەهەمان کاتیشدا باس لە سەرکەوتنەکانی (مارشاڵ هیگ)یش لەبەرەکانی دیکەدا ئەکەن.
هەروەها فڕۆکەکانی ئینگلیز لە بەرپەرچدانەوەی هێرشە بەرامبەرەکانی ئەڵەماندا زۆر سەرکەوتوو بوون. ئەڵەمانەکان بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو بنکانەی کە لەمەیدانەکانی جەنگدا لێیان داگیرکرابوو لەم بەرەیەدا دەست بەجموجوولی نوێ دەکەن، ئەمەیش لەخۆ ئامادەکردنی سەربازیی دوژمندا دەردەکەوێت.
لەکاتی بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی توندی ئەڵەمانەکان لەدەوروبەری (فلاندەر)

دەستگیرکردنی (٣٠٠) دیل ڕاگەیاندرا، ڕاگەیاندنەکانی ڕەسمی فەرەنسە دەڵێن ئەڵەمانەکان بەهیوای باڵادەست بوونیان لەو بنکە گرنگانەی (ئەزن) و (شامپانی) و (وەردون) لەهێرشکردندان و ئەم جموجووڵە دەستدرێژییانەی ئەڵەمانەکان بە بەرەو ڕووبوونەوەی لەگەڵ تۆپخانەی توندی فەرەنسییەکان بەکۆتایی گەیاندرا.

لەدوا ڕاگەیاندنی فەرەنسییەکاندا دەردەکەوێت هێرشە بەرامبەرییەکانی ئەڵەمانەکان بەرامبەر (هورتەبیز) بە ئەوپەڕی توندییەوە پاشەکشێی پێکراوە.

ئەڵەمانەکان، لەدواترین دەستدرێژییاندا، لەبەرە جەنگییەکانی ئینگلیزدا ئەمە بەزیانێکی زۆری خۆیان دادەنێن.

(مارشاڵ هیگ) باڵادەستبوونی ئینگلیزەکان لەو بنکانەی دەوروبەری (فلاندەر) کە داگیریان کردوون، بە فەرماندەیی خۆی ڕادەگەیەنێت.

لەبەرەکانی جەنگی ئیتاڵیادا، لەماوەی ئەم پانزە ڕۆژەدا، هیچ جۆرە جموجووڵێکی گرنگ ڕووی نەداوە.

لە ڕوانگەی ڕامیارییەوە، گرنگترین ڕووداوی ئەم پازدە ڕۆژە، ئەو هێرشەیە کە (جەنەراڵ کۆرنیلۆف) کردییە سەر (پترۆگراد) و شکاو واشدەرکەوتووە کە ڕێککەوتنێک لەنێوان (کرنسکی) و (کۆرنیلۆف)دا هەبووە.

ئەو کۆنگرەیەی کە لەم ڕۆژانەی دواییدا لە (پترۆگراد)ی ڕووسیا سازکرا لەجیاتی هەوڵی کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی بارودۆخەکە بدات، ئەو ئاڵۆزییەی زیاتر کرد و وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەمە وەک (شازادە لیوْڤ) پێشەکییەک بێت بۆ لابردنی (مسیۆکرنسکی). بەهەرحاڵ هەرچییەک بێ بە قەناعەتی ئێمە سوپاکانی ڕووسیا وەک باسی لێدەکەن هەروا بە ئاسانی ناتوێنەوەو بە هەموو شێوەیەک هەمیشە بەهێزێکی شایستەی سەرنجڕاکێشەر دەمێننەوە.

وەڵامی یاداشتەکەی پاپا لەلایەن ئەڵەمانیا و هاوپەیمانەکانیەوە شایستەی تێڕوانینە. ئێمە وامان بۆ دەرکەوتووە ئەو هەموو هەراو هۆریایانەی لە گۆڕێدان ئێستا زۆر دوورن لە ڕێککەوتن.

> لێرەدا چەند دێڕێک لە (شەرەفنامە) لەبیر کراوە دابنرێ.
>
> عەبدوڵلا زەنگەنە

### داب و نەریت و خوو و ڕەوشتی کوردەکان

کوردەکان بەپێی داب و نەریت و زمانیان دەکرێن بە چوار بەشەوە (کرمانج. کەڵهور. لور. گۆران) سنووری کوردستان لەو خاڵەوە کە بەهورمز ناو دەبرێت کە دەکەوێتە کەناری دەریای هند، دەست پێ دەکات و بەهێڵێکی ڕاست لە مەلاتیەدا تێدەپەڕێت و لە مەرعش کۆتایی دێت. باکووری ئەم هێڵە ویلایەتی فارس، عێراقی عەجەم و ئەرمەنستانە، باشووریشی دیاربەکرو موسڵ و عیراقی عەرەبە، بەڵام لە دەرەوەی ئەمەدا لە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات تا کۆتایی وڵاتی مەغریب هۆزی جیاجیای کورد هەیە.

لەبەر ئەوەی کوردەکان ئازاو تووڕەو سەخی و لووتبەرزن و لەبەر ئەوەی لە ڕادە بەدەر ئازاو دەمارگیرو زۆر مەردن هەمیشە ئامادەی شەڕو پێکدادانن لەگەڵ یەکتریدا، بۆیە لەکاروباری دنیایی و مامەڵەی گرنگ بێ ئاگان.

بەو هۆیەوە کە زۆرینەی کوردەکان شافعی مەزهەبن، زۆر پابەندن بەکاروباری ئایینییەوە. ئەو کوردانەی دەوروبەری ناوچەی موسڵ و شام، کە بەشێکن لە هۆزەکانی (بەختی، مەحموودی و دەنبولی) لەسەر ڕێبازی ئێزیدین. زانا ئایینیە گەورەکانی کوردستان زیاتر لە دەورویەی (ئامێدی) پێگەیشتوون.

زانا ئاینییەکان لە حەدیس و فیقە و نەحوو کەلام و لۆجیک و واتادا ئاسەواری زۆر گەورەو گرنگیان هەیە.

ئەم قەومە لەبەر ئازایەتی و قارەمانێتییان ناونراون (کورد). وەک مێژوو تۆماری کردووە هەرە بەناوبانگترین قارەمان کە لەسەردەمی حوکمڕانی کەیقوباد پاشادا دەرکەوتووە (ڕۆستەمی زاڵ)ە.

-پاشیقی هەیە-

مدیر مسؤول: آزیزی احمد



ژماره ٤
شوێنی بەڕێوەبەرایەتی
مصر القاهره سندوقی پۆسته ٥٨٠
دانەی ١ قروش
ئابۆنەی سالانه ١٥٠ شەش مانگ
٨٠ غروش

کردستان

هەژمار ٤
جەهێ نڤیساندنێ
مصر القاهره عولبەک پوستەیی ٥٨٠
جەریدەکی ١ قەمەرییە
سالیا ڤی ١٥٠ شەش هەیڤیا ڤی
٨٠ قەمەرییە

پازده رۆژا جارەکێ دەردکەڤیت ڤەنجیا کرمانجاره دخەپتیت
جەریدەیێ کرمانجایه
هەر پازده رۆژ جارێک بۆ سوودی کوردان بڵاودەکرێتەوە رۆژنامەیەکی کوردییە
٣٠ زولحجه ١٣٣٥
جەهێ فرۆتاندینی، جهێ تەوزیعێ: مکتبه التألیف شارع عبدالعزیز مصر

**ئالییێ کرمانجی**

چاڤە دبورە

-٤-

**موختارییەتێ ئیدارەیی**

سالا ١٧٩٠، مەجلسا مللەتا فرانسەیی لایحەکی دایە بۆ چیکرن، ناڤ ناساکی ڤی کاغدی نڤیسن (دانتون) ژی هەبوو ڤان گوتین کو:

"مەجلیسا باژارا پارسێ دیڤە چێبە تینی ژ ئەساسی مەجلیسا باژارا، مەجلیسا پاژارڤە کو خانی کی یە، حەمی خەلقێ تێدە حەمی شوغلیدە بهورەنە، حەمی حکومەتا دە هەر خەلقێ رە حەقی ئازادیا نڤیسینێ، حەقێ ئازادیادا تشتێن ڤی هەبە، ئەمنیەتی و حەق کو هندایی نەحەقی رە ددین، ڤەکە مرۆڤەکی، ڤان حەقارە مرۆڤ ون ژی، چوقە زێدە ببن ما لکن، بەرڤی کو دوو مروڤ هۆ بوون حکومەت نکارە حەقێ ڤان بستینە، هۆلی هزار مرۆڤ، سەد هزار مرۆڤ ژی دکارن ب هۆ بنە هەر یەکی ژ ڤان حەمی حەقێن خوە تینەو بەرڤی بێ حەق نامینە، ئەڤ مەیدانیدە یە کو ڤەکە مرۆڤەکی ئەڤان جەمعیەتا ژی حەمی ڤان حەقا هەنە، ڤەکە خانیەکی دە مەزنێ عائیلەیێ حەقێ ڤی هەیە فکرە دا ناڤ خانی تشتێن خراپ نەبە، هۆلێژی ڤان جەمعیەتا حەقێ ڤان هەنە شوغلێ پۆلیسی ناڤ خوە دە چێکن، حەمی حەقی باژارا دەردکەڤە ژ حەقا یەکبوونی و پۆلیسی، هەکە حەمی خەلقی باژارای نکارن حەمی شوغل بهورە چیکن، بەرڤێ ژناڤ خوە دە چەند مرۆڤا رە دهێلەن ڤی شوغلی چێکن دیسا باژارە ڤی شوغلی چێدکە مادام ڤان مرۆڤا ژ حەمی خەلقی باژاری دەردکەڤە.

ڤەکە دوخویە باژار کو ڤە کو مرۆڤەکییە بەر حکومەتێ، شوغلێن حکومەتێ و باژاری ڤەکە شوغلێ حکومەتێ و مرۆڤەکییە.

باژار ڤە کو مرۆڤەکی لازمە ژ ئەمرێ قانونێ دەرنەکەڤەو حکومەت ژی حەقا باژاریرە ڤەکە حەقێ مرۆڤەکی دەستێ خوە درێژ نەکت).

حەمی مرۆڤێن مەزنێن شەرێ هندرێ فرانسەیێ، ژ کێژان ئالی ببن، هۆلێ فکر دکە بوون.

رۆبەسبیر دبێژە بو: (قانون دیکارە تنێ شوغلێ خراپ رە بێژە مە ئەم چێنەکن و شوغلێن قەنج رە بێژیت مە ئەم چێکن...) ڤەکە ڤی (سەن ژوست) ژی، دبێژە بوکو: (مەجلسێ باژاری، ڤەکە مەجلسێ عائیلەیە، حەقێ حکومەتێ نینە خوە ڤێرە تێکلهەڤ بکت).

موسیو (ئەمیل ئاقوللاس) ژی کتێبیدە کو نڤیسی، گوت: (موختاریەتێ مرۆڤی سەری حەمی حەقی ڤی یە مرۆڤەکی حەقێ ڤی یێ مەدەنی و سیاسی هەیە، حەقێ ڤی ژ موختاریەتێ رە ژی هەیە، باژار کو حەقی مرۆڤین ڤی هەیە موختاریەتی رە، حەقی ڤی ژی هەیە موختاریەتیرە).

کەنگی سالی ١٢

تەمووز ١٨٨٠یدە فرانسەیی قومیسیونەکی چێکرن دا حەقا مەجلیسا باژارا بنڤیسین هۆلی نیڤیسن: "ئەمی کەنگی ڤی کاغدی نڤیسی مە گۆت کو لازمە حەقێ حەمی خەلقی ئەم موحافەزە بکین. مەجلیسا باژاری لازمە بکارە حەمی شوغلێ خوە تنێ چێبکە.

تیرنا کو تنێ ئەم ڤێ قبوول بکن، لازمە ژی ئەم ڤێ بهێلن مەجلیس باژارارە ئیزنی کو ڤێرە لازمە دا بکارە بیشتەغیلە، هەکە ئەم مەجلیسا باژاری چێکن و نەدین ڤی ئیزنێ ببە ڤەکە مرۆڤی دەستێ ڤی و لنگی ڤی گرێداو بەرڤی خارونی قەنج و ریێ سپەخی هەیە، ئیدی لازمە ئەم ڤی خەبەری کون کو مەجلیسا باژارا و حکومەتێ نەیارێ هەڤن بەردین. سەخبکین کو هەکە. حکومەت قەنج ببە مەجلس ژی قەنجە، هەکە مەجلس خراببە حکومەت نکارە قەنج ببە).

## کاغەزێ هاتییە:

جوانی کرمانجا ئەم ژی سالی ١٢٦٢ ڤر دە روبەرو شوندا دچین و توکەسەک تو نینە ژی مەرا ببێژە ئەی گەلی کرمانجنۆ هشیار ببن چقاسە بەلا و موسیبەتە ژوەرا هاتیە هون دبێژن حیکمەتی خودێ وسایە مێزەکن حیکمەت خودێ تەعالا چاوایە ژ وەرا ببێژم حیکمەت خودی تەعالا ژ حەموو مەخلوقی وەک خەت تەلغرافێ بلا بۆی هەرقەومەکە قاسی شەهرزا بوونە حەو ژ وی قانون رەبانی کو سەر حیکمەتا خودێ تەعالا تەئسیس بوویە عیلم و مەعریفەت ئیقتیباس دکن ئەڤ قانون رەبانی نورانی ئوفق ئەزەلیدە بیچیا قودرەتی راکریە ئیتیحاد و تەرەقی حەمو تەعەبودا ئەمر کریە هەر شەعب کو ئالیەک ئیختیار کرنە هنەکان بدنی گرتن تەمام دڤی حاسل کرن مینا ئەهل ئاوروپایێ تەرەقی یەکبوونا دان مەعلوما هەر مرۆڤی یە؟! سەر زەعمێ وان ب ئاخیرەتێ دکرن، ئەڤ شەعبا مرۆڤا دکوژن، گوندا تالان دکن، ربویان ژی رێ قوت دکن ئەڤ وقوعاتان واقع بوون و دین خسوسا سالی ١٣٢٢ شەری کو مابەینا ملاندە قرە کچیاندە چێبوو ژ زەمانێ ئەولدە حەیا نها شەریکە وسا مەزن و فەزیع توناڤ ملەتەکە چێبوو بوو وەلاکین تاڤ کورداندە چێبوو مع هذا مەزن و مەلای کرمانجا شەڤ و رۆژ کەلامی خدێ و حەدیسێ پێغەمبەری دخونن و خوندن ددن و باژارێ مەزن مەزن دکرن قەت ژێ ڤێ غەفلەتی هشیار نابین ئەز؟! خو دبێژم سەبەبێ دی ئەڤە کو ژ قەرنێ عەولی حەیا نها تو کەسەک مەکتەبەک بونا زمانێ کوردان ڤەنەکرن خسوسا قەواعید کو ژێرا چێ نەکرن مینا سەرڤ نەحو کو حەتا جەریدان و مجەلان ب زمانێ کوردان دەرێخن بونا حەموکەس فەهم بکەو بخونە مەعنا ئیتیحاد و تەرەقی چ بە بزانن ئیرۆ جوانا کوردان مینا جوانێ ترکان دکن، ئەڤ جوانێ ترکان ژ دەرڤا دەرڤا ئیتیحاد و تەرەقی یێ مللەتی خوە دخستن و ژ مللەتی خوە رە ب خیتاب کو خیتابی دکر نەکە ئەڤ خیتابا مللەتێ وان فەهم نەدکرن بۆنا ڤی مللەتێ وان حەیانێ ئیرۆ مینا مرۆڤا غەریب ل وان مێزە دکن بۆنا ڤی بەر عوقەلایێ کرمانجان واجبەکە بەری هەر تشتی مەکتەبەکە ئیبتیدائی بۆنا تەعلیم لوغەتێ کوردی ڤەکن و تەحسیلێ وێڕا ئوسوڵا مەعقولە دابنن ژ ڤی پێشدا حروفاتێ لوغەتێ کوردی دانن ئەڤ زەن مەکن تشتەک سەهلە بۆنا ڤی هیمەتەکە مەزن دخوازی هیڤیا مە ژ خودێ تەعالا هیداڤ جەمعیەت کوردا نەکە نهۆ چێبوویە ژ بۆنا کوردان تشتەک هیجایی چێ بکن والله الموفق

عەبدولسەتار ئەلکوردی

کوردستان

چۆقا ئەم دبینن جوانا کرمانجا هشیار دبن، ئەم ژی ریێ مەگرت زێدەتر بخەپتین.

---

**شەرەف نامە**

**تەقلیدا، تەبعا کرمانجا**

کرمانج ژ ئالییێ عەزمان و تەبع ب ناڤێ کرمانج، لوڕ،

کەلهوڕ، گۆران چاری تەقسیم دبن، حدودا کوردستانێ ژ کەندێ هورمزی حەیا بەحرێ هندی خەتەکی راست رە حەیا مەلاتییەیێ جنوبێ دیاربەکر و موسل و عیراقی عەرەب هەیە.

ئەما پاشی ڤان جها ژ ئەقسایێ ولایەتێ مەشریق حەیا نیهایەتێ دیارێ مەغریب حەمی جهادە کرمانج هەنە.

کرمانج گەلەک جامێر، غەیورو موتەکەبرن، ئەڤ جامێری وغیرەت و شجاعەت سەبەبە کو حەمی هەر رۆژ مابەینی خوە دە سەری دەنە حالێ دنێ فکر ناکین، شوغلێن خوە هۆلی دهێلین.

گەلەکی کرمانجا شافعی نە، خەبەرا خودێ و رەسولێ ڤی گەلەک دکرن ژ ئالیا شامێ و موسلێ و ناڤ عەشیرا مەحمودی دنبلی و بەختی ناس هەنە ب مەزهەبێ یەزیدێ.

مەلایا کرمانجا زێدەترن ژ ئالیا عەمادیەیێ دەر دکەڤە، ژ حەدیسێ، فقهی، سەرفی، نەحوی، کەلامیی و مەنتیق و مەعانیێ گەلەک مەلایێن مەزن دەرکەتنە و کتێبێن باش نڤیسینە.

ناڤێ کرمانج دانەڤی قەومی ژ بۆی میرانیێ ڤان ژ مرۆڤێن میرێن مەزن کو راڤیا نڤیسینە رۆستەمێ زال کو رۆژا شاه کەیقوبادی هاتیبوو خوێ شاهنامە فردەوسێ توسی ژ ڤیرە رۆستەمێ کورد ناڤ دابوو کرمانجەڤە کو بەهرام چوبین، گرکین میلاد، مەلا تاجدین و فەرهاد کو دەرکەتبو ژ کرمانجێن، عەشیرا کرمانجا هەمیشە پێکڤە بێ تفاقن، دائیم ب تەمەروود و شیقاقن، مابەینا ڤاندە ژ ناڤێ خودێ تشتەکی دی تفاق نینە.

جینارا کوردستانێ کو چوون سەر کرمانجا داڤان زەبت بکن، حەمی ژڤی شوغلی پوشمان بوون، پیچکوک هورکی کەبرن ژ کرمانجا مەقسودا ڤان حاسل دیبە بو.

**سەحیفەی عەولی**

**فەسلێ عەولی**

**سولتانا دیاربەکر و جزیری**

سولتانا عەولی کو ژ کرمانجا حکومەتێ دیاربەکر و جزیری چێکر (سولتان ئەحمەد بن مەروان)ە قادر عەباسی ڤیرە ناڤی نەسرولدەولە دا و ناڤێ ڤی هۆلێ ما. دودو و پێنجی سال حکومەتی چێکر، هەفتێ سالی دە مر سالی (٤٥٣). ژ توغرل بەگێ رە، سوڵتانا سلچووقی رە هەڤالی کربوو.مرۆڤین ڤی یێ مەزن فەخرولدەولە بن جهێر و ئەبولقاسم مەغربی بوو، دبێژن کو نیک ڤی سیسەد و هەشتێ ژن هەبوو هەر ژنی رە سالی جارەکی دیگرە بوو.

-پاشیڤی هەیە-

---

**بەشی تورکی**

سیاسیات

-٤-

**موختاریەتی ئیدارە**

ئەنجوومەنی میللیی فەرەنسە لە نیسانی ساڵی (١٧٩٠)دا، (کۆمیسۆن)ێکی پێکهێناو لائیحەیەکی تایبەتی بۆ دامەزراوەکانی (کۆمۆن) ئامادە کرد.

(دانتۆن) کە یەکێک بوو لە ئەندامان، لەبارەی هۆکاری پێکهێنانی ئەو (کۆمیسیۆن)ە دواو وتی: ئەو بنەمایەی کە دامەزراوەکانی کۆمۆنی پاریس دەیکاتە پاڵپشتی خۆی بە هەموو مانایەکەوە دەبێتە بنەما بۆ (کۆمۆن).

کۆمۆنێک سنووری دیاریکراو بێت، بەرژەوەندییەکانی هاوبەش دەبن و کۆمپانیایەکی بەرژەوەندیی هاوبەش دەگەیەنێت.

لەهەموو حکومەتێکدا یاسا ماف ئازادی، کەسێتی و کارکردن و ئاسایش و بەرهەڵستکاریی زۆرداری و ستەمی بە میللەت دەبەخشێ. یاسا بەدابینکردنی ئەو مافانە. بەکارهێنانی ئەو مافانەو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان، کەم یا زۆر، بۆ لێهاتوویی و چالاکی و زیرەکی ئەو کەسانە خۆیان جێ دەهێڵێت.

هیچ کاتێک یاسا دەست لەکاروباری هیچ کەسێک، لە بەکارهێنانی مافەکانیدا بەو

شێوەیەی کە بیرو بۆچوونی خۆی پەسەندی کردبێت، وەرنادات. ئەگەر بێتو حکومەت بەناوی ڕێنماییکردن، بۆ باشتر بەکارهێنانی مافەکان، دەست لەکاروباری کۆمۆنەکان وەردات، ئەو کاتە هیچ جۆرە ئاسەوارێکی ئازادی و سەربەستیی بەکارهێنانی مافەکان نامێنێت.

هەر تاکە کەسێک بەپێی مەرجەکانی ئەو کۆمەڵەی تیایدا دەژی بۆ دەستەبەرکردنی بەکەڵکترین و زۆرترین سوود بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت دیاری دەکات. هەموو کەسێک لەجێبەجێکردنی ئەو کارانەدا، کە خۆی ئارەزووی کردنیانی هەبێت، بەتەواوی سەربەستە، بەمەرجێک یاسا قەدەغەی نەکردبن.

هەموو کەسێک بۆی هەیە، هەر خۆی وەیا لەگەڵ کۆمەڵێکدا، ئەو مافانەی پێی دراون بەکاریان بهێنێت، ئەمەیش نابێتە لەدەستدانی مافەکانی و هەروەها لەبواری پاراستنی ئاسایش و بەرهەڵستکاریی جەورو ستەمیشدا مافەکانی لەناو کۆمەڵدا پارێزراو دەبن.

هەروەکو چۆن سەرۆکی خێزانێک بۆ پاراستن و ڕێکوپێکی خێزانەکەی دەسەڵاتی پۆلیسیی هەیە، هەروەها کۆمەڵیش لەناوخۆیدا، بۆ پاراستن و ڕێکوپێکی کارەکانی، دەسەڵاتی پۆلیسیی هەیە.

لەهەمووئەمشیکردنەوانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمۆنێک لەدیدی حکومەتدا، وەکو تاکە کەسێکی میللەت وایە، ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان کۆمۆن و حکومەتدا هەن وەکو پەیوەندیی تاکە کەسێک و حکومەت وایە.

هەروەکو چۆن کۆمۆن لەکارەکانیدا ڕێی سەرپێچیکردنی یاسای پێ نەدراوە، لە کۆمۆندا حکومەتیش پێویستە لەسەری مافەکانی ئازادیی کەسێتی و کارکردن و ئاسایش و بەرهەلستکاریی بەرامبەر بەزۆرداری بناسێت.

مافەکانی کۆمۆن لەخاڵی کۆتایی مافە گشتییەکانی حکومەتدا دەست پێدەکات.

هەموو سەرۆکەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسە، سەر بەهەرچی تیپێک بووبن، هەموو ئەم بنەمایەیان پەسەند کردبوو.

(ڕوبسپێر) دەڵێت: تەنیا ئەوەی زیانی بۆ کۆمەڵ هەبووبێت یاسا ڕێی لێدەگرێت، بەڵام ئەوەی بۆ کۆمەڵ سوودبەخش بێت ڕێی پێ دەدات.

چەند ڕۆژێک بەر لە دەرکردنی (ژیروندەن)یەکان لە ئەنجوومەن، (سەن ڕوست) وتبووی: شارەوانی ئەنجوومەنی خێزانی میللەتە، هیچ کاتێک حکومەت مافی ئەوەی نییە بچێتە ناویەوە، مسیۆ (ئەمیل نکوبلاس) لەمەڕ وردبینی مافەکانی شارستانێتی و ڕامیاری میللەتدا دەڵێت: سەربەخۆی کەسێتی بناغەی هەموو مافەکانێتی. هەر کەسێک خاوەنی مافەکانی شارستانێتی و ڕامیاری بێت، سەربەخۆیی بەڕێوەبردنیشی لە موختارییەتدا هەیە.

کەسانی موختاریەت دەبنە بەڕێوەبەری کۆمۆن، یا مەملەکەت بێ بە تەبیعەتی حاڵ دەبێتە مالیکی بەڕێوەبەرایەتی.

لەو ڕاپۆرتەدا لە فەرەنسە کە کۆمیسیۆن لەبارەی وردبینکردنی ئەو دەسەڵاتانەدا کە پێویستە بدرێت بەکۆمۆنەکان، لە ١٢ی تەمووزی ساڵی ١٨٨٠دا دەڵێت: (لەو کاتەدا کۆمیسۆنەکەمان سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکە بۆ مەبەستی دەستدرێژی نەکردنە سەر ئازادیی هیچ کەسێک کە ئەوەش مادەیەکی زۆر سادەیە گرنگییەکی زۆریشی پێداوە.)

بنەمای دامەزراوەکانی (کۆمۆن): هەر کۆمۆنێک کاروبارە تایبەتییەکانی خۆی بەو کەسانە بەڕێوە دەبات کە خۆی هەڵیبژاردوون و بەرامبەر کۆمۆن لێپرسراون.

ئەم مەسەلەیە لەلام تەنیا بە قبووڵکردنی ئەم بنەمایە تەواو نابێ، بەڵکو پێویستە حکومەت لەگەڵ قەبووڵکردنی ئەم بنەمایەدا، گۆڕەپانی چالاکییەکانی بۆ ئەم لێپرسراوانە بەکراوەیی

هەواڵنامەی کتێب

جێ بهێڵێت. بەپێچەوانەی ئەو لێپرسراوانە وەکو کەسێک وایە سییەکانی لە هەوا بێبەش کرابێ گەدەی لەخواردن بێبەش بێت، یا وەک کەسێک لە ژوورێکی تەنگدا بەندکرابێت و دەست و پێی بەسترابێت، ئەو کۆمۆنانەیش کە دەسەڵاتی پێویستیان نەبێت هیچ سوودێکیان نابێت. تا حکومەت خۆی لە هەموو کارێکدا هەڵقورتێنێ هەموو کارەکان لە ناوەندەوە بۆ ئیدارەبن، هەموو کاروباری بەنیوە چڵی بەجێ دێڵێ و لە ئەنجامدا سەری لێ دەشێوێ و هەموو شتێک دەدۆڕێنێ.

ئیتر ئەبێ واز لەواهیمەی دژایەتیی نێوان حکومەت و کۆمۆنەکان بێنین، ئەبێ ئەوە بزانین کە هەردوولایان بە پلەیەکی یەکسان لەزیانی یەکتری دڵتەنگ دەبن و لە قازانجی یەکتریش شکۆمەند دەبن، ئەبێ تێبگەین کە لە بەختەوەری و بەدبەختیدا هاوبەشن کە کۆمۆن بێ ڕێز بێت حکومەت سەرکەوتوو نابێت.



**ئەو نامەیە بەدەستمان گەیشتووە**

نامەیەکی کراوە بۆ هاوولاتیان

لەهەرە پیرۆزترین ئومێدەکانمانەوە تا ڕەواترین داواکارییەکان، با لەگەڵ ئێوەدا بۆ ئەم بەسەرهاتە دڵتەزێنانەی ژیان بگرین، لە ئێوە زیاتر بەدەر کێ ماوە؟!

لەناو ئەم نیشتمانە بەستەزمان و نەگبەتەدا، لەناو ئەو گۆڕستانە فراوانەدا، کە لەهەر چوار لاوە باوەشم پێداکردوون، ئەو ڕۆڵانەمان کە بەهەزار هیوای ئایندەیان گەورەمان کردبوون، تاکو ئێستا پانزە هەزارم لێ ناشتوون، بەڵێ پانزە هەزار قوتابی نیشتمانە بەدبەختەکەم!

بەبینینی ئەو ڕۆڵانەی هاوئاییینم کە لەکۆڵانەکانی پایتەختدا لەبرسا مردبوون ئەوەندە گریام کوێراییم داهات.

هەموو ڕۆژێک، بە ئامادەکردنی دووسەد تابووت، ئاوادەبێت.

لە بازاڕەکانی شاردا ژن و پیاو بازرگانیی بەجەستەوە دەکەن، هەر کۆمەڵێکیش لەوانە دەڵێن: (برسیمانە) و دەگەڕێن. کیلۆی نان بە (٢٥)، هۆقەی فاسۆلیای وشک بە (٥٠)، گۆشت بە (٧٠)، ڕۆن بە (١١٠) لیرەیە.

کەمپی (کوین) و (برەسلاو)یش بوون بە بارەگای بێهۆشکەری ئیسلامان، ژنان بەبێ هەست بەدوای ئارەزوودا دەگەڕێن، چەندەها ئەفسەری ئەڵەمان بۆ مارەکردنی ئافرەتی ئیسلام بەدرۆ خۆیان کردووە بە موسولمان، دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان چوونەتەوە سەر ئایینی پێشوویان، هەرچی ئافرەتێک لەگەڵ ئەڵەمانەکان ڕانەبوێرێت بە ناشارستانی لەقەڵەم دەدرێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا کوڕی گەنج پیرو کشتوکاڵ و کارگەو هەرچی سەرچاوەیەکی ژیانی هەیە، دەکرێن بەفیدای جەرمەنەکان. دەبێت ئەو مادیەتانەشیان ئەو شەهوەتەیشیان کە بەشنەی بای ڕۆژهەڵات خوتولکە دەدرێن، بەو ناموسە پیرۆزە حەوت سەد ساڵیەمان ئارامی بکەین.

ئەو ئەفسەرو سەربازە شێت و وێتانەی، کە چارەکە سەدەیەکە، لە وڵاتەکەی خۆیان خراونەتە خانەی دەرکراوانەوەو ماوەیەکی زۆرە توانای جموجوولیان نەماوە،، چەند پلەیەک بەرزکراونەتەوەو نێردراون بۆ وڵاتەکەمان و دەستیان کردووە بە ڕاوو ڕووت. ئەو مووچەی کە بەدراوی زێڕ دەیاندرێتێ سەدی بە ١٢ کەم دەخرێتە سەر حیسابی تەلعەت و جاوید، پاشان لەوانیشەوە بە حیسابی سەد (جیرۆ) دەدرێتەوە خۆمان تاکو خەرجی بکەین.

ئەو سوپا پیرۆزە بە ئەو هەموو ڕاوو ڕووتەشەوە نەوەستا. چەند ئەفسەرێکی بچووک لەشارەکانی جەرمەن هەندێ پارەیان کۆکردبووەوەو چەند خاوەن پیشەی جوانکاری و هونەرییان لەگەڵ

خۆیاندا هێنا. تورکیایان کرد بە پێشانگایەکی نەخش و نیگار، ئەم جرو جانەوەرانە بەوەندەشەوە نەوەستان و بەرامبەر بەیەک لیرە دەستیان کرد بە فرۆشتنی بەڵگەنامەی بەڵێندەرایەتی هێڵەکانی هاتووچۆو گواستنەوەو بازرگانی بەنزین و خەڵووزی شەمەندەفەرو داری سووتاندن، هەروەها لەژێر ناوی ئەندازیاریی کانزاو پسپۆڕی توێژەری زەوی و زانایانی کەش و هەوا، عیراق و سووریەو کوردستان و ئەنادۆلیان بەسوپای داگیرکەر داپۆشی، ژن بۆ زگورتی و نان بۆ برسیی و پارە بۆ بازرگان و زەویش بۆ جووتیارەکانیان دابینکرا.

ئەگەر بڵێم خەڵکیش لە ماڵەکەی خۆیاندا خاوەنی پاچێک نین تا گۆڕێکی پێ هەڵکەنن، تەورێکیشیان نییە تابوتێکی پێ دروست بکەن، ئایا بۆ ئەم کارەساتە لەگەڵمدا ناگرین؟!

بەڵام ئەگەر هەموو خەم و پەژارەو ئێش و ئازارەکانتان بریتیی بن، لە ناڵەو گریان و بانگەوازی بەرهەڵستکاریتان تەنیا لە هاوارو پاڕانەوە بەولاوە هیچیتر نەبێت، نازانم ئەم گرووپە گرینۆکە بۆ خێرو خۆشیی ئایندەی وڵات چۆن سوودبەخش دەبێت؟!

ئەمرۆ لە وڵاتدا هەشتا هەزار هەڵاتووی چەکدار هەیە، هەندێکیان بەهۆی خراپیی مامەڵەو هەندێکیشیان بەهۆی برسێتی، شاخ و دۆڵەکانیان داگیرکردووە و هێرشکەرانی کاتی تەنگانەن.

بەنهێنی پارەیەکی زۆر بۆ کەسێتییە دەسەڵاتدارەکان تەرخانکراوە، لەناو ئەو دەریای زێڕەدا، کە لە خەڵکی زەوت کراوە، مەلە دەکەن خەریکی ژیاندنەوەی رۆژانی رابووردی پڕ لە رابواردنی (رۆما)ن، نەخۆشخانەکان پڕ بوون لەو ئەفسەرانەی کە تووشی نەخۆشی فەڕەنگی بوون.

بەتاوانی سیاسی و خراپکاریی کۆمەڵایەتی،هەرچی پیاوی ژیرو گێژو لایەنگرو بەرهەڵستکار لەسەرانسەری وڵاتدا هەیە بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی ماڵ و موڵکی عەرەب و زێڕی کورد، لە سێدارە دراون. لەکاتێکدا باکوورو باشوورو رۆژهەڵات و رۆژئاوای نیشتمان، لەپێناو بەردەوام بوونی کەسێتییەکی شوومدا بەلاشەی مرۆڤ داپۆشراون. شەکر لە نەمسە، گەنم لە ئەنکەرە، رۆن لە کۆنیەو برنجیش لەتووسەوە دێنن و بە قازانجی یەک و پێنج سەد دەیفرۆشن. بۆ دەربڕینی خۆشحاڵییان بەم کارەساتە، دەست دەکەن بە هەڵپەڕین و پێکەنین و لەکاتی تێپەڕبوونیادا بە گۆڕستانە بەرینەکاندا لەسەر کێلی گۆڕەکان دەنووسن **(بژی ئیتیحاد)**.

ژنانی بەستەزمانی ماڵەکانی ئەستەنبووڵ بەئاوی پەنیر چێشت لێ دەنێن، بەڵام تەنیا لە ویلایەتی ئیزمیرەوە یەک ملیۆن کیلۆ رۆنی زەیتوون بە دۆستە ئەڵەمانییەکان دەدرێت.

ئایا دەزانی بەشی زۆری ئەو قەرزە جەنگییەمان، کە گەیشتۆتە (٢٥٠) ملیۆن لیرە، لە چیدا خەرج دەکرێت؟ بۆ خۆراکی ئەو سەربازانەی ناو سەنگەرەکان خەرج دەکرێت، نەک بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵک، ئەو خەڵکەی بە کۆمەڵ وەکو ئاژەڵ لە برسا دەمرن، لەگەڵ ئەوەشدا برا ئەڵەمانەکانمان داوای بەڵێ و سوپاسمان لێدەکەن بۆ ئەو پۆستاڵانەی کە جووتی بە (٩٠) لیرە بۆمانی دەنێرن و پێش لەبەر کردن دەدرێت، خێوەتەکانیش کە دوای هەفتەیەک رەنگەکەی دەچێتەوە، یا ئەو پاچ و خاکەنازانەی کە بە دوو راوەشاندن دەسکەکانیان دەردەچێت! هەموو ئەو پارەیە بۆ ئەو کەلوپەلە سەربازییانە، کە بەسێ مانگ جارێک تازە دەکرێنەوە، خەرج دەکرێت.

ئەو خەڵکەی تا ئێستا لەژێر ئەو قەرزانەی کە لە کۆنەوە بۆیان ماوەتەوەو هەناسەیان دەرنایەت ئەم بارە نابووتییە گەورەیەی ئێستای چۆن بۆ هەڵدەگیرێت.

ئەو پایتەختە پیس و پۆخڵەی کە چەندین سەدەیە

تیایدا دەژیـن لەکاتێکدا کە ڕێگایەکی نییە لە ڕێگا بچێت ٢٠٠ ملیۆن مارک دەدرێت بە ئەندازیارێکی ئەڵەمان بۆ خەرج کردنی، ٨٠٠ ملیۆن مارک بۆ چاککردن و ڕێکخستنی شارەکانی شام و حەڵەب، ئا بەم شێوەیە ئەو هەموو پارەیە بە هەموو لایەکدا بڵاودەکرێتەوە.بەرزکردنەوەی دەرماڵەی مانگانەی (جەمالی) بۆ ٣٠٠ هەزار لیرە زێڕ لە سینەی سەخاوەتی فراوانی کێ دەردەچێت؟!

ئێستا ئەو هەتیوو دایکە بەستەزمانە ستەمدیدانە هەواڵی کوردەکانیان لەهەر ئاشنایەکی دێرین و لەدارو درەخت و لە ئەستێرەو بەتایبەتی لەو گۆڕستانە خامۆشانە دەپرسن، ئەو مەحشەرەی کە بۆ نیشتمانەکەیان ئەگرین، خوایە ئەو هەستە بەناموسەی لە دڵماندا ماوە بخرۆشێت، ئەم مۆتەکەی جەرمەنە کە ئێتیحادو تەرەقی هێناویەتییە ناومان، بەو ڕەوشتە چەوتەی برژاندونی لەناوبچن.

ئێتر کاتی ئەوە هاتووە لە موڵکی بێکەسماندا لە ڕەگ و ریشەوە دەربهێنرێین! ئەگەر بێت و نەکەوینە خۆو هەوڵی تەواو نەدەین، ڕووداوەکان بەردەوام دەبن،نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە یاساکانی سروشت بێدەنگ نابن، بەڵام ئەو گەردەلوول و زریانانەی کە سروشت دەیانخولقێنێت هەندێ جار ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا لە دایک بوون لەگەڵ خۆیدا ڕادەپێچێت و دەیبات.

ب.أ

---

**پوختەی هەواڵەکانی جەنگ**

هەرە گرنگترین ڕووداوەکانی جەنگی هەفتەی ڕابوردوو.

جەنراڵ (مۆد) لەبەرەی جەنگی (عیراق)دا، لەگەڵ داگیرکردنی بنکەی گرنگی (ڕومادی)، (ئەحمەد بەگ)ی فەرماندەی بنکەی ناوبراوو هەموو ئەرکانی جەنگەکەی دەستگیرکردن.

هەروەها (٢٠٠) ئەفسەرو (٣٨٠٠) سەربازی ساغ و بریندارى بەدیل گرتن، دەستیشی بەسەر (١٣) تۆپی بیابان و (١٢) مەترەلۆزو (١٠٦٢) تفەنگدا گرت. سەرکەوتنی ئەو سوپایە لە (کووت – عەمارە) دەرگاکانی (بەغداد)ی لەبەردەم سوپاکەی جەنراڵ (مۆد)دا والاکرد، سەرکەوتنەکەی (ڕومادی)یش بنکەی سوپای ئینگلیزی لە بەغدا بەتەواوی تۆکمەو بەهێز کردووە.

ئەو سەرکەوتنەی ئینگلیزەکان لە (ڕومادی) کاریگەرییەکی گەورەی هەیە.

سەرکەوتنەکانی ئینگلیز لە داگیرکردنی (ڕومادی)دا گورزێکی زۆر توندو کاریگەربوو لەسیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەڵەمانەکان وەشێنرا. لەم جەنگە جیهانییەدا، کە مەبەستی سەرەکییان هەوڵ و کۆششی نیو چەرخیان هێڵی بەغدا، بە موڵکی خۆکردنی تورکیا بوو، لە بناغەوە لەناوچوو.

بارۆن (خون مارشاڵ) و (جەنەڕاڵ) (فۆندر گۆلج)، کە لە وڵاتی عوسمانیدا گەلێک ڕۆڵی ئیداری و سەربازییان هەبوو، بەخت یاوەریان نەبوو و کۆچی دواییان، بەروبوومی هەوڵ و کۆششەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەو دنیا برد.

لەبەرەی (فەلەستین)دا گۆڕانێکی وا ڕووی نەداوە شایانی باس بێت.

بەم زوانە چ لە مەیدانەکانی (عیراق) و چ لە مەیدانەکانی فەلەستیندا، چاوەڕێی ڕووداوی گرنگی جەنگ دەکرێت.

لەبەرەی فەرەنسەدا سوپای ئینگلیز بە فەرماندەیی جەنەراڵ (هایگ) بۆ سێیەمین جار لە ڕۆژهەڵاتی (ئیبر) هێرشی کرد، هێرشەکانی ٢٠ و ٢٤ ئەیلوولی تەواو کرد لەگەڵ داگیرکردنی هەموو ئەو بنکەو گوندو گردانەی دەیان ڕووانییە سەر (برودسند) (٤٤٤٦) دیلی لە ئەڵەمانەکان گرت، لەگەڵ دەست بەسەردا گرتنی کەلوپەلێکی زۆر سەربازی.

لەبەرەی (شامپانیا) و (وردۆن)دا ئاگری توندی تۆپ بەردەوامە.

ئەو هێرشانەی نەمساییەکان لە گردەکانی (سن جبریل)دا لە مەیدانی ئیتالیادا کردبوویان، بەزیانێکی زۆرەوە پاشەکشەیان پێ کرا.

لە مەیدانی (ماکدۆنیا)دا هەرچەندە ئارامی بەردەوامە،

لەبەرەی رووباری (مناستر) و (چرنا)دا. ئەگەری تۆپباران هەرماوە.

لە مەیدانی رۆمانیاندا لە (ویسکۆنی)، نزیکی شارۆچکەی (سربست) رووسەکان هێرشیان کردۆتە سەر ئەڵمانەکان و (٧٥٠) دیلیان لێگرتوون.

حکومەتی ئەڵمانیا بە گشتی لە ترسی هێرشی فرۆکە بەشەو بریاری کوژاندنەوەی کارەباو چرای لە (ئسن) و (برۆسفددرۆف)و لە رۆژئاوای ئەڵمانیادا داوە.

لەبەر ئەوەی فەرمانرەواکانی ئەڵمانیا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەنجامی ئەم جەنگە جیهانییە بە تەواوی دەبێتە کارەساتێکی گەورە بۆ خۆیان، هەر بۆیە کەوتوونەتە پەلەقاژەو دەرگا نەماوە لێی نەدەن، لەپێناوی مۆرکردنی رێککەوتندا فروفێڵ نەماوە نەیکەن، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە. هەروەکو حکومەتەکانی (ئەرژەنتین) و (ئۆرەگوای) و (کۆریگا) پەیوەندییان لەگەڵ ئەڵمانیادا پچراند، حکومەتی (پەرەگوای)یش لەسەر پچراندنی پەیوەندییەکانیتی.

دوایین رووداوەکانی جەنگ ئەوەبوو ئینگلیزو فەرەنسییەکان لە (ئیبر)یەکەوە هێرشیان کرد، وێرای ئەو هەموو گۆلاوو قوڕو لیتەیەی لە ئەنجامی بارانێکی زۆردا دروست بووبوون و بەرهەڵستی و بەرگری توندی ئەڵمانەکان دەستیان بەسەر چەندین گوندو بنکەدا گرت، ئینگلیزەکان (٥٠٠) و فەرەنسییەکان (٣٠٠) دیلیان گرت.

ئەڵمانەکان، لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی ئەم هێرشەیان نەکردبوو، ناچاربوون لەبەرەی رووسیاوە هێزی فریاکەوتن بهێنن.

راگەیاندنە رەسمییەکانی ئەڵمان دانیان بەداگیرکردنی ئەو بنکە گرنگانەدا ناوە کە دەکەونە نێوانی (دۆرانپێکت) و (بۆیلکابڵ) لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە.

ژێر دەریاییەکانی رووس لەبەرەی گەرووی دەریای رەشدا (٧) کەشتی بارکراوی ئازووقەیان نقوم کردوون و پاپۆڕێکیشیان بەناوی(سوڵتان) بەدیل گرتووەو بردوویانە بۆ (سیواستۆپوول).

دوای کەوتنی (ریغا) وێرای چەندین دەسیسەو کاری گێرەشێوێنی راپەڕین، رووسەکان لە پێکهێنانی دەستەیەکی نوێنەرایەتی، لە هەموو تیپە سیاسییەکان، سەرکەوتن و بریاری بەردەوامی شەڕی بەردەوامیان دا.

حکومەتی ژاپۆن ٦٦,٥ ملیۆن (لین)ی بە قازانجی لە ٦٪، بە قەرزدا.

سەرۆک کۆماری ئەمەریکا دکتۆر (ویلسن) لە گوتەیەکیدا لە کۆمەڵەی یەکێتی نیشتمانیدا وتبووی، تا لەجێی حکومەتی ستەمکاری ئەڵمانیا حکومەتێکی مەشرووت، کە حوکمڕانیی میلیی پاڵپشتی بێت، دانەمەزرێت بەهیچ جۆرێک جەنگ کۆتایی نایەت.

لە بەندەری توندوتۆڵی (ویلهمسهاڤن) ئەفسەرو سەربازی چوار (درێد ناوتی) یاخی بوون و پاپۆڕەکانیان جێهێشت.

ئەفسەرو سەربازەکانی (درێد ناوتی) و (وستڤالن) فەرماندەکەیان هاویشتۆتە ناو دەریاو نوقمیان کردووە، زرێپۆشی (نۆرمبورگ) بە چوونە ناو دەریاوە ئەفسەرەکانی بەند کردوون، کاتێک خەریکی پەنابردنە بەر حکومەت (نەرویج) بووە تۆرپیدەکانی تری ئەڵمان گەمارۆیان داوەو هێنراوەتەوە بۆ بەندەر، ئیمپراتۆرو راوێژکەرەکەی بە پەلە گەیشتۆتە شوێنی رووداوەکە.

وەزیری دەریا (ئەمیرال گابێل) وتوویە: یاخیبوونی ئەفسەرو سەربازانی کەشتییە جەنگییەکان بۆ مەبەستی نزیکخستنەوەی رێککەوتن لەلایەن ئیشتراکییەکانەوە سازکراوە. داوای کوشتنی ئەوانەی کردووە کە بوون بە هاندەری ئەو یاخیبوونە.

لە هەمان کاتدا باس لە دەرکەوتنی نیشانەی یاخیبوونی هێزی دەریایی نەمسە دەکرێت.

لێرەدا نیو ستوونێک لە کتێبەکەی (شەرەفنامە) لەبیر کراوە دابنرێ.

عەبدوڵلا زەنگەنە

مدیر مسؤول: آزیزی احمد

[illegible]

هەژمار ٥
جەهێ نڤیساندنێ
مصر القاهرە عولبەک پوستەیی ٥٨٠
جەریدەکی ١ قەمەرییە
سالیا ڤی ١٥٠ شەش هەیڤیا ڤی
٨٠ قەمەرییە

# کردستان

ژمارە ٥
شوێنی بەڕێوەبەرایەتی
مصر القاهرە سندوقی پۆستە ٥٨٠
دانەی ١ قروش
ئابۆنەی سالانە ١٥٠ شەش مانگ
٨٠ غروش

پازدە رۆژا جارەکێ دەردکەڤیت قەنجیا کرمانجارە دخەپتیت
جەریدەیێ کرمانجایە
بۆ سوودی کوردان هەر پازدە رۆژ جارێک بڵاودەکرێتەوە رۆژنامەیەکی کوردییە
١٥ی محەرەم ١٣٣٦
جەهێ فرۆتاندینێ، جهێ تەوزیعێ: مكتبە التألیف شارع عبدالعزیز مصر

---

**ئالییێ کرمانجی**

چاڤە دبورە

-٥-

**موختارییەتێ ئیدارەیی**

خەبەرا کی ئەمێ بێژین هی ئێمە دوخینین رە دەرحەقا موختاریەتێ باژارا، ئەڤ ببە کو، دا ئەم نیشا بکین ڤی شوغلی چاڤە چێ دبە، ئەمێ ژ تەشکیلاتێ مەجلسا باژارا پارسێ چەند بەندەکی هیر بنڤیسین.

**بەند ١٤**

شوغلا کو، ژ ڤی باژارێ پارس مەنفەعەتدار دبە، لازمە، مەجلسا باژارێ پارس بزڤرە، ڤان قەرارا کو ژڤێ مەجلسێ دەردێکەڤە حەقێ کەسەکی نینە ڤێرە دەستێ خوە درێژ بکە، مەجلس قەرارێ خوە تینێ چێدکە هەکە مەجلس ژ قەرارێن خوە دە حەقێن مرۆڤین دیرە دەست ئاڤیت، حەیا هەیڤەکی ڤی قەرارا ئیجرا نابە، مەحکەمەیێ ڤێ قەرارێ ڤەدگێرە، ڤەکە مەحکەمە حوکم بکە هۆلێ چێدبە، هەکە کەسەکی ژ قەرارەکێ خوە دبینە ڤندا دکە حەقێ ڤی هەیە مەحکەمەیی بچە، هەکە حەقێ مەجلس نینە، شوغللا دە کی حەمی وەلاتی رەیە، دەستێ خوە درێژ بکە، حەقێ ڤی هەیە ژ ڤان شوغلا رە ژی چاڤە فکر دکە بێژە.

**بەند ١٥**

مەجلسا باژاری کەسێ کو نکارە دارە، هەکە لازم ببە کو ڤی مرۆڤین رێکن و مرۆڤین نوو ئانین، رەئیسا جمهوریەتێ تینێ حەقێ ڤی هەیە ڤی شوغلێ چێبکە. ئەڤە ژی لازمە مقدارا هەیڤەکێ دە مرۆڤێن نوو بینە.پازدە رۆژ پاشی ژ رۆژا یەکێ مرۆڤێ باژارێ بهەڤ هاتن و مرۆڤێن نوو چێکرن حەقێ مەجلسێ هەیە ژ خوە تینێ ڤەبە.

**بەند ١٦**

ئەڤێ کو هورکێ ژ خەلقێ دستینە دا شوغلێ هندرێ باژاری چێکە مەجلسێ باژارییە. ئەڤێ خوە تینێ دبێژە چوقە هوریک ژ خەلقێ باژاری ببە و چاڤە ببە هوریکێ کی حکومەتی ژ خلقی باژاری ببە شوغلێن مەزینێ وەلاتیرە لازمە چاڤە ببە ئەڤێ خوە تینێ دبێژە. هەکە دوخازە دکارە سەر راست ژ خەلقی ببە. هەکە دوخازە دیکارە ڤی شوغلی ژ مەجلیسێ باژاریرە بهێلە، تینێ لازمە کو ژ مەجلسێ باژاریرە بەری سالەکێ بێژە چاڤە ژ ڤان دو رییا دیڤە چێکە.

**بەند ١٧**

هورەکێ کی مەجلسێ باژاری ژ خەلقێ باژاری دبە و ژ باژاریرە سەرف دکە کەسێ کو نکارە ڤیرە مداخەلە بکە. تینێ کەنگی مەجلسێ باژاری دوخازە دبینێ بستینە لازمە خەلقێ باژاریرە بپرسە.

**بەند ١٨**

مەجلسێ باژاری ژ شوغلێ مەکتەبا خوەدە، ڤەکە حکومەتی حەمی حەقێ ڤی هەیە. ئەڤ دکارە مەکتەبا ئەعدادییەیێ و مەزنتر ژی ڤەکە. ئەڤێ کی دبێژە ژ مەکتەبا باژاریدە زارۆ چە تەقلیدێدە لازمە بوخینە مەجلسێ باژاری یە.

**بەند ١٩**

مەجلسێ باژاری پارسی شوغلی دیاسرنە تێرە خوە تێکلهەڤ ناکت و هورکێ بەرڤی نادیت. کەنگی مریەکی

دبە حەمی تشتێ ڤی شوغلێ مەجلسی بـاژاری یـە. تینێ هورکێ بەر سەبەبا دیخیرە نادت.

**بەند ٢٠:**

هورکێ شوغلێ پولیسی بـاژارێ پـارسـی مەجلسێ بـاژاری ددە ڤی شوغلێ ڤی ئەڤێ خوە دزڤرە.

هورکێ کی لازمە سەر لەشکەرا جمهوریەتێ، مەجلیسا باژاری تشتەکی نادە.

**بەند ٢١:**

حەمی دەرێن کو ناڤ باژاری ڤەدبە دافکرین فەقیرا و رەبەنا مەجلسێ باژاری ئیدارە دکە. مەجلسێ باژارەکو مالێ ڤان حەمی رە ڤە کرە. مالێ بـاژاری ڤی مالیرە تێکلهەڤ ناکە.

ئیدی ئەم ڤی خەبەری هیس بهێلین بەس ئەمی بەری بێژین کو هەکە هون فکرین حەمی خەبەرا ئەم کوتی حەیا ڤی دەمی دیبینین کو موختاریەتێ نەتشتەکی خرابە ژ دەولەتیرە. ژ خەلقی رە. ژی قەنجە دیهە دیهیلە ڤان قەنج و راست یشتەغیلین و دەولەتیرە ژی قەنجە کی مادام ناسیڤی قوتین دەولەت شری قوت دبە.

کوردستان

**ژ بلینا مەیی دجڤینی**
**بێ مەعرفەتی**

ژ بلنیا مەزنا کرمانجا یەکژی بێ مەعریفەتیە، ژ رۆژێ کو، بەری چارسەد سال، کرمانج بە دلێن خوە حکومەتا عوسمانا قەبول کرن، حەیا ئیرۆ ژ وەلاتێ کرمانجا رە چەبان چو مەکتەب ڤەنەکرن.

کرمانجا رە کو حەمی دەما کی سەر دەولەتی کەت تەنگی، بە هوریکێن خوە، دەمێن خوە چوون ئارییێ ڤی، بەلێ، ڤان کرمانجا بێ مەعریفەتی هشتن. نەتینێ ڤانرە تشتەکی نوو چێنەکرن، ئەڤێ هەیی ژی خراکرن.

کرمانج هەر سال هوریکی دان دەولەتێرە ژ ڤی هوریکیرە ترکا ئەستانبولێ مەکتەبا ڤە کرن کرمانجا رە تشتەکی چێنەکرن، پتری مرۆڤا کو ژ ڤان مەکتەبا دەردکە غین فا بێژین ئەم بە هوریکا کرمانجا عەلمین، بەر بێ مەعریفەتێ کرمانجا رە تەعنێ دکن، ئێدی نە بەسە کو کرمانج بهوریکێ خوە مرۆڤین ڤی تەقلیدی خوەیی بکە، نە بەسە کو ئەم ڤان مرۆڤا رە وەلاتێن خوە دە ڤەکە والی و حاکم قەبول بکین؟ ئیدی ئینساف بکین، حەیا کەنگی دوخازین کرمانج ڤان ناسێ بێ بەختەرە هورکی بدە، قەنجی چێکە و خوەرە نەیارا فەتین بکە.. ئەم بێژین کو ئەڤی سوچی مرۆڤێن کون بوو. ئەم بێژین کو زەمانێ عەولیدە کی حەمی تشتی ڤی ناحەقی بو ئەمی رۆژی ١٠ تەموزیدە عەفوکر. حەمی خەلق سنجو ماچ کرن و ناحەقیێ کەڤنی بیرکرن، بەر ڤێ ئێدی لازمە کو کرمانج ژی ڤان تشتا کۆنرە بیر بکە. ئەم ڤی رە قائل دبین، تەنێ دلێ مە دوخازە بو کو حکومەتی نوو چێبوو ژی برسیا خرابیا خوە مەرە نەهێلە ئەمی بێژین تشتەکی نوو نینە، حەمی شوغلی ڤەکی زەمان عەولی یە.

کەنگی مەشروتیەتی چێبو ئەمێ حکومەتی نورە چوو و گۆت کو ئێدی لازمە کو حکومەت هوریکی کی ژ کرمانجا دستینە لناڤ هەر فتیرە دمە ژ کرمانجا رە بهێلە، ڤانرە ژی چەند مەکتەبا ڤەکە. هون زانن حکومەتی مە چی جواب دا، مەرە گۆت: (حکومەت عەولی ژ باژارێ مەزنێ خوەیی پادشاە تێدە روتینە، پاشڤی باژارێن دی یێ نێزیک رە مەکتەبا ڤەکت، دەمێ کرمانجا ژی بێت).

ڤی حکومەتیرە، کو کرمانجا ڤەکی زارویێ وەلاتێ خوە ڤە ناگریت، ڤەکریت ڤان ڤە کو غولاما، ڤی حکومەتیرە کو فهێت ناکە بێژە (ئەڤ کرمانج ژ کو دەرکەتینە! هون مرۆڤن! دابێژن مە چەند، مەکتەبا ڤە هەیە؟) علاجەکێ دی تونە بۆ کرمانجا چێکن، عیلاجێ ڤی ئەڤ بوو کو سەرڤی رابن.

کرمانجا دیسا ڤی چێنەکرن، گوتن بهوریکێن خوە مەکتەبا ڤەکین، هۆلی وەلاتێن خوە دە مەعریفەتێ بینین. سالی ٣٢٥ ئەستانبولیدە جەمعیەتەکی چێکیرین ناڤێ ڤی (جەمعیەتی مەعریفەتی چێکرنێ کرمانجا)؟ ڤی جەمعیەتی لی بی سوڵتان ئەحمەدی، بەر تربەیێ سولتان مەحمود مەکتەبەکی ڤەکر، مەقسەدێ جەمعیەتێ ئەڤ بوو کو میقدارا چەند هەیڤا ڤی مەکتەبیدە بوشوغلە دا بزانە شوغلێ چاڤە لازمە بکرە، و پاش ڤی حەمی جیها د ولاتا کرمانجا دە مەکتەبا ڤەکە.

جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی کە کو تشتەکی قەنج ببینە دڤی ڤی خرابیکە، چو ژ

ناڤ (جەمعیەتی مەعریفەتی چێکرنێ کرمانجا) و ژ ناڤ (مەکتەبا کرمانجا) دەکی ناڤی کرمانجا هەیە سەخکر کو مەقسەدا کرمانجا ژڤی شوغلی نە ئەڤە کو مەکتەبا چێکن، ئەڤە کی کرمانجا هێدی هێدی حازر بکن دا سەلتەنەتێ خوە بوخازین، بەرڤێ حەمی تشتێن خراپ و نەراست بێژە دادین، ئەما حەمی تشتەکێ ژ دەستی ڤی دەردکە ڤە بو بەرڤی شوغلی چێکر. کرمانج دیتن کو حکومەت ڤان ناهێلە ژ قەنجیا بوشغلین رۆژەکێ مەکتەب ژێ دادان جەمعیەت ژێ دادان و ژ ڤی دەمیدە دەسیکرن وەلاتێن خوە رە سیاسەتەکێ نو بکرن.

ئێدی کرمانج نکارن باڤار بکن خەبەرا ڤی حکومەتێ رە. بەرڤی ڤانرە لازمە کو ئەڤان تینێ ژ قەنجیا ولاتیرە بوشوغلن، نە دەمە کە ڤەکی عەولی رونن. پاشی رۆژەکێ بێت ئەم پوشمان ببین ئەما دەمێ پوشمانی ژێ بوری بت.

---

## شەرەف نامە

### سوڵتان نەسر کوری سولتان ئەحمەد

کەنگی بابێ ڤی سولتانی ئەحمەد مر، کورێ ڤی سولتان نەسر جهێ ڤی گرت. بیست و یەک سال سولتانی چێکر. ژ ڤان دەما زیدەتر برای خوە میر سەعید رە شەریدە بوو، سالی ٤٧٢ ژی الحجە پیدە مر و جهێ خوە برانجە رە هشت.

**سولتان سەعید کورێ سولتان ئەحمەد**

ژ جیهی برایێ ڤی سولتان نەسر سولتان سەعید هات تەختێ. دەمێ ڤیدە حەمی خەلقی گەلەک قەنج بورین پادشا کو عادل بوو.

**سولتان مەنسور کوری نەسر**

کەنگی سولتان سەعید مر، کورێ برایێ ڤی سولتان مەنسور کورێ نەسر سولتان بوو، سالی ٤٨٩ مری وسیلیرە شەری کو فەتین کر. ڤی شەری ڤنداکر و ژ قەهرێ خوە مر، چار زار هشتی بوو، پاشی سالەکی ژ مرنی ڤی حەمی جهین ڤی هات گرتین کورێن ڤیرە تشتەکی نەما.

---

### فەسل دودویێ

**سولتانا دینەوەر و شەهرەزولێ**

**سولتان حسنەویە کوری حسێن**

ئەڤی کو ڤی حکومەتی، چێکیر سولتان حسنەویە کورێ حسێن ژ روکنەلدەولەییرە دەمەکی دە بوون، هەر دو ژێ مابەینە خوە دەشەری قەت نەدهیلە بوون، سالی ٣٥٩ روکنولدین ب وەزیرێ خوە ئیبنولعەمید رە لەشکرەکی فەتین ریکر و سولتان حسنەویە ڤیرە بنمتی خوە دا کی ئێدی شەری نەکە.

سالی ٣٦٩ سێزدەیێ رەبیعولئەوەل رۆژێ پێنجشەنبەیی سولتان حسنەویە مر.

**سولتان بەدر کورێ سولتان حسنەویە**

سولتان بەدر کو جهی بابێ خوە سولتان حسنەویە سولتان بوو بوو شەرا رە وەلاتێ خوە گەلەک فەتین کیر. سالێ ٣٨٨ وەلاتێ ڤی دچە بۆ ژ دینورێ حەیا ئەهوازێ، خوزستانێ، بروجردێ، ئەسەد ئابادێ و نەهاوندێ.

سالێ ٤٠٥ حسێن کورێ مەنسور هات ڤی برجا کو سوجدەیێ دەگرت سولتان بەدر خست ژ ڤێ تەنگێ دەرکەڤە، مروڤێ عەشیرێ جورقان ژ ڤیرە خائینەتی کرن، ئەڤ ژێ ژڤی عەشیری و سەلتەنەتی هشت.

سیهی و شەس سال سولتانی کر و دەمێ ڤیدە وەلات فەتین بوو خەلقێ وەلاتی قوت بوون.

**سولتان هیلال کورێ سولتان بەدر**

سولتان هیلال کەنگی هات ژ جهێ بابێ خوە، بەر ڤی سەبەبی کو ژ بابێ خوە رە شەریدە بوو، چو بوو بوو ژ عەولی نیک جەلالولدەولە حاکمی بەغدادی، ڤی دەمیدە کی بابی ڤی مر و ئەڤی خوەست وەلاتێ خوەدە بزڤریت جەلالولدەولە ڤی نەهشت. پاشێ کەنگی جەلالولدەولە بهیست کو حاکم (حاکمی هەمدانێ شەمسولدەولە کورێ فەخرولدەولە تێت سەر بەغدادێ، سولتان هیلالی رە تفاقەکی چێکر و ڤی هشت وەلاتێ خوەدە بزڤرە، ڤیرە ئاری ژێکر.

ژی الحجەیی سالی ٤٠٥ لەشکرێ سولتان هیلال و لەشکرێ شەمسولدەولە شەرەکی مەزینرە دەسپێکرن و ڤی شەریدە سولتان هیلال هات کوشتن.

-پاشی ڤی هەیە-

**بەشی تورکی**

سیاسیات

-٥-

**ئیدارەی موختاریەت**

ئێمە لەبارەی کۆمۆناڵی ئۆتۆنۆمی کە دامەزراوێکەو بۆ نموونە: بە خوێنەرانمان باس کرد، ئێستایش باسی ئەو هەشت ماددەیە دەکەین کە گرنگترین و زیندووترین ماددەکانی دامەزراوەکانی کۆمۆنی پاریسە.

**ماددە ١٤**

هەموو ئەو کارە سوودمەندانەی پەیوەندییان بە کۆمۆنی پاریسەوە بێت ئەنجوومەنی شارەوانی دەیانبینێت و جێبەجێیان دەکات.

ئەو بڕیارانەی کە ئەنجوومەنەکە دەریان دەکات پێویستیان بە پەسندکردن نییەو دەستبەجێ کاریان پێدەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەنجوومەن لە دەرکردنی بڕیارەکانی لە سنووری کارو دەسەڵاتەکانیدا، زیادەڕەوی تێدابێت ئەوا جێبەجێکردنیان بۆ ماوەی مانگێک دوا دەخرێت، بۆ لێکۆڵینەوەش ڕەوانەی دادگای پەیوەندندار دەکرێن.

هەر کەسێک لەو وتوویژ و بڕیارانەی کە ئەنجوومەن دەریکردوون هەست بە زەرەرمەندی بکات بۆی هەیە پەنابەرێتە بەر دادگای تایبەت.

هەرچەندە ئەنجوومەن دەسەڵاتی بڕیار دەرکردنی لە کاروباری گشتیی نیشتمانیدا هەیە، بەڵام ڕێی پێدراوە لەو بوارەدا بڕیاری خۆی دەربکات.

**ماددەی ١٥**

ئەنجوومەنی شارەوانی بڵاوەی پێ ناکرێت. بەڵکو بڕیاری بڵاوەپێکردنی ئەنجوومەنی ناوبراو لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دەبێت، دەبێت هۆکارەکانیشی دیاری بکرێت.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی نوێ مەرجە لەچوار هەفتە تێپەڕ نەکات.

ئەنجوومەنی نوێ مافی ئەوەی هەیە بەدوو هەفتە دوای هەڵبژاردن بێ بانگێشت کۆبێتەوەو دەست بەکارەکانی خۆی بکات.

**ماددە ١٦**

شێوەی دابەشکردنی باجەکانی کۆمۆن و جۆر و بڕی لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوانییەوە دیاری دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا شارەوانی مافی ئەوەی نییە باج بخاتە سەر ئەو شتانەی کە بەشێوەی (ترانسێت) تێدەپەڕن.

بەشێکی ئەو خەرجییە میللییە گشتییانەی حکومەت کە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمۆنی پاریس، حکومەت لە سەندنەوەیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە خەڵکی سەربەستە، یا لەڕێگەی ئەنجوومەنی شارەوانییەوە، پێویستە پێش ساڵێک ئەنجوومەن لەو شێوە سەندنەوەیە ئاگادار بکات کە خۆی بڕیاری لەسەر داوە.

**ماددە ١٧**

ئەو بودجەیەی کە تایبەتە بە کۆمۆن لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوانییەوە دادەنرێت و پێویستیش بە پەسەندکردن ناکات.

ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندییان بە بەستنی قەرزەوە بێت دوای پەسەندکردنی لەلایەن هەڵبژێردراوانی کۆمۆنەوە بنەبڕ دەبن.

**ماددە ١٨**

ئەنجوومەنی شارەوانی، لە کاروباری بەڕێوەبردنی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، سەرجەم مافەکانی حکومەتی هەیە.

کۆمۆنی پاریس، دەسەڵاتی دامەزراندنی خوێندنگەی ئامادەیی و باڵاکانی هەیە.

پرۆگرامی خوێندنگەکانی کۆمۆنی پاریس بەبڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی دیاری دەکرێت.

**ماددە ١٩**

کۆمۆنی پاریس بەشداری لەهیچ جۆرە خەرجییەکدا ناکات، کەپەیوەندی بە کاروباری (ئایینی)یەوە بێت، جگە لە بەشی ئایینی، ئەوەی پەیوەندی بە کفن و ناشتنی مردووەوە دەبێت، ئەنجوومەنی شارەوانی جێبەجێی دەکات.

**مادده ٢٠**

ئەنجوومەنی شارەوانی هێزی پۆلیس بۆ کۆمۆنی پاریس دادەمەزرێنێت و کاروباری بەڕێوە دەبات.

ئەنجوومەنی شارەوانی بەهیچ شێوەیەک بەشداری، لە خەرجییەکانی سوپاو لیواکانی سەربازیی کۆماری، کە لەژێر فەرماندەی حکومەتدایە ناکات.

**مادده ٢١**

بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوە گشتییانە، کە بۆ مەبەستی یارمەتیدانی خەڵکی دەستکورت و نەخۆش دەکرینەوە، دەگەڕێنەوە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی.

ئەو موڵک و ماڵانەی کە وەقف دەکرێن ئەنجوومەنی شارەوانی بەڕێوەیان دەبات، بەڵام پێویستە لەسەری بەتەواوی لە موڵک و ماڵەکانی خۆی جیایان بکاتەوە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم وتارە درێژخایەنمان بێنین، دەڵێین سەربەخۆیی کار پەیوندیی بە تاکە کەسێکەوە یا بە کۆمۆنێکەوە یا ڕەگەزێکەوە، هەمیشە یەک جۆرە بنەماو واتا دەگەیەنێت.

بەتوانایی و کارامەیی و لێهاتوویی هەموو کەسێک کۆمۆنێک و ڕەگەزێک دەردەخات پێویستە ڕێگاو دەسەڵاتی بدرێتێ بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین سوود.

کوردستان

---

**لە برینە کۆمەڵایەتییەکانمان نەبوونی پەروەردەیە**

یەکێک لەهەرە گەورەترین دەردەکانی کوردستان نەبوونی قوتابخانەو خوێندنە، ئەو کوردستانە کە لە یەکەم ڕۆژی لکاندنیەوە بە دەوڵەتی عوسمانیی، لەهەر تەنگو چەڵەمەیەک و بێئارامییەکدا کە دەوڵەت تووشی هاتبێت، بەسەرو ماڵ ئامادەیی نیشانداوە کە بۆ چاککردنی بارودۆخەکەی هاوکاریی لەگەڵدا بکات.

بەڵام کوردستان، وەک لە هەموو ڕوویەکەوە گوێی نەدراوەتێ، لەمەعاریفیش فەرامۆش کراوە.

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە دەڵێین دەوڵەتی عوسمانی، لە ماوەی دەسەڵاتداریێتی چوار سەد ساڵەیدا، چل قوتابخانەی لە وڵاتدا نەکردۆتەوە، بەچاوپۆشی لەوەیش تەنانەت نەیتوانیوە ئەو قوتابخانانەیش بپارێزێت کە لەکاتی دەست بەسەراگرتنی کوردستان دا هەبوون.لەگەڵ ئەوەشداهەموو ساڵێک ئاڵتوونێکی زۆری لە داهاتی ئەوێ، بەناوی بەشی پەروەدەی کوردستانەوە دەنێرێت بۆ ئەستەنبووڵ و بۆ قوتابخانەکانی ئەستەنبووڵ خەرج دەکرێت. هەرچەندە لەو قوتابخانانەدا کوردیش دەیانخوێندو پێدەگات، بەڵام ژمارەیان وەکو لە سووکایەتیکردن بە میللەتەکەی خۆیان شەرمیان نەکردووە، تەنانەت کوردیان ناو دەبرد بە (ورچەتورک). دوای تەواوکردنی خوێندنیان ئەو ئەفەندییانە دەبوون بە والی و حاکم و دەنێردران بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان. تاکەی کورد بەرگەی ئەم حاڵە بگرێت؟! تاکەی بەپارەی کورد نمەک بە حەرام و دوژمنان پێ بگەیەنرێن؟! ڕەنگە بڵێین ئەمە خەتای ئەو خولانەی پێشوو بوو کەناومان دەبردن بە موتڵەقیەت بنەماو قەوارەی زوڵم و نەزانی بوون.

بەڵام میللەت، بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە،بەبێ جیاوازی لە ١٠ی تەمووزدا باوەشیان بەیەکدا کردو لە یەکتریان بورد، بەمە کوردەکانیش بە وتنی (ئەوەی چوو چوو) دەبێت رابووردوومان لەبیر بچێتەوە. دڵمان ئەوەی دەخواست داهاتوومان بەهیچ شێوەیەک و لەهیچ بوارێکدا لەرابووردوومان نەچێت و بیرمان نەخاتەوە. هەر دوابەدوای بانگەوازی مەشرووتیەت، پەیوەندی بە حکومەتەوە کراوە، داوای ئەوەی لێکرا کە ئەو بەشەی بۆ مەعاریفی کوردستان وەرگیراوە لەگەڵ زیادەی داهاتی ئەوقافدا بۆ کاروباری پەروەردەی ناوچەکە خەرج

بکرێت. لە وەڵامـدا وتیان **(حکومەت لە پێشەوە لەگەڵ قوتابخانەکانی پایتەخت و ئەو ویلایەتانەی کە لە پایتەختەوە نزیکن خەریک دەبێت، ئەڵبەتە دوای ئەوە نۆرەی کوردستانیش دێت)** هەروەکو کوردستان مولکێکی داگیرکراوبێت و بەشێک نەبێت لە نیشتمان، کە نۆرەیشی هات زۆر بەبێ شەرمانە دەیانگوت **(ئەفەندم ئەم کوردایەتییە چییە؟ بۆچی ئێوەش میللەتن؟ چەند قوتابخانەتان هەن؟)** وەڵامی ئەم قسانەی ئەوان لەسەرکەشی بوون بەولاوە هیچ شتێکی تر نەبوو. بەڵا دیسان کوردەکان دانیان بەخۆیاندا گرت بێ ئەوەی یاخی ببن بیریان لەوە کردەوە کە بەپارەی خۆیان قوتابخانەی تایبەت بکەنەوە بۆ ئەوەی کوردستان بەزانست و هونەر ڕووناک بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە ساڵی سێ سەدو بیست و پێنج کۆمەڵەیەکیان بەناوی (جەمعیەتی نەشرو مەعاریفی کورد) لە ئەستەنبووڵ دامەزراند، لە نزیک گۆڕی سوڵتان مەحمووديش قوتابخانەیەکی نموونەییان دامەزراند. مەبەستی کوردەکان لە کردنەوەی ئەم قوتابخانە نموونەییە ئەوە بوو کە لەدوای تاقیکردنەوەی چەند مانگی، لقی لە هەموو لایەکی کوردستاندا بکرێنەوە، کە ئەوەش هەوڵێکی پیرۆز بوو بۆ ڕۆشنبیری کردنی میللەت، بەڵام ئیتیحادو تەرەقی کە وەکو بابەقوش خۆی لەهەر جۆرە ڕووناکییەک دوور دەخستەوەو دەیەویست کوردیش هەمیشە لە تاریکیدا بژی و ڕووناکییەکی لەهەر شوێنێکدا بدیایە چاوی دەترووکاند! لەبەر ئەوەی ئەو دروشمە کوردییە زانستییانەی کە لەقوتابخانە سەرەتاییە نموونەیی و کۆمەڵەی نەشرو مەعاریف بەرچاوی دەکەوت: دەیگوت مەبەستی لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەو قوتابخانەی نموونەیی، بڵاوکردنەوەی زانست و هونەر نییە، بەڵکو بۆ ئامادەکردنی جموجووڵێکی کوردایەتی و جیابوونەوەیە. بەبیانووی ئەوە دەستی بەپیلان دانان کرد بۆ تێکدان و لەناوبردنی ئەو هەوڵە زانستییە. ئیتیحادو تەرەقی نەیدەوێرا خۆی ڕاستەوخۆ فەرمانی داخستنیان بدات، بەڵام لە ڕێگایەکی ترەوە بە ئامانجی خۆی گەیشت. ئیتر کۆمەڵەکە نەیتوانی بەرگەی ئەو هەزاران نارەحەتی و دژایەتییەی حکومەت بگرێت، لەبەر ئەوە بڵاوەی لێکرد و لەدوای ئەوە کۆمەڵە دەستی بەکاری سیاسی کرد.

لەبەر ئەوەی کوردەکان لە بەینی ڕابوردوو و ئەمڕۆدا هیچ گۆڕانێکیان بەدی نەکردو لەداهاتوويش دڵنیا نەبوون، وتیان دەست لەناو دەست و کۆششیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی نیشتمانەکەیان شتێکی زۆر سروشتی بوو.

---

**پوختەی هەواڵەکان**

گرنگترین ڕووداوەکانی جەنگ لەماوەی پانزە ڕۆژی ڕابووردوودا.

هەر دوا بە دوای کەوتنی (ریڤا) ئەڵمانەکان بەهێزی دەریایی و ئاسمانی دورگەکانی (ئیزل) و (داجۆ) و (مۆن) کە داکۆکییان لە دەروازەی کەنداوی (ریڤا) دەکرد گرت.

هێزی دەریایی ئەڵمانەکان کە پێکهاتبوو لە (٢٥) کەشتیی جەنگیی گەورەو تۆرپیدێکی زۆرو کەشتیی گواستنەوە، بەئاگری توندی تۆپ سەنگەرەکانی ڕووسی لەو دورگانەدا بێدەنگ کردن.

لە کەشتییە جەنگییەکانی ڕووس، کە قارەمانانە داکۆکییان لە دەروازەی کەنداوەکە دەکرد، کەشتیی جەنگیی (سلاڤا) و (گروم)ی نوقوم کرد و ئەوانی تریشی ناچارکردن بگەڕێنەوە. سەربازەکانی ئەڵمان لەسەر وشکانی دابەزین و دورگەکانیان داگیرکردن و توانییان بچنە ناو کەنداوی (ریڤا).

ئەڵمانەکان لەم شەرە دەریاییە گرنگەدا (٢) (درێرناوت) و (١٢) تۆرپیدو

هەواڵنامەی کتێب

یەک کەشتیی گواستنەوەیان لەدەست داون.

لەهەمان کاتدا ئەڵەمانەکان بەشێوەیەکی کاتی بنکەکانی خۆیان لە (ریڤا) بەهێزکرد.

لەکاتێکدا چاوەڕوانیی هەواڵی نوقومبوون، یان خۆبەدەستەوەدانی ئەو کەشتییە جەنگیانەی رووس لە بنکەی (ریڤا) تەنگیان پێ هەڵچنرابوو، جگە لەو چوار کەشتییە بچووکانەی کە بەهۆی خۆدان بە داروبەردا شکابوون، ئەوانیتر هەڵاتبوون و خۆیان گەیاندبووە کەنداوی (فنلاندە)، کە ئەمەیش بەشەرەفمەندی و چالاکییەکی بێ هاوتا دەژمێردرێت.

ئەڵەمانەکان دوای ئەوەی کە بوون بەخاوەنی کەنداوی (ریڤا) ئێستا لە هەوڵی سەرباز ناردندان بۆ نێو دورگەی (وۆردەر)، مەبەستیشیان لەوەدا ئەوەیە کە لەوشکانییەوە بگەنە سەر (رەواڵ) و داگیری بکەن، دوایش بە کەشتییە جەنگییەکانیان بەباڵادەستبوون لە کەنداوی (فنلاندە)دا تا کۆسپ بخەنە بەر ئەو هێڵە دەریاییە گەیاندنەی کە لەنێو رووسەکان و سویسرەدا هەیە.

هەرچەندە رووسەکان (پترۆگراد)یان بەناوچەیەکی جەنگی دەستنیشانکردو بڕیاری چۆڵکردنیان دابوو، بەڵام ئەڵەمانەکان چاوەڕێی ئەوەیان لێ ناکرێت، بەتایبەتی گەر لە وەرزی زستاندا لە زەوییەکی پڕ قوڕولیتە و دارستانەوە هێرش بکەنە سەر (پترۆگراد).

یەکێکی دیکەیش لە رووداوە هەرە گرنگەکانی جەنگی هەفتەی پێشوو، هێرشی ئاسمانی ئەڵەمانەکانە بۆ سەر ئینگلتەرا، ئەو گەشتەی (زبلین) بوو بە بەسەرهاتێکی وا ناخۆش کە ئەڵەمانەکان لە یەکەم رۆژی دەستپێکردنی جەنگەوە تووشی بەسەرهاتی وا نەبووبوون.

ئەڵەمانەکان بە فیداکارییەکی زۆر (١٣) (زبلن)یان دروست کردبوون، دووانیان بەر لە تەواو کردنی گەشتەکەیان لەبەر تێکچوونی مەکینەکەیان توانیبوویان بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی کە لێیەوە هەستابوون، یازدەکەی دیکەیشیان دوای گەڕانەوەیان لە (لەندەرە)، لەبەر باوبۆرانێکی زۆر توند و تەمومژێکی ئێجگار زۆر، رێگایان لێ هەڵە ببوو، کاتێک لە ئاسمانی فەرەنسەدا بەسەر لێ شێواوییەوە دەسووڕانەوە پێنجیان لە دەوروبەری (سان کلیمان)، (بۆربۆن)، (دامارتین)، (میزۆن) و (لارانیە) راوکران، هەندێکیان دیل کران و هەندێکی دیکەیشیان لەتوپەت کرابوون.

یەکێک لەو (زبلین)انە بۆ ئەوەی بتوانێت هیچ یەک لە ئامێرە شارراوەکانی تێکبدات داگیرکرابوو کە ئەمەیش سەرکەوتنێکی شایانی باسەو دوو (زبلین)ەکەی دیکەیش بەرەو رۆژهەڵات دوایان کەوتوون و یەکێکی تریش لەسەر دەریای (سپی) لەلایەن فرۆکە دەریاییەکانەوە راودەنرێت.

هیچ جۆرە هەواڵێک لەبارەی ئەو (٣) (زبلین)ەکەی دیکە، کە چارەنووسیان نازانرێت، نەهاتووە. لەوەدەچێت ئەم (١٣) (زبلین)ەتووشی نەگبەتیی ژمارە (١٣) بووبن.

لەبەرەی فەرەنسەدا هەفتەیەکە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ هێرشکردن. دوابەدوای ئاگربارانێکی خەست و چڕی تۆپباران، سوپای فەرەنسە لەبەرەیەکی (٨) هەشت کیلۆمەتریدا هێرشی کردە سەر (مەلمیزۆن) کە هێڵی بەرگری ناوەندیی (هەندنبرگ) کە کلیلی دۆڵی (ئایات)ە دوای داگیرکردنی هەموو سەنگەرە توندوتۆڵەکانی و گوندەکانی (ئەلەمێنت)، (وۆدیسۆن) و (شاوینیۆن)یشی داگیرکرد.

لەم هێرشەدا (٧٠) ئۆتۆمبێلی زۆرێپۆش بەشدارییان کردووە بەیاریدەدانی هێزی پیادە لە هێرشەکەدا ئەرکێکی گرنگیان بەجێ هێنابوو.

لەم شەڕەدا فەرەنسییەکان (٨٠٠٠) سەرباز و (١٦٠) ئەفسەریان لە ئەڵەمانەکان بەدیل گرتبوون، دەستییان بەسەر (٧٠) تۆپی خەندەق و (٩٠) مەترەلۆز و گەلێک جبەخانە و کەلوپەلی سەربازیدا گرتبوو.

ئەم تێکشکانە بە ئێش و ئازارەدوای شکستهێنانی (زبلین)ەکان، دووەمین بەسەرهاتی ناخۆشی ئەڵەمانەکانە.

راگەیاندنی رەسمیی ئەڵەمانەکان دانی بەوەدا ناوە کە هێڵەکانی بەرگرییان لەلایەن فەرەنسییەکانەوە کەرت کراوەو دوای رووخاندنی سەنگەرەکانی پێشەوەیان بەرەو دواوە کشاونەتەوە.

نەمسابییەکان لەمەیدانی (ئوسۆنزۆ)دا بەیارمەتیی ئەڵەمانەکان بەکۆکردنەوەی چەند هێزێکی گرنگ لەخۆ ئامادەکردندان بۆ هێرشکردنە سەر ئیتاڵییەکان.

لە هەفتەی داهاتوودا بەهەموو شێوەیەک چاوەڕێی گەیشتنی هەواڵە گرنگەکانی مەیدانی جەنگی ئیتالیا دەکەین.

لەمەیدانەکانی (عیراق) و (فەلەستین) و (قەفقاسیا)شدا گۆڕانکارییەکی وەها نییە شایستەی باسکردن بێت. لەبەرەکانی (ماکدۆنیا) و (ڕۆمانیا)شدا ئاگری تۆپ بەردەوامە.

سەبارەت باسی ڕێککەوتنیش: سەرۆک وەزیرانی ئینگلتەرە (ژۆرژک) وتویەتی تاکو پەیکەری خوداوەندی جەنگ نەڕووخێت و لەناونەبرێت ڕێککەوتن نابێت. واتا قسەکە ئەوە دەگەیەنێت کە تاکو پەیکەری ستەم و زۆرداری لەبەرامبەر پەیکەری حەق و دادپەروەریدا بە پەشیمانییەوە ملی کەچ نەکات نابێت چاوەڕوانی ڕێککەوتن بکرێت.

**شەرەفنامە**

**سوڵتان نەصر کوڕی سوڵتان ئەحمەد:**

سوڵتان نەصردوای کۆچی دوایی سوڵتان ئەحمەدی باوکی لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشت، (٢١) ساڵ حوکمڕانی کردووەو لەو ماوەیەدا زۆرتر لەگەڵ یاخیبووەکانی (میر سەعید)ی برایدا خەریک بووە، لە ذی الحجە ساڵی (٤٧٢) کۆچی کردووەو تەختی سەڵتەنەتی بۆ براکەی جێهێشتووە.

**سوڵتان سەعید کوڕی سوڵتان ئەحمەد:**

لەجێی سوڵتان (نەصری) برای حوکمڕانی گرتۆتە دەست. بەدادپەروەری و بەرەحمی ناوبانگی دەرکردووە. لە ڕۆژانی حوکمڕانیی ئەودا خەڵکی وڵاتەکەی لەخۆشی و ئاسایشێکی گەورەدا ژیاون.

**سوڵتان مەنصور کوڕی نەصر:**

لەجێی سوڵتان سەعید سوڵتان (مەنصور)ی برازای چووە سەر تەختی سەڵتەنەت. لەساڵی ٤٨٩دا لەو شەڕەی کە لەگەڵ حاکمی مووصڵدا بەرپابوو تووشی تێکشکانێکی گەورە بوو و کۆچی دوایی کرد. چوار کوڕی لەپاش بەجێ مابوو، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کۆچکردنیدا هەموو وڵاتەکەی داگیرکراو سەڵتەنەتەکەی لەناوبرا.

**دەرووی دووەم**

**حکومەتی دینەوەرو شەهرەزوور**

**سوڵتان حەسەنوەیهی کوڕی حوسێن**

دانەر واتە دامەزرێنەی ئەم حکومەتە سوڵتان حەسەنوەیهی کوڕی حوسێن کە زمانحاڵی (ڕوکنولدەولە) بوو.

لەنێوان ڕوکنولدەولەو حەسەنوەیهی شەڕ هەر بەردەوام بوو، لە ساڵی ٣٥٩ی کۆچیدا (ئیبنولعەمید)ی وەزیری حەسەنوەیهی ناچارکرد لەسەر پێکهاتن.

سوڵتان حەسەنوەیهی لەڕۆژی پێنجشەمەی (٣)ی مانگی ڕەبیعولئەوەل ساڵی ٣٦٥ کۆچی دوایی کرد.

**سوڵتان بەدر کوڕی سوڵتان حەسەنەوەی**

سوڵتان بەدر، دوای مردنی باوکی، چووە سەر تەختی سەڵتەنەت. دوای شەڕو شۆڕێکی زۆر وڵاتەکەی فراوان کرد. ساڵی ٣٨٨ سنووری سەڵتەنەتی لە (دینەوەر)ەوە تاکو (ئەهواز)، خووزستان، بروجەرد، ئەسەد ئاباد، نەهاوەند) فراوان ببوو.

ساڵی ٤٠٥ لە قەڵای (کوسجەد) لەلایەن (حسێن کوڕی مەنصور)ەوە گەمارۆ دراو لەکاتی هەوڵێکیدا بۆخۆ ڕزگارکردن لەو گەمارۆیە، بەهۆی ناپاکیی هۆزی (جوورقان) وازی لە سەڵتەنەت هێنا. ٣٦ ساڵ حوکمی کردووەو لە ڕۆژانی حوکمڕانیدا وڵاتەکەی بەسەرکەوتنێکی زۆر گەورە گەیاندووە.

**سوڵتان هیلال کوڕی سوڵتان بەدر**

سوڵتان هیلال کە لەجێی باوکی چووە سەر تەختی سەڵتەنەت شەڕێک لە بەینی ئەوو باوکیا ڕوویدا، دەرەنجام پەنای بردە بەر حاکمی بەغدا (جلال الدولە). دوایی کەویستی بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی، یارمەتی نەدراو بە بەندی مایەوە. کاتێک (شمس الدولە کوڕی فخر الدولە)ی حاکمی هەمەدان خۆی ئامادەکردبوو بۆ هێرشکردنە سەر بەغدا، (جلال الدولە) ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ سوڵتان هیلالدا دژی (شمس الدولە) مۆرکرد، سەربەستیی کردو هێزێکی سەربازیی گەورەیشی دایە. لە ساڵی (٤٠٥) دا هێزەکانی سوڵتان هیلال و شمس الدولە کەوتنە شەڕێکی گەورەو خوێناوییەوە، لەو شەڕەدا سوڵتان هیلال کوژرا.

–لەدوایدا هەیە–

مدیر مسؤول: آزیزی احمد

[illegible]

# هونەرەکانی نووسینی ڕۆژنامەوانی



ئا: ئازاد عەبدولواحید*

**سەروتار نووسین لەکاری ڕۆژنامەوانیدا**

سەروتار، کە وتاری سەرەکی هەر ڕۆژنامەیەکە، لەڕووی دارشتنەوە هونەرێکی سەربەخۆو تایبەت بەخۆی هەیە. بنەڕەتی ئەو هونەرەش (**ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیە**)، کە هەندێ جار پشت بەپاساوی لۆژیکیانە دەبەستێ، هەندێ جاری دی پاساوی سۆزدارانە دەهێنێتەوە، بەمەبەستی گەیشتن بەتەنیا ئامانجێک کە ئەویش قەناعەت پێکردنی خوێنەرانە.

سەروتارنووس، لەڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەک(**تایمز**) و (**هیراڵدتریبیون**) لەلای خوێنەران زۆر دەناسرێن و بەناوبانگ دەبن، چونکە ئەو خوێنەرانە لەسەر شێوازی نووسەری سەروتار ڕادێن، کە پێویستە ئەو شێوازە بە ڕوونی و ڕەوانی و سادەیی و ساکاری و خۆشەویستی و پێوەندی گرێدانی توندوتۆڵی نێوان نووسەران و خوێنەران بناسرێنەوە، بۆیە زۆرجار ڕێ دەکەوێ نووسەری سەروتار هەرچەندە ناوی خۆشی لەسەر سەروتارەکەی نانووسێ، بەڵام زوو لەلای خوێنەران دەناسرێتەوە، هۆی ناسینەوەکەش ئاشنایی و هۆگری خوێنەرانە بەشێوازەکەی نووسەر. خوێنەران لەسەر ئەوە ڕاهاتوون لەو ڕۆژنامەیەدا یەکسەر ئەو لاپەڕە دیاریکراوە بکەنەوەو تەماشای بکەن بەمەبەستی خوێندنەوەی نووسینی ئەو نووسەرەی خۆشیان دەوێ، کە شێوازەکەی ئاسانەو پاساوەکانیشی قایلیان دەکات و قەناعەتیان پێ دەهێنێ. هەر لەپێناوی ئەوەشدا دەبینین ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان لەسەر هەموو لاپەڕەکانیاندا ڕووداوەکانی جیهانی پان و بەرین تۆمار دەکەن و بیرو بیروڕاو بۆچوونەکان و چی ڕوودەدات و دەقەومێ دەنووسن و تەنیا لاپەڕەیەک دەهێڵنەوە، هەندێ جاریش تەنیا یەک ستوون بەجێ دێڵن کە بۆ دەربڕینی بیروڕای ڕۆژنامەکەیە، کە هزری خۆی تێدا هەڵدەخا. مافی هەر

ڕۆژنامەیەکیشە لەدەرخستن و دەربڕینی بیروڕای تایبەتی خۆی، سەبارەت بەو دەنگوباس و هەواڵانەی بڵاویان دەکاتەوە ئەو ستوونەی هەبێت، ئەمە کارێکی سروشتی و ئاساییە، چونکە (هەواڵ) و (بیروڕا) دوو هاوەڵن و شان بەشانی یەکتری دەردەکەون و دەڕۆن. لێرەدا یەکەم پرسیار کە خۆی ڕەپێش دەکات و بەمێشکماندا دێ کاتێ کەسێک دێ و زانیارییەکمان دەداتێ کە جێگەی بایەخی ئێمەیە، ئەوەیە پێی دەڵێین (**بیروڕات سەبارەت بەو مەسەلەیە چییە؟**).

لەسەرەتاوە ڕۆژنامەگەری هەواڵی بەجیاو بیروڕای بەجیا بڵاو دەکردەوە، یەکەمیان لەشێوەی پەیام و نامەی هەواڵ بڵاو دەکرایەوە، ئەویتریشیان بەشێوەی نامیلکە بڵاو دەکرایەوە، بەڵام (**دانیال دیفۆ**) یەکەم کەسە ئەم دوو ئاراستە ڕۆژنامەوانییەی لەیەک چاپکراودا یەکخست و بەناوی (**ذی ریڤیۆ**) لە لەندەن لەساڵی ١٧٠٤ دەری کرد.

ئەوەی پێی دەگوترێ (**سەروتار ـ وتاری دەستپێک**)، سەرەتایەکەی بۆ (**ریڤیو**) دەگێڕنەوە، سەروتاریش یەکەم وتارە لەبارەی بابەتێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی گرنگ دەنووسرێ، کە قسەکردنە لەبارەی ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن، کە بەشێوازێکی سەرنج ڕاکێش و جوان دەخرێنە ڕوو، وەک باویشە لەپێشی پێشەوەی ڕۆژنامەکە بڵاو دەکرێتەوە، ئەم وتارەش وەک وتەیەکی دەستپێک بەشێوەیەکی ناسک و نەرم و نیان لە نووسەرەوە ئاراستەی خوێنەران دەکرێت، بۆیە ناوی نراوە گوتاری دەستپێک، ئەمەش ناوک و کاکڵەی سەروتارە، کە ئەمڕۆ لەڕۆژنامەگەری نوێدا دەیناسین.

زمانی ڕۆژنامەوانییەکی توندڕۆ لەحزبایەتی خۆیدا، پڕ لەهاش و هووش و زبر لەشێوازو دەربڕینەکانیدا ئاماژە بەبلیمەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە گەورەیە دەدا کە ناوی (دیفۆ)یە، لەبەر ئەوەی داهێنەری وتاری هێمنانەو سەنگینە، کە لەبیروڕایەکان ورد دەبێتەوەو ڕاستییەکان لەمەحەک دەدات و دەیخاتە بەردەم تاقیکردنەوە، هەروەها گفتوگۆ لەبارەی سیاسەتی حکومەتەکانەوە دەکات و بەو پەڕی هێمنی و ئارامی و پشوو درێژی لەگەڵ هەنگاوەکانیدا دەڕوات. بەم جۆرە دیفۆ بۆ یەکەم جار لەمێژووی ڕۆژنامەوانی ئینگلیزیدا، وتاری سیاسی میانڕۆی داهێنا، کە بەمەنتیقێکی سەنگین و قورس دەنووسران. پاشان هونەری وتاری دەستپێک، یان سەروتار لەڕۆژنامە سیاسییەکاندا پێشکەوت و پەرەی سەند، کە دیفۆ لەمەدا بەشداری و پشکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو تا گەیشتە قۆناغی هونەرێکی کامڵ و پێگەیشتوو کە لەسەر بنچینەو

> **زمانی ڕۆژنامەوانییەکی توندڕۆ لەحزبایەتی خۆیدا، پڕ لەهاش و هووش و زبر لەشێوازو دەربڕینەکانیدا ئاماژە بەبلیمەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە گەورەیە دەدا کە ناوی (دیفۆ)یە، لەبەر ئەوەی داهێنەری وتاری هێمنانەو سەنگینە، کە لەبیروڕایەکان ورد دەبێتەوەو ڕاستییەکان لەمەحەک دەدات و دەیخاتە بەردەم تاقیکردنەوە، هەروەها گفتوگۆ لەبارەی سیاسەتی حکومەتەکانەوە دەکات و بەو پەڕی هێمنی و ئارامی و پشوو درێژی لەگەڵ هەنگاوەکانیدا دەڕوات**

بنەڕەتێکـی دیاریکـراوو داوونەریتێکی پڕ لەڕێز و شـکۆ دابمـەزرێ. بەهونـەرو لێهاتوویـی دیفـۆ ئـەوە زانرا کە سەروتار، یان وتاری دەستپێک تەنیا گوزارشت لەبیروڕای نووسـەرەکەی نـاکات، یـان هەڵگـری بیـرو بۆچوون و بیـروڕای تایبەتی ئەو نییە، چونکە ئەوە لەشـێوەو جۆری نووسـینی وتارو هونەرەکانی دیکەدا بـاوە، بەپێچەوانەی ئەوەوە پێویسـتە لەسەروتار نووسـیندا دەربڕینێکی ورد لەگەیاندنـی بیـروڕای ڕۆژنامەکەو سیاسـەتەکەیدا هەبێ و وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی گشـتی سـەیر بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرنووسـەر سـەروتارێکی نووسی، ئەوە هەرگیـز نابێ بیـروڕای تایبەتی خۆی تـێ بئاخنێ، بەڵکو دەبێ گوزارشت لەسیاسەتی ڕۆژنامەکەی بکات، هەروەها لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە باسی شوێن و پێگەی گشـتی ڕۆژنامەکـەی بکات، بۆیـە سـەروتار نابێ ناوی نووسـەرەکەی لەسـەر بنووسـرێ، ئەگەرنـا ناوەرۆکی نووسینەکە پێچەوانەی ئامانج و بیری وتارەکە دەوەستێ، کـە تەنیـا یـەک ئـەرک و پەیامی هەیـە کـە دەربڕین و گوزارشـت کردنە لەسیاسـەتی ڕۆژنامەکە، نەک بیروڕای تایبەتی نووسەرەکە بێ.

لەسـەر بنەمای ئـەو تێگەیشـتنە بۆ ئـەرک و پەیامی سەروتار نووسین، ڕۆژنامەگەری نوێ کەوتە تەرخانکردنی لاپەڕەیەک بۆ وتاری دەستپێک (سەروتار)، ئەمەش بریتییە لەبیـروڕای ڕۆژنامەکـە خۆی، کە لەشـێوەی سـەروتار دەریـان دەبـڕێ و گوزارشـتیان لێ دەکات، یـان هەندێ جار بەشـێوەی وێنەی کاریکاتێری، یان لەپەنای بیروڕای کەسانی دیکەوە دەیانخاتە ڕوو. لەوانەیە ئەو بیروڕایانەی کەسانی دەرەوەی ڕۆژنامەکە، هزرو بیروڕای خوێنەرانی ڕۆژنامەکـە بـن کە بەڕێگەی زانراو و لەشـێوەی نامە بۆ نووسـەری لاپەڕەکە دێن، یان برگەو پەرەگرافی کورت و چڕو پڕ بن و لەسـتوونی بیروڕای جیاجیای بڵاوکراوەی نـاو ڕۆژنامەکانـی دی وەربگیرێن و لەژێر ناوی(قسـەو بیروڕای ناو ڕۆژنامەکان) ڕابگوێزرێن.

نووسـەرانی سـەروتار بەرانبـەر کۆمەڵانـی خەڵک و خوێنـەران بەرپرسـیاریەتییەکی گـەورە دەکەوێتە سـەر شانیان، چونکە پێویستە لەسەریان خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوان بن و زۆر وریاو ئاگادارو باخەبەر بن، هەروەها دەبێ پسپۆڕو شارەزا بن لەو باس و خواسانەی لەبارەیانەوە دەنووسـن و دەسـتی بۆ درێـژ دەکەن، هـەروەک چۆن دەبـێ بەویژدان بن لەدەربڕینی ئـەو بیروڕایانەی لەلایان گەلاڵە دەبێ، یان دەیانەوێ گوزارشتی لێ بکەن. ئەمڕۆکە ئینسـانێک نییـە جێگەی (فرەنسـیس بیکـۆن) بگرێتەوەو

> **نووسـەرانی سەروتار بەرانبـەر کۆمەڵانی خەڵک و خوێنـەران بەرپرسیاریەتییەکی گەورە دەکەوێتە سـەر شانیان، چونکە پێویستە لەسەریان خاوەنـی ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوان بن و زۆر وریاو ئاگادارو باخەبەر بن، هەروەها دەبێ پسپۆڕو شارەزا بن لەو باس و خواسانەی لەبارەیانەوە دەنووسن و دەستی بۆ درێژ دەکەن**

بتوانێ هەموو مەعریفەو زانیارییەکان بکاتە موڵکی خۆی و لەبەردەستی دابن. کارەکەش وەک جافری بارسونز (لەوکاتەدا کە ڕاوێژکاری سەرەکی دەزگای نووسینی سەروتاربوو لەڕۆژنامەی (**نیۆریۆرک هیراڵدتریبیۆن**) دەڵێ: چەندی بنچینەو بناغەی مەعریفەو زانیاری لەلای نووسەر پتەوو قایم بێ، ئەوەندە زیاتر توانایی لەبواری بەئاگاهێنان و زیندووکردنەوەی هزرو بیروڕای تایبەتمەند لەمەڕ هەربوارو بابەتێک بەدەردەکەوێ. بۆیە نووسەری سەروتاری کارامەو شارەزا خەڵکێکی ئێجگار زۆرتر دەدوێنێ، کە زۆر زۆرترە لەوەی هەر مامۆستایەک، یان فەیلەسووفێک، یان ڕەخنەگرێک بۆخۆی دروستیان دەکات. خۆ ئەگەر بشیەوێ سەرنجی خوێنەران بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، ئەوە ناتوانێ بەهەر برە زانیاری و مەعریفەیەک ئەو کارە ئەنجام بدات.

بۆ هەستکردن بەو گرنگییەش زانایانی کۆمەڵناسی گەیشتنە ئەو بیروڕایە کە بارودۆخ و ئەو ڕووداوانەی مرۆڤیان پێدا تێپەڕ دەبێ، یان ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگادا دێن، هەرگیز ئەو ڕووداوو گۆڕانکارییانە نرخێکیان نابێ، یان ناتوانن کارتێکردن و شوێنەوارێک لەسەر قەوارەو کەسایەتی تاک، یان کۆمەڵ دابنێن، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە تاکە کەس هەستی پێبکاو بەهۆشیارییەوە وەری بگرێ و نرخی بزانێ و خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێ، خۆ ئەگەر شتێکی وا لەو بارەیەوە ڕووی نەدا، ئەوسا ئەو بارودۆخ و ڕووداوو گۆڕانکارییانە دوور لەویژدانی خەڵکی دەمێننەوە، تەنانەت وایان لێدێت دەچنە خانەی نەبوونەوە.

شوێنەوارو هێزو ئەفسوونی کاریگەری ئەو مەعریفەیەی نووسەری سەروتار بەدەستی دەهێنێ، بەسەر ئەو وتارەی دەینووسێ ئاوەژوو دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی لەبارەی شیکردنەوەی هەواڵەکان و پشتی هەواڵەکانەوە دەیاننووسێ، یان هەوڵ دەدات ئەو مەغزایانەی هەر هەواڵێک لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە دەربخات. بەم ڕێگەیە تاکە کەسەکان، چین و توێژەکان دەتوانن گیروگرفتەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئینجا ئەو گیروگرفتانە، کێشەی دەروونی بن، یان ئابووری، یان سیاسی، یان کۆمەڵایەتی. هونەری ئەو چارەسەرکردنەش بۆ رۆژنامەگەری دەگەڕێتەوە، یان بۆ ئەو نووسەرە دەگەڕێتەوە، کە لەکاتی گونجاودا دەست دەداتە نووسین و خۆی داوێتە ناو ئەو گیروگرفتانەوە، هەرچەندە ئەو ناچێتە ناو کێشە بەکێشەی تاکەکانەوە کاتێ باسیان لێوە دەکات، بەڵام بەشێوەیەک لەشێوەکان خۆی لەناو ئەو کێشەو گرفتانەدا دەبینێتەوەو

**نووسەری سەروتاری کارامەو شارەزا خەڵکێکی ئێجگار زۆرتر دەدوێنێ، کە زۆر زۆرترە لەوەی هەر مامۆستایەک، یان فەیلەسووفێک، یان ڕەخنەگرێک بۆخۆی دروستیان دەکات. خۆ ئەگەر بشیەوێ سەرنجی خوێنەران بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، ئەوە ناتوانێ بەهەر برە زانیاری و مەعریفەیەک ئەو کارە ئەنجام بدات**

تێیانــدا بەشــدارەو ئامادەبوونی هەیــە. لەوانەیە خەڵکانێ کــە خاوەنی ئەو کێشــەو بێنــەو بەرەو گرفتانەن هەســت بەئابلۆقەی ئەو گرفتانە نەکەن کە چەند کاریگەریی بەسەر ژیانیانــەوە هەیــە، ئەمــەش لەبــەر نەبوونی هۆشــیارییە لەلایــەک، لەلایەکی دیکە ئەوانــە ناتوانن خەون بەژیانێکی باشــترەوە ببینــن، یان ئاســۆی بــارو گوزەرانێکی چاکتر لەوەی هەیە بەدی ناکەن.

ئــەوەی زیاتر بەرپرســیارێتی نووســەری ســەروتار لەدارشــتنی رای گشــتی قووڵ دەکاتەوە، ئــەو بنەمایانەن کــە کۆنگرەی نیشــتمانی نووســەرانی ســەروتار لەوڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمریکا دایرشــت و پێــڕەوی لێیان کرد، لەوێــداو لەپێشــەکی ئــەو بنەمایانــەدا هاتووە (پێویستە لەسەر نووســەری سەروتار، ئەگەر ئەمانەتــی پیشــەکەی و کۆمەڵگاکــەی خــۆی بەلاوە مەبەســت بوو، شــوێن پێــی حەقیقەت هەڵگرێ، سا ئەو شوێن پێ هەڵگرتنەی بەرەو **هەر شوێنێکی ببات**).




ئــەوەی لای خوارەوەش هەنــدێ خاڵی بنەڕەتی ئەو یاسایەن:

(١): پێویســتە لەسەر نووسەری سەروتار حەقیقەتــەکان بەئەمانەت و دەســتپاکی و تەواوی و وردی بخاتە ڕوو.

(٢): پێویستە لەسەری ئەو حەقیقەتانەی باســیان لێوە دەکات بــەرەو ئەنجامێکی مەوزوعیانــەی ببەن، بەبەڵگەش پشــت ئەســتووریان بکات و لەسەر چەمکی بەرژەوەندی گشتی دایانبمەزرێنێ.

(٣): نابێ بەهیچ شێوەیەک بەرژەوەندی بەرتەســکی خۆی، بکاتە پاڵنەری نووسینی سەروتارەکەی.

(٤): پێویســتە لەســەری لــەوە تێبگا کــە ئــەو وەک هەر کەســێک بێ هەڵەو کەم و کوڕی نییــە، بۆیە دەبێ بواری قســەکردن بۆ ئەوانەی دژی بیروڕای ئەون بکاتەوە، هیچ نەبێ لەســتوونی نامەکانی خوێنەران،یــان هەر بوارێک و هۆیەکی گونجاوی دی.

(٥): پێویستە لەســەری، چاو بەو دەرئەنجامە تایبەتیانەی خۆی بخشــێنێتەوە و ڕاســتیان بکاتەوە، بەتایبەتی کاتێک بینی پێشتر لەسەر چەمکی هەڵە بنیاد نراون.

(٦): پێویســتە بایــی ئەوەنــدە ئازایەتی تێدابێ تــا بتوانێ لەســەر قەناعەتەکانــی خۆی، خــۆی ڕابگرێ کە لەســەر بنچینەیەکی پتەو و بەهێز دروستی کردوون، هیچ کاتێکیش

شتێک نەنووسێ دژی ویژدانی خۆی بێت. گەیشتنیش بەبیروڕایەکی ڕاست و دروست کە کۆدەنگی لەسەر بێت نایەتەدی، ئەگەر لەڕێگەی گەیشتنی بەبیروڕای تاکەکەسی ڕاست و دروستەوە نەبێ، بۆیە دەبێ ڕێز لەبیروڕای تاکەکەس بگیرێ، بەتایبەتی بیروڕایەک کە زادەی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ڕاست و دروستە.

(٧): پێویستە لەسەری پشتیوانی لەهاوپیشەکانی خۆی بکات، لەپابەندبوون بەبەرزترین ئاستی ڕاستگۆیی و لانەدانی پیشەیی.




لەئەنجامی ئەو گرنگییەی سەروتار هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری بەدەستی هێناوە، یان دوای ئەوەی پێشی پێشەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەی بۆ خۆی گرت، هەر ئەوە بووە مایەی ئەوەی خوێنەران یەکەم بابەت بێ بیخوێننەوە. سەروتاریش شوێنە گرنگ و بەرچاوەکەی خۆی لەدەست نەداو تا ئەم دواییانە لەلاپەڕەی یەکەمدا مایەوە، واتە لەو کاتەوە کە ڕۆژنامە لەم ساڵانەی دواییدا بەشێوە نوێیەکەی دەرکەوت ئەو کاتە بەپلەی یەکەم کەوتە بایەخدان بەهەواڵ، ئەم بایەخدانە بەهەواڵ بەجۆرێک لەجۆرەکان بایەخی سەروتاری کەم کردەوە.

باشترین بەڵگەی گرنگی سەروتار لەوەوە بەدەردەکەوێ کە دەبینین نووسەرانی ئەو سەروتارانە ئەو نووسەرە گەورە بەتاوبانگانە بوون لەناو هەر نەتەوەیەک لەنەتەوەکانی دنیا، بگرە ئەو نووسەرە گەورانەن لەهەموو کات و سەردەمێک لەسەردەمەکانی مێژوودا.

لەمێژووی ڕۆژنامەگەری میسریدا وەک وڵاتێک کە خاوەنی داوونەریتی ڕۆژنامەگەرییە، سەروتاری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان کەسانی وەک: محەمەد عەبدە، ئەدیب ئەسحەق، عەبدوڵلا نەدیم، مستەفا کامیل، ئەحمەد لوتفی ئەلسەید، عەبدولقادر حەمزە، ئەمین ئەلرافعی،ئیبراهیم مازنی، حوسێن هەیکەل و زۆرانی دی لەکۆڵەگەکانی ئەدەب و هزرو ڕۆژنامەوانی دەیاننووسی. لەڕۆژنامەگەری ئینگلیزیشدا سەروتار بەقەڵەمی کەسانی وەک دیفۆ، ئەدیسۆن، ستیل، جۆنسۆن، ویکلز، سوبیت

و زۆرانی دی دەنووسـران. لەناو کوردانیشـدا کەسـانی وەک مسـتەفا پاشـا یامولکی و پیرەمێردو شـێخ نووری و عەلائەددیـن سـەجادی و ڕەفیق حیلمـی و زۆرانی دی نووسیویانە.

ئەمـرۆ سـەروتار لەڕۆژنامەکانی ئەو سـەردەمەماندا بووە بەشـێوازێکی ڕۆژنامەوانـی تایبەتمەند کە نزیکترین نووسـین لێیەوە هونـەری (وتار)ە، تەنیـا جیاوازییەکیش لەنێوانیانـدا هەبێ ئەوەیە کە سـەروتار چڕو پڕو کورتەو بەشێوازێکی هاوچەرخانە دەنووسرێ، تەکنیک و شێوازی سـەروتار نووسـینیش، ئەمڕۆکـە بەشـێوەیەکی بەرچاو پێشـکەوتووە کە بۆ خوێندنەوە زۆر تاسـووق و سەرنج ڕاکێشە. ئەوەی ئەدیسۆن، یان ستیل لەسەدەی هەژدەیەمدا نووسـییان بەپێی بیروڕای زانایانی ئەو بوارە ئەمڕۆکەش ڕەونەق و بەهای خۆیـان لەکیس نەداوە، چونکە خوویان بـەوەوە گرتبوو چارەسـەری بابەتێکی گرنگ بکەن، بەڵام ئەو سەروتارانەی لەسـەدەی هەژدەدا دەنووسران، ئەوە زۆر جێگەی بایەخ و سـەرنجدان نەبوون، ئەگەر لەئاستی خۆشـیدا بمانوەسـتێنێ ئەوە لەبـەر ئەوەیە کـە نرخێکی کـۆن و دێرینی هەیەو هیچی تر، چونکە ئەو سـەروتارانە چارەسـەری بابەتێکیان کـردووە کە پێوەنـدی بەباس و خـواس و بابەتێکی ڕاگوزاری ئەو قۆناغـەوە هەبووە کە تایبەتە بەو کات و سەردەمەوە کە تیایدا نووسراوە.

لەسـەر ئـەو بنەمایـە دەتوانین سـەروتار وا پێناسـە بکەیـن کە وتارێکی کورتەو پێوەندی بەو کات و سـاتەوە هەیە کـە تێیدا دەنووسـرێ و بڵاو دەکرێتـەوە. لەبارەی ئامانجی نووسینی ئەو سەروتارو مەبەستەکەی دەبێ ئەو بیروڕایـە بخاتە ڕوو کـە ڕۆژنامەکە بەباشـی دەیبینێ و چەند ڕێگایەکیشـی بەدەستەوەیە بۆ نیشاندانی ئەو هزرو بیرۆکەو بیروڕایانە. شـایانی گوتنە لەو بارەیەوە ئارسەر بریسـبین کە لەڕۆژگاری خۆیدا هەوادارو شوێنکەوتووی زۆری هەبـوو، لەو بـاوەڕە دابوو کـە بابەتگەل و بواری نووسەری سەروتار لەسـەر چەند ئامانجێک دادەمەزرێ کـە خەڵـک فێـر بـکات و بجەنگـێ و داکۆکی و سـتایش بکات. سـیفەتی فێرکـردن لەگرنگترینی ئـەو ئامانجانەیەو سەختترینیشـیانە، بـەڵام جەنگان لەهەموویان ئاسـانترە، هەرچەندە لەهەندێ جاردا پێویسـتە، بەڵام بۆسـەر دڵ و دەروونی خوێنەران قورس و قێزەونە.

هەرچی داکۆکی کردنە لەکاری خێرخوازانە، یان داکۆکی کـردن لـەلاوازەکان دژی بەهێزەکان، یـان داکۆکی کردن لەبیری نوێ دژی ئاسـتەنگ دروست کردن و ڕێگرتن بۆ لەباربردن و کێشـە دروست کردن بۆی، ئەوەش بۆ خۆی

> **دەتـوانیـن سـەروتـار وا پێناسە بکەین کە وتارێکی کورتەو پێوەندی بەو کات و ساتەوە هەیە کە تێیدا دەنووسرێ و بڵاو دەکرێتەوە. لەبارەی ئامانجی نووسینی ئەو سەروتارو مەبەستەکەی دەبـێ ئـەو بـیـروڕایـە بخاتە ڕوو کە ڕۆژنامەکە بەباشی دەیبینێ و چەند ڕێگایەکیشی بەدەستەوەیە بۆ نیشاندانی ئـەو هزرو بیرۆکەو بیروڕایانە**

كاریگی گرنگە، هەرچەندە نووسەری سەروتار زۆرجار پشتگوێی دەخات، هەروەك چۆن ستایشیش پشتگوێ دەخرێ، تەنیا لەسەر ئاستی حزبی نەبێ كە دەمێنێ.

ئەرك و پەیامی سەروتار لەگۆشەنیگایەكی ئایدیالییەوە ئاگاداركردنەوەی ڕای گشتی و دەست گرتنیانە، چونكە ڕووداوو هەواڵ بۆ خوێنەران ڕاڤە دەكات و مانا و دەلالەتەكانی بۆیان شرۆڤە و شی دەكاتەوە. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز دەڵێ: ئەگەر لەهەندێ بوارو بابەت و لەهەندێ كاتدا سەركردایەتی پەیام و ئەركی خۆی ون كرد، ئەوە ئەو هۆیەی هەمیشە بۆ ڕاستكردنەوەی ئامادەیە و لەبەردەستاندایە، ستوونی هەواڵەكانە كە ڕاستییەكان بەدیقەت و وردی و ئەمانەت و دەستپاكییەوە دەخاتەڕوو.

**سیفەت و خەسڵەتەكانی سەروتار**

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین ئەو خەسڵەتانەی كە سەروتاری پێ دەناسرێتەوە لە ڕۆژنامەگەری هاوچەرخدا بریتییە لە:

**یەكەم**: دەبێ پێداگیری لەسەر یەك سیاسەت بكرێ كە سیاسەتی ڕۆژنامەكەیە، ناكرێ ئەو ڕۆژنامەیە لەنێو كۆمەڵێ سیاسەتدا ڕاڕا و دوودڵ بێت، چونكە بەمە گرنگی خۆی وەك ڕۆژنامەیەك لەناو ڕۆژنامەكانی بیروڕادا دەدۆڕێنێ، لەپێناوی ئەوەش لە سەروتاردا وەك باوە ناوی نووسەرەكەی نانووسرێ، چونكە بیروڕای ناو وتارەكە بۆ خودی ڕۆژنامەكە دەگەڕێتەوە، ئەو ڕۆژنامەیەش لەلایەن دەستەیەك بەڕێوە دەبرێ كە سیاسەت و ئامانجی تایبەت لە پشت پەیامی ئەو ڕاگەیاندنەیانەوە هەیە.

**دووەم**: دەبێ لەكاتی بیروڕا دەربڕیندا وریا و بە ئاگا بێ، چونكە سەرنووسەر، یان نووسەری سەروتار بیروڕای تایبەتی خۆی دەرنابڕێ، بەڵكو گوزارشت لە بیروڕای ڕۆژنامەكە دەكات كە دەزگایەكی كۆمەڵایەتییە و كار و ئەركێكی ڕاگەیاندن جێبەجێ دەكات، بۆیە پێویستە زۆر دیقەت و وریایی بنوێنێ لەوەی دەینووسێ و حیساب بۆ هەر وشە و ڕستەیەكی خۆی بكات تا ڕۆژنامەكە تووشی كێشە نەكات و ڕووبەڕووی مەترسی داخستن و دادگا نەكاتەوە. لێرەدا مەسەلەیەك دەورووژێنرێ كە پێوەندیی بە ویژدانی نووسەرەوە هەیە، ئایا ئەو قسەیە مانای ئەوە دەگەیەنێ كە نووسەر دژی ویژدانی خۆی بوەستێتەوە لەوەی پێشكەشی خوێنەرانی دەكات، بەتایبەتی لە پەنای ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییە گرنگەی وەك وتمان موڵكی ڕۆژنامەكەیە پێش ئەوەی ئەو نووسەرێك لە نووسەرەكانی

**"سەرنووسەر، یان نووسەری سەروتار بیروڕای تایبەتی خۆی دەرنابڕێ، بەڵكو گوزارشت لە بیروڕای ڕۆژنامەكە دەكات كە دەزگایەكی كۆمەڵایەتییە و كار و ئەركێكی ڕاگەیاندن جێبەجێ دەكات، بۆیە پێویستە زۆر دیقەت و وریایی بنوێنێ لەوەی دەینووسێ و حیساب بۆ هەر وشە و ڕستەیەكی خۆی بكات تا ڕۆژنامەكە تووشی كێشە نەكات و ڕووبەڕووی مەترسی داخستن و دادگا نەكاتەوە"**

بێت؟

وەڵامدانەوەی ئەوە پرسیارەش وەک دکتۆر سبنسر دەڵێ ئەوەیە ئەو نووسەرەی کاتێ لە بیروڕای تایبەتی خۆیدا لەگەڵ بۆچوون و بیروڕای ڕۆژنامەکە جیاوازییان دەکەوێتە نێوانەوە، پێویستە سەروتار نەکاتە دەرفەتێک بۆ نیشاندانی ئەو جیاوازییە. بەکورتی پێویستە ئەو ڕۆژنامەنووسەی سەروتار دەنووسێ سێ لایەن ڕەچاو بکات کە هەرسێکیان کار لەیەکتر دەکەن و هەرسێکیان پشت بە یەکتری دەبەستن، چونکە ئەوانە چوونەتە ناو یەکترییەوە و تێهەڵکێشی یەکتری بوونە، ئەم سێ لایەنەش بریتییە لە: سیاسەتی ڕۆژنامەکە، شێوەی داڕشتنی وتارەکە، لەبەرچاو گرتنی بایەخی خوێنەران.

لە واقیعیشدا ئەرکی نووسەری سەروتار وەک خۆی دەمێنێتەوە کە پێشتر هەبووە، ئەویش ڕاڤەکردنی هەواڵ و ڕێنموونی کردنی بیروڕایە، هەروەها ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی بانگەشەیەکە لە پێناوی پشتگیری کردن لە کێشە و مەسەلە ڕەوایەکان، بەڵام لەو چوارچێوەیەی ئەو کاری تێدا دەکات بەرفراوانتر بووە. لایەنی چێژگەیاندنیش لەسەروتاردا لایەنێکی کەم نییە تا بە گرنگ وەرنەگیرێ، بۆیە دەبینین نووسەری سەروتار ئەو ئەرکەی لەوە قورسترە تەنیا لە مەسەلەیەک بدوێ، یان بیروباوەڕێکی سیاسی بخاتەڕوو، بگرە ئاراستەی نوێ لەمڕۆکەدا کە ڕووی لە زیادبوون و پەرەسەندنە، برەودانە بەلایەنێکی درەوشاوە کە لەلاپەڕەی سەروتاردا ناوی نراوە بە سەروتاری (جوان و چێژبەخش)، ئەمەش لە سەروتارە تەقلیدییەکان جیایە. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لەبارەی زمان و یاسا و ڕێسایەکی زمانەوانی و دەستنیشان کردنی ئەوەی لە قاعیدەی زمان دەردەچێ و لەلایەن ئەوانەوە دەنووسرێ کە تا ڕادەی دەمارگیری دەستبەرداری سەرچاوە و بنجوبناوانەکەی نابن.

ئەوە زۆر بەکورتی گرینگترین خەسڵەتەکانی سەروتارن لە ڕۆژنامەگەری جیهانیدا، کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی ڕۆژنامەوانییەوە هاتووەتە دی و لێیەوە هەڵێنجراون، بۆیە ڕۆژنامەگەری نوێ کەوتە بڵاوکردنەوەی (ستوونی سەرەکی)، یان سەروتار بەشێوەیەکی کورت و چڕ و پڕ لە ستوونێکدا، یان لە چەند ستوونێکی ڕۆژنامەکەدا جێگەی خۆی کردەوە، لەو ستوونانەشدا هەندێ جار وتارێک، هەندێ جاری تر دوو وتار، یان سێ وتار دەبێ، ئەمەش بۆ ئەوەی بوار بدرێ بە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی دی کە پێشتر ڕۆژنامەگەری کۆن بەخۆیەوەی نەبینیبوو، یان ئەو بابەتانەی زۆر کەم ناسیبوو.

**"لایەنی چێژگەیاندنیش لەسەروتاردا لایەنێکی کەم نییە تا بە گرنگ وەرنەگیرێ، بۆیە دەبینین نووسەری سەروتار ئەو ئەرکەی لەوە قورسترە تەنیا لە مەسەلەیەک بدوێ، یان بیروباوەڕێکی سیاسی بخاتەڕوو، بگرە ئاراستەی نوێ لەمڕۆکەدا کە ڕووی لە زیادبوون و پەرەسەندنە، برەودانە بەلایەنێکی درەوشاوە کە لەلاپەڕەی سەروتاردا ناوی نراوە بە سەروتاری (جوان و چێژبەخش)، ئەمەش لە سەروتارە تەقلیدییەکان جیایە"**

## هونەری نووسینی ستوونی ڕۆژنامەوانی

لێرەدا باسی هونەری ستوونی ڕۆژنامەوانی دەکەین بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە هونەرێکی دیکەی وتارنووسینی نوێ لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، کە تێیدا بایەخدانێکی زۆر بە هونەرەکانی نووسینی ڕۆژنامەوانی دەدرێ، ئەمەش بریتییە لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و لێدوانی تایبەتی. هونەری ستوون نووسین وەک لایەنێکی گرنگی وتار نووسین دێتە پێشەوە و ڕووبەرێکی گەورەی لەجیهانی ڕۆژنامەگەری داگیرکردووە، کە بەهۆی وەسفی واقیعیانە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی هەواڵ، یان بەدی هێنانی شێوازێکی ڕۆژنامەنووسانەی کۆمەڵایەتی ساکار، هەروەها بوونی شێوازی جۆراوجۆری تر لە نووسینی وتاردا دەردەکەوێ، هەرچەندە هونەری ستوون نووسینی ڕۆژنامەوانی وەک لایەنێکی جێگیر لە ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆکەی لێهاتووە، لەگەڵ ئەوەش خوێنەری لە چاو خوێنەرانی سەروتاری بێ ناوی نووسەرەکەی زۆرترە، بەڵام هونەری ستوون نووسین کامڵ بوون و خوێنەرەکانی لەچاو هونەرەکانی دیکەی ڕۆژنامەوانی نوێیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژنامەکان بەدرێژایی ژیانیان بایەخیان بە هەواڵ پاشتر بەوتار داوە، لەبەر ئەوە بواری زۆر بەستوون نووسین نەدراوە، بۆیە دەرکەوتنەکەی لە ڕۆژنامەگەریدا درەنگ کەوتووە.

ئەگەر بشمانەوێ مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی گرنگیدان بە ستوون نووسین دەستنیشان بکەین، ئەوە مێژووەکەی بۆ سەرەتایەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەگەری عەرەبی بەتایبەتی ڕۆژنامەگەری میسری زۆرتر پشتیان بە سەروتار دەبەست کە لەسەرەتاوە سەروتاری درێژ بوون، پاشان سەروتارەکان وردە وردە ڕوویان کردە کورت بوونەوە، هەروەها لە زۆربەی کاتدا بابەتەکانی ئەو سەروتارانە لەبارەی بابەتی گرنگ و جددی بوون، هەرچەندە هەندێ جاریش دەستی بۆ بابەتی گاڵتەئامێز و لاقرتێ و خەمڕەوێن دەبرد، بەڵام دواتر ڕۆژنامەکان هونەری ستوون نووسینیان لە ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوایی وەرگرت، بۆیە دەبینرێ لەسەرەتای سەدەی بیستەم تەها حوسێن ڕوودەکاتە نووسینی ستوونی تایبەتمەندانە، یان ستوونی ڕۆشنبیری لە **(قسەی چوارشەموان- حديث الأربعاء)**دا. لێرەوە بوو نووسینی ستوونی تایبەتمەندانە بەدەرکەوت



تاها حوسێن/ خاوەنی گۆشەی (حديث الأربعاء)

كە لەناو عەرەبەكاندا تەها حوسێن دەستی پێكرد و دایهێنا. بەمەش پێویستیی بە پیرەوە چوونی نێوان ڕۆژنامەگەری و چین و توێژەكانی گەل بەدەردەكەوێ، هەر ئەمەش پاڵی بەنووسەرانی دنیاوە نا بۆ گوزارشت و وێناكردنی خواستەكانیان تا ببێتە ئاوێنەیەكی باڵانماو ساف و ڕوون بۆ ڕەنگدانەوە و ئاوەژووكردنەوەی ژیانی گەل، كە گەل كێشە و ئاریشەكانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، تا ئەوەی خۆش بوێ كە پێویستە خۆشی بوێ و ئەوەش ببێزرێنێ كە پێویستە ببێزرێنێ. هەر ئەو خۆشەویستییەش پاڵی پێوە بنێ بۆ گەیشتن بە كامڵ بوون و گرژبوون و بێزرانەكەش پاڵی پێوە بنێ بۆ چاكسازی. كەواتە ستوونی تەرخان كراو بۆ لایەنی تایبەتمەند و دەست نیشان كراو بەرهەمی ئەو پێوەندییە ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتییانەن كە بەدەركەوتن و سەرهەڵدانی پێوەندییە كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكانەوە هاتوونەتە ئاراوە، ئەمەش بەهۆی بە پیرەوەچوونی ڕۆژنامەگەری بەدەست هاتووە كە لەگەڵ چین و توێژە نوێیەكانی ناو كۆمەڵگا جۆراوجۆرەكان دایمەزراندووە، كە لەلای نووسەر و ڕۆژنامەنووسی لێهاتوو بەبێ جیاوازی دەتوانرێ پێوەندی نێوان گەل و ژیان و ڕووداوەكانی ڕێكبخرێ.

لەبەر ڕووناكی ئەو دیدگا و دنیا بینییە، چێژی خوێنەرانی ڕۆژنامەكان بە پێی ئاست و تێگەیشتنیان، لەڕووی چینایەتی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییانەوە دەگۆڕێ. لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ژیانە نوێیەدا ڕۆژنامەوانی هیچ ڕێگایەكی لەبەردەمدا نامێنێتەوە لە پێشكەوتن زیاتر، كە پێویستە لە شێوازی نووسین و بابەتەكانی بەردەوام بگۆڕێ، بۆیە وتارەكان دەبێ بایەخ بە بەرژەوەندی تاكەكان و گرووپە جیاوازەكان بدەن كە لە ڕووی ڕێباز و ئاراستە و ئامانجەوە لەیەكتر جیان، هەر لێرەوە بوو سەروتاری كورت بەو ئاراستەیەدا سەری هەڵدا، پاشان هونەری نووسینی ستوونی ڕۆژنامەوانی پەیدابوو كە لە ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوایی وەرگیراوە، بەڵام هونەری ستوونی ڕۆژنامەوانی پێوەندی بەوەیە كە لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لەكۆتاییەكانی سەدەی ڕابردوو كە بەسەردەمی خێرایی ناسرایەوە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە لە ئەنجامی ئەو پاڵەپەستۆیەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەری بووەوە، هەروەك لەو یاسا تایبەتیانەدا دەبینرێ كە تایبەتن بە ڕۆژنامەگەری و بڵاوكردنەوەوە، ئەمەش كارێكی وای كرد ئەو وتارانەی بەناوی ئاشكرای خاوەنەكانیان لە ڕۆژنامەكاندا بڵاودەكرانەوە ڕووبەڕووی جۆرە پاڵەپەستۆیەك دەبوونەوە كە ئەو پاڵەپەستۆیانە

> **چێژی خوێنەرانی ڕۆژنامەكان بە پێی ئاست و تێگەیشتنیان، لەڕووی چینایەتی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییانەوە دەگۆڕێ. لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ژیانە نوێیەدا ڕۆژنامەوانی هیچ ڕێگایەكی لەبەردەمدا نامێنێتەوە لە پێشكەوتن زیاتر، كە پێویستە لە شێوازی نووسین و بابەتەكانی بەردەوام بگۆڕێ، بۆیە وتارەكان دەبێ بایەخ بە بەرژەوەندی تاكەكان و گرووپە جیاوازەكان بدەن كە لە ڕووی ڕێباز و ئاراستە و ئامانجەوە لەیەكتر جیان**

هەر هەموویان لەناوەوەی ڕۆژنامەکەوە نەهاتبوون، بگرە زیاتر لەلایەن دەزگا و کارمەندانی سانسۆری سەر ئەو بڵاوکراوەو ڕۆژنامانەوە بوون، لەوانەیە هەر ئەوەش وای کردبێ هونەری ستوون نووسین پەنا بباتە بەر ڕەمز، ئەو پەنابردنەش ئەوەمان بۆ لێک بداتەوە ڕەمز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی سانسۆر بووە کە دەکەوتە سەر چاپکراو و ڕۆژنامەگەری.

وتاری ستوون، گفتوگۆیەکی ڕۆژانەی کەسییە، یان هەفتانەیە و هی نووسەرێکی دیاریکراوە و بەناوی ئاشکرای خۆیەوە دەنووسرێ و لەژێر ناونیشانێکی نەگۆڕ بڵاوی دەکاتەوە. ستوونی ڕۆژنامەوانی بریتییە لە بیرۆکەیەک، یان بیروڕایەک، یان بیرێکی ڕاگوزاری نووسەرێک کە لەبارەی ڕووداوێک، یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری دەنووسرێ، لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی لەو هونەرەی وتار بەستنەوەی خوێنەرانە بە نووسەرەکە و بە ڕۆژنامەکەشەوە.

ستوونی ڕۆژنامەوانی بیروڕایەکی کەسیی خودی نووسەرەکەیە، کە لەوانەیە لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکە لە بابەتێکی دیاریکراودا جیاوازبن، بەڵام هەندێ لە زانایانی بواری ڕۆژنامەگەری وەک پلیگ پێی وایە ستوون نووس لەگەڵ نووسەری سەروتار جیاوازی نییە، چونکە بۆچوون و بیروڕای ڕۆژنامەکە دەخاتە ڕوو، نەک بۆچوون و بیروڕای تایبەتی خۆی. لەگەڵ ئەوەشەوە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە گەورە و بەناوبانگەکانی دنیا ئەوەیان پێ چاکترە کە نووسەر بە ئازادییەکی تەواوەوە بنووسێ و گوزارشت لە بیروڕای کەسی و تایبەتی خۆی بکات.

خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ستوونیش لە ڕووی گوزارشت کردن و دەربڕینەوە ئەو لایەنانە دەگرێتەوە: جوانی و سەرنجڕاکێشی شێواز، بزە خستنە سەرلێو، هەروەها ئەو زاتیتیەی کە لەسەروتاری جیا دەکاتەوە، شێوە و فۆرمێکی میانڕۆیە لە داڕشتندا، کورتبڕییە لە دەربڕیندا. ڕەنگە لە هەموو ئەوەش گرنگتر ئەوە بێ کە ستوون نووسەکانی ڕۆژنامەوانی پێویستە کاتی خۆیان، یان کاتی خوێنەران بەفیڕۆ نەدەن (وەک ریفرز دەڵێ) لە پێشکەش کردنی مەسەلەیەک لە مەسەلەکان بە شێوەی چیرۆکە هەواڵ، کە لەکۆتاییەکەیدا برگەیەکی کورتی ستایش کردنی پیوە بلکێنن، یان کەسایەتییەکی سەرەکی ناو مەسەلەکە دابشۆرن، لەو کاتەدا ئەگەر خوێنەر هەر سەربەخۆییەکی فیکری هەبێ، دەبینێ ئەو جۆرە وتارە بۆ ئەو هیچ مانایەک نابەخشێ.

**"ستوونی ڕۆژنامەوانی بیروڕایەکی کەسیی خودی نووسەرەکەیە، کە لەوانەیە لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکە لە بابەتێکی دیاریکراودا جیاوازبن، بەڵام هەندێ لە زانایانی بواری ڕۆژنامەگەری وەک پلیگ پێی وایە ستوون نووس لەگەڵ نووسەری سەروتار جیاوازی نییە، چونکە بۆچوون و بیروڕای ڕۆژنامەکە دەخاتە ڕوو، نەک بۆچوون و بیروڕای تایبەتی خۆی"**

هەواڵنامەی کتێب

**ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی**

هونەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی زیاتر لە گیانی هونەری ستوون نووسین نزیک دەبێتەوە، بەهۆی دەربڕینی كەفوكوڵی ناوەوەی دەروون و ئەو ڕێبازەی نووسەر گرتوویەتییە بەر و جۆری تێڕوانینی نووسەرەكە بۆ ژیان، كە لە هونەری وتاردا بیرۆكە پەرش و بڵاوەكانی خۆی تۆمار دەكات و كاریگەری بەسەر خوێنەرەوە دەبێ، ئەو بیرۆكانە پێوەندییەكی تەواویان بەسۆز و خەیاڵەوە هەیە، چونكە هونەری ڕۆژانە نووسین بریتییە لە كۆمەڵێ بیرۆكەی زنجیرەیی كە یەك دوای ئەوی دیكە دێت و دوای یەكتر دەكەون، نەك لەبەر ئەوەی پێوەندییەكەیان پێوەندییەكی لۆژیكیانەیە و لە پاش باس كردنی هۆكارەكان ئەنجامەكەی لێوە دەردەكەوێ، بگرە لەبەر ئەوەی ئەو بیرۆكانە پێوەندییەكەیان لەناو خەیاڵی نووسەرەكەدایە، یان لەناو سۆزی ئەودا پێوەندییان پێكەوە هەیە وەك (تشارلتن) بۆی چووە.

نووسەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەك دەنووسێ وەك لە دانیشتنێكی دۆستانەدا دانیشتبێ و قسەكانی دوور بن لە هەر قەید و بەندێك، بۆیە بەری بیرۆكەكانی بەرەڵڵا دەكات و یەك دوای ئەوی تر دەیانگێڕێتەوە، چونكە پێوەندییەكی وایان لەنێواندایە كە پێویست بە گێڕانەوەی یەك دوای ئەوی تریان دەكات، بەبێ ئەوەی لەو كارەدا عەقڵ و مەنتیق ڕۆڵێكیان لە كاری ڕێكخستن و سیاقی قسەكاندا هەبێ، هەر بەم جۆرەش (مۆنتانی) ئەدەبیاتی وتاری بەو ئاراستە ڕاستەدا دەست پێكرد. هەندێ لەزانایانی ڕۆژنامەوانی وای بۆ دەچن كە نووسەری ڕۆژنامەوانی پێویستە دەستبەرداری بیروڕا تایبەتەكانی خۆی بێت و لە پشت دەرگای ژووری نووسینی خۆی بەجێیان بهێڵێ، ئەو بیروڕا تایبەتی و كەسییانە لەخۆی دابماڵێ و بكاتەوە، وەك چۆن پاڵتۆكەی لەلای دەرگای ژوورەكەیدا دادەكەنێ تا كاتی كۆتایی هێنان بە كارەكانی خۆی، ئەوجا دەچێتەوە لای پاڵتۆكەی و لەبەری دەكاتەوە، ئەوكاتە بیروڕا تایبەتییەكان دەگەڕێنەوە لای كە دەتوانێ بۆ خۆی بیانپارێزێ، لەگەڵ ئەوەشەوە ناكرێ ئەو بیروڕا تایبەتیانە بەشێوەی ڕەها بەسەر نووسەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانیدا بسەپێنرێ، ئەوەش لەبەر ئەوەی ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی زۆرتر بە وتاری ئەدەبی دەچێ، بەتایبەتی لە ڕووی بایەخدان بە هەڵبژاردنی وشەكان و پاراستنی تەڕوبڕی شێوازەكەی، بگرە زیاتر لە وتاری دانپێدانان نزیك دەبێتەوە كە وێنەی زیندووی ناو ژیان و بابەتی پڕ لەمانا و دەلالەت پێشكەش

> **نووسەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەك دەنووسێ وەك لە دانیشتنێكی دۆستانەدا دانیشتبێ و قسەكانی دوور بن لە هەر قەید و بەندێك، بۆیە بەری بیرۆكەكانی بەرەڵڵا دەكات و یەك دوای ئەوی تر دەیانگێڕێتەوە، چونكە پێوەندییەكی وایان لەنێواندایە كە پێویست بە گێڕانەوەی یەك دوای ئەوی تریان دەكات**

دەکات، ئەمەش پێویستی بە زاڵبوونێکی تەواو هەیە بەسەر زمان و دەربڕین کە بەشێوازێکی ئاسان نووسرابێ، ئەو ئاسانەی کە بە ئاسانی نایەتە دەست. بێ گومان ئەو جۆرە زمانە کە وەک هەویرێک بەدەست نووسەرەکەیەوە بێ هەموو نووسەرێک دەستی پێناگات ئەوانە نەبێ کە زۆر شارەزاییان تێدا هەیە و لەکون و کەلەبەر و نهێنییەکانی تێدەگەن و دەرەقەتی دێن و زەفەری پێ دەبەن.

ئەوەی سەبارەت بە هونەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی وترا دەکرێ لەوەدا کورت بکرێتەوە کە ئەو هونەرە دەست بۆ بیرۆکەیەک دەبات و بەشێوەیەک دەیگەیەنێ کە خوێنەران دەستیان بە شارستانیەت و دەستاوێژەکانی سەردەم بگات، نووسەرەکەش لە ڕێگەی باش بەکارهێنانی زمانەوە، بیروڕاو هزر و کەرستە و ئامانج و خواست و تاسە و ئارەزووی خۆی بگەیەنێتە ئەوانەوە.

### هونەری سەروتار و ستوون نووسین لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا

هەرچەندە سەروتار، وتاری سەرەکی ڕۆژنامەیە و وەک هونەرێکی سەربەخۆ مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمار کردووە، کەچی لەگەڵ ئەو گرنگییەی خۆی دەبینین لەناو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پشتگوێ خراوە و زۆر بە دەگمەن و لە هەندێ بۆنەدا نەبێ ئاوڕی لێ نادرێتەوە، کە پێم وایە بایەخدان بە هەواڵ نابێ قەت لە گرنگی سەروتار کەم بکاتەوە.

گرنگی سەروتار نووسینی بەردەوام و ڕۆژانە کە بەبێ ئیمزا و بە ناوی سیاسەتی ڕۆژنامەکەوە بڵاو دەکرێتەوە، پێش هەموو شتێک پێوەندی گرێدان و پرد و ڕایەڵ دروست کردنە لەنێوان ڕۆژنامەکە و خوێنەرەکانی، بگرە لە ڕێگەی ئەو سەروتارانەوە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە ڕوو لە زیادبوون دەکەن و بەردەوام سیاسەت و هێڵی گشتی ڕۆژنامەکەشیان لەبەرچاو دەبێ و تێی دەگەن.

ئەم بایەخ و گرنگی پێدانەش وەنەبێ داوونەریتێکی نوێ بێ، بگرە لەوەتەی ڕۆژنامە سەری هەڵداوە بایەخی شایانی باسی پێدراوە و هەموو ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان بەو چاوی بایەخەوە تەماشایان کردووە و بۆ ئەو مەبەستەش نووسەری زۆر گەورەی ناو ڕۆژنامەکە ئەرکی نووسینی ئەو سەروتارانەی گرتووەتە ئەستۆی خۆی کە لەو وتارە چڕ و پڕ و خەست و خۆڵەدا بیروڕا و بۆچوونی تایبەتی ڕۆژنامەکە سەبارەت بە هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژ دەردەبڕێ و لە ڕێگەی ڕاڤەکردن و شرۆڤە و شیکردنەوەوە دەتوانێ ڕای گشتی دروست

گرنگی سەروتار نووسینی بەردەوام و ڕۆژانە کە بەبێ ئیمزا و بە ناوی سیاسەتی ڕۆژنامەکەوە بڵاو دەکرێتەوە، پێش هەموو شتێک پێوەندی گرێدان و پرد و ڕایەڵ دروست کردنە لەنێوان ڕۆژنامەکە و خوێنەرەکانی، بگرە لە ڕێگەی ئەو سەروتارانەوە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە ڕوو لە زیادبوون دەکەن و بەردەوام سیاسەت و هێڵی گشتی ڕۆژنامەکەشیان لەبەرچاو دەبێ و تێی دەگەن

هەواڵنامەی کتێب

بکات و قەناعەت لە لای خوێنەری ڕۆژنامەکە دروست بکات، یان دیوی دووەم و دێرەکانی پشت ڕووداو و هەواڵەکان ببینێ و بە ڕووداوگەلی پێشترەوە گرێیان بدات و خوێندنەوەیەک بۆ ئێستا و ئایندە بکات.

بێ گومان لەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیەدا، هەر ڕۆژنامەنووسێک ناتوانێ ئەو کارە بکات و ئامانج بپێکێ، چونکە پێویستی بە ڕۆژنامەنووسی ڕۆشنبیر و قووڵ و جدی و خاوەن بیروڕا هەیە کە ئاگاداری وردی هەبێ لەوەی ڕوودەدات و ڕووی داوە، سەرەڕای ئەو زانیارییە ورد و هەمەلایەنەی هەیەتی، دەبێ زۆر بەسەر زمان و کەرستەکانی دەربڕینی خۆیدا زاڵ بێ تا بتوانێ بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش بیروبۆچوونەکانی خۆی بگەیەنێتە خوێنەران و ئەو پاساو و مەنتیقەی پێی نووسیوە لە لایان ماقووڵ بکەوێتەوە و لە جێی خۆیدا بێ.

ڕۆژنامەگەری کوردی لەوانەیە لە ڕووی هەواڵەوە تا ڕادەیەک ئەگەر کەمیش بێ خۆی لە بەدەستهێنانی هەواڵ نزیک کردبێتەوە، بەڵام تا ئەمڕۆکەشی لەگەڵدا بێ نەیتوانیوە ببێتە ڕۆژنامەگەری (بیروڕا)، بۆیە زۆر کەم بیروڕای پێگەیشتوو و سەنگینی تێدا بەدی دەکەین کە خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ هەواڵ و ڕووداوە گەرماوگەرمەکانی خۆمان و دەوروبەرمان کردبێ، یان ئەگەر بشبێ ئەوە بیروڕای ئینشائی پڕ لە هەڵچوون و تووڕەی دوور لە گفتوگۆ و ئادابی گفتوگۆ دەبینین ئەمەش بووەتە دیاردە، بەم ئاراستەیەش بیروڕایەکان لە هێمنی دوور دەکەونەوە و لە جیاتی ئەوەی خوێنەر لە ڕۆژنامەکە کۆ بکاتەوە، کارێکی وا دەکات خوێنەری لێ بتەکێنێتەوە، چونکە وەک دەزانین ئەو جۆرە نووسینە هێمنانەیە سەنگینی و پێگەیشتن و قووڵییەکەی لە سەرچاوەی مەوزوعییەتەوە بەدەستهێناوە، نەک بیروڕای تاکەکەسی و میزاجی و لێکدانەوەی ڕووکەش و بێ بنەما، سەرەڕای شارەزایی و پسپۆڕ بوونیان لەو بوارەی تێیدا دەنووسن، دەبێ زۆر ورد و بە ویژدانیش بن لە کاتی دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکانیان.

ئەمە ئەگەر حاڵی سەروتار نووسین بێ لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بێ گومان حاڵی ستوون نووسینیش لەو باشتر نییە، چونکە وەک دەبینین کەمترین دەرفەت بە بڵاوکردنەوەی ستوون نەدراوە، بەو سیفەت و خەسڵەتانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا، لە کاتێکدا هونەری ستوون نووسین لە ڕۆژنامەگەریدا هەرچەندە لە چاو هونەرەکانی دیکەی ڕۆژنامەگەری هونەرێکی نوێیە، بەڵام خوێنەری لە هی سەروتار زیاترە، چونکە لە نووسینی ستووندا نووسەرەکەی دیارە و زۆرتر کەسانی بەناوبانگ و خاوەن شێوازی تایبەتمەند دەینووسن، لەگەڵ ئەوەشدا ستوون نووس هەوڵ دەدا ژیانی میللەت بە هەموو گرفت و ئاریشە و خۆشی و ناخۆشییەکەوە نیشان بدات و سەرنجی بۆ لای دیاردەکانی کۆمەڵ ڕابکێشێ. باسی هونەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانیش هەر ناکەم، چونکە بە تەواوی لە ناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا ونە و پێناچێ بەو زووانە دەربکەوێت و جێگەی خۆی بکاتەوە.




# شاكارێكی دیكەی ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی كوردی..!

بەداخـەوە ئەمـڕۆ زۆربەی كارەكانی ژیانـی ڕۆژانەی هەر یەكێكـی میللەتەكەمان بۆتە بخۆو برۆ..! بایەخدان بەكایەكانی ژیان زۆر كەم بۆتەوە، هەموو شـتێک لەپێناو بازرگانییە، تەنانەت ئەو بۆچوونە وا پەرپوەتەوە ناو زانكۆكان، ژیانی ڕۆشنبیریشی گرتۆتەوە، جا بۆیە هەر كارێكی جیددی زوو لەناو كارەكانی دیكە پرشنگ دەداتەوە، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح شاكارێكی هاوكارمان ئازاد عەبدولواحیدە، دیارە لە هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو بەرهەم هێنراوە، هەر ئەوسا دەزگاكانی ڕژێم زۆر بە قرچۆكی چاپیان كردبوو، بەڵكو وەكو بیستوومە هەر مەبەستیان بووە چاپ نەكرێ، بۆیە زۆر ئاستەنگیان خستبووە بەر چاپكردنی تا بەم دەردەیان برد، لەم ڕۆژانەدا دەزگای ئاراس چاپی دووەمی خسـتە بەر دەسـت خوێنەران و توێژەران، هەر لاپەڕەیەكمـان هەڵدەدایەوە زیاتر واقمان وڕ دەما، ڕیكلام بۆ كتێبەكە ناكەین و تۆژەرەكەشـی پێویسـتی بە هەڵنان نییە، بەڵام داوا لەوانە دەكەین كە نامەی ماسـتەرو تێزی دوكتۆرا دەنووسـنەوە با چاوێک بەم كارەدا بخشێننەوە تـا فێر بـن، چۆن چاوپێكەوتن لەگـەڵ پەیوەندیداران دەكـەن، چۆن سـەرچاوەی زانیارییەكانیان دەستنیشان دەكەن، چۆن تۆژینەوەكان ئاوەها بەوردی و بەزمانێكی پاراو دەنووسنەوە، دەستتان خۆش كاكە ئازاد، هیوادارین بەرهەمەكانی داهاتووتان هەر ئاوەها بن، دەستخۆشـیش لە دەزگای ئاراس و كارمەندانی بۆ ئەم دەرهێنان و نەخشەسازییە..

# بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردی لە شاری سلێمانی
# (هەڵە و کەموکوڕییەکانی)



نەوزاد عەلی ئەحمەد

### پێشەکی و روونکردنەوە

ئەم ساڵ لە شاری سلێمانی کتێبێک بەناونیشانی (بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردی لە شاری سلێمانی ١٩٢٠-١٩٩٠)(١) لە ئامادەکردنی بەرێز رەفیق ساڵح ئەحمەد وەک ژمارە (١) ی بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، سەرەتا دوای خوێندنەوەو هەڵەگیڕو وەرگێڕکردنی لاپەڕەکانی، نەمویست لە بەر چەند هۆکارێک قەڵەم بخەمە سەر کاغەزو سەرنجەکانی خۆم بنووسم، وەگوتم بەڵکو لە کوردستان لە نێو سەرچاوەو کتێبی هەمە جۆرو فرە کتێبخانەییدا یەکێک لە سەری بنووسێت و چەند رۆژنامەو گۆڤارێکی فەرامۆشکراو بخاتە سەر خەرمانی باڵا زراقی دنیای رۆژنامەگەری سلێمانی و هەڵەو کەمو کوڕیەکانیشی راست بکاتەوە.

ئەوەندەی من دەچمە نێو تۆڕی ئەنتەرنێت و سایتی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان سەیری دەکەم و دەیخوێنمەوە، ئەوەی من دەمویست و مەبەستم بوو شتێکی لەو جۆرەم نەبینی، هەربۆیە خۆم لە پێناو دووخاڵدا دەستم پێکرد:

**یەکەم:** لەکاتی نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەماندا ئەگەر هەڵەو کەمووموریەکمان بینی، نابێت دۆش دابمێنین، بەڵکو یارمەتیدەربین بۆ راستکردنەوەی هەڵکان و پرکردنەوەی کەم و وکوڕییەکان.

**دووەم:** بابەتی ناوبراو پەیوەندی بەلایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی خوێندنمەوە هەیەو تا ئێستا لەوبوارەدا چەند کارێکم بە ئەنجام گەیاندوە. جا هیوادارم لەو رووەوە ئەم نووسینەم وەک چەند سەرە قەڵەمێک بۆ خزمەتکردنی بواری رۆژنامەگەری سلێمانی وەربگیرێت.

### سەربەرگ

نووسەرو ئامادەکەر ئازادە لە هەڵبژاردنی ناوونیشان بۆ بابەت و نووسین و کتێبەکانی، بەڵام هەردەم هەوڵ دەدرێت کە ناوونیشان تەواوکەری ناوەڕۆک بێت، نەخوازەڵا بۆ لێکۆڵینەوەو وتارو تابەکتێبیش رادەگات، ناونیشانی ئەم کتێبەش(بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەری کوردیی لە شاری سلێمانی-١٩٢٠-١٩٩٠) هەوڵدراوە ناوونیشانەکە تەواوکەری ناوەرۆکی کتێبەکە بێت، ئێستاش




وشە بە وشەی کتێبەکە ڕاڤە بکەین.

**بیبلیۆگرافیا:** ئەو بۆشاییەی کەوتۆتە نێوان(بیبلیۆگرا) و(فیا)ی پێویست ناکات هەبێت، ئەگەر وا لێک بدرێتەوە کە وشەکە لە بناغەدا لە دوو وشەدا پێکهاتووە ڕاستە، بەڵام لە بنەڕەتدا(بیبلیۆ) و (گرافیا) پێکهاتووە نەک بەو شێوەیەی کە لەسەر بەرگی کتێبەکە لەتکراوە، پرسیارێکی دیکە هەر سەبارەت بە زاراوەی (بیبلیۆگرافیا) ئایا ئەو جۆرە پۆلێنکردنەی کتێبەکە وەک (ناوونیشان، جێگا، زمان، ژمارە، پێوانە، چاپخانە.. هتدد) کە ئیشی لەسەر کراوە، لە کام وڵات و لەلایەن کام نەتەوەدا بۆ زانستی بیبلیۆگرافیا بەو شێوەیە بەکار هاتوە؟ خۆزگە لە پەراوێزێکی ئەم کتێبەدا ئەوجۆرە ئیشکردنە باس دەکرا، یاخود ئیجتیهادێکی شەخسییە.

**ڕۆژنامەنووسی:** من وای بۆ دەچم کە وشەی (ڕۆژنامەنووسی) لە دنیای ڕۆژنامەگەری تەنیا (نووسین و کاری نووسین) دەگرێتەوە، بەڵام وشەی ڕۆژنامەگەری هەردوو بوارەکە، واتە بواری نووسین و بواری چاپ و هونەرکاری و چاپخانەش دەگرێتەوە، کەچی لەم کتێبەدا وشەی ڕۆژنامەنووسیی بۆ هەردوو بوارەکە بەکار هاتووە، کەمن پێم باشتر بوو زاراوەی (ڕۆژنامەگەری) نەک (ڕۆژنامەنووسیی) بۆکتێبەکە بەکاربێت.

**کوردیی:** وا ڕاهاتووین کە وشەی-کوردی- بەرانبەر بە شتێک بنووسین کە بەزمانی کوردی دەرچووە یان دەردەچێت، بەڵام لەم کتێبەدا ڕۆژنامەو گۆڤاری تیایە کە تەنیا بەزمانی عەرەبی دەرچووە یاخود زۆربەی لاپەڕەکانی بە زمانی عەرەبی نووسراوە، بەڕای من بۆ شوناسی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەریی شوێنی دەرچوون و ئاراستەی ئیشکردن ڕۆڵی سەرەکی دەبێت، بۆنمونە لە کۆنەوە تا بە ئەمڕۆش دەگات، زۆربەی ڕێکخراو و حزبە کوردی و کوردستانییەکان (ئۆرگان) ی خۆیان بە زمانی عەرەبی دەردەکەن*، جا لەم ڕووەوە دەبێت بۆ ناوونیشانی بابەت و نووسینەکانمان وردبین. هەر

**"وا ڕاهاتووین کە وشەی -کوردی- بەرانبەر بە شتێک بنووسین کە بەزمانی کوردی دەرچووە یان دەردەچێت، بەڵام لەم کتێبەدا ڕۆژنامەو گۆڤاری تیایە کە تەنیا بەزمانی عەرەبی دەرچووە یاخود زۆربەی لاپەڕەکانی بە زمانی عەرەبی نووسراوە"**

لەم روانگەیەوە بڵاوکراوەیەکی وەک (پێنجوێن ل٧) با بشکەوێتە ناو چوارچێوەی پارێزگای سلێمانیەوە، لە کتێبێکی لەم جۆرە شوێنی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام پێویست بوو وەک ئاراستەی ئیشکردنی بڵاوکراوەکە سەرنجێکی بۆ بنووسرێت، کە ئەم بڵاوکراوەیە خزمەتی سیاسەتەکانی رژێمی ئەو کاتەی دەسەڵاتداری بەعسی کردوە، من وای دەبینم ئەگەر وشەی (کوردیی) لە نێو ناوونیشانی کتێبەکەشدا نەبێت ئاساییە،چونکە بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارەکانی دووتویی کتێبەکە بەشێکن لە دنیای رۆژنامەگەریی پارێزگای سلێمانی. ناوونیشانیش چەند کورت بێت باشترە.

**لە شاری سلێمانی**: ئەگەر هەر بە سەلیقە سەرتاپای ناوونیشانەکە بخوێنینەوە دیارە لەدوای(سلێمانی) (دا) قرتاوە، کە گونجاوترو شیاوتربوو ئەو(دا)یە بنووسرێت، بۆ وشەی (شار) یش، ئایا گونجاوتر نەدەبوو کە وشەی(پارێزگا) بنووسرێت؟ چونکە لە رووی پێوەرەکانی ئیدارەو جوگرافیادا وشەی(پارێزگا) لە وشەی(شار) فراوانترو گەورەترە، کە پارێزگا لە شارو شارۆچکەو قەزاو ناحیە پێکدێت، بەڵام شار لە پارێزگا پێک نایەت، کە ئەوەی کتێبەکەشی پێ دەوڵەمەندتر کراوە، ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤارانەشن کە لە دەرەوەی مەڵبەندی سلێمانییەوە دەرچوونە.

**پێشەکی بۆ نووسینی**: ئایا ئەم دەستەواژەیە هەڵەی چاپە؟ یاخود وەک رستەیەکی راستی نووسینی کوردی نووسراوە،کە راستیەکەی بەم شێوەیە دەبینم (نووسینی پێشەکی) یاخود دەتوانرا تەنیا وشەی (پێشەکی) بنووسرێت، یان ئەگەر زیاتر جێگۆرکێ رێزمانی بەو سێ وشەیە بکەین دەتوانین بەم شێوەیەش رستەکە بنووسین، (مەحموود مەلا عززەت:پێشەکی بۆ نووسیوە).

"بۆ جەژنی ١٠٤ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیی و ٨٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی سلێمانیی" ئەم رستەیە بێجگە سەر بەرگی کتێبەکە لە لاپەرە (١)یش دووبارەبۆتەوە، پێشەکی دەپرسم، ئایا بۆ ئەوچوار دەبل(ی) بەڵگەیەکی زمانەوانی یەکلاکەرەوە هەیە تا بەو شێوەیە بنووسرێت؟ یاخود پیرەوکردن و لاسایی کردنەوەی (ی) کانی (یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان)ە راستە (ی) ئیزافە ئەرک و دەوری رێزمانی خۆی هەیە،لەم روەوە، ئەگەر هەسێ دەبڵ (ی) کانی پێشەوە ئەرک و رۆڵیان هەبێت ئەوە(ی) ئیزافە کراوەکەی سلێمانی ئەرکی دیار نییە، هەر لەم رستەیەدا دوو زاراوەی (رۆژنامەگەریی) و (رۆژنامەنووسیی) هاتووە، دیارە جەژنی (١٠٤ ساڵە) جەژنی رۆژنامەگەرییە

**بۆ وشەی (شار)یش، ئایا گونجاوتر نەدەبوو کە وشەی(پارێزگا) بنووسرێت؟ چونکە لە رووی پێوەرەکانی ئیدارەو جوگرافیاداوشەی(پارێزگا) لە وشەی(شار) فراوانترو گەورەترە، کە پارێزگا لە شارو شارۆچکەو قەزاو ناحیە پێکدێت**

و جەژنی ٨٢ ساڵە کە رۆژنامەنووسیی سلێمانییە!




*__١٩٢٠-١٩٩٠__: ئەو دوو مێژووە لە زۆر شوێنی کتێبەکە دووبارە بۆتەوە بەتایبەتی لەسەر بەرگدا، کە دیارە مەبەست لەو(٧٠) ساڵەیە کە کتێبەکە بە خۆوەی گرتووە، بەڵام دەتوانرا وردتر ئەو مێژووە بنووسرێت، واتە دەرچوونی یەکەم ژمارەی پێشکەوتن تا رۆژی راپەرینی ١٩٩١ی سلێمانی، واتە مێژووەکە بەم شێوەیە گونجاوتر دەبوو،(١٩٢٠/٩/٢٩-١٩٩١/٣/٧) یا خوت دەتوانرا لەناوەوە ئیشارەتێک بەو مێژووە بکرێت، چونکە ئەی ئەگەر لە پاشەڕۆژدا بڵاوکراوەیەک، یاخود گۆڤارێک یا رۆژنامەیەک بدۆزرێتەوە کەلە نێوان ١٩٢٠/١/١-١٩٩١/٩/٢٨ دەرچووبێت، ئەی ئەگەر لە ١٩٩١/١/١ تا ١٩٩١/٣/٦ لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەنهێنی کارێکی رۆژنامەگەریی کرابێت و دەرچووبێت، لەیادی بۆ مێژووەکە شارۆچکەو قەزاو ناحییەکانی پارێزگای سلێمانی کێشەمان بۆ دروست نەکەن، با مێژووەکە بەم شێوەیە بێت ١٩٢٠/٩/٢٩-١٩٩١/٣/١.

- __لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ__: بە داخەوە تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی هەفتەنامەی (سلێمانی نوێ)م نەبینیووە، بەڵام دیارە هەفتەنامەکە ناوی(سلێمانی نوێ) یە ئایا سەلیقەی کوردی کام ناوی پێ قبووڵە (سلێمانیی نوێ) یاخود(سلێمانی نوێ) ئەگەر بەو پێوەرە بێت پێویستە(کوردستانی نوێ)ش بکرێتە(کوردستانیی نوێ) لەم روانگەیەو پێشەکی پێویستە ئەوە بزانرێت کە بنەماو پێکهاتەی رێزمانی هەر نەتەوەیەک بەپلەی یەکەم لەسەر کەلەپووری نەتەوە دارێژراوە و توانراوە دەستوورو یاسای رێزمانی لە ژێر تیشکیدا بنووسرێتەوە تا کار بەو رێزمانە بکرێت، چونکە تا بە ئەمرۆش دەگات، زانایانی رێزمان ئیجتیهادی شەخسی بەبنەمایەکی سەرەکی وەک دەستوورێکی دارێژراو بۆ زمان و رێزمان بە تەواوی وەرناگرن، بەڵکو ئیجتیهادەکان بە سەلیقەو خاسیەتەکانی نەتەوە دەبەستنەوە،ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە تا ئێستا پسپۆرانی ئەو بوارە لەسەر ئەوە کۆک نین کە

ئایا(دەسەڵات) یاخود (شاکار) زمانی یەکگرتووی نووسین دروست دەکات و زمان پێشدەخات! جا تکایە ئەگەر هەر ئیزافەیەک بۆ زمان و هەر بوارێکی ژیان دەکرێت، با پاساوی زانستی بهێنرێتەوە . لەم بوارەدا لێکۆلینەوەی مەیدانیش رۆڵی خۆی هەیە، بۆ نموونە لە هەموو خەڵکی سلێمانی بپرسین ناڵێت (سلێمانیی نوێ)، بەڵکو بە سەلیقەیەکی هێمن و نوێ و بێ خۆ ئەزیەتدان دەڵێت(سلێمانی نوێ) یاخود جارێکیتر سەیری پاشکۆی ئەم کتێبە بکرێتەوە، ئایا کام رۆژنامەو گۆڤار بۆ(ی) ئیزافە دوو (ی) بە کارهێناوە؟ کە هندێک لەو گۆڤارو رۆژنامانە شارەزایانی زمان کاریان تێدا کردووە.


بانگ کردستان
صاحب امتیاز و مدیر مسئول
مصطفی پاشا
صحیفه ۱
بانگ کردستان
سال ۱
نماره ۱
۲ آغستوس
۱۹۲۲
[ پیوازشمر ]
۸ ذی الحجه ۱۳۴۰
۲ آغستوس ۱۹۲۲
جژنی قربان
بانگ کردستان

**__وێنەکان__**: لە بەرگی دواوەی کتێبەکەدا هەشت وێنەی شەخسی بڵاوکراوەتەوە، کە رۆڵی دیاریان لە دنیای رۆژنامەگەریی کوردیدا هەبوە، باشترو شیاو پێویست تر بوو کە ناوی هەر یەکێکیان لە ژێر وێنەکەی خۆی بنوسرێت، باشتریش دەبوو ئەگەر ئەو وێنانە بخرابانە پاشکۆی کتێبەکە، تا کورتەیەک لە ژیان و چالاکییەکانیان لە بواری رۆژنامەگەری بنووسرێت و چەند ناوی تریشی بخرێتە سەر، ئایا ئەم ناوانە لەسەر چ بنەمایەک دابەزیوون و لەناوی دیکە جیا کراونەتەوە؟ ئەی گەورەو بچووکی قەبارەی وێنەکان چ حسابێکی بۆ کراوە؟ یا خود ئەو ستوونانەی کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە وێنەکانی تێدا دابەش کراوە بۆ بەو شێوەیە کەوتۆتەوە؟

لەمەشیاندا سلێمانی پێشرەوی بەباڵا دابرا:

ئەمە ناوونیشانی ستوونە نووسینێکە بە ئیمزای سەرۆکی شارەوانی سلێمانی نووسراوەو بریتیە لە(٢٢) دیچر لە نێو لاکیشەیەکی (١٥,٢ × ٧,٢) سم دابەزیوە و کۆمەڵێک هەڵەی رێزمانی زەقی تێکەوتووە و هەوڵدەدەم راستیان بکەمەوە:-

(دیارە رۆژنامەنووسی بوارێکی گرنگی هۆشیاری سیاسی و روناکبیرییەو دەوری سلێمانی لەم نێوانەدا لە سەر سێ خاڵ دەبینم) وشەی (نێوانە) هەڵەیە، بەڵکو(نێوەندە) یاخود (لەو بوارەدا) راستە، ئایا کورد دەڵێت (لەسەر سێ خاڵ دەبینم)؟ جوانترو شیاوتر دەبوو، ئەگەر ئەم رستەیە بەو شێوەیە بنووسرێتەوە(دیارە رۆژنامەنووسی بوارێکی گرنگی هۆشیاری سیاسی و رووناکیریە، دەوری سلێمانیش لەو بوارەدا بەم شێوەیە دەبینم).

* (یەکەمین رۆژنامەی کوردستانی لەم شارەدا چاپ کراوە،


ژیان

که رۆژنامەی پێشکەوتنه)، ئەمەش رستەیەکی دیکەی نێو نووسینەکەی سەرۆکی شارەوانییه، ئایا (یەکەم) راستتره یاخود (یەکەمین) دیاره (یەکەمین) بۆ ریزبەندکردنی پلەیه، دانانی پلەیه، نەک بلاوکردنەوەی یەکەم گۆڤارو رۆژنامه که زنجیره (تسلسل) دادەنێن، ژماره (١)ی بۆ دادەنێن و لەکاتی خوێندنەوەشدا دەڵێین (یەک) (دوو) (سێ).. هتد، نازانم وشەی (کوردستانی) بە تەواوی چ مەبەستێک بەکاری هاتووه؟ ئەگەر مەبەستی ئەوەبێت کە ریبازی رۆژنامەکە ریبازێکی کوردستانیی بووه، ئەوەپێش (پێشکەوتن) هەر خودی رۆژنامەی (کوردستان١٨٩٨-) زۆر کوردستانیانه نووسین و وتاری بلاو کردۆتەوە!بەلام لەوەدەچێت مەبەستی ئەوەبێت کەیەکەم رۆژنامەی کوردییه کە لەسەر خاکی کوردستان لە دایک بووه، دیاره ئێره جێگای ئەم گفتوگۆ و ساغکردنەوە نییەو زاراوەی (کوردستانی)یش بۆ ئەو مەبەستە بە شیاو نازانم.

(ئەم ژمارە زۆرەی رۆژنامەو گۆڤار کە لێرەدا بلاوکراوەتەوە بۆتە لیستی رۆژنامەنووسی سلێمانی له رۆژنامەنووسی کوردیدا) دەترسم ئەم کورتە نووسینه بە عەرەبی نووسرابێت و پاشان کرابێتە کوردی، ئەگەرنا دەتوانرا بەم شێوەیە بنووسرێت تا واتاکەی روونتر بگات (ژمارەی زۆری ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لەم کتێبەدا بلاوکراونەوە بەڵگەیەکی لەبەرچاون بۆ پێشرەوی سلێمانی لەو بوارەدا و لیستی رۆژنامەنووسی کوردیشیان دەوڵەمەندکردووه).

* (رۆژنامەنووسی ئێستای سلێمانی بە ئازادی رادەربرین و رۆژنامەی حیزبی و ئەهلییەوە ئەو پێشرەویەی بۆ سلێمانی وەک خۆی هێشتۆتەوه) ئەم رستەیە شیاوتره بەم شێوەیە بنووسرێت: (رۆژنامەنووسی ئێستای سلێمانی بە گۆڤارو رۆژنامەی حیزبی و ئەهلییەوە لە بواری ئازادی رادەربریندا ئەو پێشرەویەی سلێمانی گەورەتر کردووەو زیاتر پەرەی پێداوه)، چونکە ئەگەر بڵێین (وەک خۆی هێشتۆتەوه) واتە لەو مێژووە دووروودرێژەدا هیچ گۆرانکاری نەبووەو کاری تازەش نەهاتۆتە بەرهەم؟!

> رۆژنامەنووسی ئێستای سلێمانی بە گۆڤارو رۆژنامەی حیزبی و ئەهلییەوە لە بواری ئازادی رادەربریندا ئەو پێشرەویەی سلێمانی گەورەتر کردووەو زیاتر پەرەی پێداوه

### سلێمانی و رۆژنامه و ٨٢

لێرەوە بە گوێرەی تواناو زانیاری بەردەست سەرنجمان دەخەینە سەر لاپەرەکانی کتێبەکە، ئێستاش لەو سەرنێوەی سەرەوە دەست پێدەکەین واتە (سلێمانی رۆژنامەو٨٢) کەبە قەڵەمی سەرنووسەری هەفتەنامەی (سلێمانیی نوێ) نووسراوەو لاپەرە سێ و چواری کتێبەکەی بۆ تەرخانکراوه. سەرنووسەری بەرێز:پێشرەو

ئەحمەد پێش کۆتایی نووسینەکەی دەڵێت: (جا کە ٨٢ ساڵ بێت سلێمانی پێشەنگی ئەو بوارە بکات ئەوە خواستەکانی ئێمەش لەم کارە زیاترە بۆ باڵای رۆژنامەنووسیی سلێمانی و سەرنج و تێبینی هەموولایەک لە ئایندەدا کارەکەمان دەوڵەمەندتر دەکات) بەڵێ هەر لەسەر پێودانگی ئەم چەند وشەیەی بەڕێزیان منیش بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کارەکە سەرنجەکانم بەیان کردو دوو سەرنجیشم سەبارەت بە نووسینە دوولاپەڕەییەکەی جەنابیشیان هەیە. رۆژنامەی پێشکەوتن (٣٢) ساڵ پاش رۆژنامەی کوردستان١٨٩٨- دەرنەچووە، بەڵکو (٢٢) ساڵ پاش ئەو دەرچووە، واتە: (١٨٩٨+٢٢=١٩٢٠) لە شوێنێکی دیکەی نووسینەکەیدا رستەی ( سەروتاری لە هەموو ماکینەیەک باشتر ماکینەی چاپە) ی نووسیوە، ئەمە ناوونیشانی نووسینێکە کە لە ژمارە (١)ی رۆژنامەی (پێشکەوتن) [٢] بڵاوبۆتەوە، خۆزگە ناوی سەرچاوەکەی دەنووسی، چونکە خوێنەر ئەگەر شارەزای بواری رۆژنامەگەری نەبێت و زاکیرەی زیرەکی نەبێت بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو رستەیە خوازراوە بۆ جوانکاری نووسین تێهەڵکێشکراوە، هەروەها رستەیەکیتریش بۆ هەمان مەبەست نووسراوە کە بریتییە لە (دەرچواندنی یەکەمین رۆژنامەی شۆرشی کوردستانە لە چیا سەربڵندەکانی کوردستانەوە:بانگی حەق) دیارە خاوەنی ئەو بۆچوونە بەڕێز د.کمال فوائاد-ە پاشان بەڕێز ئەرسەلان بایز لەنامەی ماجستێرەکەی گفتوگۆی بەڕێزیانی کردوەو ئیزافەی خستۆتە سەر ئەو بۆچوونە[٣].

**رۆژنامەگەریی. سەروەرییەکی گەشی سلێمانی**

ئەم ناوونیشانە نووسینێکی بەڕێز مەحمود مەلا عززەت-ەو وەک پێشەکی کتێبەکە لە لاپەرە(٥) تالاپەرە (١٢) ی بۆ تەرخانکراوە، ئەم نووسینە بەگشتی لە نووسینێکی حەماسی رادیۆیی (رۆژنامەی بیستراو) نزیکترە نەک نووسینێکی (رۆژنامەی خوێندراو) بۆ کتێبێک کە پێوەندی بە (رۆژنامەی خوێندراو)ەوە هەبێت. نووسەر قەڵەمێکی وردەو لە زۆربەی نووسینەکانی دیکەیدا بۆ تۆکمەتر کردنی بەرهەمەکانی پشتی بەسەرچاوەو دۆکۆمێنتی باوەڕپێکراو بەستووە، کەچی لەم نووسینەدا بە داخەوە سەرپێیانە چەند سیفەتێکی بە سلێمانی داوە، کە رەنگە زۆربەی سیفەتەکانی بوونیان هەبێت، بەڵام واهەست دەکرێت بە شێوەیەک ریزبەند کراون وەک چۆن رادیۆیەک یاخود رۆژنامەیەکی تەحریزی نووسرابن، تا لە ئەنجامدا هاندان و حەماسەتی شۆرشگێری لێ بکەوێتەوە: یاخود

**نووسەر قەڵەمێکی وردەو لە زۆربەی نووسینەکانی دیکەیدا بۆ تۆکمەتر کردنی بەرهەمەکانی پشتی بەسەرچاوەو دۆکۆمێنتی باوەڕپێکراو بەستووە، کەچی لەم نووسینەدا بە داخەوە سەرپێیانە چەند سیفەتێکی بە سلێمانی داوە، کە رەنگە زۆربەی سیفەتەکانی بوونیان هەبێت**

ریزی هەندەران پر جۆش و خرۆشتر بکرێت، بۆ بەڵگە دەتوانرێت چەند رستەو دەستەواژەیەک لە نووسینەکە بهێنرێتەوە:

* سەرقافڵەی کاروانی ژیان
* جڵەوی ئەو پێشەنگییەی لەدەستدا بووە.
* قیبلەی گۆران و قیبلەنمای شارو شارۆچکەکانی تر.
* بەردەوام ئەم شارەی سلێمانی هەر لەدامەزراندنییەوە (١٧٨٤) تا ئێستا رۆڵی پایتەخت و پێشەنگی لە هەموو بوارەکاندا بینیوە.
* شاری شاران.


ژیان
سال ١ ژمارە ١
اعلانات
١٩٣٧
١٣٥٦

ئەمەو بێجگە لەو چەند (یەکەم)ەی کە بەدوای یەکدا ناوی هێناون، لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەین چەند سەرنجێک بخەینە سەر ئەو (یەکەم)انە.

* بەردەوام پایتەخت بووە، (پایتەختی حوکم و سیاسەت بووبێت، یان پایتەختی رووناکبیری و کولتوری و مەزهەبی و راپەرین و شۆرش)، سەرەتا ئەو پایتەختانە بەم شێوەیە دیار دەخەین (پایتەختی حوکم، پایتەختی سیاسەت، پایتەختی روناکبیری، پایتەختی کولتوری، پایتەختی مەزهەبی، پایتەختی راپەرین، پایتەختی شۆرش)، ئایا بەردەوامبوونی ئەو چەند جۆرو چەشنە پایتەختە چۆن مانەوەی پایتەختێتی سلێمانییان پاراستوەو پارێزگاریان لە پایتەختێتی شارەکە کردووە؟ پێویستی دەکرد ماوە مێژووییەکانی ئەوجۆرە پایتەختانە دیاری بکرێت، ئینجا مێژووەکانیان بە زنجیرە بە یەکدی ببەسترێتەوە تا پچرانی تێنەکەوێت.

* (یەکەم دامودەزگای دەوڵەتی و سوپای نوێ، پۆلی بەرید لە سلێمانی دەستپێکرد) ئەگەر دەوڵەت بەو واتایە وەربگرین کە (شێوەیەکی مێژوویی بێت بۆ رێکخستنی سیاسیانەی کۆمەڵگا)[٤]، ئەوە دەوڵەت ئەوکاتە سەریهەڵداوە کە موڵکیەتی تایبەتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان پەیدابووە؟ کەواتە بۆمان هەیە بپرسین لەسەردەمی حوکمدارێتی شێخ مەحمودی نەمر موڵکیەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان چۆن بووە؟ بەڵام ئەگەر زاراوەی (دەوڵەت) لە بری (حوکمدارێتی) بەکار هاتبێت ئەوە دەتوانین بڵێین ئاساییە، کەچی ئەگەر زاراوەکە وەک خودی (دەوڵەت) بەکار هاتبێت ئەوە هەڵەیەو گفتوگۆی ورتر هەڵدەگرێت، چونکە زاراوەکانی (دەوڵەت) و (حکومەت) لە فەرهەنگی سیاسیدا

لەیەکتر جیاوازن.

* (بۆیەکەم جار ئاڵای کوردستانی سەربەخۆ بەرزکرایەوە) هەر لەو رۆژەی یەکەم ئاڵا دروستکراوە و بەرزکراوەتەوە تا بەرۆژی ئەمڕۆ دەگات، مەرج نییە هەموو ئەو ئاڵایانە ئاڵای سەربەخۆیی بن، چونکە چەندان جۆرە ئاڵا هەیە. سەبارەت بە ئاڵاکەی شێخ مەحمودی نەمر، یەکەم ئاڵای کوردی نییە کە شەکابێتەوە، بەڵکو ئەوەی من بزانم بۆ یەکەمجار لە چەندان ساڵ پێش حوکمداریێتی شێخ مەحمودی نەمر لە کوردستانی تورکیا کورد ئاڵای خۆی بەرز کردۆتەوە(٥)




*(یەکەم راپەرینی جەماوەری خەڵکی شارو گواستنەوەی خەباتی شاخ بۆ شارو شار بۆ شاخ لە سلێمانییەوە سەریهەڵدا) خۆزگە بەرێزیان ساڵ و ناوی راپەرینەکانی دیاری دەکرد، چونکە مێژووی خەباتی کورد، واتە مێژووی خەباتی راپەڕین و بزووتنەوەی چەکداری وبەم دواییانەش شۆڕش کردن.

* (هەر لەسلێمانییەوە بوو کە پێکهاتەی سەرکردایەتی و بزوتنەوەی کوردایەتی و راپەڕین و شۆڕش دەستپێکردو رووناکبیرو خوێندەواری شار بوونە بە شێکی).

بەداخەوە ئەگەر مێژووی کۆمەڵەو گروپ و رێکخراوی سیاسی کورد بخوێنینەوە ئەو بۆچوونەش گفتوگۆ هەڵدەگرێت، بەتایبەتی وا باسدەکرێت کە (لە پێش یەکەمین جەنگی جیهانی دا کۆمەڵەی جیهاندانی بەدەستپێشکەری عبدالرزاق بەگی بەدرخان و بە هاوکاری سمکۆ و هەندێ لە گەورە پیاوانی تری کورد لە خوی و ماکۆ دامەزراوە. لەدوا ساڵی جەنگ دا کۆمەڵەی ئیستخلاسی کوردستان لەلایەن سەید تەهای شەمزینی و بەهاوکاری سمکۆ و هەندێ لە گەورە پیاوانی تری کورد لە ناوچە ورمێ دامەزراوە)(٦).

* (یەکەم چاپخانەی لێ دانرا)، بەڵام وەک لە زۆر سەرچاوەدا هاتووە کە (یەکەم چاپخانەی کوردی کەتوانای بۆ گەلی کورد تەرخان کردبێت لە ساڵی ١٩١٥ لە شاری حەلەب لەلایەن خوالێخۆشبوو حسین حوزنی موکریانی یەوە دامەزرێندرا)(٧) ئەگەر مەبەستیش کوردستان وڵاتی کورد بێت ئەوە یەکەم چاپخانە لە شاری کەرکووک بەناوی (صنائع مکتبی مگبعە سی) دامەزراوە(٨).

* (یەکەم رۆژنامەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە) بەڵێ راستە، بەڵام پێویستە رستەکە ورتر دابرێژرێت، بۆ نموونە وەک:

(یەکەم ڕۆژنامە بەزمانی کوردی لەسەر خاکی کوردستان لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە) بەمەرجێک ئەگەر (شوێنی دەرچوون) پشتی قسەو مەبەستمان بێت و ڕۆژنامەکەی سمکۆش پێش (پێشکەوتن) دەرنەچووبێت و لەدەرەوەی سنووری کوردستانیش چاپ وبڵاوکرابێتەوە.



(یەکەم کۆمەڵی سیاسی و ڕۆشنبیری تیایە لە دایکبوو) ئەم زانیارییە پێویستی بەبەڵگەو دۆکۆمێنت هەیە، چونکە لەمێژووی کوردو کوردستاندا یەکەم کۆمەڵەی سیاسی ورۆشنبیری لە سلێمانی لە دایک نەبووە و بۆ ڕاستی ئەم بۆ چوونەش کۆمەڵێک سەرچاوە هەیە دەتوانرێت سەیر بکرێن[٩].

* (یەکەم شاری گەورەبوو کە لە ڕاپەڕیندا ڕزگار بوو) ئەم ڕستەیە باشتر خۆی دەنواندو واتاکەی تۆکمەتر دەبوو، ئەگەر بنووسرێت (یەکەم پارێزگابوو کە لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ڕزگارکرا)، چونکە خۆ (ڕانیە) شارۆچکە نییە، بەڵکو شارێکی گەورەیە، دارشتنی بەو شێوەیە لە بازنەی پرسیارکردن بەرتەسک دەکاتەوە.

* (یەکەم پاڵاوتگەی نەوت تێدا دامەزرێنرا)، نەخێر یەکەم پاڵاوتگەی نەوت لە کەرکووک دامەزرێنرا[١٠]، بەڵام ڕەنگە بەڕێزیان مەبەستیان یەکەم پاڵاوتگەی نەوتی ڕۆژگاری دەسەڵاتدارییتی ئەمڕۆی کوردستان بێت[١١]، خۆزگە ئیشارەت بەو مێژووە دەدرا.

پاش خستنەرووی ئەم تێبینی و سەرنجانە لەسەر پێشەکییەکەی بەڕێز مەحمود مەلا عززەت منیش یەکدەنگ و یەک هەڵوێستم لەگەڵ بەڕێزیان کە لە شوێنێکی هەر لەو نووسینەیدا دەڵێت:(مێژووی پڕ لەسەروەرییەکانی بابەتی و زانستانە بنووسینەوە)[١٢].

### چەند وردە هەڵەیەکیتر

ئامادەکەری کتێبەکە کە دێتە سەر پۆلێنکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان، چەند وەسف و ناونیشانێکی داناوە بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی هەر یەکێک لە گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان، بەڵام ئەو جۆرە پۆلێنکردنە هەموویانی نەگرتۆتەوە بە بۆچوونی من دەکرا سەرتاپای کتێبەکە خشتەی بۆ دروست بکرێت، کە لەزۆر ڕووەوە ئەو جۆرە ئیشکردنە ئاسان و سوودمەنتر دەبوو.بەداخەوە

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی ئێستا تۆزێک ئاڵۆزو تێکەڵ وپێکەڵە و خوێنەر ماندوو دەکات، بۆ نمونە ئەو پۆلێنکردنەیۆ(پێشکەوتن) کراوە بۆ(پەیامی کرێکار) و (ئافرەتی ئازاد) نەکراوە؟ یاخود وەکو لە پێشەوە وتم ئایا بۆ ئەو جۆرە وەسف و پێناسانە وەک زانستێکی بیبلیۆگرافیایی سوود لە چ سەرچاوەیەک بینراوە. ئایا ئاسانترو باشتر نەدەبوو، ئەگەر رەچاوی ئەو خشتەیە بکرێت کە بەڕێزیان و جووتیاری حاجی تۆفیق[١٣] بۆ چەند رۆژنامەیەک کردوویانەو چەند شتێکی دیکەیش زیادو ئیزافە بکرێت!ئەوسا ئەو بۆشایە زۆرەش نەدەکەوتە کتێبەکە، هەروەها کەی ئەمە پێی دەڵێن (ناوونیشان) بۆ نموونە (ناونیشان: هەفتەی جارێک دەردەچی)[١٤] یان (ناونیشان: غزتەیکی حکومتیە هفتەی جاریک دەرئەچی)[١٥] یاخود (ناونیشان: رۆژنامەیەکی کوردییە شەمموان دەرئەچی)[١٦] ناوونیشان واتە (عینوان): (ئادرێس)، مەبەست ئەوەیە کە رۆژنامەکە یاخود گۆڤارەکە یا بڵاوکراوەکە لەکوێ (مکان) دەردەچێت، ئەوەی لەسەرتاپای کتێبەکە بە (ناوونیشان) لێکدراوەتەوە ناوونیشان نیە، بەڵکو (شوناسنامە-هویە) ی رۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤارەکانە. ئامادەکار دەیتوانی لە هەندێک شت بەتایبەتی لە(ناوونیشان) خۆی دەرباز بکات، چونکە فەرهەنگی ئێمە بۆ دونیای رۆژنامەگەری فەرهەنگێکی تابڵیی هەژارە، دەیتوانی کلێشەی پێشەوە یان بەم شێوەیە بینوسێتەوە:




پێشکەوتن
حفتەء جارێک دردچی
یاخود
بانگی کوردستان
علمی، سیاسی، ادبی، غزتیکی حرو سربست ملی یە
حفتەء جارێک دردچی
یان
ئاڵای شۆڕش
جەریدەی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستانە
یان
رابەر
بڵاوکراوەیەکی روشنبیرییە، هەر بە دوو هەفتە جارێک لێژنەی ناوچەی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوی ئەکاتەوە.

ئەمە و چەند هەڵەیەکی دیکەیش کەوتۆتە نێو کتێبەکە

هەوڵ دەدەم تەنیا هەڵە زەقەکان ڕاست بکەمەوە:

**ل ١٥:** نووسراوە: خاوەن (ئیدیتۆر/ بەرپرس): میجەر سۆن (ژمارە ١-٤٥) گوڵد سمیث (٤٥-١١٨).

واتە مێجەر سۆن و گوڵد سمیث پێکەوە بەرپرسی ژمارە (٤٥) بوونە، چونکە ئەم جیاکردنەوەیە وا دەگەیەنێت، بەڵام ڕاستیدا کە مێجەرسۆن ڕۆیشتووە ئینجا گوڵد سمیپ بۆتە بەرپرسی ڕۆژنامەکە.

**- ل١٦:** نووسراوە: (شیروان بەکر سامی) ڕاستییەکەی (سیروان بەکر سامی) یە.

**- ل١٧:** بۆ (بانگی کوردستان) نووسراوە: (علمی، اجتماعی، ادبی، غزتیکی حرو سربست ملی یە)، بەڵام ئەم شوناسنامەیە بۆ هەموو ژمارەکان بەو شێوەیە نەماوەتەوە، بۆ نموونە لە ژمارە (١٤)ی ساڵی (١) نووسراوە: (علمی، سیاسی، ادب، غزتیکی ملی یە) کە پێویستی دەکرد ئەو گۆڕانکارییانەش بنووسرێن، وەک چۆن لە هەندێک شوێندا لەکاتی زیادو کەمبوون، لاپەڕەکاندا نووسراوە.

**- ل٢٠:** بۆ (بانگی حەق) بەرانبەر بە خاوەن (ئیدیتۆر-بەرپرس) هیچ نەنووسراوە، بەڵام ئەگەر بەوردی لاپەرە (١) ی ژمارە (١) ی ڕۆژنامەکە لای سەرەوەی بخوێندرێتەوە، دەزانرێت کە بەرپرسی بانگی حەق (قرارگای عمومی ئۆردوی کوردستان)ە و دەقا و دەق ڕستەکە بەم شێوەیە نووسراوە: (بۆ هەمو شتێک مراجعت بە قرارگای عمومی دکرێت)[17].

**- ل٢١:** ئامادەکاری کتێبەکە سەبارەت بە ژمارە (٢)ی بانگی حەق دوو بۆ چوون دەردەبڕێت، لە خوارەوەی لاپەرەکە دەڵێت: (ژمارەی -٢- دەرنەچووە)، کەچی چوار دێر پێش ئەم قسەیە نووسیویەتی: (-٣- ژمارەی لێ دەرچووە) کە لە بنەڕەتدا تا ئێستا کەس ژمارە (٢)ی نەبینیووە و دەشێ هەر تەنیا دوو ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکرابێتەوە و بە هەڵە لەسەر ژمارە (٢) نووسرابێت ژمارە (٣) یان (پاشکۆ) بە ژمارە (٢) حیساب کرابێت.

**- ل٢٣:** بۆ دەرچوونی ژمارە (١)ی ئومێدی ئیستقلال نووسراوە: (ژمارە ١، ساڵ ١ پێنج شەممە ئەیلول ١٩٢٣)، بەڵام زۆر بەروونی لەسەر ژمارە (١) نووسراوە کە (٢٠ ایلول) واتە (٢٠ی ئەیلول) ژمارە (١) دەرچووە، کەچی نازانم بۆ ڕۆژی دەرچوونەکەی فەرامۆشکراو.

**- ل٣١:** لە کاتی باسکردنی (بڵاوکراوەی خورمال)(١٨)دا پێویست بوو بنووسرێت کە (دەستنووس) بووە، قەبارەش گرنگە نەنووسراوە، هەروەها بڵاوکراوەیەکی دیکە خوالێخۆشبوو (شاکر فەتاح) کە بەناوی (چەمچە مال بوو لە بیرکراوە، لە شوێنێکی دیکەی ئەم نووسینەدا باسی

> **(بڵاوکراوەی خورمال)(١٨)دا پێویست بوو بنووسرێت کە (دەستنووس) بووە، قەبارەش گرنگە نەنووسراوە، هەروەها بڵاوکراوەیەکی دیکە خوالێخۆشبوو (شاکر فەتاح) کە بەناوی (چەمچە مال بوو لە بیرکراوە**

دەکەم).

**- ل٣٤:** بۆ بڵاوکراوەی (دەنگی فەللاح) دەستنیشانی ئەوەی نەکردووە، کە حزبی شیوعی عێراق دەریکردووە[١٩].

**- ل٣٥:** بەڕای من (بڵاوکراوەی فەللاح) هەمان (دەنگی فەللاح)ەو بەهەڵە لە دۆسییەی ژمارە ٩٥٠/٨٥ی ١٩٥٠/١٢/٩ ناوی کراوەتە (فەللاح) چونکە ڕەوا نییە (ژمارە ١، ساڵ ١ لە تشرینی یەکەم: ١٩٦٢) دەرچووبێت و پێش ئەو مێژووە واتە لە ١٩٥٠/١٢/٩ باسی کرابێت و خەڵکی لەسەر تاوانبار کرابێت، وا بزانم کەسیش بڵاوکراوەیەکی لەو جۆرەی نەبینیووە کە ئەو مێژووە باسکراوەی بەسەرەوە بێت.

**- ل٣٧:** بڵاوکراوەی (یەکێتی فەللاح) نازانم لە سلێمانی دەرچووە یان نا، بەڵام کۆمەڵەی ئازادکردنی فەللاحەکان، کۆمەڵەیەک بوو حزبی شیوعی عێراق وەک کۆمەڵەیەکی تێکۆشانی جوتیارانی کوردستان لە پێناوی مافەکانی خۆیان سەرپەرشتی دەکرد، واتە هەر کۆمەڵەی فەللاحەکانی سلێمانی نەبووە، دەتوانرێت بۆ راستی ئەم بۆچوونە بەیاننامەی (کۆمەڵەی ئازادکردنی فەللاحەکان) لەلاپەرە (١)ی ژمارە (٢)ی بڵاوکراوەکە بخوێندرێتەوە، هەروەها لە دێری (٩)ی هەمان لاپەڕە دا واتە لاپەرە (٣٧)ی کتێبەکەدا نووسراوە: (جێگا: سلێمانی بەنهێنی) کەواتە رۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەکانی پێشەوە وەک (دەنگی راستی، پشکۆ، دەنگی فەللاح) بڵاوکراونەتەوە؟! واتە پێویستە ئەو پۆلێنکردنانە بە تەواوی بکرێن و لەسەریان بنووسرێت بە (ئاشکرا) یاخود (نهێنی)(٢٠) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**- ل٣٩:** لەم لاپەڕەیەدا باس لە ٠بڵاوکراوەی گەنجان) کراوە، نازانم لە چ گۆشەو ستوونێکی (گەنجان)دا نووسراوە (بڵاوکراوە) یەو (مانگانە) دەردەچێت، هەروەها پێویستی دەکرد لە سەرنجێکدا بنووسرێت کە: (یەکێتی گەنجە دیموکراتیەکانی کوردی عێراق) رێکخراوێکی (گەنجان) بووە و حزبی شیوعی عێراق سەرپەرشتی کردووە.

**- ل٤٢:** گۆڤاری (بەیان) لە کەرکووک ناوی (شەفەق) بووە، نەک (الشفق) دەزانین هەردووکیان یەک واتایان هەیە، هەروەها هەر تەنیا ژمارە (١)ی لە شاری کەرکووک دەرنەچووە، بەڵکو تا ژمارە (٣)ی بەرگی (٢) لە کەرکووک دەرچووە، کە بۆ سلێمانی گوێزراوەتەوە، ناوەکەی کراوەتە (بەیان) و پاش زیاتر لە دوو ساڵ جارێکی دیکە بۆ کەرکووک گوێزراوەتەوە و هەمیسان ناوەکەی کراوەتەوە (شەفەق)[٢١].

**- ل٤٤:** بۆ گۆڤاری (نەورۆز) نووسراوە (وێنە: نیە)، کەچی لە ژمارە (١) ی ساڵی (١)ی نەورۆزی ١٩٥٩ وێنەی عەبدولکەریم قاسم بڵاوکراوەتەوە.

> **(یەکێتی فەللاح) نازانم لە سلێمانی دەرچووە یان نا، بەڵام کۆمەڵەی ئازادکردنی فەللاحەکان، کۆمەڵەیەک بوو حزبی شیوعی عێراق وەک کۆمەڵەیەکی تێکۆشانی جوتیارانی کوردستان لە پێناوی مافەکانی خۆیان سەرپەرشتی دەکرد، واتە هەرکۆمەڵەی فەللاحەکانی سلێمانی نەبووە**

- ل٤٥: بۆ گۆڤاری (نیشتمان)یش نووسراوە (وێنە: نیە) کەچی لەسەربەرگی گۆڤارەکە وێنەی کوردو عەرەبێک بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە دێری (٣)ی هەمان بابەت و لاپەڕەدا نووسراوە: (لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستایان لە سلێمانی بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرئەچێت)، بەڵام لە رستەکەی سەر بەرگی گۆڤارەکە (زمانی کوردی و عەرەبی) نەنووسراوە، پێویستیش بە نووسین نەدەکرد چونکە لە دێری (١١)ی هەمان لاپەڕەی کتێبەکەدا نووسراوە: (زمان: کوردی و عەرەبی).

- ل٥٢: نازانم زاراوەی (نامیلکە) لە فەرهەنگی رۆژنامەگەریی کام نەتەوە و وڵات وەک جۆرێک لە جۆرەکانی دنیای رۆژنامەگەریی بەکارهاتووە؟ چونکە (نامیلکەی سلێمان) بریتییە لە کۆمەڵێک بەرهەمی کۆکراوەو وەک نامیلکەیەک چاپکراوە، لە حاڵەتێکدا ئەم پۆلێنکردنە راستە، کە خودی گۆڤارەکە ناوی (نامیلکەی سلێمانی) بێت، هەر لەم لاپەڕەیەدا نووسراوە، (زاراوە: کرمانجی خواروو) دیارە (زاراوە) بە هەڵە بەکارهاتووە، چونکە زاراوە بە واتای (مصطلح) رۆیشتووە و بەکار دێت، بەڵام ئامادەکاری کتێبەکە لە بری (لهجە)ی بەکاری هێناوە، کە ئەمرۆ پسپۆرانی زمانی کورد لە بری (لهجە) (زار) یاخود (دیالێکت) بەکار دێنن، ئەی نازانم ئەم (کرمانجی خواروو)ە چییە کە هەر تەنیا لە دوو سێ شوێن نووسراوە؟ دیارە بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکە بە (کرمانجی سەروو) یاخود (کرمانجی ناوەڕاست) نووسراون و چاپکراون؟ پێویستە لە نووسین و کتێبی لەم شێوەیەدا زاراوەو زاراوەسازی یەکبخرێت و پۆلێنکردنەکەش یەکگرتوو بێت.

- ل ٥٠: بۆ گۆڤاری (هونەر) نووسراوە: (وێنە: نیە) کەچی هەر بۆ نموونە لەسەر بەرگی کتێبەکە وێنە بڵاوبۆتەوە.

- ل٥٦: بۆ ژمارەکان (رزگاری کوردستان) نووسراوە: (ژمارە ١: ساڵی ١، مایس ١٩٦٣، ژمارە ٤: ساڵی ١ کانوونی یەکەم ١٩٦٢، ژمارە ٤: ساڵی ٢ کانوونی دووەم ١٩٦٢) دیارە لە کاتی نووسینەوەی ئەم ژمارەو مێژووانەدا پەلە کراوە، ئەگەر نا چۆن دەبێت (ژمارە ١: ساڵی ١ لە مایسی ١٩٦٣ دەرچووبێت کەچی ژمارە ٤: ساڵی ٢ کانوونی دووەمی ١٩٦٢) دەرچووبێت[٢٢]؟

- ل٥٨: (بەرەو پێشەوە) دوو ژمارەی لێدەرچووە نەک (١) ژمارە، ژمارە (٣) ئامادەبووە بۆ چاپ بەڵام چاپ و بڵاونەکراوەتەوە.

- ل٦٠: بەرێز جەلال دەباغ لە بڵاوکراوە کوردییەکانی حزبی شیوعی عێراق لە کوردستان بەگشتی و لە سلێمانی

"

* نازانم زاراوەی (نامیلکە) لە فەرهەنگی رۆژنامەگەریی کام نەتەوە و وڵات وەک جۆرێک لە جۆرەکانی دنیای رۆژنامەگەریی بەکارهاتووە؟ چونکە (نامیلکەی سلێمان) بریتییە لە کۆمەڵێک بەرهەمی کۆکراوەو وەک نامیلکەیەک چاپکراوە

* پێویستە لە نووسین و کتێبی لەم شێوەیەدا زاراوەو زاراوەسازی یەکبخرێت و پۆلێنکردنەکەش یەکگرتووبێت

"

هەوالنامەی دیبی

بەتایبەتی کاری تێدا کردوون یاخود ئاگاداری دەرچوون و بڵاوکردنەوەیانە، لەو وتارەی کە لە ڕۆژنامەی (رێگای کوردستان)[٢٤] بڵاوی کردۆتەوە ناوی (هەواڵنامە) ناهێنێت، بەڵکو دەنووسێت: (کۆمیتەی ناوخۆی سلێمانی هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە بڵاوکراوەیەکی مانگانەو یان ناوبە ناو دەر بکات ئەوە بوو بڵاوکراوەی (دەنگ و باس) و (هەواڵەکانی کوردستان) و شتی وای بڵاوکردەوە تا ساڵی ١٩٦٧ من گەڕامەوە سلێمانی)[٢٥]، راستە منیش لە کتێبی (رابەری رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردی)[٢٦] باسم (هەواڵنامە) کردووە، دیارە ئەو (شیوای) یەی بەرێز جەلال دەباغ (هەواڵنامە)یەو ئەو لە بیری چۆتەوە!

**- ٦١:** گۆڤاری (رزگاری) ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٦٢ دەرچووە[٢٧]، بۆیە پێویستە زنجیرەی دانانی ئەم گۆڤارە لە لاپەڕە (٥٥) یاخود (٥٦) ی کتێبەکەوە بێت نەک لاپەڕە (٦١).

**- ل٦٣:** نازانرێت بۆ جێگۆرکێ بە زنجیرەی ناوی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی (گزنگ-چیا) کراوەو پاش و پێش کراون؟ هەروەها نووسراوە: (ژمارە ١ی بەناوی گزنگە، ژمارە ٢ی بەناوی چیایە)، ئەی ژمارە ٣ی بەناوی چی دەرچووە؟

**- ل٦٤:** بەگوێرەی نووسینە ناوبراوەکەی بەڕێز جەلال دەباغ یەکدوو ژمارەی ئاڵای کارگەران لە چاپخانەیەکی کۆنی حزبی شیوعی عێراق لە گوندی دەرگەڵەی پارێزگای هەولێر چاپکراوە(٢٨)، دەرگەڵە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی پارێزگاری هەولێر.

**- ل٦٨:** لە دوا دێر سەبارەت بە گۆڤاری (رزگاری) نووسراوە هاتووە: (ژمارە ١٤-٢٥) وا بزانم ئەمە هەڵەی چاپەو راستییەکەی بریتییە لە (١٤-١٥).

**- ل٦٩:** بۆ روونکردنەوە پێویستی دەکرد لە خوارەوە بنووسرێت: دیارە ئەوسا بڵاوکراوەیەکی دیکە بەناوی (دەنگوباس) هەبووە، بۆیە لە ژمارە (٢)ەوە ناوەکەیان کردۆتە (برسکە)(٢٩) یاخود دەستەواژەو رستەیەکی دیکەی هاوشێوەی ئەم واتایە.

**- ل٧٠:** بڵاوکراوەی (رەنج) ژمارە (١)ی لەمانگی ئابی ١٩٦٩ دا دەرچووە[٣٠].

**- ل٧٤:** بەڕێز محەمەد نوری تۆفیق سکرتێری نووسینی (دەنگی مامۆستا) بووە، نەک لێپرسراوی گۆڤار، چونکە ئەم دوو زاراوەیە لە هونەری رۆژنامەگەریدا لە یەکتر جیاوازن.

**- ل٧٧:** ئایا (خەباتی کرێکاران)، کەی دەرچووە؟ نامیلکە بووە یاخود گۆڤار؟ ئەگەر نامیلکە بێت ئایا دەچێتە خانەی رۆژنامەگەرییەوە؟

**- ل٧٩:** ژمارە (١) (رەنجدەر) لە ناوەڕاستی ١٩٧٦ دەرچووە، تا وەستانی (٤) ژمارەی لێدەرچووە نەک (٣) ژمارە[٣٢].

**- ل٨٣:** بۆ بڵاوکراوەی دەنگوباسی زانکۆی سلێمانی نووسراوە: (خاوەن: لقی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی سەرۆکی زانکۆ)، لام وایە ئەمە هەڵەی چاپە چونکە (سەرۆکایەتی زانکۆ) راستترە هەروەها نووسراوە: (وێنە: نیە) کەچی هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەرگی پاشکۆی ژمارە (٢): تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ بکەین دەبینین وێنەی قەڵەم و کتێبێک بڵاوکراوەتەوە، ئەمە و بێجگە لە بڵاوکردنەوەی دروشمی زانکۆی سلێمانی.

**- ل٩٠:** باشتر بوو وەک سەرنجێک بۆ (شنروێ) بنووسرێت، تا ژمارە (٥) بە ناوی (شنروێ) وە دەرچووە و لە ژمارە (٦) دا ناوەکەی بۆتە (ئاسۆگە) و دوای ئەم ژمارەیە ژمارەی دیکەی لێدەرنەچووە و وەستاوە.

**- ل٩١:** دەنگی شۆڕشی عێراق ژمارەی لاپەڕەکانی (٢١) نییە، بەڵکو (٢٢) لاپەڕەیەو لاپەڕەی (سپی) یشی حیسابە، بەشی ئێستگەی دەزگای راگەیاندن دەریکردووە، لە بەر ئەوەی بڵاوکراوەیەکی وەک (دەنگی شۆڕشی عێراق) کە لە نێو شۆڕش دەرچووە و خراوەتە ناو بیبلیۆگرافیایەکی لەو شێوەیە پێویستی دەکرد، بۆ ئەم مەسەلەیە بەدواداچوون بۆ چەند گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەی دیکەیش بکرێت، من بۆچوونم وایە و پێم زانستیترە ئەو چەشنە گۆڤارو رۆژنامە و بڵاوکراوانە هەر لە دووتوێی خانەی رۆژنامەگەریی (نهێنی) یاخود رۆژنامەگەریی (شۆڕش) شوێنیان بۆ تەرخان بکرێت، چونکە ناتوانرێت بسەلمێنرێت

که هەموو کارە ڕۆژنامەگەرییەکانیان لە نووسین و تایپ و نەخشەسازی و چاپخانە لە یەک شوێن دیاریکراو رایی کراون بەمەرجێک جێگاکانیان وەک سنووری چالاکی (مەڵبەند، لق، هەرێم، کۆمیتە، کەرت، ناوچە، ڕێکخراو، ناوەند.. هتد) لەسەر گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان دیاری نەکرا بێت، چونکە ئەگەر ئەو جۆرە (جێگا)یانە دیاری کرابوو، واتە سنووری چالاکییەکە پارێزگای (سلێمانی) بوو، ئاساییە بخرێنە نێو کتێبێکی لەو شێوەیە، ئەگەر بەو جۆرە نەبوو باشترە لە چوارچێوەیەکی گشتی کاریان لەسەر بکرێت، هەمان پۆلێنکردن لە (ل٩٥: رزگاری) و (ل٩٦: هۆرە) دووبارە و سێ بارە بۆتەوە، بەڵام بۆ (ل٩٨: دەنگی کرێکار) ئاساییە، چونکە ناوی سلێمانی لەسەر گۆڤارەکە نووسراوە.

- **ل٩٦:** (هۆڕە) نییە (هۆرە)یە.
- **ل٩٩:** ئایا ئەگەر نەزانرێت (دەنگی لاوان) کەی دەرچووە، ئەی چۆن خراوەتە ل-٩٩ەوە؟

چونکە کتێبەکە بەزنجیرەی ڕۆژو مانگ و ساڵ ڕێکخراوە، ئەگەر لەبەر نەزانینی مێژووی دەرچوونی خراوەتە ئەم شوێنە پێویستی دەکرد وەک سەرنجێک ئەمە ڕوونبکرێتەوە.

- **ل١٠٠:** بۆ (ئافرەتی ئازاد) یش هەمیسان پێویستی دەکرد کە سەرنجێکی لەو شێوەیەی بۆ بنووسرێت.
- **ل١٠٣ تا ل١٢٦:** کارێکی باشکراوە کەکۆپی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان بڵاوکراوەتەوە، بەڵام خۆزگە وەک ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەو کۆپییانەش بە زنجیرەی مێژوویی دادەندران، هەروەها باشترو شیاوتر و گونجاوترو جوانتر دەبوو ئەگەر ئەو کۆپیکراوانە هەر یەکەو لەگەڵ نووسینەکانی خۆیان دادەندران، چونکە وا هەست دەکەم بەو شێوەیەی ئێستا خوێنەران لە کاتی بەراوردکردنی نووسین کۆپییەکان تۆزێک ماندوو دەبن.

**کۆمەڵێک**

## ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی تر

دیارە هیچ کارێکی ئەرشیفکردن و دۆکۆمێنتکردن و بیبلیۆگرافیایی وەکو زۆربەی بوارەکانی دیکەی نووسین و نووسینکاری بێ کەم و کوڕی نابێت نەخوازەڵڵا ئەگەر یەک کەس یەکێک لەو کارانە جێبەجێ بکات، بەتایبەتیش کارێکی لەو شێوەیە، کە بریتییە لە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی پارێزگایەک لەماوەی هەفتاساڵدا، ئیتر وا لە خوارەوەدا بە گوێرەی دەستکەوتنی سەرچاوە هەوڵ دەدەم چەند کەموکورییەکی ئەو کتێبە پڕ بکەمەوە و ئیزافەیەک بخەمە سەر ئەو کارە، وەک سەرنجێکیش پێویستە ئەوە ڕوونبکەمەوە هەندێک ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی کە بۆ کتێبەکەم ئیزافە کردووە حزب و ڕێکخراوی سیاسی کوردو کوردستانی دەریانکردوون و ناوی مەڵبەندو لق و ئەو مەحەلییانەیان بە سەرەوەیە کە سنووری چالاکییەکانیان بریتی بووە لە سنووری پارێزگای سلێمانی لەسەر ئەم بنەمایە پێموایە زۆربەیان لەو سنوورە چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

* **چەمچەماڵ:**

ڕۆژنامەیەکی دەستنووس بووە، خوالێخۆشبوو شاکر فەتاح لە چەمچەماڵ دەریکردووە، لە ١٩٤٦/٧/١ تا ١٩٤٦/٨/١٢، (٧) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکردۆتەوە[٣٣]، هەروەها ڕۆژنامەی (باسەڕە)شی دەرکردووە، بەڵام ناکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانی.

* **رزگاری:**

بڵاوکراوەی پارتی دیموکراتی کورد بووەو ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٤٦ لە بەغدا بەشێوەی نهێنی و بەتایبەتی ئاسایی (دەستی) چاپکراوەو بەرۆنیۆ راکێشراوە، پاش وەسبەی کانوونی ١٩٤٨ چیتر نەتوانراوە لە بەغدا چاپبکرێ، بۆ گوندی (سیتەک) ی باکووری (سلێمانی) گوازراوەتەوە، لەوێش چەند ژمارەیەکی تری بەنهێنی لێ دەرکراوە[٣٤].




*** نیشتمان:**

ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو "ژ.ک" بووە و بەنهێنی لە ساڵی ١٩٤٣، تا ١٩٤٤ (٩) ژمارەی لە شاری تەوریزی ئێران لێدەرچووە و زیاتر خوالێخۆشبوو زەبیحی سەرپەرشتی دەرکردنی دەکرد، دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد و ئاوارە بوونی زەبیحی و محەمەد شاپەسەندی ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی (سیتەک)ی باکووری (سلێمانی) ژمارە (١٠) یان بە تایپ و ڕۆنیۆ دەرکردووە[٣٥].

*** دەنگی داس:**

بڵاوکراوەیەک بووە حزبی شیوعی عێراق لەنێوان ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٤ لە دەربەندیخان دەریکردووە[٣٦].

*** خەبات:**

ڕۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٥٣ ژمارە (١) بەنهێنی دەرچووە ماوەیەکیش ڕۆژنامەی پارتی بەناوی (خەباتی کوردستان) دەردەچوو، تا ئەو کاتەی کە (خەبات) بۆتە ئاشکرا، واتە ڕۆژی ١٩٥٩/٤/٤، لە ماوەی ١٩٥٣ تا ١٩٥٩ خەبات بە نهێنی سەرەتا لە بەغدا پاشان کەرکووک دوایی (سلێمانی) دەرچووە پاش ئەیلوولی ١٩٦١-یش کە خەباتی چەکداری دەستی پێکرد، دیسان ڕۆژنامەی (خەبات) چۆتەوە قۆناغی نهێنی و ژمارە (٤٦٥)ی یەکەم ژمارەی ئەو قۆناغەیە لە پارێزگای (سلێمانی) دەرچووە[٣٧].




*** ئازادی کوردستان:**

سەبارەت بەم ڕۆژنامە بەسەر چاوەیەک دەڵێت: (لەگەڵ بەستنی دووەمین کۆنفرانسی حزب لە ساڵی ١٩٥٦ دا و هەڵبژاردنی سەرکردایەتی حزب و چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفتی ناوخۆ و یەکگرتنەوەی هەندێ لە لاباڵەکانی حزب و هەڵبژاردنی هاوڕێ سەلام عادل بە سکرتێری حزب و جەمال حەیدەری بە ئەندامی مەکتەبی

سیاسی، ئازادی بە هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشچوو، بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٥٧ دا، چەند ژمارەیەکی ڕێک و پێکتری لێ دەرچوو، بەناوی (ئازادی کوردستان) و بەڕێزان مامۆستا ساڵح حەیدەری و حەمید عوسمان بەشداری دەرکردنی بوون[٣٩]، بەڕای من ئەو چەند ژمارەیەی ئازادی کوردستان لە کەرکووک پاشان لە (سلێمانی) بەنهێنی دەرچووە[٤٠].



*** ڕێگای کوردستان:**

ڕۆژنامەی لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق بووەو بە نهێنی دەرچووە، لە زۆر شوێن و جێگادا دەرچووە، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٦٢ چاپ و بڵاوکراوەتەوە تا ساڵی ١٩٧٣ کە دەرچوون بەردەوام بوو، لەو یازدە ساڵەدا ماوەیەک لە (سلێمانی) لە ماڵی خوالێخۆشبوو عوسمان دانش چاپکراوە[٤٢].

*** دەنگ و باس:**

ساڵی ١٩٦٩ پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (دەنگ و باس) دەرکردووە، باڵێکیش لە حزبی شیوعی عێراق بڵاوکراوەیەکیان بەهەمان ناو هەبووە[٤٣]. هەر بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان ناوی بڵاوکراوەکەی خۆیان کردۆتە (بروسکە) بەگوێرەی زانیارییەکانی ناوی ژمارە (٢) ی (بروسکە) ئەوباڵەی حزبی شیوعی عێراق لە سنووری پارێزگای سلێمانی بڵاوکراوەکەی خۆیان (دەنگ و باس) دەرکردووە و زیاتر بەڕێز بەهادین نوری سەرپەرشتی دەرکردنی کردووە. بروسکەو دەنگ و باس بەنهێنی دەردەچوون.

*** ڕێبازی قوتابیان:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق لەهەر لقێک لە لقەکانیدا، گۆڤارێک یاخود بڵاوکراوەیەکی دەردەکرد، لقی سلێمانی-یش گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی (ڕێبازی قوتابیان ژمارە (١) ی ئەو گۆڤارە ساڵی ١٩٧٢ دەرچووە[٤٤].

*** گۆڤاری شەهیدانی کوردستان:**

گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیری بووە لیژنەی ڕاگەیاندنی لقی (٣) و لقی (٤)[٤٥] ی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەشێوەی دەوری بەنهێنی دەریکردووە، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٨٢ دەرچووەی[٤٦].

*** سورێن:**

گۆڤاری لقی سلێمانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق بووە، ژمارە (١)ی لە مانگی ئابی ١٩٨٣ بەنهێنی دەرچووە، دوا ژمارەی نهێنی گۆڤارەکە ژمارە (٦٥) کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٠ دا دەرچووە، شایانی باسە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ یش ژمارەی دیکەی لێدەرچووە[٤٧].

*** ئاڵای پێشمەرگە:**

ئۆرگانی حزبی شیوعی عێراق/ مەڵبەندی سلێمانی و کەرکووک بووە، ژمارە (١)ی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، ژمارە (٣) لە کۆتایی تەمموزی هەمان ساڵدا دەرچووە، بەڵام سەبارەت بە ژمارەکانی دیکە زانیاریمان دەست نەکەوت، چونکە وەک هەر بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دیکەی نهێنی کۆکردنەوەی هەموو ژمارەکان کارێکی گرانە[٤٨].

*** هەڵمەت:**

گۆڤارێکی وەرزی بووە لقی سلێمانی و کەرکوکی (کۆمەڵەی نووسەرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی پێشمەرگەی دیموکراتی عێراق) بەنهێنی دەریکردووە، ژمارە (١)ی لە ئایاری ١٩٨٥ دەرچووە و دەڵێت دوو ژمارەی لێ دەرچووە بەڵام من ژمارە دووم نەبینیووە[٤٩].

*** ئەزمر:**

گۆڤاری لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ژمارە (١)ی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە، دوا ژمارەی ژمارە (١١) یە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە، بۆ زانیاری زیاتر، دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ یش چەند ژمارەی دیکەی لێدەرچووە، بەڵام لەم خولەدا بە ئاشکرا دەرچووە، چونکە (١١) ژمارەکەی پێشوو بەنهێنی دەرچووە، لەوە دەچێت خولی نهێنی ئەم گۆڤارە لە ساڵی (١٩٨٥-١٩٨٦) لەناوچە سنوورییەکانی هەورامان بە دیوی ناو سنووری ئێرانەوە دەرچوو بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوی لقی (٤)ی سلێمانی بەسەرەوەیە بۆیە خستمە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریی سلێمانییەوە.

*** چەند دەستەو گروپێکی سیاسی:**

لەدوای ساڵی ١٩٨٢ ەوە لە نێو پارێزگاکانی کوردستانی عێراق چەند گروپ و دەستەو باڵی ڕێکخستنی سیاسی بچووک بچووک بە نهێنی دامەزران و چالاکی چاپ و ڕۆژنامەگەرییان هەبوو، هەندێکیان سنووری چالاکییان کەوتبووە سلێمانی، بەڵام بەداخەوە لەم دووره دەستیەم لە ئەرشیفەکەم لە کتێبخانە شەخسییەکانی کوردستان ناوی هیچ لەو بڵاوکراوانەم لەبیر نەماوە، هیوادارم نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی وڵات لەم بوارەدا کارێک ئەنجام بگەیەنن.

*** ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران:**

وەک هەموومان دەزانین دوای شکستی بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٨٤-١٩٩٠ و لە دەستدانی شارو شارۆچکە گەورەکانی ئەودیو، زۆربەی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بارەگاکانیان کەوتە سنووری پارێزگای سلێمانی، ئیتر مەڵبەندی چاپکردنی چاپەمەنییەکانیشیان بەتایبەتی بڵاوکراوە، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان کەوتە سلێمانی، ڕاستە وەک سیاسەت نووسینەکانیان ئاڕاستەکراو بوون بۆ کوردستانی ئێران و زیاتریش لەوێ بە نهێنی بڵاودەکرانەوە، بەڵام هەندێک لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە کاریان لە خەڵکی کوردستانی عێراقیش کرد، لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەردەچوون، (نووسەری چیا، پێشەنگ، پێشرەو،... هتد).

## ئەنجام

بۆ بەدواداچوون و سەرنجدان و تێوردبوونەوە بەرانبەر هەر کارو چالاکییەک بە تایبەتی لە دنیای نووسیندا پێشەکی پێویستە ئاراستە و پرانسیپەکانی خزمەتکردن لەبیر نەکرێت، ئەو چەند سەرە قەڵەمەی منیش بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەو هەڵە و کەمو کوڕییانەی کە کتێبی (بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردیی لە سلێمانی ١٩٢٠–١٩٩٠) رووبەرووی بۆتەوە، دیارە لە پێناوی کەڵەگەتکردنی باڵای زراقی سلێمانی هەڵەو کەموڕییەکان ئەوە دەهێنن قسەیان لێوە بکرێت، سەرەتای قسە و باسەکانمان لە بەرگی کتێبەکەوە سەرەتایان گرتووە لە چەند وردەکارییەک دواوین کە پێویست بوو ورتر کاری نووسین و نووسینکاریان بۆ بکرێت، هەم لە ڕووی سینتاکسەوە هەم لە رووی داڕشتنی ناوی کتێبەکە، ڕستەی ناوی کتێبەکەمان لێک داوەتەوە، چونکە ناونیشانی کاکڵەی ناوەڕۆکە، ئینجا نیگامان خستۆتە سەر دوو نووسین کە وەک سەرەتا و پێشەکی لە کتێبەکە دوادون، بۆ خوردکردنەوەی ئەو دوو نووسینەش خۆزگەم خواستووە، کە کارێکی لەو جۆرە لێکۆڵینەوەی زانستی بەباڵاییبڕایە، هەروەها لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەمدا بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبەکە هەوڵمداوە کۆمەڵێک هەڵە ڕاست بکەمەوە و دەتوانرا کارێکی وردتر بکرێت تا ئەو هەڵانە ڕوونەدەن، ئینجا لەسەر ناوێکی دیکەدا ناوی کۆمەڵێک گۆڤارو رۆژنامە و بڵاوکراوەم نووسیوە کە لە بیرکراون یاخود پەییان پێ نەبردراوە، ئەو ناوانەش زۆربەیان بەتایپی ئاسایی تایپکراون و بەرۆنیۆ راکێشران، ناوی سەرنووسەرو نووسەرانی بەشداربوونی تێدا دیار نییە یاخود ناوی خوازراون، چونکە بە نهێنی چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بە زمانی کوردی نووسراون.

لە کۆتاییدا ئومێدم وایە ئەم نووسینەم بە نیگایەکی ئیجابیانە بەرانبەر بە گۆشەیەک لە دنیاکانی شارێک وەربگیرێت، کە پێویستە هەر هەموومان لە بەرزتر راگرتنی سەروەییەکانی بەشداری بکەین.

**پەراوێزەکان:**

١. رەفیق ساڵح ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردیی لە شاری سلێمانی (١٩٢٠–١٩٩٠) لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ ژمارە (١) سلێمانی ٢٠٠٢.

٢. پێشکەوتن (رۆژنامە) ژمارە (١) ساڵی (١) پێنج شەممە ٢٩ ی ئەیلولی ١٩٢٠، ل١.

٣. بۆ زیاتر زانیاری، سەیری ئەم دوو سەرچاوەیە بکەن:

ئەلف: د. کەمال فوئاد، بانگی هەق یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردستان، گۆڤاری مرۆڤایەتی (پاشکۆ) سلێمانی–١٩٩٨، ئەم بابەتە یەکەمجار لە گۆڤاری (پرشنگ)ی ئەڵمانیا بڵاوبۆتەوە.

بێ: ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، راگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، سلێمانی ٢٠٠٢ ل٢.

٤. سعد رحمی (مترجم) مصطلحات سياسية، دار الثقافة الجديدة، القاهرة ١٩٨٤، ل٧٦.

٥. هاوڕێ باخەوان، ئاڵای کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠١.

٦. نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان چاپی دووەم، هەولێر ١٩٩٣، ل٥٨.

٧. عەبدولجەبار محەمەد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی ١٩٧٠ ل٧٠.

٨. وریا جاف، کاروانی رۆژنامەگەری کوردی، هەولێر ١٩٩٩، ل٧.

٩. بۆ نموونە ئەم سەرچاوانە:

ئەلف: عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی سێیەم، سلێمانی ١٩٩٨.

بێ: د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية، بغداد ١٩٨٨.
جیم: فەهد گردەوانی (وەرگێڕ و ئامادەکار) ڕێکخراو، کۆمەڵە، پارت لە کوردستانی عێراقدا، ستۆکهۆڵم ١٩٩٩.
١٠. د. عەبدوڵڵا غەفور، نەفتی کوردستان، سوید ٢٠٠١.
١١. دەتوانرا بۆ دڵنیابوون لە مێژووی دامەزراندن و ڕۆژی دروستکردن و بە دەست بەکاربوونی پاڵاوتگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە خودی بەڕێوەبەرایەتی پاڵاوتگەکە وەربگیرێت.
١٢. واتە مێژووی سەروەرییەکانی سلێمانی، سەیری پەراوێزی ژمارە (١) ل١٢ بکە.
١٣. ئاڵای ئازادی (ڕۆژنامە) حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٨/٤/٢٢.
١٤. ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە شاری سلێمانی ل١٥.
١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو.. ل٢٤.
١٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو.. ل٢٧.
١٧. بانگی حەق، ژمارە (١) ساڵ (١) ٢٨ ی مارس ١٩٢٣، ل١.
١٨. بۆ زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی دووتوێی ئەم کتێبە لە سەرەوەی لاپەڕەکان لە تەنیشت ناوەکانیان، زاراوەی (گۆڤار) یاخود (ڕۆژنامە) یان (بڵاوکراوە) نووسراوە، نازانم بۆ جیاکردنەوەی ئەم سێ زاراوەیە چ پێوەر و پرانسیپێک پەیرەو کراوە؟
١٩. د. فائق بطي، الصحافة اليسارية في العراق، لندن ١٩٨٥ ل١٣٠.
٢٠. بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە زاراوەکانی (نهێنی) و (ئاشکرا) سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:
– نەوزاد علی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنیی کوردیدا (نامەی ماجستێر)، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠١ (وەک کتێب چاپ نەکراوە).
٢١. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا ١٩٧٨، ل٢٤٢.
٢٢. بەداخەوە لێرە ئەرشیفەکەی خۆم لەلانییە تا هەڵەی ئەم ژمارەیە ڕاست بکەمەوە.
٢٣. نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، سلێمانی ٢٠٠١، ل٢٠.
٢٤. جەلال دەباغ، چاوگێڕانێک بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی شیوعیدا، ڕێگای کوردستان (ڕۆژنامە)، حزبی شیوعی کوردستان–عێراق، ژمارە (٥٠٠)، دووشەممە ٢٩ی نیسانی ٢٠٠٢، ل٩ – ل١.
٢٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو.. ل١١.
٢٦. نەوزارد عەلی ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، سلێمانی ٢٠٠١، ل٢٣.
٢٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو.. ل١٤.
٢٨. جەلال دەباغ، چاوگێڕانێک بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی شیوعیدا. ل١١.
٢٩. بروسکە، ژمارە (٢) ڕۆژی ١٥/ ئاب/١٩٦٩ سەیری بابەتی (بروسکە لە باتی دەنگوباس) لە لاپەڕە (١) دا بکە.
٣٠. نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، ل٣٢.
٣١. بۆ نموونە سەیری لاپەڕە (١)ی ژمارە (١٠)ی ساڵی دووەم (١٩٧٣)ی گۆڤارەکە بکە، هەروەها د. کەمال مەزهەر–یش

له لاپەڕە (٢٥٤)ی تێگەیشتنی راستی دا نووسیوەتی (سکرتێری نووسین: محەمەد نوری تۆفیق).
٣٢. هەمان پەراوێزی ژمارە (٣٠).. ل٣٨.
٣٣. عەبدولجەبار محەمەد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی ١٩٧٠، ل١٦٢.
٣٤. خەبات(جديدة) الحزب الديمقراطب الكردستانب، العدد (١٠٢) تاريخ ٢٠٠٢/٤/٥، ل٤.
٣٥. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و.. ل٢٣٧، هەروەها بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ژمارە (١٠) ی نیشتمان سەیری (رۆژنامەنووسان) گۆڤاری یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە (١)ی بەهاری ٢٠٠٢ ل١٢١ بکە.
٣٦. د. فائق بطي، الصحافة اليسارية فى العراق، لندن ١٩٨٥، ل١٣٠.
٣٧. مام جەلال، خەبات لە چییەوە هات و چۆن بوو بە ئۆرگانی پارتی؟ و چۆن بەرێوە چوو، خاک (گۆڤار) ژمارە (٥٥) ی ٢٠٠٢، دەزگای چاپەمەنی خاک، سلێمانی ل-٤ل٥، هەروەها بۆ دڵنیابوونەوە دەتوانرێت سەیری ئەم سەرچاوەنەش بکرێت وەک: (رابەری رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردی، مێژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان).
٣٨. ئازادی، واتە رۆژنامەی (ئازادی)ی حزبی شیوعی عێراق، کە لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردوو بەنهێنی دەرچووە، پاشساڵی (١٩٥٩) دوو ساڵ بە ئاشکرا دەرچووە.
٣٩. جەلال دەباغ، چاوگێرانێک بە مێژوو.. ل٩.
٤٠ دوای دوو لە تبوونەکەی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵی ١٩٦٧ هەردوو باڵە کە رۆژنامەی خۆیان بە زمانی کوردی بە درێژە پێدەری (رێگای کوردستان) دەزانی و (رێگای کوردستان) یان دەردەکرد.
٤١. ساڵی (١٩٨٠) جارێکی دیکە بە نهێنی دەستی بە دەرچوون کردۆتەوە تا راپەرینی ساڵی ١٩٩١، لەو ساتەوە تا ئەمڕۆش بە ئاشکرا دەردەچێت.
٤٢. جەلال دەباغ، چاوگێرانێک بە مێژووی .. ل٩.
٤٣. دەتوانرێت جارێکی دیکە سەیری بابەتی (بروسکە لە باتی دەنگوباس)، ژمارە (٢)ی رۆژی ١٩٦٩/٨/١٥ ی (بروسکە) بکرێتەوە.
٤٤. نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەریی. ٢٥.
٤٥. هەر لەو رۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستان بریاریدا کارو چالاکییەکانی لە سەر شێوەی لق پیادە بکات. بۆ سلێمانی (لقی چوار)ی داناوە، تا ئەمڕۆش (لقی چوار) واتە لقی چالاکییەکانی سنووری سلێمانی.
٤٦. نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەری...ل٧٠.
٤٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو..ل٨١.
٤٨. هەمان سەر چاوەی پێشوو..ل٨٩.
٤٩. هەمان سەر چاوەی پێشوو..ل٩١ئەو رێکخراوە زیاتر سەر بە حزبی شیوعی عێراق بووە، بۆزانیاری دەتوانرێت پەیوەندی بەبەرێز عبدالله قەرەداغی لە سلێمانی بکرێت.
٥٠. هەمان سەر چاوەی پێشوو...ل٩٥.

## سەرچاوەکان:


١. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، راگەیاندنی شۆرش وبزوتنەوەی شیعری کوردی،سلێمانی٢٠٠١.

٢. رەفیق سالَح ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردی لە شاری سلێمانی (١٩٢٠–١٩٩٠) لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ، ژمارە(١) سلێمانی٢٠٠٢–.

٣. سعد رحمی (مترجم) مصطلحات سیاسیه، دارالثقافة الجدیدة، القاهرة ١٩٨٤.

٤. عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی ١٩٧٠.

٥. عەبدوڵڵا غەفور، نەفتی کوردستان، سوید ٢٠٠١.

٦. عبدالستار طاهر شریف،الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکوردیة، فی نصف قرن ١٩٠٨–١٩٥٨، بغداد ١٩٨٨.

٧. عزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان،وەرگێرانی: فەرید ئەسەسەرد، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، چاپی سێیەم، سلێمانی١٩٩٨.

٨. فەهەد گردەوانی (وەرگێرو ئامادەکەر) رێکخراو، کۆمەڵە، پارت لە کوردستانی عێراقدا،ستۆکهۆڵم ١٩٩٩.

٩. فائق بطي،الصحافة الیساریة في العراق، لندن ١٩٨٥.

١٠. کمال مەزهەر ئەحمەدو تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆری زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.

١١. نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا، چاپی سێیەم هەولێر ١٩٩٣.

١٢. نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی٢٠٠١.

١٣. نەوزاد علی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردی نامەی(ماجستێر)، زانکۆی سلێمانی٢٠٠١.

١٤. هاورێ باخەوان، ئاڵای کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠١.

١٥. وریا جاف، کاروانی رۆژنامەگەری کوردی، هەولێر ١٩٩٣.

١٦. رۆژنامەو گۆڤارەکانی (پێشکەوتن، ئاڵای ئازادی، رێگای کوردستان، خەبات، خاک ....هتدد).


* ئەوە بە تەنیا لە باشوورو رۆژئاوا وایە، لە باکوور بە تورکی و لە رۆژهەڵاتیش فارسی..!

# حەسەنی قزڵجی

## بیۆگرافی و کورتەیەک دەربارەی بەرهەمەکانی



**جوتیار تۆفیق هەورامی/ سوید**

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستا هێمن لە پێشەکیی کۆمەڵە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»دا نووسیوویەتی: لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا «ڕۆژێکی سارد و سەهۆڵبەندانی مەهاباد بو، زریانێکی ساردی دەهات و کەڕەسیسەی دەکرد. خۆم کوزو کرد بوو و بە پەلە دەڕۆیشتم جێگایەکی گەرم و گوڕ ببینمەوە. تەماشام کرد پێشەوا **«قازی محەمەد»** لە بەربێڵاکەی هاتوچۆ دەکا و ڕۆژنامەی **«کوردستان»**ی بەدەستەوەیە و یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەکەی لەلایە. خەریک بووم فیزماڵکی دەمێ و خۆم ببوێرم. دیتمی و بانگی کردم. هێشتا دوور بووم، فەرموی:

– دیوتە ئەو قزڵجی یە چۆنی نوسیوە؟

زانیم مەبەستی ئەو پارچە ئەدەبی یە جوانەی قزڵجی یە کە لەو ژمارە دا چاپ کراوە. گووتم:

– بەڵێ دیومە و بەڕاستی چاکی نووسیوە.

کاکی نووسەر هەڵی دایە و گووتی:

– بەڵێ! چاک دەنووسێ، بەڵام کەم دەنووسێ.

پێشەوا بزێکی هاتێ. سەری ڕاوەشاند و (**پارچە شیعرێکی «سەعدی» گوت**)، دیسان ڕووی لە من کرد و فەرمووی:

– «بریا زۆری وامان هەبان.. ئەگەر بۆخۆمان بین زۆری وامان لێ هەڵدەکەون»[١].

حەسەنی قزڵجی نەوەیەکی هەڵکەوتووی بنەماڵەی قزڵجی بوو. ئەو بنەماڵەیەش ناو و ناوبانگیان بە زیرەکی و لێهاتوویی بڵاوبووەتەوە. هەر وەک مامۆستا هێمن نووسیوویەتی، لە موکریان دەڵێن: «**بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچوە مراوی وان، هەر لە هێلکە هاتنەدەر، مەلەوانن**». مەبەستیان ئەوەیە ئەوی لەو بنەماڵەیە بێت، هەر لە منداڵییەوە زیرەک و وریا و لێهاتووە[٢].

حەسەنی قزڵجی کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا محەمەد قزڵجییە. ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلوولی ١٩١٤ لە شاری بۆکان هاتووەتە دنیاوە[٣].

لە تەمەنی شەش ساڵییەوە خراوەتە بەر

خوێندن. سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە. پاشان نێردراوەتە لای مامۆستا مەلا ئەحمەد فەوزی[٤] و دواتریش لای مامی «مەلا ئەحمەد تورجانی»[٥] خوێندوویەتی. پاشان بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چەند شار و شارۆچکە و دێهاتی کوردستان گەڕاوە. پاش چەند ساڵ خوێندن لە فەرمانداری مەهاباد بووەتە فەرمانبەر. لە ساڵەکانی دوایی حوکمی ڕەزاشای پەهلەویدا بووەتە جێگری فەرمانداری مەهاباد[٦].

لە ساڵانی ١٩٢٧ ـ ١٩٣٥دا لە مەڵبەندی موکریان بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی و سیاسی بە ڕابەریی: «**مەلا ئەحمەد فەوزی، شێخ ئەحمەد سریلاوا، مەلا محەمەد سادقی قزڵجی (قازی کاکە حەمەی بۆکان)، قازی محەمەد**» و چەند ڕووناکبیر و تێکۆشەری دیکەی ئەو مەڵبەندە، سەری هەڵداوە[٧].

ئامانجی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە ئەوە بووە کە دژایەتی سیاسەتە شۆڤینییەکانی حکومەتی ڕەزاشا بکەن و لە پێناو بووژاندنەوەی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا تێبکۆشن. ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، لە ڕێگای هەندێک قاچاخچیی تێکۆشەر و دڵسۆزەوە بە دەستییان گەیشتووەو لە نێو لاوە ئازادیخواز و باوەڕپێکراوەکاندا بڵاویانکردوونەتەوە هەتاکو فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی و شارەزای زمان و ئەدەب و مێژووی نەتەوەکەیان ببن.

عەبدولڕەحمان زەبیحی، محەمەد نانەوازادە، قاسم قازی، هێمن و حەسەنی قزڵجی و چەندین لاوی دیکەی وەک ئەوان جێی بڕوا و متمانەی ڕابەرەکانی ئەو بزووتنەوەیە بوون، بۆیە هەرچی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردییان دەست کەوتووە داویانە بەوانیش و هانیان داون کە دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد وتوێژ بکەن.

بەو جۆرە حەسەنی قزڵجی هەر زوو چاو و گوێی کراوەتەوە و شارەزای زمان و ئەدەب و مێژووی نەتەوەکەی بووە و هەر لەو دەمانەوە وردە وردە دەستی بە شیعر و پەخشان نووسین کردووە و بە دەستنوسەکانی خۆی پیشانی هاوڕێ و هاوبیرەکانی خۆی داوە.

لە ساڵەکانی ١٩٣٦ ـ ١٩٤١ دا چەند دەستە و کۆمەڵەیەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ناوچەی موکریان بەتایبەتی کەوتوونەتە چالاکی و شەوان بە نهێنیی و بە ناوی یاریکردن و کات بەسەر بردنەوە کۆبوونەتەوە و سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان گفتوگۆ و وتوێژیان کردووە و هەواڵ و دەنگوباسی بەشەکانی دیکەی کوردستانیان

**حەسەنی قزڵجی و چەندین لاوی دیکەی وەک ئەوان جێی بڕوا و متمانەی ڕابەرەکانی ئەو بزووتنەوەیە بوون، بۆیە هەرچی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردییان دەست کەوتووە داویانە بەوانیش و هانیان داون کە دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد وتوێژ بکەن**

بە یەکتر ڕاگەیاندوە. حەسەنی قزڵجی هەمیشە لەگەڵ ئەوانەدا بووە و کەسێکی خۆشەویست و جێ باوەڕیان بووە[٨].

هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ کچی مامێکی خۆی خێزان پێکدێنێت، کە بەرهەمی ئەو هاوسەرییە سێ کچ بووە بە ناوەکانی: حەمیدە، سۆییە و تەلیعە. هاوسەرەکەشی ناوی ڕەزیە کچی مەلا محەمەد قزڵجی بووە.

لە ١٦/٨/١٩٤٢دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان **«کۆمەڵەی ژ. ک.»** بە هاوکاری و ڕێنوێنی **«حیزبی هیوا»** لە شاری مەهاباد لە لایەن دەستەیەک لاوی وریا و تێکۆشەرەوە دامەزراوە[٩]. زۆری نەخایاندوە کۆمەڵەی ژ. ک. پەلی بۆ شار و شارۆچکەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشاوە و چالاکییەکانی بەرفراوان بووە. عەبدولڕەحمان ئیلخانی زادە و حەسەنی قزڵجی و عەبدولقادر دەباغی و قازی کاکە حەمەی بۆکان و چەند کەسی ئازادیخوازو ڕووناکبیری دیکەی شاری بۆکان، لقی کۆمەڵەیان لە بۆکان دامەزراندوە و زۆر چالاکانە تێکۆشاون. حەسەنی قزڵجی ئەندامێکی کارا و لێهاتووی کۆمەڵە بووە و بە ناوی نهێنیی **«ژیر»**ەوە تێکۆشاوە[١٠].

دواتریش کە لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک.، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، حەسەنی قزڵجیش وەک زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا چالاکی خۆی درێژە پێداوە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)دا، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماردا گەلێک وتار و پەخشان و کورتە چیرۆکی جوان و سەنگینی بڵاوکردوەتەوە. ماوەیەکیش لە دەرکردنی ڕۆژنامەی **«کوردستان»**دا هاوکاریی سەید محەمەدی حەمیدیی کردووە[١١]. هەر لەو سەردەمەدا لە شاری بۆکان بە هاوکاریی چەند شاعیر و نووسەرێک گۆڤاری **«هەڵاڵە»**ی دەرکردووە[١٢]. هەژاری شاعیر یەکێک لە هاوکارەکانی قزڵجی بووە و لەو بارەیەوە نووسیوویەتی: **«کە هەوەڵ ژمارەمان بۆ پێشەوا برد، تۆنێک کاغەزی خەڵات کردین»** [١٣].

حەسەنی قزڵجی بێئەوەی سینگ دەرپەڕێنێ و خۆهەڵکێشێ، لای پێشەوا قازی محەمەد ڕێزدار و خۆشەویست بووە. پێشەوا لە ئاخرین ڕۆژانی دەسەڵاتیدا بەنیاز بووە حەسەنی قزڵجی و چەند شاعیر و نووسەری لاو و تازەپێگەیشتووی ئەودەمە بۆ خوێندن بنێرێتە دەرەوە، تا بە قەولی خۆی چاو و گوێیان بکرێتەوە و شتی تازە فێر ببن، بەڵام بەداخەوە نەگەیشت و ئەم ئاواتەشی وەک زۆر لە ئاواتەکانی دیکەی نەهاتە دی.

کاتێک کۆماری کوردستان لەناو برا و سوپای ئێران کەوتە داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان،

> **لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)دا، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماردا گەلێک وتار و پەخشان و کورتە چیرۆکی جوان و سەنگینی بڵاوکردوەتەوە. ماوەیەکیش لە دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا هاوکاریی سەید محەمەدی حەمیدیی کردووە**

هەواڵنامەی کتێب

هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دەستیان بە گرتن و زیندانی کردنی کەسانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان کرد و پاشتریش چەندین سەرکردە و ڕابەری کۆماریان لە نێو شارەکانی کوردستان و بە بەرچاوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە لە سێدارەدا. چەند دەستەیەک لە تێکۆشەران و ڕووناکبیران خۆیان نەدا بە دەست سوپای داگیرکەرەوە و بەرەو دێهاتەکانی سەر سنوور هەڵهاتن و خۆیان حەشاردا، هەندێکیشیان بەرەو شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان ڕۆیشتن و پەنایان بۆ تێکۆشەرانی ئەوێ برد.




لەو دەمانەدا حەسەنی قزڵجی خۆ دەگەیەنێتە شارۆچکەی «**بیارە**» لە ناوچەی هەورامان و ماوەیەک لە خانەقای شێخ عەلادینی نەقشبەندی دەمێنێتەوە. پاشان کە دەبیسێت عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەد شاپەسندی و غەنی بلوریان و هەژار و قازی کاکە حەمەی بۆکان و چەند کەسی دیکە، پەنایان بۆ شێخ لەتیفی حەفید بردووە و لە گوندی«**سیتەک**» جێوڕێی بۆ کردوونەتەوە، ئەویش خۆ دەگەیەنێتە لای ئەوان(١٤).



هەژار لەو بارەیەوە نووسیوویەتی: «**ڕۆژێک دیتم کابرایەکی ملپانی، پاڵتۆیەکی بەرگنە وشتری هەشتەرۆیانە لەبەردا و کەوشێکی پانیە درێژی قەتارچییانە دەپێدا هاتە ژوور. پاش تاوێک ناسیمەوە حەسەن قزڵجی یە و ماوەیەک لە بیارە سۆفی بووە و ئێستا هاتووە پێی شاد و شوکور بوین**»(١٥).

لەو ڕۆژگارەدا حکومەتی ئێران گەلێک لە تێکۆشەران و ڕووناکبیرانی کوردی بە بیانووی بەشداریکردن لە کۆماری کوردستاندا خستبووە زیندانەکانەوە و ئازار و ئەشکەنجەی دەدان. چەند ڕابەر و سەرکردەشی لە نێو جەرگەی شاری مەهاباد و بۆکان و سەقزدا لە سێدارەدا و نیازی بوو گەلێکی دیکەش لە سێدارە بدات.

هەواڵی لە سێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانە لە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاوببووەوە. کوردی هەموو پارچەکانی

کوردســتان بەو هەواڵانە دڵتەنگ و نیگەران بون. ئەو دەستە ڕووناکبیــرە کــە لــە گوندی ســیتەک گیرســابوونەوە لەگەڵ ڕابەرانی «**پارتی دیموکراتی کورد**» و ئەندامە کوردەکانی نێو «**حیزبی شیوعی عێراق**» دا کەوتنە وتوێژ و بیرورا گۆڕینەوە، هەتاکو لە بەرامبەر ئەو دڕندەیی کە حکومەتی ئێران دەرهەق بە گەلی کورد دەستی دابویە، بێدەنگ نەوەستن. پاشان بڕیار دەدەن کە ســەر لەنوێ دەســت بە خەبات بکەنەوە و لە دژی ڕژێمی حەمە ڕەزاشا چالاکی سیاسی دەستپێبکەنەوە.

ئەم دەستە ڕووناکبیرە لە هەندێک ڕووەوە تەبا و لە هەندێک لایەنیشەوە ناکۆک دەبن، بۆیە دەبنە دوو گروپ و هەر یەکەیان بە جۆرێک چالاکی خۆی دەســتپێدەکات[١٦]. حەســەنی قزڵجی و غەنی بلوریان و چەند کەســێکی دیکە سەرەتا لەسەر ئەوە ســاغ دەبنەوە کە بڵاوکراوەیەک بەناوی «**ڕێگا**»وە دەربکەن. پاش هەوڵ و کۆششــێکی زۆر یەک ژمــارە لەو بڵاوکراوەیە دەردەکەن[١٧]. غەنی بلوریان بەشێک لە دانەکانی بڵاو کراوەکە لەگەڵ خۆی دەبات و بە مەبەستی گەیاندنی بە ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو مەهاباد دەکەوێتە ڕێ. غەنــی بلوریــان خــۆی لــەو بارەیــەوە نووســیوویەتی: «دوای چاپ کردنــی گۆڤــاری ڕێــگا لــە کۆتایــی مانگــی خەزەڵــوەری ١٣٢٧ ـ ١٩٤٨ دا.. بە یارمەتی «**هەمــزە عەبدوڵلا**» ســکرتێری ئەوکاتــی پارتی گەڕامەوە بــۆ مەهاباد لە گەڕانــەوەم دا محەمەد مەحمــود کە ئەویش ئەندامی پارتی و وەک بزانم مامۆســتای قوتابخانەیەکــی ســلێمانی بوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگادا سەرمام نەبێ پاڵتۆیەکی دامێ و هەمــزە عەبدوڵــلاش دەمانچەیەکی بچووکی شــەش تیری دامێ و لەگەڵ «**قادر تەگەرانی**» و «**حەمەپۆلیس**»یــان خســتم، کە بگەڕێمەوە ناوچــەی موکریــان.. بــە «**ئالان**» و لای «**بانــە**»دا هاتینە «**گــردی گلان**»، لە گردی گلان چومە لای «**ســەید کامیل**» و میوانی ئەو بوم.. لەگەڵ سەید کامیل دوام و داوام لێکــرد ئەو بەســتە گۆڤار و بانگــەوازە لە لای خــۆی ڕاگرێ، تا من لــە مەهابادەوە کاکە «**مینە**»ی خزمەتکاری ماڵمان بنێرم و ئــەوان بێنێتــەوە بــۆ مەهاباد.. شــەو بــە «**کانــی مــام قەمبــەران**»دا.. چومەوە مەهاباد.. کاکە مینەم وەشــوێن گۆڤار و بانگەوازەکان خست و ئەوانــی هێناوە»، پاشــان باســی ئەوەی کــردوە کە کاتێک دەستیان بە بڵاوکردنەوەی دانەکانی بڵاوکراوەی ڕێگا کردوە،




هەواڵنامەی کتێب

کاربەدەســتانی حکومەتی حەمەڕەزاشا بە کارەکەیانی زانیوە و گەلێک کەسیان دەستگیرکردوە، کە یەکێکیان غەنی بلوریان خۆی بووە[18].

هــەر لــەو دەمانــەدا عەبدولڕەحمــان زەبیحــی و محەمــەد شاپەســەندی و چەنــد کەســی دیکــە گۆڤارێــک بەناوی«**نیشــتمان**»ەوە دەردەکــەن و ژمــارە «١٠»ی لەســەر دەنووســن؛ ئەویش بەنیازی ئەوە کــە کۆمەڵەی ژ.ک «**کۆمەڵەیْ ژیانەوەی کوردســتان**» زیندووبکەنەوە و دەست بە دەرکردنەوە گۆڤاری نیشتمان بکەنەوە[19]. پاشان بەشێکی زۆری دانەکانــی ئەو گۆڤارە دەگەیەننە شــاری مەهاباد و لە نێو بەشێک لە لاوانی ئازادیخواز و خەباتگێڕدا بڵاودەکرێنەوە. بڵاوبوونــەوەی گۆڤــاری نیشــتمان و بڵاوکــراوەی ڕێگا لەو هەلومەرجــەدا دەنــگ دەداتــەوە. لەلایەک دەبێتــە هۆی ئەوە کە خەڵکــی ئازادیخــوازی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان ئومێدی پەرەســەندنەوەی خەباتەکەیان لا دروســت ببێتەوە، لەلایەکی دیکەشــەوە حکومەتی ئێران بەوە بە ئاگا دێتەوە و هەست بە مەترسی مەسەلەکە دەکات و دەکەوێتە گرتن و زیندانی کردنی کۆمەڵێک لاوی ئازا و تێکۆشــەر. لەو شــاڵاوی گرتنەدا غەنی بلوریــان و چەنــد هاوڕێ و هاوبیــری دەگیرێن و دووچاری لێپرسینەوە و ئازار و ئەشکەنجە دەبن[20].

> بڵاوبوونەوەی گۆڤاری نیشتمان و بڵاوکراوەی ڕێگا لەو هەلومەرجەدا دەنگ دەداتەوە. لەلایەک دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئومێدی پەرەسەندنەوەی خەباتەکەیان لا دروست ببێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی ئێران بەوە بە ئاگا دێتەوە و هەست بە مەترسی مەسەلەکە دەکات

کاتێــک هەواڵی گیرانی غەنی بلوریان و هاوڕێکانی دەگاتە حەســەنی قزڵجــی و ئەوانی دیکــە، هەموو نائومێــد دەبن و چیدیکــە ناتوانــن لەســەر کارەکانیان بەردەوام بــن. هاوکات حکومەتی عێراقیش بە شــێخ لەتیفی حەفیــد ڕادەگەیەنێت کە بۆی نییە داڵدەی کوردە هەڵهاتووەکانی «ئێران» بدات و لایْ خۆی گلیانبداتەوە.

شێخ لەتیف بە پارە و بە هەوڵی چەند دۆست و ئاشنایەکی خۆی ناسنامەی عێراقی بۆ حەسەنی قزڵجی و هەژار و ئەوانی تریش ساز دەکات هەتاکو لە گرتن و ڕاونانی پۆلیسی عێراقی ڕزگاریان ببێت. هەژار نووســیوویەتی: «قزڵجی و من لەبیرم نەماوە کێی تریش (پێم وایە هەمزەی سـڵەمان ئاغا بو) ناوی خۆمــان گۆڕی. قزڵجی ناوی «ســەیدڕەحیم» و من «عەزیز قــادر»م هەڵبژارد و شــێخ لە «چوارتا» پێناســی عێراقی بۆ وەرگرتین و بوینە عێراقی و ترس و لەرزمان لە گرتن بەسەر چو». دواتریش نووســیوویەتی: «قزڵجــی و من هەردوکمان لەو ژیانە پەنابەرییە وەڕەز ببوین .. (شــێخ لەتیف) نامەیەکی بۆ عەلی کەمال بەگ نوســی کە ملیونێرێک بو، نوســی کارم بداتێ. قزڵجیش بەو هەوایە کە مام و ئامۆزای لە بەغدان، ملی دا و چوینە بەغدا»[21].

لــە بەغدا ماوەیەک هەژار و قزڵجی پێکەوە دەبن و بۆ کار

دەگەڕێن. پاش گەڕان و ئەملا و ئەولا، کارێکی ئەوتۆیان دەستگیر نابێت، ئیدی لێک جیا دەبنەوە و هەر یەکە بۆخۆی بە شوێن کاردا وێڵدەبێت.

حەسەنی قزڵجی لەو ماوەیەدا چەندین کاری وەک: کرێکاری، حەماڵی، شاگردی، فرۆشیاری.. دەکات و هەرچی چۆنێک بێت خۆی دەژیەنێت و خۆی لە پۆلیس و جاسوسەکانی حکومەت دەشارێتەوە. پاشان لە ژیانی بەغدا بێزار دەبێت و بەرەو سلێمانی دەڕوات. ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و بە کاری وێنەگرییەوە خەریک دەبێت. ئینجا لەوێش بێزار دەبێت و بەرەو بەغدا دەڕواتەوە. ئەم جارە لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی و هەژار یەک دەگرنەوە و هەر یەکە کارێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و هەرسێکیان لە خانوویەکدا پێکەوە دەژین. لەو بارەیەوە هەژار نووسیوویەتی: «بەهۆی مستەفا کویر ناوێکی بە چاوێک کە خۆی بەخزمی زەبیحی دەزانی، زەبیحی و قزڵجی لە کافە رستورانێکی هەرە بەناوبانگی بەغدایە کە خاوەنەکەی عەبدوڵلا شەریفی کۆنە سابڵاغی و ملیۆنێر بو، بە نوسەر دامەزران»[٢٢].

ماوەیەک بەوکارەوە خەریک دەبن. لەپڕ ڕۆژێک لەکاتی کارکردندا پۆلیسی عێراقی دەدات بەسەریاندا و هەردووکیان دەستگیر دەکات و بەرەو زیندانیان دەبەن. نزیکەی ساڵێک لە زینداندا دەیانهێڵنەوە. بە درێژایی ئەو ماوەیە خاوەن رێستورانەکە ئاگای لێیان دەبێت و یارمەتییان دەدات. لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژگارانەدا زیندانەکانی عێراق پڕ دەبن لە کەسانی تێکۆشەر و ڕووناکبیری کورد؛ لە نزیکەوە گەلێک لەوانە دەناسن و دۆستایەتییەکی باش لە نیوانیاندا دروستدەبێت.

لە مانگی نیسانی ١٩٥٤دا حکومەتی عێراق لە ڕێگای خانەقین ـ قەسری شیرنەوە هەردووکیان دەداتە دەست حکومەتی ئێران. لەوێ کاتێک لێیاندەکۆڵنەوە، دەڵێن ئێمە عێراقین و ئەوەش پێناسەکانمان. کە سەرنجی پێناسەکانیان دەدەن، باوەڕیان پێدەکەن و بەو مەرجە کە خۆیان بەرەو عێراق بڕۆنەوە، ئازادیان دەکەن. ئیدی هەردووکیان بەرەو تاران دەچن و دەچنە ماڵی عەبدوڵلا ئاغای ئێلخانیزادە (پوورزای حەسەنی قزڵجی). پەش چەند ڕۆژێک زەبیحی بەرەو سنە و قزڵجیش بەرەو کرماشان دەڕوات. زەبیحی زوو خۆ دەگەیەنێتەوە عێراق. قزڵجیش لە کرماشان دەچێتە ماڵی سەعیدی حافیدیی ئامۆزای[٢٣].

سەعیدی حافیدی یارمەتی دەدات و دەیداتە دەست شێخ موعتەسەمی حسامی کە پیاوێکی دەسترۆیشتوو و ناسراو بووە[٢٤]. شێخ موعتەسەم لەگەڵ خۆی بەرەو سنەی دەبات و دەیگەیەنێتە ناوچەی جوانڕۆ. دوو سێ هەفتە لەو دێهاتانەی

**"حەسەنی قزڵجی لەو ماوەیەدا چەندین کاری وەک: کرێکاری، حەماڵی، شاگردی، فرۆشیاری.. دەکات و هەرچی چۆنێک بێت خۆی دەژیەنێت و خۆی لە پۆلیس و جاسوسەکانی حکومەت دەشارێتەوە. پاشان لە ژیانی بەغدا بێزار دەبێت و بەرەو سلێمانی دەڕوات. ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و بە کاری وێنەگرییەوە خەریک دەبێت. ئینجا لەوێش بێزار دەبێت و بەرەو بەغدا دەڕواتەوە"**

هەورامـــان خــۆ حەشــار دەدات. دوایی بڕیــار دەدات بەرەو باشووری کوردستان بڕواتەوە[٢٥].

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٥٤دا لە هەڵەبجە سەر هەڵدەداتەوە. ماوەیەک لە تەکیەی شــێخ ئەحمەد دەمێنێتــەوە. ئینجا بەرەو ناوچــەی بازیــان (نێــوان ســلێمانی و کەرکــووک) دەڕوات. لەوێ نزیکی سێ ساڵ بە توونتەوانی و کشتوکاڵەوە خەریک دەبێت[٢٦].

پــاش ڕاپەڕینــی ١٩٥٨/٧/١٤، هەلومەرجێکــی تا ڕادەیەک ئازاد و ئارام بەرقەرار دەبێت و کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان کە چەند ســاڵ بوو نەیاندەوێرا بەئاشــکرا بێن و بچن، ئەودەم توانیان بە ئازادی بژین. هەژار نووســیوویەتی: **«دەگــەڵ زەبیحی کەوتینــە نیگەرانی: خوایە قزڵجی لە ماوەی ئەم ســێ ســاڵەدا چی بەســەرهات؟ دەیانگوت بۆتە فاڵچی لە کرماشــان، تور و گێزەر دەفرۆشێ، ســۆراغمان هەر نەکرد. دوای دو مانــگ هاتینــەوە بەغدا، قزلجی پەیــدا بو. کە دەگەڵ زەبیحی لێک هەڵبڕابون، ببوە میوانی حافیدی ئامۆزای و خۆی گەیاندبــوە هەڵەبجە. ئەو هەمو مابەینە بۆتە ســۆفیەکی ڕیش درێژ لە تەکیەی شــێخێک و نوشــتەی لەباتی شێخ نوسیوە و نان و دۆی تەکیەی خواردوە تا کودەتای قاســم چەند مانگی بەســەردا تێپەڕیــوە، تازە وێراویە دەرکەوێ. دیســان ســێ تفەنگدار گەیشتنەوە یەک!»**[٢٧].

حەســەنی قزڵجی لە پــاڵ کارەکەیدا لە گۆڤــار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو دەمە دا وتار و کورتەچیرۆک بڵاو دەکاتەوە. لەگەڵ زەبیحیشــدا چەنــد کتێبێک دەکەنە کــوردی و نیازیان دەبێت درێژە بــەکاری وەرگێڕان بدەن، بەڵام زۆر ناخایەنێت هەلومەرجەکــە دەگۆڕێــت و ناتوانــن ئــەوەی وەریانگێڕاوە چاپیبکەن و بڵاویبکەنەوە[٢٨].

ســاڵی ١٩٦١ حکومەتــی عەبدولکەریــم قاســم بــەرەو دیکتاتۆرییەت هەنگاو دەنێت و دەکەوێتە بەر تەسککردنەوەی مافــە سیاســی و ڕۆشــنبیرییەکانی کورد. ئیدی ســەرلەنوێ ژیانی کوردە پەنابەرەکانیش دژوار دەبێتەوە.

حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بەو پەنابەرانە ڕادەگەیەنێت یــان دەبێت لە عێراق بچنە دەرەوە، یان دەســتگیریان دەکات و دەیاندانەوە بە حکومەتی ئێران. ئیتر هەر یەکەیان بۆ خۆی ڕێگایەک دەدۆزێتەوە. حەســەنی قزڵجی بــۆ ئەوەی جارێکی دیکــەش نەگیرێــت و نەدرێتەوە بــە حکومەتی ئێــران، بڕیار دەدات بــەرەو ئەڵمانیای دیموکراتی بڕوات. حیزبی شــیوعی عێراق و حیزبی تودەی ئێران هاوکاریی دەکەن و پاســپۆرتی بۆ ســاز دەکــەن و دوکتــور ڕەزای ڕادمەنیــش لەگەڵ خۆی بەرەو ئاڵمانیای دیموکراتیی دەبات.

پاش چەند مانگێک بۆ بولگاریای دەنێرن هەتاکو لە «ڕادیۆی

**پاش چەند مانگێک بۆ بولگاریای دەنێرن هەتاکو لە «ڕادیــۆی پەیکی ئێـران»دا کار بـکـــات(٢٩). چەند ساڵێک بەو ڕادیۆیەوە خەریک دەبێت. ڕۆژانە هەواڵەکانی جیهان و ئێران و هەندێک جار هەواڵــی کوردستانیش بە کــوردی و عەرەبی ئامادە دەکات**

**پەیکی ئێران**»دا کار بکات[٢٩]. چەند ساڵێک بەو ڕادیۆیەوە خەریک دەبێت. ڕۆژانە هەواڵەکانی جیهان و ئێران و هەندێک جار هەواڵی کوردستانیش بە کوردی و عەرەبی ئامادە دەکات و خۆیشی وەک گۆیندە دەیانخوێنێتەوە، پاشتریش کەریمی حیسامی و چەند کەسێکی دیکە دەبنە هاوکاری. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤دا حەسەنی قزڵجی و دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو و کەریمی حیسامی، پاش پرسوڕا بە حیزبی تودەی ئێران، بڕیار دەدەن کە ڕۆژنامەیەک بە ناوی «**کوردستان**»ەوە دەربکەن. پاش مشتومڕێکی زۆر لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٥دا یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە دەردەکەن. ئیدی بەردەوام دەبن لە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیە هەتاکو مارتی ١٩٧٠ و بەسەریەکەوە «٢٦» ژمارەی لێدەردەکەن. حەسەنی قزڵجی بە نازناوی «**موکری**»یەوە گەلێک وتار و کورتە چیرۆک و پەخشانی ئەدەبیی تیادا بڵاودەکاتەوە.

هەر لەو ساڵانەشدا دەبێتە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران؛ هاوکات دۆستایەتی خۆیشی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەپارێزێت و هەندێک جار لە کۆبونەوە تایبەتی و نهێنییەکانیشیاندا بەشدار دەبێت[٣٠].

بەدرێژایی ئەو ساڵانە بەردەوام وتار و کورتەچیرۆک و بابەتی وەرگێڕاو بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی باشووری کوردستان دەنێرێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ چەند نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیری ئەوێدا دەبێت[٣١].

ساڵی ١٩٧٩ ڕاپەڕینی جەماوەری ئێران پەرە دەستێنێت و حکومەتی حەمەڕەزاشا دەڕووخێنرێت و لەناو دەبرێت. ئیدی خەڵکی ئێران وا چاوەڕوان دەکەن کە لە جێی حکومەتی دیکتاتۆریی شادا حکومەتێکی دیموکراتیک و پێشکەوتوو دێتە سەر کار و خەڵکی ئێران بە ئاشتی و ئازادی و دوور لە ستەم و زۆرداریی دەژین. هەر بەو ئومێدەوە هەزاران ڕۆشنبیر و نووسەر و تێکۆشەری فارس و ئازەر و بەلوچ و کورد و عەرەب، کە ساڵەها بو لە دەربەدەریدا دەژیان دەستە دەستە بەرەو ئێران چوونەوە. حەسەنی قزڵجیش بەو ئاواتەوە بەرەو ئێران ڕۆیشتەوە. ماوەیەک لە شاری بۆکان لە نێو خزم و دۆستانیدا ژیا، دوایی لەسەر داوای سەرکردایەتیی حیزبی تودە چووە تاران.

ئەودەم حیزبی تودەی ئێران وەک زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران بە ئاشکرا دەستی بە چالاکی کردبوو. تا ڕادەیەک خەڵکی لە دەور کۆ ببووەوە و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی سیاسی و ڕۆشنبیریی دەردەکرد و لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا بنکە و بارەگای هەبوو.

لە حەڤدەهەمین پلێنۆمی حیزبی تودەی ئێراندا حەسەنی قزڵجی بە ئەندامی لیژنەی ناوەندیی هەڵدەبژێردرێت و لە

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤دا حەسەنی قزڵجی و دوکتورعەبدولرەحمان قاسملو و کەریمی حیسامی، پاش پرسوڕا بە حیزبی تودەی ئێران، بڕیار دەدەن کە ڕۆژنامەیەک بە ناوی «کوردستان»ەوە دەربکەن. پاش مشتومڕێکی زۆر لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٥دا یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە دەردەکەن

بەشی پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکاندا دادەندرێت[٣٢]. هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامە کوردەکانی نێو حیزبەکەدا بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەکەنەوە. لەبەر پرینسیبی حیزبی، بە سەرکردایەتی حیزبی تودە ڕادەگەیەنن کە نیازیان هەیە ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەربکەن، بەڵام حیزبی تودە بە بیانووی جۆراوجۆر داواکەیان ڕەد دەکاتەوە. دواتر بڕیار دەدەن کە لە ژێر چاوەدێریی سەرکردایەتی حیزبەکەدا ڕۆژنامەی «مەردم» بە کوردی دەربکەن[٣٣]. حەسەنی قزڵجی و حەسەنی ماوەرانی و چەند نووسەرێکی دیکە هاوکاریی یەکتر دەکەن و نزیکەی دوو ساڵ لە دەرکردنی بەردەوام دەبن. تا ئەو دەمی کە حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئێران شالاوێکی کتوپڕ بۆ سەر حیزبی تودە دەست پێدەکات و زۆربەی ئەندامە چالاک و دیارەکانی حیزبەکە دەستگیر دەکات.

ڕۆژی شەممە ١٩٨٣/٢/٥ حەسەنی قزڵجیش دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە. ئەودەم تەمەنی گەیشتبوە حەفتا ساڵ، بەڵام بەو پیرییەش لێیناگەڕێن و نزیکەی **(دە مانگ)** لە ژێر ئەشکەنجەی فسیۆلۆژی و دەروونیدا دەهێڵرێتەوە و زۆر دڵڕەقانە لەگەڵی ڕەفتاردەکەن. تا لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٣دا کۆچیدواییدەکات[٣٤]. چەند کەسێک لە دۆست و ناسیاوەکانی بە ئاگاداریی و چاودێریی حکومەتی ئێران، تەرمەکەی لە تاران، لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا دەنێژن.



## حەسەنی قزڵجی نووسەر:

حەسەنی قزڵجی چیرۆکنووس، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و شارەزای زمانی کوردی بوو. لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتاکو ئەودەمی کە دەستگیرکرا، دەیان وتار و کورتەچیرۆک و بابەتی ئەدەبی و زمانەوانی و مێژویی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردوەتەوە. جگە لە زمانی دایکیی خۆی، زمانی فارسی و عەرەبی و بولگاری و تا ڕادەیەک تورکیشی زانیوە. هەروەها زۆربەی دیالێکتە کوردییەکانی زانیوە و قسەی پێکردوون.

ئەگەرچی لە زۆر بواری جیاجیادا توانا و لێوەشاوەیی خۆی نیشان دابوو، بەڵام زیاتر وەک چیرۆکنووس ناوبانگی بڵاوببوەوە. لە ڕاستیشدا چیرۆکنووسێکی بەتوانا بوو. ئەو

لەبارەی ئەزموونی چیرۆکنووسی خۆیەوە نووسیویەتی: «لە تەمەنی بیسـت ساڵیدا بووم، لەگەڵ ئامۆزایەکم **(کە بەداخەوە لەم سـاڵانەدا لە کرماشـان لە دنیا دەرچوو)** لەلای مامێکمان مـەلا ئەحمەد تورجانی زادە لە مەهاباد دەمانخوێند. تورجانی زادە، بۆ پێ خوێندنی ئێمە میتۆد و شـێوەیەکی تایبەتی بەکار دەهێنـا. ڕێزمانـی عەرەبـی **«نحو ـ صـرف»**ی فێردەکردین، دوای فێرکردنـی هەندێ **«قاعـدە»**، یەکێک لـە چیرۆکەکانی مەنفەلوتی پیشان دەداین. دەبوو لەو چیرۆکەدا دیاریی بکەین کە ئەو قاعیدانە چۆن بەکار هێنراون. لەپاشان دەبوو تەواوی چیرۆکەکە بگێڕینەوە و ڕوونی بکەینەوە مەبەسـتی نووسەر، لـە نووسـینی ئـەم چیرۆکـە چ بـووە. ئەگـەر بمـان زانیایە ئافەرینی دەکردین، ئەگەر نەمان زانیایە خۆی ئەو مەبەستەی بـە درێژیی بۆ ڕون دەکردینەوە و تێی دەگەیاندین. تورجانی زادە بایەخێکـی زۆری بـە چیرۆک دەدا، خۆشـی لە کتێب و گۆڤاراندا چیرۆکی بخوێندایەوە، گەلی جار بۆمانی دەگێڕایەوە و بـە درێـژی لێی دەکۆڵیەوە. ئەمە بـووە هۆی ئەوە کە هەر لـەو وەختەوە حەز بە چیرۆک بکەم. ماوەی چەند سـاڵێکیش لە تاوی پۆلیسـی ئەوسا لە بازیان خەریکی توتن کردن بووم و لـە ناو وەرزێرەکاندا دەژیام. دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقل و حیکایەتیان دەزانی و زۆر بەتام و لەزەت بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە. لەمەش بۆم دەکەوت کە چیرۆک لە ناو کۆمەڵانی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشـی کورد دا تەئسیرێکی زۆری هەیە»[٣٥].


مردم

لە کوردستان چرادەبری

وەمەسەلەی کوردستان چون شایانی چارە کردنە

لێـرەدا دەتوانیـن ئامـاژە بـۆ بەشـێک لـە نووسینەکانی بکەین:

١. ئاشـتیخوازی لادێیی و پەیمانی دوولایی، ئـەم بەرهەمـە نامیلکەیەکـە دوو شـیعری درێـژی لەخۆگرتووە، یەکێکیان حەسـەنی قزڵجـی و ئـەوی دیکـە عەبدولرەحمانـی زەبیحـی نووسـوویەتی، لە بەغدا سـاڵی ١٩٥٩، لـە چاپخانەی**«النجـاح»** چـاپ کـراوە، محەمەد توفیق وردی پێشـەکیی بۆ نووسیووە.

٢. پێکەنینـی گەدا، کۆمەڵـە چیرۆکێکە، کاتی خۆی حەسـەنی قزڵجی لە گۆڤار و ڕۆژنامـە کوردییەکانـی عێراقـدا بلاویکردبوونـەوە، سـاڵی ١٩٧٢ لـە بەغـدا چاپکـراوە، هێمنـی شـاعیر پێشـەکیی بـۆ نووسـیوە. سـاڵی ١٩٨٥ مامۆسـتا محەمەد مەلاکەریم سـەرلەنوێ چاپی کردووەتەوە و پێشـەکییەکی کورتیشی بۆ نووسیووە.

**وتار و لێکۆڵینەوەکانی:**

١. پێشەکی بۆ ڕۆمانی **«پێشمەرگە»**، نووسینی: دوکتۆر ڕەحیمی قازی، بەغدا، ١٩٦١.

٢. پێشەکی بۆ کتێبی **«مەم و زینی خانی»**، هەژار کردوویە بە موکریانی، بەغدا، ١٩٦٠.

٣. پێشەکی بۆ کتێبی **«کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران»**، کەریمی حیسامی، لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغدا، ١٩٧١.

وەکو ئێمە ئاگادارین ئەم بەرهەمە چاپ نەکراوانەشی هەبوە:

١. تیئۆری ئەدەبی، لە بولگارییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی، ٥٠٠ لاپەڕەی دەستنووس بووە.

٢. زاراوەکانی سیاسی - کۆمەلایەتی، وەرگێڕاوە بۆ کوردی[٣٦].

٣. کورتە چیرۆکەکانی ئەنگیل کاراڵیچیڤ، لە بولگارییەوە کردوویەتی بە کوردی[٣٧].

وەک هەندێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ئاماژەیان بۆ کردووە، حەسەنی قزڵجی بەرهەمی چاپ نەکراوی دیکەشی هەبوە و ساڵی ١٩٧٩ کە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران هەموویانی لە ماڵەکەی لە بولگاریا بەجێهێشتووە. ئیدی پاش مردنی کتێبخانەکەی و بەرهەمەکانی کەوتوونەتە لای حیزبی تودەی ئێران و تا ئێستا بێسەر و شوێن ماونەتەوە. دۆزینەوە و چاپکردنی بەرهەمەکانی حەسەنی قزڵجی باشترین ڕێز و وەفایە بەرامبەر ئەو مرۆڤە نەمرەمان.

بیروڕای چەند کەسایەتییەک سەبارەت بە حەسەنی قزڵجی و بەرهەمەکانی:

* محەمەدی مەلا کەریم: «حەسەنی قزڵجی، یەکێکە لە بنووس و چیرۆکنووسە بەناووبانگەکانی کورد و هەر لە سەردەمی کۆماری مەهابادەوە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیا کاری ئەکرد تا ئەم دواییە کە کەوتە بەر شاڵاوی زەبروزەنگی ڕژێمی کۆنەپەرست و خوێنخۆر و فاشست مەشرەبی وڵاتەکەی، هەر ئەوەندەی دەرفەتێکی دەسگیر بووبێ قەڵەمی لە نووسینی وتاری سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و چیرۆکی ڕیالیستی و وەرگێڕانی ئەدەبی پێشکەوتخوازی جیهانی کۆڵ نەبوە»[٣٨].

* هێمن: « حەسەنی قزڵجی لە کوڕی خەباتدا قاڵ بووە، خاراوەو لە کڵ هاتۆتەدەرێ. لەو هەموو کوێرەوەری و دەربەدەری و چەرمەسەری یە شت فێربووە. زانستی بەرەوژوور تر چووە، تەجرەبەی وەسەریەک ناوە، کۆمەڵی خۆی باشتر ناسیوە. هەستی بە ئێش و ئازاری کردووە و دەرمانی بۆ دۆزیوەتەوە و بۆتە فەیلەسووفێکی پسپۆڕ و نووسەرێکی ڕیئالیست و واقیع بین»[٣٩].

* کەریمی حسامی: «بە مردنی حەسەنی قزڵجی زانایەکی مەزن، نووسەرێکی هەڵکەوتوو، کوردی زانێکی بێهاوتا، چیرۆکنووسێکی شارەزا، کوردێکی نیشتمانپەروەر، ئینتەرناسیونالیستێکی بە بیروبڕوا، شەخسییەتێکی بێ فیز و بێ فرۆفێڵ، مرۆڤێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی، بلیمەتێکی قسەخۆش و دەست و دڵ ئاواڵە ئێمەی بەجێهێشتووە. لەو ماوەیەدا کە دوور لە نیشتمان و لە دەربەدەریدا دەژیا، لەگەڵ خوێندکارە کوردەکان پێوەندی بەتینی هەبووە، خوێندکارە کوردەکان دەچوونە لای، لە ڕێنوێنی و شارەزایی و پەند و ئامۆژگارییەکانی کەڵکیان وەردەگرت»[٤٠].

* نورەدین کیا نوری: «حەسەنی قزڵجی مرۆڤێکی شەریف و کۆمۆنیستێکی بە بیروباوەڕ و شێلگیر و لێهاتو بو. ئەو لەو تێکۆشەرانەی دژی ڕژێمی شا بو کە ناچار بو بۆ عیراق هەڵبێت. لە عیراق حیزبی شیوعی دەیپاراست. دکتۆر ڕادمەنیش لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا بۆ عیراق، قزڵجی ناسی و ئەوی بۆ ڕێکخستنی بەشی کوردیی ڕادیۆی پەیکی ئێران برد. قزڵجی هەتاکو ساڵی ١٩٧٩ لە بولگاریا بو. لەو ساڵەدا داوایلێکرا بۆ ئێران بگەڕێتەوە و لە بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی تودەی ئێران کاریکرد. لە پلینیۆمی حەڤدەهەمیندا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردرا»[٤١].

* جۆیس بلاو: «بە مردنی تراژیدیی حەسەنی قزڵجی گەلی کورد یەکێک لە کوڕە ڕاستگۆ و بەوەفاکانی خۆی و ئەدەبی کوردی و جیهان یەکێک لە چیرۆکنوسە مەزنەکانی لە کیسچو»[٤٢].

## پەراوێز و ڕوونکردنەوەکان:

(١) حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغداد، ١٩٧٢، ل ٨ ـ ٩.

(٢) سەبارەت بە بنەماڵەی قزڵجی بڕوانە: ١. مەلاعەبدولا ئەحمەدان، عەللامە قزڵجی و زانکۆی تورجان، گۆڤاری سروە، ژمارە ١١٩، جۆزەردان ١٣٥٧، ل ٢٥ ـ ٣٠.

٢. جەعفەر قزڵجی، مێژووی هاوچەرخی شاری بۆکان و ناودارانی، وەرگێڕان و ئامادەکاری: ئەنوەر سوڵتانی، چاپی دووەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

(٣) مێژووی لەدایکبوونی حەسەنی قزڵجی بەچەند جۆرێک نووسراوە:

١. «١٩١٣» (عوسمان مەحمود ئەحمەد، لە یادی نەمراندا ـ حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣٩، کانونی یەکەمی ١٩٨٥، ل ١٧).

٢. «١٥ی ئەیلولی ١٩١٤» (جۆیس بلاو، مرنا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هیوا ـ هیڤی، ژمارە ٤، ئەیلولی ١٩٨٥، ل ٧).

٣. «١٢٩٢ی هەتاوی» (حەسەنی ماوەرانی، بەیادی نوسەر و ئەدیب و تێکۆشەری شەهید مامۆستا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هاوار، ژمارە ٩، بەفرانباری ٢٠٠٠، ل ٣٤) {ساڵی ١٢٩٢ی هەتاوی بەرامبەر ١٩١٣ و ١٩١٤ دەوەستێت}.

٤. «١٢٩٤ی هەتاوی» (شهیدان توده ای از مرداد ١٣٦١ تا مهر ماه ١٣٦٧ـ کتاب شهیدان حزب توده ایران، از انتشارات حزب توده ایران، ١٣٨١، ص٣٧٦). {ساڵی ١٢٩٤ی هەتاوی بەرامبەر ١٩١٥ و ١٩١٦ دەوەستێت}.

(٤) مەلا ئەحمەد فەوزی کەسێکی ڕووناکبیر و تێکۆشەر بووە. ساڵی ١٨٧٥ لە گوندی عەبابەیلێی نزیک هەڵەبجە لەدایکبوە. لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموددا یەکێک لە منەوەرەکانی ئەو دەمی سلێمانی بووە. پاش لەناوچوونی ئەو حکومەتە، وەک زۆر تێکۆشەری دیکەی ئەودەمە، ئاوارە دەبێت. سەرەنجام لە ناوچەی موکریان، لە گوندی «حاجیکەند» دەگیرسێتەوە. لەوێ بە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و مێرمنداڵانی ئەو دەڤەرەوە خەریک دەبێت. قازی محەمەد، هێمن، حەسەنی قزڵجی و گەلێک ڕووناکبیر و تێکۆشەری دیکەی نەتەوەکەمان شاگردی ئەو بوون.

هێمن لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیوویەتی: « فەوزی بەبڕوای من یەکێکە لە گەورەپیاوانی مێژوی کوردستان، کە داخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتاون و خۆشی لەبیر چۆتەوە. ئەو لاوە کوردانەی لەسەردەمی پاشایەتی ڕەزاخانی پەهلەوی دا.. ئازایانە کوردایەتییان دەکرد، یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو. بەتایبەتی پێشەوا قازی موحەمەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بوە. مەلا ئەحمەد فەوزی یا مەلای سولێمانی کێ بو؟ چکارە بو؟ بۆ پەڕیوەی مەڵبەندی ئێمە ببو ؟ نازانم .. دەیان گوت خەڵکی شاری سولێمانی یە و لە کوردستانی عێراقەوە لەگەڵ شێخەلیسلامی گەورەدا.. هاتۆتە موکریان . پاش مردنی شێخەلیسلام ژنەکەی ئەوی مارە کردبۆوە و کچێکی لێ هەبو.. بۆ خۆی لە ساڵی ١٩٤٣ ـ ١٣٢٢دا لە گوندی حاجیکەند مرد و لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە. کتێب و نوسینەکانی وەگیر زاواکەی کەوتن کە هیوادارم نەفەوتابن .. فەوزی زانایەکی گەورە، ئەدیبێکی کەم وێنە، کوردێکی پاک و بێ باک بو...» (هێمن، تاریک و ڕون، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغداد، ١٩٧٤، ل ١١ ـ ١٢).

هەژار لە بیرەوەرییەکانیدا بە کورتی باسیکردوە و نوسیویەتی: «مامۆستا فەوزی زۆر عالم، زۆر کورد، شاعیر، ئیتر وەک ئاردی بەهار بۆ هەمو شت دەبو. نسحەت و ڕێنیشاندانی ئەو، بیری کوردایەتی خستە مێشکی زۆر لە لاوانی ئاشنای. دنەدانی ئەو هێمنی کردە شاعیر». (هەژار، چێشتی مجێور، پاریس، ١٩٩٧، ل ٣٩).

سەید محمدی سەمەدی دو پارچە شیعری مەلا ئەحمەد فەوزیی لە زمانی مەلا قادری مدەرسییەوە بڵاوکردوەتەوە. (سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد ـ انتشارات رهرو، ١٣٧٣، ص ٣٠٤).

(٥) مەلا ئەحمەد تورجانی زادە، کوڕی مەلا محەمەد حسێن کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، ساڵی ١٩٠٣ لە سابڵاخ (مەهاباد) لەدایکبوە. سەردەمێک مەلا بوە و پاشان بوەتە فەرمانبەر و دواتر بوەتە مامۆستا و لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا بە هۆی شارەزایی لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا بوەتە مامۆستا لە زانکۆی تەورێز لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکان. ڕۆژی چوارشەمە ١٩٨٠/٩/٢٤ لە شاری تەورێز کۆچیدواییکردوە و لە گۆڕستانی (وادی ڕەحمەت) نێژراوە. خاوەنی گەلێک کتێب و نوسراوی جۆراوجۆرە. (دەربارەی بڕوانە:

١. بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کرد، جلد دوم، تهران، ١٣٦٦، ص٤٤٢ ـ ٤٤٦.

٢. سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد ـ انتشارات رهرو، ١٣٧٢، ص٢٤٦ .

٣. محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل)، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، تهران، ١٣٦٤ کۆچی، ل٢٤٩ ـ ٢٥٦.

(٦) فەرمانداری ئەودەمەی شاری مەهاباد ناوی «یدالله سریع القلم» بوە. لە ١٩٣٧/١٠/٢٣ هەتاکو ڕۆژی گرتنی

شارەوانیی مەهاباد (١٩٤٥/٢/١٥) لەسەر کارەکەی بەردەوام بوە.
(٧) لەو بارەیەوە بڕوانە: پێشەکی هێمن بۆ کۆمەڵە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»، ل ٧. هەروەها: کەریمی حیسامی، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، ١٩٧١، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ل ٦.
(٨) دەربارەی چالاکی سیاسیی حەسەنی قزڵجی لە هەلومەرجی پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان دا، بڕوانە: (ئەحمەد شەریفی، سوارە لەبەر تیشکی نوسراوەکانیدا، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٤ ـ ٥، تەموزی ١٩٨٧، ل ١٤٦). هەروەها بڕوانە: (حەســەنی ماوەرانی، بەیادی نوسەر و ئەدیب و تێکۆشەری شەهید مامۆستا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هاوار، ژمارە ٩، بەفرانباری ٢٠٠٠، ل ٣٤).
(٩) سەبارەت بە کۆمەڵەی ژ. ک. لێکۆڵینەوەیەکم نووسیووە، کاتی خۆی کورتەیەکیم لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکردەوە، پاشــتر لە گۆڤاری (گزینگ)دا ســەرلەنوێ بــە هەندێک زانیاریی دیکــەوە بڵاومکردەوە. بڕوانە:
١. جوتیار تۆفیق، تیشــکێک بۆســەر کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کوردستانی نوێ، ژمارە ١٤٠١، دوشەممە ١٩٩٧/٤/٧، ل٦، (پاشماوەکەی براوە بۆ ل١١).
٢. جوتیار، چەند ڕونکردنەوەیەک دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک.، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٣١، بەهاری ٢٠٠١، ل٣٦ ـ ٣٩.
هەروها بڕوانە: ئەو لێکۆڵینەوەیەم کە دەربارەی (حیزبی ئازادیخوازی کوردستان)ە و کورتەیەکیم لە هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە ١٩٨ (١٩٩٥/١٢/٣) و ژمارە ١٩٩ (١٩٩٥/١٢/١٠)دا بڵاوکردوەتەوە.
(١٠) سەبارەت بە ئەندامێتی و چالاکی حەسەنی قزڵجی لە نێو کۆمەڵەی ژ. ک. دا شەوی هەینی ٢٠ ـ ٨ ـ ٢٠٠٤ لە ســتۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ لەندەن کرد و لەگەڵ بەڕێز عەبدولقادر دەباغی «مامەقالە»دا قسەم کرد. مامەقالە لــەو بارەیەوە گوتی: «حەســەنی قزڵجی ئەندامێکی کارا و لێهاتووی کۆمەڵــەی ژ. ک. بو، ناوی نهێنی (ژیر) بــو، بــەڵام ژمارەی ئەندامێتیم لەبیر نەماوە...». پێشــتریش لە ٦ ـ ٤ ـ ٢٠٠٤ دا بە تەلەفۆن لەگەڵ مامۆســتا سەلاحەدینی موهتەدی وتوێژمکرد. ئەویش گووتی: «حەسەنی قزڵجی ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. بوە و لە بۆکان چالاکانە لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا تێکۆشاوە».
(١١) ســەید محەمەد حەمیدی کوڕی عەبدوڵلا کوڕی سەید فەیزوڵلا کوڕی ســەید شوکوروڵلای پارسانیایە، لە ١٩٠٣دا لە گوندی داشالوجەی نزیک شاری سەقز لەدایکبووە. لە ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٢٧ لە شاری سنە کۆچیدواییکردوە و لە گۆڕســتانی شــێخ محەمەد باقری غیاسی نێژراوە. (بڕوانە: ئەحمەد شــەریفی، سەید مەحەمەدی حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٥، ڕێبەندانی ٢٠٠٤، ل ١٧ هەتاکو ل ٢١).
(١٢) گۆڤــاری هەڵاڵــە: گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشــنبیریی کوردی بووە. لە شــاری بۆکان، لە لایەن حەســەنی قزڵجییەوە دەرکراوە. یەکەم ژمارە ١ی لە ڕەشــەمەی ١٣٢٤ (کۆتایی فێبروەری ـ ســەرەتای مارتی ١٩٤٦)، ژمارە ٢ی لــە خاکەلێوەی ١٣٢٥ (کۆتایی مارت ـ ســەرەتای ئاپریلی ١٩٤٦) و ژمــارە ٣ی لە بانەمەڕی ١٣٢٥ (کۆتایی ئاپریل ـ سەرەتای مای ١٩٤٦)دا دەرچووە.
نووســەرەکانی بریتی بوون لە: حەســەنی قزڵجی، هەژار، هێمن، ســەید کامیل ئیمامی، حەسەنی مەدرسی، حەقیقی، عەبدولڕەحمانی ئیلخانی زادە، ئەبو بەکری ئیلخانی زادە و مەلا محەمەد ســادقی قزڵجی (بە نازناوی م. ص. قزلجی).
* دوکتۆر کەمال مەزهەر ســاڵی (١٩٧٨) ئاماژەی بۆ «سێ» ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵە کردوە و مێژوی دەرچونیانی بە دروستیی نووسیووە. (تێگەیشتنی ڕاستی، ل٨٢).
* موحســین قزڵجی ژمارەکانی (١، ٢ و ٣)ی هەڵاڵەی بە ڕێکوپێکی بڵاوکردوەتەوە. {بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی حەســەنی قزڵجی، ئامادەکردنی: موحسین قزڵجی، ســلێمانی، ٢٠٠٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ل٤٠٧ ـ ٥٠٨.
(١٣) هەژار لە چێشتی مجێور، (ل ٨٧)دا نووسیوویەتی: گۆڤاری هەڵاڵە «چوار ژمارەی لێ دەرچووە».
(١٤) شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمودی حەفیدە. ساڵی ١٩١٧ لەدایکبووە. لە مێردمنداڵییەوە تێکەڵی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی بووە. لە ١٩٣٧دا لەگەڵ چەند کەسی ڕووناکبیر و تێکۆشەردا ڕێکخراوێکی سیاسییان بەناوی «کۆمەڵەی برایەتی»یەوە دامەزراندوە و لە پێناوی بوژاندنەوەی هەســتی نەتەوەییدا تێکۆشاون و لاوانی کوردییان بە بیر و باوەڕی کوردایەتی گۆشــکردووە. پاشــتریش لە چەند کۆمەڵە و پارتێکی سیاســیدا ڕۆڵی بەرچاوی نواندوە. سەردەمێک ژیانی بە دورخراوەیی بردوەتە سەر و چەند ساڵیش خراوەتە زیندانەوە. ڕۆژی ١٩٧٢/٥/١٢ لە بەغدا کۆچیدواییکردوە. ڕۆژی دواتر لە مەراســمێکی پڕشکۆدا تەرمەکەی بەرەو سلێمانی براوەتەوە و لە تەنیشت شێخ مەحمودی باوکی نێژراوە. شێخ لەتیف گەلێک شیعر و وتار و بابەتی مێژوویی نووسیووە.
(١٥) چێشتی مجێور، ل ١٠٣.

(١٦) غەنــی بلوریان لە بیرەوەرییەکانیدا تا ڕادەیەک باســی ئەو دەمانەی کــردووە. {بڕوانە: ئاڵەکۆک، ل٧٨ـ ٨٤}.

هەروەها محەمەد شاپەسەندی لەچەند وتاری خۆیدا گەلێک سەرنج و ڕوونکردنەوەی گرنگی لەوبارەیەوە تۆمار کردوە. (بۆ نمونە بڕوانە: محەمەد شاپەســەندی، لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ـ نهێنییەکانی چاپی ژمارە «١٠»ی نیشتمان، گۆڤاری ڕۆژنامەنوسان، ژمارە١، بەهاری ٢٠٠٢، ل ١٢١ ـ ١٢٥).

(١٧) ڕێــگا: بڵاوکراوەیەکی کوردی و فارســی بــووە، لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٧ (کۆتایی تشــرینی یەکەمی ـ ســەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٤٨) لە گوندی ســیتەک (نزیک شاری سلێمانی) لەلایەن حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریانەوە تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە. لە ژێر ناوی ئەم بڵاوکراوەیەدا نووسراوە: (اورگانی کومەلەی ژیانی کــورد). ئەم (کۆمەڵەی ژیانی کورد)ە هیچ پەیوەندییەکــی بابەتیانەی لەگەڵ کۆمەڵەی ژ. ک. دا نییە و ناوێکی وەهمیی بوە! جێی ســەرنجە کە هەندێک کەس ویستویانە ناوی (کۆمەڵەی ژ. ک.) بەپێی ناوی ئەم بڵاوکراوەیە ســاغبکەنەوە! لێکدانەوە و ســاغکردنەوەی ناوی کۆمەڵەی ژ. ک. بەپێی ئەم بڵاوکراوەیە، لە بێئاگایی بەولاوە هیچی دیکە نییە! کەسێک کە کەمترین شــارەزایی دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک. هەبێت، ئەوەی لەلا ڕۆشنە کە بە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٥/٨/١٦دا کۆمەڵەی ژ. ک. کۆتاییهات. غەنی بلوریان کە ڕۆڵی سەرەکیی لەدەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیەدا هەبووە، لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیوویەتی: «هۆی ئەوەی ڕۆژنامەی کوردســتانمان دەرنەکرد و «ڕێگا»مان بۆ ئەو قوناخە هەڵبژاردو نــاوی «ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد»مان لەســەر دانا، ئەوەبو کە دوژمن وریا نەبێتەوەو دیســان دژی کۆنە دێموکڕاتەکان ڕانەپەڕێ و خەڵک تووشــی گیروگرفت نەکا. ڕامان ئەوە بوو، کە پاش بەردەوام بوونی خەبات ئینجا بگەڕێینەوە ســەر کوردســتان و ئەو چاپ بکەین و لە ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردســتانیش کەڵــک وەرگرین». {بڕوانە: غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک (بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم)، ستوکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٨٢}.

* {ساڵی ١٩٩٨ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا دەربارەی ئەم بڵاوکراوەیە وتارێکم نووسیووە. بڕوانە: جوتیار تۆفیق، چەند ســەرنجێک دەربارەی بڵاوکراوەی ڕێگا، ڕۆژنامەی کوردســتانی نوێ، ژمارە ١٥٨٢، پێنج شەممە ١٩٩٨/٣/٢٦، ل١٠ و ل١١}.

(١٨) غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، ل ٩٣ ـ ٩٨ و چەند لاپەڕەی دواتریش.

(١٩) ژمارە ١٠ی نیشــتمان: لە مانگی جولای ســاڵی ١٩٤٨دا لە لایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی، غەنی بلوریان و محەمەد شاپەســەندییەوە لە گوندی سیتەک ـ نزیک ســلێمانی دەرکراوە. لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسیویانە: «ئۆرگانی نەهزەتی مقاومەتی کۆمەڵەی ژ.ک.».

(٢٠) لە ژمارە (١٥)ی هەفتەنامەی «هاوپەیمانی»دا هەندێک سەرنج و تێبینیم دەربارەی بیرەوەرییەکانی غەنی بلوریان کە بەناوی «ئاڵەکۆک»ەوە بڵاویکردوەتەوە نووسیووە. {بڕوانە: جوتیار حاجی تۆفیق، وردبونەوە لە چەند باسێکی کتێبی ئاڵەکۆک، هەفتەنامەی هاوپەیمانی، ژمارە (١٥) شەممە ١٩٩٨/٦/٢٧}.

(٢١) چێشتی مجێور، ل ١١٣.

(٢٢) چێشتی مجێور، ل١٨٠.

(٢٣) سەعیدی حافیدی کوڕی مەلا ڕەحیم کوڕی مەلا محەمەدحەسەن کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، لە شاری بۆکان لەدایکبوە. هەر زوو خراوەتە بەر خوێندن و بۆ خوێندن زۆر شــوێنی کوردســتان گەڕاوە. ســاڵی ١٩٣٢ چوەتە ســلێمانی و ماوەی دوو ساڵ لەوێ خوێندوویەتی. پاشان چوەتە مەهاباد و لەگەڵ حەسەنی قزڵجیدا لەلای مەلا ئەحمەد تورجانی زادە خوێندوویانە. ساڵی ١٩٣٨ بووەتە فەرمانبەر و دواتر چوەتە شاری کرماشان و لە دادگادا کاری کردووە. ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ژ. ک. بووە. ساڵی ١٩٦٤ لە کرماشان کۆچیدواییکردوە. جگە لە زمانی دایکیی زمانی فارســی، تورکی، عەرەبی و ئینگلیزیی زانیوە. گەلێک شــیعر و بەرهەمی بلاونەکراوەی لەپاش بەجێماوە. (دەربارەی بڕوانە : بابا مەردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، ص ٣٦٥ ــ ٣٦٦).

(٢٤) شــێخ موعتەسەمی حسامی (١٩٠٣ ــ ١٩٩٢) کەسایەتییەکی ناســراوی کوردستان و کوڕی شێخ حسامەدینی نەقشبەندی، لە شاری سنە لەدایکبووە. پاشان ماڵیان بەرەو باشووری کوردستان گواستوەتەوە و لەوێ دەستی بە خوێندن کردووە. دواتر چوەتەوە سنە. وێڕای زمانی دایکیی، زمانی فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە.

(٢٥) حەســەنی قزڵجی کورتەیەکی ئەم بەسەرهاتەی خۆی لە دووتوێی چیرۆکی «هێلکەی هادی خانی» دا باس کردوە. بە مەبەســتی ســاغ کردنەوەی مێژوی ئەو بەســەرهاتە و چۆنیێتیی گیرانەکەیان ئەم سەرەنجانەم لەو چیرۆکە بە دەستهێناوە:

١. بەوەدا کە نووسیوویەتی: «هاوڕێکەی من گوتی: کوڕم ئەم قسانە پار ئەکران ــ واتە کە زەمانی موسەدیق بووــ ». کەواتە ئەو ڕووداوەی کە حەسەنی قزڵجی گێڕاویەتییەوە، ساڵی ١٩٥٤ ڕوویداوە.

٢. بەوەشدا کە نووسیویەتی: « لە چایخانەکەی (ملەمرواری) هەرچەند ڕەمەزانیش بوو، دابەزین». کەواتە کاتی

بەسەرهاتەکە ڕەمەزانی ساڵی ١٩٥٤ بوە. وەکو لێکم داوەتەوە ١ی ڕەمەزانی ١٣٧٣ دەکاتە (سێ شەممە ١٩٥٤/٥/٤) و ٣٠ی ڕەمەزانی ١٣٧٣ دەکاتە (چوار شــەممە ١٩٥٤/٦/٢). دەتوانین وا دابنێین ئەو ڕووداوە کە حەسەنی قزڵجی لە چیرۆکەکە دا گێڕاویەتەوە دەور و بەری ڕۆژی شەممە ١٩٥٤/٥/١٥ بوە.
٣. بەوەدا کە نووســیوویەتی: « ئەم دیمەنە بۆ من، بەتایبەتــی دوای ماوەیەک زیندان، ئەوەندە جوان و خەم ڕەوێن بوو». کەواتە ماوەیەک لە زیندانا بوە و دواتر بەهەر شــێوازێک بووە ئازاد بووە و ئێستا وا بەڕێوەیە بەرەو دێهاتە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی خۆ بگەیەنێتەوە دیوی باشوری کوردستان.
(٢٦) خۆی لەو بارەیەوە نوســیویەتی: «.. ماوەی چەند ساڵێکیش لە تاوی پۆلیسی ئەوسا لە بازیان خەریکی تووتــن کردن بوم و لەناو وەرزێرەکاندا دەژیام. دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقڵ و حیکایەتیان دەزانی و زۆر بە تام و لەزەت بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە». (گۆڤاری نوسەری کورد، حەسەنی قزڵجی و بیرەوەری و هەڵوێستێک بەرامبەر چیرۆکی کوردی، ژمارە ١٠، ئەیلولی ١٩٧٣، ل٧).
(٢٧) چێشتی مجێور، ل٢٨٣.
(٢٨) بۆ نموونە لە سەر بەرگی دواوەی نامیلکەی «ئاشتیخوازی لادێیی و پەیمانی دو لایی» نوسراوە: «قاموسی سیاســی .. قاموسی سیاســی کتێبێکی زۆر بەنرخ و نایابە، لە ژێر چاوەدێری (ما ـ پروفسور)ی سوەتی «ب.ن. پانوماریفا»دا بە زمانی رووســی دانراوە. هەموو باســێکی اقتصادی، فەلسەفی و سیاسی، گرینگی تێدایە. لە لایەن ح. قزڵجی و ر. ژەبیحی، کراوە بە عەرەبی، بەشــی یەکەمی لە بابەت (مسائل المادیە الدیالیکتیکیە)وە، بەم زوانە دەرئەچیو پێشکەشی خویندەوارانی بەریز ئەکریت».
(٢٩) ڕادیۆی پەیکی ئێران: دەنگی حیزبی تودەی ئێران بووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ ـ ١٩٧٠دا لە بولگاریاوە پەخش کراوە. سەرەتا تەنیا بە فارسی بووە، پاشان بە عەرەبی و کوردیش وتار و هەواڵی بڵاوکردوەتەوە. (دەربارەی بروانە: کژراهە، احسان گبری. تهران، ١٣٧٨، ص ٢١٣ ــ ٢١٧).
(٣٠) کەریمی حســامی لەو بارەیەوە نووسیوویەتی: « کاک حەسەنی قزڵجی هەرچەند لە دەربەدەریدا لە رادیۆ پەیکی ئێران کاری دەکرد، هەر خۆی بە ئەندامی حیزبی دیموکرات دەزانی و لە هەمو کۆبونەوەیەکدا کە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتەوە بوبێ بەشــداری کردوە. کاک حەســەن تەنیا پاش شۆڕشــی ئێران کە حیزبی دیموکرات ئامێزی بۆ نەکردەوە، حیزبی تودە هێنایەوە ئێران و کردیە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە تاران هێشتیەوە تا گیرا و شەهید کرا». (کەریمی حسامی، پێداچونەوە، بەرگی دوەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧. ل ٢٤٤ ــ ٢٤٥).
(٣١) هەروەک مامۆســتا محەمەدی مەلاکەریم چەند جار بە دەمی بۆی باســکردم، حەسەنی قزڵجی بەردەوام لە بولگاریاوە نوسین و بەرهەمی وەرگێڕاوی بۆ ئەو و چەند دۆستێکی دیکە دەنارد و ئەوانیش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاویان دەکردەوە.
(٣٢) نورالدین کیانوری لە بیرەوەرییەکانیدا نوســیویەتی: « قزلجی تا ســال ١٣٥٨ در بلغارستان بود. در این ســال او داوگلبانە بە ایران یمد و در شــعبە روابگ بین المللی حزب بە فعالیت پرداخت. قزلجی در پلنوم حفدهم بە عچویت کمیتە مرکزی حزب برگزیدەشــد»، (خاگرات نورالدین کیانوری، انتشارات اگلاعات، تهران، ١٣٧٢، ص ٥٣٢ ـ ٥٣٣).
{سەرلەئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٠٠٤/٨/٢٠ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفونم بۆ لەندەن کرد و لەگەڵ عەبدولقادر دەباغی «مامەقالەی دەباغی» ســەبارەت بە هەندێک لایەنی ژیانی حەســەنی قزڵجی وتوێژمان کرد. لەناو قسەوباسدا مامە قالە باسی ئەوەی بۆ کردم کە ساڵی ١٩٧٩ دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو بەو (واتە بە مامە قالە)ی گوتووە هەوڵبدە بە هەر ڕێگایەک بێت حەسەنی قزڵجی لە حیزبی تودە دووربخەرەوە، هەروەها گوتوشیەتی کە حیزبی دیموکراتی کوردســتانی ئێران مانگانە ئەوەندە یارمەتیی دەدات کە بە باشــی پێی بژی و با لە بۆکان بەکاری نووســینەوە خەریک ببێت و ئێمەش هاوکاریی دەکەین. مامە قالە گوتــی: «هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدا، تەنانەت خۆیشی (واتە حەسەنی قزڵجی) لە حیزبی تودە نیگەران بوو، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بوو ڕیزی حیزبی تودەی بەر نەدا».
هەر لەم ڕووەوە کەریمی حســامی نوســیویەتی: لە ســەرەتای مانگی مایس ١٩٨٠دا لە تاران لەگەڵ خێزانەکەم دووجار سەردانی حەسەنی قزڵجیمان کرد«کاک حەسەنی قزڵجی لە دەفتەری حیزبی تودە لە ژوورێکی پچوکی بەر تاوی پڕ لە دووکەڵ، وتارەکانی ڕۆژنامەی مەردومی دەکرد بە کوردی. نەخۆشــی ئێکزیما بەجارێک دەستەکانی شپرزە کردبوو. نارەحەت و بێزار لە سیاسەت و لە ژیان و لە کارەکەی خۆی. بە کوڵی گریانەوە گووتی: ئەگەر ئەوجاریش ڕزگار دەبم و دەگەمەوە ســوفیا تا مردن روو لەم لایە ناکەمەوە. تکای لە خێزانم کرد کە لە ســوفیا تا ٣ مانگی دیکەش کرێ خانوەکەی بۆ بدا، بەڵکو لەو ماوەیەدا لەو بەزمە رزگاری بێتو بگاتەوە بولغارســتان. بەداخەوە لەدەســت حیزبی تودە و کۆماری ئیسلامی رزگاری نەبوو تا لە زیندان ســەری نایەوە». {کەریمی حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم ١٩٧٩ ــ ١٩٨٣، بەرگی حەوتەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣، ل٤٥}.

(٣٣) مــەردم: ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی تــودەی ئێران بوو، بە کوردی لە تاران دەدەکــرا. ئەو وتار و بابەتە سیاسییانەی کە لە ڕۆژنامەی «نامەی مەردم»ی ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران (بە فارسی) دەنووسران، دەکرانە کوردی و لەوێدا بلاودەکرانەوە. هەروەها وردە هەواڵ و هەندێک بابەتی ئەدەبییشی تیادا بڵاودەکرایەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژی ســێ شەممە ١٩٧٩/١٠/٢٣ دەر کراوە. ژمارە ٢١ی لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٨٠/٦/٨ دا دەرکراوە. لە ســەر ژمارەکانی سەرەتای تەنها (مەردم) نوسراوە، بەڵام لە ژمارەکانی دواییدا ناوەکەی بوەتە (نامەی مەردم). ســەرجەم (٦١) ژمارەی لێدەرچوە. حەســەنی قزڵجی و حەســەنی ماوەرانی و چەند شاعیر و نووسەرێکی دیکە تیایاندا نووسیوە. حەسەنی قزڵجی بەشی زۆری کارەکانی ئەنجام داوە.

(٣٤) مێژووی کۆچیدوایی حەسەنی قزڵجی بە چەند جۆرێک نوسراوە:

١. هەژار نووسیوویەتی: «لە ٢٧ی سپتامبری١٩٨٤ دا بیستمان کە لە زیندانی (ئەوین) دا وەفاتی کردوە». (چێشتی مجێور،ل٥٧٦).

٢. حەسەنی ماوەرانی نووســیوویەتی: «لە ١٦ی مانگی ڕێبەندانی ١٣٦١دا، وێڕای زۆربەی بەڕێوەبەرانی حیزب گیرا و پاش چەند مانگان، واتا لە پاییزی ١٣٦٢دا خەبەری مردنیان دا بە کەس و کاری». (حەســەن ماوەرانی، گۆڤاری هاوار، ل٣٤) هەروەها کاک حەسەن ماوەرانی لە نامەیەکدا بۆی نوسیوم: «مامۆستا قزڵجی لە هێرشی ١٦ ـ ١١ ـ ١٣٦١ (٥ ـ ٢ ـ ١٩٨٣)ی پاسداران بۆ سەر حیزبی تودە.. گیرا و لە کۆتایی مانگی ٨ ی ١٣٦٢دا ئێمە لە چیا بە شەهید بونیمان زانی، واتە ماوەی ١٠ مانگ پاش گیرانی زیندو ماوەتەوە». {کاک حەسەن ماوەرانی نامەکەی لە ٢٠٠١/٤/٨دا لە بەرلین نوسیوە}.

٣. لە کتێبی (شهیدان تودە ای از مرداد ١٣٦١ تا مهر ماه ١٣٦٧ـ کتاب شهیدان حزب تودە ایران، از انتشارات حزب تودە ایران، ١٣٨١، ص٣٧٦)دا نوسراوە: «لە مانگی مهری ١٣٦٣دا لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوە». {مانگی مهری ١٣٦٣ بەرامبەر مانگی سێپتێمبەر و ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ دەوەستێت}.

٤. عوسمان مەحمود ئەحمەد لە (گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣٩، کانونی یەکەمی ١٩٨٥، ل١٩)دا نوسیویەتی: «ڕۆژی ٧ی ڕەزبەری ـ ٢٩ی ئەیلولی ١٩٨٤دا شەهیدکرا».

(٣٥) گۆڤاری نوسەری کورد، حەسەنی قزڵجی و بیرەوەری و هەڵوێستێک بەرامبەر چیرۆکی کوردی، ژمارە ١٠، ئەیلولی ١٩٧٣، ل ٧.

(٣٦) ڕەنگە ئەم بەرهەمەی ئەوە بێت کە لە پەراوێزی ژمارە (٢٨)دا ئاماژەم بۆ کرد. (ساڵی ٢٠٠٢ مامۆستا جەلال دەباغ بەرهەمێکی حەســەنی قزڵجی بەناوی «هەندێ زانیاری مارکســی لینینی» لە ســلێمانی بە چاپگەیاند، هەروەک لە پێشــەکییەکەیدا ڕوونی کردوەتەوە کاتی خۆی حەسەنی قزڵجی بە خەتی خۆی نوسیویەتەوە و لە کۆتایی شەستەکاندا دەسنووسەکەی بۆ ئەو ناردوە و ئەویش پاراستویەتی و دواتر بە چاپیگەیاندووە.

(٣٧) دەربارەی ئەم بەرهەمەی بڕوانە: عوسمان مەحمود ئەحمەد، لە یادی نەمراندا ـ حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣٩، کانونی یەکەمی ١٩٨٥، ل ١٩.

(٣٨) حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغداد، ١٩٨٥، چاپی دووەم، ل ٣.

(٣٩) حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، چاپی دووەم، ل ١٣.

(٤٠) کەریم حیسامی، شەهیدی نەمر حەسەن قزڵجی، گۆڤاری پەیڤ، لەندەن، ژمارە ٣، ١٩٨٦، ل ٣١٠.

(٤١) خاگرات نورالدین کیا نوری، انتشارات اگلاعات، تهران، ١٣٧٢، ص ٥٣٢ ـ ٥٣٣.

(٤٢) جۆیس بلاو، مرنا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هیوا ـ هیڤی، ژمارە ٤، سێپتێمبەری ١٩٨٥، ل ١٠.

چەند سەرنجێک!

* ئــەم لێکۆڵینەوەیە ســاڵی ١٩٩٧ لە هەفتەنامەی (ڕێگای کوردســتان)دا بڵاوکراوەتەوە. پاشــان بە هەندێک زانیاریی دیکەوە لە سوید لە گۆڤاری (ئاڤا شین)دا بە پیتی لاتینی بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە:

١. جوتیار حاجی تۆفیق، حەســەن قزڵجی دڵێکە لەلێدان ناکەوێت، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٣٩، ١٩٩٧/٢/١٩.

٢. جوتیــار حاجی تۆفیق، کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی حەســەنی قزڵجی، گۆڤاری ئاڤاشــین، ژمارە ١٣، ســاڵی ٢٠٠٠، ل ٨٢ ـ ٩٢. {ئەم گۆڤارە لەســتۆکهۆڵم، بە دیالێکتی کرمانجی و ســۆرانی، بەپیتی لاتینی دەردەچێت}.

* لە ٢٠٠٨/٢/١دا سەرلەنوێ ئەم لێکۆڵینەوەیەم نوسیوەتەوە.

* لە گەلێک ڕووەوە ســودم لە کتێبی (ســەرجەمی بەرهەمی حەســەن قزڵجی، ئامادەکردنی: موحسین قزڵجی، سەرپەرشــتیکردنی: ســدیق ساڵح، ســلێمانی، ســاڵی ٢٠٠٣، دەزگای چاپ و پەخشی ســەردەم، ٥٤٦ لاپەڕە) وەرگرتووە.

# شتێک لە ڕۆژنامەگەریی پێشمەرگە*

لەتیف حەسەن
وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: باوکی شانوو

**بەرایی**

خاڵی هەرە سەرەکی بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتە بوونی کۆمەڵێک زانیاری وردە لە وتارەکەدا کە تا ئێستا لە جیهانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەڵوەستە بەرامبەری نەکراوە، بە تایبەتیش کە ئامادەکەری وتارەکە بۆ ڕاستی قسەکانی پشتی بە خودی بڵاوکراوەکان بەستووە، هەروەها ئامادەکەر بابەتێکی وردی لە ڕۆژنامەگەرییدا وروژاندووە کە ئەویش شێوە دەفتەری ڕۆژنامەگەرییە کە بە سادەترین شێوەو شێواز خراوەتە بەردەم چەند خوێنەرێکی سنووردار، ئەمەش بۆتە مۆدێلێک لە مۆدێلەکانی ڕۆژنامەگەریی نهێنی، بە ڕای من ئەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە لە ماوەی خەباتی حزبی هیوادا، هیواییەکان زۆر گرنگیان پێداوە کە تەواوی بڵاوکراوەکانیان بە دەست نووسراوەتەوەو زیاتر بە قەبارەی دەفتەر بووەو لە سنوورێکی بەرتەسکیشدا بڵاوکراوەتەوەو تایبەت بووە بە ئەندامان.

بە ڕای من ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی کە لەم وتارەدا باسکراون زۆربەیان بەشێکن لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردستان، چونکە شوێنی دەرچوونیان کوردستانەو لە زۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوەکاندا باسی کوردو کێشەکانی خەڵکی کوردستان کراوە، هەروەها حزبێک دەریکردوون کە خەباتی خەڵکی کوردستانی بە بەشێکی زیندووی بەرنامەی خۆی زانیووە.

لە کۆتایی ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیەدا، پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵ بدەم؛

١. زاراوەکانی سریەو فەسیلو مەفرەزەم وەک خۆی نووسیوەتەوە.

٢. هەڵەو کەموکوڕییەکانی وتارەکەم ڕاست نەکردۆتەوە، بۆ نموونە دڵنیام کە ئامادەکەر چەندان ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی بەسەردا تێپەڕیوەو ئاماژەی پێنەداون.

**وەرگێڕ**

## شتێک لە ڕۆژنامەگەریی پێشمەرگە

لەگەڵ سەرەتاکانی بناغەڕێژکردنی بنکەکانی پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی ١٩٧٩ لە کوردستاندا، لە بنکەی سریەو فەسیلو مەفرەزە جیاوازەکاندا گۆڤاری دەفتەری دەستنووس بە یەک دانە یاخود دوو دانە دەردەچوون، تەنیا چەند بڵاوکراوەیەک بە ئامێری تایپ دەردەچوون، زۆربەی ئەو گۆڤارانە بە نایلۆنێکی روون بەرگ دەکران تا لە کاتی ئەو دەست ئەو دەست پێکردن، یان لە کاتی دانانی لە پشتەکۆڵەدا تێکنەچن‌و بپارێزرێن، چونکە ئەو گۆڤارانە بێجگە لەوەی پێشمەرگەکانی ئەو هێزەی دەریاندەکرد دەیانخوێندەوە، هەندێکجاریش لەگەڵ گۆڤاری سریەو فەسیلو مەفرەزەکانی‌تر دەگۆڕدارانەوە.

بۆچی گۆڤاری دەفتەری بۆ پێشمەرگە دەرکراوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، هەڵبژاردەیەک لە سەروتاری ژمارەی یەکەمینی چەند گۆڤارێک وەردەگرین؛

" **النصير الثقافي**[١]" دەڵێت؛ لەبەر رۆشنایی پرانسیپ‌و سیاسەتەکانی حزبمان کە بریتیە لە پێویستی پێشڤەچوونی هۆشیاری رۆشنبیری‌و ئایدیۆلۆژی بۆ ئەندامەکانی‌و جەماوەرەکەی، ئەمە ژمارە ١ی گۆڤارەکەمانە (**النصير الثقافي**) کە تایبەتە بە پێشمەرگەکانی شیوعی لە بنکەی یەکداو وەک بەشدارییەکی ساکارە لەو بوارەدا. دەرکردنی ئەم ژمارەیە لە گۆڤارەکە سەرەتای بەڵێنێکە بۆ بەشداریکردنی تەواوی هاوڕێیان لە پێشخستنیدا، تا بەرەو ئاراستەی پراکتیزەکردنی ببەین کە هۆکارێکی گرنگ‌و کاریگەرە لە هۆکارەکانی راگەیاندن‌و بۆ رۆشنبیری حزبی شۆڕشگێرمان لە ژیانی نوێیدا. ناردنی بابەتی رۆشنبیری‌و سەرنجی رەخنەگرانە بۆ گۆڤارەکە، ئەرکێکی زیندووە لە ئەرکەکانی هەموو هاوڕێیان بۆ سەرکەوتنی گۆڤارەکە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی فکری‌و رۆشنبیری لە پاڵ چەکدا، لە پێناوی خەباتی چەکدارانەمان بۆ رووخاندنی حوکمی دیکتاتۆری تاکڕەو و هێنانەدی دیموکراتی بۆ عیراق‌و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان.

هەروەها "**الشراع**"[٢] وەک کاریگەرییەک بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە ئاماژە بە وتەکی دیمترۆڤ دەدات لە کۆنگرەی پێنجەمینی حزبی شیوعی بولگاری، کە وتوویەتی؛ " ئەندامی حزب کە ناتوانێت فێرببێت، هەروەها نەیەوێت

ئەو گۆڤارانە بە نایلۆنێکی روون بەرگ دەکران تا لە کاتی ئەو دەست ئەو دەست پێکردن، یان لە کاتی دانانی لە پشتەکۆڵەدا تێکنەچن‌و بپارێزرێن، چونکە ئەو گۆڤارانە بێجگە لەوەی پێشمەرگەکانی ئەو هێزەی دەریاندەکرد دەیانخوێندەوە، هەندێکجاریش لەگەڵ گۆڤاری سریەو فەسیلو مەفرەزەکانی‌تر دەگۆڕدارانەوە

بەردەوام خۆی ڕۆشـنبیر بکاتو بۆ پێشـکەوتن بەرەو پێشــەوە بچێت، شـیوعی نیـەو نابێتـە شـیوعییەکی ڕاستەقینە "

سـەروتاری"**الجبل الابیـض**"[٣] دەڵێـت؛ "جارێکیتـر پێشمەرگەکانی گەلی ڕمانە گفتوگۆ دەکەن بۆ دەرکردنی گۆڤارێـک، گۆڤارەکە بە دەسـتخەتو لەسـەر دەفتەری خوێندنگا دەردەچێت، تەنیا بە دوو دانە، لە نێو دووتوێی لاپەڕەکانیـدا مـژدەی وزەکانـی تێدایـە، لـە دەرچوون بـەردەوام دەبێتو تواناکانیش گەورە دەبن، ئەو گۆڤارە (**دەفتەر**)ە دەبێتە بڵاوکراوەیەکی مانگانەی کەرتی بادینان بە گشـتی، وەک چۆن شاخی سـپی بە تاشەبەردەکانی پێشـمەرگە لە هێرشـی دەسـتو پێوەندەکانـی ڕژێمو هێزەکانی دەپارێزێت، دەمانەوێت ئەو گۆڤارە پارێزەرێکی ئەمیـن بێـت بۆ فکـرو پرانسـیپەکانی حـزب، چەکێکی ڕەواش بێت بۆ پێکهاتەی سیسـتەمی ئایدیۆلۆژی، بەڵێ، دەمانەوێت داخوازیکەرو هاندەرێکی شۆڕشگێڕ بێت بۆ جەماوەری گەلی چەوسـاوە، ئەمەش نایەتەدی تەنیا بە هەوڵی هەموو لایەک نەبێت".

بـەڵام "**الخطـوة- گاڤـەک**"[٤] دەڵێـت: "دەمانەوێـت وێسـتگەیەکی بە سـوود بێت بۆ پێشـمەرگەکانمان کە کاروانی شـەو ماندووی کردوون، سـەرەڕای چالاکییە جیاوازەکانـی ڕۆژانـە، لە تـەک گەڕانی درەوشـاوە بە دوای وشەی ئەمیندا بۆ کێشەی گەلو بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار".

"**١٤ اکتوبـر**"[٥] ئەم مێـژووە ڕۆژی دامەزراندنی بنکەی بادینانـە لە سـاڵی ١٩٧٩ " پێویسـتە ئەم مێـژووە (**١٤ اکتوبر**) ببێتە ناونیشـانو ناوێک بۆ گۆڤارەکەمان کە وا ژمارەی یەکەمینـی دەخاتە بەردەسـتتان، ئەم ژمارەیە درێژەپێـدەری دەرچوونی گۆڤاری (**النصیـر الثقافي**)ە، کـە لە دەرچوون وەسـتاوە، پـاش دەرچوونی ژمارەی یەکەمیـن لـە ڕۆژنامەکەمـان لـە بادینـان (**النصیـر**)... ئەمڕۆش دوای چوار سـاڵ، سریە جیاوازەکان گۆڤاری خۆیان دەردەکەن، هەروەها لە تەک ڕۆژنامەی (**النصیر**) فەسیلەکانی سریە تایبەتییەکانی بارەگاکان بڵاوکراوەی دیـوار دەردەکەن، ئەو هەموو بڵاوکراوانە ڕەنگدانەوەی چالاکییە جیاوازەکانی پێشمەرگەو کێشەکانی جەماوەرو گرفتەکانیانە .

(**الشـظایا**)[٦] یش دەڵێت؛ "سوور بوون لەسەر نووسینی

**"الـخـطـوة- گاڤەک" دەڵـێـت: "دەمـانـەوێـت وێستگەیەکی بە سوود بێت بۆ پێشمەرگەکانمان کە کاروانی شەو ماندووی کـــردوون، ســـەرەڕای چالاکییە جیاوازەکانی ڕۆژانـە، لە تەک گەڕانی درەوشـاوە بە دوای وشەی ئەمیندا بۆ کێشەی گەلو بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار"**

ئامانجدار لە بواری ئەدەبو هونەرو کەلەپوورو فکری زانستیدا، هەروەها بڵاوکردنەوەی بیرەوەری شەخسی پێشمەرگە کە رەنگدانەوەی وێنەی تێکۆشانی فەسیلو سریەو مەفرەزەکانی حزبی مەزنمان بێت، ئارەزوومانە کە گۆڤارەکە لە باری فۆرمو ناوەرۆکدا پێشکەوتوو بێت، ئەمەش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەرنجتان بەرامبەر بە بڵاوکراوە دیوارییەکان لە باری بابەتو لێدوان بخەنە روو، وەک ئەزموونێکیش نووسینەکان بە شێوەیەکی هونەری نوێ بە یارمەتی وێنەو پۆستەرو کاریکاتێرو هێلکاری بڵاودەکەینەوە.

"**قەندیل**"(٧) دەڵێت؛ "کەشێکی ئەدەبیو هونەری دروست دەکەین، هانی هاوڕێیانی سریەکە دەدەین کە بە نووسین بەشداری بکەن لە پێناوی پێشخستنی تواناکانیان، ئەمەش بۆ تێکەڵاوکردنەوەی هەموو هەوڵەکانە تا لە خزمەتی پێشخستنی رۆژنامەگەری حزبماندا بێت "

" **هرور**"(٨)یش دەڵێت؛ پێویست بوو چەک هەڵبگرین، لە نیشتمانە خۆشەویستەکەمان بسووڕێینەوە، تادروشمەکانی حزبمان پراکتیزە بکرێن، هەروەها پێویستە دەلالەت لەو کتێبخانانە بکەین کە هەمان بوو، ئەو رۆژنامانەی کە موتالامان دەکردن، ئەمەش دەلالەتێکە کە هەوڵ بدەین بنووسینو ئاڵوگۆڕ بکەینو ئەوەی کە پێویستو سوودمەندە بیگوازینەوە، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ببینە ئەلتەرناتیفێک بۆ رۆژنامەی ناوەندی حزبمانو هەموو ئەو رۆژنامانەی کە لێرەو لەوێ دەردەچن، بەڵکو وێستگەیەکە بۆ ئێمە لە نێو ئەو رۆژنامانەدا"

پاشان "**هرور**" دەڵێت؛ ئێمە بڵاوکراوەیەکی دیوارمان دەویست، بەڵام دیوارمان نەدۆزیەوە تا هەڵیواسین، بابەتەکانمان لە دەفتەرێکی قوتابخانەیی نووسیوەتەوە، بۆ هەرکوێ بچین لەگەڵماندایە، وەک ئێمە چاو بۆ هەموو وشەیەکی دروەشاوەو جەنگاوەرو گەرم دەگێڕێت، ناوی (**هرور**) مان دانا چونکە (**هرور**) یەکێک بوو لە گوندە گەورەکان کە رووبەڕووی بۆردومانی درندانەو راگواستنی چەندانجارە بووەتەوە، تا خانووەکانی بوونە کەلاوەو ئێستاش بۆردمانە بەربەرییەکان بۆ سەر گوندەکە بەردەوامن".

بەو شێوەیە گۆڤارە دەفتەرییەکان خۆیان وەڵامی روونی پرسیارەکەیان دایەوە..

ویستم ئەو گۆڤارە دەفتەرییانە کۆبکەمەوەو پۆلێن بکەم بە تایبەتی ئەوانەی کە بەردەستم کەوتوونو لە ساڵی ١٩٨٠ تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٥ لە بنکەکانی پێشمەرگە بڵاوکراونەتەوە **(لە ئەرشیفی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی حزبمان شیوعی عێراقی تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ پارێزرابوون)** وەک هەوڵێک بۆ ئەرشیفکردنی ئەوانەی کە ماونو رووبەڕووی تێکچوونو لەناوچوون نەبوونەتەوە. دەیان گۆڤاری دەفتەری کە لەو ماوەیە یاخود پێشتر دەرچوونە فەوتاون، بە هۆی بارودۆخی سەختی پێشمەرگە کە تێدا ژیاوە، هەروەها بە هۆی رێگای ناراستی بەکارهێنانو پاراستنیان، کە نازانین ناوەڕۆکەکەیان چی تێدابووەو کێ بەشداری تێداکردوون .

بە داخەوە دانەی ئەو گۆڤارانەی کە لەو ئیندێکسەدا ناویان هاتووە، زۆربەیان یەک دانەن، هەمیسان رووبەڕووی تێکچوون بوونەتەوە دوای ئاگربڕ لە جەنگی عێراق- ئێرانو هێرشە بەرفراوانەکانی رژێم بۆ سەر بارەگاکانی پیسمەرگە

ئەمە هەوڵێکی تۆمارکردنە وەک سەرەتایەک بۆ دەستپێکی لێکۆڵینەوە لە شێوەیەک لە شێوەکانی رۆژنامەگەریی حزبیمان کە پێشمەرگە شوعییەکان دایانهێناوەو مومارەسەیان کردووە وەک جۆرێک لە چالاکییە رۆشنبیرییەکان، وەک تایبەتمەندییەک لە رۆژگاریی بزاڤی

پێشـــمەرگایەتی لە عیراقـــدا، کە ڕەنگدانەوەی پێداویســـتیو ئارەزووە هەمەڕەنگەکانیانە، هەروەها ڕێگای بیرکردنەوەیانە، بزاڤـــی ڕۆژانـــەی خۆیـــان تۆمـــار کردووە،کە تا شـــێوەی پێوەندییەکانیان لە ناو مەفرەزەو بنکەکان، لە نێوان خۆیانو لە نێوان دەوروبەر لە سروشتو جەماوەردا بە هێز بکات.

داوا دەکـــەم دەورە لەو دیاردەیە بـــدەن، بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە هەقی خۆیان بدەنێ[٩].

## ڕۆژنامەگەریی حزبی شیوعی عێراقی




كفاح الشعب، بەغدا، تەموز- تشرینی دووەمی ١٩٣٥ (**ڕۆژنامەیەکی نهێنی بووە**)

الشـــرارة، بەغدا، کانونـــی یەکەمی -١٩٤٠ کانونی یەکەمی ١٩٤٢ (**ڕۆژنامەیەکی نهێنی بووە**).

القاعـــدة، بەغـــدا، کانونی دووەمـــی -١٩٤٣ئابی ١٩٥٦ (**ڕۆژنامەیەکی نهێنی بووە**).

همـــک (القاعـــدة) بەغـــدا، -١٩٤٣ ١٩٤٨ (**ڕۆژنامەیەکـــی نهێنـــی بـــووە بـــە زمانـــی ئەرمەنی**)

ئازادی، نیسانی -١٩٤٤ ١٩٥٩ (**ڕۆژنامەیەکی نهێنی پاشان ئاشکرا بووە**).

العصبة، بەغدا، نیسانی -١٩٤٦ حوزەیرانی ١٩٤٦ (**ڕۆژنامەیەکی نهێنی بووە پاشـــان ئاشکرا بووە**).

الاساس، بەغدا، نیســـانی -١٩٤٨ ئایاری ١٩٤٨ (**ڕۆژنامەیەکی ئاشکرا بووە**).

الهادي، بەغدا، تشـــرینی دووەمی ١٩٤٨ (**ڕۆژنامەیەکی ئاشکرا بووە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە**).

صوت الكادح، بەسرە، ئاداری ١٩٥١.

الثقافـــة الجديدة، بەغدا،١٩٥٣، -١٩٥٨ ١٩٦٠، -١٩٦٩ ١٩٧٩ لەساڵی ١٩٨٠ لە دەرەوە دەردەچێت.

اتحاد الشعب، بەغدا، ئەیلول ١٩٥٦ ڕۆژنامەیەکی نهێنی بووە( **لە کانوونی دووەمی -١٩٥٩ ئابی ١٩٦٠ بە ئاشکرا دەرچووە**).

المثقف، بەغدا، ئابی -١٩٥٨ شـــوباتی ١٩٦٣ (**گۆڤارێکی ئاشـــکرا بووە**).

صوت الطليعة، بەسرە، ١٩٥٩ (**ڕۆژنامەیەکی ئاشکرا بووە**).

صوت الفرات، حلە ١٩٥٩ (**ڕۆژنامەیەکی ئاشکرا بووە**).

صوت الشعب، بەغدا، ١٩٥٩ (**ڕۆژنامەیەکی ئاشکرا بووە سەرنووسەرەکەی شەهید ابو العیس بووە، یەک ژمارەی لێ دەرچووە**)

طریق الشعب، بەغدا، تشرینی دووەمی ١٩٦١- ئەیلولی ١٩٧١، لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٧٣- نیسانی ١٩٧٩ بە ئاشکرا دەرچووە، لە تەمووزی ١٩٧٩- ەوە بە نهێنی دەردەچێتەوە.

الفکر الجدید- بیری نوێ، بەغدا، ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧٢- نیسانی ١٩٧٩ (**هەفتەنامەیەکی ئاشکرا بووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی دەرچووە، پاشان لە نیوەی دووەمی هەشتاکان لە لایەن پێشمەرگەوە لە کوردستان تەنیا بە زمانی کوردی دەرچۆتەوە**).

ڕێگای کوردستان، (طریق کوردستان) ١٩٨٧ (**ڕۆژنامەی ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حزب بووە**).

ڕێگای ئاشتیو سۆسیالیزم، گۆڤارێکی تیۆری ڕۆشنبیری بووە ١٩٨٧

رسالة العراق، ١٩٨٠- ١٩٩٠ (گۆڤارێکی سیاسی بووە لە تاراوگە دەرچووە).

المتابعة، ١٩٨٨ ( **بڵاوکراوەیەک بووە بۆ هەڵبژاردەی ڕۆژنامەکان، دابەشکردنی سنووردار بووە**).

**لە بڵاوکراوە نهێنییەکان**

مناضل الحزب، ١٩٥٤ (**بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ بووە بۆ ئەندامانو پاڵێوراوان**).

دەنگی فەلاح، سلێمانی، ١٩٤٨-١٩٤٩

دەنگی داس، دارماوا- سلێمانی ١٩٥١- ١٩٥٤.

السجین الثوري، بەندیخانەی نوگرە سەلمان ١٩٥٣.

حریة الوطن، بەغدا،( لە پەنجاکاندا ئۆرگانی لیژنەی نیشتمانیی یەکێتی ئەفسەرو سەربازان بووە).

الشفق والاخبار، بەردەی تاراوگە، ١٩٥٥- ١٩٥٦.

**گۆڤارە دەفتەرییە دەستنووسەکانی پێشمەرگە ١٩٨٠- ١٩٨٥**

١٤ اکتوبر، گۆڤارێکی دەوری بووە، لە بارەگای سریەی بادینان دەرچووە، یەکەمین ژمارەی لە نیسانی ١٩٨٣ دەرچووە، پۆستەرو وێنەی تێدایە، قەبارە ١٥ بە ٢٢ سم بووە.

الاممي، بڵاوکراوەیەکی ناوباناو بووە فەسیلی سێ لە (**دەراوە**) دەریکردووە، ژمارە یەک لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە، لە شێوەی مەلزەمە بووە، وێنەو هێلکاری تێدایە، قەبارەکەی ٢١ بە ٣١ سم بووە.

الانتفاضة- ا، گۆڤارێکی دەوری بووە مەکتەبی ڕاگەیاندنی- فەوجی سێ- سریەی سێ- بادینان، ژمارە یەک-ی لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، وێنەو کاریکاتێری تێدایە، قەبارەکەی ١٦ بە ٢١ سم بووە.

الانتفاضة- ب، گۆڤارێکی دەوری بووە، مەکتەبی ڕاگەیاندنی- فەوجی یەک- بادینان دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە تەمووزی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەکەی ٢١ بە ٢١ سم بووە.

الانطلاقة، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری بووە، فەسیلی( **یەکماڵە**)- بادینان دەریکردووە، ژمارە یەک لە ئاداری ١٩٨١ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، قەبارەکەی ١٨ بە ٢١ سم بووە.

پیرمۆس، بڵاوکراوەیەکی دەوری بووە، سریەی چوار- فەوجی یەک- بادینان دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە ئاداری ١٩٨٢ دەرچووە.

تکوین ٣٤، بڵاوکراوەیەکی وەرزی ڕۆشنبیری گشتی بووە، سریەی سێ- بادنان دەریکردووە، ژمارە یەک- لە ئاداری ١٩٨٢ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، قەبارەکەی ١٧ بە ٢١ سم بووە.

الجبل الابیض، ئەی کرێکارانی جیهان یەککگرن- نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار، بڵاوکراوەیەکی دەوری بووە لە لایەن سریەی حەوت- فەوجی سێ- بادینان دەرچووە، ژمارە یەک-ی لە لە شوباتی ١٩٨٥ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، قەبارەکەی ١٦ بە ٢١ سم بووە.

خاپوور، ئەی کرێکارانی جیهان یەککگرن-

نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار، گۆڤارێکی دەوری بووە، مەکتەبی راگەیاندنی فەوجی سێ- بادینان، ژمارە یەک-ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٥ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، قەبارەکەی ١٧ بە ٢١ سم بووە.

الخطوة- گاڤەک، بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری بووە، راگەیاندنی فەسیلی سەربەخۆ، فەوجی یەک- قاتعی بادینان دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە کانوونی یەکی ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، وێنەی فۆتۆگرافیو وێنەی تێدا بووە، قەبارەکەی ١٣ بە ٢٦ سم بووە.

الخطوة- هەنگاو، گۆڤارێکی دەوری بووە، مەکتەبی راگەیاندنی کەرتی هەولێر دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٥ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، وێنەو تابلۆی فۆتۆگرافی تێدا بووە، قەبارەکەی ١٩ بە ٢٦ سم بووە.

رافد زێوە، گۆڤارێکی مانگانە بووە لیژنەی رۆشنبیری لە سریەی بارەگا- کەرتی بادینان دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەکەی ٣٠ بە ٢١ سم بووە، چەند ژمارەیەکی بابەتەکانی بە ئامێری تایپکردن تایپکراون.

الرفد، ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن- نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار، گۆڤارێکی دەوری بووە، بە شەش دانە لە بارەگای کەرتی بادینان دەرچووە، قەبارەکەی ٢٦ بە ٢١ سم بووە ( **بابەتەکانی تایپکراون**).

الرایة- ئاڵا، گۆڤارێکی پێشمەگەکانی بنکەی رێزان- هەولێر بووە، ژمارە یەک-ی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، قەبارەکەی ١٩ بە ٢٦ سم بووە.

الرماة، بڵاوکراوەیەکی دەوری بووە، لیژنەی رۆشنبیری بارەگای مەکتەبی سیاسی دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەکەی ٣٥ بە ٢١ سم بووە.

رێنوێن، بڵاوکراوەیەک بووە تەنیا بە زمانی کوردی دەرچووە، کەرتی سلێمانیو کەرکوک دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەکەی ٢١ بە ٣١ سم بووە.

ستێراسوور، گۆڤارێکی دەوری بووە مەکتەبی راگەیاندنی سریەی دوو- فەسیلی یەک- بادینان دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، قەبارەکەی ٢٢ بە ١٧ سم بووە.

الشراع، بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری بووە، فەسیلی **(دراوە)** دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە کانوونی یەک ١٩٨٣ دەرچووە، قەبارەکەی ٢١ بە ٢٤ سم بووە.

الشظایا، گۆڤارێکی هونەری ئەدەبی رۆشنبیری گشتی بووە، گرنگی بە بەرهەمەکانی پێشمەرگە داوە، لیژنەی رۆشنبیریی فەسیلی بارەگای کەرتی هەولێر نووسیویەتی، ژمار یەک-ی لە حوزەیرانی ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، قەبارەکەی ٢٠ بە ٢٥ سم بووە.

شعاع، گۆڤارێکی دەوری بووە، مەکتەبی راگەیاندنی سریەی یەک- بادینان دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە شوباتی ١٩٨٣ دەرچووە، قەبارەکەی ١٧ بە ٢١ سم بووە.

الشعاع- تیشک، گۆڤارێکی دەوری بووە سریەی کۆیی- هەولێر دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەکەی ١٦ بە ٢٠ سم بووە.

صوت الانصار- دەنگی پێشمەرگە، بڵاوکراوەیەکی دەوری بووە، فەوجی ١٥ ی قەرەداغ- گەرمیان- کەرتی سلێمانیو کەرکوک دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە ئاداری ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، قەبارەکەی ٣٤ بە ٢١ سم بووە.

فجر النصیر، گۆڤارێکی وەرزی سیاسی رۆشنبیری گشتی بووە، بنکەی هیرکی دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨١ دەرچووە، قەبارەکەی ١٧ بە ٢١ سم بووە.

قندیل، گۆڤارێکی دەوری بووە، مەکتەبی راگەیاندنی سریەی یەک- فەوجی سێ- بادینان دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەکەی ١٥ بە




٢١ سم بووە.

المسيرة، گۆڤارێکی دەوری ڕۆشنبیری گشتی بووە، فەسیلی لۆلان دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەکەی ٢١ بە ٣٤ سم بووە.

المفرزة ٤٧، ڕۆژنامەیەکی مانگانە بووە، مەکتەبی ئایدیۆلۆژی لە سریەی چوار- کەرتی بادینان دەریکردووە، ژمارە یەک-ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٢ دەرچووە، قەبارەکەی ١٦ بە ٢١ سم بووە.

النصير الثقافي، یەکەمین گۆڤاری دەفتەری پێشمەرگانە بووە، لە بنکەی پێشمەرگەدا لە بادینان لە ٤ی تسرینی یەکەمی ١٩٨٠ دەرچووە، تەنیا پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، قەبارەکەی ١٥ بە ٢١ سم بووە.

هرور، ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن، نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار، بڵاوکراوەیەکی دەوری بووە، پێشمەرگەکانی سریەی یەک- بادینان دەریانکردووە، ژمارە یەک-ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٨١ دەرچووە، بە زمانی عەرەبیو کوردی بووە، قەبارەکەی١٨ بە ٢٠ سم بووە.

<u>پەراوێزەکان؛</u>

* سەرەتایەکە بۆ ئەرشیفێک کە نووسەر بۆ بیستو هەشت گۆڤاری دەستنووسی پێشمەرگەی حزبمان ئامادەی کردووە، لە نێوان ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٥، ئەرشیفەکەی ناولێناوە " بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی دەفتەریی پێشمەرگە" بەڵام نووسەر نەیتوانیووە کە ڕۆژنامەکانیتر بە دەست بێنێت.

١. (النصير الثقافي) افتتاحية العدد/ ١، ٤ تشرين الاول ١٩٨٠.

٢. (الشراع) العدد/١، كانون الاول ١٩٨٣.

٣. (الجبل الابيض) العدد/ ١، شباط ١٩٨٤.

٤. ( الخطوة-گاڤەک) العدد/١، كانون الاول ١٩٨٤.

٥. (١٤اكتوبر) العدد/١، حزيران١٩٨٣.

٦. (الشظايا) العدد/ ١، حزيران ١٩٨٤.

٧. (القنديل) العدد/١، كانون الثاني ١٩٨٤.

٨. (هرور) العدد/ ١، كانون الاول ١٩٨١.

٩.ئیندێکسی ژمارە دەرچووەکانی ئەو گۆڤارانەم کردووە، هەروەها وێنەی بەرگو هەندێک لە لاپەڕەکانی ناوەوەیانم گرتووە، پێش ئەوەی ڕووبەڕووی تێکچوون ببنەوە.

# پەیمان

## دیاربەکر - ١٩٠٩

کاکە زەنگۆ

ڕۆژنامەنووسیی – ڕاستگۆترین سەرچاوەیە بۆ نووسینەوەی مێژووی هەر چین و توێژو میللەتێک، ئەو بۆچوونەش دەمێکە سەلمێنراوەو نایەوێ هیچ بەڵگەی دیکەی لەسەر بهێنرێتەوە. بەداخەوە، کورد لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەم سەرچاوەیە بێبەش بووە، بۆیە کەلێنی گەورە لە مێژووەکەیدا هەیە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، ڕۆشنبیرانی کورد بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە درێغیان نەکردووە. بەڵام دیارە ئەوکات بێ قەوارەیی کورد کاریگەریی نەرێنی خۆی لەسەر داواکانی هەبووە. ئەوەی تائێستا زانراوە یەکەمین نووسین کە بەزمانی کوردی لە ڕۆژنامەیەک بڵاوکرابێتەوە و لە کوردستانیش دەرچووبێت.

دوانێکی کاربەدەستانی ئەوسای حیزبی ئیتیحادو تەرەقی عوسمانییەکان بوو، کە لە ساڵی ١٩٠٩ی زایینییدا لە دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە.

ئەم نووسینە، لەگەڵ کورتی و خوێندنەوەی سەرپێی لەلایەن کاربەدەستێکەوە، هەڵدەگرێ و شایانی ئەوەیشە هەموو نووسەرو مێژوونووس و مێژووزانێکی کورد هەڵوەستەی لەسەر بکات و لێی بکۆڵێتەوە.

ئێمە باش بە بیرمانە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، مالمیسانژ ئەو نووسینەی دۆزیبووەو لە گۆڤارێکدا بەناوی چوارچرا لە سوید، بەڕێنووسی لاتینی بڵاوی کردبۆوە، دواتر فۆتۆیەکی هەمان نووسینی بۆ خوالێخۆشبوو شوکر مستەفا ناردبوو ئەویش وادیاربوو نەیویستبوو خوێنەران و توێژەران لەم دەقە گرنگە بێبەش بکات. ئەوەبوو پێشەکییە کورتەکەی (مالمیسانژ)ی کردبووە شێوەزاری سۆرانی و لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا، لە ژمارە (١٢٣)ی گۆڤاری (بەیان)ی ساڵی ١٩٨٦دا بڵاوی کربۆوە. بەداخەوە وا دیارە ئەوسا کلێشەی ڕۆژنامە عوسمانییەکە لەبەردەست نەبووە تا خوێنەرو تۆژەرانی بزانن شێوەو قەبارەکەی چۆنە و ناوەڕۆکەکەی چییە؟

ئەوەبوو، چەند ساڵ دواتر (مالمسانژ) کە کتێبی (ل کوردستان باکوورو ل ترکێی و ڕۆژنامەگەرییا کوردی ١٩٠٨–١٩٨٩)ی بڵاوکردەوە، کلێشەی ڕۆژنامە عوسمانییەکە کەوتە بەردەست و بەشێکی وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکە درایەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٩٤ یان ١٩٩٥یشدا ڕۆژنامەیەک بەناوی ڕۆژنامەکە، واتە (پەیمان)، لە دەڤەری بادینان بڵاوکرایەوە. هەر لەم ڕۆژانەدا کوڕە کوردێکی لاو بەناوی (زریان ڕۆژهەڵاتی) کتێبێکی دیکەی (مالمیسانژ)ی بەناونیشانی (جڤاتا هێڤی خوێندکارانی کورد) لە تورکییەوە کردۆتە کوردی و دەقە کوردییە عوسمانییەکەشی لە تورکییەوە کردۆتە کوردی. هەموو ئەو تێکەڵ و پێکەڵییە وای لێ کردین ئەو دەقانە بێینە پاڵ یەکدی، بزانین خوێنەرو تۆژەرو خوێنەرانمان چۆن دەقەکان هەڵدەسەنگێنن!



**پەیمان**
**دیاربەکر ١٩٠٩**

وسا تێ خویاکرن کو د دەما مەشرووتییەتا دووەم دە ئالیگرێن کۆمەلا ئیتیحاد و تەرەققی یا دیاربەکرێ ئەڤێ رۆژنامێ دەرخستنە، ژ بۆ مە، ب تایبەتی هەژمارا ١٢ ئا ڤێ رۆژنامێ گرینگە. ژ بەر کو د ڤێ هەژمارێ دە نڤیسەک ب کوردی هەیە. ڤێ نڤیسا کو ل ژێرێ ئەم پێشبەری وە دکن، تێ دە دورووتیا کاربدەستێن ئیتیحاد و تەرەققی یا وێ دەمێ خوەش دیارە کو چاوا ل هەمبەری کوردان کەتنە فێلبازیان.

ب قاسی کو ئەم پێ دزانن ل کوردستانێ، رۆژناما پەیمان، رۆژناما پێشینە کو جیە دایە نڤیسا کوردی. لۆما ژی ئەڤ نڤیس بەلگەیەک تاریخییە.

هەژمارا پێشینا پەیمانێ د ١٥ حوزەیرانی ١٣٢٥/ ١٩٠٩ ئاندە دەرکەتییە[١]. ل گۆر کو پرۆفیسۆر حلمی زیا ئۆلکەن دە دیارکرن، زیا گوکئالپ بخوە نڤیسکارێ وێ یێ سەرەکە بوو و وێ (زیا (گۆکئالپ)، د ڤێ رۆژنامێ دە ل دەرڤەیی ناڤێ خوە یێ راستین، نازناڤ (لەقەب)ێن وەک وەدات، تەوفیق و ئەحمەت مەهدی ژی بکار ئاتییە. دیسا ل گۆر حلمی زیا ئۆلکەن، د هەژمارا ١٢. ئا پەیمانێ دا، زیا گوکئالب نڤیسەک ب ترکی و کوردی، ب ناڤێ (سوورەت نوتوق) نڤیسیە کو ئەڤ نڤیس د ١٩٠٩ ئان دە بەریا چووینا وی یا کۆنگرەیا ئیتیحاد و تەرەققی یا ل سەلانیکێ، نڤیسا وی یا داوین بوو.

وەک کو تێ زانین، دەمەکێ پەیوەندیێن زیا گوکئالب ب وەلاتپارێزێن کوردان رە باش بوونە و وی وێ دەمێ، ل سەر زمان و رەوشا جڤاکی یا کوردان ژی هن خەبات کریە[٢]. لێ، پشتی ڤێ کۆنگرەیا ١٩٠٩ ئان یا ل سەلانکێ، ئیدی خوە تێزی ئایدیۆلۆژیا تورکیزم و تورانیزمێ دکە، هەر کو دچە زێدەتر ل سەر مژوول دبە، پشتی وێ ئیدی دبە ئیدیۆلۆگێ تورکیزم و هەتا مرنا خوە هەر دڤێ رێێ دە خزمەتا دەولەتا ترکیێ دکە.

هەژمارا ١٢. ئا پەیمانێ کو مە دیتییە و تشتێن کو حلمی زیا ئۆلکەن دبێژە. د هن نوقتەیان دە ل هەڤ ناکن. د ڤی هەژمارێ دە، ژ بۆ وێ نڤیسارا کوردی تێ

گۆتن کو ئەڤ نڤیسار، خەبەردانا یوزباشی مەزهەری ئەفەندییە. ژ بەر عەفوویا گشتی وێ دەمێ ٧٩ کەس تێن بەردان و یوزباشی مەزهەر ئەفەندی ژی ل دیاربەکرێ د دەما بەردانا وان دە ل بەر دائیرا چەندرمان، ڤێ خەبەردانێ ب ترکی دکە هەر د عەینێ وەخت و جهی دە میریکاتبزادە شوکری ژی کوردیا ڤێ خەبەردانێ دکە.

میرکاتبزادە شوکری (ئاسەنا). هەروەها خوەدی ئیمتیاز و مودیری مەسولێ رۆژنامێیە. لێ ل گۆر حلمی ژیا ئولکەن، خوەدی و مودیرێ وێ زیا گوکئالبە. د هەژمارا ١٢، ئا کو مە دیتییە دە، ناڤێ زیا گوکئالب و نازناڤێن وی یێن کو حلمی زیا ئولکەن بەحس دکە تونەنە. لێ چاڤکانییەکە دنا ترکی ژی دبێژە کو (د هەژمارا ١٢. ئا پەیمانێ) دە نوتقەکە وی (مەبەست زیا گوکئالبە. ن. م) ب کوردی دەرکەتیە. (هەروەها ل گۆر ڤێ چاڤکانیێ رۆژناما پەیمان ل سەر هەڤ ٤٧ هەژمار دەرکەتییە.[٣]

**پەیمان**

رۆژنامەیەکە فکری یا سەربخوە یا عوسمانی یە کو هەر حەفتێ رۆژا دوشەمییێ دەردکەڤە. سالا پێشین، ٢٨ شەعبان ١٣٢٧/ ٣١ ئۆگستۆس ١٣٢٥/١٩٠٩، نۆ: ١٢.

خوەدی ئیمتیاز و مودیرێ مەسئول: میریکاتبزادە شوکری.

سەر نڤیسکار: ئە. باقی.

جیێ چاپێ: دیاربەکر فلایەت مەتبەعەسکا (چاپخانا ویلایەتا دیاربەکر.

رووپەل: ٣

کوردیا وێ نوتقا ژۆرینە کو ژ نال خوەدی ئیمتیاز، شوکری ئەفەندی هاتیە خوەندن (ڤێ نوتقێ – بێی کو ئەم تێکلی زمانێ وێ بن – ئەم ب حەرفێن لاتینی پێشبەری وە دکن – ن.م).

گەلی کورمانجا، گەلی برا!

ئیرۆ هوون زانن چ رۆژە، ئیرۆ رۆژا عەفو یا پادشا هە. ئیرۆ ئیدراک. (کەلیمەیەک نەهات خوەندن. ن.م).

رۆژا ئەوها نە هاتییە دیتن، قەدرێ وێ رۆژێ بزانن. ل ڤێ(؟) لازمە هوون بزانن چرا هوون حەپس بوونە، ژ وە را بدم فەهم کرن. بەلێ، ئاخاتی بێ خوارن نابە، خوارن ژی بێ ترساندن و بێ کوشتن نابە، مەشرووتییەت ئاخاتی بەتال کر، بەگیتی هلانی. ژ ڤر پێڤە، میرو گزیر پەکن. ئاخاتی تونە، عەشیرەتی تونە، خێر خێر عەشیرەتی هەیە، فەقەت نەک وەک بەرێیە، نها هەر مللەت عەشیرەکین، ئەم ژی عەشیرا عوسمانلینە، ئیدی مللی، سلیڤی، زرکی، پەنجناری، رەشکۆتی تونە، تەنێ عوسمانلی هەیە. ئەم هەمی عوسمانلی برایێ هەڤن، هەڤاڵی دوکشۆری، هەوێرکی تونە، خەلیل بەگی، عیسا بەگی[٤]، سلێمانی بەگی ئیسماعیل بەگی[٥] تونە، چخسوور، شلبیتا(؟) تونە، تەنێ عوسمانلی و یۆنانی هەیە، عەشیرا مە عوسمانلییە. عەشیرێ دنا مۆسقۆف، ئینگلیز، فەرەنگ دۆستێ مەنە. ئالمان، نەمسە (ئاووستریا – ن.م) ئیتالیا نەیاری وانە. عەشیرا مە، مللەتێ مە بەرێ قەلس بوو، نها خورتە، چرا؟ چونکە پادشاهێ مە بەری قەلس بوو، نها خورتە. چرا؟ چونکە پادشاهی مە بەرێ عەبدولحەمید بوو. (عبدالحمید) بێبەخت بوو. خایین بوو. ئیرۆ پادشاهێ مە سولتان محەمەد رەشاد خان، ب دینە، ب ئیمانە، ب بەختە، ب وجدانە. ژ عەدالەتێ حەز دکە، راستی حەز دکە. ئەم عەشیرەکی مەزنن. موسڵمان، فلە هەچی ب دل و جان عوسمانلی بن ژ عەشیرا مەنە رەئیسێ عەشیرا مە پادشاهێ مەیە ژ خەینێ وی رەئیس، میر، ئاخا تونە. هەچی ئاخاتی، مەزنایی دخوژە برا راستی بکە، قەنجی بکە. من گۆتبوو هنەک ژ بۆ ئاخالەر هاتنە گرتن، بەڵێ وەرڕەیە چونکە ئاخا نێچیرڤان و سەگمانە، نێچیرڤان و سەگمان بێ تاژی نابە. هنەک تاژێ ئاخاتە. ژ بۆ عەردێ خوە، ژ بۆ مالێ خوە هاتنە گرتن. (چەند کەلیمە نەهاتنە خوەندن- ن.م) ئاخا ناخوازن کو کەسەک خوەدی عەرد و ملک بە، خوەدی رەز و پەز بە. دبێژن کو عەرد و ملک تەڤ دە ژ ئاخا رە یە. لۆما مال و دەولەت هەمی گهیشتییە وان.

گەلی پسماما، گەلی برا

عەرد ژ بۆ رەنجبەران. پەز و رەز ژ بۆ گوندییانە. ژ ئیرۆ پێڤە هەمی رەنجبەری بکن جۆت بکن، ژ هەڤ بگەڕن. بوغز و عەداوەت مەکن. کار و عەمەلی خوە بکن. جۆت بکن، جۆت شوخلی پێغەمبەرانیە. وەک بەریێ ژ ئەسکەریێ مەرەڤن. ئەسکەریێ فەریزی جیهادە کورمانج ژ عەشیرەتێ دچن شەڕ، دبێژن: (مرن هەیە، ڤەگەڕ تونە). ئەو ژ بۆ شەیتانە لاکن ئەسکەری ژ بۆ خوەدێیە، ژ بۆ حیفز و ناموسا دین و مللەت و وەتەنە ژ ئیرۆ پێڤە هەرچی پڕ مێرە پڕ خورتە، ب دلەکی خوە ب کەیف و ب بەست(؟) هەڕە قشلەیە شەریف. ئەسکەر یان خازی یان شەهیدە. هەردوو ژی فەزیلەتێ مەزنن ل جەم خوەدێ پڕ مەقبوولن. قشلە وەکی جامعێ یە. موحارەبە نە جێی ترسێیە. خودێ هەیە خەم تونەیە. وێرگو نە (دەردوبەلایە).

(اعشار و ڤەماچشوو) نە زولم و تەعدایە. هەمی زەکاتا شەرعییە، هەمی ژ بۆ مەساریفا دەولەت و مللەتە ل هەر گوندەکی مەدرەسە، مەکتەب لازمە. مرۆڤێ زانا خورتە، مرۆڤێ نەزانا قەلسە. کەسێ خوەندایە، زانایە خوە ناکە موستەهەقێ حەپس و زیندانا. چقاس حەپسی هەنە هەمی جاهلن. نەزانن ژ جاهلی بێ عەمری یا حوکومەتێ دکن. کورمانجی بێ نقیساندن، خەتەتێ کوردی بێ تە (گبع –ش) کرن، ب زمانێ کورمانجی عیلم و مەعریفەت بێ عەلماندن(٦).

وێ چاخێ ژی کورمانج ژی دەولەتی (دەولەمەند– ن.م) دبن خورت دبن، ئاقل دگرن، دزانن کو مللەت چییە؟ وەتەن چیە؟ وی فەهم دکن کو عەشیر وەتەن و مللەتە ئەم عوسمانلی تەڤ دە یەک عەشیرن. ئەم هەمی دەستێ هەڤن. دژڤێ مە یۆنانە. گریت (گراڤەکە ل بەحرا سپی – ن.م) پەرچەکی ژ وەتەنێ مە یە. وەک پەرچەکێ ژ جانێ مە یە ئەم هەمی ئەسکەرن. کینگا مە بخوازن ب دل و جان ئەم بکێشن سەر یۆنان.

گەلی هەڤالا، تەڤ دا گوهداری بکن:

ئیرۆ پادشاه مەرحەمەت کر، هوون عەفو کرن. لاکن هوون غافیل نەبنن. ژ بیر نەکن کو ژ ئیرۆ پێڤە عەفو تونە. حوکومەت عادیل بوویە. ژ ڤێ پێڤە زولم ل فەقیرا نابە. برا پادشاهێ مە ساخ بە. برا مللەتێ مە دائیم بە.

برا حورییەتا مە ئەبەدی بە. برا مەشرووتییەتا مە بێ زەوال بە. برا جەمعیەتا (اتحاد و ترقی) قەواتا مللەتێ مەرە، هەر زەمان قاییم بە. ئامین!

ئەبادا کۆڤارا پەیمانێ: ۳۷X۲۵سم. یە(۷)

| نۆ | تاریخا دەرکەتنێ |
| --- | --- |
| ۱ | ۱۰ جەمازیەل ئاخیر / ۱۵ حەزیران ۱۳۲۵/ ۱۹۰۹ |
| ۲ | ۵ تەمووز ۱۹۰۹ ز |
| ۱۲ | ۲۸ شەعبان ۳۱/۱۳۲۷ ئاگستۆس ۱۹۰۹/۱۳۲۵ |

وا بە دیار دەکەوێ لە سەروبەندی مەشرووتییەتی دووەمدا، لایەنگرانی کۆمەڵەی (اتحاد وترقی)ی دیاربەکر ئەم رۆژنامەیەیان دەرهێناوە. ئەم رۆژنامەیە، بەتایبەت ژمارە دووازدە (۱۲)ی، بۆ ئێمە شتێکی گرینگ و بە بایەخە. چونکە لەم ژمارەیەدا نووسینێکی کوردی بڵاوکراوەتەوە، ئەم نووسینە کە ئێمە لە پایینەوە پێشکێشتانی دەکەین، زۆر بە روونی، دووروویی کاربەدەستانی (اتحادوترقی)ی ئەو سەردەمەمان بۆ بەدیارە دەخا، کە بەرانبەر بە کورد چۆن کەوتوونە دەک و دەهۆڵ کەڵەکبازی گێڕان.

بەش بەوەندەی ئێمە پێ دەزانین، رۆژنامەی پەیمان، یەکەم رۆژنامەیەکە جێگای بۆ کوردی نووسین تەرخان کردبێ. لەبەرهەندێ، ئەم نووسینە دەساوێژو و بەڵگەیەکی لە مێژینەیە.

یەکەم ژمارەی پەیمان لە (٥)ی جۆزەردان (حوزەیران)ی ساڵی ۱۳۲٥/۱۹۰۹دا دەرچووە(١)، لەو گوێرەی پرۆف. حیلمی زیا ئۆیلکەن بە دیاری دەخا، زیا گۆیک ئاڵپ بۆ خۆی نووسەری سەرەک بوو و جگە لە ناوی راستەقانیی خۆی، لەم رۆژنامەیەدا، بە نازناوی وەک (ویداد)و (تەوفیق سەدات) و (محەمەد مەهدی)یش شتی بڵاوکردۆتەوە،

دیسانەکە، هەر بەپێی بۆچوونی حیلمی زیا ئۆیلکەن، لە ژمارە ١٢ی پەیماندا زیا گوێک ئاڵپ نووسینێکی بە تورکی و کوردی، بە ناوی (سوورەتی نوتق)ەوە نووسیوەو ئەم نووسینەیشی لە ساڵی ١٩٠٩دا، پێش ئەوەی بۆ کۆنگرەی (اتحاد و ترقی) کە لە سلانیک گیرا، بچێ، دوا نووسینی بووە.


جەژنا قوربانان ل گەلێ کوردستانێ پیروزبیت

پەیمان

جەماوەرێ گەلێ کوردستانێ سەرا مەزارێ نەمران ل بارزان دا

کاروانێ ئاشەدانکرن و زانست و رەوشەنبیری و هونەری ل کوردستانا ئازاد یێ بەردەوامە

وەک ئاشکرایە، سەرەدەمێ، سەروساخت و پێوەندیی زیا گوێک ئاڵپ بەنیشتمانپەروەرانی کوردەوە زۆر باش بووەو ئەو سەروەختە، لە زمانی کوردی و رەوشی کۆمەڵایەتیی کوردانی هێندێ کۆڵیووتەوە.[٢] بەڵام هەر لە پاش کۆنگرەی سلانیک لە ١٩٠٩دا. ئیدی خۆ لە بیروباوەڕی تورکایەتی و تۆرانیێتی نزیک دەکاتەوەو تا دێ پتری پێوە دەچێ و زیاتری لەسەر دەکۆڵێتەوە. لە پاشان ئیتر دەبێ بە ئایدیۆلۆگی تورکایەتی و تۆرانیێتی و تا دەمرێ، هەر لەو رێگایەوە، خزمەتی دەوڵەتی تورکیا دەکا.

ژمارە ١٢ی پەیمان کە ئێمە دیتوومان و ئەو شتانەی حیلمی زیا ئۆیلکەن باسیان دەکا، لە هێندێ نوقتان دا لێک ناچن و وەسەریەک ناچنەوە.

لەم ژمارەیەدا، دەربارەی ئەو نووسینە کوردییە، گوتراوە، کە گۆیا، نووسینەکە قسەی مەزهەر ئەفەندی یوزباشی بە، گۆیا، لە پاش لێ خۆشی بوونی گشتی، ئەو سەردەمە ٧٩ کەس ئازاد دەکرێن و مەزهەر ئەفەندیش بە بۆنەی ئەم لێ خۆشبوونەوە، لە پێش دایەرەی جەندرمەی دیاربەکرێ، ئەم خودبەیەی داوە. هەر لە عەینی وەخت و جێگەدا میریکاتبزادە شوکریش تورکییەکەی یەکسەر بە کوردی دەڵێتەوە.

میریکاتبزادە شوکری، هەروەها خێوی ئیمتیازو کارگێڕی بەرپرسیاری رۆژنامەکەیە. بەڵام بەپێی حیلمی زیا ئۆیلکەن، خاوەنەکەی و کارگێڕەکەی زیا گوێک ئاڵپە. لەم ژمارە ١٢ یەدا کە ئێمە دیتوومانە، نە ناوی زیا گوێک ئاڵپ و نەش نازناوەکانی، کە حیلمی زیا ئۆیلکەن دیاردییان بۆ دەکا بەرچاو دەکەون، بەڵام سەرچاوەیەکی دیکەی تورکان دەڵێ، (لە ژمارە ١٢ دا (هی پەیمان) نوتقێکی ئەو (مەبەست زیا گوێک ئاڵپە – ن.م.) بە کوردی دەرچووە.

**ئەمەش دەقی لێدوانەکەیە:**

**((براکانم!**

ئەزانن کە ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە ؟ ئەمڕۆ ڕۆژی لێبووردنی گشتییە، ئەمڕۆ جەژنێکی گەورەیە. تاوەکو ئێستا ڕۆژێکی وەهاتان نەبینیوە. پێویستە قیمەتی ئەم ڕۆژە باش بزانن. شتێکی دیکە کە پێویستە ئاگاتان لێی بێت ئەوەیە کە بۆچی لە زینداندا بوون. من باسی ئەمەتان بۆ دەکەم؛ هەندێکتان بە تاوانی ئاغایەتی و هەندێکیشتان لەبەر ئاغاکان کەوتنە بەندیخانە.

بەڵێ ئاغایەتی بەبێ ڕوتکردنەوەی فەقیرو هەژاران مومکین نییە. ڕوتکردنەوەش بەبێ تۆقاندن و کوشتن ئەنجامنادرێت. مەشروتییەت ئاغایەتی هەڵوەشاندنەوە، میرنشینەکانی لابرد. ئیدی لەمەودوا ئاغاو حەمال وەکو یەک مافی یەکسانیان هەیە. ئاغایەتی نەما، خێڵ نەما. بەڵام نا! خێڵ هەیە بەس وەکو جاران نییە. ئێستا هەر نەتەوەیەک خێڵێکەو ئێمەش خێڵی عوسمانین. ئیدی خێڵەکانی میللی، سیلیڤی، زریقی، پەنجاری، ڕەشکۆتی نەماون[١]. تەنیا ئیدی عوسمانی هەیە، ئێمەی عوسمانی براو هاوڕێی یەکترین. خێڵەکانی دەکشوری، هەڤێرکی نەماون[٢]. خەلیل بەگی و عیسا بەگیش نەماون هەروەها خێڵەکانی سلێمان بەگی و ئیسماعیل بەگیش نەماون[٣] تەنیا عوسمانی و یۆنانییەکان ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە. عەشیرەتی ئێمە خێڵی عوسمانییە. خێڵەکانی مۆسکۆ، ئینگلیز و فەرەنسا دۆستی ئێمەن. خێڵەکانی ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتالیاش دژایەتی ئەمانە دەکەن. خێڵەکەمان یانی نەتەوەکەمان پێشتر زۆر لاواز بوو، بەڵام ئێستا بەهێزە. بۆچی؟ چونکە ئەو کاتانە عەبدولحەمید پادشایەتی دەکردین. عەبدولحەمید کەسایەتییەکی بێ بەخت و خاین و زاڵم بوو. پادشای ئێستاشمان سوڵتان محەمەد ڕەشاد خانە. کەسایەتییەکی خاوەن ئیمان و ویژدان و بەختە. کەسێکی دادپەروەرە.. بۆ خۆی هەق و ڕاستییەو پارێزەری لە ڕاستگۆیان دەکات.

ئێمە ئێستا خێڵێکی گەورەین. لە موسڵمانەوە بگرە هەتا مەسیحی ئەوەی کە لە دڵەوە وابەستەی عوسمانی بێت ئەندامێکی ئەم خێڵەیە. تەنیا یەک باوک و سەرۆکمان هەیە کە ئەویش پادشاکەمانە و لەویش زیاتر هیچ کەسێک بەگ و ئاغاو سەرۆک نییە. ئەوەی کە دەیەوێ گەورە بێت و ببێتە ئاغاپێویستە کاری چاکە ئەنجام بدات.

بەڵێ ڕاستە، ئەوەم گوتبو کە هەندێکتان بەهۆی ئاغایەتییەوە چوونەتە ناو زیندان. چونکە ئەوانەی کە بە ئاغا ناوزەندیان دەکەین دەستەیەکی تایبەتن کە خەریکی ڕاوکردنن بۆ ڕاوکردنیش پێویستیان بە تانجی هەیە. هەندێکیشتان بە فەرمانی ئاغا وەکو ئەو تانجییانە کەستان کوشتوەو دزیتان کردووەو ماڵی خەڵکتان تاڵان و چەپاو کردووە. هەر لەبەر ئەوەش حوکمەت ئێوەی دەسگیر کردووە.

هەندێکیشتان بونەتە قوربانی ڕەفتارو کرداری ئاغاکان. بەواتایەکی تر لەبەر ماڵ و موڵک و زەوی خۆتان کەوتونەتە زیندان. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاغاکان نەیانویستوە جگە لە خۆیان هیچ کەسێکی دیکە ببێتە خاوەن ماڵ و موڵک. بەگوێرەی بۆچوونەکانی ئەوان هەموو موڵک و زەوی و زارێک هی ئاغاکانە هەر لەبەر ئەوەش هەموو سەروەت و سامانێک کەوتۆتە ژێر دەستی ئەوانە.

براکان، ئامۆزاکان !

زەوی وزار هی جوتیار و ڕەنجدەرانە. مەڕو ماڵات و باغ و بۆیسان هی گوندییەکانە. با ئاغا و بەگەکان ئینسافیان هەبێت و ماڵ و موڵکی فەقیرو هەژاران بدەنەوە. لەمەوبەدوا هەموتان کاربکەن و زەوی بکێڵن. واز لە یەکتری بهێنن و دەست لە کین و دوژمنایەتی هەڵگرن و خەریکی کاروباری خۆتان بن. کشتوکاڵ پیشەی حەزرەتی ئادام (د.خ)ە. وەکو جاران لە سەربازی فیرار مەکەن. سەربازی کردن بۆ خۆی جیهادە لەڕێی خودادا. خێڵی کوردەکان قسەیەکیان هەیە؛ ((کاتی خۆی دەچیتە شەڕ، بمرە بەڵام مەگەڕێرەوە))، لە کاتێکدا کە شەڕی خێڵەکان لە دژی یەک دەکەوێتە خزمەتی شەیتان، سەربازی کردن

کارێکە کە خودا خۆی ئەمری پێکردووە. سەربازی کردن بۆ پاراستنی ناموس و دین و وڵاتەکەمانە. پێویستە لەمەوبەدوا کەسانی قارەمان و جوانمێر بەمەیل و ڕەزای خۆیان بچنە غەزای پیرۆز[٤]. خوداوەند خۆی پارێزگارو چاودێری هەق و ڕاستیەکانە. سەرباز یان بریندار دەبێت یان شەهید، کە هەر دوکیشیان ڕەوشت بەرزییە و لەلای خوداوەند زۆر پەسەند کراوە، بنکەی سەربازی وەکو شوێنی پەرستگا پیرۆزەو مەیدانی جەنگیش شوێن ترس و دڵەڕاوکێ نییە. وەکو دەورانی زوڵم و ملهوڕی باج و خەراج بە دەردوبەڵا بۆسەر ماڵ و موڵکی خۆتان وەسف مەکەن. ئەوە بە زوڵم و دوژمنایەتی لێک مەدەنەوە، چونکە ئەوە زەکاتی شەڕی سەروەت و سامانەکانتانە. هەموو ئەو باجەی کە وەردەگیرێت بۆ خزمەتی خەڵک سەرف دەکرێ. پێویستە لە هەر گوندێک قوتابخانە و خوێندگا بکرێتەوە. کەسی زانا بەهێزو کەسی نەزانیش لاوازە. کەسانی زاناو خوێندەوار کارێک ناکەن کە بکەونە ناو زیندانەوە. بەڵام نەزان و نەخوێنەوارەکان ئیتاعەتی خودا ناکەن و دژایەتی حکوومەت دەکەن و لەبەرئەوەش سزا دەدرێن. کوردەکان تەنیا یەک کێشەیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە جاهیل و نەزانن. دەرمانی ئەم دەردەشی خوێندن و فێربوون و تێگەیشتن لە دنیایە. لەمەوبەدوا کتێبی کوردی دەنوسرێ، ڕۆژنامەی کوردی بڵاو دەبێتەوەو لە قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی زانست و کەلتور فێری خوێندکاران دەکرێن. ئەوکاتە کوردەکانیش دەوڵەمەند و بەختیار دەبن و ئاگادار دەبن لەوەی کە بە چ جۆرێک ژیانێکی باش بۆ خۆیان دابین بکەن.

ئیدی لەوەش تێدەگەن کە واتای نیشتمان و نەتەوە چییە. هەروەها لەوەش ئاگادار دەبن کە خێڵ هەمان نیشتمان و نەتەوەیە. دەرک بەوەش دەکەن کە هەموو عوسمانی یەک خێڵەو هەموویان براو دۆستی یەکترن. ئەوەش دەزانن کە تەنیا یۆنانییەکان دوژمنی ئەوانن. بستێک خاکی گریت. گیانی ئێمەیە، خاکی ئێمەیە. ئێمە هەمومان سەربازین، هەر کات ئەمریان پێکردین .. بە گیان و بە دڵ هێرش دەکەینە سەر یۆنانییەکان[٥]. گوێ بگرن. بە وردی سەرنج بدەن. پادشاکەمان مەرحەمەتی کردو هەموتانی عەفو کرد، بەڵام خافڵ مەبن و ئەوەش فەرامۆش مەکەن کە ئیدی لەمەوبەدوا قەت لە تاوانی هیچ کەسێک نابورێت. بکوژەکان لەسێدارە دەدرێن. ئیدی مومکین نییە کەس بتوانێ لە دەستی حکوومەت فیرار بکات. حکوومەت بە تەواوەتی زاڵ بووە بەسەر هێزەکانیدا و لە خەوی خەفڵەت ڕاپڵەکاوە. حکوومەتی ئێستا دادپەروەرەو ڕێگا نادات کە ئیدی زوڵم و ستەم لە هەژاران بکرێت.

بژی پادشاکەمان، بژی نەتەوە، بژی ئازادی، بژی مەشروتییەت. بژی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی))[٦].

**لێکدانەوەی چەند وش و رستێ**

ئاخاتی: ئاغایەتی
هلانی: هەڵگرت، لابرد
تون: نییە

نەیار: دژمن
قەلس: خراپ. زەعیف
سەگمان: سەگەوان، سەگبان
خوەدی: خاوەن
ژ ئیرۆ پێڤە: لەمرۆ بەپاشەوە، لەمڕۆ بەدواوە
وێرگۆ: باج
فله: فەله
جامع: مزگەوت
خەزەتێ: ڕۆژنامە
پڕ: زۆر
خۆندا: خوێندەوار
گراڤ: دورگە، جزیرە
گراڤ: دورگە، جزیرە

١. ئولکەن، حیلمی زیا، مێژووی بیری هاوچەرخ لە تورکیا، بەلاوکی ئۆیلکەن. چاپی ٢، ئیستامبۆل، ١٩٧٩، نمرە ٢٩٨٥.
٢. بڕوانە سیلۆپی نمرە: ٢٤

۳.
٤. ئەڤ ناڤانە ناڤێ عەشیرێ کوردانە.
٥. سلێمان بەگی و ئیسماعیل بەگی دوو گروپێن مەزنێن عەشیرێن هەرێمی گێل (ئەگیل) و پیران (دیجلە) یێنە کو پرانی یا عەشیرێن دناڤ واندانە.
٦. ئەڤ جوملە، د بەشا تورکی یا نڤیسارێ دە وەهانە: (۱ ئیرۆ پێڤە، ب کوردی ژی وێ کتێب بێنە نڤیساندن، وێ رۆژنامێن ب کوردی ژی بێنە چاپ کرن.

هەواڵنامەی کتێب


**سەرچاوە:**

۱. ل کوردستانا باکوورو ل ترکیێ رۆژنامەگەرییا کوردی، ئەستانبۆل ۱۹۹۲.

۲. پەیمان، دیاربەکر ۱۹۰۹، شوکر مستەفا، بەیان (گۆڤار) ژمارە ۱۲۳، ساڵی ۱۹۸٦.

۳. جڤاتا هیوی تەلەبەی کورد، مالمیسانژ، وەرگێرانی لە تورکییەوە: زریان رۆژهەڵاتی، دەستنووس.

# ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەژمارە (٤٦٥)ی ڕۆژنامەی خەبات

## ڕۆژنامەکە لەگوندی (مالوومە)ی نزیک شاری سلێمانی بەچاپ گەیەندراوە.



شازین هێرش

لەژمارە (١٢)ی گۆڤاری ڕۆژنامەنووسدا، ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن کەسێکەوە لەژێر ناوی (کوردێکی یەک ڕەنگ) و بابەتێک لەژێر ناوی (چەند زانیاریەک سەبارەت بەرۆژنامەی خەبات)، کە لەنووسینی کاک (نەوزاد عەلی ئەحمەد)ە بڵاو کراوەتەوە، کە هەردوو بابەت و ڕوونکردنەوەکە سەبارەت بەژمارە (٤٦٥)ی ڕۆژنامەی خەباتەو کۆمەڵێ ڕوونکردنەوەو تێبینی وردیان لەسەر هەمان ژمارە خستۆتەڕوو، جا بۆ ئەوەی هەندێ ڕاستی هەیە نەشێوێندرێن و مافی کەسیشی تێدا پێشێل نەکرێت، ئەو برادەرانەش لەسەر ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی (خەبات) لەیەکتر زیزو دڕدۆنگ نەبن، ئەوا بەپێویستی دەزانم چەند زانیارییەک و سەرگوزشتەی دۆزینەوەی ئەم ژمارەیەتان بۆ ڕوونبکەمەوە:

ساڵی (١٩٩٤) باوکم زەرفێکی زەردباوی کۆنی دامێ کە لەنایلۆنێکی کۆنەوە پێچرابوو، کاتێ زەرفەکەم لە نایلۆنەکەدا دەرهێنا و دەمەکەیم کردەوە، بینیم چەند لاپەڕەیەکی کۆن و پەڕپووتی تێدایە، کەیەکێک لەوانە ژمارە (٤٦٥)ی ڕۆژنامەی "خەبات"ە، ئەمە جگە لەوەی کە دوو بەڵگەنامەی تریشی تێدابوون، کەیەکێکیان بەیاننامەیەکی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) بوو، کە مێژووەکەی بۆ ئەیلوولی ساڵی (١٩٥٤) دەگەڕایەوە، لەسەر سێ لاپەڕەی ڕەقی بۆری فولسکاپ و بەمەرەکەبی ڕەش نووسرابوو، ئەوی تریشیان کۆبوونەوەیەکی نێوان چەند ئەندامێکی نێو مەکتەبی سیاسی پارتی بوو، کە لەنێوانیاندا مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) ی تێدابوو، کە لەبیست و پێنج لاپەڕەی فولسکاپدا چاپ وبڵاوکرابووەوە. بەڵام بەداخەوە! لەساڵی (١٩٩٥) و لەمانگی (سێ )دا، کاتێک کەماڵم گواستەوە، ئەو دوو بەڵگەنامەیە فەوتان و تائێستاش بەدوایاندا دەگەڕێم و نەمدۆزیوەتەوە، لەم ڕووەشەوە شکم لەکەسێکە کەئێستا لەهەندەران دەژی، بەڵام بەبڕوای من، ئەو دوو بەڵگەنامە فەوتاوە، زۆر لەژمارە (٤٦٥) ی خەبات گرنگتربوون، کە ئەگەر ئێستا لەبەر دەست بونایە، ڕەنگبێ هەندێ لایەنی نەزانراوی شۆڕشی (ئەیلوول) و بۆچوونی ئەوسای چەند بەرپرسێکی مەکتەبی سیاسی پارتیشمان سەبارەت بەوەزعی ئەوسای کوردستان بزانیایە. ئەم سێ بەڵگەنامەیەش لەکاتی خۆیدا پیاوێک بەباوکمی بەخشیوە کە پێکەوە لەبەرژەوەندی ڕێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کاریان

دەکرد، کەباوکم بەرپرسی کۆکردنەوەی پیتاک و پشتیوانی مادی لەرێکخستنەکان و جەماوەرەوە دەگەیاندە شۆرش.

ئەو هاورێییەی باوکم کەناوی (محەمەد) بوو، ئەو سێ بەڵگەنامەیەی دابووە دەستی باوکم تاهەڵیان گرێت و ئەرشیفیان بکات، ئەمە جگە لەوەی کەباوکم تەنیا ئەو بەڵگەنامانەی لانەبوو، بەڵکو کۆمەڵێ بەڵگە و موستەنەدات و وێنەی تریشی هەبوو کە زۆربەیان تیاچوون، چەند شتێکی کەم نەبێت هیچی تری بەجێ نەهێشت. هەموو ئەم زانیاریانەش باوکی خوالێخۆشبووم پێی راگەیاندم کە چۆن ئەرشیفێکی باشی بڵاوکراوەکانی شۆرشی ئەیلوولی لەلابووەو لەناوەراستی شەستەکانیشدا کاتێک پارتی بۆتە دوو باڵ، باوکم چۆتە پەنا باڵی بەرزانی لەگەڵا دوو کەسی بارزانی تردا بەناوەکانی (ملکۆ-سیامەند) کاری رێکخستنیان ئەنجامدەدا.. کە لەو کاتەشدا وردە وردە ئەرشیفەکەی باوکم بەرەو فەوتان چوون.

هەربۆیە لێرەدا دەمەوێت ئەو راستییە بخەمە روو کەژمارە (٤٦٥)ی رۆژنامەی خەبات لەگوندی مالومەی دۆڵی جافەتی نزیک شاری سلێمانی بەچاپ گەیەنراوە، بەو پێیەی کەباوکم سەبارەت بەو دیکۆمێنتانە قسەی بۆکردووم.



بۆ یەکەم جاریش ژمارە (٤٦٥)ی خەباتم دایە دەست کاک (نەوزاد عەلی ئەحمەد) کە ئەوکات لەبارەگای کوردستانی نوێ بوو، کاتێکیش کەزانیم سەرگەرمی نووسینەوەی مێژووی رۆژنامەی خەباتە، ئەوا پێی راگەیاندم ژمارەکە کۆپی دەکات و لەدواییدا بۆم دەگەرێنێتەوە، بەر لەسەفەر کردنەکەشی بۆ دەرەوەی وڵات، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەو ژمارەیە کردو لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوی کردەوە، بەپێی قسەکانی کاک نەوزادیش برادەرێک بەناوی (محەمەد شاپەسەندی) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر هەمان ژمارە کردووەو ویستویەتی مافی ئەو (نەوزاد) پێشێل بکات و لێکۆڵینەوەکەی بخاتە ژێر پرسیارەوە! بەڵام من بۆ خۆم ئەو لێکۆڵینەوەیەی شاپەسەندیم نەبینیوەو پێشمەوایە ئەو بابەتە ئەوە ناهێنێت یەکتری لەسەر زیز بکەن، بۆ یەکەم جاریش کاک نەوزاد لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو ژمارەیە کردووەو دۆزینەوەکەشی ئاشکرا کردووە، دواتر ئەم ژمارەیە.م دایە دەست (رەفیق ساڵح) کە خۆی داوای لێکردم کەبیدەمێ و ئێستاش لای خۆی پارێزراوە.

لەکۆتاییدا تکا لەهەموو ئەوکەسانە دەکەم کە دەیانەوێت لەسەر ئەو ژمارەیە بنووسن، پێویستە ئاماژە بۆ ناوی خاوەنی راستەقینەی ئەو رۆژنامەیە کەمنم (شازین هێرش) بکات و هیچ کەسێکیش بەناوی خۆیەوە بڵاوی نەکاتەوەو نەڵێت لە ئەرشیفی فلان و فیسارەوە وەرگیراوە! جگە لەناوی (خۆم!!) بۆئەوەی مافی تێدا نەخورێت، وەک چۆن لەهەموو شتێکدا مافمان خوراوە...

# ڕۆژنامەنووس

## لەنیوان بەجێهێنانی پیشەو پابەندبوونی بەیاسا و ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسیی



**بەهادین ئەحمەد***

*** دەستپێک:**

کاری ڕۆژنامەنووسیی پیشەیەکی پیرۆزە، ئەمڕۆکە لەزۆر وڵات و ناوچەکانی جیهان بەتایبەت عێراق بەپڕمەترسیترین کار و پیشە دەژمێردرێت و ڕۆژانە ڕۆژنامەنووسان لەشارو ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری ئەم وڵاتە دووچاری هەڕەشە، ڕاوەدوونان، دەستگیرکردن، ڕفاندن و تیرۆرکردن دەبنەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە ڕۆژنامەنووس لەم بارە ناهەموار و مەترسیدارەشدا ئازایانە و بوێر و ڕاستگۆیانە ئەرک و کارەکانی لەبەرامبەر پیشەکەی و پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵدا، بێ سڵەمینەوە لەدەسەڵات و دەزگاکانی حیزبی و سەربازی و سانسۆر ئەنجام بدات، بەڵام ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسی لەوڵات و کۆمەڵی ئازددا لەپاش دەسەڵاتەکانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەری بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، ئازادی ڕۆژنامەنووسیش تاوەکو ئەو سنوورە بڕەکات کە سنووری ئازادییە تاکەکەسییەکان پێشێل نەکات ودەست نەخاتە ژیان و کاروباری تاکەکانی کۆمەڵەوە و ئاسایشی نەتەوەیی و کەسێتیی حکومەت لەکەدار نەکات و ڕەفتاری نەشیاوی وەک: تاوانی ناوزڕاندن و لەکەدارکردن و جنێودان و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و بابەتی بێ بنەما و...هتد ئەنجام نەدات.

هەروەک ئەوەش کاری هێزەکانی پێشمەرگە و دەزگاکانی ئاسایش نییە بەڕۆژی نیوەڕۆ و بەبەرچاوی خەڵکەوە ڕۆژنامەنووس بڕفێنێت و فەلاقەی بکات، بەبێ ئاگادارکردنەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و بەبێ بڕیاری دادوەر و نووسراوی فەرمی، تەنانەت هێزەکانی پۆلیسیش بۆیان نییە، ڕۆژنامەنووس دەستگیر بکەن.

لەڕاستیدا بیرۆکەی نووسینی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ماوەیەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان و جێی سەرسوڕمان ژمارەی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە شارو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان زیادیان کردووە، هەروەک بەپێی وتەی کاک (زیرەک کەمال)، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانە لەناوخۆی هەرێم گەیشتوتە زیاتر لە (٧١٠) ڕۆژنامە

و بڵاوکراوە. جگە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئێزگەی ڕادیۆیی ناوخۆی و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردی (سەتەلایت) و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کوردی و ماڵپەڕو پێگە کوردییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

هەروەک ژمارەیەکی بەرچاو لەو ڕۆژنامە و میدیایانە ماوەیەکە لێرە و لەوێ بەبێ گوێدانە پیشەی پیرۆزی ڕۆژنامەنووسی و گیانی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و بنەما پیشەی و یاسا و ڕەوشتییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی کەوتوونەتە ئەنجامدانی ناوزڕاندن و لەکەدارکردن و جنێودان و دەست خستنە ناو کاروبار و ژیانی تاکەکەسی خەڵکەوەو بەبیانوو و پاساوی بێ بنەما، وا دەزانن پیشەی ڕۆژنامەنووسی بریتییە لە جنێودان و پیشەسازی ڕۆژنامەگەریش بریتییە لە پیشەسازی جنێوفرۆشتن؟!!

جێی خۆیەتی لێرەوە ئاماژە و دەستخۆشی لە کەناڵی ئاسمانی (زاگرۆس) بکەم کە لەبەرنامەی (ڕەش و سپی) دا ئەم دیاردە نامۆ و بابەتە گەرماوگەرمەی لەچەند ئەڵقەیەکی تەوەرەی بەرنامەکەدا ورووژاند، کە ئەمە خەمخۆری و گیانی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی کەناڵەکە دەردەخات، هەروەک پێویستیشە ڕۆژنامەنووس سروشت و بنەمای پیشە و کارەکەی و ڕاست و چەپی خۆی و (ڕەش و سپی) لەیەک بکاتەوە.

بۆیە بەڕای بەندە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لە میدیاکانی ڕاگەیاندنی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:

١. نەشارەزایی و کەمئەزموونی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بەڕادەیەکی زۆر لە یاسا و ڕێسا و ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی و بنەماکانی کاری ڕۆژنامەنووسی.

٢. لەدەستدانی پیرۆزیی کاری ڕۆژنامەنووسی و کەمی ژمارەی مامۆستای بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی شارەزا و بەئەزموون و ئەکادیمی و پسپۆڕ، بەشێوەیەک ئەمڕۆ، لەگەڵ ڕێژمدا بۆ ڕۆژنامەنووسانی کارا و تەواو، هەر کەسێک هەڵدەستێت دەست دەداتە قەڵەم وخۆی دەکاتە ڕۆژنامەنووس و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی گەڕەک و بازاڕیدا بڵاوکراوەیەک دەردەکات، بەمەبەستی خۆدەرخستن و ناو و ناووبانگ دەرکردن و بەخەیاڵی خۆی پەرۆشی و دڵسۆزی دەربڕین بۆ کۆمەڵ بەڕاست و چەپ جنێو دەدات و لەبری ڕۆژنامە (جنێونامە) دەردەکات و لەجیاتی ڕۆژنامەفرۆشتن (جنێو دەفرۆشێت) و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بازاڕی خۆی گەرم بکات و خوێنەر و جەماوەر بۆ خۆی پەیدا بکات، بێگومان کورد وتەنی: (هەرچی ڕیشی سوور بێت هەمزاغا نییە) و (بەگوڵێکیش بەهار نایەت!).

٣. هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەهۆی دەرهاویشتەی شەڕی ناوخۆ و دواتر لەتکردنی ئیدارەی کوردییەوەو بۆ ململانێی حیزبی و سیاسی یەکتر، لەساڵانی ڕابردوودا دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی هەمەجۆری ناجۆر لێرە و لەوێ دەردەکەن و هاریکاری و پاڵپشتی مادی و مەعنەویان لێدەکەن لە دژی ئەوی دیکە.بەبێ ئەوەی زۆرینەی ستافی ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە گوێ بدەنە بنەماکانی پیشەیی و یاسایی و ڕەوشتی کاری ڕۆژنامەنووسی یان شارەزاییان هەبێت؟!

لێرەوە دەڵێم وەکو بەرپرسیارێتی مێژوویی و لەپێناوی زیاتر ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی کوردستان و وەستاندنی (شەڕی ساردی ڕاگەیاندن و هێرشی ڕاگەیاندنی ناڕاستەوخۆ بۆسەر یەکتر) پێویستە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار دەستبەرداری ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە بن و چیدی با سەرشەقامەکانیش لە هاووڵاتیان نەگرن، چونکە هەردوو دیاردەکە نادروست و ناشارستانییە و تاڕادەکیش پەیوەستن بەیەکترەوە.

٤. بەڕای من، پێدەچێت هەندێک لایەن و دەستی دەرەکی و دەزگا و وڵاتی دراوسێ و جیهان بۆ تێکدانی باری ئارامی کوردستان و ناشیرینکردنی ئەزموونی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی لە ناوخۆ و دەرەوە، پاڵپشتی مادی و

مەعنەوی لە هەندێک لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لــە هەرێــم بکەن.هەروەک لە ڕابــردوودا لەم جۆرە کارانە کراوە.

٥. خــودی وەزیرو وەزارەتی ڕۆشــنبیری و پەرلەمانی کوردســتانیش لــە پەرەپێدانی ئەم دیاردە ترسناک و دزێوە بەرپرســن، کاتێک ڕێگە دەدەن ئەم جۆرە ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە بەناياسايی لە ناوخۆی هەرێم دەربچن یاخود بــەردەوام بــن لەدەرچوون کاتێک پاداشــتی مانگانەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسانە دەکەن و هاریــکاری دارایــی مانگانەیــان دەکەن بۆ دەرچوونیــان. یــان پەرلەمانــی کوردســتان لەسەر چی وەستاوە بۆچی یاسای چاپەمەنی ژمــارە (١٠) ســاڵی (١٩٩٣)ی خــۆی هەموار نــاکات؟ یان یاســایەک بۆ ڕێکخســتنی کاری ڕۆژنامەدەرکــردن و ڕۆژنامەنووســان دەر نــاکات، تاوەکو کۆتایی بەم دیاردەیە و دەیان دیاردەی تر لە مەیدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی و ڕاگەیانــدن بهێنێــت. بەتایبەتی پاش ئەوەی ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردســتان پرۆژە یاسایەکی بۆ هەمان مەبەست لەماوەی ڕابردوودا بەناونیشــانی (پرۆژەی یاســای ڕێکخســتنی کاری ڕۆژنامەنووســان) گەڵاڵە کــردووە و کاتی ئەوە هاتووە هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆنگرەی ساڵانەی سەندیکای ڕۆژنامەنووســاندا پەرلەمانــی کوردســتان بڕیاری لەسەر بدات.

٦. خــودی ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردســتانیش پێویســتە بەسیســتەمی وەرگرتنــی ئەندامێتــی لــە ســەندیکادا بچێتــەوە، چونکــە وەرگرتــن بە ئەنــدام لەم ســەندیکایەدا دەبێتە پاڵپشت بۆ سەرجەم ئەو ڕۆژنامەنووســانەی (چاک و خراپ) کە دەبنە ئەندام تێیدا، بۆیە پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی کاری نەشــیاو و تاوانــی بڵاوکردنــەوەدا، ســەندیکا ڕۆژنامەنوسەکە ئاگادار بکاتەوەو ســەرنجی ڕابکێشێت و ســەرکۆنەی بکات و تــاڕادەی هەڵپەســاردن و دەرکردنی لەکاتی دووبارەکردنەوەی تاوانەکە.

هــەروەک بەپێــی لێدوانی بەڕێــز (فەرهاد عەونی) نەقیبی ســەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردســتان ژمــارەی ئەندامانــی ســەندیکا گەیشتۆتە (٣٠٠٠) ئەندام ؟!

٧. نەبوونی یاسایەکی تایبەت و هەمەلایەنە بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسان لەسەرجەم مێدیاکانی ڕاگەیاندن (نووســراو، بیســتراو و بینراو) و تەنانەت ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی و تۆڕ و پێگەکانی ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردســتان، هەروەک بنەمایەکی یاســایی دەڵێت: "لاعقوبە ولا جریمە الا بالنص".

٨. لاساییکردنەوەی کلتوری بەعس و داڵدەدانی ڕۆژنامەنووســە بەعســییەکان لــە ڕۆژنامــە و مێدیــا و دەزگاکانــی ڕاگەیاندنــی کوردیدا بەڕادەیەک هەندێک لەوانە ئێستا لە مەرکەزی دەسەڵات و ئاســتی باڵای ئەو دەزگایانەدان، لەڕابردووشدا ئەرکیان پیاهەڵدان بوو بەشان و باڵی (سەید ڕەئیس) و ڕژێمەکەیدا، جنێودان و هێرشــکردنە ســەر شــۆڕش و نەتــەوەی کــورد بــوو. ئێســتاش بەپێچەوانــەوە. هــەر ئەمانەش بــوون ڕۆڵی خراپ و ئاژاوەگێڕیان لە هەڵگیرسان و تەشەنەکردنی ئاگری شەڕی ناوخــۆدا هەبــوو لــە کاتی هەڵمەتی شــەڕی ڕاگەیاندنی نێوان پارت وڕێکخراوە سیاســییە کوردییەکانی هەرێم؟!

لەپــاش ئەمانــە بەپێویســتی دەزانم وەکو دەروازەیــەک بۆ چوونە ناو بابەتەکەوە چەند زاراوە و چەمکێکــی پەیوەنــد بــە بابەتەکــە پێناسە بکەین:

* **ڕاگەیاندن** (**الإعلام**) (Information):

بریتییــە لــە بڵاوکردنــەوەی هــەواڵ و زانیــاری بەشــێوەیەکی ڕوون و ڕەوان و ڕاست و دروست و پێدانی زانیاری هەمەجۆر بە جەماوەر بەشــێوەیەک کــە دەربڕی مەیل و ئارەزوویــان بێــت و بەشــداری بــکات لە پێکهێنانــی ڕای گشــتییدا و خزمــەت بە بەها باڵاکانــی کۆمەڵ بــکات و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت.

– هەروەک وشە و زاراوەی (Information) لە فەرهەنگەکاندا بەواتای زانیاری (معلومات) و هەواڵ (الخبر News) یش دێت.

* **هۆکارەکانی ڕاگەیاندن** (**وسائل الإعلام**) (Mass Media):
سەرجەم هۆکارەکانی ڕاگەیاندن (خوێنراو، بیستراو و بینراو) دەگرێتەوە.

* **هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری** (**وسائل الإتصال الجماهيری**) (Mass Communication):
سەرجەم هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری لەوانە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ سینەما و ئینتەرنێت و سەتەلایت و... هتد دەگرێتەوە.

* **ڕۆژنامەگەری** (**الصحافه**) (Press or Journalism):
بریتییە لە پیشەسازی دەرکردن وچاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤار کە بەشێوەیەکی خولی لەلایەن حکومەت، پارت و ڕێکخراو و سەندیکا یان یان ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە دەردەچن.

* **ڕۆژنامەنووس یان ڕۆژنامەوان** (**الصحفی او الصحافی**) (Journalist):
بریتییە لەو کەسەی کە نووسین کۆدەکاتەوەو هەواڵ یان گوتارو گۆشەیەکی ڕۆژنامەنووسی دایدەڕێژێت یان شرۆڤەکردنی گرفت و کێشەیەک لە کۆمەڵدا.

* **ڕۆژنامە** (**الجريده او الصحيفه**) (Newspaper or Journal):
بریتییە لە بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانە کە هەواڵ و بابەتی گەرماوگەرم بڵاودەکاتەوەو بەناوێکی جێگیر و بەڕێکوپێکی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەردەچێت و دەگاتە خوێنەرانی.

* **ئازادی ڕۆژنامەنووسی** (**حريه الصحافه**) (Freedom of Journalism The):
بریتییە لە ڕەخساندنی کەشێکی ئارام و سەربەخۆ بۆ ڕۆژنامەنووس، تاوەکو ئەرک و کارەکانی بەبێ چاودێری (سانسۆر) و فشارخستنە سەری ئەنجام بدات و سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری بەدەست بخات و ڕێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە بدرێت.

* **یاسای ڕاگەیاندن** (**قانون الإعلام**) (The Law of Journalism):
سەرجەم ئەو یاسا و ڕێسایانە دەگرێتەوە کە لەلایەن حکومەتەوە بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لەوڵاتدا دەردەکرێت کە مەبەست لێی پاراستنی باری ئاسایشی وڵات و بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵە.

* **نەریت** (**العرف**) (Ethic):
زاراوەی (ئیتیک Ethic) لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە لە وشەی (etos)ەوە هاتووە کە بە واتای نەریت دێت و لە ئێستادا لایەنی تیۆری نەریت و ئاکاری پیشە و کاری ڕۆژنامەنووسی دەگرێتەوە.

* **ئاکار و ڕەوشت** (**الأخلاق**) (Moral):
زاراوەی (مۆراڵ Moral) لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لە وشەی (mores)ەوە وەرگیراوە کە بەواتای هوشیاری دێت، بەڵام لە ئێستادا لایەنی کردەیی ئاکارو بەها ڕەوشتییەکانی پیشە و کاری ڕۆژنامەنووسی دەگرێتەوە.

* **ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەسەڵات:**
لەڕاستیدا مەسەلەی چەمکی ئازادی بە درێژایی مێژوو ناوەڕۆک و جەوهەری داخوازییەکانی مرۆڤ و یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شۆڕش بووە لەدژی دەسەڵات هەروەک شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩) لەمڕووەوە نموونەیەکی زیندو و بەرجەستەیە.
چەمکی ئازادی ڕۆژنامەنووسی بەشێکە لە ئازادییە گشتییەکان و ڕەهەندێکی ئازادی بیروڕا دەربڕینە. هەروەک سەرجەم دەستوور و جاڕنامەکانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتننامە نیشتمانی و جیهانییەکان

هەولێرنامەی کتێب

جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە بەئاشکرا و ڕوونی دەکەنەوە.

لەگەڵ ئەم ڕاستیانەشدا مەسەلەی بەرتەسکردنەوەی سنووری ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن دەسەڵاتەوە بەبەکارهێنان و پیادەکردنی سیاسەتی سانسۆر لەسەر ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان بە بیانوو و پاساوی پاراستنی ئادابی گشتیی کۆمەڵ و بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی، تاڕادەیەک مەسەلەیەکی لاستیکییە و جێی مشتومڕو باس و خواسی زیاترە، چونکە زۆرجار دەسەڵاتی سیاسی قۆرخی ئازادییەکان بۆ خۆی دەکات و ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی حکومەت هیچ جۆرە سانسۆرێکیان لەسەر نییە، بەڵکو حکومەت تەنیا بە دوای ڕۆژنامەنووسانی نەیاری حکومەتەوەیە هەروەک لەزۆر وڵات و ناوچەکانی جیهان ئەمە دەبینرێت و خودی حکومەت لەهەوڵی چاودێریکردن و سانسۆر خستنەسەر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی نەیاری خۆیدایە کە زۆر جار خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەهلی و ئازادەکاندا دەبینێتەوە.

هەروەک (می دورنیت) سەرۆکی لیژنەی ڕاوێژکاریی ئازادی بڵاوکردنەوە لەڕێکخراوی (یونسکۆ) ساڵی (٢٠٠٠) لە وتارێکدا دەڵێت:"ڕاگەیاندنی حکومی پێویستی بە سانسۆر نییە، بەو پێیەی کە خۆی لەبنەڕەتدا ئامرازێکی حکومییە. لەبەرامبەردا تەنیا سانسۆر بەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاددا دەسەپێنرێت".

*** یاسای ڕاگەیاندن لە عیراق و هەرێمی کوردستان:**

لەدوای شۆڕشی مەشرووتە لە دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی (١٩٠٨)، پاش ساڵێک (واتە: ساڵی ١٩٠٩) یاسای ڕێکخستنی چاپەمەنییەکان دەردەچێت، ئەم یاسایە تەنانەت تاوەکو ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردووش لەدوای دامەزراندنی حکومەتی عیراق لەوڵات کاری پێکراوە.دواتر لەکاتی حوکمی پاشایەتیدا کە یاسای بنەڕەتی دادەنرێت لەم چوارچێوەیەشدا یاسای ڕاگەیاندن دادەنرێت و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان بەتایبەتی لەسەردەمی ڕاگەیاندنی حوکمی کۆماریدا گۆڕانکاری و زیادەی تێدا دەکەن هەروەک لەسەردەمی ڕژێمدا لەساڵانی (١٩٦٨، ١٩٧٠، ١٩٧١، ١٩٧٤، ١٩٨٨ و ١٩٩١) ئەم گۆڕانکاریانە لەیاسای ڕاگەیاندن و چاپەمەنی عیراقدا کراوە.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، لەپاش ئەنجامدانی یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان) لەساڵی ١٩٩٢، ساڵی دواتر (واتە: لەساڵی ١٩٩٣) پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١٠) ی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسی لە هەرێم دەردەکات کە تاوەکو ئێستا کاری پێدەکرێت.

*** پیشەی ڕۆژنامەنووس لەنێوان ماف وئەرکەکانی و یاسای ڕۆژنامەنووسیدا:**

پێویستە ڕۆژنامەنووس لەکاتی ئەنجامدانی کاروباری ڕۆژانەی خۆیدا لەگەڵ بەجێهێنانی کارەکەیدا، ڕەچاوی ئەرکەکانی و هاوکات نەریت و یاساکانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بکات و ئەم هاوسەنگییە بپارێزێت تاوەکو بەنەفرەتی جەماوەر و کێشەی یاسایی و دادوەری نەبێت.

بۆیە بەپێویستی دەزانم لێرەدا هەریەکە لە ماف و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس و پاشان تاوانەکانی بڵاوکردنەوە باسبکەم.

**یەکەم: مافەکانی ڕۆژنامەنووس:**

بەشێوەیەکی گشتیی مافەکانی ڕۆژنامەنووس ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

١. مافی زانین و کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ئامار و تەماشاکردنی فایل و دۆسییەکانی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت.

٢. مافی ئامادەبوونی لە کۆبوونەوە و کۆنگرە ڕۆژنامەنووسی و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا.

٣. مافی ڕەخنەگرتن لە حکومەت و دەسەڵات و چاودێریکردنیان.

٤. مافی بەئازادی کارکردن و نابێت دەستەبەسەر هەواڵ و زانیاری و دۆکۆمێنت و ئامێر و کەرەستەی ڕۆژنامەنووسدا بگیرێت لەلایەن هەر کەس و لایەن و بەهەر پاساوێک بێت.

٥. نابێت بەبێ بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووس دەستگیربکرێت یان دەستبەسەربکرێت.

٦. نابێت بەبێ بڕیاری دادگا ڕۆژنامەنووس زیندانی بکرێت.

٧. نابێت ڕۆژنامەنووس لەلایەن دادگای سەربازییەوە دادگایی بکرێت.

٨. نابێت ڕۆژنامەنووس لەکاتی بەجێهێنان و ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا دەستدرێژی بکرێتەسەر و سووکایەتی پێبکرێت یان ئازار و ئەشکەنجە بدرێت.

٩.نابێت پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر ڕۆژنامەنووس لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک یاخود بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیدا تاوەکو سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرابکات.

١٠. نابێت بەبێ بڕیاری دادوەر و نووسراوی فەرمیی دەزگای پۆلیس هێرش بکرێتە سەر ماڵ یان بارەگای ڕۆژنامە یاخود شوێنی نیشتەجێبوونی ڕۆژنامەنووس و ئەو شوێنانە بپشکنرێت یان دەست بەسەر زانیاری و بەڵگەنامە جیاوازەکان وئامێر و کەلوپەلەکانی ناوخۆیدا بگیرێت.

١١. نابێت قەدەغەی نووسین و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا لە ڕۆژنامەنووس بکرێت یاخود هەڕەشەی لێبکرێت لەکاتی هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ یان زانیاریەکدا.

١٢. نابێت بە هیچ پاساوێک پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر ڕۆژنامەنووس بۆ وازهێنان لە پیشەکەی یان بەزۆر گواستنەوەی بارەگای ڕۆژنامەکەی یاخود ماڵەکەی و شوێنی حەوانەوەی.

**دووەم: ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس:**

"لەبەرامبەر هەموو مافێکدا،ئەرکێک هەیە"، بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووسیش ئەرکەکانی خۆی لەبەرامبەر جەماوەردا بەگیانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ڕاپەڕێنێت و هەوڵی چەواشەکردن و ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان نەکات و خەڵکی بەهەڵەدا نەبات.

لەگرنگترین ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس:

١. بڵاوکردنەوەی هەواڵ بە شێوەی ڕاست و دروست.

٢. جەختکردنەوە لە سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکانی لە پێش بڵاوکردنەوەیاندا.

٣. پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و بەها باڵاکان و داب ونەریتی کۆمەڵ.

٤. گەیاندنی کێشە و داواکارییەکانی خەڵک بە دەسەڵات و، پێویستە ڕۆژنامەنووس و میدیاکان ڕۆڵی پرد و ڕایەڵ ببینن لەنێوان جەماوەر و دەسەڵاتدا.

٥. چاودێریکردنی دەسەڵات و ئاشکراکردنی هەڵە و کەموکوڕییەکان و ڕەخنەگرتن لە پرۆژەکانی حکومەت ئەگەر بکرێت دانانی پێشنیازی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی گرفت وکێشەکان.

٦. وریایی و چاونەترسی، هاوکات بابەتیبوون و بێلایەنی لەخستنەڕووی گرفت و کێشەکاندا.

٧. خۆبەدوورگرتن لەهەموو ئەو شتانەی کە مەترسی دروست دەکات لەسەر ئاکارە ڕەوشتییەکان و ناووناوبانگی کەسەکان.

٨. هەوڵدان بۆ هوشیارکردنەوەی جەماوەر لە پرسە جۆربەجۆر و بابەتە هەنووکەیی و هەروەها چارەنووسسازەکاندا.

٩. هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵک و ئاشکراکردنی ڕاستی بابەت و ڕووداوەکان.

**سێیەم: نەریت و ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسی و ئازادی ڕۆژنامەنووسی:**

چەمکی ڕەوشت و نەریتی ڕۆژنامەنووسی چەمکێکی نوێیە و سەرەتاکەی بۆ ساڵی (١٩١٦) لە سوید و ساڵی (١٩١٨) لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە، وەکو بەشێک لە بەرپرسیارییەتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بەکۆمەڵ و ڕاستی و دڵسۆزی و دەستپاکی لە پیشەکەیدا.

هەروەک لەساڵی (١٩٢٣) کۆمەڵەی

سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا چەند پرانسیپێکی بواری نەریتی ڕۆژنامەوانی لەژێر ناوی (بنچینەکانی ڕۆژنامەوانی) دانا. هەروەها لەساڵی (١٩٢٩) کۆمەڵەی نیشتمانی خاوەنداری پەخشی ڕادیۆیی و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی داناوە بەناوی (یاسای ئیتیکی) دارشت.

لەماددەی ژمارە (١٩) ی جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیشدا کە لە (١٩٤٨/١٢/١٠) دا دەرچووە، تێیدا ئەم سێ برگەیە هاتووە:

برگەی یەکەم: مافی مرۆڤ لەئازادی ڕاوبۆچوون و بیروڕادەربرین.

برگەی دووەم: مافی مرۆڤ لەدەستخستنی زانیاری و ڕاستییەکاندا.

برگەی سێیەم: مافی مرۆڤ لەبەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان.

هەروەها لەبەندی (١٠) ی پێرستی ئەوروپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا و ئازادییەکاندا کە لە(١٩٥٠/١١/٤) ڕاگەیەنراوە و لە (١٩٥٣/٥/٣) چۆتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە هەموو مرۆڤێک مافی ئازادیی دەربڕینی هەیە، ئەم مافەش ئازادیی وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاری و بیروبۆچوون دەگرێتەوە.

لێژنەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی سەربە ڕێکخراوی (یۆنسکۆ) ش لە کۆبوونەوەی چواردەیەمینی خولی ڕێکخراوەکەیدا لەساڵی (١٩٥٢)، بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی ڕۆژنامەوانی دەرکرد کە پێوەرەکانی خۆی لە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤەوە وەرگرتووە، کە ئەویش بنچینەبووە بۆ هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە شارستانی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان کە لەساڵی (١٩٦٦) دا دەرچووە و لە (١٩٦٧/٣/٢٣) دا چووەتە قۆناغە جێبەجێکردنەوە و تێیدا لەبەندی (١٩) دا ئاماژە بەوە دراوە کە هەموو کەسێک، بێ هیچ جۆرە دەستێوەردانێک، مافی هەڵبژاردنی بۆچوونەکان و ئازادی دەربڕینی هەیە.

مەبەستەکانی ڕێککەوتننامەکانی شەرەفی ڕۆژنامەوانیش لەسێ مەبەست و تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە:

١. پاراستنی جەماوەر لەدەرەنجامەکانی خراپ بەکارهێنانی ڕۆژنامە و بەرگرتن لە چەواشەکردنیان.

٢. پاراستنی خودی ڕۆژنامەنووس لە هەر ئازار و ئەشکەنجەدان و هێرش و هەڕەشەیەک یان پاڵەپەستۆ خستنە سەری بۆ ئەنجامدانی تاوانی ڕۆژنامەنوسی و بڵاوکردنەوە و هەر کارێکی تر کە پێچەوانەی ویژدانی ڕۆژنامەنووسی بێت.

٣. مافی ڕۆژنامەنووس لە بەدەستخستنی هەواڵ و زانیارییەکاندا. جگە لەو زانیاریانەی کە پەیوەستن بە بواری بەرگری و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەوە هەروەک پێویستە ئەم زانیاریانە جەماوەر لێیان ئاگاداربێت وبیزانێت و هاوکات مافی جەماوەریش لە دەربڕینی بیروڕاکانیان لەڕێگەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و میدیا جیاوازەکانەوە.

لە (١٩٧٨/٧/١٨) دا پێرستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ مافەکانی مرۆڤ چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوەو لە برگەی یەکەمی بەندی (١٣) دا جەختدەکاتەوە لەسەر هەموو جۆرە دەربڕینێکی ئازادانەی بۆچوونەکان لەگەڵ پابەندبوون و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادی و ناووبانگی کەسانی دیکەی کۆمەڵ و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و سیستەمی گشتی و ئاکارە گشتییەکان لەگەڵ ملکەچ نەکردن بۆ هیچ جۆرە سانسۆرێک لەبەرامبەردا ئامادەیی بۆ لێپێچینەوە.

لەساڵی (١٩٨٢) نوێنەرانی ژمارەیەک لەڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی و ناوچەیی چەند بنەمایەکیان بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی لە جیهان دیاریکرد کە ناسراوە بە (بنەما نێونەتەوەییەکانی پسپۆڕی ڕۆژنامەوانی).

لەڕووسیاش لەساڵی (١٩٨٩) لەلایەن یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی وڵاتەکەوە یاسای نەریتی ڕۆژنامەنووسی دانرا.

لەساڵی (١٩٩٦) کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی پسپۆڕ یاسایەکیان بە ناوونیشانی (یاسای بەهاگەریی بۆ ڕۆژنامەنووسان Ethic Code for Journalists ) دارشت.

*** بنەما و سیفەتەکانی نەریتی ڕۆژنامەنووسی:**

لەخوێندنەوەی ناوەرۆکی زۆرینەی ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەنراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری نەریت و ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسی سەرجەم جەخت لەسەر ئەم بنەماو خاڵە سەرەکی و گرنگانە دەکەنەوە کە پێویستە ڕۆژنامەنووس لە کاتی ئەنجامدانی پیشە و کارەکانی ڕۆژانەیدا پێوەی پابەند بێت کە لێرەدا بۆ خوێنەران دەیخەمەڕوو:

١. پێویستە ڕۆژنامەنووس دەست و دەم و داوێن پاک بێت.

٢. پێویستە ڕۆژنامەنووس بە ویژدان و ڕاستگۆ بێت.

٣. دەبێت لەکاتی ڕوومالکردنی کێشە و ڕووداوەکاندا، ڕۆژنامەنووس، هەواڵ و زانیارییەکان بەشێوەی بابەتی و بێ لایەنانە بۆ جەماوەر بخاتە ڕوو.

٤. پێویستە ڕۆژنامەنووس وردبین و سەربەخۆ بێت و بەگیانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کارەکانی ئەنجام بدات.

٥. پێویستە ڕۆژنامەنووس بەپاکی و پسپۆڕی کارەکانی ئەنجام بدات.

٦. دەبێت ڕۆژنامەنووس بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵ بپارێزێت و ڕێز لە بەها باڵا و دابونەریتی کۆمەڵ بگرێت.

٧. پێویستە ڕۆژنامەنووس ڕێز لە تاکەکانی کۆمەڵ بگرێت و دەست نەخاتە کاروباری ژیانی تاکە کەسیانەوە.

٨. ڕۆژنامەنووس نابێت پیشەکەی بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز و دەستکەوتی تاکەکەسی بەکاربهێنێت، بەڵکو پێویستە خزمەتی جەماوەر بکات و بەرژەوەندی ئەوان بخاتە پێش بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیەوە.

٩. پێویستە ڕۆژنامەنووس شوێنی پیشەکەی نەکاتە مایەی گوشار و هەڕەشە بۆ سەر کەسانی تر.

١٠. ڕۆژنامەنووس نابێت پارە و بەرتیل و ئیمتیازی تری هەمەجۆر لەبەرامبەر گزیکردن لە پیشە و کارەکەی لە کەسانی تر وەربگرێت.

١١. پێویستە ڕۆژنامەنووس سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکات و لە ژێر هیچ گوشارێکدا نهێنی هاورێکانی و کارەکەی نەدرکێنێت.

١٢. نابێت ڕۆژنامەنووس خۆی بکات بەدادوەر، نابێ حوکمی پێش وەختیش بەسەر تۆمەتباران و گومانلێکراو و دەستگیرکراواندا بدات.

١٣. نابێت ڕۆژنامەنووس بەشداری شەڕ و توندوتیژی دژ بەمرۆڤەکان بکات و بە قازانجی لایەک لەدژی لاکەی تر لایەنگری بکات.

**چوارەم: تاوانەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەنووسی:**

هەموو پیشەیەک تایبەتمەندی و پیرۆزی و بەها و نهێنی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووسیش پابەندی بنەما و یاسا و ڕێساکانی پیشەکەی بێت و لەچوارچێوەی ئادابی گشتیی کۆمەڵ دەرنەچێت و پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانیان هەڵسوکەوت نەکات، تاوەکو دووچاری تاوانەکانی بڵاوکردنەوە نەبێت.

**- مەبەست لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە:**

تاوانەکانی بڵاوکردنەوە (جرائم النشر) بریتییە لەسەرجەم ئەو جۆرە تاوانانەی کە ڕۆژنامەنووس لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکاندا ئەنجامی دەدات و بەمەبەش ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و سزای یاسایی دەبێتەوە.

**- جۆرەکانی تاوانی بڵاوکردنەوە:**

بەشێوەیەکی گشتیی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە دەکرێن بە (٦) جۆرەوە کە ئەمانەن:

١. تاوانی لەکەدارکردن کە خستنەپاڵ و جنێودان و سووکایەتی پێکردن دەگرێتەوە.

٢. تاوانی ئاشکراکردن کە ئاشکراکردنی نهێنییە فەرمییەکانی دەوڵەت و دامودەزگا سەربازییەکانی سوپا و موخابەرات دەگرێتەوە و هەر زانیارییەکی تر کە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنێت.

٣. تاوانــی بڵاوکردنــەوەی هەواڵی درۆ و بێ بنەما یان هەڵبەستراو.
٤. تاوانی تایبەت بە کاروباری دادوەری وەکو بڵاوکردنــەوەی ناوەڕۆکی ئەو دۆســیەیانەی دادگا کە هێشتا دادوەر بڕیاری لەسەر نەداوە و ئاشــکراکردنی کۆبوونــەوە نهێنییەکانــی دادگا و دۆســیە تاکەکەسییەکانی دادگا وەکو تاوانــی دزی، زینــا، بەرتیلخــواردن، تەڵاق و جیابوونەوە و...هتد.
٥. تاوانی لەکەدارکردنی ئادابی گشتی و یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵ و بەها ڕەوشتییەکان.
٦. تاوانــی هاندانــی توندوتیــژی و تیــرۆر وەکــو هاندانی جەماوەر لــەدژی حکومەت و دەســەڵات یان گەل و نەتەوەیەک یان هۆز و تیرەیــەک یان لایەنگرانــی ئایین و ئایینزایەک لەدژی ئەوی تر.

**- سزاکانی تاوانی بڵاوکردنەوە:**

سزاکانی تاوانی بڵاوکردنەوە لەوڵاتێکەوە بــۆ وڵاتێکــی تــر بەپێی جــۆری سیســتەمی دەســەڵات و یاســای ڕاگەیانــدن دەگۆڕێــت، بەڵام بەگشتی لە زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووس بــۆ ماوەی جیاواز و ســزادانی دارایی بەبڕی جیاواز تاوەکو ســزای بەندکردنی هەتاهەتای یان لەسێدارەدانی ڕۆژنامەنووس دەگرێتەوە.

*** ماستەر لە ڕاگەیاندن/ چەمچەماڵ**

*** تێبینی: ئەم بابەتە پێش بەســتنی کۆنگرەی دووەمی ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردستان لە هەولێر، نووسیومە.**


<u>سەرچاوەکان:</u>

١. حرية الصحافة, د.محمد سعد ابراهيم, طبعة ٣, مطبعة الكتب العلمية, قاهرة ٢٠٠٤.
٢. الفن الصحفي, د.محمود علم الدين, مطبعة دار اخبار, قاهرة ٢٠٠٤.
٣. الموسوعة الإعلامية, المجلد الأول,د.محمد منير حجاب , دار الفجر, القاهرة, ٢٠٠٣
٤. معجم المصطلحات الإعلامية, د.كرم شلبي, الطبعة الثانية, مطبعة دار الجيل, بيروت, ١٩٩٤.
٥. قاموس المصطلحات الإعلامية, د.محمد فريد محمود عزت, مطبعة دارالشروق, جدة, ١٩٨٤.
٦. چوارچێوەی یاســایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا، د.کەمال سەعدی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
٧. چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی ی کوردی (١٨٩٨–١٩١٨)، بەرگی یەکەم، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ، ٢٠٠١.
٨. هاوڕێی ڕۆژنامەنووســان، ن.مالکۆڵــم ئێف مالێتی، و.لەئینگلیزییەوە، ئازاد فەتاح حەســەن، بێ ناوی چاپخانە، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٩. ڕێنمــای ڕۆژنامەنووسان،ن.د.ســەلاح عەزیز، و.لەعەرەبییەوە موحســین ئەدیب، بــێ ناوی چاپخانە، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٠. ئیتیک لەڕۆژنامەوانیی کوردییدا، شوان ئادەم ئەیڤەس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

# بێلایەنی کەناڵەکانی ئاسمانی عیراقی سەبارەت بە واقیعی ئێستای عیراق

بوشرا جەمیل
وەرگێڕان: خالید بەکر ئەییوب

هەواڵنامەی کتێب

هۆیەکانی راگەیاندن لە قۆناغی ئێستاماندا پێگەیەکی گرنگیان پێکهێناوە، لە نێوەندی ئەو پێوەرانەی ئاستی شارستانییەت لە وڵاتاندا دەستنیشان دەکەن و هەروەها لەو نێوەندانەی کە رادەی دیموکراسییەت لەم کۆمەڵگایە یاخود ئەویتر دیاری دەکەن.

هۆیەکانی راگەیاندن رۆڵیان هەیە، لە پێکهێنانی چەمک و بۆچوونەکانی خەڵک سەبارەت بە (هەقیقەت)، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. بێگومان کۆمەڵگا هاوچەرخەکان، تەواو پشت بە هۆیەکانی راگەیاندنی جەماوەری لە بواری گەیاندنی پەیامەکان دەبەستن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەوا هۆیەکانی راگەیاندن رۆڵیان لە پێکهێنانی ئەجندەی جەماوەر دەبێت، بەتایبەتی هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو، کە نێوەڕۆ کە ئامانجدارەکەیان، بۆچوونەکانی جەماوەر دەبزوێنێت و دیاری دەکات، بە ئاراستەی دۆزێکی دیاریکراو وەک: کۆکردنەوەی جەماوەر بە مەبەستی وەرگرتنی بڕیارێک و هەروەها بۆ ئەوەی بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیا پێکبهێنرێت، ئەمەش لە کۆتاییدا راییەکی گشتی سەبارەت بە بیرۆکەیەک دەخولقێنێت.

لە رۆژانی ئیمڕۆماندا، دروستبوونی گوتاری بابەتی و پیشەیی زۆر دەگمەنە، بەڵام رێژەی دووری و نزیکی لەم گوتارە جیاوازی هەیە، رەنگە کەناڵی ئاسمانی وا هەبێت بەرێژەیەکی بەرچاو لە گوتاری بابەتی نزیک بێت، لەکاتێکدا هەندێک دەزگای راگەیاندن هەن زۆر دوورن لەم گوتارە، ئەم دووری و نزیکییەش ئامانجی ئەم باسەمانە و دەمانەوێت پراکتیزەکردنەوە، ئەم دووری و نزیکییە لە کەناڵە ئاسمانییەکانی عێراقیدا دیاری بکەین.

کەناڵە ئاسمانییەکانی عێراقی، پێویستە لە پرۆگرامەکانیاندا، بە بنەماکانی راگەیاندنی لە بێلایەنی و دیقەتدا پابەند بن و نەبنە دەنگێک بۆ لایەنێکی دیاری کراو، بەڵکو پێویستە هەموو بیروبۆچوونە جیاجیاکان کۆ بکەنەوەو بەرجەستەیان بکەن.

ئێمەش لەم تۆژینەوەدا. هەوڵی ئەوە دەدەین رادەی بێلایەنی کەناڵە ئاسمانییەکانی عێراقی بەسەربکەینەوە.

**کێشەی باسەکە:**

پێویستە بیرۆکەی تۆژینەوە زانستی لە بۆشاییەوە دەست پێ نەکات، بۆ ئەوەی بەبۆشایی بەکۆتا نەیێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم خەسڵەتەی تۆژینەوەی زانستی جیادەکاتەوە، لەوەدا خۆی دەنوێنێت. کەوا کێشەی دیاریکراوی هەبێت سەبارەت بەم کێشەیە، توێژینەوەو لێکۆڵینەوە دەربارەی لایەنە جیاجیاکانی بەئەنجام بگەیەنێت. کێشەی ئەم تۆژینەوەش خۆی لەوەدا دەنوێنێت کەوا هۆیەکانی راگەیاندن رۆڵێکی گرنگ و زیندوو لە چەسپاندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و پتەوکردنی بەهاکانی شارستانیەت لەو کۆمەڵگایانەی کۆشش دەکەن بۆ پاراستنی ئازادییەکان و مافی تاکەکان و نوێکردنەوەی ژێر خانی رۆشنبیری، بنوێنن. هەروەها رۆڵ ببینین بۆ ئەوەی دەزگا مەدەنییەکان لە ئامادەباشیان لە هاوکێشەی نێوان هاووڵاتی و دەوڵەتدا کاراتر ببن لە پێناو خوڵقاندنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ و دادپەروەرانە لە نێوانیاندا، لە نێوان مەرجە گرنگەکانی ئەم پەیوەندییەش، پێویستە حکومەت دەست لە هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو هەڵگرێت و نەیانکاتە دەنگۆی تایبەت بەخۆی، هەروەک حکومەتە دیکتاتۆرییەکان دەیکەن، بەڵکو پێویستە ئازادی رادەربڕینیان بۆ دابین دەکات بواری دەستخستنی زانیارییان لە پێناو گواستنەوەی راستییەکاندا بۆ برەخسێنێت. و ئایا هۆیەکانی راگەیاندنی عێراقی (دوای گۆڕانکارییەکان)، توانیویەتی رێگەی بێلایەنی و سەربەخۆیی و نەزاهەت بپارێزێت...؟ ئایا توانیویەتی گوتارێکی نیشتمانی بێت و سەر بەهیچ لایەنێک نەبێت، بەرنامە رێژ بکات..؟

ئایا کارە راگەیاندنەکە لەسەر ئاستی بەرپرسیاریەتی و ڕووداوەکان دا بووە؟

پێویستە حکومەت دەست لە هۆیەکانی راگەیاندن هەڵگرێت و ئازادی رادەربڕینیان بۆ برەخسێنێت

باسە زانستییەکان لە زانستییە مرۆییەکاندا، هەر تەنیا بەشێوازی تیۆری ئەنجام نادرێن، بەڵکو رەهەند پراکتیزییەکان کاریگەرییان لە دیاریکردنی گرنگیان دەبێت، ئەمەش وا پێویست دەکات، گرنگی کێشە زانستییەکان بزاندرێت و ئەم گرنگییەش لە ژێر تیشکی چەندین توخم، کە هەندێکیان پەیوەستە بەکۆمەڵگاوە بەدەردەکەوێت. گرنگی ئەم تۆژینەوەش لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کەوا ئەم تۆژینەوە لە گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەم چەرخەمانەو کاریگەرترینە لە کردەی گۆڕانی هۆیەکانی راگەیاندنی جەماوەری بۆ ئامرازە رۆشنبیرەکان، بەشێوەیەک بتوانرێت بگوترێت کەوا هۆیەکانی راگەیاندن لە چەرخی ئێستاماندا

"

**پێویستە حکومەت دەست لە هۆیەکانی راگەیاندن هەڵگرێت و ئازادی رادەربڕینیان بۆ برەخسێنێت**

"

دەتوانن زادی رۆشـنبیریمان بۆ دابین بکەن و شارەزایی رۆشنبیری بۆ ملیۆنەها هاووڵاتی دەستەبەر بکەن.

ئـەم بەها رۆشـنبیرییانەی کە دەتوانـن ببنە هۆکاری یارمەتیـدەر بـۆ ئەنجامدانـی گۆڕانکاری دیموکراسـی و گۆڕانی رەفتـاری هاووڵاتیان، کە بەهاکانی لێبووردەیی و دیالۆگ و بەڕێوەبردنی دروستی ناکۆکییەکان تێیدا رەنگ بداتەوە.

دروسـتکردنی عێراقێکی نوێ پێویستی بەگەڵاڵەکردنی دەزگا سـەربەخۆکانی راگەیاندن هەیە، کە مەبەسـتەکە لە دیاریکردنی حەقیقەتی رووداوەکانی عێراق (بەشێوەیەکی بابەتی و توانایەکی پیشەیی باڵا) بەرجەستە بێت.

هۆیەکانی راگەیاندن دەتوانن.. شارەزایی رۆشنبیری بۆ هاووڵاتییان دەستەبەر بکەن و ببنە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری دیموکراسـی، هۆیەکانی راگەیاندن بـە نێوەڕۆکـە ئامانجدارەکەیـان دەتوانـن لـە بزاوتن و دیاریکردنـی ئاراسـتەکانی جەمـاوەر بـەرەو دۆزێکـی دیاریکـراو رۆڵیان هەبێت، هەروەها کاریگەرییان لەسـەر رەوتی کارەکان و سـەقامگیری گەلان زێدەتر بووە، وەک (کۆکردنـەوەی جەماوەر بۆ وەرگرتنـی بڕیارو پێکهێنانی رایەکی گشـتی بەشـێوەیەک لە شـێوەکان سـەبارەت بە بیرۆکەیەک و یاخود دۆزێکی ئامانجدار).

لە پێناو ئاگاداربوون دەربارەی مەسـەلەی بێلایەنی و سـەربەخۆ. کەناڵەکانی راگەیاندنی عێراقی، وا بەپێویسـت زانرا پشـت بـە بەرنامەیەکـی مەیدانی ببەسـترێت، وا وا بەپێویست زانرا پشت بە بەرنامەیەکی مەیدانی ببەسترێت، بەمەبەستی زانیاری سـەبارەت بە خەسڵەتەکانی بابەتێک لە بابەتەکانی بەڕێگەیەکی بابەتییانە پەیدا بکرێت، هەروەها بۆ ئەوەی وەسفی ئەم دیاردەیەی بەرنامەکە لێیدەکۆڵێتەوە بەدیقـەت بکات و بەدەربڕینی چۆنایەتی پێشکەشـی بکات و بەدەربڕینـی چەندایەتی و بە ژمارە قەبارەی دیاردەکەو پلەی پەیوەستی لەگەڵ دیاردەکانی دیکە روونبکاتەوە.

ئامـرازی باسـەکە ئامادەکردنی فۆرمێکی (ئیسـتبیان) بوو، کە لەسـەر بنەمای زانستی و مەنهەجی داڕێژرا بوو، لە ژێر تیشکی ئەمەش رەهەند سەرەکییەکانی تۆژینەوەکە و برگـە زانیارییەکانی دیاریکران، بەمەبەسـتی گۆڕینیان بـۆ چەندین پرسـیار، لە پێناو بەشـداربوونێکی فراوان لە پانتایی ئەم باسەدا.

هەروەهـا ئەم فۆرمە بـە ئەزموونێکی مەیدانی لەلایەن قوتابیانـی خوێندنی باڵا (خوێندنـی دکتۆرا) تاقیکرایەوە و بەپێی چەندین پێشنیار لەلایەنی (زمان، بابەتی پرسیارەکان، روونـی زمـان، کاردانـەوەی بەشـداربووان، زاراوە و چەمکەکان، هەموارکراو دانەی کۆتایی دوای پێداچوونەوە دەست نیشان کرا.

هۆیەکانی راگەیاندن دەتوانـن.. شـارەزایی رۆشنبیری بۆ هاووڵاتییان دەستەبەر بکەن و ببنە هۆکـاری یارمەتیدەر بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری دیموکراسی

هەواڵنامەی کتێب

## سمپلی (عەینەی) تۆژینەوەکە:

سمپلی ئەم باسە لە (٥٠) خوێندکاری خوێندنی باڵا (ماجستێر و دکتۆرا) پێکهاتبوو، بەشێوەیەکی رەمەکی، ئەوانەی بەرێکەوت لە حەرەمی کۆلێژی راگەیاندن بوون دەست نیشان کران، بەو پێیە ئەوانە نوێنەرایەتی مامۆستایانی زانکۆ دەکەن و توێژی خوێندنی باڵان، هەروەها نوێنەرایەتی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی رەهەندی رۆشنبیری و فیکرییان هەیە.. دەکەن، جگە لەمەش بەشێوەیەکی ئەکادیمی و پیشەیی لە کەناڵەکانی ئاسمانی عێراقی دەڕوانن و رۆڵی بەرچاویان لە کۆمەڵگادا هەیە، هەندێک لە مانە: ئامادەکاری پرۆگرام و بەرنامە بوون، هەندێکی دیکەیان پێشکەشکارو بێژەری هەواڵ و پەیامنێر بوون، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هۆشیارییان لە ئاستێکی بەرز دابێت و زانستیيانە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، هۆیەکانی راگەیاندن بە نێوەڕۆکە ئامانجدارەکەیان، دەتوانن لە بزاوتن و دیاریکردنی ئاراستەکانی جەماوەر بەرەو دۆزێکی دیاریکراو رۆڵیان هەبێت.

## لێکدانەوەی دەرئەنجامەکان:

لە توێژینەکانی راگەیاندندا، دەرئەنجامەکان خۆیان لە رەهەندی ونبوو دەبیننەوە ئەمەش لە زێدە خستنەڕووی چەندایەتی دەرئەنجامەکانی بەبێ درێژەدان بە بیری تیۆری تێبینی دەکرێت، هەر لەم روانگەیەوەش دەرئەنجامەکان و خشتە ئامارییەکانی تۆژینەوەکە دەخەینەڕوو:

لەڕووی رەگەزەوە رێژەی (نێرینە) لە سمپلی تۆژینەوەکەدا گەیشتۆتە (٦٢٪) و رێژەی (مێینەش) گەیشتۆتە (٣٨٪)، بەڵام لەڕووی تەمەنەوە، ئەوانەی تەمەنیان لە (٣٥-٤٥) ساڵانەن بەپلەی یەکەم دێن بەرێژەی لە (٥٦٪) لە سمپلی تۆژینەوەکەدا، خاوەن تەمەنی (٢٥-٣٥) ساڵی بەپلەی دووەم دێن و بەرێژەی لە (٤٤٪) لە سمپلی تۆژینەوەکەدا، هەروەک لەم خشتەی خوارەوە روون دەبێتەوە:

| تەمەن | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٣٥-٤٥ | ٢٨ | ٥٦٪ |
| ٢٥-٣٥ | ٢٢ | ٤٤٪ |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لەسەر ئاستی خوێندنیشدا، خاوەن بڕوانامەی ماجستێر پلەی یەکەمەی وەدەست هێناوە بە (٢٧) دووبارەبوونەوە و بەرێژەی (٥٤٪) و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بەپلەی دوو

**"هۆیەکانی راگەیاندن بە نێوەڕۆکە ئامانجدارەکەیان، دەتوانن لە بزاوتن و دیاریکردنی ئاراستەکانی جەماوەر بەرەو دۆزێکی دیاریکراو رۆڵیان هەبێت"**

هاتووە، بە (٢٣) دووبارە بوونەوە و ڕێژەی (٪٤٦) لە سەمپڵی تۆژینەوەکەدا، ئەم خشتەی خوارەوەش ئەم ڕێژانە ڕوون دەکاتەوە:

| ئاستی خوێندن | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ماجستێر | ٢٧ | ٪٥٤ |
| دکتۆرا | ٢٣ | ٪٤٦ |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ٪١٠٠ |

لەڕووی باشترین کەناڵی ئاسمانی، بەپێی دەرئەنجامەکان، کەناڵی (عێراقییە) و (شەرقییە) پلەی یەکەمیان وەدەست هێنا. بە (٥٠) دووبارەبوونەوەی بە ڕێژەی (٪٣٣,٣)، کەناڵی (ئەلحورە- عراق)، بەپلەی دووەم هات بە (١٢) دووبارەبوونەوە و بەڕێژەی (٪٨) کەناڵی (سومەرییە) بەپلەی سێیەم هات بە (١١) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی (٪٧,٤)و کەناڵی (فورات) پلەی چوارەمی وەدەست هێنا بە (١٠) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی (٪٦,٦) و کەناڵی (بەغدادیە) بەپلەی پێنجەم هات بە (٨) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی (٪٥,٤)، کەناڵی (بەغداد)، بەپلەی شەشەم هات بە (٧) دووبارەبوونەوە ڕێژەی (٪٤,٧)، کەناڵی (ئەلرافیدەین)، پلەی حەوتەمی بەدەستهێنا بە (٢) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی (٪١,٣) لە سمپلی تۆژینەوەکەدا.

ئەم ڕێژانەش لەم خشتەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:

| کەناڵی ئاسمانی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١. العراقیە | ٥٠ | ٪٣٣,٣ |
| ٢. شەرقییە | ٥٠ | ٪٣٣,٣ |
| ٣. ئەلحورە–عراق | ١٢ | ٪٨ |
| ٤. سۆمەرییە | ١١ | ٪٧,٤ |
| ٥. فورات | ١٠ | ٪٦,٦ |
| ٦. بەغدادیە | ٨ | ٪٥,٤ |
| ٧. بەغداد | ٧ | ٪٤,٧ |
| ٨. ئەلرافیدەین | ٢ | ٪١,٣ |
| **کۆی گشتی** | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

ئەم توێژەی کە پەیوەندار بوو بە توانای کەناڵەکانی ئاسمانی عێراقی، کە تا چ ڕادەیەک دیمەن و ڕووداوەکانی سیاسی لە عێراقدا بەشێوەیەکی بابەتی بەرجەستەکردووە، ڕێژەی ئەم وەڵامانەی کە دەڵێن بەرجەستەی نەکردووە، گەیشتۆتە (٪٩٤) بە (٤٧) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی ئەوانەش کە گوتوویانە هۆیەکانی ڕاگەیاندن دیمەنەکانیان بەرجەستە کردووە، گەیشتۆتە (٪٦) بە (٦) دووبارەبوونەوە.

گەر دیقەت لە هەردوو ڕێژەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە جیاوازی نێوانیان گەلێک زۆرە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەشەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کەوا کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی لە ووتاری بابەتی و پیشەیی زۆر دوورن و لایەنگیری لە نێوەندە ڕاگەیاندنەکاندا بوونی هەیە و ئەم لایەنگیرییەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئاستەی لایەنی دیکە بە دوژمن و خائین بژمێرین، ئەمە لە کاتێکدا عێراقی نوێ پێویستی بە گەڵاڵەکردنی دەزگا سەربەخۆکانی ڕاگەیاندنە کە ئامانجەکانیان دەرخستنی (هەقیقەت) بێ. هەیە.

ئەم خشتەیەش ڕێژەکان لەم بارەیەوە ڕوون دەکاتەوە:

| وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٧ | ٪٩٤ بەرجەستە نەکردووە |
| نەخێر | ٣ | ٪٦ بەرجەستەکردووە |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ٪١٠٠ |

لە بواری هەبوونی کەناڵەکانی تایبەتمەند بە لایەنە سیاسی و ئاینییەکان، ڕێژەی (٪٨٢) بە (٤١) دووبارەبوونەوە، بە (بەڵێ) بوونی هەیە، وەڵامیان داوەتەوە، ڕێژەی لە (٪١٦) ش بە (٨) دووبارەبوونەوەی بە وەڵامێکی دیکە وەڵامیان داوەتەوە، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە، ڕێژەکەیاندن گەیشتۆتە (٪٢) بە (١) دووبارەبوونەوە.

ئەم ڕێژانەش کێشەیەکمان بۆ دەستنیشان دەکەن، ئەویش ئەوەیە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی

عێراقـی، هەریەکەیـان سـەر بەلایەنێکی سیاسـی یاخود ئایینیەوەن:

ڕێژەکانیش بەپێی ئەم خشتەیە روون دەبێتەوە:

| وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤١ | ٪٨٢ |
| وەڵامی دیکە | ٨ | ٪١٦ |
| نەخێر | ١ | ٪٢ |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ٪١٠٠ |

بەڵام تا چ ڕادەیەک، ئەم کەناڵانە کاریگەرییان لەسـەر (بینەر) هەیە، ڕێژەی ئەم وەڵامانەی بە (نەخێر) کاریگەرییان نییە، گەیشـتۆتە (٪٧٠) بـە (٣٥) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی (بەڵێ)یش گەیشـتۆتە (٪٣٠) بە (١٥) دووبارەبوونەوەش، لەمەشدا دەردەکەوێت کەوا کەناڵەکانی عێراقی کاریگەرییان لەسـەر (بینەر) کەمە، چونکە نەیانتوانیوە ئازارو خواست و ویسـتی هاووڵاتیان بەرجەسـتە بکـەن، نەک هەر ئەمە، بەڵکو هەندێکیان (ژەهر) بەسـەر گەلـی عێراق دادەرێژن، هـەر بۆیەش (بینەری عێراقی) سـەیری کەناڵەکانی غەیرە عێراقی دەکات. ئەم خشتەیەش ڕێژەکانی ئەم بوارە روون دەکاتەوە:

| وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کاریگەریی نییە | ٣٥ | ٪٧٠ |
| کاریگەریی هەیە | ١٥ | ٪٣٠ |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ٪١٠٠ |

کەناڵەکانـی ڕاگەیاندنـی عێراق، هەریەکەیان سـەر بە لایەنێکـی ئایینی یاخود سیاسـیین، ئەمە لـە کاتێکدایە کە عێراقی نوێ پێویستی بەگەڵاڵەکردنی دەزگا سەربەخۆکانی ڕاگەیانـدن کە ئامانجەکانیـان دەرخسـتنی هەقیقەت بێ.. هەیە.

لـە بـواری ئـەوەش.. کـە داخوا پێـت باشـە کەناڵێک لـە کەناڵـەکان دابخرێـت، بە کـۆی دەنگ ئـەم بۆچوونە ڕەتکراوەتەوە، چونکە دژی ئـازادی ڕادەربڕینە و هەموو کارمەندێکـی ڕاگەیاندنیـش مافـی ئەوەی هەیـە زانیاری دەست بکەوێ و شیبکاتەوە و بەکاربهێنێت.

بەپێی ئەم خشتەیەش ئەم ڕاستییە روون دەبێتەوە:

**”کـەنـاڵـەکـانـی ڕاگـەیـانـدنـی عـێـراق، هـەریـەکـەیـان سـەر بـە لایـەنـێـکـی ئـاییـنی یـاخـود سیاسییـن، ئەمە لـە کـاتـێـکـدایـە کە عێراقی نوێ پێویستی بەگەڵاڵەکردنی دەزگـا سەربەخۆکانی ڕاگەیاندن کـە ئامانجەکانیان دەرخستنی هەقیقەت بێ.. هەیە“**

| وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخێر | ٥٠ | ١٠٠٪ دانەخرێت |
| بەڵێ | – | – دابخرێت |
| **کۆی گشتی** | **٥٠** | **١٠٠٪** |

لە بـواری بێلایەنـی کەناڵەکانیش، کەناڵی (سـومەرییە) بەپلـەی یەکـەم هات، بـە (٢٧) دووبارەبوونـەوە و ڕێـژەی (٥٤٪)، (بـێ وەڵامیـش بەپلـەی دووەم هـات، بـە (٢٠) دووبارەبوونـەوەو ڕێـژەی (٤٠٪)، کەناڵـی (شـەرقییە)ش بەپلەی سـێیەم هاتووە، بە (٣) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لە (٦٪)...

خشـتەی خوارەوە ڕێژەکان دەستنیشـان دەکات:

| وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سۆمەرییە | ٢٧ | ٥٤٪ بێلایەنە |
| بێ وەڵام | ٢٠ | ٤٠٪ – |
| شەرقییە | ٣ | ٦٪ بێلایەنە... |
| **کۆی گشتی** | **٥٠** | **١٠٠٪** |

ئەمـەش ئەوە دەسـەلمێنێت، کەوا ڕێژەی (بێلایەنـی) لـە نێـوان کەناڵەکانی ئاسـمانی عێراقیدا هێجگار کەمە.

لـە کۆتایـی توێژینەوەکـەدا بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی ئەم ڕەوشـەی کەناڵەکانی ئاسـمانی عێراقـی چەندیـن پرسـیاری جۆراوجـۆر دانـراون، وەڵامـی پرسـیاری (دانانی یاسـایەکی یەکگرتوو بـۆ ڕاگەیاندنی عێراقـی) بەپلـەی یەکـەم هاتـووە بـە (١٢) دووبارەبوونـەوە و ڕێـژەی (٢٤٪)، وەڵامـی پرسـیاری (ئامادەکردنی کارمەندانی پیشەیی و دوورخسـتنەوەی گوشاری حیزبی لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن) بەپلەی دووەم هاتووە، بـە (١١) دووبارەبوونەوەو ڕێژەی لە (٢٢٪)، وەڵامی پرسیاری (پابەند بوون بە ئەخلاقیاتی پیشەیی و نیشـتمانی) بەپلەی سێیەم هاتووە بە (١٠) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لە (٢٠٪)، وەڵامی پرسـیاری (پێویستی بە ڕاگەیاندنێکی مەرکـەزی و دانانـی سانسـۆر بەمەبەسـتی بێلایەنـی بەتایبەتـی قۆناغی گواسـتنەوەدا)، بەپلـەی چوارەم هات بە (٩) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لە (١٨٪)، وەڵامی پرسیاری پێنجەم کۆتایی سەبارەت بە ڕاگرتنی تەمویلی دەرەوە بۆ کەناڵەکانی ئاسـمانی لەلایـەن لایەنەکانی سیاسـییەوە، بەپلـەی پێنجـەم هـات بـە (٨) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لە (١٦٪)..

خشـتەی خـوارەوەش ڕێـژەی چارەسەرییەکان ڕووندەکاتەوە:

| وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دانانی یاسای یەکگرتوو | ١٢ | ٢٤٪ |
| ئامادەکردنی کارمەندی پیشەیی | ١١ | ٢٢٪ |
| پابەندبوون بە ئەخلاقیاتی پیشەیی | ١٠ | ٢٠٪ |
| ڕاگەیاندنی مەرکەزی | ٩ | ١٨٪ |
| ڕاگرتنی تەمویلی دەرەوە | ٨ | ١٦٪ |
| **کۆی گشتی** | **٥٠** | **١٠٠٪** |

*** لە گۆڤاری (تواصل)، ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠٠٧، بڵاوکراوەتەوە.**

# گۆڤاری قەرەچووغ
## یەکەمین بڵاوکراوەی دەڤەری مەخموور

**بەختیار پاڵانی**

**دەروازەیەک**

بەرلەوەی باس لە یەکەمین بڵاوکراوەی دەڤەری مەخموور بکەم، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە مەخموور وەک هەر شارێکی دیکەی کوردستان ساڵانێکی یەکجار زۆر لە ژێر دەستی و چەوسانەوە دابووە، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بووەتە قەزاو لەسێ ناحیە پێکدێت، ئەوانیش (گوێڕ، دیبەگە، باقرت) و زیاتر لە دوو سەد گوندی لەخۆ گرتووە. لێرەدا نامەوێ باس لە مێژووی ئەو شارە بکەم، بەڵکو دەمەوێ باس لە رەوتی رۆژنامەگەری کوردی بکەم لەو شارەدا، بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی من کە بەدەستم گەیشتووە لە مەخموور بەگشتی تاوەکو راپەڕینی بەهاری ١٩٩١، هیچ رۆژنامە و بڵاوکراوەیەک لەو شارەدا دەرنەچووە، ئەگەرچی زۆر نووسەر و رۆژنامەنووس لەو شارە هەڵکەوتوون، بەتایبەت لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوو، زۆر لە نووسەر و رۆژنامەنووسەکان بابەتگەلێکی زۆریان بڵاوکردۆتەوە، بەتایبەت لە رووبەری رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە، وەکو (کاروان، رەنگین، هاوکاری، پاشکۆی عێراق.. هتد)، هەروەها زۆریشیان بوونەتە ئەندام لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی و ئەندام لە یەکێتی نووسەرانی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک نووسەرو رۆژنامەنووسی باش هەبوونە، بەڵام نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە بتوانن تەنیا بڵاوکراوەیەک لەو سنوورە دەربکەن.

**سەرەتایەکی زۆر کورت**

لێرەدا ئەگەر کەمێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، وەک لەسەرەوە باسم کرد کە بەر لە راپەڕین هیچ بڵاوکراوەیەک لە مەخموور دەرنەچووە، بەڵام لە کتێبی (رووناکی یەکەمین گۆڤاری کوردی لە شاری هەولێر)، کە دکتۆر، کوردستان موکریانی ئامادەی کردووە، باس لەوە دەکات کە گۆڤاری رووناکی لە ١٩٣٥/١٠/٢٤ لەلایەن شیت مستەفا و بەسەرپەرشتی حوسێن حوزنی موکریانی بڵاوکراوەتەوە، هەروەها باس لەوە دەکات. کە قایمقامی ئەو کاتەی مەخموور کە ناوی (یەحیا بەگ) بووە، زۆر هاوکاری حوزنی کردووە بۆ دابین کردنی پارە بۆ کڕینی چاپخانەیەک لە شاری مووسڵ، بۆ شاری هەولێر، هەر لەو کتێبەدا دەڵێت:




گۆڤاری ڕووناکی کە (١١) ژمارەی لێ دەرچووە، ئەو کاتە ئەو گۆڤارە لە دەڤەری گوێر و دیبەگە دابەش کراوەو لە بڕی ئەو پارەیەی کە ئەو گۆڤارە وەریگرتووە لە خەڵکی ئەو ناوچەیە، هاندەرێکی باش بووە بۆ بەردەوامی ئەو گۆڤارە، ئەمەش ئەوە نشیان دەدات کەوا پێشتر لە مەخموور، ڕۆژنامە و گۆڤار دابەشکراوە و خەڵکی ئەو دەڤـەرە بێبەش نـەبوونـە لـە خوێندنەوەی یەکەمین گۆڤاری کوردی کە لە شاری هەولێر دەرچووە.

لێرەدا دەمـەوێ ئـەوە بڵێم کە لە هیچ سـەردەمـێک و قۆنـاغـێکدا، بـارودۆخ و هەڵومەرجی ئەو شارە سەقامگیرو ئارام نـەبووە، بـەردەوام خەڵکی ئـەو ناوچەیە دەربەدەرو تەعریب کراون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە قەزای مەخموور ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و لـە بـواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە بارودۆخێکی خراپ و دژواردا بـووە. لـە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی ئەگەرچی مەخموور تەنیا (٢٠) ڕۆژ ئازادی بەخۆیەوە بینی، بەڵام بووە مایەی سەرهەڵدان و دەرچوونی یەکەمین بڵاوکراوەی مەخموور، ئەویش گۆڤاری (قەرەچووغ) بوو، کە بەهەوڵ و ماندووبوونی (غەفوور مەخمووری) کە جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین.

> ”لێـرەدا دەمـەوێ ئەوە بڵێم کە لە هیچ سەردەمێک و قۆناغێکدا، بارودۆخ و هەڵومەرجی ئەو شارە سەقامگیرو ئارام نەبووە، بـەردەوام خـەڵکی ئەو نـاوچـەیـە دەربـەدەرو تـەعریب کـراون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە قەزای مـەخـموور ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و لە بواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە بارودۆخێکی خـراپ و دژواردا بووە“

**ناساندن:**

گۆڤاری (قەرەچووغ) ژمارە (١)ی لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٩١)دا دەرچـووە، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی، سەربەخۆ، سێ مانگ جارێک لە مەخموور دەردەچێ. لە ژێرەوەی ناوی گۆڤارەکە ئەو دێڕە نووسراوە (قەرەچووغ مینبەرێکی ئازادە بۆ هەموو نووسەرێکی کورد لە هەر کوێیەکدا بێت)، سـەرنووسـەری گۆڤـارەکـە (غەفوور مەخمووری) و جێگری سەرنووسەریش (عەبدولڕەحمان بێلاف)ە، دەستەی نووسەرانی بریتی بووە لە (جەمیل سنجاوی، سۆران قارەمان).

ئـەگـەرچی وەک دەبینین نـووسـراوە لـە مەخموور دەردەچێ، بەڵام لە هەولێر چاپکراوە.

ئەوەی گۆڤاری (قەرەچووغ) لەگۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکەی ئەو سەردەمەی جیادەکاتەوە ئەوەیە، کەوا ئەم گۆڤارە پەیامنێری لە سەرجەم شارەکانی کوردستان هەبووە، هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا، ناوی چەند پەیامنێرێک نووسراوە لەوانە: پەیامنێری سلێمانی (ئەحمەد عارف) بووە، پەیامنێری شاری کەرکووک (ئازاد هەمەوەندی)

و پەیامنێری دهۆک (غیاث الدین نەقشبەندی)یە. گۆڤاری (قـەرەچـووغ) تەنیا (یـەک) ژمـارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بـەڵام ئەگەر سەیرێکی ئـەو ژمارەیـەی بکەین، دەبینین گۆڤارێکی تا بڵێی قەشەنگ و نەخشەسازی تێداکراوە، لە بەرگی یەکەمدا وێنەی هونەرمەندی گـەورە (محەمەدی ماملێ) بـەرچـاو دەکـەوێت، لە تەنیشتییەوە نووسراوە (محەمەدی ماملێ ڕۆحـی خـۆی پێشکەشتان دەکـات!!)، هەروەها لە بەرگی یەکەمدا، وێنەیەکی شاری مەخموور و چیای قەرەچووغ بەرچاو دەکەوێت، لە بەرگی کۆتاییدا تابلۆیەکی هونەرمەند (فوئاد ڕەسوول) بەرچاو دەکەوێت، جگە لەمەش نووسراوە، نرخی (١,٥٠٠) فلسە. هەروەها بە زمانی ئینگلیزی ناونیشانی گۆڤارەکە نووسراوە.

وەک باسمان کرد گۆڤارەکە، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، بۆیە دەبینین چەندین بابەتی هەمەڕەنگ و وەرگێڕان و چیرۆک و فۆلکلۆری تێدا بەدی دەکرێت. گۆڤاری (قەرەچووغ) لە دووتوێی گۆڤارێکی قەبارە گەورە (٦٨) لاپەڕە دەرچووە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە، کە گۆڤاری (قەرەچووغ) تەنیا یەک ژمارەی وەکو گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی، سەربەخۆ لێ دەرچووە، بەڵام دوای دابڕانێکی (٨) ساڵە، ئینجا جارێکی دی هەر بەناوی (قەرەچووغ) گۆڤارێکی دیکە دەرچووە کە ژمارە (١)ی لە بەهاری ساڵی (١٩٩٩) لەلایەن هەرێمی قەرەچووغی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان وەک گۆڤارێکی سیاسی، ڕۆشنبیری، گشتی خۆی ناساندووە (٩) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە (٦) بەرگدا، دوا ژمارەی (٩)ی لە زستانی (٢٠٠٣)دا بڵاوکراوەتەوە.

**"** * **گۆڤاری (قەرەچووغ) تەنیا (یەک) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئەو ژمارەیەی بکەین، دەبینین گۆڤارێکی تا بڵێی قەشەنگ و نەخشەسازی تێداکراوە**

* **(قەرەچووغ)یش وەکو یەکەم هەنگاوی خەریکە هەنگاو دەنێت بەرەو کاروانی ڕۆژنامەنووسی کوردی** **"**

## ناوەڕۆک:

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە تێروتەسەلی باس لە ناوەڕۆکی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری (قەرەچووغ) بکەم، بەتایبەت لەلاپەڕەی دوودا، سەرنووسەر بەناونیشانی (ئەوەی پێویستە بیزانین) بابەتێکی کورتی نووسیوە و دەڵێت:

(پاش هیلاکی یەکی زۆرو بە ئیمکانیاتێکی کەم توانیمان وەڵامی قەرەچوغ گەیشتە کوێ؟ زۆری ماوە؟ چ بوو دەرنەچوو؟..؟ بدەینەوە. بەڵێ، چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک لەم سەردەمەدا کارێکی هێندە سانا نی یە شەونخونی یەکی لە ڕادەبەدەری دەوێ. (قەرەچووغ) یش وەکو یەکەم هەنگاوی خەریکە هەنگاو دەنێت بەرەو کاروانی ڕۆژنامەنووسی کوردی، ویستمان دانەبڕانمانە لەم کاروانە و واقیعی ئەمڕۆی کوردستان.

بەهەرحاڵ نیازخوازین شتێکمان بەشتێک کردبێت (قەرەچووغ) لە ئاستی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی

ئەمرۆماندا بێت).

دوای ئەوەی هەر لەلاپەڕە (٢)دا، سەرنجێک نووسراوە و داوا لە خوێنەران دەکات ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکەن، تێیدا هاتووە:

١. تکایە نووسینەکانتان با بەخەتێکی جوان و شاش و واش بێت.

٢. هەموو نووسینێک بڵاوبکرێتەوە یان نا، بەخاوەنەکەی نادرێتەوە.

٣. نووسەران خۆیان بەرپرسیاری ناوەڕۆکی نووسینەکانیانن.

٤. ریزکردنی بەرهەمەکانی پێوەندی بەهیچ شتێکەوە نی یە، جگە لە پێویستی هونەری نەبێت.

هەروەها لەلاپەڕە (٥)دا (ووتەی ژمارە بەناونیشانی (بارودۆخی ڕۆشنبیری ئەمرۆمان) لەلایەن دەستەی نووسەران ئامادەکراوە.

## ئیندێکسی ژمارە (١)ی گۆڤاری قەرەچووغ

**لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئیندێکسی تەواوی ژمارە (١)ی گۆڤاری (قەرەچووغ) بخەمەڕوو، کە لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٩١) دەرچووە.**

| ژ | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | لاپەڕە | وەرگێڕان | جۆری بابەت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەستەی نووسەران | بارودۆخی ڕۆشنبیری ئەمرۆمان | ٥ | – | وتەی ژمارە |
| ٢ | عەبدولڕەحمان بێلاف | دڵداری نەمرو ئاوڕدانەیەك | ٧ | – | ڕەخنە و لێكۆڵینەوە |
| ٣ | ئیسماعیل پەروەر | شیعرو تەقینەوەی سەردەم | ٩ | – | لێكۆڵینەوە |
| ٤ | بەكر شوانی | كۆچی دوایی شاعیری قسەخۆش مامۆستا مەلا (خەمبار) | ١١ | – | لێكۆڵینەوە |
| ٥ | تاریق كارێزی | بوون و پلەكانی بوون لە بوونەوەردا | ١٤ | – | فەلسەفە |
| ٦ | سۆران قارەمان | ژیان و هونەرو چەند سەرنجێك | ٢١ | – | لێكۆڵینەوە |
| ٧ | عادل گەرمیانی | ئایا وەرگێر خاینە...!؟ | ٢٥ | – | لێكۆڵینەوە |
| ٨ | كەریم سۆڤ | (ئازادی شیعری ڤیكتۆر هۆگر | ٢٧ | – | وەرگێڕان |
| ٩ | عەبدولڕەحمان مزوری | وێنەیەك | ٣٠ | – | شیعر |
| ١٠ | عەباس عەبدوللا یوسف | (........) | ٣١ | – | شیعر |
| ١١ | ڕۆستەم باجەلان | بەشێكی تر لە گرانەتا | ٣٣ | – | شیعر |
| ١٢ | قادر ئیبراهیم مینە | دەغەزاری | ٤٤ | – | شیعر |
| ١٣ | حەسەن مەولود جاستانی | بەرپێنە | ٤٦ | – | شیعر |
| ١٤ | ئەحمەد ڕەزا | پێویستی | ٤٨ | – | شیعر |
| ١٥ | مەحموود كانی | خۆشم دەوێی | ٤٨ | – | شیعر |
| ١٦ | ڕێباز | تراژیدیای مەرگی ئینسانێك | ٤٩ | – | شیعر |
| ١٧ | حەسەن سەربەندی | ئێمەو ئەوان | ٥١ | – | شیعر |
| ١٨ | تارای مەلا بەكر | پرسیار | ٥١ | – | شیعر |
| ١٩ | سەعدی عەلی | كۆڵێت | ٥٢ | – | چیرۆك |
| ٢٠ | ئەحمەد عارف | ژووری ژمارە (١) | ٥٦ | – | چیرۆك |
| ٢١ | سابیر ڕەشید | چوار چیرۆكی زۆر كورت | ٥٨ | – | چیرۆك |
| ٢٢ | هیمدادی حوسێن | نەگەڕانەوە | ٥٩ | – | كورتە چیرۆك |
| ٢٣ | عەبدولڕەحمان مەعرووف ڕەسوول | لە پرسەی دەنگێكی خنكێنراو | ٦٠ | – | پەخشان |
| ٢٤ | بەیان محەمەد هەڵەبجەیی | دوو دڵۆپ فرمێسكی قەتیس ماو لە چاوی بێ ئۆقرەییدا | ٦٢ | – | پەخشان |
| ٢٥ | محەمەد ڕوشدی دزەیی | چیای قەرەچووغ | ٦٤ | – | فۆلكلۆر |
| ٢٦ | فكرەت عزەت | محەمەدی مامڵێ | ٦٧ | – | چاوپێكەوتنی ژمارە |
| ٢٧ | مومتاز حەیدەری | پاش (٥٨) ساڵ هەمان هاواری (هاوار)؟! | ٧٣ | – | بابەتی هەڵبژاردە |
| ٢٨ | جەمیل سنجاوی | ئەكتەری كۆمێدی فەرەنسی (لوێ دیفۆنس) | ٧٧ | – | هونەر |
| ٢٩ | هیمداد | لە پەراوێزی كۆنگرەی ڕاپەڕینەوە | ٨٥ | – | قەرەچووغ لە كۆنگرەی ڕاپەڕیندا |
| ٣٠ | غەفوور مەخمووری | یەك دوو دەقیقە لەگەڵ كاك شێركۆ بێكەس ـی شاعیردا | ٨٤ | – | قەرەچووغ لە كۆنگرەی ڕاپەڕیندا |
| ٣١ | غەفوور مەخمووری | كەژاڵ ئەحمەد لەگەڵ ئەوە دانیم شیعر بەو پیرۆزییە بكرێتە شیعارات! | ٨٧ | – | قەرەچووغ لە كۆنگرەی ڕاپەڕیندا |

# چەمکە بنەڕەتییەکانی هەواڵ نووسین

نووسینی: د. نەعیم بەدیعی
وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

ئەو هەواڵەی کە لەڕێگەی ماس میدیاوە بە خەڵک دەگات، دەبێ دروست[1]، ڕوون[2] و کامڵ[3] بێت. ئەم چەمکانە دەبێ لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ڕووداوێک تا قۆناغی خستنەڕووی لەبەرچاوبگیردرێت.

*** دروستی هەواڵ**

یەکێک لە بەرپرسیارێتییە گرنگەکانی میدیاکانی هەواڵ، خستنەڕووی زانیاری دروستە بۆ وەرگرەکان. دڵنیابوون لە دروستی بابەتەکان لە پێداویستییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانییە. هەواڵنێر دەبێ ڕووداوەکە بەو چەشنەی کە ڕوویداوە، نەک بەوچەشنەی کە حەزی لێبووە ڕووبدات، بیگەیەنێتە وەرگرەکان.

چاپکردنی بەدرۆخستنەوەکان[4] لە ڕێگەی کەس و ڕێکخراوە دەوڵەتی و تایبەتییەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا نیشانەی بایەخ نەدانە بە ئامادەکردنی هەواڵێکی دروست یاخود کامڵ لەلایەن هەواڵنێر، سەرنووسەر یاخود هەر بەرپرسێکی دیکەوە. لە زۆرینەی کاتەکاندا، بڵاوبوونەوەی بابەتە نادروستەکان دەربارەی کەسە ڕاستەقینە یاخود یاساییەکان لەوانەیە ڕۆژنامەکە ڕووبەڕووی کێشەی یاسایی بکاتەوە.

بڵاوبوونەوەی بابەتە نادروستەکان یا هەڵەکان دەبێتەمایەی کشانەوەی متمانەی خەڵک لە ڕۆژنامە، گۆڤار یا هەر میدیایەکی دیکەی هەواڵ و ئەوان بەرەو ژێدەرەکانی دیکەی هەواڵ ڕێنما دەکات. بەمپێیە، دەبێ دەربارەی ڕووداوێک، بەتەواوەتی توێژینەوەی بۆ بکرێت و زانیاریی بەدەستهاتوو لەگەڵ ژێدەرەکانی دیکەدا بەراورد بکرێت. هیچ کاتێک نابێ دروستی هەواڵ بکرێتە قوربانی خێرایی بڵاوبوونەوە.

*** ڕوونی هەواڵ**

نووسراوێکی هەواڵیانە دەبێ بە ڕاشکاویی و ڕوونییەوە ڕێکبخرێت. ئەو هەواڵنێرەی کە هەواڵ لە ڕووداوێکەوە ئامادە دەکات، ئەگەر نەتوانێ زانیاریی خۆی بە زمانێکی سادە، زۆر ڕوون و بێ ئاڵۆزی بنووسێت، ناتوانێ

لە کارەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێت. زاراوە یاسایی، تەکنیکی، پزیشکییەکان و.. دەبێ بەجۆرێک بنووسرێن کە تێگەیشتنی بابەتەکە بۆ هەمووان ئاسان بێت.

فاکتەرگەلێکی جۆراوجۆر دەبنە مایەی ناڕوونی هەواڵ[5] کە ژمارەیەکیان لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەواڵنێردایە. لە دەستەی نووسەراندا، خێرایی تێپەڕبوونی کات، هەمیشە ڕۆژنامەنووسان دەخاتە ژێر گوشارەوە. هونەری هەواڵنێری لەمەدایە کە بتوانێ زانیاری دروست لە کەمترین کاتدا بەدەست بهێنێت و بەباشترین شێواز ئۆرگانیزەی بکات. ئەگەر بۆ نووسینی ڕووداوێکی هەواڵیانە دوو ڕۆژ یاخود پتر کات بەهەدەر بدرێت، دیارە کێشەگەلێکی کەمتری دەبێت. گرنگترین هۆکار کە دەبێتە مایەی ناڕوونی هەواڵ، دروست پەی نەبردنە بە بابەتی هەواڵەکە لەلایەن هەواڵنێرەوە. ئەم کێشەیە دەکرێ بە شرۆڤەکردنی زیاتر، دووبارە پرسیار لە ژێدەری هەواڵ و خراپی لە پەیبردن بە بابەتەکە لاببات. لە ڕاستیدا ئەگەر هەواڵێک بە دروستی لەلایەن هەواڵنێرەوە پەی پێ ببردرێت، ناوبراو دەتوانێ ئەو هەواڵە بۆ وەرگرەکان بگوازێتەوە.

*** کاملبوونی هەواڵ**

هەواڵ، دەبێ کۆو کامل بێت، وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەلای وەرگرانی دێتەئارا. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەوڵ بدرێت بەشێوەیەکی کامل وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەندیدار بە (ڕەگەزەکانی هەواڵ)[6] بدرێتەوە. (ڕەگەزەکانی هەواڵ) لە لاپەڕەکانی دواتردا شی کراوەتەوە.

هەواڵنێر بۆ کاملکردنی هەواڵ، وێڕای دۆزینەوەی (ڕەگەزەکانی هەواڵ)، دەبێ وەڵامی پرسیارە لاوەکییەکانیش بداتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەواڵنێر دەبێ خۆی بخاتە جێگەی وەرگرەکانەوەو دوای ڕێکخستنی هەواڵ سەرلەنوێ هەڵیبسەنگێنێتەوە و وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە کە بۆی خودی خۆی دێتەئارا. سوودوەرگرتن لە زانیاریی ئەرشیف[7] و ئاماژەکردن بە باکگراوندی هەواڵ[8] لە زۆرینەی هەلومەرجەکاندا یارمەتییەکی شایستەی کاملبوونی هەواڵ دەدات.

*** ناسینی هەواڵ: هەواڵ چییە؟**

ئەرکەکانی میدیاکان لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا، کەم و زۆر یەکسانەو یەکەمین ئەرکی چاپەمەنی گەڕانە بەدوای زانیاری و هەواڵەکان و گواستنەوەشیانە. بەڵام ئایا هەرشتێ لە جیهانی دەوروبەری ئێمەدا ڕوو بدات

*** هەواڵ، دەبێ کۆو کامل بێت، وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەلای وەرگرانی دێتەئارا**

*** هەواڵنێر بۆ کاملکردنی هەواڵ، وێڕای دۆزینەوەی (ڕەگەزەکانی هەواڵ)، دەبێ وەڵامی پرسیارە لاوەکییەکانیش بداتەوە**

(هــەواڵ)ە؟ یەکەمین قۆناغ لە پرۆسەی ئامادەکردن و ڕێکخستنی هەواڵدا ناسینییەتی. دەبێ هەواڵ بناسرێت و ئاگاداری کرۆکی بین.

*** پێناسە جۆراوجۆرەکان کە لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە بۆ هەواڵ خراوەتەڕوو**

- هەواڵ گەیاندنی واقیعییەتەکانە، بەڵام هەموو واقیعێک ناتوانرێ ناوی بنرێت هەواڵ.
- هەواڵ پەیامێکە کە ئەگەری ڕاستی و درۆی تێدایە.
- هەواڵ بەناچارییەوە گەیاندنی ڕووداوە هەنووکەییەکان (تازەکان) نییە. لەوانەیە ڕووداوێک کە ساڵانێک لەمەوپێش ڕوویداوە، بە هاتنەئارای زانیاری نوێ بەهایەکی هەواڵیانە پەیدا بکات. (هــەواڵــەکانی پــەیوەندیدار بە دۆزینەوە ئارکۆلۆژییەکان، چالاکییە سیخوڕییەکان و...)
- هــەواڵ ڕووداوێکە کە بڕیارە ڕووبدات، بەڵام هێشتا ڕووینەداوە. (هەواڵی پەیوەندیدار بە گەشتەکان، دیدارەکان، کۆنفرانسەکان و...)
- ڕووداوێــک کــە بۆ کەسێک یاخود دەستەیەک (بەهاکانی هــەواڵ)[9]ی هەیە، لەوانەیە بۆ کەسێکی دیکە یاخود دەستەیەکی دیکە بێ بایەخ بێت.

لە زۆرینــەی کتێبە ڕۆژنامەوانییەکاندا، بۆ ناسینی هــەواڵ نموونەگەلێک بۆ ئەم پێناسانە لەگەڵ نموونەی: "ئــەگەر کەسێک گاز لە سەگێک بگرێت هــەواڵــە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر سەگێک گاز لە کەسێک بگرێت هەواڵ نییە" هێنراوەتەوە. زۆرینــەی ئــەم پێناسانە، هەروەک ئەم نموونەیە تەنها پشتیان بەیەک ڕەهەندی هەواڵەکە بەستووە کە لەم نموونەیەدا (پێکدادانی مرۆڤە لەگەڵ گیانلەبەر)دایە. بە تێپەڕبوونی ساڵانێک بەسەر توێژینەوە لە زەمینەی هەواڵدا، هێشتا پرسیاری (هەواڵ چییە؟) هەیە. بەڕواڵەت کێشەی باو، نەبوونی تیۆرێکی نکۆڵی لێنەکراو بووە کە بتوانێ هەواڵەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بابەتە جۆراوجۆرەکانی وەک سیاسی، ئابوری، کلتوریی و... لەخۆبگرێت.

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، توێژینەوەی بەرفراوان لە بواری ناسینی کرۆکی هەواڵدا ئەنجام دراوەو بەرهەمی ئەم توێژینەوانە، هەواڵ لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان و بەها جیاوازەکانەوە پێناس دەکەن.

*** بەهاکانی هەواڵ**

هەر ڕۆژەی سەدان و ڕەنگە هەزاران ڕووداوی بچووک و مەزن لە گۆشەو کەنارەکانی جیهاندا ڕوودەدات، بەڵام

**نموونەی: "ئەگەر کەسێک گاز لە سەگێک بگرێت هەواڵە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر سەگێک گاز لە کەسێک بگرێت هەواڵ نییە" هێنراوەتەوە. زۆرینەی ئەم پێناسانە، هەروەک ئەم نموونەیە تەنها پشتیان بەیەک ڕەهەندی هەواڵەکە بەستووە کە لەم نموونەیەدا (پێکدادانی مرۆڤە لەگەڵ گیانلەبەر)دایە**

ئەگەری ئامادەکردنی ڕاپۆرت دەربارەی هەموویان بوونی نییەو ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداوەکانیش بەهای هەواڵیانەی پێویستیان بۆ ڕیپۆرتکردن و گواستنەوەیان بۆ وەرگرەکان نییە. بەم پێیە بۆ جیاکردنەوەی ئەمەی کە چ ڕووداوێک بەهای ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەیە، پێویستی بەو پێوەرانەیە کە بە یارمەتی ئەوەوە بتوانرێ ڕووداوەکان بنرخێندرێن و ڕاپۆرتێکی کامڵ لەو ڕووداوەوە بۆ وەرگرەکان ئامادە بکرێت. ئەم پێوەرانە کە بە تەنیایی یاخود هەندێک جار بە ئاوێتەکردنیان لەگەڵ یەکتردا، ڕووداوێک دەهێننە ئارا و لە کرۆکی خودی ڕووداوەکەدا هەن بە (بەهاکانی هەواڵ) ناودەبرێن.

گرنگی ناسینی بەهاکانی هەواڵ لەمەدایە کە دەتوانرێ هەم یارمەتی هەواڵنێر لە ناسین و تێگەیشتنی هەواڵ (دۆزینەوەی بیرۆکە)دا بدات، هەم لە ڕێکخستنی هەواڵدا یارمەتی بدات و هەم دەتوانرێ وەک کۆمەڵە پێوەرێک بۆ بەراوردکردن، نرخاندن و هەڵبژاردنی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان (لەڕووی دەستنیشانکردنی ئەولەوییەت، جێگەکەیان لە لاپەڕەدا، ئەندازەی مانشێت و...) بەکاربهێنرێت.

### ١. لەخۆگری:

ڕووداوێک کاتێ خاوەنی بەهای (لەخۆگری)[10] یە کە ساتی ئێستا یاخود ئایندەدا کاریگەریی لەسەر ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا هەبێت. (لەخۆگری) ڕووداوێک لەوانەیە ببێتەمایەی قازانج یاخود زیانی چ ماددی یاخود مەعنەوی تاکەکانی کۆمەڵگا. (لەخۆگری) سەبارەت بە وەرگرەکانی میدیایەک ڕێژەییە. بۆ نموونە ڕۆژنامەیەکی گشتی کە کۆمەڵە وەرگرێکی لەهەموو چین وتوێژێکی کۆمەڵگادا هەیە، لەئاستی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردن لەنێوان چەند ڕووداوێک لەگەڵ وەرگرە جۆراوجۆرەکان، سروشتییە کە بەلەبەرچاوگرتنی بەهای لەخۆگری، هەواڵەکە هەڵدەبژێرێت کە گرووپێکی پتری وەرگر لەخۆدەگرێت.

**بنۆڕە ئەم نموونانەی خوارەوە:**

١. ناسنامەی گشت هاولاتیانی ولات دەگۆڕدرێت.

٢. پزیشکان لە وەرگرتنی باجی دامەزراندنی چارەسەرگە بەخشران.

٣. سەرجەم چین وتوێژەکان بیمەی ناچاریانە دەکرێن.

٤. باجی چوونەدەرەوە لە ولات بەرێژەی (٪١٠) زیادی کرد.

بەلەبەرچاوگرتنی بەهای هەواڵی لەخۆگری (سەرتاپاگیری) ئەو کاریگەرییەی کە لە هەواڵی ژمارە

گرنگی ناسینی بەهاکانی هەواڵ لەمەدایە کە دەتوانرێ هەم یارمەتی هەواڵنێر لە ناسین و تێگەیشتنی هەواڵ (دۆزینەوەی بیرۆکە)دا بدات، هەم لە ڕێکخستنی هەواڵدا یارمەتی بدات

(١)دا بۆسەر گشت خەڵک هەیەتی، جێگەی گومان نییەو بەم شێوەیە هەواڵەکانی ژمارە (٢)، ژمارە (٣) و ژمارە (٤) لە ڕوانگەی (لەخۆگری)یەوە بەڕیز دەچنە پلەکانی دواترەوە. هەواڵی یەکەم، سەرجەم تاکەکانی وڵات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەخۆدەگرێت، لەکاتێکدا کە هەواڵەکانی دواتر کۆمەڵە خەڵکێک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕووپۆش دەکات و بێگومان بەهای (لەخۆگری) لە هەواڵی یەکەمدا پترە. لەگەڵ ئەمەشدا لەبارەی میدیاکانەوە، دانانی پلەی یەکەم جیاوازە. میدیایەکی تایبەت بە پزیشکان هەواڵی ژمارە (٢) دەخاتە پلەی یەکەمەوە و ئۆرگانێکی چین وتوێژەکانیش هەواڵی ژمارە (٣). کەواتە لەکاتێکدا کە هەواڵێک بەشێوەیەکی ڕەها دەکرێ بەهای لەخۆگری بۆ میدیاکان هەبێت، بەلای میدیاکانی دیکەوە ڕێژەییە. ئەم خاڵە لەو ڕووەوە ئاماژەمان بۆ کرد کە هەر هەواڵنێرێک بەلەبەرچاوگرتنی ستراتیژی میدیاو ئەو وەرگرانەی هەیەتی، دەبێ بەهای هەواڵی (لەخۆگری) هەڵبسەنگێنێت.

**٢. ناسراوێتی:**

کەسە ڕاستەقینەو یاساییەکان و تەنانەت هەندێ لە شتەکان، هەرکاتێ بەهۆی چالاکییەکان و ناسراوێتیانەوە لە کۆمەڵگای میللی و پۆست میللی ناسراو بن، بەهای هەواڵیان هەیە.

ناسراوێتی[11] لەوانەیە هەندێک جار بەمانای ئەرێنی یاخود نەرێنیان هەبێت. کەسەکان و ناوەندەکانی کۆمەڵگا و هەندێ لە شتەکان و بەشێوەیەکی کورت گیاندارو بێ گیان لە ناسراوێتیدا یەکسان نین، لەبەر ئەم هۆیە بەهای هەواڵی یەکسانیشیان نییە، کەسایەتییە مەزهەبی، سیاسی، کلتوریی، کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکەوەو بێگیان و چەقبەستوو لەلایەکی دیکەوە، یاخود ڕێکخراوەکان و بەڕێوەبەرایەتییە تایبەتی و دەوڵەتییەکان کە بەهۆی کارەکانیانەوە یاخود خزمەتەکانیانەوە لەناو خەڵکدا ناسرا بن، ئەم ڕەهەندی هەواڵییە لەخۆدەگرن. مردنی کەسێکی ئاسایی لەگەڵ کۆچی دوایی کەسێکی ناسراو بەهایەکی هەواڵی یەکسانیان نییە. بینای یادکردنەوەو بەناوبانگ بینا یاخود خانوویەک وەک ڕەمزێک لە شارێک یاخود وڵاتێکدا لەگەڵ ماڵێکی ئاسایی لە شار یا گوندێکدا لەڕوانگەی بەهای هەواڵییەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە. بەمپێیە بەهای ناسراوێتی لەبارەی گیانلەبەرو بێگیانەوە بەلەبەرچاوگرتنی ناسراوێتیەکەیەوە لای کۆمەڵگای میللی یاخود جیهانی، بەهاکەی دەستنیشان دەکرێت و دەنرخێندرێت.

"کەسە ڕاستەقینەو یاساییەکان و تەنانەت هەندێ لە شتەکان، هەرکاتێ بەهۆی چالاکییەکان و ناسراوێتیانەوە لە کۆمەڵگای میللی و پۆست میللی ناسراو بن، بەهای هەواڵیان هەیە"

**ئەم نموونانە لەبەرچاو بگرە:**

-١وەزیری پیشەسازی سبەی بۆ ئەڵمانیا دەچێت.
-٢سەرۆک کۆمار بۆ ئەڵمانیا دەچێت.
-٣مامۆستایەک لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە گیانی سپارد.

لەم سێ نموونەیەدا بەهای ناسراوێتی دەردەکەوێت، بەپێی بەراورد لە دوو نموونەی یەکەمدا گەشتی وەزیری پیشەسازی و گەشتی سەرۆک کۆمار لە ڕوانگەی پلەوپایەوە بەدڵنیاییەوە سەرۆک کۆمار ناسراوییەکی زیاتری هەیە.

**نموونەکان:**

١. بورجی ئیڤل بەرەو خراپ بوون دەچێت.
٢. بینایەک لە شەقامی پیرەمێرد بەرەو خراپ بوون دەچێت.

لەم نموونانەدا ناوبانگی بورجی ئیڤل وەک ڕەمزێکی شاری پاریس بەهایەکی هەواڵیانە دەداتە هەواڵەکە، لەکاتێکدا کە بینایەک لە شەقامی پیرەمێرد بەهای ناسراوێتی تێدانییە.

**٣. پێکدادانەکان، ناکۆکییەکان، شەڕەکان، کێشمەکێشمەکان.**

ئەم جۆرە ڕووداوانە لەخۆگری پێکدادان[12] (ناکۆکی، کێشمەکێش یا شەڕ)ە لە نێوان کەسەکان، گروپەکان، میللەتان، گیانلەبەران لەگەڵ یەکتر لە سروشتدا. پێکدادان لەوانەیە بەشێوەی جەستەیی (فیزیکی)[13] یا فکریی و ئایدۆلۆژی[14] بێت. ئەگەر کەسێک گومانی لە گرنگی ئەم ڕەهەندەی هەواڵ هەیە، پێویستە سەرنجێک بداتە ڕۆژنامەکان. هەر ڕۆژەی دەیان ڕاپۆرت کە لەخۆگری ئەم ڕەهەندە هەواڵیەیە (بە تەنیایی یا بە ئاوێتەکردنیان لەگەڵ بەهاکانیتری هەواڵدا) لە ڕۆژنامەکاندا چاپ دەکرێت. هەواڵەکانی دزین، کوشتن، تاوانی ڕووداوەکان، لافاو، بومەلەرزە، جەنگ، مانگرتن، سودوەرگرتنی خراپی دارایی، دژایەتییە سیاسییەکان، خۆپیشاندان و. نموونەگەلێکن لەو ڕووداوانەی کە فاکتەر پێکدادان، ناکۆکی یاخود شەڕیان تیادا هەیە. هۆکاری گرنگی ئەم بەهای هەواڵییە لەمەدایە کە لە پێکدادانەکان، هەمیشە ئەگەری تێکچوونی هاوسەنگی ئێستا لەکۆمەڵگادا هەیە کە کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ماددی و مەعنەوی تاکەکان هەیە. هەروەها لەوانەیە پێکدادان ئەرێنی بێت وەک ململانێ وەرزشییەکان، یاخود ململانێی دەنگ و بیروباوەڕەکان، یاخود نەرێنی بێت وەک جەنگ و شەڕو پێکدادانەکان.

"دژایەتییە سیاسییەکان، خۆپیشاندان و. نموونەگەلێکن لەو ڕووداوانەی کە فاکتەر پێکدادان، ناکۆکی یاخود شەڕیان تیادا هەیە. هۆکاری گرنگی ئەم بەهای هەواڵییە لەمەدایە کە لە پێکدادانەکان، هەمیشە ئەگەری تێکچوونی هاوسەنگی ئێستا لەکۆمەڵگادا هەیە کە کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ماددی و مەعنەوی تاکەکان هەیە"

**نموونەكان:**

١. خۆپیشاندانە خوێندكارییەكان سەرتاسەری كۆریای باشووری گرتەوە.
٢. نازییە نوێیەكان، ئۆردوگای پەنابەرە دەرەكییەكانیان سووتاند.
٣. پێكدانانی دوو شەمەندەفەر (١٠٠) كوژراوی لێكەوتەوە.
٤. بومەلەرزە لە توركیا (٢٠) هەزار كەسی كوشت.
٥. ململانێی پارتە سیاسییەكان لە لێواری هەڵبژاردنەكاندا توند دەبن.

### ٤. جیاوك، سەرسوڕهێنەر

ڕووداوە نائاساییی، جیاوك، سەرسوڕهێنەر[15] یاخود نایابەكانە. لە هەندێكجاردا، ئەم ڕووداوانە بەپێچەوانەی پێشبینی یاخود چاوەڕوانییەوە ڕوودەدات. دزی نائاساییە بەڵام سەرسوڕهێنەر نییە، لەوانەیە چۆنییەتی دزینەكە سەرسوڕهێنەر بێت، داهێنانەكان و دۆزینەوەكان دەتوانرێ وەك نموونەگەلێك بۆ ئەو ڕووداوانە ناوببردرێت كە خاوەنی ئەم بەهای هەواڵییەن.

**نموونەكان:**

**نیودەلهی- ئاژانسی كۆماری ئیسلامی: ژنێكی تەمەن (٩٠) ساڵ لە ئەیالەتی راجستانی هیندستان لە منداڵبوونێكی سروشتیدا، كۆرپەلەیەكی كچی هێنایە دنیا.**

**(ژاگۆی)ی تەمەن (٩٠) ساڵ خاوەنی (٣٠) منداڵ و نەوەیەو هاوسەرەكەی (٩٢) ساڵە.**

**داڵاس (تەكساس)- ئەسۆشێتد پریس: پسپۆرانی كۆلیژی پزیشكی زانكۆی هارڤارد ڕایانگەیاند كە هەوكردنە توند و ڤایرۆسییەكان، هاوشێوەی ئەوانەی كە دەبنە مایەی هەڵامەت (سرماخوردگی)ی توند، لەوانەیە ڕۆڵی لە دڵەوستانیشدا هەبێت.**

هۆكاری گرنگی: سەرنجراكێشبوونی ڕووداوەكە، جوڵاندنی هەستی بەدواداگەڕان لە وەرگرەكاندا.

نموونەگەلێكی دیكە:

١. ژنێك لە ئوستراليا (١٢) كۆرپەلەی لەسكدایە.
٢. هەزاران بۆق هێرشیان كردە سەر گوندەكانی نەهاوەند.
٣. شوێنەوارناسانی ئەمریكا ڕایانگەیاند ئێسكەپەیكەری دایناسورەكانی پەیوەندیدار بە (١٤٠) ملیۆن ساڵ لەمەوپێش لە خۆرئاوای ئەو وڵاتەدا دۆزرانەوە.
٤. ماڵێك لەشێوەی ڕۆمی كە شوێنێكی نانخواردن لەژێر بورجی پیتزا لە ئیتاڵیا دۆزرایەوە.

**"دزی نائاساییە، بەڵام سەرسوڕهێنەر نییە، لەوانەیە چۆنییەتی دزینەكە سەرسوڕهێنەر بێت، داهێنانەكان و دۆزینەوەكان دەتوانرێ وەك نموونەگەلێك بۆ ئەو ڕووداوانە ناوببردرێت كە خاوەنی ئەم بەهای هەواڵییەن"**

٥. ژمارەی منداڵانی گوندێک لە تورکیا گەیشتە (٤٠) کەس.

**٥. مەزنێتی[16] و فراوانی ژمارەو بڕ:**

ئەم بەهای هەواڵییە پەیوەستە بە ژمارەو ئامارەوە. ژمارە لەوانەیە ژمارەی کەس یاخود ڕێژەی زیانە گیانی و داراییەکان بێت.

هەرتاوەکو ژمارە یاخود بڕ زیاتر بێت، گرنگی ئەم بەهای هەواڵییە پتر دەبێت. ئەگەر لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا (٥٠) کەس بکوژرێن، بەها هەواڵییەکەی شیاو بەراورد کردن نییە لەگەڵ ڕووداوێکدا کە دوو کەسی تیادا کوژرابێت. دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیردرێت کە گرنگی ژمارەو ئامار ڕێژەییەو وابەستە بە بابەتی ڕووداوەکەوە.

نموونەکان:

١. گەردەلوولی ئەندرۆ لە فیلادلفیا یەک ملیارد دۆلار زیانی هەبوو.

٢. ٧٠ کەس لە پێکدادانی ئۆتۆمبێلێکی گەشتکردندا کوژران.

٣. هەڵاوسان لە بەرازیل گەیشتە ڕێژەی (٣٠٠٪).

٤. تیپی تۆپی پێی بەرازیل (١٢) گۆڵی لە تیپی بەریتانیا کرد.

٥. دوو ملیۆن کورد لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا لە شار چوونە دەرەوە.

**٦. نزیکایەتی:**

بەهەمان شێوەی کە ڕووداوێک بۆ کەسێک هەواڵە، لەوانەیە بۆ کەسێکی دیکە هەواڵ نەبێت، ئەو ڕووداوانەی کە بۆ خەڵکی شارێک هەواڵە، لەوانەیە بۆ شارێکی دیکە بەهایەکی یەکسانی هەواڵی نەبێت. (نزیکایەتی)[17] بەدوو شێوە دەکرێ بۆ وەرگرەکانی بەهای هەواڵیانەی هەبێت: نزیکایەتی جیۆگرافی[18] و نزیکایەتی مەعنەوییە[19].

وەرگران لە پلەی یەکەمدا حەز دەکەن دەربارەی ئەو ڕووداوانەی شار یاخود وڵاتێک کە تیایدا دەژین، زانیاری وەربگرن و پاشان وڵاتانیتر. لە ڕەهەندی ئەم بەهای هەواڵییەوە، هەتاوەکو مەودای ڕووداوەکە تا ئەو شارەی کە وەرگرەکان تیایدا دەژین دوورتر بێت، ڕەهەندی بەهای هەواڵییەکەی کەمترە. ئەگەر دزییەک لە دراوسێی ماڵی کەسێکدا ڕووبدات، ئەم ڕووداوە بۆ ئەم کەسە بەهای هەواڵیانەی زۆرتری هەیە تا ئەمەی کە هاوشێوەی ئەم دزییە لە وڵاتێکی دوورەدەستی وەک مەکسیک ڕوویدابێت.

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە مەیدانی بەهاکانی هەواڵدا ئەنجام درا، نیشانی دەدات کە ڕەهەندی نزیکایەتی مەعنەویی لە زۆرینەی بوارەکاندا ئەگەر بۆ وەرگر بەهایەکی هەواڵی

**ئەگەر دزییەک لە دراوسێی ماڵی کەسێکدا ڕووبدات، ئەم ڕووداوە بۆ ئەم کەسە بەهای هەواڵیانەی زۆرتری هەیە تا ئەمەی کە هاوشێوەی ئەم دزییە لە وڵاتێکی دوورەدەستی وەک مەکسیک ڕوویدابێت**

هەواڵنامەی کتێب

زیاتری بەبەراورد لەگەڵ نزیکایەتی جیۆگرافیدا نەبێت، بەهای هەواڵی کەمتریشی نییە. ئەم بابەتە لەکاتێکدایە کە ڕووداوەکە بەهای هەواڵیانەی دیکەیشی هەبێت. بۆ وەرگرێکی کورد چالاکییە کوردییەکان یا بەرپرسە کوردستانییەکان لە دەرەوەی وڵات، لە زۆرینەی بوارەکاندا دەکرێ ڕەهەندێکی نزیکایەتی مەعنەویی بهێنێتەئارا.

**نموونەکان: (نزیکایەتی جیۆگرافیایی)**

١. گەورەترین بەنداوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ڕووباری زێی گەورە دروست دەکرێت.

٢. پارێزگای نوێی سلێمانی داندرا.

٣. سەرۆکی شارەوانی دەستی لەکارکێشایەوە.

نموونەکان: (نزیکایەتی مەعنەوی)

١. بیرمەندێکی کورد لە فەرەنسا، بووە پیاوی زانستی ساڵ.

٢. کوردەکانی نیشتەجێی ئەڵمانیا لە تەنگانەی داراییدا دەژین.

٣. گیانی موسڵمانان لە سربستان لەمەترسیدایە.

**٧- کات یاخود تازەیی ڕووداو:**

کاتی ڕوودان یاخود تازەیی ڕووداو(20) بەهایەکی تایبەتی بە بابەتی هەواڵەکە دەبەخشێت. ئەو ڕووداوەی کە ئەمڕۆ ڕوویداوە، ئەگەر ئەمڕۆ ڕانەگەیەندرێت، لەڕووی کاری ڕۆژنامەوانییەوە، پەیوەستە بە مێژووەوە.

لەڕوانگەی گواستنەوەی پەیامە هەواڵییەکانەوە، میدیاکان هەمیشە سەرقاڵی ململانێن لەگەڵ یەکدیدا. ئەگەر هەواڵی ڕووداوێک لەکاتی خۆیدا بڵاونەبێتەوە، خوێنەر ڕوودەکەنە سەرچاوە هەواڵییەکانی دیکەو (پێداویستی هەواڵ)ی خۆیان لەم سەرچاوانەوە دابین دەکەن:

**وەزارەتی تەندروستی و داودەرمانی پزیشکی، ساڵی ڕابردوو لە ڕاگەیاندنامەیەکدا واتەواتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرای لە وڵاتەکەدا بەدرۆخستەوە**

ئەم هەواڵە بابەتێکی گرنگی بە بەهاکانی (لەخۆگری)، (پێکدادان)و (ناسراوێتی) داخاتەڕوو، بەڵام لەبەرئەوەی کۆنە و تازەیی خۆی لەدەست داوە، بەبێ بەهایی هەواڵ هەژمار دەکرێت. هەنوکە لەبری (ساڵی ڕابردوو) زاراوەی (ئەمڕۆ) لەهەواڵەکەدا دابنێ و دووبارە بیخوێنەرەوە:

**وەزارەتی تەندروستی و داودەرمانی پزیشکی، ئەمڕۆ لە ڕاگەیاندنامەیەکدا واتەواتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرای لە وڵاتەکەدا بەدرۆخستەوە**

ئەوەی خرایەڕوو، دەتوانرێ بەهاکان و پێوەرەکانی دیکەیشی بۆ زیاد بکرێت، بەڵام لێکۆڵینەوە بەردەستەکان نیشانی دەدەن کە بۆ ناسین و نرخاندنی ڕووداوێک، بەها هەواڵییە ناوبراوەکان لەناو ڕۆژنامەنوساندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

ئەم خاڵەش دەبێ لەبەرچاو بگیردرێت کە هەر ڕووداوێک لەوانەیە لەخۆگری ئاوێتەیەک لە بەهاکانی هەواڵ بێت و ڕێژەکەی لەهەر ڕووداوێکدا ڕێژەیی و جیاوازە.


**سەرچاوە:**

**دکتر نعیم بدیعی، حسین قندی: روزنامەنگاری مدرن، چاپ چهارم ١٣٨٣، ص (١٧-٢٩) .**


**پەراوێزەکان:**

1. Accurate.
2. Clear.
3. Complete.
4. Retraction.
5. News ambiguity.
6. News elements.
7. Archive information.
8. News background.
9. News values.
10. Impact.
11. Fame.
12. Conflict.
13. Physical.
14. Ideological
15. Oddity.
16. Magnitude.
17. Proximity.
18. Geographical Proximity.
19. Psychological Proximity.
20. Timeliness

# ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی سریانی
## دەستپێکی ڕاستەقینە



**ئەکەد موراد**

ژیانی ڕۆژنامەنووسی و گەشەکردنی، هاوبەندن بەو ئازادییەی وەدەست دێت. بێ جگە لە هەندێ ماوەی کورت نەبێ ڕۆژنامە لەو ولاتدا و لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دامەزراوە، قۆناغێکی وای نەبینیوە کە لەگەڵ بایەخ و پایەیدا بگونجێت، بۆ بەرژەوەندی گۆڕان و پەرەسەندن.. تا وەکو ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی ١٩٩١ کە بەڕاستی وەرچەرخانێکی ڕاستەقینە بوو بۆ ئازادی ڕادەربڕین. ئیدی بۆ یەکەمین جار، دەیەها ڕۆژنامە و گۆڤار بەبێ هیچ سانسۆرێک لەلایەن هەموو پێکهاتەکانی گەلەوە لە دایک بوون.

ڕۆژنامەنووسیی سریانی پاشی ئەوەی لەلایەن ڕژێمی سەرکوتکاری پێشووەوە تووشی چەندین گرفت و تەگەرە و هەڵدێرو کپکردنی دەنگە ئازادەکەی دەبۆوە، ئەوەبوو لەم کەش و هەوا دیموکراتییە نوێیەدا، توانی بەوپەڕی سەربەستییەوە بێتە مەیدان. ڕۆژنامەی (بهرا)ی سریانی کە لە چیاکانی کوردستان، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢ بەنهێنی دەرچووە و بەنهێنیش لە شارەکاندا دابەش دەکرا، وایلێهات لە ڕۆژانی هەوەڵی ڕاپەڕینەوە، بووە پێشەنگی ڕۆژنامەنووسیی سریانی. دوابەدوای ئەمەش چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە سەریان هەڵدا. ڕادیۆی ئاشوور لە هەولێر بۆ یەکەمین جار لە نیسانی ساڵی ١٩٩٣ بووە سەرەتایەک بۆ میدیای بیستراو بینراو، پاشان ڕادیۆی هاوشێوەی خۆی لە دهۆک و زاخۆ و ناوچەکانی دیکە دەستیان بە پەخش کرد، هەر دوای ماوەیەکی دی تەلەفزیۆنی ئاشوور لە هەولێر و دهۆک پەخشی بەرنامەکانیان دەستپێکرد و بۆ یەکەمین جار مرۆڤی (کلدانی سریانی ئاشووری) بە تەواوی ویست و ئازادییەوە لە توانایدا هەبوو هەرچییەک بڵێ و بیکات. لێرەشەوە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان بەگەڕخران بۆ کۆمەک و هاوکاریکردنی پرۆژەکانی ڕاگەیاندن. بێگومان ویست و بڕواو ئارەزوو بۆ سەرخستنی ئەم کاروانە نوێیە، هۆکاری یەکەم بوو بۆ کارکردن بەم

ئاراستەیە و بەو جۆرە لەشکرێک لە ڕاگەیاندنی سریانی هاتەکایەوە، ئەگەرچی ئەزموونەکان لەم بوارەدا هێشتا کەم و سادە بوون، بەڵام ئەم ڕەوتە خاڵێکی گرنگ بوو، بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان و بیروڕاو ڕەخنە لـــە خزمەتی دوارۆژێکی بەختەوەر.



ڕۆژنامە و وێستگەکانی میدیای سریانی:

بۆ بەسەرکردنەوەی گرنگترین ئەو هەنگاوانەی بوونە بناغەیەک بۆ میدیای سریانی لە نیشتماندا، ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین و ڕۆڵی ڕۆشنبیری گرنگیان وەک فاکتەرێک بۆ ڕەتکردنەوە و ئاشکراکردنی ڕابردووی تاریک و تەکاندانیان بەرەو نوێبووەنەوە بە پراکتیک، دەخەینەڕوو:

**١- ڕۆژنامەی (بەهرا):**

بە زمانی سریانی و عەرەبی لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢ دەردەچوو، لە پاش ڕاپەڕینیش یەکسەر لە نیسانی ١٩٩١ دەستی بە بڵاوکردنەوە کردەوە ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵی بزووتنەوەی ئاشوورییە، تائێستاش هەفتانە دەردەچێ.

**٢- گۆڤاری (نجم بیث نهرین):**

دوابەدوای ڕاپەڕین هەلێکی باش لە پێش ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا ڕەخسا بۆ دامەزراندنی سەنتەری ڕۆشنبیری ئاشووری لە دهۆک. یەکەمین بڵاوکراوەی ئەم سەنتەرە گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بوو بە کلتوور و ڕۆشنبیری گەلی کلدۆ ئاشووری سریانی، ئەم گۆڤارە ڕۆڵێکی دیاری بینی بۆ بڵاوکردنەوەی دیرۆک و بەسەرهاتی گەلی سریانی، بەتایبەتی لە ئاشکراکردنی ئەو زوڵم و ستەمەی کە پێشتر دووچاری بووبوو.

**٣- ڕۆژنامەی (نۆهەدرا):**

لەلایەن (یەکێتی قوتابیان و لاوانی ئاشووری) لە ١٩٩٢ لە دهۆک دەرچوو، دوایی ناوەکەی گۆڕا بە (میزلتا) و تاوەکو ئێستاش بە زمانی سریانی و عەرەبی دەردەچێت.

**٤- گۆڤاری (ئەتا)** لە هەولێر بە زمانی سریانی و عەرەبی و کوردی دەردەچێت.

**٥- ڕۆژنامەی (قویا من):**

مانگانەیە لە دهۆک دەردەچێ.

**٦- گۆڤاری (پانیپاڵ):**

یەکەمین چاپکراوە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانەوە دەردەچێ. دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری ئاشووری دامەزرا، ئەم گۆڤارە تایبەتە بە رۆشنبیری و کلتووری سریان، بەشی زۆری بە زمانی سریانی و چەند بابەتێکیشی بە زمانی عەرەبی و کوردییە.

**٧- رۆژنامەی (نهرینیتا):**

تایبەتە بە یەکێتی ئافرەتانی ئاشووری.

ئەم رۆژنامە و گۆڤارانە لە قۆناغێکی ناسکدا دەرچوون، چونکە هەرێمی کوردستان لەو کاتانەدا و تاوەکو راپەڕین رووبەڕووی دوو ئابلۆقەی ئابووری ببۆوە، لە پاشان چەندین رۆژنامە و گۆڤاری دیکە دەرچوون. وەک: (ردیا کلدایە) و (قالاکلدایە) و (دیانا) و (بیپ عەنکاوە) و (بیپ نهرین) ئەمەی دوایی گۆڤار بوو، لە پاشان گۆڕاوە بووە رۆژنامەی (قالا دمر عیپا)، بێجگە لە چەند بڵاوکراوەیەکی دی. لە بواری میدیای بیستراوو بینراویش، دەڵێین:




١- رادیۆی ئاشوور لە هەولێر، یەکەمین دەستپێکی پرۆگرامەکانی بەرەسمی لە پاش ساڵێک پەخشی ئەزموونی لە (١)ی نیسانی ساڵی ١٩٩٣ بۆ یەکەمین جار لە هەولێرەی دێرینەوە دەستپێکرد و بووە دەنگی رەسەن و ئازادیی سریانی و سەکۆیەک بوو، بۆ دەربڕینی رای سەربەست و پەردە هەڵماڵین لەڕووی سەردەمی پێشوو.

٢- رادیۆی ئاشوور لە دهۆک لە ١٩٩٣/٩/١٢ دەستی بە پەخشی پرۆگرامەکانی کرد، لە پاشان چەند ئێستگە رادیۆیەکی دیکە لە زاخۆ لەسەر شەپۆلی FM کرانەوە، هەروەها ئێستگەی رادیۆی ئاشووری نێودەوڵەتی لەسەر شەپۆلی کورت و چەند ئێستگەیەکی دیکە.

٣- پەخشی رەسمی تەلەفزیۆنی ئاشوور لە هەولێر ساڵی ١٩٩٥ دەستیپێکرد، دوای ئەوە بە چەند مانگێک تەلەفزیۆنێکی هاوشێوەی لە دهۆک کرایەوە. ئەم ئێستگە تەلەفزیۆنانە لە هەموو کەناڵەکان و بەزمانی سریانی درێژە بەکاری میدیای دەدەن کە پێشتر لەبەر سیاسەتی کۆنەپەرستی

ڕژێمی بەعس و جیاوازیکردنی نەتەوەیی کۆتبەندییان خرابوونەسەر. لە پاش ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ ئەوەبوو هەموو ناوچەکانی نیشتمان گۆڕانکاریی بنەڕەتییان بەخۆوە بینی لەوانەش گەلی کلدو سریانی ئاشووری، کە ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمی ڕژێمەکانی پێشوو ببۆوە، بەم جۆرە دەبینین ئەزموونی میدیایی و ئەو قۆناغەی پێی گەیشت، هەنگاوێکی کەم وێنە بوو لە پێناو خزمەتکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی گەلەکەمانی گرتەوە لەسەرتاپای نیشتمان، کە تێدا چەندین ئێستگە ڕادیۆو تەلەفزیۆن لە موسڵ و بەغدا و کەرکووک و شوێنەکانی دیکە بەرنامەکانیان پەخش کرد، هاوکات چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە بە زمانی سریانی دەرچوون، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقی نوێدا گەلێکی ڕەسەن کە ڕژێمی بەعس بەجۆرەها شێواز هەوڵی شێواندنی پێناسەکەی دەدا، توانیی بەوپەڕی ئازادییەوە شان بەشانی ڕۆڵەکانی دیکەی نیشتمان تێبکۆشێ لە پێناو بنیاتنان و پێشکەوتنی وڵاتەکەماندا، ئەگەر ئەو بایە وەیشوومە ڕەشە نەبوایە کە لە دەرەوەی نیشتمان هەڵیکرد و هەزارەها خێزانی گەلەکەمانیان لە شاری بەغدا و مووسڵ ئاوارە کرد کە بە زۆری لەو شوێنانەدا هەن. ئەوا هیواو تەمووح و ئامانجەکان بە ئاراستەیەکی دیکە دەبوون. سەرەڕای ئەمەش ئێمە هەموو ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەین و ئەرکی سەرشانی هەمووانە دەست لە ناو دەست تێبکۆشین بۆ خێرو ئاشتی و پێشکەوتنی ئەم وڵاتە ئازیزەمان.

### پەیمانی ڕۆژنامەنووسیی سریانی

پاش ئەوەی ئاماژەمان کرد بە وردەکارییەکانی واقیعی ڕۆژنامەنووسیی سریانی و ئەو قۆناغە سەختانەی پێدا تێپەڕیون، پێویستە بڵێین لەگەڵ گۆڕانکاریی نوێ و ئازادیی کاری ڕۆژنامەڤانی، پەیامی ڕۆژنامەنووسیی سریانی لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا ڕوون بۆوە:

١- کارکردن لە پێناو ڕۆژنامەنووسییەک بەناوو ڕەنگێکی تازەوە لە گۆڕەپانی کوردستان و پاشانیش لەسەر ئاستی عێراق بەناوی ڕۆژنامەنووسیی سریانییەوە.

٢- کارکردن بۆ دەرخستنی راستییەکان، لەوانە راستییە مێژووییەکان و ئەو ستەمەی رووبەڕووی گەلی سریانی بۆوە، هەر لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تاوەکو ئێستا.

٣- رەخنەگرتن و پەردە هەڵماڵین لەڕووی ئەو نووسین و کردەوانەی دژ بە داخوازییە رەواکانی گەلی کلدۆ سریانی ئاشووری ئەنجام دراون، کە ئەو داخوازییانەش مافێکی سروشتی و مرۆیی هەر گەلێکە لەسەر ئەم خاکە دەژی.

٤- بایەخدان بەو کێشە و گیروگرفتانەی رژێمەکانی پێشوو دەرهەق بەگەلەکەمان خوڵقاندیان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆیان. وەک: کێشەی تایفەگەری و ناوچەیی، کە هەندێ لایەن بە دەستی ئانقەست دەیانهورووژێنن بە مەبەستی تێکدانی ریزەکانمان و لاوازکردنی ئیرادەی گەل، بەرانبەر خواستە رەواکانی، لەم لایەنەشەوە گەلەکەمان زۆر زەرەرمەند بووە پاش ئەوەی چەندین بریار دراوە، لەوانەش دەستووری دەوڵەتی عێراق دیسان لایەنێکی گرنگی مافەکان و هەقیقەتی بوونی گەلەکەمانی لەم نیشتمانەی بە هەند وەرنەگرتووە.

٥- گرنگیدان بە بۆنە نەتەوەیی و ئاینییەکانی گەلی سریانی و کارکردن بۆ بەرچاوخستنی هەندێ بۆنە و چالاکییەکان لە سایەی کەش و هەوای ئازادی، وەک: سەری ساڵی بابلی و ئاشووری و.. هتد.

٦- رۆژنامەنووسیی سریانی بۆتە شێوازێکی زانیاری و هەواڵ و رۆشنبیری دەربارەی گەلێک کە پێشتر بوونی لەڕووی میدیاییەوە بە تەواوی پشتگوێ خرابوو.

٧- رۆژنامەنووسیی سریانی بۆتە گۆرەپانێکی ئازاد بۆ دەربڕینی بیروڕاو دیالۆگی تایبەت بەکێشە هەمەجۆرەکان.

٨- رۆژنامەنووسی بواری بۆ خاوەن تواناکان رەخساند بۆ ئەوەی بێنە مەیدانی خزمەت و چەندین کادرو کارمەندی لەم بوارەدا پێگەیاند.

٩- رۆژنامەنووسی بووە ئاڵقەی پێکگەیشتن و پێوەندی لەگەڵ کەناڵەکانی دیکە و بۆتە گۆرەپانێک بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونی باش بە ئامانجی دەسکەوتی باشتر.

١٠- ئامانجی هەرە گرنگی رۆژنامەنووسی خزمەت گەیاندنە بە نیشتمان و هەوڵدانە بۆ توندو تۆڵکردنی پێوەندی لە نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بەرەو پێکەوە ژیانی برایەتی و خۆشەویستی.

لە کۆتاییدا دەڵێین، رۆژنامەنووسیی سریانی تەنیاو تەنیا ئەوکاتە هاتە مەیدان کە ئازادیی راستەقینەی بۆ فەراهەم بوو، بەشێوەیەک کە بۆی رەخسا بەوپەڕی سەربەستییەوە راوبۆچوونەکانی دەربڕێ بەو ئاراستەیەی لە خزمەت و بەرژەوەندیی واقیع و ئایندەی گەلەکەماندا بێت و دەرەنجام بتوانێ هەر هەڵەو گرفتێک گەر هەبێت، چارەسەریان بکات و بەتەواوی برواو توانایەوە لە کاروان بەردەوام بۆ پێشەوە هەنگاو بنێ لە پێناو دوا رۆژێکی گەشاوەتر.

**سەرچاوەکان:**

**– ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە لە ناو بابەتەکە ناویان هاتووە.**

# لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسانی کوردستان

**بەڕێز: ئەندامی کۆنگرەی دووەم..**

**سڵاوێکی گەرم..**

ناوەرۆکی جانتای کۆنگرە بریتییە لە:

- راپۆرتی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ پوختەی راپۆرتی دارایی لەنێوان دوو کۆنگرەدا.
- یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.
- لیستی ناوی رۆژنامەنووسانی شەهید.
- پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان.
- راسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی یەکەم.
- باجی کۆنگرەی دووەم.

لەگەڵ:

- گۆڤاری (رۆژنامەنووس) ژمارە (١٢).
- گۆڤاری (الصحفی) ژمارەکانی (٣٣، ٣٤).

**بەڕێز: ئەندامی کۆنگرەی دووەم**

هیوادارین بەر لە دەستپێکردنی کۆنگرەی راپۆرتی گشتی ئەنجوومەنت بە وردی خوێندبێتەوە بە (پوختەی راپۆرتی داراییشەوە)، تاکو پێش وەخت ئاگاداری ناوەرۆکی راپۆرتەکە بیت، کە بێگومان دەبێتە هۆکاری بەڕێوەچوونی رێورەسمی رۆژانی کۆنگرە بە شێوەیەکی رێکوپێک.

**لەگەڵ ئەوپەڕی رێزمان**

**ئەنجوومەنی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر/ کانوونی یەکەم ٢٠٠٧**

# ڕووداوو بەڵگەنامەکانی
# کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

بە چاودێری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و بە ئامادەبوونی بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک ئەندام پەرلەمان و وەزیر، کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕۆژانی ٢٧-٢٩/١٢/٢٠٠٧ بە بەشداری (٣٦٣) نوێنەر لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە هەولێری پایتەخت، لە ژێر دروشمی **(لە پێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان)** بەسترا، چوار مانگ بەر لە بەستنی کۆنگرە، لیژنەیەکی باڵا بۆ ئامادەکردنی کۆنگرە پێکهات و چەندین کۆنفرانسی بۆ دیارکردنی نوێنەرانی کۆنگرە لە هەموو لقەکانی سەندیکا بەڕێوەچوو، هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتنیش لە کەش و هەوایەکی دیموکراتی و کراوەدا بەڕێوە دەچوو.

کۆنگرە کارەکانی بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی شەهیدانی کوردستان و ڕۆژنامەوانیی دەستی پێکرد، پاشان نامەی بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ، لەلایەن جەوهەر کرمانجی ڕۆژنامەنووس خوێندرایەوە، دوای ئەویش نامەی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەلایەن بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری خوێندرایەوە، دواتریش بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و عەدنان موفتی هەر یەکەو وتاری خۆیان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە، هەروەها بەڕێز شەهاب تەمیمی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراقیش وتەیەکی داو پیرۆزبایی لە کۆنگرە کردو داوای سەرکەوتنی بۆ کرد، هەروەها وتەیەک بەناوی ئەنجومەنی پیشەیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئێران دراو دوای ئەویش وتاری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەلایەن بەڕێز فەرهاد عەونی خوێندرایەوە. پاشان بەڕێز شێرکۆ حەبیب بەرپرسی پەیوەندییەکی دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەو بروسکانەی کە بۆ کۆنگرە هاتبوون خوێندەوە. ئەوەش دەقی ئەو وتانەیە کە لە کۆنگرە خوێندرانەوە لەگەڵ ڕاگەیاندراوی کۆتایی و ناوی ئەندامانی کۆنگرە و بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرە بڵاودەکەینەوە.

# ڕێورەسمی ڕۆژانی کۆنگرەی دووەم

**<u>ڕۆژی یەکەم</u>/ دانیشتنی یەکەم: ٢٠٠٧/١٢/٢٧ چوارشەممە کاتژمێر (١٠:٠٠)**

* کردنەوەی کۆنگرەی بە چەند وتەیەکی پێشکەشکار و بەخێرهێنانی میوانانی کۆنگرەو وەستان بۆ ماوەی دەقیقەیەک بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بە گشتی و رۆژنامەنووسە شەهیدەکان بەتایبەتی.

١. پەیامی بەڕێز سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ.

٢. پەیامی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

٣. وتاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٤. وتاری سەرۆکی حکومەتی کوردستان.

٥. وتاری وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٦. خوێندنەوەی نامەی سەرۆک و سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، لەگەڵ بروسکەی (سیف الشریفی) جێگری سەرۆکی یەکیەتی رۆژنامەنووسانی عەرەب.

٧. وتاری ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق.

٨. وتاری ئەنجومەنی سنفی رۆژنامەگەرانی ئیران.

٩. وتاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

**<u>ڕۆژی یەکەم</u>: دانیشتنی دووەم: کاتژمێر (١٢:٠٠ – ١:٣٠)**

١. ڕێورەسمی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە لە پێنج کەس.

٢. هەڵبژاردنی لێژنەکان کە بریتین:

أ. لێژنەی هەڵسەنگاندنی راپۆرتی گشتی بە داراییەوە (دوو ئەنجوومەن + ٩ ئەندام).

ب. لێژنەی هەموارکردنی یاسای سەندیکا.

ج. لێژنەی هەڵسەنگاندنی یاسای کاری رۆژنامەنووسی (دوو ئەنجوومەن + ٩ ئەندام).

د. لێژنەی بەرگری لە مافی رۆژنامەنووسان (یەک ئەنجوومەن + سەرۆکی لێژنەی چاودێری + ٥ ئەندام).

ه. لێژنەی سکاڵا (دوو ئەنجوومەن + ٥ ئەندام).

و. لێژنەی تۆمارکردنی بڕیارو راسپاردەکان و بەلاغی کۆتایی (دوو ئەنجومەن + ٥ رۆژنامەنووس).

# پەیامی سەرۆک تاڵەبانی بەبۆنەی دووەمین کۆنگرەی رۆژنامەنووسان

**رۆژنامەنووسانی ئازیزی کوردستان**

**خوشک و برایانی خاوەن قەڵەم و بیر رووناک**

بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە لەناخی دڵەوە پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوادارم کۆنگرەکەتان وێستگەیەکی گرنگی دارشتنی پایە پتەوو پێویستەکانی ژیانی رۆژنامەنووسییەکی ئازادو خەمخۆرو نیشتمانیی بێت لە کوردستاندا، رۆژنامەنووسییەک لەپاڵ دیارخستنی کەموکورپی و ناتەواوییەکان و رەخنەگرتن لەدیاردە نەخوازراوەکانی ناو کۆمەڵگا، دڵیشی بەئازادی و دەستکەوتە چارەنووسسازو بایەخدارەکانی گەلەکەمان بسووتێت و بزانێت چۆن پەیامی پیرۆزی رۆژنامەنووسیی خۆی راستگۆیانە بگەیەنێت و رەش و سپی تێکەڵ بە یەکتر نەکات و راستییەکان بەزمانی گوڵەکە بخاتەڕوو.

دیارە رۆژنامەووس و خاوەن قەڵەم و رووناکبیرانی کوردستان هەمیشەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، پیشەنگی تێکۆشان و رۆڵەی چاوکراوەی میللەتەکەیانن و رۆڵ و جێپەنجەو کاریگەرییان ون نابێت و بەبیری تیژ و قەڵەمی رەسەن و سەرەنجی خەمخۆرانە خزمەتیان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردووەو رێگای تێکۆشانیان رووناکتر کردووەتەوە.

ئەمرۆش کە گەلی کوردستان خاوەن هەرێم و حکومەت و پەرلەمان و دامودەزگای حوکمڕانی خۆیەتی و لەبەغدای پایتەختیشدا فاکتەرە کوردستانییەکە رۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت و دەوڵەتە دەستڕۆیشتووەکان گوێی لێدەگرن، دیارە ئەرکی رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی کوردستان هەم قورستر بووەو هەم چووەتە ئاستێکی باڵاترەوەو خێرو بێرەکانی جیهانگیریش هێندەیتر دنیاکەی لەبەردەمدا بچووکتر کردووەتەوە.

بۆیە گرنگەو بگرە پێویستیشە، کە رۆژنامەنووسانی کوردستان ریزەکانیان باشتر یەکبخەن و برەو بە پەیامەکەیان بدەن و سوودو کەڵکیش لە ئاسانبوونی پەیوەندییەکان وەربگرن و کار بۆ هێنانە ئارای رۆژنامەنووسییەکی ئازادو مەسئول و هەڵسووڕاوی چالاک بکەن.

بۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتان بەهەل دەزانم بۆ ئەوەی پشتیوانی تەواوی خۆم بۆ خواستە رەواو ئامانجە پیشەیی و نیشتمانییەکانتان نوێبکەمەوە، بەشێوەیەک کە رۆژنامەنووسانی کوردستان ئازادییان لێ زەوت نەکرێت و زەمینەیەکی ئەوتۆیان بۆ برەخسێنرێت، کە تێیدا خۆشەویستی و ئیلتیزامیان بۆ نیشتمان و دەستکەوتە بەدیهاتووە مەزنەکان رۆژ بەرۆژ قووڵتر ببێتەوەو بەرەخنەی وەستایانەو بنیاتنەرانە خاڵە لاوازو نێگەتیڤەکانی حوکمڕانییە خۆماڵییەکەمان و کۆمەڵگای کوردەواری دەستنیشان بکەن و تۆزو ژەنگی گەندەڵی و سستی و ئیفلیجبوون و رۆتینی لێ بتەکێنن.

لەکۆتاییدا سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم و هیوادارم رۆژنامەنووسانی کوردستان لەچوارچێوەی یاسایەکی کاری رۆژنامەنووسیی مۆدێرن و خەمخۆردا پەیامی بەرزی خۆیان بگەیەنن و دڵنیاشم کە جەنابی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پشتیوانێکی دڵسۆزتان دەبێت لە هێنانەکایەی ئەو یاسا هاوچەرخەدا.

بێتەدی خواست و ئامانجە بەرزەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان و عیراق لە عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ و پێشکەوتووی سەربەخۆدا.

**ئیتر هەرشادو سەرەبەرزو سەرکەوتووبن**

**برای دڵسۆزتان**

**مام جەلال**

* * *



هەولێرەوە کتێب

# پەیامی سەرۆک بارزانی
# بۆ دووەمین کۆنگرەی رۆژنامەنووسان

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

بەڕێزان، ئەندامانی کۆنگرەی دووەمین سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، سڵاوو رێز، جێگەی بەختەوەرییە کە ئەمڕۆ لەسایەی ئەو ئازادییە، کە لە هەرێمی کوردستان لەئارادایە، دووەم کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەبەسترێت، بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم، ئومێدی ئایندەیەکی گەش و سەرکەوتوویان بۆ دەخوازم، بەو هیوایەی ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتووبێت لە هەڵسەنگاندنی قۆناغی رابردوو لە تەمەنی سەندیکاو دیاریکردنی هێڵە سەرەکییەکانی لە کاری داهاتوودا، بۆ ئەوەی گوڕوتین و تەکانێکی تازەی پێبدەن.

هەڵبەتە رۆژنامەنووسانی کوردستان رۆڵێکی گرنگ و گەورەیان هەیە لە پەرەپێدان و پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگایەکی مەدەنی، هەرێمی ئێمەش بەتایبەتی لەم کات و ساتەدا پێویستی بەهاوکاریی ئێوەی بەڕێز هەیە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردستان و چاکترو باشترکردنی ئەدای رۆژنامەنووسی، بەشێوەیەکی شارستانی ئەنجامبدەن، لەکاری رۆژنامەنووسیی خۆیاندا پرەنسیپەکانی رۆژنامەنووسی رەچاوبکەن و بەجددی و دورو لەناو زڕاندن بەدوای راستییەکان بگەڕێن و بە ئەمانەتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ زانیارییەکاندا بکەن و رۆڵی بەرچاوی خۆیان لە دروستکردنی رای گشتیدا ببینن و باشترین شێواز لە ئامانج و خواستی رەوای گەلی کوردستاندا بگێڕن.

بەڕێزان هەروەک چۆن لەماوەی (١٦) ساڵەی ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا رۆژنامەنووس تارادەیەکی زۆر ئازادبووە، بەڵام دەبێت ئەو ئازادییە پەرە پێبدەن و بخرێتە چوارچێوەیەکی یاساییەوە، کە ئەمەش وا دەخوازێت بە هەموو لایەک چ دەسەڵات چ رۆژنامەنووسان کاری جددی بۆ بکەن، ئەو مەسەلەیە بەهەند وەرگرن و زیاتر رێز لەو ئازادییانە بگیرێت و مافی رۆژنامەنووسیش تێیدا دیارییبکرێت و هەر یاسایەکیش بۆرێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی دەربچێت پێویستە رەچاوی ئەو مەسەلانە بکات و نەبێتە رێگر لەبەردەم کاری رۆژنامەنووسیدا.

جارێکی تر، هیوای گەشەسەندنتان بۆ دەخوازم و سەربەرزیش بۆ خاوەن ئەو قەڵەمانەی کە هەمیشە خزمەتی کێشەی رەوای گەلەکەیان کردووە، پابەندی ئەخلاقییەتی راستەقینەی رۆژنامەنووسیی بوون لەگەڵ رێزو خۆشەویستیم.

**براتان**
**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

* * *

# عەدنان موفتی:
# سەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسان سەرکەوتنە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

برای بەڕێزم، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، برای بەڕێز نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، وەزیرە بەڕێزەکان، لێپرسراوانی حکومەت و حزب لە کوردستان، میوانانی ئازیز، خوشک و برایان، ئەندامانی کۆنگرە.

خۆشحاڵم بەبەشداربوونم لەم کۆنگرەیەدا، بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێبکەم، ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، کە کۆنگرەکەتان بگاتە ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا دەبەسترێت، ئێستا ئێوە لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژووییدان، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا بەرەوپێشەوە بچێت و ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە پێشیاندا نەمێنن.

ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەی کە دەبێت پێی هەڵبستن، وەک بەشێکی گرنگ و گەورە لە میدیاو وەک دەسەڵاتی چوارەم لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە هەموو کۆمەڵگەدا بۆ چەسپاندنی یاسا بۆ دابینکردنی ئازادیی و بۆ دژایەتی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان لە کۆمەڵگەکەماندا، ئەرکێکی گەورەی سەرشانتانە.

ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان خۆشەویستییەکی تایبەتی هەیە لای خەڵکی کوردستان و ڕێزێکی زۆری هەیە، چونکە خەڵک باوەڕو متمانەی بەئێوە هەیە، سیاسییەکانیش متمانەیان پێتانە، ئێوە لە دڵی خەڵکەوە خولقاون، پیشەی ڕۆژنامەنووسی لەو ساتەوە دەستپێدەکات کە یەکەمجار باسی لە وشەی کوردی کرد، داوای ئازادی کرد بۆ کوردستان، داوای نەهێشتنی زوڵمی کرد لەسەر گەلی کوردستان، هەر لەو ڕۆژەوە ئەو خۆشەویستییە ماوەتەوەو زیادبووە.

لە ڕۆژانی سەختدا گەلەکەمان ڕووبەڕووی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان بووەوە، ڕۆژنامەنووسان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە. لە شاخەکان، لە دەرەوەی وڵات، لە شارەکان بەنهێنی بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵساون و توانیویانە بەشداریی کاریگەر بکەن لەو خەباتەدا، سیاسەتی ڕەگەزپەرستی ڕژێم بۆ دنیا ڕوونبکەنەوەو لەو ڕێگەیەوە دەنگی گەلی کوردستان بگەیەننە هەموو لایەک و بەم شێوەیە توانییان ئەو ڕۆڵە گەورەیە ببینن و ئەمڕۆش لەو پێناوەدا خەباتی گەلەکەمان بەردەوامە و شادە بە ئازادیی، بەدیموکراتی، کە ئێوەش بەشێکن لێی.

کۆنگرەکەتان لەکاتێکدا دەبەسترێت گەلی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەتەوە، هێشتا دەبێت خەبات بکەین بۆ نەهێشتنیان، لەپێش هەموویانەوە مەترسیی تیرۆر و تیرۆرستان هەر بەردەوامن، ئەو خەباتە دەبێت سەرکەوێت و ئێوەش ڕۆڵی تێدا ببینن، بۆ ئەوەی لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە خەڵک ئاشنابێت بەو مەترسییە.

دەبێت بەدەسەڵاتی هەرێم و دەسەڵاتی هەموو عیراقی فیدراڵ بتوانین ئەو مەترسییە لەسەر گەلەکەمان لاببەین، بۆ ئەوەی هەموو هەنگاوەکان بەیەکەوە ڕێکبخەین بۆ چەسپاندنی یاساو دادپەروەریی و دابینکردنی پێداویستیی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

دیارە کە باسی ئازادیی رۆژنامەگەریی دەکەین، پێموایە هەمووتان لەم رۆژانەدا ئاگاداری یاسای رۆژنامەگەری بوون، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا، زۆر وتار نووسرا، لە تەلەفزیۆنەکان باسکرا، گلەییەکی زۆر لەو یاسایە هاتە پێشەوە، ئەوەی من دەمەوێت دووپاتی بکەمەوە، چەند خاڵێکە کە بریتین لە: پەرلەمانی کوردستان بەبەرپرسیارییەتەوە گفتوگۆ لەسەر هەر پرۆژەیەک دەکات کە دێتە بەردەمی، مەبەستی لە دەرهێنانی یاسا چەسپاندنی یاسایە لەناو کۆمەڵگەدا، دابینکردنی ئازادی و دیموکراسییە، چەسپاندنی یاساش بەوە دەبێت بەبەرپرسیارێتییەوە تەماشای بکەین و هەموو لایەنەکانی هەڵبسەنگێنین. کە کۆمەڵگەکەمان لە چ قۆناغێکدایە، ئەوەش لایەنێکی گرنگە لە دەرهێنانی هەر یاسایەکدا، ئەم پرۆژەیە لە بنەڕەتدا لەلایەن سەندیکای ئێمەوە، لە مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٦)ەوە هاتووە، کە پرۆژەکە هات بۆ ئێمە، بەرەسمی پێشوازیمان لێکرد، بەڵام پاش دیراسەکردنی لەلایەن سەرۆکایەتییەوە پێمان باشبوو، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیروڕای خۆی لەسەر بدات، چونکە هەر پرۆژەیەک پەیوەندیی بە جێبەجێکردنەوە هەبێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان رای خۆی لەسەر بدات، لە ئەنجامدا بەشێکی گرنگی جێبەجێکردنەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی حکومەتی هەرێم، هەندێک یاسا هەیە سەد لە سەد دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، هەندێکیدی هەیە کەمتر دەکەوتە سەر ئەستۆی حکومەتەوە، ئەم یاسایە بەشێکی بەرپرسیارییەتی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیرییە. بۆیە پرۆژەکەمان نارد بۆ حکومەتی هەرێم، داواشمان لێکرد دیراسەی بکەن و وەزارەتی رۆشنبیری دیراسەی بکەن و رەئی خۆی لەسەر دەربرێت و دوایی بۆمان بنێرێتەوە.

ئاشکرایە پەرلەمانی کوردستان دوو جۆر رێگەی هەیە بۆ دیراسەکردنی هەم پرۆژەیەک، پرۆژە یان دەبێت لە حکومەتەوە بێت یان دەبێت ژمارەیەکی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی بکەن، دوای ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە گفتەگۆی لەسەرکرا، وەکو پرۆژەیەک بۆ ئێمە نێردرا، سەندیکاش رەئی لەسەرداو پشتگیری لێکرد، ئێمە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردو دواتر کەوتینە گفتوگۆو لەلایەن لیژنەی یاسایی و رۆشنبیرییەوە پێشکەش بە ئەندامانی پەرلەمان کرا بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن، پاشان خوێندنەوەی دووەم بۆ دەنگدانە، پاش ئەوەی گفتوگۆکرا، دەنگدان لەسەر یەکە یەکەی ماددەکان دەکرێت.

جەنابی کاک نێچیرڤان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی بەڵێنی بە ژمارەیەک رۆژنامەنووس دابوو کە پشتگیریی داواکارییەکیان بکات کە هەندێک داواکارییان هەبووە تا بخرێتە ناو ئەو پرۆژەیەوە، ئێمە لەبەرئەوەی خوێندنەوەی یەکەم کرابوو. بۆ رێزگرتن لەو بەڵێنەی جەنابی سەرۆکی حکومەت، خوێندنەوەی دووەممان هەفتەیەک دواخست. بۆ ئەوەی زیاتر تاووتوێی لەسەر بکرێت، لەو هەفتەیەدا چەندین کۆبوونەوە ئەنجامدرا لەگەڵ رۆژنامەنووسانی ئازاد، رۆژنامەنووسانی ئەهلی کە سەربەخۆن و رۆژنامەی سەربەخۆیان هەیە، هاتن بۆ پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیریی و لیژنەی یاسایی دانیشتن و رەئییەکانمان وەرگرتن، بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەسەر بکەین، دیسان لەگەڵ سەندیکاش کۆبوونەوە، بۆ هەمان مەبەست ئەنجامدرا.

ناتوانین بڵێین هیچ یاسایەک نەک ئەو یاسایەی رۆژنامەگەری سەد لە سەد هەموو لایەک لێیڕازی دەبێت و بێ کەم و کوڕییە، بەڵام ئەم یاسایە کە لەلایەن پەرلەمان لەلایەن ژمارەی زۆرینەی پەرلەمان پەسندکرا، نارەزاییەکی زۆری لەسەر هاتە ئاراوە، بەداخەوە نارەزاییەکی وایانکرد چەندین لایەنی گەشی ئەم یاسایە پشتگوێ بخرێت.

ئەم یاسایە کە دەرچــووە، بەلایەنە سلبییەکاندا زۆر باسکراوە، تەنیا من ئاماژە بەهەندێک لایەنی گەورەی ئیجابی ئەم یاسایە دەکەم: ماددەی یەکەمی یاساکە دەڵێت: **(ڕۆژنامەنووسان ئازادن، ڕۆژنامەگەریی ئازادە هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر نییە).**

ماددەیەک لە ماددەکانی جاران لە ژێر چاودێریی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا بوو، ڕۆژنامە دەبوو ڕەزامەندیی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی وەربگرتایە، ئەمەش لەسەر داوای سەندیکا و ئەو ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆیانەی کە هاتنە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە لابرا. واتە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری، ئێستا بەپێی ئەو یاسایە هیچ ڕەزامەندیی وەزارەتی ڕۆشنبیری ناوێت و چەندین دەستکەوت بۆ ڕۆژنامەنووسان لەو یاسایەدا بەدیدەکرێت، بەداخەوە زۆر کەم ئاماژەی پێدراوە، من ئاماژە بەهەندێکیان دەکەم، کە دەڵێت: ڕۆژنامەنووسان سەربەخۆن. هیچ دەسەڵاتێک بەسەریانەوە نییە لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە کە نابێت هەر رایەک لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە دەردەچێت و بڵاودەکرێتەوە، ببێتە هۆی ئەوەی مافەکانی لێبسەندرێت یا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، ئەو زانیاری و دەنگ و تێڕوانینەی کە هەیەتی، ئەو سەرچاوانەی کە هەواڵەکەی لێ وەردەگرێت، بۆی هەیە ئاشکرای نەکات تەنیا بەبڕیاری دادگا نەبێت.

هەر کەسێک ئیهانەی ڕۆژنامەنووسێک بکات یاخود دەستدرێژیی بکاتە سەری، سزابدرێت، وەکو ئەو کەسەی کە فەرمانبەرە، بەپێی یاسا فەرمانبەر کەسێک دەستدرێژیی بکاتە سەری سزادەدرێت، هەروەها ڕۆژنامەنووسیش بەو شێوەیە ئەو مافەی هەیە.

ئەو دەزگایەی کە ڕۆژنامەنووس کاری تێدا دەکات، دەبێت پابەندبێت بەوەی مافی ڕۆژنامەنووسی بپارێزێت، بەپێی ئەو یاسایانەی لەناو هەرێمدا هەیە.

ڕۆژنامەنووس حەسانەی هەیە، بەپێی ئەو یاسایە ناکرێت هیچ لێپێچینەوەیەکی یاسایی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکرێت، تەنیا بە ئاگاداری سەندیکا نەبێت، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ڕۆژنامەنووسان و بۆ سەندیکاش.

ناکرێت هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەیەک یان پشکنینی بارەگای هیچ ڕۆژنامەیەک بکرێت یان ماڵی ڕۆژنامەنووس، تەنیا بەبڕیارێکی دادگا نەبێت.

زۆر خاڵی دیکە هەیە هەمووی دەستکەوتن بۆ ڕۆژنامەنووسان و سەندیکا، بەڵام هیچ یاسایەکیش نییە بێ کەموکوڕی بێت، بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە زۆری لەسەر باسکراوە ماددەی (١٠)یە، لەو سزایانەی کە هاتووە لە ماددەی (١٠)دا کە ڕەنگە زۆرتان پێتان وابێت کە زۆرە، یاسا کە دەردەچێت هەر هەمان ئەو کەسەی ئەو یاسایە دەردەچێنێت، دەتوانێت هەمواری بکاتەوە.

جەنابی سەرۆکی حکومەت لێرەیە، وەزیرەکان لێرەن، لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا، چەندین یاسامان هەموارکردووەتەوە زانیومانە کەموکوڕیی تێدایە، ئێستاش ئەم یاسایە چەند ڕێگەیەکی هەیە، ئەگەر کەموکوڕی تێدا هەیە بەو ڕێگایانە دەکرێت هەموار بکرێتەوە.

ڕێگەی یەکەم: سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە دەستنیشانی ئەو ماددانە بکات و پێمان بڵێت و بیگەڕێنێتەوە و لە ماوەی (١٠) ڕۆژ کە دەگاتە لای، جارێکی دیکە دەچێتەوە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

ڕێگەی دووەم: ئەوەیە کە (١٠) ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە هەر وەختێک نامەیەک بۆ سەرۆکایەتی بنووسن، بڵێن ئێمە داواکارین هەر یاسایەک دەمانەوێت بخرێتە ئەجێندای پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن و هەموارکردنی.

ڕێگای سێیەمیش ئەوەیە حکومەتی هەرێم بۆی هەیە نامە بنێرێت بۆ پەرلەمان و داوا بکات هەمواری هەر یاسایەک بکاتەوە، لە هەر وەختێکدا هۆکارێکی

موقنیعی پێشکەشکرد، دەخرێتە ئەجێندای پەرلەمانەوە و پەرلەمانیش دووبارە گفتوگۆی لەسەر دەکاتەوە دوابڕیاریش هەر بۆ ئەو دەبێت، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەرپرسیاێتییە و ئەمانەتیشە، ئەمانەت لەسەر ڕۆژنامەنووسان زۆر گەورەیە، پێشموایە سەرکەوتنی ئێوە، سەرکەوتنە بۆ ئازادیی، بۆ دیموکراتی و سەرکەوتنە بۆ حکومەت.

ئێمە کە دەڵێین دەسەڵاتی چوارەم بەتەواوەتی باوەڕمان وایە دەسەڵاتی چوارەمن، کە دەڵێین بەرپرسیارێتییان ئەوەیە، ڕاستییەکان بەخەڵک بگەیەنن، ڕووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە، چونکە ڕاستیی گەیاندن بەخەڵک، مانای وایە خەڵکەکە ئاگادار دەبێت، وشیار دەبێت و دەزانێت بەرپرسیارێتیی چییە، بۆ بەرگریکردن لە خۆی و لە مافەکانی.

ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەرپرسیارییەتێکی گەورەیە، بەڵام ئەم بەرپرسیارێتییە دەبێت ئینسان تێبگات، چۆن بەکاریدەهێنێت دەسەڵات دەتوانێت گەندەڵی نەهێڵێت، لەبەرئەوە لێرەدا دەبێت دەسەڵاتی پەرلەمان، دەسەڵاتی حکومەت، دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەریی، دەسەڵاتی قەزا، هەر چوار دەسەڵاتەکە یەکبن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکەمان ڕزگار بکەین لەو نەخۆشییەی کە تووشی بووە.

دابینکردنی ئازادیی و دیموکراتی ئامانجی هەموومانە، ئەو چوار دەسەڵاتە هەموو پێکەوە دەبێت ئامانجامی ئەوەبێت، ئەو کۆمەڵگەیە دروست بکەین کۆمەڵگەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای ئازادیی دابڕێژرێتەوە.

بۆیە ئومێد دەکەم کە گفتوگۆی ئەم دوو ڕۆژەی کۆنگرەکەتان لەبەرچاو بگرن، پێویستە ساڵی داهاتوو سەندیکاش بەرنامەیەکی هەبێت، بۆ ئەوەی میکانیزمی پەیوەندییەکانی نێوان خۆی بگۆڕێت بەرەو چەسپاندنی ژیانی دیموکراسی، لەناو سەندیکا خۆیداو باوەش بکاتەوە بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژنامەنووسێک سەندیکا بەهی خۆی بزانێت کەسێک نەبن لە دەرەوەی سەندیکا، ئازادی زیاتر دابین بکرێت، بەرگریی لە خۆتان بکەن، لە مافەکانتان ئەوکاتە دەنگی ئێمەش لەگەڵ دەنگی ئێوە دەبێت، دەنگی حکومەتیشتان لەگەڵ دەبێت.

بێگومان ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان ئەندامن لە سەندیکا، بەڵام هێشتا ژمارەیەک هەیە لە دەرەوەی سەندیکان، هیچ بەهانەیەک نابینم ئەوانە ئەندام نەبن لە سەندیکا لە بەرئەوەی ئەم یاسایەمان لەبەردەم دابوو، لەسەرتاسەری دنیادا بەدوای زۆر ئەزموومدا گەڕاین، زۆر لە وڵاتانی ئەورووپاش سەندیکایان هەیە، یاخود فیدراسیۆنی سەندیکایان هەیە، شتێکی دیکەشیان هەیە لەو وڵاتانەدا، کە سەندیکا نییە، ئەوان پێی دەڵێن (**میساقی شەرەف**).

میساقی شەرەف لە بەینی ڕۆژنامەنووسان لە زۆر وڵاتاندا جێگای سەندیکا دەگرێتەوە، جێگەی یاساش دەگرێتەوە، بەڵام ئەمە لەم وڵاتەی ئێمەدا نییە، ئومێد دەکەم ئەوەش ببێتە بەرنامەیەک و بگەنە ڕۆژێک لەو میساقە لەلایەن هەموو ڕۆژنامەنووسانەوە پەسند بکرێت و قبووڵ بکرێت و پابەند بن پێوەی، ئەگەر بگەینە ئەوە هەموو ڕۆژنامەنووسێک مافەکانی خۆی بزانێت، ئەرکەکانی خۆی بزانێت و بەرپرسیارێتیشی بزانێت، ئەو کاتە وەکو چەند وڵاتێک کە یاسای ڕۆژنامەگەریشی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی یاسایی کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

یاسای گشتی هەیە هەموو کەسێک دەگرێتەوە و ڕۆژنامەنووسیش دەگرێتەوە.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، ئومێد دەکەم، کۆنگرەکەتان سەرکەوتووبێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانتان.

**هەر بژین و سوپاستان دەکەم**

* * *

# نێچیرڤان بارزانی:
# چاوەڕوانین ڕۆژنامەنووسان هاوکارو پشتیوان بن لە داڕشتنەوەی یاسایەکی هاوسەنگ و هاوچەرخ و دروستدا

**ڕۆژنامەنووسانی ئازیز**
**ئامادەبووانی بەڕێز**
**ڕۆژتان باش، هەموو لایەکتان بەخێربێن سەرچاو**

کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە کاتێکدایە باسی ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ لەسەر بنەمای دیموکراتی و ڕێزگرتنی ئازادییە گشتییەکان دامەزراوە، یاسای پێکهێنانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران داکۆکی لەسەر پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئازادی ڕادەربڕین دەکات.

ساڵی ١٩٩٣ بۆ یەکەمجار پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرکرد بۆ ڕێکخستنی چاپەمەنی و لە یەکەم ماددەیدا هاتووە، سانسۆر لەسەر چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە نییە، بەر لە یەک دوو هەفتە پەرلەمان پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی تاووتوێکرد کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسندکرابوو، حکومەت لەو پرۆژەیەدا هەوڵیداوە هاوسەنگیی لە نێوان مافی ڕۆژنامەنووس و ئازادیی ڕادەربڕین لە سەرێک و مافی تاک و کۆمەڵ لە سەرێکی دیکەوە بچەسپێت.

یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی تەنیا پەیوەندیدار نییە بە ڕۆژنامەنووسانەوە، بەڵکو پەیوەندیدارە بەهەموو کەرت و توێژەکانی کۆمەڵگاکەمانەوە، هەر بۆیەش چاوەڕوانین خوشک و برایانی ڕۆژنامەنووس هاوکارو پشتیوان بن لە داڕشتنەوەی یاسایەکی هاوسەنگ و هاوچەرخ و دروستدا.

وەک دەزانن کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، پرۆژە یاساکە ئیمزا ناکات، بەڵکو بۆ پەرلەمانی دەنێرێتەوە، تا زیاتر تاووتوێ بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت، ئەوەش دەرفەتێکی چاکە تا بەچاوی زانست و گیانی دیموکراتیانە بەپرۆژەکەدا بچنەوە و بێگومان دوا بڕیاریش هەر بۆ پەرلەمان دەمێنێتەوە بۆ دەرهێنانی یاسایەکی پەسندو بۆ ئەوەش دەتوانین کەڵک لە یاساو ئەزموونی جیهانی سەردەم وەربگرین.

ئێمە لە حکومەتدا وەک هەمیشە پابەندی ئازادی ڕادەربڕینین، لەگەڵ پابەندبوون بە دەستوورو یاسا بێگومان بیری ئازادو ئازادی بیرو دەربڕین و بڵاوکردنەوە لە گشت میدیاکاندا، مەرجێکی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، لە (١٥) تا (١٦) ساڵی دوایی ڕاپەڕینەوە، وەک دەبینن ئازادییە گشتییەکان تا دێت فراوانتر دەبن، ئەم ئازادییە یەکسەرو لە یەک ڕۆژدا نەهاتووەدی، بەڵکو ئەزموونی چەندین ساڵی گەرەک بووە تا هاتووەتەدی، ئازادیی سیاسی

و کۆمەڵایەتی بەردی بناغەی سیستمی دیموکراتییە لەهەر وڵاتێک، ئەمڕۆ ئیتر کاتی هەڵسەنگاندنی ئەزموونی چەندین ساڵی دوای راپەڕین هاتووە، تا کاری راگەیاندن لە گشت کەناڵەکانەوە باشتر رێکبخەنەوە، لە هەموو حاڵەتەکاندا کۆمەڵگەی کوردستان ئیتر لەو ئاستە ئازادییە راناوەستێت و پاشگەز نابێتەوە، بەڵکو ئەزموونەکەی بەرەو پێشتر دەبات.

دوای رووخانی رژێمی بەعس و دەرچوون و پەسندکردنی دەستووری فیدراڵی عێراق، بارودۆخێکی نوێ هاتووەتەکایەوە، ئەو دەستوورە داینــاوە بەگشت یاساو بڕیارەکانی هەرێمی کوردستاندا بەپێکهات، دیموکراتییەکانیەوە، بەپەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی قەزایی و هێزی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان و گشت مافە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی کوردو تورکمان و سریان و خەڵکی تریش لە هەرێمی کوردستان، دەشبێت بزانین کە یاساکانی کوردستان کار دەکەنە سەر تەواوی بارودۆخی عێراقیش هەروەک چۆن بڕیارو یاساکانی پەرلەمانی عێراق، کاردەکەنە سەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان، کەواتە ئێستا دەرفەتی ئەوەمان هەیە، ماڵی خۆمان لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی و فرەلایەنی رێکبخەینەوە و کەموکوڕییەکانمان چارەسەر بکەین.

بەڕێزان گەلی کوردستان لە ناوچەکە و جیهاندا تەنیا نییە، بەڵکو بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەمڕۆ کۆمەڵێک ئەزموون و واتەی زانستیی گەلانی پێشکەوتوو لەبەردەستماندایە، دەتوانین لە گەنجینەی زانست و رۆشنبیری و راگەیاندنی دنیادا کەڵکیان لێوەربگرین، تا ئەوەی سوودبەخش و باشن و لە بەرژەوەندی گەلەکەماندان، لەم قۆناغەدا بیخەینە بەرنامەی کاری خۆمانەوە، هەروەها دەتوانین سوود لە پسپۆڕو شارەزاییای دۆستی گەلەکەمان وەربگرین، کەوابێت بە ئاسانی دەتوانین کێشەکانمان چارەسەر بکەین، هیچ کام لەو مەسەلانە کە هاتوونەتە وروژاندن بەبێ چارەسەر نامێننەوە، هیچ هۆیەکیش نابینم تا پەلەی لێبکەین، بەڵکو ماوەمان لە پێشدایە تا هێمن و لەسەرخۆ مەسەلەکان شیبکەینەوە بە ئەنجامی گونجاو بگەن.

رۆژنامەنووسانی هێژا. هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخــوازم بەئومێدی ئەوەی سەندیکاکەتان بەهێزتر بێت و ئەو سەندیکایەی کە کاتی خۆی لەسەر خواست و ئــارەزووی خۆتان دامــەزراوە، ئێمە لە حکومەتدا دەست ناخەینە ناو سەندیکا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵکو بێ لایەنانە پشتگیری لێدەکەین، تا بتوانین پەیڕەو پرۆگرامی خۆیان پیادە بکەین، لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا، بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامانجێکی دیکەی ئێمەیە بێگومان پێشکەوتنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر کردەوەی پراکتیکیدا خۆی دەبینێتەوە گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی بەسەندیکا و رێکخراوەکانییەوە هاوسەنگ بەپێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگە واتا کۆمەڵگەی مەدەنی هاوسەنگیی پەرلەمان و حکومەت و دەزگاکانی دیکەیە لەهەرێمەکەمان، ئێمە لە حکومەتدا رێز لە تێکۆشانی رێکخراوو سەندیکا دەگرین کە چالاکانە و بە دڵسۆزی خزمەتی جەماوەری خۆیان و کۆمەڵگە بەگشتی دەکەن، لە کۆتاییدا دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم.

**هەر شاد و سەرکەوتووبن**

* * *

# وتەی بەڕێز فەرهاد عەونی
# نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**
**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**میوانە ئازیز و بەڕێزەکان**
**ڕۆژنامەنووسان هەڵگرانی پەیامی ئازادی و ڕادەربڕینی ئازاد**
**سڵاوتان لێبێت...**

بەناوی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بەخێرهاتننتان دەکەم و سوپاس بۆ ئامادەبوونتان لە کۆنگرەی دووەمی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە زۆربەی هەرەزۆریان لە چوارچێوەی سەندیکایەکی سەرتاسەری کۆبوونەتەوە بەجیاوازی نەتەوەو بیروڕای سیاسی و ئاینی داو لەژێر دروشمی (**لە پێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان**) دا ئەو دروشمەی کە لە گۆڕەپانی عەمەلیدا ئەنجوومەنی سەندیکا لەپێناوی وەدەستهێنانی دا لە هەوڵوکۆششی بەردەوامدابووە بەدرێژایی ئەو چوار ساڵەی ڕابردوودا لەسەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپەردەکانی کۆنگرەی گشتی کە لە ڕۆژانی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ دا بەستراو ڕاپۆرتی گشتی ئەنجوومەنیش کە پێشووتر بەسەر ئەندامانی کۆنگرە کە نوێنەری نزیکەی (٣٠٠٠) ڕۆژنامەنووسی ئەم وڵاتەن، ئەوە نیشاندەدات کە ئەنجوومەنی سەندیکاو هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن هەموو توانایەکیان خستۆتەگەڕ بە مەبەستی پیادەکردنی دروشمی ناوەندی سەندیکاو بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی، بەڵام دیسان ئەگەر نەتواندرابێت هەموو داخوازی و ئامانجەکان بێنەدی ئەوە بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە کە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نەبووە، چونکە وەکو ئاشکرایە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش پێکهاتەیەکی سەربەخۆی بواری مەدەنی کۆمەڵگای کوردستانە کە تێیدا ئەویش وەکو ڕێکخراوەکانی دیکە لە کاروانی هەزار میلدا تازە هەنگاوی یەکەمی مەدەنی یە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە سەندیکای ئەمڕۆ وەکو ئەو ڕێکخراوەی چەند ساڵ پێش ئێستا نییەو ئێستا سەندیکا بە ئەندامیەتی کارای لە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) پێیناوەتە قۆناغێک کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی ناوەخۆیی چۆتە ڕیزی ئەو سەندیکاو ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسیانەی کە دەیان ساڵە دروست بوون سەرەڕای

ئـــەوەی کـە یـەکـەمـیـن سـەنـدیـکـایـە لەو فیدراسیۆنەدا ئەندامیەتی بەدەست هێناوە، لە وڵاتێکدا کە کیانێکی سیاسی سەربەخۆی نییەو ئەندام نییە لە UNدا.

**ئامادەبووان و رۆژنامەنووسانی بەڕێز..**

لێرەدا بە پێویستی دەزانـم کە باس لەو پرۆژەیە بکەم کە بەناوی (**پرۆژەی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووس**) کە رەش نووسەکەی لەلایەن لیژنەیەکی هەمەجۆری رۆژنامەنووس و یاساناس و پەرلەمانتار و پارێزەر و مامۆستای زانکۆی بواری یاساو راگەیاندن ئـامـادەکـراوە، کە تێدا زیاتر لە دوو ساڵی خایاند و بە چەندین قۆناغ تێپەڕی و لەکۆتاییدا گەیشتە بەردەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان و لە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ پاش چەند رۆژەی گفتوگۆی گـەرمـوو و بۆچونی جیاجیا پەسندکرا، کە تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ هەندێ لە بنەما سەرەکیەکانی پرۆژەکەی سەندیکا لیک دووربـــوو، بـووە مـایـەی نیگەرانی ئێمە، چونکە هەندێ لە برگەو خاڵەکانی بەبـەراورد لەگەڵ پرۆژەکەی سەندیکادا لەگەڵ ویست و بووچۆنی ئێمە ناگونجێ بۆیە هەر زوو پەیوەندیمان بە سەرۆکایەتی دیوانـی سـەرۆکـی هـەرێـمـی کوردستان کـردو و نیگەرانی خۆمانمان نیشانداو داوایەکی بەپەلەشمان بۆ دیداری بەرێز "کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان" کرد ئەوەبوو پێش نیوەڕۆی رۆژی ١٧ ئـەم مانگە بـەریـز (**سـەرۆکـی هەرێمی کوردستان**) پێشوازی لە شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا کرد و راشکاوانە باس لە پرۆژەکەو خاڵە گۆڕدراوەکانی کرا. بەرێزیشیان لە روانگەی باوەڕی تەواوی بە ئازادی و ئازادی رۆژنامەنووسی کە تاکە رێگایە بۆ خزمەت و پێشکەوتنی ئەزموونی گەلی کوردستان، کە سەدان ساڵە بێ بەش بووە لە ماف و ئازادی بەڕێزیان رایگەیاند کە ئەو نە ئێستاو نە لە ئایندەشدا بەپێی دەسـەڵاتی یاسایی خـۆی "**ئیمزا لەسـەر بـڕیـارێـک نـاکـات کـە پانتایی ئـازادی و ئازادی رۆژنامەنووس لە کوردستان بەر تەسک بکاتەوە**" لە هەمان کاتیشدا داوای لـە سـەرجـەم رۆژنـامـەنـووسـان کـرد، کە بارودۆخی کوردستان ئەوە دەخوازێ کە بە مەسئولیەتەوە کارەکانمان ئەنجام بدەین و مامەڵە لەگەڵ هـەواڵ و رووداوەکـان بکەین.

ئـێـمـەش لـێـرەدا ســـەرەڕای سوپاس و پێزانینی رۆژنـامـەنـووسـان بـۆ بەڕێز سـەرۆکـی هـەرێـمـی کـوردسـتـان بـۆ ئەو هەڵوێستە هۆشمەندانەی کە رایگەیاند، داوا لـە نـوێـنـەرانـی گـەلـی کوردستان لـە پـەرلـەمـانـتـارانـی بـەڕێـزی پەرلەمانی کوردستان، کە تاکە دەزگـای یاسادانانە لـە وڵاتـێـکـی تـەنـراو بـە سـەدان پیلانی رەش، بە دەیان دەزگای موخابەراتی کە هەرهەموویان لە هەوڵی لەبارچوونی ئەو ئەزموونەی گەلی کوردستان و نەتەوەی کوردی دابەشکراون داوایان لێ دەکەین کە جارێکی دیکە کاتێ یاسایەکەیان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دەگەڕێتەوە ئەو برگەو خاڵانە دەستکاری بکەن کە پانتایی ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی رۆژنامەنووسان تەسک دەکاتەوە، ئێمە وەکو ئەنجوومەنی سەندیکا سەرەڕای رێزی تایبەتیمان بۆ سەرجەم پەرلەمانتارانی بەڕێز، هیوادارین بەبۆچوونێکی پڕ لە متمانە تەماشای راوبۆچوونی رۆژنامەنووسان بکەن سەرەڕای هەندێ لەو کەموکوڕییانەی کە لە گۆڕەپانی رۆژنامەگەریدا دەبیندرێ و بۆتە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و بێ

متمانەیی، هیوادارین هەرهەموومان له روانگەی ئەو ئایەته پیرۆزەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین کە دەفەرموێ: (**فأما ماينفع الناس فيمكث في الأرض فأما الزبد فيذهب جفاء**) صدق الله العظيم.

**میوانانی بەڕێز ڕۆژنامەنووسانی خۆشەویست..**

بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان که تێیدا ڕۆژنامەنووسانیش توێژێکی روناکبیری کۆمەڵگای کوردستانن و بەشێکن له ئەزموونی گەلی کوردستان و هەڵگری پەیامی پیرۆزی ئازادی رادەربڕین و پێشەنگی رۆشنبیری ئەو کاروانەن کە ۱۰۹ ساڵ بەر لە ئێستا (کوردستانی) ڕۆژنامەی تێدا لە دایک بوو دوور لە وڵاتی یان و بەرینی کوردان داوامان لێ دەکات کە ڕێڕەوی راستەقینەی ئەم پەیامە ون نەکەین، کە بێگومان لە دەرفەت و زەمەنێکی داهاتوودا دەمانگەیێنێتە ئەو کەنارەی کە خەونی گەل و نەتەوەی هەمیشەیی ئێمەی تێدا دیتەدی ئەگەر توانیمان ریزەکانی خۆمان زیاتر ڕێکبخەین و پتەوتری بکەین لەسەر بنەمایەکی فراوان که تێیدا هەموو گەلی کوردستان بە جیاوازی بیروڕای سیاسی و ئایینی و ئینتیمای قەومی لە خۆوە بگرێ کە پێویستە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان رۆڵی پێشرەوایەتی ببینن، بەتایبەتی لەم قۆناغە ناسک و گرنگەداو سەندیکاکەیان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکەنە نموونەیەکی سەرکەوتوو پێشەنگ لەم بوارەدا بێ چاوپۆشین لە هەڵەو کەموکورییەکاندا بێ چاوپۆشین لە تەسک کردنەوەی پانتایی ئازادی رۆژنامەنووس و بێ چاوپۆشین لە گەندەڵی، بەڵام بە بەڵگەو بەشێوازی رۆژنامەنووسیی سەردەم و لە چوارچێوەی پەیماننامەی فەرمی رۆژنامەنووسی کە لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانەوە داندراوە.

له کۆتاییشدا وێڕای سوپاس و پێزانینی ئەنجوومەنی سەندیکا بەرامبەر ئەو ئاسانکارییەی کە بۆ بەستنی کۆنگرەی دووەم کراوە سوپاس و پێزانینی خۆمان بە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنین بەرامبەر بەو هاوکاری و یارمەتیەی کە پێشکەش بە رۆژنامەنووسان و سەندیکای کردووە، هیوادارین و داواکارین لە بەڕێزیان لە ئێستاو ئایندەشدا هەمان خەمخۆری رۆژنامەنووسان و دابین کردنی ماف و گوزەرانیان بێت سەرەڕای چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی بێت لە کوردستان، کە بەڕێزیان رۆڵێکی بەرچاوو کاریگەری تێدا دەبینن.

**قل اعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون**

**لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان**

* * *

# وتەی بەڕێز شەهاب تەمیمی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**برایانی ڕۆژنامەنووس و ڕوناکبیرو ئامادەبووانی بەڕێز**

**سڵاو لە هەموو لایەک**

پیرۆزبایی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم بۆ ئەو کۆنگرە کە پوختەی ئەو کاروانەیە کە لەگەڵ برایان فەرهاد عەونی و هاوڕێکانی دیکە لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و هەوارەکانی دامەزراندنی ئەو سەندیکایە کە ئەو سەندیکا سەربەخۆیەی کە یەکەمین جار مامۆستا فەرهاد عەونی گوزارشتی لێکرد کاتێ کە لە دوای ڕووخانی ڕژێم لە بەغدا، داوای بوونی خۆیان کرد، داوای سەربەخۆیان کرد لەو جیهانەی کە بڕوای بە مافی بڕیاردانی مافی چارەنووسی گەلان، مافی پیشەیی. تەنانەت پیشەکانیش گوزارشت لە سەربەخۆیی خۆی بکات، ئێمەش لەو مەبەستەیان گەیشتین و پشتگیری خۆمان بۆ ئەو ئارەزووەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەربڕی، کە سەندیکای سەربەخۆی خۆیان هەبێت و لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراقی پشتگیری خۆمان بۆ ئەو سەندیکایە دەربڕی و سەندیکای کوردستانی بە سەندیکایەکی دەستە خوشکی و هاوشێوەی سەندیکا ڕۆژناموسانی عیراق زانی و سەرنجێکمان دەربڕی، کەوا بۆ ئەمەی لێک دوورنەکەوینەوە دەستەیەکی باڵا لەسەرکردایەتی هەردوو سەندیکا پێک دێنن، کە ئەو دەستەیە پەرۆشی بیروبۆچوونی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بەگشتی بێت جا د لە کوردستان یان لە عێراقدا. ئێمە لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا وەک یەک تیمی کارەکانمان دەکرد، هەرچەندە دوو سەندیکاش بووین کاتێ فەرهاد عەونی برا لە کۆنگرەکان دەدوا وەک ئەوە وابوو کە بەناوی من بدوێت. هەر کاتێ منیش بەناوی ڕۆژنامەنووسانی عێراق و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەدوام، سەیری ئەوەم دەکرد تا قسە بکات، ئەویش دەیگوت، ئەوەی من دەمەویست تۆ گوتت ئەمەش دیاردەیەکی باشی دڵخۆشکەرە، چونکە بەدڵنیاییەوە ئێمە ڕۆڵی یەک وڵاتین، بەڵام دەبێ دان بە جیاوازی نەتەوەی دابێنی، چونکە هەر هاوپەیمانیەتی و هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک و هەر ژیانێک دەبێ لە میانەی ئەوەدا دان بیروبۆچوون و مافەکانی لایەکەی دیکە دانێین. ئێمە دیراسەتی سەرکوتکردن و سیاسەتی سڕینەوە و هەڵلوشین خەڵکانی دیکە گوێ نەدان بەڕای دیکە و لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی

عێراق ئەو گیانەمان بەرجەستە کردووە هەرچەندە هەندێ ناڕەزاییش هەبوو، بەڵام ئێمە گەیشتینە قەناعەتی تەواو کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەندیکایەکی سەربەخۆیە سەندیکایەکی تێکۆشەرەو هاوکاری لەگەڵ دەکەین بۆ داکۆکی کردن لە مافی تەواوی ڕۆژنامەنووسانی عێراق و لە داکۆکی کردن لە وڵاتی عێراقی دیموکراتی فیدرالی یەکگرتوو، کە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم ڕەوتی ئەو عێراق دەکەن کە ژیانی خۆی بنیات دەنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو زوڵم و زۆرو خراپییە زۆرانەی کە یەکەمجار گەلی کورد پاش سەرتاپای گەلی عێراق دووچاری هاتبوو جگە لە سیاسەتی بەتورک کردن کە ڕژێمی عوسمانی لە ساڵانی پێشوو پەیڕەوی دەکرد کە ئاگری بەسەر کورد و بەسەر عەرەبدا کردبوو بۆ ئەوەی ببنە تورک، بەڵام مێژوو سەلماندی کە کورد کوردن و عەرەبیش عەرەبی، هەر لەسەر ئەو خاکەش ژیانیان بردە سەر بەمەرجێ ئاگامان لە مافی نەتەوەیەک بێت جا چ کەمینەیان زۆر نەبێت، ئا لێرەدا دەبێ دان بەوە دابنێین کە ئێمە لەو پێشەیەدا ببینە نموونەی دان نان بەمافی خەڵکانی دیکە.

بریان:

ئێمە لە سەندیکای ڕۆژناموسانی عێراق کارمان لە پێناو داکۆکی کردن لە مافی ڕۆژنامەنووسانی عێراق پتر لە ٢٥٠ شەهیدمان داوە، لای کەم کار هەر بۆ ئەوە ناکەین کە بیان پارێزین، چونکە ئەو کێشە وەک بلێی قەوەرە و نازانین لە کێ گوللە دێت تا ڕۆژنامەنووسی ئافرەتی و بۆ کارو ئەرکی ڕۆژنامەوانی و داگەیاندن دەچوون لەوانە ١٣ تا ١٤ ڕۆژنامەنووسیش بزرن، بڕوامان پێ بکەن دەمانەوێت لە هۆکاری ئەو مەترسیانە بکۆڵینەوە بۆچی گوللە دەهاوێژن بۆچی ڕۆژنامەنووسان دەکوژن؟ بەڵام تا هەنووکەش نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێکی ڕوون، جگە لە هەندێ لێکدانەوەی وا کە ڕەنگە ڕاست بن و دەبێ ڕاستیش نەبن

برایان:

ئێمە دڵخۆشین ئەی ڕووناکبیرانی کورد، بە ڕۆژنامەنووس و ئەوانی دیکە، ئێوە لە پاڵ قەوارەی گەلی کورد لە ناوچەکانیان، بەڵام من ئەوە بۆ ڕووناکبیرانی کورد تۆمار دەکەم کە زمانە کوردییەکەی خۆیان لە هەموو سەردەمەکاندا پاراست، لەسەردەمی عوسمانی یان سەردەمی دواتر نەبێت، دەیانەویست بوونی گەلی کورد لە خاکەکەی بسڕنەوە، بەڵام پێداگری ڕووناکبیری کورد، لەو ناوەندی ڕووناکبیرانی کورد مەشخەڵی ناسراو بووین، تەنانەت کاتی بەزمانی عەرەبیش دەیاننووسی، ئەوە زەغیرەیەکی ڕۆشنبیری قووڵی شیکردنەوە و ڕەخنەیان هەبوو بەڕاستی ڕۆشنبیرانی کورد پانتاییەکی فراوانیان لە نەخشەی عێراق پێک هێناوە، سوپاستان دەکەم بۆ ئەوەی کە دەستەی نەتەوەی کوردی خۆتان گرتووە لەگە گەلی عەرەب و گەلانی دیکەش هاوکاری دەکەن، ئێمە خوازیاری بنیاتنانین، بنیاتنانی ژیانی گەلانی جیاواز بەڵام بە برایان و هەماهەنگی کار دەکەین بۆ نەمانی هەموو شێوازیان ئیستعمار و چەوسانەوەی چینایەتی بۆ ئەوەی ژیانی دیموکراتی و ئازادو خۆش بێت بۆ هەموو ڕۆڵەکانی جیهان.

**سوپاس بۆ گوێگرتنتان.**

* * *

# بڕیارەکانی کۆنگرە

**لیژنەی بڕیارو ڕاسپاردەو بەلاغی کۆتایی کۆمەڵێک بڕیارو ڕاسپاردەی گەڵاڵەکرد، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بابەتانەی کە پێشکەش بەلیژنەکە کران.**
**لەدواییدا لەڕۆژی سێیەمی کۆنگرە ١٢/٢٩ بەتێرو تەسەلی گفتوگۆیان لەسەر کراو ڕاپۆرتەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم بڕیارو ڕاسپاردانەی لەخۆگرتووە:**

١: کۆنگرە ئەنجوومەنی نوێی سەندیکای پابەندکرد بەئامادەکردنی ڕاپۆرتێک دەربارەی ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بەڕۆژنامەنووسان دەکرێت، هەر (٦) مانگ جارێک بڵاودەکرێتەوە.

٢: لیژنەیەک بەناوی لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان لەپاڵ هەردوو لیژنەی (چاودێری و بەرزەفتکردن) لەیاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ زیادبکرێت.

٣: درێژەدان بەیاریمەتیدانی ڕۆژنامەنووسان لەکاتی نەخۆشی و لێقەومان و تووشهاتنی کارەساتدا بەگوێرەی توانای سەندیکا...

٤: کردنەوەی لقی هەولێر پاش دەستبەکاربوونی ئەنجوومەنی نوێ.

٥: هەوڵدان بۆ کردنەوەی خوولی ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسان بەمەبەستی پێشخستنی ئاستی پیشەییان بەپێی توانا.

٦: پێکهێنانی لیژنەیەک لەئەندامانی کۆنگرەو خەڵکانی پسپۆر بۆ بەدواداچوونی هەموارکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لەکوردستان، بەجۆرێک لەگەڵ پێشنیارەکانی کۆنگرەو پرۆژە بنەڕەتییەکەی سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا بگونجێت..

٧: ئەنجوومەنی سەندیکا لیژنەیەک پێکبهێنێت بۆ بەدواداچوون و دارشتنەوەی ئەو برگەو مادده پێویستانەی لەیاسای هەموارکراوی ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ی سەندیکادا هاتووە.

٨: کۆنگرە(پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان) وەک بەڵگەنامەیەک پەسەند دەکات و پابەندبوونی خۆی بەو پەیماننامەیە دووپات دەکاتەوە.

٩: گرنگی دانی زیاتر بەبواری ڕۆژنامەگەری وەرزشی و چاوخشاندنەوە بەناوو پێکهاتەی (کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی) لەبەر ڕۆشنایی یاسایی سەندیکادا....

١٠: کۆنگرە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەماڵی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەزانێت، بۆ داکۆکی کردن لەمافەکانیان.

* * *

# ڕاسپاردەکانی کۆنگرە

١: ئەنجوومەنی سەندیکا بەجیدی هەوڵی ئاشکرا کردنی چارەنووسی ڕۆژنامەنووس (محەمەد ئەشکەنەیی) بدات، کە ماوەیەکە بێ سەرو شوێنە....

٢: کۆنگرە ئەنجوومەنی نوێی سەندیکا ڕادەسپێرێ بەفراوانکردن و بەهێزکردنی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەبەر گرنگی ئەرک و کارەکانی و ئەگەر یاساو توانایی ماددی سەندیکا ڕێگر نەبێت لەداهاتوودا مەکتەبەکە بکرێتە لق.

٣: داواکردن لەهەردوو وەزارەتی دادو ناوخۆ، بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ ئەنجوومەنی سەندیکا بەکردنەوەی خوولی تایبەت بەهۆشیاریی یاسایی بەمەبەستی شارەزابوونی زیاتر بەیاساو سروشتی کاری ڕۆژنامەنووسیی لەکوردستان.

٤: هەوڵدان بۆ برینەوەی دەرماڵەی پیشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسانی فەرمانبەر وەکو دەرماڵەی خاوەن پیشەکانی دیکە.

٥: پێداچوونەوە بەمەسەلەی ئەندامێتی ئەندامانی سەندیکا لەکاتی تازەکردنەوەی پێناسەو وەرگرتنی ئابوونەی ساڵانەو هەوڵ بدرێت لەوەرگرتنی ئەندامدا وردەکاری و چاودێری زیاتر بکرێت.

٦: هەوڵدان بۆ کردنەوەی یانەی کۆمەڵایەتی تایبەت بەڕۆژنامەنووسان لەشارەکانی کوردستان.

٧: سەندیکا هەوڵ بدات کە پشکی (حصە)ی هەبێت لەداهاتی ئەو ڕێکلامانەی لەڕۆژنامەکاندا بلاو دەکرێنەوە.

٨: سەندیکا هەوڵ بدات بەپێی توانا هاوکاری چاپکردنی ئەو کتێبانە بکات کە تایبەتن بەکاری ڕۆژنامەگەرییەوە...

٩: لقەکانی سەندیکا ساڵانە پلانی خۆیان دابڕێژن و بیدەنە ئەنجوومەنی سەندیکا، بەمەبەستی ڕێکخستنی کارو چالاکییەکان.

١٠: پشتیوانی کردنی ڕۆژنامەنووسانی ئەندامی سەندیکا، ئەوانەی کە لەشارەکانی بەغداو موسڵ و کەرکووکەوە، دووچاری ئاوارەیی دەبنەوە، لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.

١١: لقەکانی سەندیکا لێپرسراوێتی تەواویان هەیە، بەرانبەر ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژنامەنووسان لەسنووری لقەکەیاندا.

١٢: تا ئەو کاتەی کە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ی سەندیکا هەموار دەکرێ، هەوڵ بدرێ، نووسینگەی سەندیکا لەو دەڤەرانە بکرێتەوە کە ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تێدایە...

١٣: هەوڵدان بۆ یەکلاکردنەوەی هەر کێشەو گرفتێک کە دێتە پێش کاری ئەندامانی سەندیکا، بەتایبەت لەلقەکانی بەغداو کەرکووک و موسڵ...

١٤: هەوڵدان بۆ دابینکردنی زەوی نیشتەجێ بوون بۆ ئەندامانی سەندیکاو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەندامانی لقەکانی کەرکووک و بەغداو موسڵ.

١٥: گرێدانی کۆنگرەی گشتی سەندیکا لەماوەی یاسایی خۆیداو دوا نەکەوێت.

١٦: یاریمەتیدانی ڕۆژنامەنووسانی بێکار، تا ئەوکاتەی کە کارێک دەدۆزنەوە، بۆ

بژێو و ماف و گوزەرانیان.
١٧: هاندان و پشتگیری کردنی ڕۆژنامەی ئەهلی وەکو دیاردەیەکی شارستانی.
١٨: سەندیکا هەوڵ و توانای خۆی بخاتەگەڕ لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەمەبەستی داشکاندنی نرخ بۆ ڕۆژنامەنووسان لەشوێنەکانی گەشت و گوزاری و ئوتێل و چێشتخانەو هێلەکانی هاتووچۆ و گوواستنەوەو دام و دەزگا پزیشکی و تەندروستییەکان.
١٩: سوود وەرگرتن لەو پەیوەندییەی نێوان سەندیکاو فدراسیۆنی نێودەوڵەتی و سەندیکاو ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسییەکانی جیهان، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا.
٢٠: سەندیکا وەک نەریتێکی ساڵانە ڕێز لەڕۆژنامەنووسە بەئەزموون و داهێنەرەکان بنێت.
٢١: یادکردنەوەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و سازکردنی ڤیستیڤاڵی ساڵانە لەو بۆنەیەدا لەئەستۆی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بێت.
٢٢: هەوڵدان بۆ زیادکردنی بڕی مووچەی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەشێوەیەک کە لەگەڵ باری ژیان و گوزەرانیان بگونجێت.
٢٣: هەوڵدان بۆ دابینکردنی باڵەخانەی گونجاوو شیاو بۆ ئەنجوومەنی سەندیکاو لقەکانی.
٢٤: هەوڵدان بۆ زیادکردنی بۆدجەی سەندیکا بەشێوەیەک کە لەئاستی پێداویستی و کارەکانی سەندیکاو پانتایی چالاکیەکانی دابێت.

## ناوی ئەندامان و لیژنەی بڕیارو ڕاسپاردەو بەلاغی کۆتایی کۆنگرە

١: عوسمان دەشتی
٢: عەبدولکەریم ئەحمەد
٣: ئەسعەد جەباری
٤: موسەدەق تۆفی
٥: شوان هەورامی
٦: محەمەد نووری
٧: مەریوان نەقشبەندی
٨: کاروان ئەنوەر
٩: خالید بەکر ئەیوب
١٠: عومەر غەریب

* * *

# ناوی ئەندامانی لێژنەکانی کۆنگرە

**ناوی ئەندامانی لێژنەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی**

١. ئەنوەر حوسێن
٢. حامید محەمەد عەلی
٣. هەڤاڵ ئەبوبەکر
٤. عەدالەت عەبدوڵڵا
٥. ئاکۆ محەمەد
٦. شوان داودی
٧. بەهجەت هروری
٨. هندرێن ئەحمەد
٩. کاروان عەلی
١٠. ئەحمەد وەرتی
١١. وشیار عەزیز
١٢. نەوزاد پۆلس
١٣. ئازاد ئەحمەد
١٤. بەشار کیکی
١٥. خدر دۆسکی
١٦. بەهائەدین ئەحمەد
١٧. شیلان فەتحی

**لێژنەی یاسای سەندیکا**

١. مستەفا ساڵح کەریم
٢. شیرین.ک.
٣. محەمەد نوری تۆفیق
٤. محەمەد سەعید حەمەکەریم
٥. حەمە سەعید عەبدولکەریم
٦. دلشاد هاشم
٧. مەلکو خوشابا
٨. مغیرە مخموری
٩. زاهیر رۆژبەیانی
١٠. عەبدولهادی موراد
١١. هەژار حاتم.

**لێژنەی راپۆرتی گشتی**

١. ئەحمەد محەمەد قادر
٢. سەباح ئەتروشی
٣. فەرهاد عەونی
٤. عەبدولغەنی عەلی یەحیا
٥. ئەکە موراد
٦. سەربەست جیهاد
٧. عەبدولخالیق رەفیق
٨. عومەر عەبدوڵڵا
٩. محەمەد ئەحمەد
١٠. رەحمان غەریب

**لێژنەی سکاڵا**

١. محەمەد ئیبراهیم ئامێدی
٢. فەهیم عەبدوڵڵا
٣. کاوە پێنجوینی
٤. بژار حەکیم
٥. عادل کۆچەری
٦. هاشم ئەمین
٧. فەرەیدون سامان
٨. نەجات خۆشناو
٩. ئانۆ جەوهەر عەبدولمەسیح
١٠. جەوهەر کرمانج
١١. کامەران محەمەد
١٢. سەردار محەمەد فەتاح

**ئەندامانی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان**

١. حەمید ئەبوبەکر
٢. ئیسماعیل بادی
٣. سەرتیپ جەوهەر
٤. مەریوان مەسعود
٥. هێرش رەسول
٦. زیرەک کەمال
٧. رەنج قەرەداغی
٨. پەترۆس هورمز
٩. مونیر سەلیم
١٠. ئومێد خەلیفە
١١. سەمیرە عەلی حەسەن
١٢. قاسم شێروانی
١٣. چرۆ شەهاب
١٤. زیاد سەعدی
١٥. موعتەسەم نەجمەدین
١٦. زاهیر شوکر
١٧. عەبدولستار جەباری
١٨. عەبدوڵڵا زەنگەنە

❊ ❊ ❊

هەواڵنامەی کتێب

# ڕاگەیەندراوی لیستی چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان

ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی (**لیستی چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان**) کە لە خوارەوە ناومان هاتووە بە جیاوازی بیروڕای سیاسی و ئینتیمای نەتەوەیی و ئایینی بۆ سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕادەگەیەنین، کە خۆمان کاندید دەکەین بۆ پۆستەکانی سەندیکا کە بریتینە لە (**نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەن و ئەندامانی هەردوو لێژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن**) بە پابەندبوون بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ (**یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**) و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکاو پەیمانی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و بەڵێن دەدەین بە هەموو توانایەک لە هەوڵ و کۆشش دابین، لە پێناو (**چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و دەستەبەر کردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان**) و هەوڵدان بە ناساندنی زیاتری سەندیکا و پتەوکردنی پەیوەندییەکان بە ڕێکخراو و سەندیکا نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژنامەنووسان، لە هەمان کاتیشدا بەڵێنی ئەوەش دەدەین کە سەرجەم ئیشوکارەکانی سەندیکا لە چوارچێوەی پیشەیی و بێ لایەنیدا دەرنەچێت بەو مەبەستەی تەنیا لە خزمەتی ئازادی ڕۆژنامەگەری و سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووسان دەبێت.

**<u>بۆ پۆستی نەقیب</u>**

١. فەرهاد عەونی.

**<u>بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن</u>**

١. مستەفا ساڵح کەریم.
٢. بەهجەت هروری.
٣. شوان داودی.
٤. حامد محەمەد عەلی.
٥. زیرەک کەمال.
٦. ئەکەد موراد.
٧. ئەنوەر حوسێن.
٨. جەمال حوسێن.

**<u>بۆ ئەندامێتی یەدەگی ئەنجومەن</u>**

٩. شوان هەورامی.
١٠. ئومید خەلیفە.
١١. جنان پولص.

**<u>لێژنەی چاودێری</u>**

١. قاسم شێروانی.
٢. غەریب شێخ ڕەئوف.
٣. حەیدەر جەمیل محەمەد صالح.
٤. سۆزان یوخنا یوسف/ ئەندامی یەدەگ.

**<u>لێژنەی بەرزەفت</u>**

١. ئاکۆ محەمەد.
٢. هیوا مستەفا.
٣. ئانۆ جەوهەر عەبدولمەسیح.
٤. موزەفەر عەبدولوەهاب/ ئەندامی یەدەگ.

* * *

# لیستی ناوی رۆژنامەنووسانی شەهید

**تاکو: ١ - ١٢ - ٢٠٠٧**

| ز | ناوی سیانی | کاری رۆژنامەنووسی و دەزگاکەی | شوێنی شەهیدبوون | هۆکاری شەهیدبوون | بەرواری شەهیدبوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەربەست محمود احمد | سەرنووسەر/ هەفتەنامەی میدیا | هەولێر | تیرۆر | ٢٠٠٠/٠٥/٣١ |
| ٢ | فرەنسۆ هەریری | خاوەن ئیمتیاز/ گۆڤاری هەولێر | هەولێر | تیرۆر | ٢٠٠١/٠٢/١٨ |
| ٣ | ئەحمەد کەریم ئەحمەد | پەیامنێر/ کوردستان تی.ڤی | موسڵ | تیرۆر | ٢٠٠٣/٠٧/٠٣ |
| ٤ | ئەحمەد شەوکەت | سەرنووسەر/ بلا إتجاه | موسڵ | تیرۆر | ٢٠٠٣/١٠/٢٨ |
| ٥ | شەوکەت شێخ یەزدین | خاوەن ئیمتیاز/ گولآن | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ٦ | سەعد عەبدوڵلآ | خاوەن ئیمتیاز/ گ. کشتوکاڵ | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ٧ | مەهدی خۆشناو | سەرنووسەر/ نووسەری نوێ | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ٨ | کامەران محەمەد عمر | نووسەر/ هەفتەنامەی نیشتمان | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ٩ | ناصح سلیم حمد | نووسەر/ هەفتەنامەی نیشتمان | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ١٠ | ئەیوب محمد صالح | وێنەگر/ گولآن تی.ڤی | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ١١ | عبدالستار عبدالکریم | وێنەگر/ خەبات | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ١٢ | سەفیر نادر رشید | وێنەگر/ گولآن تی.ڤی | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ١٣ | سەلاحەدین سەلیم سەیدۆک | نووسەر/ ج. الاتحاد | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ١٤ | سمکۆ کریم محیی الدین | وێنەگر/ پارێزگا | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ١٥ | هێمن حەمەساڵح مستەفا | وێنەگر/ کوردستان تی.ڤی | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ١٦ | غریب محمد صالح | پەیامنێر/ کوردستانی نوێ | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ١٧ | دیدەوان محمد احمد | وێنەگر/ کوردستان تی.ڤی | هەولێر | رووداوی تیرۆریستی | س ١/ شباط / ٢٠٠٤ |
| ١٨ | کەریم حسین | وێنەگر/ کوردستان تی.ڤی | موسڵ | تیرۆر کرا | ٢٠٠٤/١٠/١٠ |
| ١٩ | دنیا محمد حسن | وێنەگر/ کوردستان تی.ڤی | موسڵ | تیرۆر کرا | ٢٠٠٤/١٠/١٠ |
| ٢٠ | لایق ابراهیم نوروز | پەیامنێر/ کوردستان تی.ڤی | کەرکوک | تیرۆر | ٢٠٠٥/٠٢/١٠ |
| ٢١ | دلێر علی کەرەم | پەیامنێر/ هەفتەنامەی یەکگرتوو | بەغدا | ئەمریکییەکان | ٢٠٠٥/٠٢/١٢ |
| ٢٢ | سامان عدوی عبدالله | پەیامنێر/ کەرکوک تی.ڤی | کەرکوک | تیرۆر | ٢٠٠٥/٠٥/٠٩ |
| ٢٣ | خلیل عبدالله احمد | پەیامنێر/ کەرکوک تی.ڤی | کەرکوک | تیرۆر | ٢٠٠٥/٠٥/٠٩ |
| ٢٤ | کامل دەروێش علی | وێنەگر/ زاگرۆس تی.ڤی | کەرکوک | تیرۆر | ٢٠٠٥/٠٧/٠٢ |
| ٢٥ | محمد رەزا محمد سەنگاوی | نووسەر/ هەفتەنامەی کۆمەڵ | بەغدا | تیرۆر | ٢٠٠٦/١٠/١٥ |
| ٢٦ | طیب عبدالله جاف | پەیامنێر/ یەکگرتوو تی.ڤی | کەرکوک | تیرۆر | ٢٠٠٧/٠٧/١٦ |

# ناوی ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا

**هەولێر**

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ١ | ئازاد صادق |
| ٢ | رابەر چۆمانی |
| ٣ | لاوەند نەوزاد |
| ٤ | نازم دڵبەند |
| ٥ | سەرتیپ جەوهەر |
| ٦ | توانا ئەحمەد |
| ٧ | نەریمان تاڵب |
| ٨ | عبدالرحمن کاکل |
| ٩ | سامان حسین |
| ١٠ | جلال سعید |
| ١١ | ابراهیم حاجی ساڵح |
| ١٢ | سالار عوسمان |
| ١٣ | بەیار ئیسماعیل حەوێز |
| ١٤ | لقمان خەلیل احمد |
| ١٥ | پەترۆس هرمز |
| ١٦ | ئانۆ جوهر عبدالمسیح |
| ١٧ | یوسف زکر ئیشو |
| ١٨ | سوزان یوخنا یوسف |
| ١٩ | سیمون روفائیل داود |
| ٢٠ | جاندارك خوشو حنا |
| ٢١ | فوئاد سدیق |
| ٢٢ | شوان علی محمد (تاڤینگ) |
| ٢٣ | فەرەیدون مامە کەریم سامان |
| ٢٤ | خالید عوسمان تەها |
| ٢٥ | هیوا مستەفا |
| ٢٦ | نەبەز مستەفا |
| ٢٧ | ئاسۆ جەلال |
| ٢٨ | فازڵ عەباس |
| ٢٩ | عادل اسماعیل |
| ٣٠ | نەجات خۆشناو |
| ٣١ | شەپۆل فەتحی کەریم |
| ٣٢ | حوسێن عەزیز کەمال |
| ٣٣ | طارق ابراهیم شریف |
| ٣٤ | عبدالکریم احمد |
| ٣٥ | حیدر جمیل محمد صالح |
| ٣٦ | دلشاد احمد |
| ٣٧ | محمد مجید |
| ٣٨ | بخاری جمیل |
| ٣٩ | وریا رۆستەم محمد |
| ٤٠ | غازی عەلی عەلی |
| ٤١ | سالم الحاج |
| ٤٢ | عبداللطیف یاسین |
| ٤٣ | رێبین ئازاد تۆفیق |
| ٤٤ | ئازاد عبدالواحید |
| ٤٥ | ماجد الدباغ |
| ٤٦ | بهائەدین جەلال |
| ٤٧ | شکار عفان نەقشبەندی |
| ٤٨ | ابراهیم سەمین عەلی |
| ٤٩ | هاوار خەلیل عەبدوڵڵا (مورتکەیی) |
| ٥٠ | ئاشتی شەهباز |
| ٥١ | مەریوان مەحمود نەقشبەندی |
| ٥٢ | سۆنیا سدیق |
| ٥٣ | ئیسماعیل عەلی مەحمود |

| | |
|---|---|
| ٥٤ | فرسەت سۆفی عەلی |
| ٥٥ | زیاد سەعدی حەمەد |
| ٥٦ | زادوق ئادەم باوید |
| ٥٧ | دلێر عوسمان عەونی |
| ٥٨ | هەوار محەمەد عەلی |
| ٥٩ | بارزان مەلا خالید |
| ٦٠ | زەینەب سندی |
| ٦١ | کامەران خەفاف |
| ٦٢ | میقداد شاسواری |
| ٦٣ | خانزاد سەعدی |
| ٦٤ | فەرەیدون ئەحمەد عەولا |
| ٦٥ | غەریب رەئوف ئەحمەد |
| ٦٦ | میکائیل ابراهیم |
| ٦٧ | عەدنان حاجی کاکە |
| ٦٨ | ئازاد ئەحمەد |
| ٦٩ | د.سەعدی المالح |
| ٧٠ | تحسین دۆلەمەری |
| ٧١ | ئاسۆ کەریم |
| ٧٢ | ئاریان فەرەج |
| ٧٣ | شێرزاد عەبدولرەحمان |
| ٧٤ | محەمەد وەسمان |
| ٧٥ | هاوژین عومەر محەمەد |
| ٧٦ | یاوەر نامیق سالم |
| ٧٧ | خالد محمد محمدامین |
| ٧٨ | فاخر علی عارف |
| ٧٩ | دلشاد هاشم محمود |
| ٨٠ | ئومێد تۆفیق حەمەد |
| ٨١ | سدیق حەسەن شوکری |
| ٨٢ | زەکەریا ئەحمەد |
| ٨٣ | عەبدوڵلا زەنگەنە |

**لقی سلێمانی**

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٨٤ | کاوە محمد |
| ٨٥ | فەلاح کەریم |
| ٨٦ | مەریوان مسعود |
| ٨٧ | کاروان عەلی |
| ٨٨ | محەمەد نوری تۆفیق |
| ٨٩ | شیرین کەمال |
| ٩٠ | نازم جەبار |
| ٩١ | منیرە مخموری |
| ٩٢ | شوان کەریم کابان |
| ٩٣ | منیر سلیم |
| ٩٤ | غفور صالح |
| ٩٥ | ابراهیم مراد |
| ٩٦ | سەربەست جهاد |
| ٩٧ | کاروان أنور |
| ٩٨ | محمد عثمان ئەمین |
| ٩٩ | خەڵات عومەر |
| ١٠٠ | دڵشاد یوسف |
| ١٠١ | ئەحمەد سەپان |
| ١٠٢ | رەئوف سدیق أحمد |
| ١٠٣ | وشیار عەزیز |
| ١٠٤ | سلام عبدالله |
| ١٠٥ | رەئوف بێگەرد |

| | |
|---|---|
| ١٠٦ | سیروان رەشید |
| ١٠٧ | هەڤاڵ ئەبوبەکر |
| ١٠٨ | محمد کوردو |
| ١٠٩ | عبدالکریم مەحمود تەها شیخانی |
| ١١٠ | شیلان فتحی |
| ١١١ | لەتیف نێروەیی |
| ١١٢ | هەژار محەمەد |
| ١١٣ | جەمال حسین |
| ١١٤ | عوسمان محیّدین عزیز |
| ١١٥ | سەردار محمد صالح |
| ١١٦ | عمر عبدالله |
| ١١٧ | هاشم أمین |
| ١١٨ | احمد حامد قادر |
| ١١٩ | غفار محمد فتاح |
| ١٢٠ | عمر عبدالله |
| ١٢١ | کاوە تۆفیق |
| ١٢٢ | هەژار حاتم |
| ١٢٣ | سامان حەمە کەریم ئەحمەد |
| ١٢٤ | خەرامان محمد عبدالکریم |
| ١٢٥ | هێرش رەسوڵ |
| ١٢٦ | رەنج کەمال |
| ١٢٧ | ئازاد صدیق |
| ١٢٨ | موحسین یاسین کاکەرەش |
| ١٢٩ | ئەحمەد میرە |
| ١٣٠ | بەناز کوێستانی |
| ١٣١ | حەسەن یاسین |
| ١٣٢ | راوێژ عوبێد |
| ١٣٣ | احمد محمد حەمەصالح أبلاغی |
| ١٣٤ | احمد عارف |
| ١٣٥ | شادمان ملا حسن |
| ١٣٦ | یاسین قادر بەرزنجی |
| ١٣٧ | عادل حەبیب محمد (شاسواری) |
| ١٣٨ | رابەر سەید برایم |

**لقی دهۆك**

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ١٣٩ | محمد سدیق سلیمان |
| ١٤٠ | فرست حاجی جادر |
| ١٤١ | اسماعیل تاهیر جانگیر |
| ١٤٢ | ئەکرەم ابراهیم محمد |
| ١٤٣ | ئازاد عەبدوڵلا حسن |
| ١٤٤ | حسین حجی حسین |
| ١٤٥ | فرست مستەفا عومەر |
| ١٤٦ | ادریس غازی سالح |
| ١٤٧ | محمد صالح حجی |
| ١٤٨ | فرید یعقوب ایلیا |
| ١٤٩ | ملکو خوشابا عودیشو |
| ١٥٠ | میخائیل بنیامین داود |
| ١٥١ | اتور اندرویوس یاقو |
| ١٥٢ | زکی رەمەزان قبلان |
| ١٥٣ | غالب جمیل معروف |
| ١٥٤ | احمد محمد علی اسکندر |
| ١٥٥ | ئەمین یونس ئەمین |
| ١٥٦ | خدر کلو علی دوملی |
| ١٥٧ | سرجون داود یوخنا |
| ١٥٨ | نازدار ئەحمەد محمود |
| ١٥٩ | احمد عبدالله جاسم |

| | |
|---|---|
| ١٦٠ | نزار یاسین مستەفا |
| ١٦١ | فیصل امین علی |
| ١٦٢ | چنار محمد صالح علی |
| ١٦٣ | عبدالسلام صالح بالآیی |
| ١٦٤ | مصلح عبدالقادر عوسمان |
| ١٦٥ | محمد حمدی عبدالمجید |
| ١٦٦ | بهجت محمد هروری |
| ١٦٧ | بشار حمید محمود کیکی |
| ١٦٨ | صباح عبدالعزیز ئەتروشی |
| ١٦٩ | غازی سعید زبیر |
| ١٧٠ | اسماعیل مستەفا محمد |
| ١٧١ | صالح غازی صالح |
| ١٧٢ | محمد ابراهیم ئامێدی |
| ١٧٣ | مصدق سینو توقی |
| ١٧٤ | چنار علی دوملی |
| ١٧٥ | ئەدمۆن یوخنا یوسف |
| ١٧٦ | عیسی حسن اسماعیل |
| ١٧٧ | کۆڤان حسین مستەفا |

**لقی کەرکووک**

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ١٧٨ | د. عبدالکریم محمد علی |
| ١٧٩ | عبدالله محمود زەنگەنە |
| ١٨٠ | فازل رەشید |
| ١٨١ | سەمیر ئەحمەد |
| ١٨٢ | رزگار حساری |
| ١٨٣ | ئەحمەد حەمدانی |
| ١٨٤ | زاهیر شکور |
| ١٨٥ | فاروق جمیل |
| ١٨٦ | شێرکۆ جەبار |
| ١٨٧ | لەتیف هەڵمەت |

| | |
|---|---|
| ١٨٨ | سەمەد چاوشین |
| ١٨٩ | عەدالەت عبدالله |
| ١٩٠ | معتصم نجم الدین |
| ١٩١ | بژار حکیم |
| ١٩٢ | برهان سلیمان |
| ١٩٣ | کمال جمعه امین |
| ١٩٤ | هونەر عبدالله صدیق |
| ١٩٥ | ئاوات نادر عبدالکریم |
| ١٩٦ | بەهائەدین احمد |
| ١٩٧ | لوقمان کاکەیی |
| ١٩٨ | رەزا کاکەیی |
| ١٩٩ | حەمەسەعید زەنگەنە |
| ٢٠٠ | هیجران شێواو |
| ٢٠١ | خالید عبدول |
| ٢٠٢ | وریا جاف |
| ٢٠٣ | کامەران تاهیر |
| ٢٠٤ | کاوێس مەلا پەروێز |
| ٢٠٥ | سامان بابان |
| ٢٠٦ | عبدالستار جەبار |
| ٢٠٧ | فاروق نصرالدین محمد |

**لقی موسڵ**

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٢٠٨ | عدی حسن کروز |
| ٢٠٩ | خوله عبدالرحمن سعید |
| ٢١٠ | سمیر سلوکه |
| ٢١١ | سندباد احمد شوکت |
| ٢١٢ | عدنان محمد صالح |
| ٢١٣ | اکرم سلێمان احمد |
| ٢١٤ | دیوالی حاجی جاسم |
| ٢١٥ | نواف خلف السنجاری |

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٢١٦ | خالد عبدالله ابراهیم |
| ٢١٧ | عوسمان بەرەکات |
| ٢١٨ | عزیز شمو + |
| ٢١٩ | غزوان رزق الله |
| ٢٢٠ | لوئەی فرنسیس |
| ٢٢١ | وسن ابلحد عبو |

**لقی بەغدا**

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٢٢٢ | عبدالهادي مهدي شامار |
| ٢٢٣ | عباس حميد رشيد |
| ٢٢٤ | احمد لفته علي جاف |
| ٢٢٥ | فاضل عباس جاف |
| ٢٢٦ | علي حسين محمد |
| ٢٢٧ | فەرەیدون کەریم مەلیك |
| ٢٢٨ | د.برهان شاوی |
| ٢٢٩ | ئەیاد عبدالرسول دارا |
| ٢٣٠ | جۆرج ایسحاق حەسەدۆ |
| ٢٣١ | تاڵب عەبدولسەمەد عەبدولڕەحمان |
| ٢٣٢ | محمد احمد ابراهیم |
| ٢٣٣ | سالار قادر سعید |
| ٢٣٤ | محمد حاجی کەریم |
| ٢٣٥ | کلسوم شوان |
| ٢٣٦ | فرمان ساڵح |
| ٢٣٧ | ئیڤان جانی گوریێل |
| ٢٣٨ | فاخر علی عارف |

**دەڤەری گەرمیان**

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٢٣٩ | بێستون ژاژڵەیی |
| ٢٤٠ | فەریق محەمەد ساڵح |
| ٢٤٠ | فەریق محەمەد ساڵح |
| ٢٤١ | دلێر کەریم |
| ٢٤٢ | هیوا محەمەد عەلی |
| ٢٤٣ | ساڵح فەرەج |
| ٢٤٤ | جەمال ئەکبەر |
| ٢٤٥ | ئەرکان رەئوف |
| ٢٤٦ | ئیبراهیم باجەلان |
| ٢٤٧ | فاتح سەلام |
| ٢٤٨ | سامان کەریم مەحمود |
| ٢٤٩ | سەباح عەلی جاف |
| ٢٥٠ | ئارام ئیکرام عەلی |

**ئەنجوومەنی و سەندیکاو یەدەگەکانی لەگەڵ هەردوو لیژنەی بەرزەفت و چاودێری**

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٢٥١ | فەرهاد عەونی |
| ٢٥٢ | مستەفا ساڵح کەریم |
| ٢٥٣ | زیرەك کەمال |
| ٢٥٤ | اکد موراد |
| ٢٥٥ | حامد محمد علی |
| ٢٥٦ | فەهیم عەبدوڵلا |
| ٢٥٧ | خالد بەکر ئەیوب |
| ٢٥٨ | سۆزان مامە |
| ٢٥٩ | انور حسین |
| ٢٦٠ | خەیری بۆزانی |
| ٢٦١ | شوان هەورامی |
| ٢٦٢ | شەوقی حوسێن |
| ٢٦٣ | نەوزاد پۆڵص |
| ٢٦٤ | عوسمان دەشتی |
| ٢٦٥ | ئاکۆ محەمەد |

| | |
|---|---|
| ٢٦٦ | نەوزاد مەحمود عەلی |
| ٢٦٧ | ئومێد خەلیفە |

## سکرتێرو ئەندامانی لێژنەی لقەکانی سەندیکا

### سلێمانی

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٢٦٨ | فەرید زامدار |
| ٢٦٩ | ئەمین بۆتانی |
| ٢٧٠ | نەوزاد عەلی فەتاح |
| ٢٧١ | بەکر سدیق |
| ٢٧٢ | محەمەد ئەحمەد سدیق |
| ٢٧٣ | هانا سەعید |
| ٢٧٤ | ڕەحمان غەریب |

### دهۆك

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٢٧٥ | ئیسماعیل بادی |
| ٢٧٦ | شوکری شەهباد |
| ٢٧٧ | شێرزاد موختار |
| ٢٧٨ | ولیەم ڤیدور |
| ٢٧٩ | قاسم حسێن قاسم |
| ٢٨٠ | خدر دوملی |
| ٢٨١ | ئەفرام فەزیل بەهرو |

### موسڵ

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٢٨٢ | عەبدولغەنی عەلی یەحیا |
| ٢٨٣ | پیرکونجی خیرو |
| ٢٨٤ | دلۆڤان محەمەد ساڵح |
| ٢٨٥ | تۆفیق سەعید تۆفیق |
| ٢٨٦ | عەدنان ئەحمەد |

| | |
|---|---|
| ٢٨٧ | قەمەر ئەحمەد |
| ٢٨٨ | فەخری محەمەد ئەمین |
| ٢٨٩ | غسان سالم |
| ٢٩٠ | محەمەد عەقراوی |
| ٢٩١ | روئا ئەحمەد |

### کەرکووك

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٢٩٢ | شێخ سدیق ئەحمەد |
| ٢٩٣ | عومەر غەریب |
| ٢٩٤ | ئاکۆ محەمەد |
| ٢٩٥ | ئەحمەد کەرکووکی |
| ٢٩٦ | فوئاد کونجی |
| ٢٩٧ | ئیبراهیم جبوری |
| ٢٩٨ | کامەران محەمەد |
| ٢٩٩ | ئەسعەد جەباری |

### بەغدا

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٣٠٠ | فریاد رواندوزی |
| ٣٠١ | گۆرگیس بەرواری |
| ٣٠٢ | شێروان شەمێرانی |
| ٣٠٣ | نەسروڵلا سورچی |
| ٣٠٤ | سان سەعید |
| ٣٠٥ | ماجید محەمەد |
| ٣٠٦ | عبدالهادی مراد |
| ٣٠٧ | سامی سعید قادر |

هەوالنامەی کتێب

### نووسینگەی ئەوروپا

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٣٠٨ | شێرکۆ حەبیب/ مسؤول مكتب العلاقات الخارجية |

### ناوی ئەندامانەی کە بەبریاری ئەنجومەن داوەت کراون وەکو ئەندامی کۆنگرە

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ٣٠٩ | سەرۆ قادر |
| ٣١٠ | ئازاد جوندیانی |
| ٣١١ | حسێن خەلیفە |
| ٣١٢ | فەتاح زاخۆیی |
| ٣١٣ | حەمەرەشید ماوەتی |
| ٣١٤ | دلێر محەمەد شەریف |
| ٣١٥ | تۆفیق کەریم |
| ٣١٦ | موزەفەر عبدالوەهاب |
| ٣١٧ | یۆنان هۆزایا |
| ٣١٨ | ئەحمەد وەرتی |
| ٣١٩ | جەنان پۆلص |
| ٣٢٠ | جەوهەر کرمانج |
| ٣٢١ | کاروان ئاکرەیی |
| ٣٢٢ | فەرید ئەسەسەرد |
| ٣٢٣ | هەندرین ئەحمەد |
| ٣٢٤ | صلاح الدين بابكر محمد |
| ٣٢٥ | عبدالرحمن عبدالله |
| ٣٢٦ | گۆران جەلال |
| ٣٢٧ | نیسان میرزا |
| ٣٢٨ | زاهیر رۆژبەیانی |
| ٣٢٩ | د.احسان فوئاد |
| ٣٣٠ | رەفیق صالح |
| ٣٣١ | حەمە سەعید حەمە کەریم |
| ٣٣٢ | شێخ محەمەد شێخ عبدالکریم سۆلەیی |
| ٣٣٣ | ئازاد عوبێد |
| ٣٣٤ | شوان داودی |
| ٣٣٥ | مەهدی ئەبوبەکر |
| ٣٣٦ | کاروان عەبدوڵڵا |
| ٣٣٧ | ئاوات عەبدولخالق |
| ٣٣٨ | دڵشاد ئەحمەد |
| ٣٣٩ | رشید عبدالعزیز |
| ٣٤٠ | چرۆ شەهاب |
| ٣٤١ | کوردستان سالم سەعید |
| ٣٤٢ | سەمیرە کانون |
| ٣٤٣ | پەروین عبدولعەزیز |
| ٣٤٤ | پەیمان عزالدین |
| ٣٤٥ | سەمیرە عەلی حەسەن |
| ٣٤٦ | عائیشە شەوکەت |
| ٣٤٧ | گوڵان سەلیم |
| ٣٤٨ | تاریق جامباز |
| ٣٤٩ | قاسم شێروانی |
| ٣٥٠ | ئالان عەلی |
| ٣٥١ | عەزیز رەشید هەریری |
| ٣٥٢ | حەمید ئەبوبەکر |
| ٣٥٣ | تەحسین ئیبراهیم بابان/ منسق منطقة كرميان |
| ٣٥٤ | نوری بریمۆ/ صحفي من كوردستان سوريا |
| ٣٥٥ | حەسەن رەحمان پەنا/ صحفي من كوردستان ايران |

**تێبینی/ (٨) رۆژنامەنووس بەهۆی نادیارەوە ئامادەی کۆنگرەکە نەبوون**

# راپۆرتی دارایی
# بۆ کۆنگرەی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
# لە ٢٠٠٤/١/١ - ٢٠٠٧/١٢/١

هەواڵنامەی کتێب

**هەولێر**
**راپۆرتی دارایی نێوان کۆنگرەی گشتی یەکەم و دووەم**
**٢٠٠٤/١/١ – ٢٠٠٧/١٢/١**

پاش کۆتایی هاتنی کۆنگرەی گشتی، ئەنجومەنی سەندیکا لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی پۆستەکانی ناو ئەنجومەنی دەست نیشان کرد، کە تێدا رۆژنامەنووس (ئەکەد موراد) بە لێپرسراوی دارایی ئەنجومەن دانراو بە بەرنامەیەکی دارێژراو کاری بەو بودجەیە دەکرد کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان-ئیدارەی هەولێر، تەرخان کرابوو، کە ئەویش بریتی بوو لە (١١,١٧٥,٠٠٠) یانزە ملیۆن و سەدو حەفتاو پێنج هەزار دیناری چاپ، بەو برە پارەیە ئەنجومەن ئیشوکارەکانی بەرێوەدەبردو بەرنامەی ئەنجامدانی کۆنفرانسی لقەکانی دەست نیشان کردبوو.

بەپێی یاسای سەندیکا، سەچاوە داراییەکانی بریتییە لەو (منحە)یەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیدات بەو رێکخراو و سەندیکاو لایەنە سیاسییانەی سەر گۆڕەپانی کوردستان، سەندیکای رۆژنامەنووسان کوردستانیش کە بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، یەکێکە لەو سەندیکایانەی کە ئەو برە پارەیە مانگانە وەردەگرێ و بەپێی وصولات و بەڵگەی پێویست مانگانە تەسویە دەکرێت.

لە ئاکامی هەبوونی دوو ئیدارە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، جۆری وەرگرتنی ئەو برە پارەیەی بۆ سەندیکا تەرخان کرابوو دەیخەینە روو، کە ئەویش بەم جۆرەیە:

**یەکەم -أ-** : لە ٢٠٠٤/١/١ برِی (١١,١٧٥,٠٠٠) دینار لە ئیدارەی هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە.

**ب:** لە ٢٠٠٥/١/١ برە پارەی (١١,٢٥٠,٠٠٠) دینار لە ئیدارەی سلێمانی وەرگیراوە، کە تێدا برِی (٦,٢٥٠,٠٠٠) دینار دەدرایەوە ئەنجومەن و ئەوی دیکە بۆ لقی سلێمانی دەمایەوە.

**دووەم:** لەسەر داواو پێویستی سەندیکا، ئەنجومەنی سەندیکا داوای لە ئیدارەی

هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە بودجەکەی بۆ زیادبکرێت، ئەوەبوو زیادبوونەکە بووە بڕی (١٥،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دینار لە ٢٠٠٦/١/١ەوە.

**سێیەم:** پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (سلێمانی و هەولێر) لەسەر داوای ئەنجومەن بودجەی سەندیکا ڕێکخرا، ئەوەبوو لە ٢٠٠٧/٥/١ بڕی پارەکە کرا بە (٣٥،٠٠٠،٠٠٠) دینار، کە لەخەرجی هاوبەش لە میزانییەی گشتی سەرف دەکرێت، لێرەدا سەرچاوەی بودجەی سەندیکا بوو بەیەک سەرچاوەو لە ئەنجومەن ئەو بڕە پارەیە وەکو لە درێژەی راپۆرتەکەدا هاتووە خەرج کراوە کە تێدا بودجەی سەرجەم لقەکانی سەندیکای تێدایە.

سەرچاوەی دووەمی دارایی سەندیکا بڕی ئەو پارەیەیە کە وەکو ئابوونەی ساڵانە لە ئەندامانی سەندیکا وەرگیراوە، کە ئەویش بە تەواوی لە وردەکارییەکانی بودجە دەست نیشان کراوە.

بودجەی سەندیکا وەکو لە وردەکارییەکانی راپۆرتەکەدا دەردەکەوێ بەو پەڕی شەفافییەتەوە وەکو ساڵانی پێش کۆنگرەی گشتی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، کە تێدا ئەنجومەنی سەندیکا لە هەموو خەرجییەکان بەرپرسیارە بەوپەڕەی ئەمانەتەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە بودجەی سەندیکا زۆر کەمترە لەو پانتاییەی کە لقەکانی سەندیکا داگیریان کردووە، کە مانگانە بەپێی بڕیاری ئەنجومەن بۆیان رەوان کراوە، زۆر جاریش بەتایبەتیش لە سێ ساڵی رابردوو بودجەکە بە شێوەیەک کەم بوو کە نەدەتواندرا زۆرجار کارو چالاکی ئەنجام بدرێت و پێشوازی لە هەندێ نوێنەری سەندیکایەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت و لەمپەرێک بووە بەرامبەر پێشکەوتنی ئیش و کارەکان.

جۆری سەرف کردنی بودجەی سەندیکا وەکو لەسەرەوە نیشان دراوە بەپێی بەرنامەو پلانی ئەنجومەنی سەندیکا بووەو مانگانە لەلایەن وردبینێکی (مدقق)ێکی وەزارەتی دارایی سەرپەرشتی و تەسویە کراوە بەپێی ئوسولی حساباتی ئیشی پێکراوەو کە بەشە هەرە دیارەکانی بریتین لە:

أ. بودجەی هەر پێنج لقەکانی سەندیکاو لیژنەی راپەڕاندنی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی.

ب. مووچەی فەرمانبەرانی سەندیکاو دەرماڵەی ئەندامانی ئەنجومەن و سەرۆک و ئەندامانی هەردوو لیژنەی بەرزەفت کردن و چاودێری و یەدەگەکانیان.

ج. کرێی باڵەخانەی سەندیکا لە هەولێر.

د. مەسروفاتی رۆژنامەی (الصحفی).

و. مەسروفاتی گۆڤاری (رۆژنامەنووس).

ز. مەسروفاتی ئیدارە.

ح. یارمەتی هەندێ لە رۆژنامەنووسان و بەشداری کردن لە پرسەو بۆنەکاندا، سەرەڕای مەسروفاتی هەمەجۆرەکە هەمووی تێکرا بە وردەکارییەوە لە راپۆرتەکەدا خاڵ بەخاڵ دیارکراوە، پێویستە ئەو لیژنەیەی کە بۆ هەڵسەنگاندنی راپۆرتی گشتی لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە دەستنیشان دەکرێن بەو ردی خاڵ بە خاڵ و بڕگە بە بڕگە جۆری سەرف کردنی بودجەی سەندیکا لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا (تەدقیق) بکات، کە ئەویش بریتییە لە:

أ. تەواوی داهاتی سەندیکا بە هەموو جۆرەکانییەوە.

ب. تەواوی خەرجی و سەرفیاتی بودجەی سەندیکا.

ج. (موازنە) کردنی داهات و خەرجی کە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

## پلانی دارایی

## لە ٢٠٠٤/١/١ تا ٢٠٠٤/١٢/٣١

## داهاتی مانگانەو چۆنیەتی دابەشکردنی

### یەکەم/ داهات

| | | |
|---|---|---|
| أ- | لە حکومەتی هەرێم- هەولێر | ١١,٢٥٠,٠٠٠ دینار |
| ب- ئابوونەی مانگانە لە ڕۆژنامەنووسان | | |
| **دووەم/ خەرج** | | |
| أ- | مووچەی فەرمانبەران | ١,٤٣٧,٥٠٠ دینار |
| ب- | دەرماڵەی ئەنجوومەن | ١,٣٦٠,٠٠٠ دینار |
| ج- | دەرماڵەی لیژنەکان | ٣٨٠,٠٠٠ دینار |
| د- | کرێی باڵەخانە | ٥٥١,٢٥٠ دینار |
| هـ- | **لقەکان:** | |
| .١ | دهۆك | ١,٥٠٠,٠٠٠ دینار |
| .٢ | دەستەی ئەنجوومەن لە سلێمانی | ١,٥٠٠,٠٠٠دینار |
| .٣ | ئامادەکاری کەرکووك | ١,٥٠٠,٠٠٠ دینار |
| .٤ | ئامادەکاری موسڵ | ٥٠٠,٠٠٠ دینار |
| و- | ئیدارە | ١,٥٠٠,٠٠٠ دینار |
| **کۆ/** | | **١٠,٢٢٨,٧٥٠ دینار** |
| **داهات** | | ١١,٢٥٠,٠٠٠ دینار |
| **خەرج** | | ١٠,٢٢٨,٧٥٠ دینار |
| بۆ میوانداری-چالاکی-ئیفاد- ئابوونەی نێودەوڵەتی- یارمەتی و کارەکانی تر. ← | | ١,٠٢١,٢٥٠ دینار + ئابوونەی مانگانە |

هەواڵنامەی کتێب

## پلانی دارایی

**لە ٢٠٠٥/١/١ - ٢٠٠٥/١٢/٣١**

**داهاتی مانگانەی سەندیکاو چۆنێتی خەرج کردنی بە پێی ئەم خشتەیە.**

| ز | داهات و خەرجی سەندیکا/ مانگانە | دینار | کۆی پارە |
|---|---|---|---|
| أ- | داهات/ | | |
| | ١-داهات لە حکومەتی هەرێم- هەولێر | ١١,٢٥٠,٠٠٠ | |
| | ٢-داهات لە حکومەتی هەرێم-سلێمانی | ١١,٢٥٠,٠٠٠ | |
| | +ئابوونەی مانگانەی ئەندامەکان. | | |
| | *کۆی پارەی داهات دەکاتە | ← | ٢٢,٥٠٠,٠٠٠ |
| ب- | خەرجی/ | | |
| | ١-لقەکان: لقی سلێمانی ← | ٥,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | دەستەی ئەنجومەن لە سلێمانی ← | ١,٢٥٠,٠٠٠ | |
| | لقی دهۆک ← | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | ١ ئەندامی ئەنجومەن لە دهۆک ← | ٥٠٠,٠٠٠ | |
| | لقی کەرکووک ← | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | لقی موصل ← | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | لقی بەغدا ← | ١,٥٠٠,٠٠٠ | |
| | ٢-موچەی فەرمانبەران ← | ١,٨٦٢,٥٠٠ | |
| | ٣-دەرماڵەی ئەندامانی ئەنجوومەن. ← | ١,٣١٠,٠٠٠ | |
| | ٤-دەرماڵەی ئەندامانی لیژنەکان بەرزەف و چاودێری | ٣٨٠,٥٠٠ | |
| | ٥-کرێی باڵەخانەی ئەنجوومەن ← | ٥٦٠,٥٠٠ | |
| | ٦-باڵە خانەی "الصحفی" | ٦٠٠,٠٠٠ | |
| | -رۆژنامەی الصحفی مانگانە دوو ژمارەی دەکاتە ← | ١,٥٠٠,٠٠٠ | |
| | -ئیدارەو خەرجی تر ← | ١,٥٠٠,٠٠٠ | |
| | *کۆی خەرجی مانگانەی سەندیکا | ← | ٢١,٩٦٣,٠٠٠ |
| | ***ئەو پارانەی کە ماونەتەوە** | ← | ٠٠,٥٣٧,٠٠٠ |
| | -بۆ کارەکانی/ ایفادات- یارمەتی- میوانداری | | |
| | -چالاکی- کۆبوونەوەکان و کۆڕ... | | |
| | -لقی ئەوروپا- ئابوونەی نێودەوڵەتی | | |

## پلانی دارایی

**لە ٢٠٠٦/١/١ - ٢٠٠٦/١٢/٣١**

**داهاتی مانگانەی سەندیکاو چۆنێتی خەرج کردنی بە پێی ئەم خشتەیە.**

| ز | داهات و خەرجی سەندیکا/ مانگانە | دینار | کۆی پارە |
|---|---|---|---|
| أ- | داهات/ | | |
| | ١-داهات لە حکومەتی هەرێم- هەولێر | ١٥,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | ٢-داهات لە حکومەتی هەرێم-سلێمانی | ١١,٥٠٠,٠٠٠ | |
| | +ئابوونەی مانگانەی ئەندامەکان. | | |
| | *کۆی پارەی داهات دەکاتە | ← | ٢٦,٥٠٠,٠٠٠ |
| ب- | خەرجی/ | | |
| | ١-لقەکان: لقی سلێمانی | ٦,٢٥٠,٠٠٠ | |
| | دەستەی ئەنجوومەن لە سلێمانی | ١,٢٥٠,٠٠٠ | |
| | لقی دهۆک | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | ١ ئەندامی ئەنجوومەن | ٥٠٠,٠٠٠ | |
| | لقی کەرکووک | ٣,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | لقی موصل | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | لقی بەغدا | ١,٥٠٠,٠٠٠ | |
| | کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی | ١,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | ٢-موچەی فەرمانبەران | ٢,٢٣٢,٥٠٠ | |
| | ٣-دەرماڵەی ئەندامانی ئەنجوومەن. | ١,٩١٠,٠٠٠ | |
| | ٤-دەرماڵەی ئەندامانی لیژنەکان بەرزەف و چاودێری | ٥٣٠,٠٠٠ | |
| | ٥-کرێی باڵەخانەی ئەنجومەن | ١,٠٠٠,٠٠٠ | |
| | | - | |
| | -ڕۆژنامەی الصحفی مانگانە دوو ژمارەی دەکاتە | ١,٥٠٠,٠٠٠ | |
| | -ئیدارەو خەرجی تر | ٢,٥٠٠,٠٠٠ | |
| | *کۆی خەرجی مانگانەی سەندیکا | ← | ٢٥,٩٢٢,٥٠٠ |
| | ***ئەو پارانەی کە ماونەتەوە**<br>-بۆ کارەکانی/ ایفادات- یارمەتی- میوانداری -چالاکی- کۆبوونەوەکان و کۆڕ -لقی ئەورووپا- ئابوونەی نێودەوڵەتی | ← | ٥٧٧,٥٠٠ |

# پلانی دارایی

## لە ٢٠٠٧/١/١ تا ٢٠٠٧/٤/٣١

## داهاتی مانگانەو چۆنیەتی دابەشکردنی

### یەکەم/ داهات

| | | |
|---|---|---|
| أ- | لە حکومەتی هەرێم- هەولێر | ١٥,٠٠٠,٠٠٠ دینار |
| ب- | لە حکومەتی هەرێم- سلێمانی | ١١,٢٥٠,٠٠ دینار |
| جـ- | ئابوونەی مانگانە لە رۆژنامەنووسان | |
| **کۆی داهات** | | ٢٦,٢٥٠,٠٠٠ |
| **دووەم/ خەرج** | | |
| أ- | **لقەکان:** | |
| ١. | سلێمانی | ٥,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢. | لقی دهۆک | ٢,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٣. | لقی موسڵ | ٢,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٤. | لقی کەرکووک | ٣,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٥. | لقی بەغدا | ١,٥٠٠,٠٠٠ |
| ٦. | وەرزشی | ١,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٧. | دەستەی ئەنجوومەن لە سلێمانی | ١,٢٥٠,٠٠٠ |
| ٨. | ١ ئەندامی ئەنجومەن لە دهۆک | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ب- | **موچەو دەرماڵە** | |
| ١. | موچەی فەرمانبەران | ٢,٩٦٥,٠٠٠ دینار |
| ٢. | دەرماڵەی ئەنجوومەن | ١,٧٦٠,٠٠٠ دینار |
| ٣. | دەرماڵەی لیژنەکان | ٥٣٠,٠٠٠ دینار |
| جـ- | کرێی باڵەخانە | ١,٠٠٠,٠٠٠ دینار |
| د- | رۆژنامەی الصحفی | ٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار |
| هـ- | ئیدارە | ٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار |
| کۆی خەرجی | | ٢٥,٢٨٥,٠٠٠ دینار |
| داهاتی مانگانە | | ٢٦,٢٥٠,٠٠٠ دینار |
| **کۆی خەرج** | | **٢٥,٧٠٥,٠٠٠ دینار** |
| **بۆ ئیفاد، میوانداری، یارمەتی، چالاکییەکان، پەیوەندی دەرەوە و کارەکانی تر...** | | ٠,٥٤٥,٠٠٠ دینار |

# پلانی دارایی

## لە ۲۰۰۷/٥/۱ تا ۲۰۰۷/۱۲/۳۱

## داهاتی مانگانەو چۆنیەتی دابەشکردنی

**یەکەم/ داهات**

| | | |
|---|---|---|
| أ- | لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەی هاوبەش | ۳٥,۰۰۰,۰۰۰ دینار |
| ب- | ئابوونەی ئەندامەکان | |
| **دووەم/ خەرج** | | |
| أ- | **لقەکان:** | |
| ۱. | سلێمانی | ٥,۰۰۰,۰۰۰ دینار |
| ۲. | دەستەی ئەنجوومەن سلێمانی | ۱,۲٥۰,۰۰۰ دینار |
| ۳. | لقی کەرکووک | ۳,۰۰۰,۰۰۰ دینار |
| ٤. | لقی موسڵ | ۲,٥۰۰,۰۰۰ دینار |
| ٥. | لقی دهۆك | ۲,٥۰۰,۰۰۰ دینار |
| ٦. | ۱ ئەندامی ئەنجومەن لە دهۆك | ٥۰۰,۰۰۰ دینار |
| ۷. | لقی بەغدا | ۱,٥۰۰,۰۰۰ دینار |
| ۸. | کۆمەڵەی وەرزشی | ۱,٥۰۰,۰۰۰دینار |
| ب- | **موچەو دەرماڵ** | |
| ۱. | موچەی فەرمانبەران | ۲,۳۹٥,۰۰۰ دینار |
| ۲. | دەرماڵەی ئەنجوومەن | ۱,۹۱۰,۰۰۰ دینار |
| ۳. | دەرماڵەی لیژنەکان | ٥۳۰,۰۰۰ دینار |
| جـ- | کرێی باڵەخانە | ۱,۲۰۰,۰۰۰ دینار |
| د- | ڕۆژنامەی الصحفی | ۲,٥۰۰,۰۰۰ دینار |
| هـ- | ئیدارە | ۲,٥۰۰,۰۰۰ دینار |
| کۆی خەرجی | | ۲۸,۷۸٥,۰۰۰ دینار |
| داهاتی مانگانە | | ۳٥,۰۰۰,۰۰۰ دینار |
| خەرجی مانگانە | | ۲۸,۷۸٥,۰۰۰ دینار |
| چالاکی، پەیوەندییەکان، میوانداری، کۆڕ و کۆبوونەوە.. | | ۰٦,۲۱٥,۰۰۰ |

# جۆرو چۆنیەتی خەرجییەکان

## (١) لقەکان

| ز | ناوی لق | ساڵی ٢٠٠٤ | ساڵی ٢٠٠٥ | ساڵی ٢٠٠٦ | ساڵی ٢٠٠٧ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | دهۆک | ٢٠,٥٠٠,٠٠٠ | ٣٤,٥٠٠,٠٠٠ | ٣٠,٠٠٠,٠٠ | ٣٧,٥٠٠,٠٠٠ | ١٢٢,٥٠٠,٠٠٠ |
| ٢- | دەستەی ئەنجوومەن لە سلێمانی | – | – | – | ١٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٣- | کەرکووک | ١٥,٨٩١,٩٥٠ | ٣٨,٥٠٠,٠٠٠ | ٣١,٦٠٢,٥٠٠ | ٣٦,٥٠٠,٠٠٠ | ١٢٢,٤٩٤,٤٥٠ |
| ٤- | بەغدا | – | ١٢,٠٠٠,٠٠ | ١٨,٠٠٠,٠٠ | ١٨,٠٠٠,٠٠ | ٤٨,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٥- | سلێمانی | ١٤,٤٩٢,٣٥٠ | – | – | ٤٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٥٤,٤٩٢,٣٥٠ |
| ٦- | موصڵ | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | ٢٣,٦٧٣,٠٠٠ | ٢٤,٥٠٠,٠٠٠ | ٣٣,٥٠٠,٠٠٠ | ٨٣,٦٧٣,٠٠٠ |
| ٧- | کۆمەڵەی وەرزشی | – | – | ٦,٠٠٠,٠٠٠ | ١٥,٥٠٠,٠٠٠ | ٢١,٥٠٠,٠٠٠ |
|  | کۆی گشتی | ٥٢,٨٨٤,٣٠٠ | ١٠٨,٦٧٣,٠٠٠ | ١١٠,١٠٢,٥٠٠ | ١٩١,٠٠٠,٠٠٠ | ٤٦٢,٦٥٩,٨٠٠ |

## (٢) کرێی باڵەخانە

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
|  | کرێی باڵەخانەی سەندیکا | ٦,٦١٥,٠٠٠ | ٧,٥٠٠,٠٠٠ | ١٢,٠٠٠,٠٠٠ | ١٢,٨٠٠,٠٠٠ | ٣٨,٩١٥,٠٠٠ |

## (٣)مووچەی فەرمانبەران

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مووچە | ١٧,٢٥٠,٠٠ | ٢٢,٣٥٠,٠٠ | ٢٦,٧٩٠,٠٠ | ٣٥,٥٨٠,٠٠ | ١٠١,٩٧٠,٠٠ |

## (٤) دەرماڵەی ئە نجوومەن و لیژنەکان

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
|  | دەرماڵەی ئەنجوومەن | ١٦,٣٢٠,٠٠٠ | ١٦,٩٢٠,٠٠٠ | ٢٢,٩٢٠,٠٠٠ | ٢٢,٩٢٠,٠٠٠ | ٧٩,٠٨٠,٠٠٠ |
|  | دەرماڵەی لیژنەکانی بەرزەفت و چاودێری | ٣,٨٤٠,٠٠٠ | ٤,٥٦٠,٠٠٠ | ٥,٠١٠,٠٠٠ | ٦,٣٨٠,٠٠٠ | ١٩,٧٩٠,٠٠٠ |

## (٥) خەرجی ئیدارەی سەندیکا

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئیدارە | ١٨,٠٠٠,٠٠٠ | ١٨,٠٠٠,٠٠٠ | ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٢٨,٠٠٠,٠٠٠ | ٩٤,٠٠٠,٠٠٠ |

## (٦) یارمەتی رۆژنامەنووسان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| یارمەتی | ٣,٦١٠,٠٠٠ | ٥,٤٤٠,٠٠٠ | ٤,٣٧٥,٠٠٠ | ٧,٥١٧,٠٠٠ | ٢٠,٩٤٢,٠٠٠ |

## (٧) گۆڤاری رۆژنامەنووس- و "الصحفی"

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | گۆڤاری رۆژنامەنووس | ٧,٠٠٠,٠٠٠ | ٢٥,٢٠٠,٠٠٠ | ١٨,٠٠٠,٠٠٠ | ٢٦,٠٠٠,٠٠٠ | ٧٦,٢٠٠,٠٠٠ |
| ٢- | رۆژنامە و گۆڤاری "الصحفی" | ١١,٠٧٢,٠٠٠ | ٢٤,٣٨٨,٠٠٠ | ٣٠,١٠٣,٦١٠ | ٢٣,٣٣٦,٥٠٠ | ٨٨,٩٠٠,١١٠ |

## (٨) کڕینی کەلوپەل و چاك کردنی

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کەلوپەل | – | ٣,٢١٤,٤٠٠ | ٨,٨١٠,٣٠٠ | ٢,٨٧٣,١٢٠ | ١٤,٨٩٧,٨٢٠ |

## (٩) ئابوونەی IFJ و پەیوەندییەکان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| IFJ | ١٥,٢٩٥,٣٠٨ | – | ١٢,٢١٠,٣٠٠ | ٣,٥٢٨,٠٠٠ | ٣١,٠٣٣,٦٠٨ |

## (١٠) کۆڕ و کۆبوونەوەو کۆنگرە

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆڕ و کۆبوونەوەو کۆنگرە | – | ٥,٩٥٢,١٥٠ | ٨,٩٦٨,٦٤٠ | ١٢,٩٦٠,٠٠٠ | ٢٧,٨٨٠,٧٩٠ |

## (١١) وردەکاری تر

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| چالاکی جیاجیا/ میواندار.. ئیفاد.. هی تر | ٢٠,٧٥٩,٦٠٣ | ١٩,٣٣٨,٩٥٦ | ٣٦,٧٦٤,٧٨٠ | ١٦,٦٨٠,٠٥٢ | ٩٣,٥٤٣,٣٩١ |

## کۆی گشتی پارەی خەرج کراو لە ماوەی چوار ساڵ ٢٠٠٤-٢٠٠٧

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **کۆی گشتی** | ١٧٢,٦٤٦,٢١١ | ٢٦١,٥٣٦,٥٠٦ | ٣٢٦,٠٥٥,١٣٠ | ٣٨٩,٥٧٤,٦٧٢ | ١,١٤٩,٨١٢,٥١٩ |

## ڕاپۆرتی ژمێریاری ( خەرج و داهات )ی سەندیکا لە ٢٠٠٤/١/١ تا ٢٠٠٧/١٢/١

| ز | ناوەڕۆک | ساڵی ٢٠٠٤ | ساڵی ٢٠٠٥ | ساڵی ٢٠٠٦ | ژمێریاری ١/١/ ٢٠٠٤ تاکو ٢٠٠٧/١٢/١ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | ئەو برە پارەیەی کە لەساڵی ٢٠٠٣ پاشکەوت بوو (المبلغ المدور) | ١٩,٨٣٢,٦٠٠ | ١٤,٣٦١,٢٨٩ | ٢,٥٥٢,٠٨٣ | ٩,٢٧٨,٤٣٧ |
| ٢- | **داهات** | | | | |
| | بەخششی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) | ١٣٤,١٠٠,٠٠٠ | ١٥٣,٦٧٥,٠٠٠ | ١٨٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣٠٥,٠٠٠,٠٠٠ |
| | بەخششی ئیدارەی سلێمانی | – | ٦٢,٤٠٠,٠٠٠ | ٨٥,٠٠٠,٠٠٠ | ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ |
| | پارەی گۆڤاری | ١١,٠٧٢,٠٠٠ | ٢٤,٣٨٨,٠٠٠ | ٣٠,١٠٣,٦١٠ | ٢٣,٣٣٦,٥٠٠ |
| | بەخششی دیکە | ٩,٠٨٠,٠٠٠ | – | – | – |
| | داهاتی تر و ئابوونەی ئەندامەکان | ١٢,٩٢٣,٠٠٠ | ٩,٢٦٤,٣٠٠ | ١٩,١٢١,٠٠٠ | ٣١,٨٧٧,٨٥٠ |
| | **کۆی گشتی** | **١٦٧,١٧٥,٠٠٠** | **٢٤٩,٧٢٧,٣٠٠** | **٣١٤,٢٢٤,٦١٠** | **٣٨٥,٢١٤,٣٥٠** |
| | پوختەی برە پارەی ١+٢ = | ١٨٧,٠٠٧,٦٠٠ | ٢٦٤,٠٨٨,٥٨٩ | ٣١٦,٧٧٦,٦٩٣ | ٣٧٥,٩٣٥,٩١٣ |
| | خەرجی ساڵانەی سەندیکا بۆ کڕینی کەلوپەل | ١٧٢,٦٤٦,٢١١ | ٢٦١,٥٣٦,٥٠٦ | ٣٢٦,٠٥٥,١٣٠ | ٣٨٩,٥٧٤,٦٧٢ |
| | پاشماوە بریتییە لەو پارەیەی کە دەمێنێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو. | ١٤,٣٦١,٢٨٩ | ٢,٥٥٢,٠٨٣ | (٩,٢٧٨,٤٣٧) | (١٣,٤٣٨,٧٥٩) |
| | **هاوکاری بەڕێز مام جەلال بۆ سەندیا** | $١٠,٠٠٠ | | $١٠,٠٠٠ خەرج کرا | |

بەڕێز ئەندامانی کۆنگرەی دووەم

ئەو خشتەیەی سەرەوە بریتییە لە هێڵە گشتییەکانی داهات و خەرجی سەندیکا لە ماوەی چوار ساڵی ڕابوردوو، بەڵام وردەکارییەکانی بە تەواوی لە ڕاپۆرتی سەربەخۆدا ئامادەکراوە بەپێی ڕێساو بنەماکانی ژمێریاری بە سەرپەرشتی (وردبینێکی ژمێریاری) وەزارەتی دارایی و دەقی ئەو ڕاپۆرتەش دەخرێتە بەردەم (لیژنەی هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکا) لە کۆنگرەدا.

# کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی

رۆژ لەدوای رۆژ پانتایی وەرزش لە جیهانی ئەمرۆدا فراوانترو گەورەتر دەبێت، رەنگدانەوەشی لەکاری رۆژنامەنووسیدا بەهەمان شێوە فراوان دەبێت.

دەتوانین بڵێین لە کوردستانیش بەڕادەیەکی بەرچاو ئەم دیاردەیە رۆژانە بەرەوپێش دەچێت، تەنانەت رۆژنامەو گۆڤارێک نەماوە کە (پاشکۆ) یان لاپەڕە یان گۆشەی بۆ ئەم بوارە تەرخان نەکردبێ، سەرەڕای دەرچوونی چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تایبەتمەند لەم بوارەدا، هەروەها لە کەناڵەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنیشدا بەرنامەو کاتی تایبەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ تەرخانکردووە، بە مەبەستی بایەخدان بەم بوارە، لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە بە پێویست زانرا بەپیر داخوازی کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی بواری وەرزشییەوە بچێت، بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەک لە چوارچێوەی سەندیکادا، بۆ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کاری رۆژنامەنووسی وەرزشی و رۆژنامەنووسانی ئەو بوارە.

ئەوەبوو سەرەتا بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی سەندیکا لێژنەیەکی ئامادەکار لە ٢٠٠٦/٦/٢٤ دروست بوو و یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیان لەهەولێر بەست. لەبەر رۆشنایی ئەو کۆبوونەوەیە (٤٢) رۆژنامەنووسی بواری وەرزشی بە ئاگاداری لقەکانی سەندیکاو هەردوو دەڤەری گەرمیان و سۆران بانگهێشت کران بۆ بەشداریی لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەکە، پاش چەندین کۆبوونەوەی لێژنەی ئامادەکار لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی سەندیکا، یەکەمین کۆنفرانسی ئەم بوارە بەڕێوەچوو، لە کۆتاییدا کۆمەڵەیەک بەناوی (کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی) بڕیاری لەسەر دراو لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیدا لێژنەیەکی راپەڕاندن بۆ کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا. دواتر لێژنەکەش لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا سکرتێری کۆمەڵەو پۆستەکانی دیکەی بە هەڵبژاردن دیاری کرد..

لێژنەی راپەڕاندن لەنێوان رۆژی دروستبوونیەوە، تاکو رۆژانی پێش کۆنگرە چەند کێشەو لەمپەرێکی هاتووەتە رێ کە نەیهێشتووە ئەرکەکانی خۆیان بە تەواوی جێبەجێ بکەن. هۆکارەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١. هاوکاری نەکردنی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لێژنەی ئۆلۆمپی و لێژنەی باڵای وەرزش لە کوردستان، سەرەڕای ئاگادار کردنیان لەبوون و ئامانجی کۆمەڵەکە.

٢. بەهیچ شێوەیەک (رابطة الصحفیین الریاضیین العراقیین) کە لە چوارچێوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقدا کاردەکات، هاوکاری ئەم کۆمەڵەی نەکرد، بگرە هەڵسوکەوتیان وەکو سەردەمی رژێمی رووخاو بوو، تەنانەت تاکو ئێستا سەرەڕای ئیفادکردنی دەیان رۆژنامەنووسی وەرزشی عێراقی بۆ وڵاتانی دەرەوە، تاکە رۆژنامەنووسێکی کۆمەڵە بەشدار نەکراوە، ئەگەرچی چەند جارێک ئەوان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقیش ئاگادارکراونەتەوە.

٣. نەبوونی بودجەی تەواو و پەرش و بڵاوی

ئەندامانی لێژنەی ڕاپەڕاندن، تارادەیەک بووە هۆی سستی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکانی کۆمەڵە.

ئەو خاڵانەی سەرەوە وای کرد چەند جارێک دەنگی نارەزایی لەلایەن هەندێ لە ڕۆژنامەنووسانی ئەو بوارە بەرووی لێژنەکە بەرزبێتەوە، کە لە ئاکامدا چەندین جار نەقیب و ئەنجومەنی سەندیکا لەگەڵ لێژنەکە دانیشتوون و گوێیان لە داخوازی ناڕازیبووانیش گرتووە. لە ئەنجامدا لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٥ بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ئەندامانی لێژنەکەو ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کە ڕەخنەیان لە کارو ئەدای لێژنەکە هەبوو، بە سەرپەرشتی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان کۆبوونەوەیەکی دوو سەعاتی سازکرا، ڕۆژنامەنووسانی ئامادەبوو گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ وردەکێشەکان بدۆزنەوە، کە ئەویش خۆی لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە دەبینێتەوە کە بەهۆی ئەو خاڵانەی سەرەوە دروست بووبوون. لە ئاکامدا ڕێککەوتن لەسەر ئامادەکردنی میکانیزمێک بۆ کارو چالاکی داهاتوویان.

هیواداریین کۆنگرە چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکی گونجاو بە مەبەستی کاراکردنی ڕۆڵی ئەو کۆمەڵەیە لە خزمەتکردن بە ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی و ڕۆژنامەگەریی وەرزشی بخاتەڕوو.

ئەرک و کارەکانی هەردوو لێژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن

بەپێی مادەی (١٤، ١٥)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ی سەندیکا، دوو لێژنەی سەرەکی هەیە لە پاڵ ئەنجومەندا، کە ئەوانیش لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.

هەر لێژنەیەک بریتییە لە سەرۆک و دوو ئەندام، ئیش و کاری ئەم دوو لێژنەیە وەکو لە یاسای ناوبراودا هاتووە، ڕاستی ئەندامیەتی (صحة العضوية) ڕادەی پیادەکردنی یاسایە بۆ لێژنەی چاودێریکردن، بەڵام لێژنەی بەرزەفتکردن، لێکۆڵینەوەیە لەو سکاڵایانەی کە لە ئەنجومەنەوە بۆیان دەچێت، بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایەو ئیش و کارو چالاکییەکانی هەردوو لێژنەش لەم خاڵانەی خوارەوە خۆیان دەبیننەوە:

**یەکەم/ لێژنەی بەرزەفتکردن (لجنة الانضباط):**

وەکو لە بڕگەی مادەی (١٥)ی یاسا هاتووە، کاری ئەم لێژنەیە پێداچوونەوەی ئەو سکاڵایانەیە کە لە ڕێگای ئەنجومەنی سەندیکایەوە پێیان دەدرێت، دەربارەی هەر سکاڵاو شکایەتێکی ئەندامانی سەندیکا، لەماوەی نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا، لێژنەی بەرزەفت (١٠) سکاڵانامەی پێ گەیشتووە، کە (٨)یان تایبەت بوونە بە سکاڵاکردن لە جۆری ئەندامیەتی، بە مەبەستی گۆڕینی ئەندامیەتیان لە بەشدارەوە بۆ کاراو دوای لێکۆڵینەوە (٦)یان پەسندکراون و (٢)یان ڕەتکراونەتەوە.

هەروەها سەرۆکی لێژنەش ڕۆژنامەنووس (ئاکۆ محەمەد) ئەندامی لێژنەی داکۆکیکردن بووە لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە سەرۆکی لێژنەکە سکرتێری سەندیکا بووە.

شایانی باسە کەمی سکاڵا لە بەردەم ئەم لێژنەیەدا بەو مانایە دێت، کە ئەنجومەنی سەندیکا بەپێی یاساو بەڕێک و پێکی کارەکانی بەڕێوەبردووە.

**دووەم/ لێژنەی چاودێری (لجنة المراقبة)**

بەپێی مادەی (١٤)ی یاسای سەندیکاو پەیڕەوی ناوخۆ، لێژنەی چاودێری ئیش و کارەکانی بەڕێوەبردووە، بەهەموو تواناییەکیان و ئەوەی لە ئەستۆی ئەم لێژنەیەدا بووە، جێبەجێ کراوە. بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی بەردەوام لێژنەی ناوبراو کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێداوە،

بۆ تاوتوێکردن و راپەڕاندنی ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆیدا بووە، کە بریتی بووە لە چاوخشاندن و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ بەئەندام بوون، تێکڕای ئەو داواکارییانەی کە هاتۆتە بەردەم لێژنەکە، ژمارەیان (٢١٤٧) داواکارییە، کە بەم شێوەی خوارەوە بڕیاری لەسەر دراوە:

أ. ژمارەی ئەو داواکارییانەی کە بوون بە ئەندامی کارا، لەلایەن لێژنەی چاودێری بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەن، لە ئەنجومەنیشەوە پەسندکراوە، ژمارەکەی (١٥٦٨) داوکارییە لە سەرجەم لقەکانی سەندیکا لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا.

ب. (٣٩٣) داواکاری وەکو ئەندامی بەشدار پەسندکراون.

ج. (١٦٨) داواکاری وەکو ئەندامی مەشقکار پەسندکراون.

د. لەگەڵ ئەوانەشدا (١١٠) داواکاری رەتکراونەتەوە، یاخود لەژێر لێکۆڵینەوەدا ماونەتەوە، دیارە ئەمانەش بەهۆی ناتەواوی مەرجەکانی بە ئەندام بوونە لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

لێرەدا وەکو لە دەقی راپۆرتی لێژنەی چاودێریدا هاتووە زۆری ژمارەی ئەو داواکارییانەی کە هاتۆتە بەردەم لێژنەکەش و پاشا بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی سەندیکا، بەمەبەستی بە ئەندام بوون دەگەڕێتەوە بۆ:

أ. یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، وەکو لە مادەی (١٩)دا هاتووە، ژمارەیەکی زۆر لە ناونیشان (عناوین) دەگرێتەخۆ کە (١٤) ناونیشانی رۆژنامەنووسییە، کە ئەمەش بوار دەڕەخسێنێت لەبەردەم داواکارییەکی زۆر، تاوەکو داخوازی بە ئەندام بوون پێشکەش بە سەندیکا بکات.

ب. بوونی رێژەیەکی زۆر لە دەزگاو دامەزراوەکانی راگەیاندن لە کوردستاندا، لەهەموو پارێزگاو شارو شارۆچکەیەکدا، بەهۆی ئەو ئاسانکارییەی کە لەو بوارەدا رەخساوە سەرەڕای نەبوونی سانسۆر بەرادەیەک هەموو لایەنێکی سیاسی و رێکخراو و سەندیکاو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، تەنانەت هەندێ لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گۆڤارو بڵاوکراوەیان هەیە، سەرەڕای کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسانی دەرەوەی وڵات و رۆژنامەنووسانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە ئەندامن لە سەندیکادا.

# راگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

لەژێر دروشمی (**لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسیی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**) و بەچاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەشداری (٣٦٣) رۆژنامەنووس بە نوێنەرایەتی سەرجەم ئەندامانی سەندیکا، لە رۆژانی ٢٧-٢٠٠٧/١٢/٢٩، دووەمین کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر بەڕێوەچوو..

ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنگرە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بە گشتی و شەهیدانی رۆژنامەنووس بە تایبەتی دەستی پێکرد.

لە دەستپێکی کۆنگرەکەدا چەندین پەیام و وتار پێشکەشکران، سەرەتا پەیامی هەردوو بەڕێزان سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی هەرێمی کوردستان خوێندرانەوە، کە ئاراستەی رۆژنامەنووسانی کوردستان و کۆنگرەکەیان کردبوو. پاشان بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دواتریش بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتاریان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد..

ئینجا پەیامی هەریەک لە جیم بومیلا سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و ئایدن وایت سکرتێری گشتی هەمان رێکخراو و خاتوو میشیل سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا و سەیف ئەلشەریفی جێگری سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب خوێندرانەوە..

دواتر بەڕێز شەهاب ئەلتەمیمی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق وتارێکی پێشکەش کرد، پاشان وتاری ئەنجوومەنی سنفی رۆژنامەنووسانی ئێران و رێکخراوی جەندەری رۆژنامەنووسی ئێران پێشکەشکران..

دواجار بەوتاری ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لەلایەن **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە پێشکەشکرا کۆتایی بەدانیشتنی یەکەم هات..

دانیشتنی دووەمی هەمان رۆژ بە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە دەستی پێکرد، کە بەرنامەی کاری بریتیی بوو لە هەڵبژاردنی ئەم لیژنانە:

١. لیژنەی هەڵسەنگاندنی راپۆرتی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکا بە هەردوو بەشی (کارگێڕی و داراییەوە).

٢. لیژنەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨)ی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی هەموارکراو..

٣. لیژنەی بەدواداچوونی یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان.

٤. لیژنەی سکاڵا.

٥. لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی رۆژنامەنووسان.

٦. لیژنەی بریارو راسپاردەکان و بەلاغی کۆتایی کۆنگرە.

پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ تەرخانکرا

بۆ کاری لیژنەکان و ئامادەکردنی راپۆرتەکانیان..

رۆژی دووەمی کۆنگرە تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوەو دواتر گفتوگۆو تاوتوێ کردنی راپۆرتی لیژنەکان لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، کە تێیدا لە کەش و هەوایەکی ئازادو دیموکراسی دا بەشداربووان راشکاوانە راوبۆچوونی جیاوازی خۆیان لەسەر راپۆرتەکان خستەڕوو، کە بووە مایەی دەوڵەمەندکردنی راپۆرتەکان و دواتر بە زۆرینەی دەنگ لەلایەن کۆنگرەوە پەسەندکران..

رۆژی سێیەمی کۆنگرە بە خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی بڕیارو راسپاردەو بەلاغی کۆتایی دەستی پێکرد، کە تا نیوەڕۆی هەمان رۆژی خایاند. تێیدا کۆنگرە سەرەڕای بڕیارو راسپاردە پیشەییەکان کە لە لیژنەکانی کۆنگرەوە بڕیاریان لەسەر درابوو و لەلایەن کۆنگرەوە پەسەندکران، هەڵوەستەی لەسەر چەند بابەتێکی گرنگ کرد کە بریتی بوون لە:

١. کۆنگرە هەڵوەستەیەکی جددی لەسەر یاسای کاری رۆژنامەگەری کرد، کە لەپەرلەمانی کوردستان رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ پەسەند کراوەو نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرانبەر ئەو خاڵ و بڕگانەی ناو یاساکە، کە پانتایی ئازادی رۆژنامەگەریی لە کوردستان تەسک دەکاتەوە، داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد پاش گەڕانەوەی یاسای ناوبراو لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێوازێکی گونجاو تر مامەڵە لەگەڵ ئەو بڕگەو خاڵانە بکات، کە بۆتە جێی ناڕەزایی رۆژنامەنووسان بەشێوەیەک کە یاساکە لە ئایندەدا ببێتە پاڵپشتی تەواوی ئازادی رۆژنامەگەریی لە کوردستان.

٢. کۆنگرە داوا لە دەسەڵاتی ناوەندی حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکات کەوا بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی کارەساتەکانی ئەنفال و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان چیتر دوانەخرێت و بڕیارەکانی دادگا جێبەجێ بکرێت.

٣. کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ، نیگەرانی و ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرانبەر بە دواکەوتنی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) و داوای کرد کە لەماوەی درێژکردنەوەی ئەمجارەدا جێبەجێ بکرێت و ئەوەش دوا درێژکردنەوە بێت.

٤. کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ بۆردومانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی لەلایەن سوپای تورکیاوە مەحکوم کردو جەختی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگای ئاشتیانەو دیبلۆماسیانەوە کرد.

٥. کۆنگرە ئیدانەی تیرۆرکردنی خاتوو بەنازیر بۆتۆی سەرۆکی پارتی گەلی پاکستانی کردو بەڕووداوێکی ترسناک لەدژی دیموکراسییەت وەسفی کرد.

دوا دانیشتنی رۆژی سێیەمی کۆنگرە، تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکاو هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن، بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی دادوەر (دارا محەمەد) کە لەلایەن سەرۆکایەتی دادگای ئیستیئنافی هەولێرەوە دەستنیشان کرابوو، لەگەڵ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن..

سەرەتا دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە بە ئەندامانی کۆنگرەیان راگەیاند، کە رۆژنامەنووسان ئازادن بە هەر شێوازێک کە خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن، تێیدا دوو شێوازی هەڵبژاردن خرانەڕوو، کە بریتی بوون لە شێوازی لیست و تاک.

لە ئاکامدا زۆرینەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆنگرە، شێوازی هەڵبژاردنیان بە لیست پەسند کرد..

پاشان دادوەر دەرگای پاڵاوتنی واڵاکردو داوای لە ئەندامانی کۆنگرە کرد، کە لیستی پاڵێوراوانی خۆیان بۆ پۆستەکانی سەندیکا پێشکەش بکەن..

سەرەتا رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی لیستێکی بەناوی (**لیستی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسیی لە کوردستان**) پێشکەش کرد کە پێکهاتبوو لە (٢٠) رۆژنامەنووس.

دواتر دادوەر دەرفەتی بە ئەندامانی کۆنگرەدا بە مەبەستی پێشکەشکردنی لیستی دیکە ئەگەر هەبێت، لە کۆتاییدا (**لیستی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان**) بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگی ئەندامانی کۆنگرە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کە ئەمەش پێکهاتەی لیستەکەیە:

**بۆ پۆستی نەقیب**

١. فەرهاد عەونی.

**بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن**

١. مستەفا ساڵح کەریم.
٢. بەهجەت هروری.
٣. شوان داودی.
٤. حامد محەمەد عەلی.
٥. زیرەک کەمال.
٦. ئەکەد موراد.
٧. ئەنوەر حوسێن.
٨. جەمال حوسێن.

**بۆ ئەندامێتی یەدەگی ئەنجومەن**

٩. شوان هەورامی.
١٠. ئومید خەلیفە.
١١. جنان پولص.

**لێژنەی چاودێری**

١. قاسم شێروانی.
٢. غەریب شێخ رەئوف.
٣. حەیدەر جەمیل محەمەد صالح.
٤. سۆزان یوخنا یوسف/ ئەندامی یەدەگ.

**لێژنەی بەرزەفت**

١. ئاکۆ محەمەد.
٢. هیوا مستەفا.
٣. ئانۆ جەوهەر عەبدولمەسیح.
٤. موزەفەر عەبدولوەهاب/ ئەندامی یەدەگ.

* * *

هەواڵنامەی کتێب

# کۆنفرانسی لقەکانی سەندیکا

لەژێر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا و پشتبەستن بە یاسای سەندیکا و پەیڕەوی نێوخۆ، ڕۆژی ٢٠٠٨/١/١٥ ئەنجوومەنی سەندیکا لەکۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاری لەسەر بنەما گشتیەکان و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی لقەکانی سەندیکا دا. لەم بارەیەوە دەستنیشانی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی کۆنفرانسەکان کران، لیژنەکانیش بەسەرپەرشتی ئەندامانی ئەنجوومەن و بە بەشداری ئەندامانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن و سکرتێر و ئەندامانی لقەکان پێکهێنرا. بە مەبەستی بەشداربوونی سەرجەم ئەندامانی سەندیکا لە تەواوی دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکان بە کەناڵە جیاوازەکانەوە، بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی لقەکانی سەندیکا بە هاوشێوەی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا، ئەویش بە ڕێککەوتنی ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە کۆنفرانسەکان لە چوارچێوەی ئامادەکردنی لیستێکی ئیتیلافی بەناوی لیستی (چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان) کە تەواوی پێکهاتەکان بەجیاوازی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی لەخۆبگرێت. جێگەی باسە ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا، بەپێی سنووری جوگرافیایی خۆیان ڕاستەوخۆ بەشداری کۆنفرانسی لقەکان دەکەن، کە پێشتر لە کەشێکی دیموکراسی لەچوارچێوەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان بەرێژەی ٨٪ هەڵبژێردرابوون، واتە هەر نوێنەرێک نوێنەرایەتی (١٢) ڕۆژنامەنووسی دەکرد. بۆ تەواوکردنی ڕێژەی ٢٠٪ کە بڕیارە لە کۆنفرانسی لقەکان بەشداری بکەن، پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی کۆنفرانس کە ڕێژەی ١٢٪ ی ماوە، هاوشێوەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی کۆنگرەی دووەم لە کەشێکی دیموکراسی بۆ کۆنفرانسی لقەکان هەڵبژێردران. کۆنفرانسی لقەکانیش بەپێی خشتە و کاتی دیاریکراو لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکا، بەم شێوەیە بەڕێوەچوو.

# کۆنفرانسی لقی موسڵ

ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٨ لە هۆڵی (لالش) ی شارۆچکەی (بەعشیقە) بە بەشداری (٥٠) ڕۆژنامەنووس کە نوێنەرایەتی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان – پارێزگای نەینەوایان دەکرد، کارەکانی کۆنفرانسی دووەمی لقی موسڵ بەڕێوەچوو. شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان (فەرهاد عەونی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و (حامد محمد علی) سکرتێری سەندیکا و هەروەها بەڕێز سەرۆکی لقی نەینەوای یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، بەشدارییان لە ڕێورەسمی بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆنفرانسەکەدا کرد، کە لەلایەن دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەڤەرەکە بایەخێکی زۆری پێدرابوو. دەسپێکی کۆنفرانسەکە بە وتەی ئەنجوومەنی سەندیکا لەلایەن بەڕێز سکرتێری سەندیکا پێشکەش کرا، دەستیپێکرد. دواتر هەریەک لە بەڕێزان (پیرکونجی و محمد ئاکرەیی) ڕاپۆرتی گشتی و ڕاپۆرتی داراییان خوێندەوە. لەدوا دانیشتنیشدا بە سەرپەرشتی مافناس (؟ ؟ ؟ ؟) هەڵبژاردنی لیژنەی تازە بەشێوازی لیست بەشێوەیەکی دیموکراسی بەڕێوەچوو و لیستی (چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان) زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، لیستەکەش لەم ڕۆژنامەنووسانە پێکهاتبوو:

١. غەسان ئەلیاس
٢. ئەکرەم سلێمان
٣. تۆفیق سەعید
٤. فەخری ئەمین
٥. لەتیف پۆلا
٦. عەدنان ئەحمەد فروری
٧. محەمەد ئاکرەیی.

ئێوارەی هەمان ڕۆژیش لەیەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا ڕۆژنامەنووس (غەسان سالم ئەلیاس) بەسکرتێری لقی موسڵ هەڵبژێردرا.



# كۆنفرانسی لقی سلێمانی

بە ئامادەبوونی بەڕێز (مەلا بەختیار) كارگێڕی مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان و شاندی ئەنجوومەنی سەندیكا كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان نەقیب و جێگری نەقیب و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەن و بە بەشداری (١٠٥) ئەندام بە نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسانی ئەندامی سەندیكا، لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٣ لە هۆڵی (دایەلوگ) ی مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان كارەكانی كۆنفرانسی دووەمی لقی سلێمانی بەڕێوە چوو.

سەرەتا وتەی بەخێرهێنان لەلایەن بەڕێز (ئەنوەر حوسێن) ئەندامی ئەنجوومەن پێشكەشكرا، دواتر بەڕێز (فەرید ئەسەسەد) نەقیبی یەكێتی ڕۆژنامەنووسانی كوردستانی پێشوو، وتەیەكی پێشكەشكرد و تیایدا وێڕای ئەوەی ئومێدی سەركەوتنی بۆ كۆنفرانس لە پێناو هێنانەدیی ئامانجە پیشەییەكانی ڕۆژنامەنووسان خواست، ئاماژەی بە هەوڵ و كۆششی سەركردایەتی پێشووی هەردوو ڕێكخراوی ڕۆژنامەنووسان لەیەكخستنی ڕیزی ڕۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستاندا كرد و بەدەستكەوتێكی گەورە و پڕ بایەخی لە قەڵەمدا. پاشان بەڕێز (فەرهاد عەونی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان وتەی ئەنجوومەنی سەندیكای پێشكەشكرد، لە وتەیەكدا هیوای سەركەوتنی بۆ كارەكانی كۆنفرانس خواست، ئاماژەی بە ڕۆڵی مێژوویی شاری سلێمانی كرد كە لەگەڵاڵەكردنی كاری ڕۆژنامەنووسی



پێشەنگ بووە، هەروەک ڕۆڵی حکومەتی شێخ مەحموودی حەفیدی لە دەوڵەمەندکردن و بەرەو پێشبردنی ئاستی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری، بەدەرکردنی ڕۆژنامەکانی (بانگی هەق و ئومێدی ئیستقلال و ڕۆژی کوردستان) بەرز نرخاند.

دواتر بەڕێز (فەرید زامدار) سکرتێری لق، بە وتەیەک هەست و هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە کۆنفرانس دەربڕی. هەروەک ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنفرانس بەو پەڕی بوێری و ئازادییەوە سەرنج و تێبینییەکانیان سەبارەت بە کۆنفرانس خستە ڕوو، لەکۆتایی کۆنفرانسەکە بە سەرپەرشتی دادوەر (محەمەد حەمە شەریف) دوای ئەوەی هەڵبژاردن بە شێوازی لیست زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، دادوەر داوای لە ئەندامانی کۆنفرانس کرد لیست ئامادە بکەن، لەم بارەیەوە بەڕێز (محەمەد نووری تۆفیق) لیستی (چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان) پێشکەش کرد، لەبەر ئەوەی هیچ لیستێکی ڕکابەر نەبوو، بۆیە لیستی (چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان) لە کۆی (١٠٥) دەنگ (٩٥) دەنگی بەدەست هێنا لە بەرانبەر (٦) دەنگی بەرهەڵستکار و (٤) دەنگی بێ لایەن، ڕۆژنامەنووسانی لیستی ناوبراویش بریتی بوون لە:

١. محەمەد نووری تۆفیق
٢. ڕەئووف سەدیق ئەحمەد
٣. هاوڕێ محەمەد ساڵح
٤. ئازاد خورشید
٥. کامەران حەسەن فەتاح
٦. دلێر جەلال
٧. سامان حەمە کەریم ئەحمەد

دوا بەدوای کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی بەڕێزان نەقیب و جێگری نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەن کۆبوونەوەی یەکەمی لیژنەی تازەی لقی سلێمانی بەسترا و ئیش و کارەکان لە نێوان ئەندامان دابەشکران و بەڕێز (محەمەد نووری تۆفیق) یش بە سکرتێری لقی سلێمانی هەڵبژێردرا.



# کۆنفرانسی لقی دهۆک

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٦ بە ئامادەبوونی بەڕێز(تەمەرکۆچەر)پارێزگاری دهۆک، نوێنەری حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان و بە بەشداری (١١٠) ئەندام بە نوێنەرایەتی سەرجەم دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی سنووری پارێزگای دهۆک، ڕێورەسمی چوارەمین کۆنفرانسی لقی دهۆک بەڕێوەچوو. سەرەتای کۆنفرانسەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە کە کۆنفرانسەکە هاوکات بوو لەگەڵا یادی (٢٠) ساڵەی کیمیاباران کردنی لە لایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچوو و گیانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان و عیراق و جیهان دەستی پێکرد. دواتر بەڕێز (شوکری شەهباز) وتەی لقی دهۆکی سەندیکای پێشکەش کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ کارەکانی کۆنفرانس خواست، پاشان بەڕێز (تەمەر کۆچەر) پارێزگاری دهۆک لە وتەیەکیدا باسی لە ئەزموونی سەرکەوتوویی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، لە یەکخستنەوەی ڕیزی ڕۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی سەندیکایەکی پیشەیی لە پێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان و داکۆکی کردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان کۆشش دەکات، هەروەک بەڕێزیان ئامادەیی خۆی بۆ پشتگیری و دابین کردنی سەرجەم پێداویستییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە پێناو پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان و بەرز بوونەوەی ئاستی ڕێکخراوە پیشەییەکان نیشاندا، دواتر بەڕێز (بەهجەت هروری) ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا وتەی سەندیکای خوێندەوە کە تیایدا کارەکانی سکرتێر و ئەندامانی پێشووی لیژنەی لقی دهۆکی لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی سەندیکا و داکۆکی کردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان بەرز نرخاند و مژدەی



بڕیاری بەخشینی پارچەیەک زەوی گونجاو و پارەی تێچوونی دروستکردنی بارەگای لقی دهۆکی سەندیکای لەلایەن بەڕێز پارێزگاری دهۆک بە ئامادەبووان ڕاگەیاند. لە دانیشتنی دووەمی کۆنفرانس ڕاپۆرتی گشتی لەلایەن بەڕێز (شوکری شەهباز) و ڕاپۆرتی دارایی لەلایەن بەڕێز (قاسم حوسێن) خوێندرانەوە و بەتەواوی دەنگ لەلایەن ئەندامانی کۆنفرانس پەسەند کران. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا و بە سەرپەرشتی دادوەر (ستار سۆفی) دەنگ لەسەر شێوازی هەڵبژاردن بەلیست دراو لیستی (چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان)، کە لەلایەن بەڕێز (ئیسماعیل تاهیر جیهانگیر) ئامادە و پێشکەش کرا، زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، کە پێکهاتبوو لە: ١- ئیسماعیل تاهیر جیهانگیر ٢- شێرزاد موختار محەمەد ٣- ڕەقیب مەحمود ئەحمەد ٤- شڤان تۆفیق محێ ٥- ولیەم تیودور ئەبریما ٦- ریسان حەسەن جوندی ٧- ئەفرام فچیل بەهرۆ. لیستی ناوبراو لە کۆی (١١٠) دەنگ ( ١٠٧) دەنگی بەدەستهێنا، کە لە تەواوی پێکهاتەکان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و بیرکردنەوەی سیاسییان پێکهاتبوو. دوا جار لەیەکەم کۆبوونەوەیدا بەڕێز (ئیسماعیل تاهیر جیهانگیر) بە سکرتێری سەندیکا هەڵبژێردرا و ئیش و کارەکان لەسەر ئەندامانی لیژنەی تازە دابەشکرا.



# کۆنفرانسی لقی کەرکووک

سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٨ لەهۆڵی (نەورۆز) لەشاری کەرکووک، بەئامادەبوونی شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان نەقیب و جێگری نەقیب و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن و بە بەشداری (٦٣) ڕۆژنامەنووس بەنوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسانی سنووری پارێزگای کەرکووک، دوای دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان و عیراق و جیهان، کارەکانی دووەمین کۆنفرانسی لقی کەرکووک دەستی پێکرد. دواتر بەڕێز (شێخ سەدیق) سکرتێری لق وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا باس لە دەستکەوتەکانی ڕۆژنامەنووسان سەرباری خەراپی ڕەوشی ئاسایشی شاری کەرکووک کرد و ئومێدی سەرکەوتنی بۆ ڕۆژنامەنووسانی کەرکووک لە کۆنفرانسەکەدا خواست. پاشان بەڕێز (شوان داوودی) ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا وتەی سەندیکای خوێندەوە و ئاماژەی بە ڕۆڵی لقی کەرکووک لە بەرەو پێش بردنی ڕەوتی سەندیکا پیشەییەکان لە شاری کەرکووک دا و داوای لەئەندامانی کۆنفرانس کرد لە پێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان ڕیزەکانیان یەکخەن. دواتر بەڕێز (ئیبراهیم ئەلجەبووری) لە وتەیەکدا هەست و بۆچوونی بەرانبەر بە سەندیکا و چۆنیەتی هەڵبژاردنی لیژنەی تازەی لق دەربڕی. دوای گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی ڕاپۆرتی گشتی لق لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٨ کە پێشتر بەسەر ئەندامانی کۆنفرانسی دابەشکردبوو، بەسەرپەرشتی دادوەر (عومەر جەباری) پرۆسەی هەڵبژاردنی لیژنەی لق، بە شێوازی لیست بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا، دەنگی بۆ درا و لیستی (چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان) کە لەلایەن ڕۆژنامەنووس (لەتیف فاتح فەرەج) پێشکەشکرا لەکۆی (٦٣) دەنگ، (٥٠) دەنگی بەدەست هێنا، کە لە نەتەوەکانی کورد، عەرەب، تورکمان، کلد و ئاشووری بە جیاوازی بیروڕای سیاسیی و دینی پێکهاتبوو.

لیستی ناوبراویش پێکهاتبوو لەو



ڕۆژنامەنووسانە:
١. لەتیف فاتح فەرەج
٢. سەردار جاف
٣. کەمال جومعە ئەمین
٤. فازڵ ڕەشید
٥. فاروق نەسرەددین
٦. فوئاد کنجی
٧. ئەحمەد حەمدانی
٨. عەبدولقادر زەییائی

جێگەی باسە لەیەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا ئیش و کارەکان بەسەر ئەندامانی لیژنەی تازەی لقی کەرکووک دابەشکرا و بەڕێز (لەتیف فاتح فەرەج) بە سکرتێری لق هەڵبژێردرا.

# کارو چالاکییەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

لە چوارچێوەی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بەمەبەستی تاوتوێکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنووس لە کوردستاندا، ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی بۆ ژمارەیەک لە سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامە حزبی و ئەهلییەکان سازکرد.

دوای گفتوگۆی تێروتەسەل و ورد بۆ برگە و ماددەکانی یاساکە، سەرنج و پێشنیارەکان لە وەرەقەیەکدا ئامادەکران و دواتر ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٢ لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ڕەوانەکران، چاوەڕوانیش دەکرێ لەکاتی سەرلەنوێ گفتوگۆکردن لەسەر یاساکە ئەو پێشنیارانە لەلایەن پەرلەمانەوە بەهەند وەربگیرێن.

لەلایەکی دیکەوە شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکا ڕۆژنامەنووسان، بەشداری کۆبوونەوەیەکی تایبەت بەگفتوگۆکردن لەسەر یاسای ناوبراو کرد، کە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢١ لەلایەن ڕێکخراوی (ASK) لە هۆڵی چوارچرا بەسترا، لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی هەردوو لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری لە پەرلەمانی کوردستان و وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان بەشدارییان تێدا کرد.

هەر سەبارەت بەو بابەتە، لە کۆبوونەوەیەکی هاوشێوەدا کە لە شاری سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی ناوبراو بەڕێوەچوو، جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ئامادەی بوو، ناوبراو تێڕوانینی سەندیکای لەمەڕ یاساکە خستەڕوو.

هەروەها ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٥ لە هۆڵی ئۆتێلی چوارچرای شاری هەولێر، بەڕێز سکرتێری سەندیکا بەشداری کرد لە سمینارێکی تایبەت بەگفتوگۆکردن لەسەر هەمان یاسا، کە لەلایەن ڕێکخراوی (ئاریکس) سازکرابوو، تیایدا نوێنەری سەندیکا بەتێروتەسەلی تیشکی خستەسەر قۆناغەکانی ئامادەکردنی پرۆژەی یاساکە، کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە بەهاوکاری ژمارەیەک یاساناس و پسپۆڕ و مامۆستای زانکۆ، هەروەها هەوڵ و چالاکییەکانی سەندیکای بەمەبەستی هەموارکردنی یاساکە بۆ ئامادەبووان خستەڕوو.

# کۆبوونەوەی نەقیبی رۆژنامەنووسان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی لقی موسڵ

سەرلەبەیانی رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/٢/١٧ بەرێز (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بارەگای سەندیکا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی لقی موسڵ ئەنجامدا، لە کۆبوونەوەکەدا هەندێ لە کاروباری تایبەت بەکاری سەندیکایی و رۆژنامەنووسی لە لقی موسڵ گفتوگۆ لە بارەوە کرا، بەتایبەتی مەسەلەی گرێدانی کۆنفرانسی لقی موسڵ و هەڵبژاردنی لیژنەی تازەی لقەکە، لەو بارەیەوە وردەکاری پێداویستییەکانی کۆنفرانسەکە خرایە بەرباس و بڕیاریان لەسەر درا.

# کۆبوونەوەی نەقیبی رۆژنامەنووسان لەگەڵ سکرتێرو ئەندامانی لقی دهۆک

رۆژی ٢٠٠٨/٢/١٨ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ سکرتێری سەندیکا، چاوی بەسکرتێرو ئەندامانی لیژنەی لقی دهۆک کەوت، لە دیدارێکدا کە بە ئامادەبوونی (بەهجەت هروری) ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا و (فەهیم عەبدوللا) ئەندامی پێشووی ئەنجومەن و بەرپرسی دەزگای خانی رۆشنبیری بەڕێوەچوو، گفتوگۆ لە بارەی ئامادەکارییە هەنووکەییەکان بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی لقی ناوبراو کرا.

# نەقیبی رۆژنامەنووسان پێشوازی لە شاندێکی رێکخراوی (ئەرێکس)ی ئەمریکی کرد

ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٨/٢/١٧ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەئامادەبوونی سکرتێری سەندیکا، لە بارەگای سەندیکا، چاوی بەشاندێکی رێکخراوی (ئەرێکس)ی ئەمریکی کەوت، کە پێکهاتبوو لە بەرێزان (سامان و عوبێد عەبدولرەحمان)، لە دیدارەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان کورتە باسێکی لەمەڕ چالاکییەکانی سەندیکا خستەڕوو، لە هەمان کاتیشدا هیوای خواست رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە هەوڵەکانی سەندیکا بکەن بۆ کردنەوەی خولی پیشەیی پێگەیاندنی رۆژنامەنووسان، ئەویش لە رێگەی فەراهەم کردنی راهێنەران.

# نەقیبی رۆژنامەنووسان پێشوازی لە شاندێکی رۆژنامەی (رۆژنامە) کرد

ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٨/٢/١٩ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی سکرتێرو ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن، پێشوازیکرد لە شاندێکی ستافی رۆژنامەی (رۆژنامە)، کە پێکهاتبوون لە رۆژنامەنووسان (سیروان رەشید و فازل نەجیب)، شاندەکە پیرۆزبایی لە ئەنجوومەنی تازەکرد و ئامادەیی خۆشیان بۆ هاوکاری کردنی سەندیکا و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەندیکا دەربڕی و هیوای پێشکەوتنی زیاتریان بۆ سەندیکا خواست.

# بەشداری کردنی سەندیکا لە هەڵمەتێکی جیهانی فیدراسیۆن نێودەوڵەتی (IFJ)

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەدەرکردنی بەیاننامەیەک بەشداری لە هەڵمەتێکی جیهانی کرد کە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ)، وەک نارەزایی دەربڕین لە بەرانبەر هەڵوشانەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی روسیا و داخستنی بارەگاکانیان لە شاری مۆسکۆ رێکیخستبوو.

بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆری سەندیکا و رێکخراوەکانی ئەندام لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی نامەی نارەزاییان بۆ (فلادیمیر پۆتین)ی سەرۆکی روسیا نارد.

# نەقیبی رۆژنامەنووسان پێشوازی لە رۆژنامەنووسێکی سویدی دەکات

رۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٠ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بارەگای سەندیکا، پێشوازیکرد لە رۆژنامەنووسی سویدی (ئەریک)، کە بە یاوەری هەریەک لە (عەلی عونی و رێناس جانۆ) سکرتێری پێشوو ئێستای یەکێتی قوتابیانی کوردستان، کە سەردانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان کردبوو.

رۆژی ٢٧-٢٠٠٨/٢/٢٨ ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەن، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە شاری سلێمانی بەست.

کۆبوونەوەکە تەرخانکرا بۆ خستنەرووی دوایین ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی لقەکانی سەندیکا، لەم روانگەشەوە بڕیاری گونجاو بۆ سەرخستنی کۆنفرانسەکان وەرگیرا.

هەروەها ئەنجوومەنی سەندیکا تاوتوێی یاداشتێکی رۆژنامەنووسانی دیالە – سەنتەری (خانەقین)ی کرد، کە تیایدا داوای کردنەوەی لقێکی سەندیکایان لە خانەقین کردبوو، لەم بارەیەوە ئەنجوومەن بڕیاریدا دوای کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکان و دەربڕینی رەزامەندی فەرمی لەسەر زیادکردنی بودجەی سەندیکا، لەم داوایە بکۆڵێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# نەقیبی رۆژنامەنووسان و سکرتێری سەندیکا پێشوازییان لە لێژنەی جێبەجێکردنی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کرد

رۆژی ٢٠٠٨/٢/١٤ بەڕێز (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەئامادەبوونی بەڕێز (حامد محەمەد عەلی) سکرتێری سەندیکا، لە بارەگای سەندیکا پێشوازی لە ئەندامانی لێژنەی جێبەجێکردنی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا رەوشی یاسایی کۆمەڵەو بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا سەبارەت بەکۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزش لە ئایندەدا لەژێر رۆشنایی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا باس و گفتوگۆی لە بارەوەکرا، هەوەک بەڕێزیان گوێیان گرت لە راوبۆچوون و داخوازییەکانی ئامادەبووان.

لەم بارەیەوە بەڕێز نەقیبی رۆژنامەنووسان سەرنج و تێبینییەکانی ئەنجوومەنی سەندیکای بۆ ئامادەبووان خستەڕوو و رای سپاردن بابەتەکە تاوتوێ بکەن و بەشێوازێکی یاسایی گونجاو دایبڕێژن بۆ ئەوەی ئەنجوومەن گفتوگۆی لەسەر بکات و بڕیاری پێویست لەبارەیەوە دەربکات.

# لە پێناو پێکهێنانی کۆدەنگی و پشتیوانی لە تێڕوانینی سەندیکا

### سەبارەت بە یاسای کاری رۆژنامەنووسی ئەنجوومەنی سەندیکا سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبە سیاسییە کوردستانییەکان دەکات

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی پێکهێنانی کۆدەنگی بۆ پشتیوانی هەموارکردنی یاسای کاری رۆژنامەنووس و لە ژێر رۆشنایی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا و لە پێناو هەموارکردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان کە لە ٢٠٠٧/١٢/١١ دوای دەستکاری کردنی هەندێک لە برگە و ماددەکانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسندکرا و بووە جێگەی نارەزای سەندیکا و رۆژنامەنووسان و گفتوگۆی بەرفراوانی لە نێوەندە رۆژنامەنووسییەکان لێکەوتەوە، ئەنجوومەنی سەندیکا بە مەبەستی کۆکردنەوەی پشتگیری بۆ هەموارکردنی یاساکە کە مافی و پێداویستییە پیشییەکانی رۆژنامەنووسان فەراهەم بکات و پانتایی ئازادی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان فراوانتر بکات، سەردانی مەکتەبی سیاسی ژمارەیەک لە حزبە سەرەکییەکانی کوردستانی کرد، کە نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە، حزبەکانیش بریتی بوون لە:

١. پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢. یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
٣. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.
٤. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.
٥. کۆمەڵی ئیسلامی.
٦. حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.

لەسەرجەم سەردانەکاندا شاندی سەندیکا، بەتێروتەسەلی لایەنە پێویستییەکانی یاسای کاری رۆژنامەنووسی بۆ ئامادەبووان راڤەکرد و داوای لێکردن پشتیوانی هەڵوێستی سەندیکا

بکەن بە ئاراستەی هەموارکردنی یاساکە. لە ڕێگەی نوێنەرانیان لە پەرلەمانی کوردستان، لە بەرانبەردا ئامادەبووانی حزبە سیاسییە کوردستانییەکان، ئامادەی خۆیان دەربڕی کە پشتگیری لە داخوازییەکانی سەندیکا بکەن یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان هەموار بکرێت بەشێوەیەک کە لەگەڵ گیانی سەردەم بگونجێت.

# یەکەمین خوولی ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی

لەژێر دروشمی **(لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی)**، ڕۆژانی ٢٥،٢٤/٢/٢٠٠٨، بە بەشداری (٣٢) ڕۆژنامەنووس، کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی، یەکەمین خوولی ڕۆژنامەنووسی لەشاری هەولێر ڕێکخست.

لەدەسپێکی خوولەکەدا بەڕێز (سابیر ئەحمەد) ئەندامی کۆمەڵە بەخێرهاتنی بەشداربووانی کردو داوای لێکردن هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ سوود وەرگرتن لەو خوولە بخەنە گەڕ.

دواتر بەڕێز نەقیبی ڕۆژنامەنووسان وتەیەکی کورتی پێشکەشکرد، لەوتەکەیدا وێڕای ئەوەی دەستخۆشی لەبەشداربووان و سەرپەرشتیارانی خوولەکە کرد، دووپاتیشی کردەوە، کە ئەم خوولە بەهایەکی گرنگی هەیە بۆ ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی، چونکە سەرەتایەکی باشە بۆ پێشکەوتنی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری وەرزشی لەکوردستانداو هەوڵێکە بۆ نزیک بوونەوە لەڕۆژنامەگەری وەرزشی جیهانی، هەروەک داوای لە بەشداربووان کرد هەوڵ و تواناکانیان بۆ پێشخستنی بزاوتی وەرزشی لەکوردستان بخەنەگەڕ.

بابەتەکانی خوولەکەش بریتی بوون لە:

**ڕۆژی یەکەم:**

١: (تۆپی پێ و کاری ڕۆژنامەنووسی) - لەلایەن بەڕێز (سیروان سەلمان) ناوبژیوانی نێودەوڵەتی.

٢: (چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەتیرۆژنامەنووسی و دارشتنی) - لەلایەن بەڕێز دکتۆر (مەغدید سەپان) مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سەلاحەددین.

**ڕۆژی دووەم:**

١: (تۆپی باڵەو کاری ڕۆژنامەنووسی) - لەلایەن بەڕێز (شەهاب ئەحمەد) مامۆستای کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی.

٢: (مانشێت و بابەت و وێنەو نووسینی ژێر وێنە) - لەلایەن دکتۆر (مەغدید سەپان).

**ڕۆژی سێیەم:**

١: (تۆپی سەبەتەو کاری ڕۆژنامەنووسی) - لەلایەن بەڕێز(تەحسین شێروانی) سەرۆکی یەکێتی باسکە.

٢: (دیدارو تەکنیکی دیدار) - لەلایەن دکتۆر(مەغدید سەپان).

لەکۆتایی سەرپەرشتیارانی خوولەکە بەناوی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی سوپاسی مامۆستایان و بەشداربووانی خوولەکە کرد، هەروەک سوپاسی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کرد لەبەرانبەر گرنگی دانیان بەخوولەکە.

دواجار هەریەک لەبەڕێزان (حامد محەمەد عەلی) سکرتێری سەندیکاو دکتۆر (مەغدید سەپان) و مامۆستا(تەحسین شێروانی) و



(سامان بریڤكانی) و( زاگرۆس نانەكەلی) و (سابیر ئەحمەد) و (سەلام حوسێن) بڕوانامەیان بەسەر بەشداربووان دابەشكرد. جێگەی باسە سەرپەرشتیارانی خوولەكە بریتی بوون لە:

١: زاگرۆس نانەكەلی
٢: سابیر ئەحمەد
٣: سامان بریڤكانی

بەشداربووانیش بریتی بوون لە:

١: وریا محەمەد
٢: شاخەوان شەریف
٣: ئەحمەد مستەفا
٤: عەبدولخالق سیامەند خورشید
٥: ئاری شەریف محەمەد
٦: سیروان سەعید ئەحمەد
٧: غەریب قادر مستەفا
٨: ئادەم سورچی
٩: قادر حەمەد قادر
١٠: سامان زاهیر ساڵح
١١: شوان ڕەئووف
١٢: ئەحمەد خەیات
١٣: عەبدولسەمەد كەریم
١٤: هێرش سابیر حوسێن
١٥: سەباح شوكر عوسمان
١٦: محەمەد سەعید كوردە
١٧: فەرهاد ئەكرەم عبوود
١٨: مەحمود محەمەد هەولێری
١٩: كاوە كەریم حەمەد
٢٠: ئومێد ئەنوەر ئیسماعیل
٢١: ئەحمەد عەزیز ئەحمەد
٢٢: ئاراس ڕەواندزی
٢٣: كارزان كانەبی
٢٤: هێڤیدار سەبری عەبدوڵڵا
٢٥: ڕێكەوت سەلام جومعە
٢٦: سەرهەنگ نەجمەددین خەلیل
٢٧: سەركەوت وەیسی كەریم
٢٨: سیروان محەمەد مستەفا
٢٩: سەلام حوسێن
٣٠: ئەرسەلان عەبدوڵڵا
٣١: عیماد قادر
٣٢: مامەیارە ئەحمەد

# کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان لە ئێوارە کۆڕێکدا



رۆژی دوو شەممەی رابردوو رێککەوتی ١٤ی نیسان لە باخچەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان، کۆڕێکی لەژێر ناوونیشانی (فەلسەفەو شێوازی کارگێڕی وەرزشی و رۆڵی راگەیاندن لە چەسپاندنیدا) بۆ (دکتۆر ئالان قادر)، مامۆستای زانکۆو ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان سازکرد.

لەو کۆڕەدا دکتۆر ئالان، بەتێرو تەسەلی باسی لە فەلسەفەی ئیشتراکی و سەرمایەداری و پەیوەندی بە بواری وەرزشی خستەڕوو.

پاشان باسی لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو بوارە لە کوردستاندا بە بۆچوونی خۆی روون کردەوە، دواتر تیشکی خستە سەر لایەنی راگەیاندنی وەرزشی و کاریگەریی لە خستنەڕووی کێشەکانی ئەو بوارە بۆ ئامادەبووان شیکردەوە، لە کۆتاییدا لەلایەن ئامادەبووانەوەچەندین پرسیارو روونکردنەوە خرانە روو و لەلایەن دکتۆر ئالانیشەوە وەڵامیان درایەوە.

# ئەنجومەنی سەندیکا بەشداری ژمارەیەک کۆڕ دەکات

سەبارەت بەیاسای کاری ڕۆژنامەنووسان (یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی) و (مافی بەدەستنی زانیارییەکان)

لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٥ بە پشتگیری ڕێکخراوی (ئەریکسی ئەمریکی) لە هۆڵی میوانخانەی چوارچرا لە شاری هەولێر کۆڕێکی فراوان بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە ماددەو برگەکانی (یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی) بەست کە پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٧/١٢/١١ پەسندی کردبوو، کە پەرچەکرداری خراپی لێکەوتەوە لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکا و ڕۆژنامەنووسان بەگشتی بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەبرگەکانی پڕۆژەی یاساکەدا کرابوو بەڕێز حامد محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا وەک نوێنەری ئەنجومەنی سەندیکا بەشداری تێدا کردوو قۆناغەکانی ئامادەکردنی پڕۆژەی یاسای ناوبراوی بە دوورو درێژی خستەڕوو لەگەڵ ئەو ئەرک و ماندی بوونەی ئەنجومەنی سەندیکا دای لە پێناو هەموارکردنی یاساکە کە لەگەڵ بۆچوونی بیروڕای ڕۆژنامەنووسان و داخوازییەکانی قۆناغەکە بگونجێ کە دواترینیان پێشکەشکردنی یاداشتێک بوو بۆ پەرلەمانی کوردستان کە هەموو ئەو پێشنیارانەی سەبارەت بە هەموارکردنی یاساکەی گربووەخۆ کە ئەنجومەنی سەندیکا بەهاوکاری ڕۆژنامەنووسان ئامادەی کردبوو هەروەها ئەنجومەنی سەندیکا سەردانی پارتە سیاسییەکانی کردبوو بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری بەئامانجی هەموارکردنی یاساکە.

# سکرتێری سەندیکای بەشداری لە دوو کۆڕ دەکات سەبارەت بە (مافی بەدەست خستنی زانیاری)

ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٩ لەسەر بانگهێشتنی کۆمەڵەی (هاوپەیمانی لە پێناو گەیشتن بە زانیاری)، بەڕێز حامد مەحمود عەلی سکرتێری سەندیکا بەشداری لەو کۆڕە کرد کە لە بارەگای ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستان کرد لە عەنکاوە.

کە تێیدا چەندین پەرلەمانتار و مافناس و ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیر بەشداربوون.. بەشداران مەسەلەی مافی گەیشتن بە زانیارییەکان و پێویستی چەسپاندنی ئەو بابەتە لە دەستووری هەرێمی کوردستان دەستەبەرکردنی بە یاسایەکی تایبەتی لە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لە بارەوەکرا.

هەر بۆ تەواوکردنی هەمان بابەت لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٣١ لە هۆڵی چێشتخانەی چراخان لە هەولێری پایتەخت کۆڕێکی دیکە فراوان بەسترا کە تێدا دەوروبەری

پەنجا رۆشنبیرو رۆژنامەنووس و نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەرسێ پارێزگای هەرێم بەشداربوون... بەرێز سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسان تێدا بەشداربوو، لە چەند روونکردنەوەدا هەڵوێستی سەندیکای دووپات کردەوە و جەختی لەسەر بایەخی بەدەست خستنی زانیاری دەستاودەستکردنی بەئاسانی و روون کردەوە بەبێ ئەوەی هیچ کۆسپێیەک هەبێت وەک مەرجی بنەڕەتی دەستەبەری ئـازادی و راو ئـازادی رۆژنـامـەوانی، بەپێی دروشـمی یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) کە دەڵێت (ئازادی بەبێ زانیاری نییە)، هەروەها ئاماژەی بەو خاڵەکرد کە لە (مادەی دووەم)ی پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسیدا هاتووە، کە بەر لە ئێستا ئەنجومەنی سەندیکا ئامادەی کردووە.

# چالاکییەکانی لقی دهۆکی سەندیکا

ل دەستپێکا چالاکیێن لقێ دهـۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ و ج بۆ پشکداریێ دگەنگەشە و دانوستاندنێ دا لسەر باوەرناما کارێ پیشەیێ راگەهاندنێ کو رۆژا ٢٠٠٨/٣/٢٠ لوەلاتێ ئوردنێ هاتیە ئیمزاکردن شـاندەکێ لقێ مە پشکدارێ دروینشتنا تایبەتا باوەرناما ناڤبرى دا کر کو چلاێ گرۆپێ هەرێما کوردستانێ ڤە لبارەگایێ رێکخراوا مافێن مەدەنی لرۆژا ٢٠٠٨/٣/٢٧ لدهۆکێ هاتە گرێدان.

* * *

ژ بـزاڤێن لقـێ دهـۆک یـێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ بهەڤکارێ دگەل رێکخراوا (IRES) و بئامادەبوونا پترێ ٢٥ رۆژنامەنڤیسێن لقێ مە سمینارەکا ڤەکرێ لسەر یاسا کارێ رۆژنامەنڤیسێ ل کوردستانێ لرۆژا ٢٠٠٨/٣/٢٧ لبارەگایێ لقێ دهـۆک یـێ سـەندیکایێ هـاتـە کـرن، دڤێ سمینارێ دا (عوبەید هرورى و خدر دوملی) چەند رونکردن دانە سەر بابەتی و ژمارەکا فۆرمێن تایبەت بکارێ ڤە لسەر ئامادەبوویان هاتنە بەلاڤکرن و لدوماهیێ ژێ دان وستاندنەکا تێرو تەسەل لسەر ناڤەرۆکا بابەتێ سمینارێ هاتە کرن و نزیکی دوو دەمژمێران یا بەردەوام بوو.

* * *

دبەردەوامیا چالاکیێن لقێ دهـۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ دا و بهەڤکارێ دگـەل رێکخراوا (IRES) و بئامادەبوونا پترێ ٦٠ رۆژنامەنڤیسێن سنۆرێ لقێ مە سمینارەکا ڤەکرێ بناڤێ (یاسا کـارێ رۆژنامەنڤیسی لکوردستانێ ئاریشێن رۆژنامەڤانان) بۆ رۆژنامەڤان (بـەشـار کیکی) لدەمژمێر (٤:٣٠) ئێڤاریا رۆژا ٢٠٠٨/٣/٢٩ لهۆلا ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد – دهۆک هاتیە گێران، دڤێ سمینارێ دا کورگێرێ چەند رونکرن دانە سەر بابەتی و ژمارەکا بیروبۆچوونان لسەر یاسا کارێ و چەند پێشنیار بەرچاڤکرن و لدوماهیێ ژێ دان وستاندنەکا تێر و تەسەل لسەر ناڤەرۆکا بابەتێ سمینارێ هاتە کرن و نزیکی دوو دەمژمێران یا بەردەوام بوو.

هەواڵنامەی کتێب

# (پرۆتۆكۆلێكی هاوبەش)
## لەنێوان كۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی كوردستان و یەكێتی ڕۆژنامەنووسان وەرزشی عیراقی فیدراڵ، مۆركرا

لەسەر داوەتنامەی كۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی كوردستان، لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١٧ بەڕێز خالید جاسم سەرۆكی یەكێتی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی عیراقی فیدراڵ گەیشتە كوردستان.

لەكۆبوونەوەیەكدا كە لەهۆڵی كۆبوونەوەكانی هوتێلی ئاڤێستا لەهەولێری پایتەخت بەسترا، دەستەی كارگێڕی كۆمەڵە لەگەڵ سەرۆكی یەكێتی ناوبراو چەندین بیروڕا لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیكردنی نێوان هەردوولا ئاڵوگۆڕكران، لەوانە: بردنی ڕۆژنامەنووسێكی كورد شانبەشانی ڕۆژنامەنووسێكی عەرەب لەگەڵ هەر شاندێكی وەرزشی لەهەر چالاكییەكی دەرەوەی وڵات، هەروەها داننان بەبوونی كۆمەڵە وەكو تاكە دەزگای ڕاگەیاندنی وەرزشی نوێنەری ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی كوردستان. جگە لەوانە چەندین بڕیاری دیكە بۆ پتەو كردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا، دران. پاشان پرۆتۆكۆلێكی هاوبەش لەنێوان هەردوولا مۆركرا.

# بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژمەنووسانی کوردستان

## بەبۆنەی یادی (١١٠) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە

لە (٢٢)ی نیسانی ١٨٩٨ میقداد مەدحەت بەدرخانی ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس، یەکەمین ڕۆژنامەی بەناوی (کوردستان) لە قاهیرەی سەرزەمینی تاراوگەو غوربەت بە چاپ گەیاند، هەر بۆیەش ئەو داهێنانە کەلتووری و فەرهەنگییە لە مێژووی گەلەکەماندا کرا بە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی، وا ئەمساڵیش (٢٢)ی نیسان (١١٠) ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر ئەو یادە پڕ لە ماناو شکۆدارەدا، بەم بۆنە پیرۆزەوە، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین و دەستی پڕ لە ماندووبوونیان دەگوشین و ڕێز لە تواناو قەڵەمی بەپێز و بڕشتان دەنێین.

هیوادارین ئەو یادەوەرییە ئازیز و پڕ لە بەخششە، هاندەری زیاترمان بێت لەسەر زیاتر گەشە پێکردن و پێشخستنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی و هەروەها بە چلۆنایەتی کردنی ئەو بزاڤە لەپێناو بەهێزکردنی پایەکانی دەسەڵاتی چوارەم، ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەرلەنوێ پەیمان و بەڵێن بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەدەینەوە، کە هەموو تواناو وزەو شێوازی خەباتی دیموکراتیانەو مەدەنیانەمان دەگرینەبەر، لەپێناوی جێبەجێ کردنی دروشمی ناوەندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە ئەویش بریتییە لە «لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان»، پابەندبوون و ئیلتیزام کردنیشمان بەو دروشمە لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان پێویستی بە بەرفراوان کردن و چەسپاندن هەیە، هەروەها دەمانەوێت (٢٢)ی نیسانی ئەمساڵ بکەینە بۆنەو دەرفەتێک بۆ ئەوەی بەناوی هەموو ڕۆژنامەنووسانی

وڵاتەکەمانەوە، داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بکەین کە کۆنووسی ئەو کۆبوونەوەیە بەجددی وەربگرێت، کەوا ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان رۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ بەمەبەستی یەکخستنی سەرنج و تێبینی هەموولایەک لەسەر پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەگەری بۆ سەرنووسەرانی رۆژنامە حزبی و ئەهلییەکان سازی کردبوو، چونکە ئەم کۆنووسە راو هەڵوێستی زۆرینەی رۆژنامەنووسانی کوردستانە، بێگومان یاسایەکی دیموکراتیانەو پێشکەوتووانە بۆ کاری رۆژنامەنووسی، جگە لەوەی دەبێتە بنەماو ژێرخانی بەرفراوان کردنی پانتاییەکانی ئازادی رۆژنامەنووسی و چەسپاندنی ئەو ئازادییە لەسەر زەمینی واقیعدا، لەهەمان کاتدا فاکتەرێکی گرنگیشە بۆ بەهێزکردنی پاڵپشتی رای گشتی جیهانی لە ئەزموونی گەلی کوردستان.

- پیرۆزبێت (٢٢)ی نیسان رۆژی رۆژنامەنووسی کوردی.
- نەمری و سەربەرزی بۆ رۆژنامەنووسانی شەهید و سەرجەم شەهیدانی قەڵەم و وشەو بیری ئازاد.

**ئەنجوومەنی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی**
**کوردستان**

# ئەوانە ڕۆیشتن، ڕۆژی ئێمەش دێت..!

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**

حاجی قادری کۆیی فەرموویە:

**مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە**
**ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە**

دیارە ئەو ناوەش بێ (**وتەی باش، کردەوەی باش، بیری باش**) خۆش نییە. محەمەد میهری کوڕی مەلا (**عەبدوڵڵا**)ی (**مەلا مەحموود**) لە ساڵی ١٨٨٩ لە ناوچەی جوانڕۆ و لە گوندی (**دشە**) ی کوردستانی ئێران لە دایک بووە خوێندنی سەرەتایی لەلای باوکی تەواو کردووە. دواتر لای (**شێخ مەلا قادری بیارە**)، ئینجا لای (**مەلا ئەفەندی هەولێری**) و دواجار لای چەند زانایەکی دیکە خوێندنی مەلایەتی تەواوکردووە، پاشان چۆتە ئەستەنبۆل و ئاوێزانی (**کۆمەڵەی هێڤی تەڵەبەی کورد**) بووە. بەیارمەتی ئیسماعیل حەقی بابان، کە ئەوسا لە دەوڵەتی عوسمانی وەزیری مەعارف بووە، چۆتە قوتابخانەی حقوق و دیپلۆمی وەرگرتووە. لە دوارۆژەکانی ژیانی دەستی کردووە بە (**پارێزەری**). ئەو پیاوە کوردپەروەرە (٤٥) ساڵان لە تورکیاو لە بەردەستی ڕژێمی کەمالی ماوەتەوە، لەو ماوەیەش هەر وازی لە کاری زمانەوانی کوردی و هەڵبەست نووسین نەهێناوە، گوناهە ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆ ئەو ڕۆژنامەنووسە کارامە و دەستڕەنگینە لەبیر بکەن، محەمەد میهری لە ساڵی (١٩١٨-١٩١٩) دا ڕۆژنامەی (**کوردستان**)ی دەرکردووە، ئەو ڕۆژە بەناو هەندێ لە ژمارەکانی (**ژین**)ی پەنجاکاندا دەگەڕام، ئەو کارتە بروسکە ئامێزەم لەنێو لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیە دۆزییەوە، دیارە کوردە دڵسۆزەکانی ئەوسای ئەستەنبۆڵ هەواڵی کۆچی دوایی ئەو زاتەیان بە بروسکە. بۆ ڕۆشنبیرانی دەرەوە ناردووە، مامۆستا گیوی موکریانی بروسکەیەکی لەم بارەیەوە، لە شوان ناوێکەوە بۆ هاتووە. وا دیارە ڕۆژنامەی (**ژین**) و مامۆستا نەجمەدین مەلاش ئەم بروسکەیەیان بۆچووە. با ئەمەشیان بکەوێتە ناو ئەرشیفی ڕۆژنامەنووسی کوردی...

• کە باس هاتە سەر ڕۆژنامەنووسە کۆچکردووەکان، با ئەوەش بڵێین بەدرێژایی مانگی ڕابردوو پێش سەندیکا بێی پەڕۆی ڕەش نەبوو، ماوەیەک بوو چەند پەڕۆی ڕەش لە بارەی کۆچی دوایی هەریەک لە (**شهاب التمیمی**) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراق هەڵواسرابوو، کە هەواڵی تیرۆکردنی ئەو زاتەی پێ دەگوتین. ناوبراو ڕۆژنامەنووسێکی ئازاو بوێر بوو، دۆستێکی نزیکی نەتەوەکەمان بوو، لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٢/٢٧ بەدەستی ڕەشی تیرۆریستان گەیەنرایە کاروانی ڕۆژنامەنووسە سەروەرەکان، تاڵەبانی و بارزانی سەرەخۆشیان لە ڕۆژنامەنووسان و خانەوادەی ناوبراو کردبوو.

• لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٤ یشدا (**نزار جرجیس**) ی ڕۆژنامەنووس لە ئەنجامی وەستانی گورچیلەکانی چووە بەر دلۆڤانی خوای گەورە. خوالێخۆشبوو لە گۆڕستانی خۆیان لە خوارووی هەولێر نێژرا.

• ڕۆژنامەنووسێکی دیکەمان بەناوی (**فەرید ئەیوب خان وەردە**) بەڕووداوی دڵتەزێنی ئۆتۆمبیل چووە بەردلۆڤانی خودێ. ناوبراو یەکێک بوو لە برا دیانەکانی هەریر لە سەتەلایتی کوردستان کاری دەکرد. چەندەم پێ دیمەنێکی جوان بوو کە لە تەلەفزیۆن دەمبینی بەڕێوەبەری سەتەلایتی کوردستان بەڕێز (**کاروان ئاکرەیی**) چووە سەر تەرمی ناوبراو ڕوومەتی ماچ کرد، هەروەها لە نەخۆشخانە چوو بووە سەردانی برادەرە بریندارەکانی ناوبراو و یەک یەک بەسەری دەکردنەوە و ماچی دەکردن، بەڕاستی دیمەنێکی جوانە بەرپرس بەدڵ و گیان هەستی لای کارمەندانی خۆی بێت.

• هەر لەم ماوەیەدا دایکی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی جەلال پەرێشان کۆچی دوایی کردبوو، پێم وایە نەریتێکی جوان بوو کە کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزش پەڕۆیەکیان هەڵواسیبوو و نیگەرانی خۆیان بەکۆچی دوایی دایکی ناوبراو نیشان دابوو.

## ماموستای محامی محمد مهری

لەکاتێکدا کە ئەم رۆژنامەیە خەریک بو بلاوبکرێتەوە تەلەگرافێکمان لە ئەستەنبولەوە بۆهات لەلایەن فرزندییە کوردەکانەوە هەوالی کۆچی دوایی ماموستای شاعرو ئەدیبی بەرز محامی (محمد مهری) پێ گەیاندین کە لە ١٩ / ئیسادا گیانی پاکی سپاردوە بەخوای خوی . خوا لێی خوش بی و سەبوری بدات بەهەموو کوردێک .



شەهاب ئەلتەمیمی



فەرید ئەیوب خان وەردە



نزار جەرجیس

لاپەڕەی بەرامبەر بخوێنەوە ←

13

# ROZHNĀMANOOS

Aperiodical Magazine Specialized in Press
Issued by Kurdistan Journalist`s Syndicate

2008

13 ROZHNĀMANOOS 2008